# رامان
RAMAN

155


مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ــ رامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ ساڵی چواردە/ نیسانی ٢٠١٠



**خاوەن ئیمتیاز**
شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**
ئازاد عەبدولواحید

**بەڕێوەبەری هونەری**
سەرکەوت وەلی

**مۆتیف و پۆرترێت**
قەرەنی جەمیل



ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسیی هەولێر
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٢٢٢٨٥٠٦ – ٤٤٩٤٦٦٢
(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨
تەلەفۆنی نۆرماڵ / ٢٢٣٠٥٨٢
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com



چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەڕۆکی ڕامان


● سەروتار

– ڕەسەنایەتی و هاوچەرخایەتی/ سەرنووسەر/ 3

● دەق

– تەرم و چرا/ سەعدوڵلا پەرۆش/ 6
– لە سەبری سبەینێ و خاکەوە/ لەیلا ساڵحی/ 7
– نیو پۆسکارت/ قادر برسی/ 9
– پۆرێ من عەورێن خنگلیلۆک/ بێری بهار/ 11
– بە سەرەتانی پشت دەمرم/
لە فرانسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 12
– با چۆن کەمینگیر دەکرێ/ ناسر وەحیدی/ 13
– گریان بە زمانی مۆسیقا/ ک. د. ئازاد/ 16
– ئەز ڕۆژنامەنووسێکی کوردم/ خەبات ڕەسووڵی/ 19
– بەیتکا تەنێ/ عیرفان ئامیدا/ 21
– ئەمیر حەسەن چهێل تەن/
لە فارسییەوە: عەبدوڵلا سەعیدی/ 23
هەوارچی/ حوسێن شێربەگی/ 27

● هەڤپەیڤین

– هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ (ئەحمەد زرنگ)ی
ڕۆژنامەنووس و نەوەی پیرەمێرد/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 35

● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە

– کەم زۆرە/ محەممەد تەرەغە/ 60
– گەشتنامەکانی گۆران، چەند هەنگاوێک لەودیو گەشتنامەی
شیعرییەوە/ عەبدوڵلا قەرەداغی/ 70

● دەق و ڕەخنە

– دەقی: عەلی ئەشرەف دەروێشیان.. ڕەخنەی: یوونس ڕەزایی/ 81

● ڕۆژنامەنووسی

– هەندێ بیرەوەری بەهۆی جەژنی ڕۆژنامەگەری کوردییەوە/
د. مارف خەزنەدار/ 87

● هزر و فەلسەفە

– سروشتی بنەڕەتی کولتووری قۆناغی پێش فەلسەفە/
د. حەمید عەزیز/ 93
– زەردەشت و ئایینی زەردەشتی/ د. سەلاح بابان/ 103
– فەلسەفەی ئاکار و تێگەیشتن لە نەریت/
پێشڕەو عەبدوڵلا/ 109

● وتار

– مانگ و کەتان/ د. عەبدوڵلا خدر مەولوود/ 120
– ئەو ڕۆژنامەنووسە کوردەی عەرەب شانازی پێوە دەکات و
کورد نایناسێت/ جەواد حەمەدبەگ ساڵح/ 123

● خوێندنەوەی کتێب

– ئەستەنبووڵ شار و یادەوەرییەکان/ هاشم سەڕاج/ 128
– گەرم نەبوونەوە/ سەباح ڕەنجدەر/ 135

● هونەر

– ناوی ئامێرە موزیکییەکان و مەقام و گۆرانی لە هۆزانی
هۆزانڤانەکانماندا/ دارا محەممەد عوسمان هەورامانی/ 139

● بەدواداچوون

– تێبینی و ڕوونکردنەوە لەبارەی چەند دێڕێک لە
شیعرەکانی باباتاهیر/ محەممەد ڕەشیدی ئەمینی/ 150

● زاراوەسازی

– هێرمێنوتیک/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 156

● نرخاندن

– ڕامان چلچرای میدیای کوردی/
ئەمین گەردیگلانی/ 158

● نامە

– دوو نامەی شاکر فەتاح بۆ د. مارف خەزنەدار/
ئا: ڕامان/ 159

● سووکە لەنگەر

– نەخشەسازی و خوێنەران/ عوسمان پیرداود/ 160

**سەروتار**

**لە پەراوێزی کولتوورەوە**

# ڕەسەنایەتی و هاوچەرخایەتی

**سەرنووسەر**

**(١ - ٢)**

* قەیران و کێشە و گرفتی ڕەسەنایەتی، یان بە شێوەیەکی دی بڵێین بوونی «ناسنامە» ، لەپاڵ هاوچەرخایەتی، یان شێوە و جۆری هەڵسوکەوت کردن و مامەڵەمان لەگەڵ ئەو هاوکێشە قورسە و کۆکردنەوەیان بەیەکەوە، کێشەیەکی کۆن- نوێیە و دەمێکە ڕەخنەگر و باسکار و لێتوێژەرەوەکانی بەخۆیەوە خەریک کردووە. باسکردن و پێداگرتن لەسەر «ناسنامە» و بوون و پاراستنی لە زووەوە کێشەی هەموو میللەتێکی زیندوو بووە، بە تایبەتیش ئەو کێشەیە لەوکاتانەدا پتر بەدەرکەوتووە کە ئەو نەتەوەیە ڕووبەڕووی هزر و بەخشش و دەستاوێژە هاوچەرخەکانی دنیای ئەوڕۆکە بووەتەوە و وەستاوە. لێرەشدا داوا کردنی بوونی «ناسنامەیەک» بۆ هونەر و ئەدەبیاتی نەتەوەیەک، هەرگیز بەمانای داواکردن و قەناعەت هێنان بە ناسنامەیەکی پاشکۆیانەی ئەم و ئەو، یان زەقکردنەوەیەکی دواکەوتووانەی مەرام و پەیامی ڕابردووخوازەکان نییە، بەڵکو پتر بۆ بە دەستهێنان و داواکردنی ناسنامەیەکی کاریگەر و زیندووە کە بتوانێ بەهێز و توانایییەکی گەورە و بێ سنوورەوە لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێ و لە باریدا هەبێ خۆی لە شاڵاوی کولتوورەکان بپارێزێ و لە قاپی ئایندە و سەردەم بدات و بەو بەرهەمانەوە سەرومڕ خواستە فیکری و ئینسانییەکانی هەموو نەوەکانی ئەو میللەتە تێر بکات و وەڵامی پرسیارەکانیان بداتەوە.

* هاوکێشەی نێوان ڕەسەنایەتی و هاوچەرخایەتی، یان دوانەی ڕەسەنایەتی و نوێخوازی، یەکێکە لەو هاوکێشە گرنگ و ئاڵۆزانەی لە زووەوە تا بەڕۆژی ئەمڕۆکەمان دەگات زۆری لە بارەوە نووسراوە و بەردەوامیش لەبارەیەوە دەنووسرێ. لەناو ئەو لێشاوی نووسینانەدا زۆرن ئەوانەی بەتەنێ داکۆکییان لە «ڕەسەنایەتی» کردووە و ویستوویانە بەم کارەیان بەدابڕاوی و دوور لە خۆ نوێ کردنەوە و لە هاوچەرخایەتی لێی بدوێن. بەلایەکەی دیکەشیدا دیسانەوە زۆرن ئەوانەش کە لە بارەی «هاوچەرخایەتی» و «نوێخوازی» نووسیویانە و بە پێ لێ هەڵبڕینەوە دەستیان لەسەری داگرتووە و لایەنی دووەمی هاوکێشەکەیان کە «ڕەسەنایەتی»یە بەلاوە ناوەو فەرامۆش کردووە، بەڵام لەنێوان دوو تای تەرازووی ئەم هاوکێشەیەدا تا ئێستا بەرچاوترین تەوژمێک سەبارەت بەو هاوکێشەیە نووسرابێ، ئەو هزرڤان و باسکارانە نووسیویانە کە قەت لایەنگیریی بە جوداجودای ئەو دوو دەستە و تەوژمە نەبوون و نین، بگرە ئەوانەن کە بە باشی پارسەنگی هاوکێشەی نێوان «ڕەسەنایەتی» و «هاوچەرخایەتی»یان ڕاگرتووە. لایەنگرانی ئەو تەوژمە کاتێک قاچیان لەسەر زەمینەی «ڕەسەنایەتی» داناوە و گیرکردووە و داکۆکییان لێی کردووە، هەر لەو کاتانەشدا داوای «کرانەوە» بە ڕووی دنیایان کردووە. واتە بە تەنیا خۆیان لەناو قەفەسی ڕابردوودا نەهێشتووەتەوە و خۆیان نەکردووە بە «کۆیلە»ی ڕابردوو و لەناویدا خولیان نەخواردووە و بەگیر نەهێناوە، ئەوەندەی هەوڵیان داوە دەرگا و پەنجەرەکان بەسەر خۆیاندا بکەنەوە. لایەنگرانی ئەم بیروبۆچوونە هەمیشە چاویان بڕیوەتە ئایندە، بۆیە بەگرنگترین تەوژمی ئەو هاوکێشەیە

ئەژمار کراون، چونکە بە نووسینەکانیان پشتگیرییان لەو ئاراستە فیکرییە کردووە، لە هەمان کاتیشدا ئەوانەی لەبارەی ئەو تەوژمەوە نووسیویانە و تیوریزەیان کردووە و لە بوارە فیکرییەکەیدا کنە و پشکنینیان کردووە، زۆر رەمزی فیکریی کاریگەر و بالادەست و بە دەرەوەبوویان لەگەڵدا بووە و بەو ئاراستەیەدا کاریان کردووە. ئەوانە هزر و بیرکردنەوەکیان بەرهەم هێناوە کە لە بواری بیروبۆچوون و کاری خۆیاندا تا ئەمڕۆکە کاریگەری و جێ دەستیان دیارە، هەروەک چۆن دەبینین لە نووسەر و لایەنگرەکانی هەردوو تەوژمەکەی دیکەی هاوکێشەکەش، ئاراستە فیکرییەکەیان ڕوونتر و واقیعیانەترە.

* هەرچی کێشەی هاوچەرخایەتیشە، ئەوە ئەویش بۆ خۆی چەمکێکی فرە ڕەهەند و ئاڵۆز و پڕ پێچوپەنای هەیە، لە هەمان کاتیشدا چەمکێکە لقوپۆپی زۆری لێ دەبێتەوە و پەلوپۆ بۆ زۆر بوار و لایەنی دیکە دەهاوێ، چونکە هاوچەرخایەتی خەسڵەتێکی هەیە کە بەهۆیەوە دەتوانێ ڕەنگی خۆی بەپێی ڕەنگی ئەو میتۆد و شێواز و بیروبۆچوونە فیکرییانە بسازێنێ و بگۆڕێ، کە هەڵگرانی ئەو بیروڕایانە لەگەڵ خۆیان هەڵیان گرتووە. لێرەوە دەبینین چەمکی هاوچەرخایەتی زۆر دەلالەت و ناوەرۆکی جۆراوجۆر و هەمەچەشن بەخۆیەوە دەگرێ وەک: لیبراڵی، بژاردەکردن (ئینتیقائی)، سەلەفی، کە ئەم ئاراستەیەی دواییان پشت بە نموونەی باڵای پڕۆژەی عەرەبی-ئیسلامی ناسراوی ناو جیهانی عەرەبی دەبەستێ. لەنێوان ئەو دوو تەوژمەدا کە هەڵگرانی ئالای بیری داکۆکی کردنن لە یەکێک لە دوانەی «ڕەسەنایەتی» یان «هاوچەرخایەتی»، تەوژمێکی دیکە دێتە پێشەوە کە تەوژمی خۆسازاندن (التوفیقیة) و هەوڵی پێکەوە گرێدانەوەی هەردووکیان دەدا و لەنگەری نێوانیان ڕادەگرێ.

* تەوژمی هاوچەرخایەتی بە شێوەیەکی توندوتۆڵ پەیوەستە بە پڕۆژەی سەرلەنوێ بیناکردنەوە و دروست کردنەوەی دەوڵەتی نیشتمانیی نوێوە، هەروەها پەیوەستە بە پڕۆژەی (نوێ کردنەوە)وە، بۆیە هەڵگرانی بیری ڕەسەنایەتی لەلای خۆیان تووشی داچڵەکان و پەرچەکردارێک لە دژی نوێ کردنەوە و هاوچەرخایەتی هاتوون، کە ئەوان ئەو نوێ کردنەوەیە، بە نوێ کردنەوەیەکی کۆلۆنیالی دەزانن و پێیان وایە ئەو تەوژمە دەیەوێ لە هەموو بوارەکان و لەسەر هەموو ئاستەکاندا نموونەی «ڕۆژئاوا» ببێتەوە نموونەی باڵا و لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا دووبارە بکرێنەوە و بنیاد بنرێ و بیروێنرێت و لە جێی ئەوە کتومت و بە فۆتۆکۆپی کردن سیستمی خۆیان بۆ ڕۆژهەڵات بگوێزنەوە. لەو باری سەرنج و تێبینییە تیوریانەوە تێدەگەین کە کێشەی «ڕەسەنایەتی» و «هاوچەرخایەتی» دەبنە دوو تەوەری بنەڕەتی بۆ ئەم تەوژمەیان، هەر ئەوەیشە یارمەتیمان دەدا بۆ پتر تێگەیشتن لە زۆر لایەنی دیکەی وەک کولتووری ڕەسەن و کرانەوە بەسەر کولتوورەکانی دیکەدا. لێرەشدا پێویستە پەنجە لەسەر هەڵوێستی دووفاقانەی ئینتیلجستیا دابنێین سەبارەت بەوەی پێوەندی بە پرۆسەی (نوێ کردنەوە)وە هەیە.

* ئەم دووفاقییەی ئینتیلجستیا تەنیا بارودۆخێکی تایبەت بە وڵاتی ئێمە نییە، بەڵکو بارودۆخێکە یەخەی بەسەرجەم وڵاتانی جیهانی سێیەم گرتووە، کە ئەم دووفاقییەش بەهۆی ڕیشە داکوتانی بنەمایەکانی دەسەڵاتی سەردەستەوە بووە لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا کە کوردی تێدا ژێردەستەیە، بۆیە ئەو جۆرە کۆمەڵگایانەی وەک ئێمە لە مێژوودا ستەمیان لێ کراوە، تووشی دووفاقی هاتوون و ئەم دووفاقییە لەناو بنیادی کۆمەڵەکەیاندا خۆی دارِشتووە و تا ماوەیەکی دوورودرێژیش کۆتایی نایەت و بەدەستییەوە دەناڵێنین. ئەم بنەمایانەش شان بە شانی ئەو بنیادە تەقلیدییە دەڕۆن کە بەمیرات بۆمان ماوەتەوە و بەردەوام پارێزگاری لە هێز و بڕست و توندوتۆڵی و پتەوبوونی خۆی دەکات. هەرچی تەوژمی تەقلیدیی نوێ کەرەوەیە، ئەو تەوژمە کۆمەڵێک هێما و ئاماژەی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە، یان بە لایەنی کەمەوە دوو هێما و ئاماژەی سەرەکی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە، لەلایەک تەقلیدییە بە هەموو ناوەرۆک و مانایەکانی ئەو تەوژمە بۆ ڕابردوو هەیەتی، لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵێکی نوێ کەرەوەیە و لە زەمینەی لەباری چاکسازی و نوێ کردنەوەوە بە دوور نییە کە لە ناوەوەڕا دەست پێدەکات. ئێمەش لێرەدا لەسەر هەوڵی نوێ کردنەوەکە دەگێرسێینەوە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی چۆن ئەو تەوژمە لەگەڵ تەوژمی سەلەفی- ئایینیدا جیاوازی هەیە، لە کاتێکدا کە لەناو ئەو تەقلیدییەتەدا نقوم بووە، بۆیە تەوژمی تەقلیدیی نوێ کەرەوە سەر بەو ئینتیلجستیایەیە کە دوو نەوە (وەچە) پێکەوە گرێ دەدات، لەبەر ئەوەی لە دوو قۆناغدا ژیانیان بەسەر بردووە، یەکێکیان قۆناغی ڕابردووە، ئەوی دیکەیان قۆناغی ئێستاکەی سەربەخۆبوون و ئازادییە کە بە کۆکردنەوەی دوو قۆناغەکە و بەهۆی چوونە ناو دەسکەوت و دەستاوێژەکانی سەردەم و خوێندن لە زانکۆکانی دنیادا بەدەست هاتووە و بەدەست دێت. ئەم گرووپە لەناو ئینتیلجستیا زۆر لە ڕەهەندی هەڵگرانی بیری خۆسازاندن (تەوفیقییەکان) بەدوور نین، چونکە ئەوانەش بە هەمان شێواز و شێوەی تەوژمی دی، قەناعەتیان بە بیرۆکەی سوودوەرگرتن و بەکارهێنانی

کەلەپووری ڕابردوو هەیە، بەڵام ئەوانە بەپێی پێداویستییەکانی سەردەم ئەو کەرستە و ڕەگەزانە هەڵدەبژێرن کە دەتوانرێ لەگەڵ پرەنسیپەکانی هاوچەرخایەتی بیگونجێنن، هەروەها ئەم تەوژمە هەوڵدەدات بنەمایەکانی دوو شارستانیەت لەگەڵ یەکدی کۆبکاتەوە، وەک شارستانیەتی ڕۆژهەڵات لەگەڵ شارستانیەتی ڕۆژئاوا، یان بەناو مێژوودا دەگەڕێ بۆ هاوتاکردنەوەی چەمکەکانی وەک دادپەروەری و دیموکراسی و لیبراڵی. ئەم تەوژمە بە زۆر ساتی پڕ لە گێرمە و کێشە و نیگەرانی و دڵەڕاوکێدا تێپەڕیوە، لەبەر ئەوە هزرمەندانی ئەو تەوژمە لە هزرمەندان و باسکارانی تەوژمەکانی دیکە بە ساکاوی و دوو دڵی جیا دەکرێنەوە و دەناسرێنەوە.

* دوا تەوژم کە تەوژمی لیبراڵی نوێخوازانەیە، نوێنەرایەتی ئەو ئینتیلجستیایە دەکات کە خاوەنی بیرو هزرێکی کراوەن، بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانەی نوێنەرایەتی ئەم تەوژمە دەکەن، لەو کەسانە پێکهاتوون کە لە زانکۆ لیبراڵەکانی جیهاندا خوێندوویانە و عەقڵیان بەسەر دنیادا کراوەتەوە. ئەوانە کەسانێکی نوێخوازن، لە دنیابینیدا نوێخوازن، لە هەوڵدان بۆ گۆڕینی بنەمایەکاندا ڕادیکاڵ و نوێ کەرەوەن، لەبەر ئەوە هەڵوێستەکانیان بەرانبەر بە «نوێ کردنەوە» ڕوون و ڕاشکاوانەیە و لەسەر هەردوو ئاستی کۆمەڵایەتی و کولتووریدا بۆچوون و بیروڕای ڕوون و ئاشکرای خۆیان هەیە. هەڵگرانی ئاڵای ئەم تەوژمە خوێندنەوەی تایبەتی خۆیان بۆ کەلەپوور هەیە، کە ئەم هەڵوێست و خوێندنەوەیە دەبێتە مایەی ئاوەژووکردنەوەی ئەو قەناعەت و ئاراستە لیبراڵییەی لەگەڵ خۆیان هەڵیان گرتووە، بەمەش دەکەونە دەمەتەقێ کردن سەبارەت بە باسوخواسی نەتەوایەتی و دامەزراندنی بنەمایەکانی دەوڵەت و داوودەزگایەکانی دەوڵەت و ئایندەی کۆمەڵ. ئەم تەوژمە کێشەی «نوێخوازی» لە چوارچێوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ کولتووری ئەوروپایی بەتایبەتی و کولتووری سەرجەم مرۆڤایەتی بەگشتی باس و یەکلایی دەکاتەوە. بەم جۆرە سەرنج دەدرێ ئەو جۆرە تەوژمانە چەندی لە ڕووی چەمک و هزرەوە پێشکەوتوو بن، بەڵام هاوبەشێک لەنێوانیاندا هەیە کە پێکەوە کۆیان دەکاتەوە، لەوانەش:

**یەکەم**: پێ داگرتنیان لەسەر دوانەی ڕەسەنایەتی و هاوچەرخایەتی وەک کەرەستەیەکی ڕوو بەڕووبوونەوەی تیوری بە ڕۆژئاوایی بوون.

**دووەم**: وەستان و پێ داگرتن لەسەر ڕەهەندی مێژوویی، بەو ئاراستەیەی کە ئەو مێژووە، بەشێکی گرنگە لە خود بوون، بەڵام ئەمە ناکرێ ببێتە خەسڵەت و سیفەتێکی سەرەکی و بنچینەیی و ناچێتە ناو تەوەرەی سەنترالیزمەوە.

**سێیەم**: ئەم تەوژمانە بە تەواویی شرۆڤەی کامڵبوون و پێگەییوی هزریی خۆیان لەدەست داوە، چونکە زۆربەی جار وەک دیاردەی فیکریی قووڵ دەرناکەون و بۆ تێگەیشتن لەم هاوکێشانە دەست نادەن و بە کەڵک نایەن، ئەوەش لە لاوازی و ڕووکەشیی تەوژمەکان خۆیانەوە نەهاتوون، بەتایبەتی لەو کاتانەی پێوەندییان بە پرۆژەکانی کۆمەڵەوە هەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە تەوژمەکان یەک چوارچێوەی هزری و تیوری یەکیان دەخات و پێکەوە کۆ دەبنەوە.

* پێداگری ئێمە لەسەر پاراستنی «ڕەسەنایەتی» و بوونی ناسنامەیەک بۆ ئەدەبیات و هونەرەکەمان، ئەو داواکارییە هەرگیز بەو مەبەستە نییە ببێتە هۆی شاردنەوەی خورافەی بێ توانایی و دەستەپاچەیی خۆمان تا بکەوینە گێرەکردن و جوینەوە و بەرهەمهێنانەوەی ئەوەی لە ڕابردوودا بەرهەمهاتووە، یان ببێتە مایە و دەستمایەی ئەوەی بەتوندی دەست بەو بەدەستهاتوانەوە بگرین کە لە ڕابردووەوە بە میرات بۆمان ماوەتەوە و بە ئامان و زامان دەستبەرداریان نەبین و لێیان نەبینەوە، چونکە پێم وایە ئێمە ئەوەندە کاریگەر و زیندووین کە توانایی بەخشش و داهێنان و لێ زیادکردنی نوێخوازانەی خۆمان هەبێ تا بیخەینە سەر خەرمانی بیری ئەوانەی پێش خۆمان بەرهەمیان هانیوە. بەبێ هەبوونی ئەو بەخشش و بەرهەمە نوێیانەوە، ئامادەبوونی داهێنەرانەی ئێمە لە بواری بەخشش و داهێناندا کەم ڕەنگ و کاڵ دەنوێنێ و زوو دەپووکێتەوە. لێرەدا ئەو قسەیەم قەت بەو مانایە نییە ئێمە بێین و بەبێ لێ وردبوونەوە و دیراسەت کردن «وەربگرین»، چونکە وەرگرتنی بێ لێ وردبوونەوەش بۆ خۆی کارەساتە و مایەپووچی نەبێ، شتێکی دیکەی لێ ناکەوێتەوە و سەوز نابێ، بۆیە دەبێ ئێمەی کورد چاک بزانین سەرەتا بۆ کوێ مل دەنێین؟ دابڕانی کولتووریی ڕەهای ئێمە لەگەڵ تەواوی ڕابردووی خۆمان بەکوێمان دەگەیەنێ؟ ئێمە وەک نەتەوەیەک کاتێک قاچمان لە زەمینەی ڕەسەنایەتی خۆمان گیردەکەین و وەردەگرین، دەبێ بزانین چی وەردەگرین و چۆنی وەردەگرین؟ کە وەریش دەگرین پێویستە داهێنەرانە ببینە خاوەنی بەخشین و لێ زێدەکردنی خۆمان هەبێ بۆ سەر ئەوەی لە کەسانی دیکەی وەردەگرین، تا ئێمەش لەناو ئەو کۆمەڵگە ئینسانییەی ئەمڕۆکەدا قسەی خۆمان هەبێ و بتوانین خشتێک بخەینە سەر دیواری شارستانیەت و پێشکەوتنی سەردەم و مرۆڤایەتی و بیسەلمێنین کە ئێمەش میللەتێکی زیندووین و هەین.

# تەرم و چرا

**سەعدوڵڵا پەرۆش**

ئەو شەوگارە پاییزییەی
کە سۆزینار
ڕوحی لەپاڵ پەرژینێکا بە باخ سپارد
شەوێک بوو وەکو گۆڕ تاریک
وەکو سەهۆڵبەندانیش سارد
مەریەم خەوی لێ کەوتبوو
بەڵام لە گشت کەنیساکان
زەنگی ناقووس دەبیسترا
ئەو شەوەی سۆزینار کوژرا
جووتێ چرا
بەدوای تەرمی سۆزینارەوە ورد ورد
بەدەم هەنسکی خاچەوە ڕێیان دەکرد
هەر بەڕێوە
چراییێکیان با شکاندی
دووەم چرایش
باران باوەشی پیا کرد و کوژایەوە
بۆ بەیانی
چی ڕووبار بوو سەری هەڵگرت
چی درەخت بوو چەمایەوە
لەو ڕۆژەوە
لە گۆڕستانی ئەو گوندە لا تەریکە
نە کانی دەردەبن، نە باخ چرۆ دەکا
لەو ڕۆژەوە
لەم نیشتمانە تاریکە
نە دار چنار باڵا دەکەن
نە مردووەکان
کتێبی مێژووی ڕووناکی دەخوێننەوە



**پاکنووسی ٢٠١٠**

# لە سەبری سبەینێ و خاکەوە

لەیلا سالّحی
(بۆکان)

سـلاو
سـلاو و هـەسـتی بەرد
سـلاو و ئەنگوسـتی سـەهۆڵ
سـلاو لـە نەتەوەی نیشـتـەجێی خۆرنشـین
مـن خـەڵکی تاریکم.

حەرام بێ لـە چاوتان ڕووناکی وشـەکان
ژەهـر بێ لـە دەمـتان ناوی مـن...
ناوێکم لـە سـارد و ببیسـتن قـەڵـەمم

لـە وشـەی ئەو شـیـعـرە و خاکەوە
ئاو دەگرم
دەهاژێم وەکو شـەتێکی ڕووت
لای ڕاسـتم دەبێتە ڕووبار و ڕادەکشێ بەرەو خاک
لای چەپم بەلـەزتر.
دووچاوم دەشـکێن و کانییـەک دەتروکێن
ئاو دەگرم
بەڵام وا بینایی دەمم کوێر
دەم دەنێم بە عـەردەوە و دەتخوێنم
دەم دەنێم بە کەروێشـکەی ئاسـمانەوە و
هـاوارت...
لـە وشـەی ئەم شـیـعـرە و خاکەوە
دەریام و
هـاوار بۆ تەنیـایی تنۆکێک
دەیچێژم سـوورایی تەمـەنت
بە مێژووی سـپێدە
درەختم
بە خوێنتا هـەڵدەچم
گەڵای چاوت
گەڵای درەوشـاوەی دڵـت
گەڵات دەگرم

ئەی لـەشێک لـەخاک و لـە پاییز
چ بەرزم لـە تامی لـەشـی تۆ
چ تاڵم لـە خوێنت



وەنەوشـەم.

تا خۆری برینت داییسێ
ئاوەڵا شکۆفەی هەناوم
تا مرۆڤ تۆ هەڵدێ شین دەبێ لە ڕێگەت
من و من

هۆ خەڵکی ڕۆژاوای سوقرات و ئەندێشە سەوزەکان
هۆ خەڵکی سەربەستی ئاڵاکان
هۆ خەڵکی سپێدە و سەلیب و هەڵفڕین
ئەی ئەهلی ئازادی
بۆ خەوتی ئەو شەوەی چارەنووست هاوشانی مانگ
تەنانەت کە شەوێک میوانی سەرکردەی هەڵفڕین
سێو مردی.
ئەو لەشەت خۆرنشین دەیچێژێ و
درەنگم لە خوێنت
لەخاکیش چنارێک
درەنگە.
ئەی خەڵکی ئێوارە دەدوێنن ئەنگوستت!؟
لە ئارای دەستیاندا
جەستەی مانگ شک دەبەن؟
وا هەیە بۆ ساتێک
لەشی خۆر
بەکێش کەن هەتا خاک؟

نەپەیڤان ئەگەر نا
ئەو ڕۆژەی هەڵهاتی لە دەمی ئەو شارە
ئەو دەمەی ڕۆژاوا تۆ دەدوا و پیرۆزتر
ئەو دەمەی ڕۆژاوا دەستی هەڵفڕیوی ئەتۆی گرت و
داوای کرد
بەخێر بێی...
بۆ ئەهلی ئێوارە کورک بوون بە دەستی ئەهریمەن؟
ئەم جارە
لەشکری هەڵفڕین وەرگەڕێن
وا بەرامەی ساردی ئاڵا لەم شارە هەڵدەکرێ
وەرگەڕێن
کە ئاسۆی ئەم خەڵکە سووری ژەند
لەشکری گەیشتن تا هەڵۆ و
پرسەیەک
دەرکەوت لە کەلی ئەم تافە... بەڵام سوور
ئەی لەشێک لە خاک و لە پاییز
ڕۆژاوا کەنگێیە؟
دەرفەتی ڕووناکی کردبوو تا سوقرات؟
تا ئێمە و ئارەزوو؟

پرسیارێک لە قەومی ئێوارە:
داخۆ لە ڕکێفی درەختی سوور
کە خۆی لەشی هەڵفڕین بوو
ڕووناک بوو داوێنی زەیتوونێک؟
لە پیاڵەی بەیاندا
بارانێک منداڵتان خەڵات کرد؟
داخۆ لە بەرامەی دەستی مانگتان خواست هەتا خاچ؟
داخۆ هیچ بانگی کرد ئیقلیمی ماسییەک؟
لەچاویا ئێرگزی نیشتمان
نیشتمان نیشتبوو؟
لە دەنگیا دەزرینگا ڕابردووی ئارەزوو؟
گەڵاڵەی فڕینی منداڵێک
نووسرابوو لە دەمیا
تکایە بپشکوێن
پێتان گوت
بەشێکی ئەو شیعرە بۆ خاک و ئەوی تر چاوەڕێت

ئەی لەشی داباریو بە ئێسکی شەرابدا
بوەستە لە سبەی
نەبادا لە شوێن خۆر ئیمرۆکە ئەهریمەن
هەدادە لە هەڵۆ
نەبادا فڕینێک لە نەکاو
داکەوە لەکانی
نەبادا ڕەگاژۆی ڕەوەزێک
نەپەرژای
سەبرت نەهات لە خاک و
لە لەشی ڕەوانت سەبرم نایە
سەبرم نایە لە کەوتنی بە شکۆت
لە گڵانی پیرۆزت
دەمت لە ڕۆژهەڵات هەڵهات
ئاوای مڵکی ئێوارە بووی
لەشت هەمووی گەلی داگرت
بەڵام کوا؟
دەرفەتی کام لەش دەتخایەنێ؟
سەبرم نایە لە گەورەییت
لە هەرێمی چاوە پڕ درەختەکانت
هەمووی من
هەمووی من
وێڕای گەل
ئاراستەی هەرێمی برینت.

# نیو پۆسکارت

قادر برسی
(بەغدا)

لەم ڕۆژانەدا دۆست و ناسیاوی ئازیزی ساڵی ١٩٥٤ی سلێمانیم کاک قادر برسی- م لە بەغدا چاوم پێکەوتەوە، لەگەڵ برادەری کۆنی ئەو سەردەمەی ئەو شارەی هەردوولامان کاک ئەکرەمی مەحموودیساڵحی ڕەشە هاتبوونە ماڵمان بۆ دیدەنیم. لە دانیشتنەکەماندا لە زۆر شت دواین و یادی گەلێ شتی هاوبەشی هەر سیانمان کردەوە. دیارە گفتوگۆ لەگەڵ شاعیرێکی تەڕ زمانی وەک قادر برسی دەبێ بیکێشێتەوە بۆ شیعر. لەو مەیدانەدا کاک قادر پارچە شیعرێکی ناسکی خۆی بە ڕازی دانانییەوە بۆ گێڕامەوەو بۆیشی نووسیمەوە. شیعرەکەیم ئەوەندە پێ جوان و نازدار بوو حەیفم لێهات خوێنەوارانی ئازیز هاوبەشی تاموچێژی نەبن لەگەڵم، بۆیە وا لێرەدا لەگەڵ باسی چۆنیەتیی دانانەکەیا پێشکەشیانی دەکەم.

کاک قادر لەبارەی سەرچاوەی ئیلهامی دانانی ئەم پارچە شیعرەیەوە دەڵێ:

«ئەم نیو پۆسکارتە، کوتومت، وێنەی ئەو ئافرەتەیە پێی وتم شاعیر ڕەسام نییە. ئەگەر تۆ ئەڵێی ڕەسامە دە وێنەیەکی من بە شیعر بکێشە. منیش بەم شیعرە وێنەییە وەڵامم دایەوە، لەسەر مەرج و گرەوی ماچێکی ناو دەم. ئەگەر نەمبردەوە چیم لەسەر ئەنووسێ و چۆنم سزا ئەدا با بفەرمووێ. لەسەر ئەوە پێکهاتین. جا نازانم بەلای ئێوەوە کێ گرەوەکەی بردووەتەوە و کێ دۆڕاندوویە؟ خۆ ئەگەر بڵێم لە ڕۆژانی ئەو سەردەمەدا ئەو ئافرەتەتان لەناو چەند ئافرەتێکا ببینیبایە، ڕەنگە بتوانم بڵێم پێتان ئەکرا بەهۆی ئەو شیعرانەوە بیناسنەوە.

«ئەو ڕووداوە لەساڵەکانی حەفتادا ڕوویداوە. ئەوەبوو پەیامنێری ئەو سەردەمەی «هاوکاری» لە سلێمانی دەمەتەقێیەکی ڕۆژنامەنووسیی لەگەڵم سازدابوو. لە وەڵامی پرسیارێکا وتبووم هەموو شاعیرێ ڕەسامە، بەڵام



مەرج نییە هەموو ڕەسامێ شاعیر بێ، وەک چۆن وتراوە هەموو شاعیرێ ڕۆشنبیرە، بەڵام مەرج نییە هەموو ڕۆشنبیرێ شاعیر بێ. لە ناو ئەوانەدا کە ئەو دەمەتەقێیەیان خوێندبووەوە ئافرەتێکم لێ ڕاپەڕی لەم بارەیەوە ئەوەندەم لەگەڵ دوا تا گەیاندییە ئەو مەرج و گرەوەی باسم کردو خۆی بە دۆڕان دا پێم. بڕواشتان هەبێ کە گرەوەکەم لێ بردەوە بە خەڵات و مەڵاتەوە بەخشیم بە جوانییەکەی».

**محەمەدی مەلا کەریم**

**هەر لە خۆی جوانە تەنوورەو بلووز**
**بووە بە چەتری ڕان و پاوو پووز**
**پێڵاو هاوینە، بە بێ گۆرەوی**
**چەسپە لەناویا پاژنەی قەڵەوی**
**دەست و پەنجەی جوان، شووشەیی ناسک**
**خرپن و ئاڵە مەچەک و باسک**
**باڵا شۆڕەبی، کەمەر چەشنی نەی**
**سنگ کریستاڵە، مەمک پیاڵەی مەی**
**پەرچەمی خاوی بە نووکی شانە**
**بە دەوری ڕوویا پرش و پەخشانە**
**کوڵمی چەشنی قۆخ، گەندەمووی نەنک**
**عارەق ئەڕژایە نێو مەمان تک تک**
**گۆناو گەردن بەرز، شان و مل قەشەنگ**
**ڕووشابوو ملی بە ملوانکەی سەنگ**
**چەناگەی چاڵ و دەمو لێوی قووت**
**نوقڵ و نەباتە یا فستقە لووت**
**گوێ و گوارەی بچووک، نەخشو نیگا ڕێک**
**شەوقی مانگەشەو چۆن ئەدا لە پێک**
**هەر جارێ بە ناز چاو ئەکاتەوە**
**وەک ئاو شەپۆلی شین ئەداتەوە**
**بە وشەی خۆش و تەڕو پاراوی**
**کێ نانێ، قوربان، سەر لەپێناوی؟!**
**من ئەگریم، ئەویش هەر پێئەکەنێ**
**بە برۆ و برژانگ دەورم ئەتەنێ**
**ئاشکراو دیار بوو ڕەنگ و ڕوخساری**
**خەندەی بە شێتیی من لێ ئەباری**
**دە پێبکەنە پێم با ببینم ڕووت**
**دەرکەوێ دانەی یاقووت و زمڕووت**
**بەم پێکەنینەت بۆیە دڵشادم**
**هەزاران تابلۆ دێتەوە یادم**
**بۆ دەست خۆشانەی ئەم نیو پۆسکارتە**
**هەقی ماچێکی دەمتم خەڵاتە**
**کام وێنەگرێ کە پێی ئەڵێن باش**
**وێنەت ناکێشێ وەک من بێ فلاش**
**من پێشت ناڵێم خۆت مەجووڵێنە**
**چاو بکەرەوەو دەم بنووقێنە (١)**
**گلەیی نەکەی ڕوتووش نەکراوە**
**پەنجەم ئەخلیسکا بەو دەموچاوە**
**ڕەنگی جلوبەرگ دیاریم نەکرد بۆت**
**ئەویشم دایە دەست ئارەزووی خۆت**
**گیانەکەم شاعیر فامیدەو ژیرە**
**هەم وێنەگرە و هەم ڕۆشنبیرە**
**بابزانی شاعیر وێنەش ئەزانێ**
**ئەوەی وەکو تۆ دانی پیا نانێ**
**ئەبێ بمبەخشی وا بە ساکاری**
**پێشکەشم کردی بێ وردەکاری**
**خۆ ئەگەر بێیتە وێنەخانەکەم**
**چوارچێوەی دڵمت بۆ تەرخان ئەکەم**
**هەرکاتێ هاتی بەم ناونیشانە**
**لە شەقامی خەم، کۆشکی ئەفسانە(٢)**
**تابلۆ قوپاوێ ئەخوێنیتەوە**
**لاشەی بێ گیانم ئەدۆزیتەوە**
**ئەوسا ئەبینی کاری پەنهانم**
**هونەری شیعرو نهێنییەکانم**
**مەگەر ئەو کاتە نرخم بزانی**
**لێو هەڵگلۆفی بە پەشیمانی**

(١) وێنەگرە شەمسییەکان لە کاتی وێنەگرتنی خەڵکیدا زووزوو ئەم ئامۆژگارییەیان چەند پات ئەکەنەوەو داوا لە وێنە گرتووەکە ئەکەن: چاو بکەرەوە، دەم بنووقێنە... تادوایی.

(٢) مەبەست لە شەقامی خەم شەقامی (پیرەمێرد)ە کە ڕێگای نەخۆشخانەی کۆماری و بەندیخانەو گۆڕستانی گردی جۆگەی بەسەرەوەیە کە هەرگیز لە گریان و شین و شەپۆری نەخۆش و بەندی و کەسوکاری مردووەکان ڕزگاری نابێ.

# پۆرێ من عەورێن خنگلیلۆک

**بێری بهار**
**(هۆلاند)**



کەتم شۆپا عەورێن رەش،
بووم ئەز رێویەکە بێێش.
عەور دمەشیان،
لێ نەخوەشهەڤال،
رێخور،
شۆپوندا،
خێرنەخواز،
بێبەخت،
و
دووڤمژ بوون..
هەرێ!..

هەر تشت ب خوە خاز دکە رییێن خوە.
دەر و دۆرا من تەڤ مژە،
مژێن عەورێن بەخترەش.
ونداخازە ژیانا من،
ب بایێن عەورێن رەش ڤە دفرم.
بێ تاقەت مام،
ب سەر هەڤ دە کر تایێن پۆرێ خوە،
کرە رێ،
نایێ دیتن.
تێر نەکر پۆرێ من،
دوو رە رییا ئەڤینێ،
فکر و رامانێن من،
دانە دوو پۆرێ من.
درێژ بووم،
درێژ بووم،
رەش بووم،
ڤرێژ بووم...
مەشیام...
مەشیام...
عەور وەستیان،
رێ ترسیان،
ئەز ڤیریام...
پۆر،
عەور،
رێ،
رێویتی
نەڤەدیان..
تشتێ کو من دیت،
گلۆڤەریکێن خنگلیلۆکان بوونە جهـ،
تێ دە حەرکین،
هێسرێن عەوران
پۆر و عەور ب هەڤ دە،
گەلەک گریان...

**ئەڤ هەلبەستە ژ پەرتووکا (قەشەم) رووپەلێن (٢٠-٢١) هاتیە وەرگرتن، کو ل سالا (٢٠٠٢)ێ ل چاپخانەیا ئەنگین ماتباعەجلک هاتیە چاپکرن و ژ ئالیێ وەشانخانەیا (سی) بەلاڤ بوویە.**

**«رامان»**

# به سەرەتانی پشت دەمرم...

**بۆریس ڤیان Boris Vian**
**لە فرانسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر**



لە ئێوارەیەکی ترسناک
ڕوون، گەرم، بۆندار، شەهوانی
بەسەرەتانی پشت دەمرم
بە هەندێ خانەی کەم ناسراو
لەشم بۆگەن دەکا و دەمرم
جورجێکی مەزن لەناو کونێکی مەزن
لاقێکم هەڵدەپچڕێ و دەمرم
ئاسمان وەک شووشەیەکی گەورە و گران
بەسەرمدا دەڕووخێ
بەسەد بریان دەمرم
بە برووسکەی دەنگێک
کە گوێیەکانم کەڕ دەکەن
دەمرم
دەمرم بێ ئەوەی هەستی پێ بکەم
بە دەستی بکوژانی شێت و کەچەڵ دەمرم
بەبرینی لاڵ
سەعات دووی شەو دەمرم
ئەگەر بمرم، دەمرم
دەکەومە ژێر کەلاوە وشکەکان
لەبن ئەستوورایی هەزار مەتر پەمۆ
کە بەسەرمدا دەڕووخێ، دەشێردرێمەوە
لەناو ڕۆنی پیس بەخنکان دەمرم
هەزاران دەعبای بێ باک لەژێرەوە دەمکرۆژن
پاشان، دەعبای تری جیاواز، دەمهاڕن
بەڕووتی دەمرم، یانیش لەبن خامەکێکی سوور دەمرم.
یانیش لەناو فەردەیەکی پڕ لە مووس دەمرم
لەوانەشە بمرم
بێ ئەوەی نینۆکی پێیەکانم ڕەنگ بکەم
ناو لەپیشم پڕ لە فرمێسک
ناو لەپیشم پڕ لە فرمێسک
دەمرم کە پێڵووەکانم لەبەر هەتاوی شێت و هار
هەڵدەپچڕن
کە بە ئەسپایی
قسەی ناشیرین لەبن گوێم دەخوێنن
دەمرم
کە دەبینم منداڵان ئازار دەدەن
کە خەڵکی حەپەساو و ڕەنگ زەرد دەبینم
دەمرم
کە بەزیندوویێتی کرم دەمکرۆژێ
لەبن تاڤگەیەک بەدەست بەستراوی
دەمرم
لەناو ئاگرێکی غەمبار بەسووتان
دەمرم
کەمێک دەمرم، زۆرێک دەمرم
بێ عاتیفە، بەڵام بەسوود
پاشان کە هەمووی تەواو بوو
دەمرم.

**سەرچاوە:**
**Anthologie de la poesie francaise du xxe siecle. Gallimard, 2000.**



# با چۆن کەمینگیر دەکرێ

ناسر وەحیدی
(بۆکان)

من ئاوام. نازانم تۆش وای، یان نا. ئەمە خوویەکە لە منداڵییەوە لە گەڵم گەورە بووە. ڕەنگە لە دایکمەوە تووشم هاتبێ. ئەگەر درۆ نەبێ، ڕاست و ڕەوان لەوم گرتۆتەوە. ئەگەرچی دایکە و دەبێ لایەنی بگیرێ، بەڵام پیاو ئەگەر قسەی حەق بکا خۆماڵی کاول نابێ؟ لەو کاتەوە دێتەوە بیرم، بە تایبەت ئەو شەوە ئەنگوستە چاوانەی بەهار، کاتێک باران وەک گۆزەی سەراوژێر دەباری. هەور چەشنی برێشکەی سەر ساج دەتۆقی. برووسکە بۆ چرکەساتێک ناو ژووره چووکە و تەنانەت ناو کۆلانیشی لە پڕ ڕووناک دەکرد و شریخەی لە عەرد هەڵدەستاند. دایکم دەلەرزی و ئەژنۆی لە باوەش دەگرت. بە دەم خۆ ڕاژاندنەوە سووڕەتی ئایەتەلکورسی دەخوێند، فووی بەم لاو ئەو لای خۆی و ناو ژوورەکەدا دەکرد. هەرکە چاوی بە من دەکەوت، وەک شتێکی بەقیمەتی دۆزیبێتەوە بە تاڵووکە پڕی پێدا دەکردم ڕاپێچکی دەدامە ناو کۆشی و فووی لە منیش دەکرد. زوو زوو دەیوت تۆ منداڵی دڵت پاکە دوعا بکە، دوعا. خودا دوعای تۆ گیرا دەکا. هەتا باران لێی نەکردبایەوە و هەور لە گرمە نەکەوتایە لە لەرزە نەدەکەوت و نەدەحەجمی. نە دەشیهێشت من تاوێک بسرەوم. ئەوەی ڕاست بێ ئەوەندەی دایکم دەیترساندم ئەوەندە لە برووسکە و گرمەی هەور نەدەترسام!

جارێک دایکم بردمی بۆ تەکییە. ژنێک لە خەلیفەژنی پرسی: دایکم لەسەرت گەڕێ. هەورەتریشقە چییە؟ خەلیفەژن وتی دەنگی خەرەزەنی حەزرەتی قابیسە هەورەکان لێ دەخوڕێ. من ڕەحمان ئاڵبلاغیم دەناسی، کەڵ و عارەبانەی هەبوو. کاو ئاوردووی دێنا بۆ شار. پاش فرۆشتنی بارەکەیان ئیزنی دەدا تا قەراغ شار منداڵانی گەڕەک سواری عارەبانەکەی بن. کاتێک دەیویست عارەبانەکەی باداتەوە، لاقێکی دەنا سەرپشتی کەڵێکیان بەخەرەزەن

لەوی تری دەدا. دەیوت هەئا تەس. – خەرەزەنەکەی لە سێ تاڵی چەرم هوندبۆوە، گەزونیوێک دەبوو سەرەکەشی گرێ دابوو– ئەو کەڵەی لاقی لەسەری بوو دەچەقی و ئەوی تریان دەڕۆیشت. تۆ بڵێی خەرەزەنی حەزرەتی قابیس لەچی سازکرابێ؟ لاقەکانی چەند درێژ بێ، تاکو هەورەکان باداتەوە.

با هەر باسی مەکە. وای لەو شەوانەی هەڵی بکردایەتە با، گژە گژ و گڤە گڤی باو جیرە جیری دەرکە و پەنجەرە لە لایەک و ناڵە ناڵ و نووزە نوزی ئەو لە لایەک، زارئاوی دە تۆقاندم. منیش وەک ئەو چەشنی مێوژۆکە دەکەوتمە لەرزین. دەیگوت: (دنیا بە با ساز کراوە و بە باش وێران دەکرێ) دەیوت: دەزانم ئەمرۆ. ئەمشەو دنیا کاول دەبێ. شادوئیمان بێنە ڕۆڵە شادوئیمان. ئەگەرچی دەیزانی من شادوئیمان نازانم، دەیان جار ئەوەی لێ دووپات کردبوومەوە. سەرمی لە سینگی دەکردەوە چاوی بە ڕەنگی هەڵبزرکاو و چاوە زەق بووەکانم دەکەوت، هێندەی تر دەتۆقی. سەرمی بە سینگییەوە دەنووساندەوە. گوێم لە ترپە و باڵەفرەی مەلی دڵی دەبوو بە پڕتاو خۆی دەکوتا بە تەلی ڕکەی سینگیدا. ورتە ورتێکی دەکرد. منیش زوو زوو دووپاتم دەکردەوە، شادە شادە یا ڕەسوڵەڵلا. هێندە دەترساین و هەڵدەلەرزین تا لە سەرخۆ دەچووین، یان ڕەنگە دەمردین و زیندوو دەبووینەوە. کاتێک وەئاگا دەهاتمەوە یاوێکی توند ئامبازم ببوو، تەواوی لەشم نیشتبووە سەر ئاو. دایکم بە پەڕۆیەکی تەڕ تەوێڵمی فێنک دەکرد. دەیگوشیم بە سینگییەوە و بە زمانێکی ڕوون و ڕەوان دەیوت تەواو بوو ڕۆڵە شیرینەکەم، تەواو بوو. ڕەحمی خودا قەت تەواوی نایەت.

ئێستاش کە دەیان ساڵە دایکم مردووە، هەزار ئەوەندەی گڵ بەسەر قەبرەکەی ئەوەوەیە وەسەر عەمری ئێوە کەوێ. ئەو ترسەم لە دڵدا ماوە گریمانەی کردووە، بۆتە لوو. ئێستاش کە هەور دەگرمێنێ و برووسک دەهاوێ، یان بایەکی بە هێزی دێت، حەجمێنم لێ هەڵدەگیرێ و هەراسان دەبم. خۆم لە ژووری منداڵەکان دەهاوێم، سەریان توند بەسینگمەوە دەگوشم. لە کاتێکدا خۆم لەوان ترساوترم، زوو زوو دەڵێم مەترسێن، مەترسێن. ژن و منداڵ بەسەرسوڕمانەوە دەڵێن مادام تۆ لێرەی ئیتر ناترسین. سەیری یەک دەکەن: بابە گیان ناترسین. نەرمینی خێزانم دەیان جار هاتووە بەگژمدا وتوویەتی: کابرا شوورەییە بۆ وادەکەی، منداڵەکان ناترسن تۆ دەیانتۆقێنی. بەرپەرچی قسەکەیم داوەتەوەو وتوومە ڕاست دەکات، دەترسێم، بەڵام ترسی من لەبەر تۆ و منداڵەکانە.

وی لەم بایە خوایە ئەمە چییە و لە کوێوە هەڵیکرد؟ بۆ بەدبەختی من دەبێ ڕاست ئەمشەو هەڵی بکات. تۆ بڵێی نەکەوێ؟ ڕەنگە لە سووچی هەورەبانەکەوە دیار بێ. با چاوێکی لێ بکەم هەر دوو پلیکان دەکاتە شەقاوێک بەرەو سەربان ڕا دەکات. هەورێکی خۆڵەمێشی مات ئاسمانی شاری داگرتووە، خۆڵ دەبارێ. چۆکی نابووە سەر دڵی ئەم، پشووی لێ بڕیبوو. یەک دوو دوگمەی یەخەی کراسەکەی ترازاند، ئارەقەیەکی سارد بەرۆکی خووساندبوو. بەرچاوی لێڵ بوو. بەئانیشکی کراسەکەی شووشەی پەنجەرەکەی سڕی، بەڵام هیچ دیار نەبوو. یەک دووجار چاوی هەڵگڵۆفی، دیسان هیچی بەدی نەکرد. خۆی هەڵهێنا چووە سەر نووکی پەنجەی پێی، چەپو چیر بۆوە. دیسانیش هیچی نەدی. بەپەلە دێتەوە خوارێ. دەچێتە ژووری منداڵەکان. منداڵ بە بێ دەنگ دانیشتوون سەیری کارتۆن دەکەن. دەچێتە ئاشپەزخانە نەرمین پشتی لەوە، سەرقاڵی چێشت لێنانە. بە وەڕەزی ڕووەدەکاتە ژووری کارەکەی، دەست دەداتە قەڵەم موو. دەچێتە سەر تابلۆیەکی ناتەواو، برێک ڕەنگی پێدا دەساوێ، وەلای دەنێ. دەست دەداتە بوومێکی سپی، گەرەکیەتی ئەوی بای سەر ئەم عەرزەیە لەناو ئەو بوومەدا یەکانگیر بکات. ئەرێ، دەبێ هەر وابکەم. ئەمە شەڕی مان و نەمانە. لەهەموو ڕەنگێکی لەسەر تەختەی کارەکەی بڵاو کردەوە. سەرەتا بۆرێکی خۆڵەمێشی ساز دەکات، سپیایی بوومەکەی پێ دادەپۆشێ. ئەوجار جووڵە و وزەی با بە ڕەنگی سپی تێدا پێناسە دەکات. سووری دەدا، سووری دەدا. سەری لە گێژەوە دێ هێڵنج دەدا بەرەو ڕووشۆریەکە دەڕوات، دوو شڵپ ئاو دەکات بە دەموچاویدا. هەست دەکات دەموچاوی بۆتە یەک پارچە سەهۆڵ. دەچێتە ئاشپەزخانە نەرمین لەوێ نییە، دزەی دەداتێ بۆ هەورەبانەکە. بڵێی گڵۆپەکانی شەقامیان هەڵکردبێ؟ ئەگەر وابێ ڕەنگە ئەوجار لێم دەرکەوێ. گڵۆپەکان تاقولۆق وەک لامپایەکی کەمسۆ لە دەلاقەیەکی چووکەوە بەحاڵ زەردەتاریکیان

دەنواند، کەوتبوونە شەوارە. سووکێ شەوژەنی دەرکەی هەورەبانەکەی ترازاند، دری دا بە دەرکە. با دەرکە لە دەستی دەرفێنێ. زرمەی شکانی شووشەی دەرکە، مالەکەی پڕ کرد. نەرمین بە قیژ و هەرا بەرەو هەورەبانەکە دێت. با یەک دوو جار دەرکە پێکدا دەدات، دەستی کردە مل دەرکە و بە هەموو هێزی خۆی دەیکێشێ و شەوژەنەکەی خست. بەر لە گەیشتنی نەرمین ڕادەکاتە خوار، دەستی دەگرێ. لە حالێکدا دەلەرزێ: هیچ نییە، هیچ نەبووە. گوێ مەدەرێ، شووشەی دەرکی هەورەبانەکە بوو شکیا. نەرمین چاوی زەق لە بەر دەمی ویشک هەلگەڕا بوو، سەیری دەستە خوێناوییەکانی خۆی کرد بە دەست ئەوەوە. سەرمای دەستی ئەو تا سەر ئێسکی بەدەنی تەزاند. نەرمین ئازا دەستی لەناو دەستی کێشا دەرێ. سەیری دەستی نەرمینی کرد سوور بوو. سەیری دەستی خۆی کرد: شووشەکە بوو کەفتە بان دەسم. چتێ وانییە. نەرمین لەسەرخۆ دەلێ بۆ وا دەکات، هەمیسان هەلێکردە با ، ئەو شێت بێتەوە. دەبیاتە بەر ڕووشۆریەکە دەستی دەشوات، بێتادینی لێدەدات و دەیبەستێ. ئەو وەک مندالێکی گوێڕایەل بە دوویدا دەچێتە ژووری کارەکەی. نەرمین چاوی بە وێنەی بوومەکە دەکەوێ. بۆ ئەوەی بێ دەنگی نێوانیان بشکێنێ: ئەمە کاری تازەیە. ئەوە چییە؟ پیاو تەماشای دەکات سەرەگێژە دەگرێ. نانت بۆ دێنمە ئێرە، با مندالەکان ئەمشەو دەستت نەبینن.


بێ ئەوەی شتێک بلێ دەست دەداتە قەلەم موو دەچێتەوە سەر بوومەکە. هێلە سپییەکان تۆختر دەکات، تاوێک بەسەر وێنەکەوە ماتە هەلدەگرێ. بیر لە پێشنیاری ئەندازیارەکان دەکاتەوە. ئەو پیاوێکی بەمشوور بووە، هەمیشە گوێی داوەتە قسە و ڕاوێژی دۆست و برادەر. ئەم کەللە ڕەقییە چ بوو کردی، خۆشی نەیدەزانی. ئەم کارە بەراورد و حسێب و کتێبی دەوێ، کار بە ئاسن و چیمەنتۆ و گۆترە و کەیفە نییە. دەیان جار وتبوویان ئەو پەیکەرە زەلامە بە بەرزایی شەش میتر و قورسایی دوازدە تۆن لە سەر پایەیەک ڕاناوەستێ. بۆ دلنیایی بەدلی خۆی لە هەر شێوەیەک پێی خۆش بێ پایەیەکی تری بۆ دانێن. بەسەر بوومەکەوە خەو یەخسیری دەکات. خەون دەبینێ. چووبووە سەرشاخێکی بەرز، هەلمومژێک بوو چاو چاوی نەدەدیت. تەختەی ڕەنگەکانی بەدەستەوەبوو. بەنووکی قەلەمەکەی ڕەنگی سپی بۆ بەر دەمی دەپرژاند، بەردەمی ڕووناک دەبوو. گەیشتە سەر چالێکی قوول و بێ بن، تاچاو هەتەری دەکرد ڕەش بوو. تەواوی بای دنیا لەو کونە بایەوە دەهاتە دەر. باکان هورژمیان هێنا، بووە لرفە لرف و گڤە گڤێک باب ئاگای لە فرزەند نەبوو. گوێی لە دەنگی دایکی بوو کە لە بنی ئەو چالەوە دەهات: ڕۆلە دنیا بە با سازکراوە و بە باش کاول دەکرێ. دەیوت ڕۆلە تۆ دەس ڕەنگینی، توانات هەیە، ئەم کارە هەر لە تۆ دەوەشێتەوە. خێراکە فورجە نییە. زەمان ڕاناوەستێ. ڕ ۆ ۆ ۆ ل ل لە کا کا کا ت.

با لە چالەکەوە دەهاتەدەر هاژەی دەکرد، خاک و خۆلی شەنوکەو دەکرد. گیاوگژ و بنچکی هەلکەند، داری چەماند، تاوێرە بەردی هەلپەسارد. وێنەی دایکی هاتە بەر چاو ڕەنگی سپی و لێوەکانی وەک خوم شین هەلگەڕابوو. سپیایی ڕەنگی دایکی لەناو سپیایی بادا ون دەبوو، تەنیا لێوە شینەکانی نەبێ دەتوت دوو پەشمی شینە لەسەر بوومێکی سپی لارو وێر دەبوون.

بە بێ ئاگا قەلەم مووەکەی برد بۆ ڕەنگە شینەکە، سپیایی با و دایکی سارد کرد. وەک ئەوەی لەسەر بووم دەیکرد. سارد و ساردتر. سپیایی با بە دەم ڕەنگی شینەوە جەلغەی دا، بەستی بوو بە سەهۆل. تەنوورەی با بووە تاڤگەیەکی سەهۆلین. با لە وزە کەوت، خاکو خۆل حەجمین. داری چەماوە ڕاست بوونەوە. گابەرد لەجێی خۆی مۆلی خوارد. با کەمینگیر کرا.

لە خەو ڕاچەنی. سەیری بوومەکەی کرد، نە سەری لەگێژەوە هات و نە هێلنجیشی دا. ڕەنگی شین هێلە سپییەکانی بای لەسەر بوومەکە جەڕ دابوو. یەکسەر ڕای کردە هەورەبانەکە، با کەوتبوو. لە دەلاقەی شووشە شکاوەکەوە خۆر گزنگی دەهاویشت. پەیکەرەی ئازادی قورس و قایم لە سەرجێی خۆی وەستابوو. پەیکەرە سێبەری کەوتبووە سەر ڕۆژاوای شار.

٢٠١٠



# گریان بە زمانی مۆسیقا

**ک. د. ئازاد**
**(بانە)**

– چییە هەلاڵە لە کوێی؟ ئەمە دووەمین جارە مامۆستا ڕەخنەت لێ دەگرێ؟ لە کوێی؟
– ئەها باشە!
«سێ نەفەر! ئەویش سێ بەرازی دڕ!»

**

بەختیار مامۆستای مۆسیقا، بە هەلاڵەوە، نۆ شاگردی هەبوون کە وانەی مۆسیقا و ژەنینی تاری فێر دەکردن. هەلاڵە لە هەموویان جوانتر و شارەزاتر بوو! بەختیاریش خۆشی دەویست بەڵام هەلاڵە هەموو جارێ کە بەختیار دەیویست ڕازی دڵی بۆ بدرکێنێ، هەلاڵە بە بیانوویەک بە جێی دەهێشت!

ئەمڕۆ هەموویان بۆیان دەرکەوتبوو کە هەلاڵە هیچ فیکر و هۆشی لای وانەی مۆسیقا نییە!

«دڕندە! وەحشی! بۆ وام لێ دەکەن؟»
– هەلاڵە چییە؟ دەگەڵ ئەوانی تر نایەوە؟
– ببوورە مامۆستا! ئەمڕۆ ناتوانم!

هەستا و لە پۆل چۆ دەرەوە! هەموو پێیان سەیر بوو!
– هەلاڵە چییەتی؟ بۆ وا دەکا؟
– نازانین مامۆستا! ئەمڕۆ هەلاڵە هیچ لەسەر هۆش نییە!

هەلاڵە پاڵی وە دیواری پۆلەکەوە دابوو! دەنێو دەریای خەیاڵدا نغرۆ بوو!

دوێنێ ئێوارێ کە بەرەو ماڵ دەڕۆیشتەوە، ماشێنێک بای دا بەر دەمی و تا ئەو بزانێ چ خەبەرە، بە دوو نەفەر قۆڵیان گرت و فڕێیان دایە ناو ماشێنەکەوە!

لە ناو ماشێنەکەدا توند دەمیان گرت و سەریان دانەواند تا نەزانێ بۆ کوێی دەبەن! هەر ئەوەندەی زانی لە شار چوونە دەر! ماوەیەک بە جادەی قیرتاو، پاشان کەوتنە جادەیەکی چەوڕێژ!

دوایی دایانبەزاند، بردیانە ناو کۆختەیەکەوە!

دەستـیـان بەست و دوو نەفـەر چوونە دەر و یەکـیـان کە مـایەوە، شەڵوارەکەی خۆی داکەند و شەڵوارەکەی ئەویشی داخزاند!

– پیاوی چابە وا مەکە! ئابڕووم مەبە!...کوڕە سەگباب مەگەر خۆت نامووست نییە؟..

بێ سوود بوو!

هەوەڵ کـەس کـە کـاری تەواو بـوو، هەسـتی بە ئێش و ئازارێکی زۆر کرد! کە سەرنجی خۆی دا هەر خوێن بوو بە ناو لینگیدا دەهاتە خوار!

دووەم کـەس بێ ئەوەی گـوێ بدا بە سکاڵا و پاڕانەوە، یان ئەو خوێنەی لەبەری دەڕوا، ئەویش کـاری خۆی کـرد! سێیەمین....!

پاشـان وەک هێنابوویان!بردیانەوە ناو شـار و لە قـەراخ شەقامێکی خەڵوەت و نیوە تاریکدا، دەستیان کردەوە و لە ماشێنەکە خستیانە خوار!

– هەڵاڵە چییە؟ ئەمڕۆ بۆ وا ماتی؟

– مامۆستا بەختیار! نازانم!.......

– ناتەوێ من شەریکی خەم و ناڕەحەتیت بم؟

– ......

– ئەمـڕۆ سـەرنجم دای! هیچ لە جـاران نەدەچووی! پێم ناڵێی چ قەوماوە؟

«ئاخ پیاو! باشتان هەیە؟ هەمووتان دڕندەن!»

– نا مامۆستا! کەمێک ناسازم!

– باشە! هەر چۆنێک خۆت پێت خۆشە!

«ئەگەر دەمانچەیەکم دەبوو! لە پێش هەمووواندا مامۆستا بەختـیـار، پاشان باوک و براکانی خۆم دەکوشت! ئەوانیش بۆیان هەڵکەوێ لەو بێ ویژدانانە باشتر نابن! تۆوی پیاوم لە سەر زەوی نەدەهێشت!»

**

– هەڵاڵە بۆ ماتی؟

– دایە گیان هیچ نییە!تۆزێک ماندووم!

– ڕۆڵە بۆ نانت نەخوارد؟

– برسیم نییە! لێم گەڕێن!

«دەبێ کارێک بکەم! ناتوانم ئاوا دانیشم!»

هەستا چووە باڵکۆنی بەر پەنجەرەکەیان! چاوی لە شار و بریسکانەوەی چراکـانی کـرد! بە هیچ شـتـێک وەڕەزی نەدەشکا!بە هیچ کەس ئارامی نەدەگرت!

«یەکیان بەئەوەکەی تری وت: کەماڵ!! دەبێ وەی ببینم!»

**

ڕۆژانە دوای کـار و ئیش، کـاری بـوو بە گـەڕان بە ناو بازاڕ و شوێنە گشتی و بەردەرکی قاوەخانە و گەراجەکاندا!

ماوەی حەوتوویەک، بێ وچان گەڕا!

عـەسـرێکی درەنگ، لە بازاڕی ئاسنگەرەکـان چاوی بە یەکـیـان کـەوت! خۆشـیـیـەکی کـەم دەوام ئازای گـیـانی گرتەخۆی!

«بزانم بۆ کوێ دەچێ؟ نابێ لێی خافڵ بم!»

دوای کـەوت! پیـاوەکە لە پێشـدا سـەری دوکانێکی دا. هێندێک کـەلوپەل کە لە دوکانەکە داینابوون هەڵی گرت و وەڕێ کەوت!

دوو کـۆڵان ئەولاتر لە بەر درگـایەک ڕاوەسـتـا! بە لێـو سمێڵە زەردە درێژەکانی دەگرت و بەری دەدانەوە!

هەڵاڵە بە بەر دەمـیـدا تێـپـەڕ بوو! پیـاوەکـە چاوێکی کڕیارانەی لێ کرد و دووبارە لە زەنگی درگای دا!

«نام ناسێتەوە! بێ ویژدان!»

کەسێک درگای لێ کردەوە و کابرا ڕۆیشتە ژوور!

چەند جار هەڵاڵە بە کـۆڵاندا هاتوچۆی کرد تا کـابراکـە هاتەوە دەر! ئەم جار بۆ شـەقـامی خوسرەوی وەڕێ کـەوت! هەڵاڵە بە دوایدا دەڕۆیشت، بێ ئەوەی لێی ون ببێ!

لە دوکـانێکی پارچە فـرۆش ڕاوەسـتـا و دوو کـەسی تر هاتنە دەرێ!

«خۆیانن! ئەو سێ کەسە بوون!»

هەرسێک بە ڕاستە شەقامدا ڕۆیشتن! هەڵاڵە بە دوایاندا دەڕۆیشت!

«نابێ لێم ون بن!»

دوور و نزیک شوێنیان کەوت! نەیدەزانی بۆ کوێ دەچن!

«دەبێ کارێک بکەم!»

هەرسێک چوونە ناو کۆڵانێک! وەشوێنیان کەوت! گوێی لە لێدانی دڵی بوو!

کـــۆڵانەکـــە دوو ڕێی لێ دەبوونەوە ؛ دوو کـــۆڵانی تەنگەبەرتر! بە کـۆڵانێکدا ڕۆیشتن! ئەوان سـەرگـەرمی قسـەکردن بوون! هەڵاڵەش لە ترسان زار و گەرووی وشک ببوو!

ئەوان لەبەر درگـای ماڵێک ڕاوەسـتـان! یەکیان بە کلیل درگای کردەوە و چوونە ژوورەوە!

هەڵاڵە ماڵەکەی نیشانە کرد و گەڕایەوە!

«چ بکەم؟ بەگرتیان دەدەم! نا وانابێ!»

ئێوارەیەکی درەنگ بوو! لە داڵغە و فیکردا بوو!

– سڵاو هەڵاڵە!

شڵەژا! – سە! سە! سڵاو مامۆستا بەختیار!

– بەم ئێوارە بۆ کوێ دەچی؟ زۆر هاڵۆزاوی؟

«پێی دەڵێم ڕەنگە یارمەتیم بدا!»

– هیچ دەچمەوە ماڵ! لە بازاڕ بووم درەنگم بەسەر هات! لەو درۆی کردبووی پەشیمـان بۆوە، بەڵام نەیدەزانی چی بڵێ!

– باشـە هەڵاڵە! پێت خـۆش نیـیـە هیچ مـەڵێ! مـانگ هەمیشە لە پشت هەوران نامێنێ!

«پێی دەڵێم! بۆخۆم چم پێ ناکرێ!»

هەروا کـــە شـــان بە شـــان دەڕۆیشتن لە نووکـــەوە

بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە! لە دواییدا بەدەم گریانەوە وتی:مامۆستا بەختیار تۆ دەتوانی یارمەتیم بدەی؟
– چ بکەم؟
– دەمانچەیەک و چەند گوللەم بۆ پەیداکە! خۆم دەیان کوژم!
– نا وانابێ!
– ئەی چبکەم؟
– ئەمشەو بیری لێ دەکەینەوە! بزانین چمان بۆ دەکرێ!
– لە کوێ؟
– دەتوانی بێی بۆ ماڵی ئێمە؟ بۆخۆت دەزانی من ڕەبەنم و بە تەنیا دەژیم!
– ئاخر ماڵەوە؟
– بە درۆ بڵێ لە ماڵی دەستە خوشکێکم! وەختی خەو دێمەوە!
هەڵاڵە لە تەلەفونی سەرشەقامڕا قسەی دەگەڵ دایکی کرد تا نیگەران نەبێ! وتی لە ماڵی دۆستێکم و کاتی خەوتنان دێمەوە!

**

بەختیار نان و خواردنێکی سادەی ساز کرد و هەڵاڵەش یارمەتی دا!
دوای خواردن و کاتی چایی خواردنەوە، بەختیار وتی:
– هەڵاڵە! ئەگەر بە قسەی من دەکەی وازیان لێ بێنە و چیتر خۆت سەرگەردان مەکە!
– ئاخر مامۆستا!ئەوان شەرافەتی منیان لەکەدار کردووە! چۆن دەتوانم بێ دەنگ بم!
– چت پێ دەکرێ؟
هەڵاڵە کەوتە ناو دەریای فیکر و پاشان وتی: هیچ!
– بیر لەشتی تر وەکە! لە خۆشەویستی! داهاتوو! پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی!
– ئاخر دەبێ من شوو بە کەسێک بکەم کە ئەو بەسەرهاتەی من نیگەرانی نەکا! من کچ نەماوم! کێ دەتوانێ ئەوەی قەبووڵ بێ؟
– من!
– تۆ؟ تۆ مامۆستا بەختیار؟
– بەڵێ من! زۆر دەمێکە خۆشم دەوێی و خۆت دەزانی! ڕابردووی تۆش بە لامەوە گرنگ نییە! گرنگ خۆتی و کەسایەتی خۆتە کە لای من زۆر پیرۆزن!
هەڵاڵە هیچ وەڵامێکی نەبوو! بێ دەنگ سەری داخستبوو! بەختیار لێی نزیک بۆوە و لە کاتێکدا دەستی لە ژێر چەناگەی هەڵاڵە دەدا وتی: چییە هەڵاڵە؟ دەڵێی بە من ڕازی نیت؟
– نا مامۆستا بەختیار! وا نییە! من خۆم بە شیاوی تۆ نازانم!
– دەڵێی چی؟ بنێرم بۆ خوازبێنی؟باوک و دایکم بێن و تۆم بۆ داواکەن؟
– من لە خودام دەوێ بەڵام...!
– بەڵامی ناوێ!
ئێستا شەربەتێکی تایبەتیت بۆ دروست دەکەم!
بەختیار لە چێشتخانەکە خەریکی شەربەت ساز کردن بوو و هەڵاڵەش لە خەیاڵیدا خۆی لە جلکی بووکێنیدا دەدی!
«هەڵاڵە گیان پیرۆز بێ! چەندە لێک دێنەوە!»
کە بەختیار شەربەتەکەی بۆ ڕاداشت بزەی خۆشی هەر لەسەر لێوانی هەڵاڵەبوو!
– بۆ خۆت ناخۆی؟
– هی خۆشم دێنم! تۆ بیخۆرەوە لە نیییەتی بەختەوەری داهاتوومان!
هەڵاڵە شەربەتەکەی تا نیوە خواردەوە! لەو کاتەدا بەختیار لە چێشتخانەکە ڕا بە تەلەفون قسەی دەکرد. جار جار هەر لەوێڕا دەستێکی بۆ هەڵاڵە بەرز دەکردەوە!
بەختیار بە پەرداخێک شەربەتەوە هات و لە پەنای هەڵاڵە دانیشت!
– پێت خۆشە زەماوەندەکەمان لە کوێ بێ؟ ماڵەوە، یان لە تالار؟
– هیچ فەرقی نییە!
– شەربەتەکەت تەواو کە!
هەڵاڵە یەک بین شەربەتی تەواو کرد! هەستی کرد چاوی لە ڕەشەوە دێ!
بەختیار لێی نزیک بۆوە و قسەی دەکرد! هەڵاڵە هیچ لە قسەکانی بەختیار نەدەگەیشت!
لەو کاتەدا لە زەنگی دەرگایان دا!
«پیرۆزت بێ هەڵاڵە! بەختەوەر بن!»
هەڵاڵە هەستی کرد لەشی سووک و سووکتر دەبێ! وەک لەسەر هەوران بێ!
چاوەکانی شتیان بە تارمایی دەدین! چاوی لێ بوو دەگەڵ تارمایی بەختیار، سێ تارمایی تریش هاتنە ژوور!

**

ئاژانسی هەواڵنێری موکریان نووسیبووی:
«ڕۆژی هەینی ڕابردوو تەرمی کچێکی تەمەن دەوروبەری بیست ساڵ بە ناوی هەڵاڵە، لە قەراخ ڕێگای بۆکان – میاندواو دۆزراوەتەوە! بە پێی لێکۆڵینەوەی پۆلیس ئەو کچە چەند ڕۆژ لەوە پێش ون بووە و قوتابی فێرگەی مۆسیقا بووە! مامۆستا و هاوپۆلەکانی دەڵێن ڕۆژی پێش ون بوونی وەزعی ڕوحی باش نەبووە و پەشۆکاو و ناڕەحەت بووە! تا ئێستا هیچ بەڵگەیەک بۆ مەرگی ئەو کچە نەدۆزراوەتەوە! بەڵام وێدەچێ بە هۆی ناڕەحەتی دەروونی، خۆی کوشتبێ»!

**بانە– پایزی ١٣٨٨**



# ئەز ڕۆژنامەنووسێکی کوردم

**خەبات ڕەسووڵی**
**(کوردستانی ئێران)**

**گرتیانم**

هاتنە ژووریّ. چاویان کردمەوە. چاوم بە شەوارە کەوتبوو. ژوورەکە بە ڕۆژنامەکە قەڵاچن کراوە. سێبەرێکی کەتەی بەخۆوە لەبەر دەرگا ڕاوەستاوە، تیشکی پشت سەری نەیدەهێشت دەموچاوی دیار بێ.

تەنیا سێبەرێک بوو. بە سەرمدا نەڕاندی، بە زمانی خۆش بلّێ سەر بە چ لایەنێکی دەنا.. دەکەونە گیانم. بە کێبلّ و شەق. گوێم لە دەنگی ناڵەی دیکەشە. چەند سەعاتە تەنیا لێدان. خوێن لە دەمولووتم دێتە خواریّ. هەست دەکەم دەست و لاقم ئی خۆم نین، لە ناوەڕاستی ژوورەکە کەوتووم. هەروا بە شەق لە زگم هەڵدەدەن. سەرم لە گێژەوە دێ، لە دوورەوە گوێم لە دەنگی زەنا زەنایە. سێبەرەکان دەڕۆنە دەریّ. لەسەر گازەرەی پشت ڕادەکشێم. هەست بە ڕاکەڕاکەی چڵکنان و تەقە تەقێکی زۆر دەکەم. پشێوی دەباریّ. نازانم چ باسە. شادی و ترس لە دلّمدا دەگەڕێ،. سێبەرێک دێتە ژووریّ، چاوی گڕە، ڕۆژنامەکان تا بن میچەکە لەسەر یەکتر هەڵچنراون. دەنکە شقارتەیەک دەردێنێ. بەدەنگی شقارتەکە دادەچڵەکێم. کابرای سەلمانی دەلّێ: «هەی بێ قەزابی مامۆستا گیان، ئەوە بۆ ترسای؟ دەمەوێ ئەو مووانەی پشت گوێچکەت بسووتێنم» چاوم لە دەستە تووکنەکانێتی، وەرمدەسووڕێنن. دامدەنیشێنن، یەکیان ڕۆژنامەیەک هەڵدەگرێ.

**گرتیانی**

پیاوێک لە سێبەرەکان دەلّێ: بیخۆ. نایخۆی. تێت بەر دەبنەوە. بە ناچاری دەست دەکەی بەجوێنی. تامی ویشکی کاغەز و تالّایی مەرەکەب لە گەرووی پڕ خوێنت ژەهری مارە. سێبەرەکە دەگوڕێنێ، هەمووی دەرخوارد دەن، هەر هەمووی دەبێ بخۆی. لەسەر سەرت ڕاوەستاون. زگت وەژان کەوتووە. ڕیخۆڵەت ئازارت دەدات. ڕووت تێدەکا و

دەڵێ: «زەحمەت نەبێ سەرت داخە. سەرت دادەخەی، دەنگی مقەستەکە لە پشت سەرت و بن گوێچکەتە».

هەرچی هەبوو هەمــوویان برد. تا نەهاتنە ســەرتان نەتانزانی. دەزانن بەرەو کـــوێتــــان دەبەن. لەناو سەیارەکەشدا هەر چەپۆک و مستەکۆڵە بارانتان دەکەن. داتاندەبەزێنن. هەمووتان وەبەر باتوم و شەق دەدەن. هەر یەکــەتان فــڕێ دەدەنە ژوورێکی تاریکەوە. دەرەکــەتان لەسەر دادەخەن. دەستێک بە جەستەت دادێنێ، دەڵێی تازە سووتاوە. وەستاکە ڕووت تێدەکا: «پیرۆزە». دێیتە دەرێ. کـــزەبایەکی ســـارد هەڵی کـــردووە. تەزوویەک بەگیانت دادێ. دەڵێی پۆلوویەکی، سارد دەبیتەوە. ئەو ڕۆژەت کـەوتۆتەوە بیـر لە زیندان ســەریان تاشی و بەو زستـانە حـەمـامی ئاوی ساردیان پێ کردی. کۆتەکەت زیاتر لە خۆت دەهاڵێنی. دەڵێی گوڵی بەفر لە هەناوتدا دەڕوێ.

**گرتیان**

پەیژەیەک بەدیوارەکەوەیە. دەست بە پەیژەکەوە دەگرێ و دەیەوێ وەسەرکەوێ. پەیژەکە گڕ دەگرێ. گڕ و دووکەڵ هێـرشی بۆ دێنن. ئەو خـۆی دەگـەیەنێـتـە بەردەرکـە. بە مست لە دەرگاکە دەدا. بە نووزەنووز هاوار دەکات. ئاگر پتر تینی بۆ دێنێ. تاقەت ناهێنێ. لەسەرخۆ دەچێ. ئاگر جەستەی لوول دەدا.

لە ئاوێنەکەی پێشـە خۆیەوە، سـەیری ئاوێنەی پشت سـەری دەکات. ژاوە ژاوی نێـو دوکـانی سـەرتاشـخانەکـە وەڕەزی دەکەن.

– ببوورە لە سەرتاشخانەم، باش بوو لابتۆپەکەم پێیە، ئاووهەوای لای ئێوە چۆنە؟ تائێستا لێرە باران نەباریوە. ئەو تیشێرتە جوانە چییە لە بەرت کردووە غەزەب؟


لە ئاوێنەکەوە چاوێکی لێ دەکات. کوڕێکی گەنجە بە لابتـۆپێکی ڕەشەوە. دەنگی مقـەستـەکە هەروا لە پشت ســەریەتی و ئەویش چاوی لە پەڕۆ ســپــیــیــەکـەی سـەر کۆشێتی، کە پڕ بووە لە قژی ڕەش و سپی.

گـوتی: ئەو شـەو تا بـەیانی دەبێ ڕۆژنامـەکـە ئامـادە بکەین بۆ ئەوەی سـبـەی بگاتە دەست خـەڵکی. گـوتی: دەبێ تا دوو حەوتوو کەس لە ماڵی خۆی نەبێ.

هەموو خەریکن. لاپەڕەکان دەستە دەستە دەخرێنە نێو یەک و ڕۆژنامەکان لەسەر یەکتر دادەندرێن.

**٢٠٠٩ هەولێر**

# بەیتکا تەنیٚ



**عیرفان ئامیدا**
**(میٚردین)**

رۆژێن کو تەنیٚتیا خوە ب خوە رە پار ڤەناکم. تەنیٚتی ل من نابە بار. ژ خوە ژی ب دوور ناکەڤن. ب خوە رە شەڕ ژی ناکم.

تەنیٚتیەکە وەلیٚ شاهیک.... وەکی کو زارۆکەکی ب شەکرەکی قانەع بکم. هیٚسانە قانەعکرنا تەنیٚتیا من... ل کۆلانا خوە کم دلیٚ تەنگژی. کۆلان ب کۆلان ل تاخیٚن باژیٚر بگەڕینم و دلتەنکەکیە ئاوازنەرم ببینم. مینا کو راسەری چچکیٚن دیٚ ببە. ژ گری ئاش دبە... مینا تەلاکەکی. جانیٚ منیٚ هشک نەرم دکە و ل من ڤەدگەڕینە.

لیٚ ئەڤ رۆژا پاییزی یا کو هاڤینا پۆشمانبوویی مایە. د ئەسرا تەنگ دە من ل من کریە سەربار. تیٚ بیٚ قەی کو هەرە نەما تیٚ لۆما هەتا ژیٚ تیٚ خوە دئەسرینە کو کەس گەرما ویٚ ژ بیر ناکە.

جانیٚ من ب خویٚدانەکە مەزەلۆقی دئالیٚسە. خویٚدانەکە کو د ناڤبەرا هشیٚ من و جانیٚ من دە دبە نۆبەدارەکە کو من ژ هەڤ بفەشکلینە، خویٚدان، هەر کو وەکی برینەکە کو هیٚدی هیٚدی ل جانیٚ من گورس ڤەدە، من دپیٚچە. ئەز هنەکی دن ژ خوە عاجز دبم. ئیٚدی ژ خوە ژی دغەیدم. ژ خوە درەڤم.. لیٚ چ قاسی ژ خوە درەڤم ئەو قاسی ژی ل کووراهیا تەنیٚتیٚ جت دبم.

تەنیٚتیە کە بشریک..

وەکی هەر جار خوە ل سکاکیٚن ڤی باژاری، ییٚن ژ دلیٚ من تەنگتر، دگرم سکاکیٚن کو یەکجارنان ژ یەکی پیٚ ڤە دەستووریٚ نادە کو د بەرهەڤ رە دو کەس تیٚ رە دەرباس بن. وەکی کو ببیٚژە «قەدەر ئەزم و ئەز تەنیٚتی مە.»

سکاکیٚن چڤانۆکی عەبارەییٚ تەنگ و تکیتەنیٚ.. عەبارێن کو ژ خوە پیٚ ڤە تو تشتی د ناڤا خوە دە ناقورنسینن.

ناحەوینن، تو خانی خوە ل وان سکاکان ناکە خوەدی. دزانم کو پاجەییێن ل سکاکان دنێرن ڤەکن. وێ سێرا تەنێتییێ وان خەرا ببە، وێ هەر دو ئەزێن من تەنیتیا وان بگەزینە. لۆما ل ڤی باژاری تەنێتی. خوە ل پاش دیوارێن، کو دەرییێن وان دشێن روویێ ب قەرمیچۆکێن هەزار سالی قەمتیبوویی، ڤەدشێرن. دەنگێن خوە ییێن کو دبن شریکێ تەنێتییێن وان ژی ل بەر بایێ کو دینۆکی و هاربوویی ل بنێ گوهێ دیواران دکەڤە و تو کەس نزانە بێ ب کوو ڤە دچە. بەردانە. خوە تەرک کرنە. ئەز: تەنێتی و نەچاریا خوە یا هوزانی ل تالدەیا دیوارێن ڤان سکاکێن کو ب تەنگبوونا خوە تەنێتیا من ژی تەنێ دهێلن. درەشینم. لێ ئەو ل تو تشتی نائاوقە و دگندەرە ناڤا ئاگرێ بەریا کو هەر هاڤێن کەزەبا دشەوتینە و ژ ور، بێ هەڤال. بنخەت دبە... وێ کێلەکێ تێ دگهیژ کو ل ڤی باژاری تەنێتی تونە. تەرکاندن هەیە.

لێ دیسا ژی هێدی هێدی بەر ب سکاکێن تەنگ ڤە هلدکشم. هێ ژ سێری دە خوێدان روویێ منێ کورکری دشەوتینە. شەوتەکە کو روحێ من مووچە دکە... تەو دنقوتە چاڤێن من دخوازم وێ کێلیکا چەوسینەر. مینا کراسێ مار ژ جانێ بشقیتنم. ژ ئالیەکی ڤە مینا قالکێ برینێ چەرمی من دسەینینە. ژ ئالیەکی ڤە ژی مینا رووبارەکی نەرمک و بێجی، هێلەکانی دحەرکە ناڤا دەرزکا پشتا من. پێلک ب پێلک هلدکشم...

لێ کولەکی... رێ نادە کو هەر دو پیان ب دۆرێ بکاربینم. لۆما کولەکی... و هەر کو ب ژۆرێ ڤە هلدکشام. بەری هنەکی دن دکەڤە بنێ باسکێ من و خوە ڤەدشێرە. دشبە ئەزەکە ب ئەزێن من رە نەلهەڤ. و لهەڤنەکرنا ئەزێن من یێن ل سەر پێوەندییا سەدەم-ئەنجامێن تەنێتیا من، من ژ تەرمێ من ب دوور دخن. ب بنهشینە کە هار. من دقەفێلن. جانێ من پووچ و گران دبە، ب هەلگرتنەکە ژ مەجبووری ب دوو خوە دە دکشکشینم.


دناڤا دیوارێن دیرۆکی دە وندا دبم. دناڤا خوە دە جت دبم. تکیتەنێ... ل کۆلان و قونجکان پێرگی تەنێتییەکە کو بشبینم خوە، نابم. هەر کو نێزیکی جڤانۆکەکێ دبم، هەیە جانا هێڤیەکە کو پێرگی زیندیتیەکە ل قراغا وندابوونێ دپەرپتە ببم، منا ئەزێن من و ئەزەکا خوە بسپێرم رێوێتیا وێ یا ریاچوون و نەهاتنێ. لێ ژ خوە پێ ڤە پێرگی تو کەسی نابم. یەکجارنان چەنگەکە بایێ بەلاوەلا. وەکی کو ژ بەر تشتەکی برەڤە. بێدەنگ و هار ل بنێ گوهێ دیواران دکەڤە و ب چارگاڤی بەرژێر دبە. من ب رەجفاندنەکێ دقوتفینە.

خوێدانێ ل هەر شانەیێن من. من ل دیواران دقوتیفینە... دیوارێن کو دشبن ژنەکە بی. کو بارێ خوەشکبوونا ژ برچیبوونا حەزکرن و حوزنا تەنێتییێ. ل روویێ خوە بارکریە و پەژراندنا تەنێتییەکە سەرهلدێر ژێ دفوورە.. چ قاسی دخوازم کو ئەزێن خوە ب مەهرا فلان ل حوزنا وان مەهر بکم. یا ژی ب بێ رە دەنگی خوە مینا باژێر ب رێ بکم و کەرپلال ببم ژ کێلیکێن کو ب لاشێن ئەمانەت و هوندرێ من دە من دگەزینن.

ب قیرینەکە لال ل قەرمچۆکێن دەرییێن کالانە خوە سەرەراست دخێزینم. هێدی هێدی. ب هنگورەکە هوندرین. رشما من بەر ب مالا من ڤە دکە. ئەزا کو ل من تێ راحمێ. ل بەر پاجەییێ ئالیەکی من ب رۆژێ رە دچە ئاڤا و ئالیەکی من سەرێ خوە داتینە سەر دەستێ من. ل بەندا بەیتکا تەنێ دمینە. بەیتکا کو د بەربانگێن شەڤێن بێخەو دە. ل وێ راستێ، هەرکو ستێرکەک دخورجە باسێکن خوە دلڤینە. بەیتکا تەنێ... تکیتەنێ،.. هەتا کو ستێرکا هەری تالی ژی دخورجە. ژ نشکێ ڤە خوە داڤێم بنێ باسکێن وێ...

**ئەڤ دەقە ژ پەرتووکا (دیمەنێن دەرزی) یا (عیرفان ئامیدا) هاتیە وەرگرتن کو رووپەلێن (٢٦- ٢٨) ڤەدگرتن. چاپا یەکەما ڤێ پەرتووکێ ل سالا (٢٠٠٢) ل ستەنبۆلێ دەرچوویە و ژ وەشانێن (سی) بوویە. هەژییە بێژین کو عیرفان ل سالا (١٩٦٨)ێ ل مێردینێ ژ دایکبوویە و دەرچوویێ زانینگەها ئامەدێ یە پشکا پەروەردەیێ.**

**«رامان»**



# نووسەر لە دوایین پێ گۆڕکەدا

ئەمیر حەسەن چهێل تەن
لە فارسییەوە: عەبدوڵڵا سەعیدی
(بۆکان)

- بەڕێز تەشریفتان بۆ کوێ دەچێ؟
قرۆچکەی گەرووی کە لەنێو کراسی یەخە ئاهەریدا دەجووڵاوە، بزووت.
- ئەه، ئێوەن؟... دەڕۆمە خوارێ.
بە ئەسپایی سەری هەڵتەکاند.
- بەڵام ئاخر...
- نا؛ لە پلیکان ڕۆیشتنە خوار، لەلای من یەکێک لە کارە ئاسانەکانە، دەست بە نەردەکانەوە دەگرم، سەیرکە!
دەستە چرچولۆچەکانی، پەڵە شڵەی گەورەی خورمایی پێوە بوو.
- بەڵام ئەلحان زۆر زووە.
- نا زوو نییە، دەزانم ئیدی هێواش، هێواش سەرو حەدی هاتنیەتی.
ئەوەی بەمتمانەیەکی تەواوەوە کوت.
- بەڵام بۆچی ئێوە؟
- ئەوە پێشنیاری خۆم بوو. ڕەنگە لەبەر خاتری ئەوە بێ کە زۆر هۆگری هەزارویەک شەوم. دەمەوێ پرسیارێکتان لێ بکەم.
ئیدی ڕاست چاوی تێبڕی.
- لە من؟ بۆچی...

– جوان گوێم دەیە و تکایە لەگەڵما ڕەپ و ڕاست بە.
– شتێک ڕووی داوە؟ ئەمن ئەسڵەن...
– بۆچی هەمیشە مات و مەلوولی؟ پاشان زۆر کەمیش دەخەوی. دوێ شەوێ هەتا دەمەو بەیانی بەخەبەر بووی.
– نامەم بۆ هاواڵ و برادەرەکانم دەنووسی.
– هاواڵەکانت؟
– بەڵێ، هێندێکم دۆست و برادەر لە گوندی عەشق ئاوا هەن. شەوکەت، وەهاب، ڕەحەیلا، نازانی ڕەحەیلا چەندە شۆخوشەنگ بوو و چەند زوو مرد..
– تۆ بۆ مردووەکانیش نامە دەنووسی؟
– بەڵێ.
– ئەوانیش وڵامت دەدەنەوە؟
– بەڵێ، جاری وایە مانگێک دەخایەنێ، بەڵام چاوەڕوانی لە پێم دەپەڕێنێ.
– ئێستا پرسیارێکی دیکە!
– گوێم لێتە، بفەرموون.
– بڵێ بزانم بۆ، لێرەوە تا ئیسفەهان ڕێگەی چەندەیە؟ بۆچی هەر ئەمرۆ و سبەینێم پێ دەکا؟ بۆچی نایەتە لای ئێمە؟
– باسی کێ دەکەن؟
– ئەویان حەوا دابووە کۆڵانێکەوە، بە بوتڵێک ڤۆدگا لە گیرفاندا و شوێنی کوتانی دەرزی لەسەر مەچەکی. ئەو هەمووە سووکایەتییە! لە گەڕەکێک کە ڕۆژگارێک ئەرمەنییەک ڤۆدگای قاچاخی فرۆشتبێت.
– مەعلووم نییە کە ئەم باسانە لەکوێوە دەزانی. ئیدی خۆ ئەوانە، ڕووداوی چیرۆکەکانی هەزار و یەک شەو نین. ڕووداوی ڕۆژانەی میللەتێکە کە لە گێژ و وڕییەکی مێژوویی‌دا دەژی.
– باسی گێژ و وڕی مێژوویی‌تان کرد. دەمەوێ بزانم کە ئێوە لە کەنگێوە تووشی عادەت، یان باشتر بڵێم نەخۆشی گێژی بوون.
– لەو کاتەوە کە لە پڕ و ناکاوێک حەوایان داینە ناوەڕاستی دنیا.
– هەڵبەت دەزانم حەوادران ئەویش لە مەودایەکی زۆرەوە گێژی پێوەیە.
بەڵام لە ڕاستیدا لە ڕواڵەتی ناولێنانی ئەم نەخۆشییە ناگەم.

– بەڵێ ئێمە فڕێ دراینە نێوەڕاستی دنیا و ئەویش پڕ بوو لە پیسایی، چونکە ئێمە لە سەرەتادا هیتلەرمان ناسی، لە دواییدا باخ. ئێمە لەگەڵ ناپلیۆن زووتر ئاشنا بووین تاوەکو ڕۆسۆ. پاشان بەرلەوەی بزانین لیبرالیزم چییە، وەشوێن بەلشەفیزم کەوتین. دیسان دەتانەوێ بۆتان باس بکەم.
– نا، نا، نا. ئەتۆ بەو هەموو شیکردنەوەیە ماندووم دەکەی.
– ئەتۆش، کاتێک داوای یارمەتی دەکەیت و پشت لە داواکارییەکەت دەکەی، من جاڕس دەکەی.
– نا، نا، پێویست ناکات.
– جەنابتان بۆ ئەوەی دەست بە نەردەکانەوە بگرن پێویستیتان بە هەردووک دەستتان هەیە. لێم گەڕێن با من ئەو چەپکە گوڵە...
– نا، بۆ خۆم دەیبەم. ئەرێ بە ڕاست... باسوخواس چییە، قەت ئەو هەمووە مسافیرەمان نەبووە؟ دەبێ ڕاسپێرین هێندێک چەپکە گوڵی دیکەمان بۆ بهێنن. من هەر لەو پێکگۆڕکەیەدا چاوەڕوان دەبم. دەنا ڕەنگە.. بەمنیان کوتووە لە دەرەوەی دەرکەکەوە، لەلای ڕاستەوە کورسییەکی لێیە. وایە؟
– بەڵێ، کورسییەکی سەوز.. ئەهـ، داوای لێبوردن دەکەم، کورسییەکی دارینەیە، یان...
– زۆر سوپاس دەیبینمەوە.
– کەواتە ڕێنوێنیتان دەکەم.
– پێویست ناکات، بەڵام... دەمەوێ شتێکتان پێ بڵێم.
– فەرموون، تکایە.
– کوندەبەبوویەک شەوگاری دوێ شەوێ لەسەر تای پەنجەرەی ژوورەکەم هەڵنیشتبوو.
– ئاهـ، زۆر سەیرە! بەڵام خۆ ئێوە نەتاندەتوانی ببینن؟
– بەڵێ وایە، بەڵام هەستم بە بوونی دەکرد. دەمزانی کە گوێی داوەتە دەنگی هەناسەم. هەتا بەیانی پێڵووی چاوم لەسەر یەک دانەنا. ڕاست لەسەر تای پەنجەرەی ژوورەکەم هەڵنیشتبوو. لەبەر بوونی ئەو، ئارامیم لێ هەڵگیرابوو. سەر لەبەیانی، تاقمێک لە تازییەت بارەکان بەرانبەر پەنجەرەکەم تێپەڕ دەبوون. جاری وایە بیر دەکەمەوە، کە ئەوانە جگە لە بیر و دڵەڕاوکێیەکی بێ ناوونیشان هیچی دیکە نین.

– جێگەی داخە، مێردەزمە و مۆتەکەکانی قەومی ئێمە، ڕەگاژۆیان کردووەتە نێو خەونەکانتانەوە.

– نا، وا مەڵێ. دەترسم. ئا لەمەیان زۆر دەترسم.

– خووی پێدەگری.

– کێ دەتوانێ خوو بە بوونی کوندە بەبوویەک بگرێ. کە لە تەواوی شەودا لەسەر تای پەنجەرەی ژوورەکەی هەڵنیشتووە!

– بەڵێ، ماوەی چل ساڵی خایاند تاوەکو پێشبینییەکەی ئەو وەڕاست گەڕا، بەڵام ئەوەش بزانن کە مۆتەکەی دیکەش هەن. مۆتەی شەوێک کە زەریا تۆفانی بوو، یان مۆتەی ئەو عەمەتەرە بەستەزمانەی کە لۆتییەکەی مردووە.

– ناوی چی بوو؟

– باسی کێ دەکەی؟

– ئەهە، داوای لێبوردن دەکەم. پرسیارێکی بێ مانام کرد. هیچ دەزانی زەینم کوێر بووە؟ ئیدی ناوی ڕەنگەکانم وەبیر نایەتەوە. ئەرێ گوتت کورسییەکە ڕەنگی سەوزە؟ دەکرێ بۆم باس بکەی کە سەوز چ جۆرە ڕەنگێکە؟

– بەڵێ، ڕەنگی گەڵاکان، چیمەن و شینکە..

– زۆر سوپاس، هەموو شتێکم بیر کەوتەوە، تەنانەت ناوی ئێوەش. جاران، ئێوەم بە بۆنی عەترەکانتاندا دەناسییەوە... دەڵێی لە دەرکەیان دا.

– بەڵێ، وایە. ئێستە دەچم دەیکەمەوە.

– پێم خۆشە بۆ خۆم ئەو کارە بکەم. دەمەوێ یەکەمین کەس بم لەگەڵ ئەو دیمانە دەکات، بەڵام هەمیشە.. باشە تۆ بچۆ، ئەرێ چاوێک بەو گوڵانەدا بگێڕە، بزانە ئاڵۆز و شێواو نین، تێک نەچوون؟.. ماندووم. دەمەوێ کەمۆکێک دابنیشم. هەر لەسەر ئەو پلیکانانە، ئیرادێکی هەیە؟.. ئەرێ کێ بوو؟ گوێم لە دەنگی بەرخێکە. بەرخێکی هەڵاوێردراو و ون بوو. دەڵێی بە قاڕە قاڕەکانی بانگی کەسێک دەکات. بیهێنە بۆ لای من، من لێرەم. بە چەپکێک گوڵی سپییەوە چاوەڕوانی ئەوم.

ئەمیر حەسەن چهێل تەن، ڕەزەبەری ۱۹۵٦ لە شاری تاران لەدایک بووە. پاش تێپەڕکردنی دەورانی مێردمنداڵی، ڕووی کردووەتە خوێندنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان. لە وتووێژێکدا کە لەسەردەمی منداڵی خۆی دەدوێ، دەڵێ: «داپیرەی من بەپێچەوانەی داپیرەکانی دیکە چیرۆکی بۆ نەدەخوێندمەوە، بەڵکو قسەکانی ناوماڵ و بەردەرکەی ئەوان بوو کە بیرۆکەی چیرۆکنووسیی لەمندا بەدی هێنا.»

چهێل تەن پاش تەواوکردنی خوێندن لە ڕشتەی کارەبا و وەرگرتنی بڕوانامە لە زانکۆی عیلم و سەنعەت، یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکی لە ساڵی ۱۹۷٦ بەناوی «مەخابن» بڵاوکردەوە، پاشان کۆمەڵە چیرۆکی بەناوبانگی خۆی لەساڵی ۱۹۷۸ بەناوی «دەخیلی سەر پەنجەرە پۆڵایینەکە» بڵاو کردەوە.

بەداخەوە چهێل تەن هەر لە سەرەتای کارەکانییەوە، بەرەو ڕووی دوو گرفتی سەرەکی و گەورە بووەوە؛ یەکەمیان، سیاسی بوونی بەرهەمەکانی و دووەمیان ڕوانگەی ئەو و تێڕوانینی ئەو لە مەڕ ئەمیر حەسەن چهێل تەن، بە سالاچووی ئێراندابوو. ئەو دوو گرفتە سەرەکییە، بووە هۆی ئەوە کە ناوی کتێبەکانی بچێتە ڕیزی کتێبە حاشییەکانەوە. هەر ئەو زەینییەتەی کە لە سەردەمی پێش شۆڕشی گەلانی ئێراندا بەسەر بەرهەمەکانیدا زاڵ بوو، لە ساڵەکانی پاش ڕاپەڕینیشدا داوێنگیری بەرهەمەکانی بوو و بووە هۆی تەنگ و چەڵەمەیەکی زۆر بۆ ئەو. لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێراندا، یانی ساڵی ۱۹۷۹ چهێل تەن بۆ درێژەدان بە خوێندن دەچێتە ئەورووپا و لە یەکێک لە زانکۆکانی ئینگلتەرە، لە ڕشتەی ئەندازەی ئەلەکترۆنیکدا توانی بڕوانامەی ماستەر وەربگرێ و پاش گەڕانەوە بۆ ئێران، ڕۆمانە بەناوبانگەکەی «ڕۆژووی قاسم» لە ساڵی ۱۹۸۳دا بڵاو دەکاتەوە.

پاش ساڵی ۱۹۸۳ و تراژیدی «ڕۆژووی قاسم» چهێل تەن بۆ ماوەی حەوت ساڵ بێ دەنگ دەبێت و بەوتەی خۆی بەسەرهاتی ڕۆژووی قاسم، ئەوی لە نووسین شێلگیرتر کرد. پاش تێپەڕبوونی حەوت ساڵ، واتە ساڵی ۱۹۹۰ «تالاری ئاوێنە»ی لەچاپ درا؛ ڕۆمانێک کە بەشێوەیەک توێژینەوە لەسەر سوونەتەکانی سەردەمی قاجاریە دەکات و ڕەخنەیان لێ دەگرێ.

ڕۆمـانی تەلاری ئاوێنە، پاش حـەوت سـاڵ ناوبانگی چهـێـل تەن دەژێنێـتـەوە. فـلاش باکی زەمـانی ئەو بۆ سـەردەمی قـاجـار ئەو کـۆمـەکـیـیـەی بە ئەو کـرد کـە ئەو حەسـاسـیـەت و تێـهـەڵچـوونانە لەسـەر ئەو سـووکـتـر و کـەمـڕەنگ تر بکات. تەلاری ئاوێنەیان لەگـەڵ شـازادە ئیحتیجابی نەمر هوشەنگ گوڵشیری هەڵسەنگاندووە و وەک باس دەکەن هەندێ باس لەسـەر بایەخی بەرانبـەری هەردووکیان هاتۆتە ئاراوە.

لەسـاڵەکـانی ١٩٩١ - ١٩٩٨ چهـێـل تـەن بێ دەنگییەکی تری تێپەڕ کرد و لە ساڵی ١٩٩٨ هاوکات دوو کـتێـبی لەژێر چاپ دێنە دەرێ. یەکـەمـیـان کـۆمـەڵە چیـرۆکی «بۆ بەرەبەیان زۆری نەمـاوە» و دووەمـیـان ڕۆمـانی «خـۆشـەویسـتی گـیـا» بوو. لە ڕۆمـانی خۆشـەویسـتی گـیـادا، چهـێـل تەن کـەڵکی لەمنادێک و ئوستوورەیەکی کەونارا وەرگرتووە و چیرۆکێکی تایبەتی خوڵقاندووە.

لە حاڵوهەوای سەردەمی ساڵەکانی ١٩٩٧ - ١٩٩٨ و تراژیدی ناخـۆشی نووسـەرکـوژی، چهـێل تەن هەندێکی چیـرۆک نووسی کـە لەگـەڵ کـەمـڕەنگ کـردنی مـانا تێـپەڕەکـانی سـیـاسی، کـەڵکەڵەی سـەرەکی ئەو، یانی ئەزمـوونی زمـانیـان لەگـەڵ بووە. چیـرۆکی «بۆ بەرەبەیان زۆری نەمـاوە»، هەروەها ڕۆمـانی «خـۆشـەویسـتی گـیـا» هەر لـەو سـەردەمـەدا نووسـراون. ئەو بەواتایەکی دیکە یەکـێک لە نـووسـەرانی نەوە و بەرەی سـێـیـەمـە کـە ڕاستەوخۆ و بە بەرچاوی بەگێڕانەوە و شێوەی دەربڕینی زمـان، بـایـەخ و گـرنگـیـیـەکی تایبـەتی داوە. لە سەردەمێکدا کە هێشـتـا باوی تیـۆری لێـدراوی (تئوری زدگی) و هۆی فـەلسـەفـەکـانی وەرگـێـڕان و ئەدەبیـاتی داستانی لە ئێراندا نەهاتبوونە ئاراوە.

چهێل تەن ساڵی ١٩٩٩ بۆ ئیتاڵیا بانگهێشت دەکرێ و بۆ ماوەی دوو ساڵ لەوێ خەریکی موتالا و خوێندنەوە دەبێت. پاش گـەڕانەوەی بۆ ئێران ڕۆمـانی «تاران شاری بێ ئاسمان» و «عەشق و خاتوونی بێ کۆتایی» دەنووسێ و بڵاویان دەکـاتەوە. چهـێل تـەن تێـدەکـۆشێ بەکـەڵک وەرگـرتن لەو ڕەوتە نوێیـە کـە لە کۆمـەڵگاشدا هاتۆتە ئاراوە، لەسەرەکیترین تایبەتمەندییەکانی ئینسانی، یانی ناسنامەی مـرۆڤ بدوێ. کـەسـایەتیـیـەکـانی چهـێل تەن زۆرتر لەگەڕان بەشوێن ناسنامەی خۆیاندا سەرگەردانن.

لە بنەڕەتدا چهـێل تەن نـووسـەری فـەزا و حـاڵوهەوای شـارە و بەوتەی مـەندەنی پوور ئەگـەر وەک دیاردەیەکی شارستانی تەماشای ڕۆمان بکەین، چهێل تەن بە هەموو تایبەتمەندییەکانییەوە نووسەرێکە لە دڵی شاردا. چهێل تەن هەندێک بەرهەمی تازە و نوێی لەبەر دەستـدایە کـە هیـوادارە بۆشـایی سـاڵە نەهاتیـیـەکـانی ڕابردووی پڕ بکاتەوە و ئیـدی بەرهەمـەکـانی نەکـەونە پەراوێزی ئەدەبیاتی فارسییەوە. ئەو بەرهەمانەی کە هەتا ئێستا بڵاوبوونەتەوە، ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

مـەخـابن (کـۆمـەڵەچیـرۆک) ١٩٥٦، دەخیـلی سـەر پەنجەرە پۆڵاییینەکە (کۆمەڵە چیرۆک) ١٩٧٨، ڕۆژووی قاسم (ڕۆمان) ١٩٨٣، تالاری ئاوێنە (ڕۆمان) ١٩٩٠، بۆ بەرەبەیان زۆری نەمـاوە (کـۆمـەڵە چیـرۆک) و خۆشـەویستی گـیـا (ڕۆمـان) ١٩٩٨، تاران شـاری بێ ئاسمان (ڕۆمان) ٢٠٠٢، عەشق و خاتوونی بێ کۆتایی (ڕۆمـان) ٢٠٠٢، سـەعـاتی پێنج بۆ مـردن درەنگە (کۆمەڵەچیرۆک) ,٢٠٠٢.

***کتاب: مجموعه داستان، ساعت پنج برای مردن دیر است/ امیر حسن چهل تن/ چاپ اول- ٢٠٠٢/ انتشارات نگاه.**



# هەوارچی

**حوسێن شێربەگی**
**(بۆکان)**

مەیدانی شانۆ: گاشەبەردێکی زەلام لە قەراخ سەوزەلانێک، چەند دارودرەخت لە پشتییەوە (بەردەکە پێویستە هەبێ، بەلام سەوزەلان و دار و درەختەکە دەتوانێ تابلۆیەک بێ، تەواوی نومای شانۆ تەمومژێکی خەست دایگرتووە، دەنگی گڤەگڤی «با» و تەقینەوەی جاروباری بۆمبا و ڕۆکێت و هاوار و قیرەقیر دەگاتە گوێ.

ئەحمەدی خانی لە دۆخی هۆشیارانەدا بە دەوری بەردەکەدا دێ و دەچێ (بەردێک بەسەر شانەوە)

لەبەردەم بەردەکەدا حەشاماتێک پشت لە بینەران و بەرەوڕووی بەردەکە دێن و دەچن، ژنێکی بەساڵاچوو (دایک) لە نێو جەماوەرەوە ڕوو لە بەردەکە دەکا، دەچێتە سەر بەردەکە و ڕوو بە جەماوەر ڕادەوەستێ. پاش ماوەیەک کە لەو خەڵکە دەڕوانێ، دەست هەڵدێنێ و جەماوەر لە جموجۆڵ ڕادەگرێ.

دەنگی دایک: گەلۆ هۆۆۆ گەلۆ، گوێتان لێیە؟ (چەند کەڕەت) دەنگی دەگەڵ دەنگی «با» تێکەڵ دەبێ.

دەنگی جەماوەر: دڵمان لەگەڵتە دایکە، دایکە گیان، دڵمان لەگەڵتە، دڵ... دڵ... دڵ (برێ جار پێکەوە، جاروباریش تاک تاک)

دەنگی دایک: ماڵ سازکەن، ماڵ... ماڵ... ماڵ... ماڵ... سازکەن. (ئەحمەدی خانی ورد گوێی داوەتێ)

دەنگی جەماوەر: (تێکەڵ و پێکەڵ و تاک تاک) چۆنی سازکەین؟ بۆچی؟ ئاخە چۆن؟ بۆچی؟ چۆن؟ دەنگی دایک: مرۆڤ دەبێ ماڵی هەبێ، جەماوەر دەبێ ماڵی هەبێ. چما ڕۆستەم بی و نەتەوەی زاڵ بی، هیچ قەدرت نابێ ئەگەر بێ ماڵ بی (بێ دەنگی جەماوەر). بەوردی لە دایک دەڕوانن!

دەنگی دایک: ماڵتان وا سازکەن دوو دەرگای هەبێ، دەرک و دیواری پشتەوەی ماڵتان، با پاڵ بە چیاوە بدات.

دەنگی جــەمـــاوەر: دیواری پاڵ بە چیـــاوە بدات؟ لەبەرچی؟ بۆچی چیا؟.... چیا... چیا... چیا!
دەنگی دایـک: پاڵپــشـتت چیـا بێ، پشـتت بە کـەس ناشکێ (ئەحمەدی خانی ورد لێی دەڕوانێ)
قاقای جەماوەر و دەنگیان: هەه هەه هەه.... ئێمە و پشــتــمــان بشکێ؟... هەه هەه هەه ئێــمــە و پشت شکان؟... هەه هەه هەه
دەنگی دایک: دەرک و دیواری پێــشــەوەی مــاڵـتــان بەرەو خۆر و دەشـتـان بێ باشـترە، دەرگـای بەرەو خۆر و دەشتان لە جانی بنی جانەوە بە پیتوبەرەکەت بووە...
گڤـەگڤی «با» و گـرمـەی هەوره تریشـقـە (جاروبارە) جەماوەر دێن و دەچن و نومایشـی داروبەرد هێنان و ماڵ سازکردن دەکەن. ئەحمەدی خانی بەردێک بەسەر شانەوە، بەنێو جەماوەر دادێ و دەچێ و ئەم شیعرانە دەخوێنێتەوە دەنگی ئەحمەدی خانی:

**ساقی تۆ ژ بۆ خودێ کەرەم کە**
**یەک جورعەیێ مەی دجام جەم کە**
**دا جام ب مەی جەهان نومابت**
**هەرچی مەئیرادەیە خوویابت**

مۆسیقایەکی بلاوێن لە پانتایی ماڵ سازکردندا بلاو دەبێتەوە، مۆسیقاکە برێ جار توند و هەست بزوێن دەبێ، مـۆسیـقـاکە دەتـوانێ گـۆرانییـەکی حەسـەن زیرەک، یان شڤانپەروەر بێ.
بەرە بەرە جـەمـاوەر مـاندوو دەبن و سـست دەبن و لەم لاو ئەولا دەکەون (تاقە و لۆقەیەک بەسەر پێوە دەمێنن)
ئەحمەدی خانی بەردەکە بەسەرشانەوە، لە شانی گاشە بەردەکە ڕوو بە بینەرانی شانۆ سەری شۆڕدەبێتەوە و خەو نووچکە دەیباتەوە... مۆسیقا بێ دەنگ و تەواوی شانۆ مات و بێ دەنگ.
لە ناکـاو دەبێــتــە تەقـەی گـوللە و دەنگی بۆمـبـاو ڕۆکـێت... لە خــەو ڕاپەڕین و هاتو هاوار و ڕاکـردنی جەماوەر
دەنگی جـەمـاوەر لەکـاتی ڕاکـردندا: ڕاکـەن، ڕاکـەن، بەرەوچیـا، بەرەوچیا... هات هات، دوژمن، دوژمن،... دایک هەر لەسـەر گـاشەبەردەکە دەمێنێتەوە، ئەحـمـەدی (خـــانی)ش بـەردەکــە بەســـەر شـــانەوە بەدەوری گاشەبەردەکەدا دەخولێتەوە.
ئەحمەدی خانی لە سووچێکی گاشەبەردەکە ڕادەوەستێ و ڕوو بە دایک دەنگی هەڵدەبڕێ:
دەنگی ئەحمەدی خانی: دایە، دایە... ئەم تەقە تەق و هاوار و بڕۆیە چییە؟
دەنگی دایک: پشـتـتـان زوو لەکـارکـردن و زەحـمـەت کێشان سارد بۆوە
ئەحـمـەدی خـانی. پشـتـتـان بە پشـتی یەکـەوە نەدا ئەحمەدی خانی.
دەنگی ئەحمەدی خانی: چۆن؟ دایکە چۆن. ئەی من بۆ نەمزانی؟ ئەی من لە کوێ بووم؟ چیم دەکرد؟...
دەنگی دایک: ئێـوە لە خـەودابوون ئەحـمـەدی خـانی، خەوی ماندووبوون و خەون و خولیاکان...
دایک لە بەردەکە دێتە خوارێ و لێدەدا و دەڕوا
ئەحـمـەدی خـانی ڕوو بە بینەران دادەنیـشێ، برێ جـار دەچێتە ماڵی فیکروخەیالاتەوە، برێ جاریش ئەم شیعرانە دەخوێنێتەوە
دەنگی ئەحمەدی خانی:

**بەختێ مەژ بۆ مەرابیت یار**
**جارەک بیتن ژ خاب هوشیار**
**رابت ژمەژی جەهان پەناهەک**
**پەیدا بیتن بۆ مەش خودانەک**
**شوورێ هونەرا مەبێتە دانین**
**قەدرێ قەلەمامە بێتە زانین..**
**دەردێ مە ببینتن عەلاجێ**
**علمێ مە ببینتن ڕەواجێ...**

دووکــەس دێن و دەچن لەســەر بەردەکــە دادەنیــشن، یەکـیـان جگەرە بە جگەرە هەڵدەکـاو ئاخ هەڵدەکـێشێ. ئەوی دیکە بە تەوس و توانجـەوە تەمـاشـای دەکـا و سـەر ڕادەوەشێنێ. جگەرەکێش ئەمە دەبینێ.
دەنگی جگەرەکـێش: چیـیـە؟ بۆ وا لێم دەڕوانی و چی بووە؟
دەنگی ئەوی دی: هیچ، هیچ، نا هیـچ نەبووە، جـــا چی؟ نا، نا، هیچ، هیچ....
دیســانەکـەش دەنگی ئەوی دی: هەمـیــســان سـەر ئەم گاشەبەردە و جگەرەکێشان و ئاخ هەڵکێشان...
شــەریف، شــەریف.... شــانی کــابرای جگەرەکــێش ڕادەوەشێنێ و دیسان هەرای دەکاتێ.
دەنگی ئەوی دی: شـەودرەنگانە و چرای هەمـوو مـالان کـوژاوەتەوە شـەریف، بەخـتـەوەر هەمـوو خـەوتوون و لە

حەوت ساڵان ڕاست بوونەتەوە... تۆش ئیدی دەسبەردار بە شەریف، شەونخوونی و ئەستێرە بژاردن و جگەرەکێشان ئیدی بەسە... بەسسە بەس! (بە دەنگی بەرزتر)

دەنگی شەریف: لەگەڵ منتە؟ بەمن دەڵێی شەودرەنگانە و دەسبەردار بە؟ بە من دەڵێی ئەستێرە ژماردن و جگەرەکێشان و چاوەنواڕی بەسە؟ هەە هەە هەە قاقاکەی درێژ و درێژتر و بڵند و بڵندتر دەکات هەە هەە هەە...

دیسان دەنگی شەریف: ئەوە تۆ کوتت و منیش بیستم، بە گوێ بیستم، بە لەش و بەدڵ و بە مۆخ بیستم... جا پێت وایە بتوانم؟ جا پێت وایە بڕۆم و بنووم و بشتوانم؟ هەە هەە هەە... کاکە ڕەمۆ... کاکە ڕەمۆ...

– ئەحمەدی خانی سەری هەڵدەبڕێ، تەماشایان دەکا، گوێی داونەتێ، یاداشت هەڵدەگرێ (قەڵەم و کاغەز بەدەستەوە).

دەنگی ڕەمۆ: بۆ دەبێ نەتوانی؟ نەتوانین یانی چی؟ غەوارە و بیانی و دوژمن پێت دەڵێن؟

– ڕەمۆ دیسانەکە شانی شەریف دەگرێ و ڕایدەوەشێنێ و دەنەڕێنێ... دەنگی ڕەمۆ: بەلای ناخێری دۆست و برادەرین شەریف، هاووڵاتین... ئەوە چەند ساڵە برادەرین و خێروشەڕ، خۆشی و ناخۆشیمان پێکەوە دابەش کردووە... ئەی بۆ دەبێ بەقسەم نەکەی شەریف؟ بۆ؟... بۆ؟...بۆ....؟

دەنگی شەریف (لە پاش ئەوەی مژێکی قووڵ لە جگەرەکەی دەدا): بە دەست خۆم نییە ڕەمۆ، خەتای کەس نییە، ناتوانم... ناتوانم... ئەم خەم و خورپە و فیکرو زیکرە بەرگێکە و بە باڵام بڕدراوە... ئەمە چارەنووسێکە و لە نێو چاوانم نووسراوە...

ماوەیەک بێ دەنگی ئەم دووانە... ئاخ هەڵکێشانی شەریف، پف پف کردن و سەرودەست ڕاوەشاندنی ڕەمۆ.

ئەحمەدی خانی لە بن گاشەبەردەکەدا دەست دەکاتەوە بە شیعر خوێندنەوە:

دەنگی ئەحمەدی خانی:

**ئەزمامە د حیکمەتا خودێدا**

**کورمانج ژ دەولەتێ دنێدا**

**ئایا بە چ وەجهێ مانە مەحرووم**

**بیلجوملە ژ بۆچی بوونە مەحکووم؟**

دیسان دەنگی شەریف: ئەو شەمەچەیەم دەیە جگەرەیەکی دیکە هەڵکەم، جگەرە یارمەتیم نەدا فیکر دەمکوژێ ئاخ... (شەمەچە وەردەگرێ... جگەرەکەی هەڵدەکا... مژ لە جگەرە دەداو ئاخ هەڵدەکێشێ و لە دوور دەڕوانێ).

– دەنگی ویزەی گوللە و گڤەگڤی «با» و زەنازەناو هاتوهاوار لە دوورەوە.

ئەحمەدی خانی گوێی لە دەنگی ئەمانە و گوێی لە دەنگی ویزەویزی گوللەیە... یاداشت هەڵدەگرێ و شیعر دەخوێنێتەوە

دەنگی ئەحمەدی خانی:

**هەموو تەرەفان قەبیلێ کورمانج**

**بۆ تیرێ قەزا کرینە ئامانج**

**عارەب و ڕووم و عەجەم بووان حەسارن**

**کورمانج هەمی ل چار کەنارن**

دەنگی ڕەمۆ: شەو درەنگانە شەریف – زۆر تووڕەیە– چرا هەمووی کوژاونەتەوە، بەسەبەس. لەم قسە بێ تاموچێژانەی تۆ قێزم دێتەوە، بێزم هەڵدەستێ! قسەی قۆڕ... لە وانەیە بڕشێمەوە... منداڵ بازاڕە، منداڵ بازاڕ... کوڕە عەیبەت کەن... شوورەییە... ئەە.... دەبێ ڕەجمتان کەن ڕەجم... حاڵی؟

دەنگی شەریف– بەرز و تووڕە–: ئەم ڕەجم ڕەجمەت لە چییە ڕەمۆ؟ لە چی دەڕشێیەوە؟

شەریف بەرەوڕووی ڕەمۆ وەردەسووڕێ، سەروملی خۆی دەباتە پێشەوە، چاو لە چاوی دەبڕێ و دەگوڕێنێ.

دیسان دەنگی شەریف: لە تۆ عەیبە ڕەمۆ... تۆ شوورەیی بکە... دەڵێی غەوارە و بیانی و لەم وڵاتە نەبووی! دەڵێی بەسەرهات و سەربردەی ئەم شارە و ئەم وڵاتە و ئەم جەماوەر و مرۆڤە نازانی؟ دەڵێی لە ژیان و مێژووی ئەم وڵاتە و ئەم خەڵکە بێ هەواڵی؟... چۆن دەتوانی ئاوا بدوێی؟ چۆن؟... چۆن....؟

شەریف تووڕەتر دەبێ، دەنگی بەرزتر هەڵدەبڕێ و دیسانەکە دەنەڕێنێ..

دەنگی شەریف: کەڕی و نابیسێ؟... (دەنگی بۆمباو ویزەی گوللە و هاتوهاوار و ڕۆڕۆی خەڵک دێ کوێری و نابینی؟ شایکە ئەم هەمەو باڵندە کوژراوە... ئاشا ئەم هەمەو پەپوولە خنکاوە... شایکە ئەم هەمەو مەیتە...

دەنگی ڕەمۆ: تۆ پێت خۆشە دایەلۆگ و قسەو باس و گوتار سازکەی؟

سەری ڕادەوەشێنێ (بە تەوس و توانجەوە) تۆ هەمبانەی قسەی... ئەویش ئەم قسانە، قسە، قسە، قسە، من مەبەستم نە دایەلۆگ بوو، نە قسەو باس. من مەبەستم گوتار و چەلەحانێش نەبوو. من پێم وابوو بێتو دەروون و هەناوی خۆمت بۆ هەلڕێژم و ڕاستیت پێ بلێم دێیە سەر ڕێ، پێم وابوو ڕاستی ببیسی، ڕاستی دەسەلمێنی... کەچی... ئاخ... حالیبوون لە حەلوا شیرینترە. ماوەیەک بێ دەنگی...

ئەحمەدی خانی دێ و دەچێ و لێیان دەڕوانێ و یاداشت هەلدەگرێ، لە بەرخۆشییەوە هەر ویرە ویریەتی.

دەنگی ئەحمەدی خانی:

**ساقی تۆ ژ بۆ خودێ کەرەم کە**

**یەک جورعەیێ مەی دجام جەم کە**

**دا جام ب مەی جەهان نوما بت**

**هەرچی مە ئیرادەیە خوویابت**

دیسان دەنگی ڕەمۆ: شەو درەنگانە و هەموو عالەم خەوتووە شەریف، چرای هەموو مالان کوژاوەتەوە، ئاخە بۆ دەسبەرداری ئەم خەون و خولیا پڕوپووچانە نابی؟- بێ دەنگی- نە ڕۆژێک و نەدووان و نەسێیان و نە سالێ و سەدەیەک... باس لە سێ هەزار سال دەکەن، سێ هەزار سال! (بەتەوسەوە) کەچی دەسبەردار نابن و هەر ئەم بەزمەیە و ئەم بەزمە...

دەنگی شەریف (لەسەرەخۆ): بەشەری بێ بایەخ ناتوانێ شتە بایەخدارەکان بناسێ، قەدری زێڕ، زێڕینگەر دەیزانێ و قەدری گەوهەر، گەوهەرناس... پف لە تۆ، پف لە خۆت... پفففف.... لە خۆت.....

دەنگی ڕەمۆ: وزەی بیستنی دوو قسەی حەسێبی و ڕاست و دروستت نییە... دەپێم بلێ بزانم، چەندە لەم ئەستێرانە دەڕوانی؟ لەناو ئەم ملیۆن ملیۆن ئەستێرانەدا لە چی دەگەڕێی؟ چاوەڕوانی کام ئەستێرەی؟ ئەو ئەستێرە پڕشنگدارەی واباسی دەکەی کەنگێ دێت؟ ئاخر کەڕەت کەنگێ دیتت؟ ئەو ئەستێرە پڕشنگدارەی تۆ کەنگێ و چۆن ئاوابوو؟...

ئەوە بە درێژایی تەمەنی خۆت و باب و باپیرانت دێن و لەسەر ئەم گاشەبەردە، یان لە نێو دارستانەکاندا، لەنێو دۆل و دەرە، یان لە ترۆپک و نووچکی کەژ و کێو، لە قەراخ زێبار و تالاو و سەوزەلانەکان دادەنیشن و دەیکەنە ئاخ هەلکێشان، دێن و دەچن و دەیکەنە قسە و باس و دایەلۆگ و جگەرەکێشان و نالاندن و گریان و...

- ڕەمۆ لە ناکاو دەست بەرەو شانی شەریف دەبا، ڕایدەوەشێنێ و دەلێ.

دەنگی ڕەمۆ: شەریف، شەریف دا لە هۆو سووچە بڕوانە، هۆ و ئەستێرەگەشەت دیوە؟ ئەستێرەکەی تۆ نەبێ؟ شەریف ڕادەچەنێ، لەو سووچەی ئاسمان دەڕوانێ و وەکو شتێکی بینیبێ بزەیەک ڕوخساری دادەگرێ و دەکەوێتە جوولە جوول. لەسەر گاشەبەردەکە دێتە خوارێ و لەگەل لاوێکدا دەیکاتە قسە و باس.

دەنگی شەریف: ئاخ... شەمۆ، شەمۆ... شەمۆ...
بگرە من بلێم سالێک و دووان و سێیان، بەلام تۆ بۆ خۆت، ئەرەوەللا هەر بۆ خۆت بلێ سەد سال و سەدان سەدە.. لە یادت ناکەم... مەرج بێ بە مەرجی پیاوان لە یادم نەچێ و لە یادت نەکەم. بە قەرا چلە موویەک ئەوین و خۆشەویستی تۆ لەلام کەم نابێتەوە.. ئاخ شەمۆ، شەمۆ.. شەمۆی خۆشەویست.

- شەریف و شەمۆ لە بەردەم گاشەبەردەکەدا، ڕوو بە بینەران دادەنیشن، دەست دەخەنە سەر شانی یەکتری و خۆشی و ڕەزامەندی هەموو ڕوخساریان دادەگرێ. شەریف لە دۆخێکی وەکو لە نێو خەون و خولیا و تاسەدا بێ دەکەوێتە قسەکردن. - مۆسیقایەکی هەست بزوێن و برێ خەمناک شانۆ دادەگرێ-

دەنگی شەریف: خۆ ئەوە بە دەست من نییە، قسەی من و دلی من، ئیختیاری بەدەست من نییە، ئەمە قسەی ناخ و مۆخ و دلی من و چارەنووس و سەربردەی هەلسوکەوت و دۆستایەتی من و تۆیە. ئاخ شەمۆ.. ئاخ...

- وەک وڕێنە-

شەو شەقلی شەمۆی شکاند، من شەوارە بووم، شەوارەی شاروشاخ و ئاوەدانی و چۆلگە و مەرگ و ژیان و... شەوارەی نێوشار و سەر ئەم سەوزەلانە و شانی ئەم گاشەبەردە و یادی یاران و ڕێگە و ڕێبازی دۆستان و هەڤالان و یادی یاران و یادی جاران...

لە چەشنی قاسپەی کەو، قاسپەی کەوی کۆسارانی دەم بەیانی بەهارانی کوردستان، پێت دەکوتم:

- شەمۆ هەلدەستێتە سەرپێ، قسە بۆ شەریف دەکات

و بەرەبەرە دوور دەکەوێتەوە –
دەنگی شـەمـۆ: دەڕۆم شـەریف (نەرم و ڕۆمـانسی) دەرەتانم لێبڕاوە، بێداد لە ڕادەبەدەرە و ئێمەش چمان پێ ناکـــرێ، وزە و توانای ئەم ژیانە نەگـــریس و پیس و چەپەڵەم نەماوە، دەڕۆم دەڕۆم، دیتت شەنگەمان چۆن لە کیس چوو!؟
دەنگی شەمۆ: ژیان و ئاوابێ کەڵک و بێ خێر و بێر؟ ژیانی ئاوا چ ناهێنێ.
دەڕۆم، تۆش وەرە– دەست بۆ لای شـەریف ڕادەدێرێ– وەرە بـابڕۆیـن... وڵاتێـکی دیـکە، ژیانـێـکی دیکـە و جیهانێکی دیکە...
– شـەمـۆ هەر ئەم ڕستـانە دووپات دەکـاتەوە و دوور دەکەوێتەوە، دەنگەکە وەکو ورێنەکردن هەر دەگاتە گوێ تا شەمۆ لە چاو ون دەبێ–
دەنگی شەریف: خۆشترین و بڵاوێنترین قاسپە قاسپی کـەوی باڕی، کـەوی بەیانانی بەهاران، لەم بنارە لەم وڵاتە، خۆشترین دەنگ و جوانترین دیمەن... لەم وڵاتە، لەم ژیانەدا... (نەرم و ڕۆمـانسی): ئاخ شــەمــۆ... شـەمـۆ...– مـۆسـیـقـا بەرزتر– دەنگی ڕەمـۆ: (بە تووڕەییەوە): ئەهـ... دیسانیش، جووکە جووک و گریان و گریان و ناڵاندن... دەبەسسە بەس... ئەمانەت هەموو بۆ کوتووم... سەدجار و هەزار کەڕەتت کوتووە، کەڵکی نییـە... (دوو فلسی ڕەش ناهێنێ... دەسـاڵ و سـەت سـاڵیش قـســەت بۆ بکەم، هەر ئەوەی کـە هەی، هەر دێیەوە سەر قسەی خۆت، حوللە سێ هەر دێتەوە سەر سێ...
– شەریف دەست دەنێتە سەر دەمی ڕەمۆ و دەنەڕێنێ–
دەنگی شـەریف: بێـدەنگ بە، بێ دەنگ بە، سـست جوان لە هۆوێ بڕوانە، چاو... چاو، – ئاماژە بۆ جێیەک دەکات– شـەنگەیە، شـەنگە، شەنگەی جوان چاک و دڵ بە دنیـا شـەنگەی دایم و دەرهەم سـەر خـۆش و دڵخـۆش، شـیکپـۆش و تەڕپۆش، لێـو بەخـەندە و دەم بە قـاقـا و پێکەنین، ئاخ شـەنگە... (شـەنگە دەگـاتە پێـشـەوە، تەوقەی چاک و چۆنی دەکەن، قسەو باسیـان تەواو نابێ و نابڕێتـەوە– ڕەمـۆ دەڕواتە سـەرگـاشـە بەردەکـە و لەوێ دادەنیشێ–
دەنگی شـەنگە: شـەریف، شـەریف... ئەوە لە کـوێی (گــەرمــوگــوڕ و بە گــوڕوتین) دەنگی شـــەریف: من ئەوەتانێم... ئەی خـۆت لە کـوێی؟ خـۆت لە کـوێی چی بووە؟ چ قەوماوە؟
دەنگی شـەنگە: وەرە، وەرە (قـۆڵی دەگـرێ و ئەم لاو ئەولای پێدەکا) کوێری؟
چاوت نابینێ، ئەوە مـاڵی شـەمـۆ نییـە؟– مـۆسـیـقـا و هەڵپـەڕکێ سـەرشـانۆ دادەگـرێ– ئەی تۆ هاوەڵی شـەمـۆ نیت؟ ئەوە زەمـــاوەند و شـــایی و هەڵپـــەرکێ و ژن گـۆیزتنەوەی کـاوەی برای شـەمـۆیە... چاوت نابینێ؟ بۆ گـوێت ئەم مـۆسـیـقـایە نابیـسێ؟ چاو... بۆ مـاوەیەکی پێـویست تەواوی سـەرشانۆ دەبێتـە شایی و مۆسیـقا و هەڵپەڕکێ.
شـەنگە لە ســەرچۆپیــیــە– لە پاشــان ڕەمــۆ لەســەر گاشەبەردەکەوە بازدەداتە خوارێ و دەنەڕێنێ، سەرشانۆ لە هەڵپەڕکێ و مۆسیقا چۆڵ دەبێ–
دەنگی ڕەمـۆ: هەر خـەون و خولیـا و خـەیاڵات... ئەی ژین و ژیانی ڕاستی و ڕاستـەقینە؟ بەسسـە... بەسە... بەس.
– شەریف و ڕەمۆ دەچنەوە سەر گاشەبەردەکە، شەریف جگەرەیەک گڕدەدا.
ئەحـمـەدی خـانی بە بەردەم بەردەکـە دادێ و دەڕوا، لە بەردەم گــاشــەبەردەکــەدا ڕادەوەســتێ. ئەم شــیــعــرانە دەخوێنێتەوە.
دەنگی ئەحمەدی خانی:
**گەردی هەبوویا مە ژی خودانەک**
**عالی کەرەمەک، لەتیفەدانەک**
**گەردی هەبوویا مەئیتتفاقەک**
**فیکرا بکرا مەئینقیادەک**
**تەکمیل دکرمە دین و دەولەت**
**تەحسیل دکرمە عیلم و حیکمەت**
دەســتــەیەک منداڵی قـوتابخـانە (کـیـژ و کـوڕ) بە چەپڵەڕێزان و گۆرانی کوتن بەرەو ئەحمەدی خانی دێن:
**ئێمە، ئێمە چەندە جوانین**
**کیژ و کوڕی کوردستانین**
بەرەو ڕووی ئەحــمــەدی خــانی ڕادەوەستن و بە پۆل و تاک تاک دەست پێدەکەن.
دەنگی کـیـژان و کوڕانی قـوتابی: سـەلام مـامـۆسـتـا، سەلام... سەلام... مـامـۆسـتـا گـیـان سـڵاو بۆ تۆ.... دەنگی یەکـیــان بەتەنێ: مــامــۆسـتــا، ئەو ڕۆژە باسی

گوڵەگەزیزەت بۆ کردین، دەتفەرموو: (گوڵەگەزیزە جوانە، ئازیزە، خۆشەویستە، جیهان دەڕازێنێتەوە...)
دەنگی قوتابییەکی دیکە: دەتفەرموو (بە درێژایی مێژووی ئینسان هەروا بووە، هەروا دەبێ، گوڵەگەزیزە هەر جوان و خۆشەویستە)
دەنگێکی دیکە: دەتفەرموو: گوڵەگەزیزە مزگێنی کۆچی زستان و شەوەزەنگ و بەستەڵەک دێنی، مزگێنی مردنی سەهۆڵ و سەرما و سەخڵەت دێنێ.
دەنگێکی دیکە: دەتفەرموو: گوڵەگەزیزە مزگێنی گەڕانەوەی بەهار و گوڵ و گەرما دێنێ، مزگێنی بووژانەوەی سەوزە و جوانی و نوور دێنێ.
دەنگێکی دیکە: مامۆستا بە ئیزنی خۆت دەچین بۆ گەزیزە چنین، ئەرێ لە کوێیە؟ گەزیزە لە کوێ بدۆزینەوە؟
دەنگی ئەحمەدی خانی: جێگای گوڵەگەزیزە؟ لەسەر بەرزایی بوو، لە دوندی چیاو شاخان بوو، لە ئامێزی سروشت و لە ڕەوەز و دەشتان بوو، لەو شوێنەی برا پشتی برا نەشکێنێ، ئەو شوێنەی برایەتی و چاکی و پاکی بەهێز بێ.
خۆشەویستان لە یادتان بێ گوڵەگەزیزە جوانە، ئازیزە، تەمیزە، لەزیزە، گوڵەگەزیزە مزگێنی مردنی زستان و شەختە و سەهۆڵ و سەرما دێنێ، گوڵەگەزیزە مزگێنی بووژانەوەی ژیان و بەهار و گوڵ و گەرما دێنێ.
دەنگی یەکێ لە منداڵان، ئەوە دەچینە مێرگوڵان، دەچینە بەرزایی و ترۆپکی کەژوشاخان، ئەوە دەچینە شاران و شەقامان و قوتابخانان، لە بۆ گۆڵاڵە گەزیزان، یان سەرمان دادەنێین، یان جیهان بە گوڵاڵە گەزیزە دەڕازێنینەوە.
منداڵان تێکڕا بە چەپڵە لێدان و گۆرانی وتن دەڕۆن و دوور دەکەونەوە:

**ئێمە ئێمە چەندە جوانین**
**کیژ و کوڕی کوردستانین**

دەنگی منداڵان: با بڕۆین، با بڕۆین بۆ مێرگوڵان، بۆ سەرچیاو کەژوشاخان، بۆ نەورۆزکردن، بۆ ژیان و گوڵاڵە گەزیزان.
– ئەحمەدی خانی دەڕوات و لە شانی بەردەکەوە تەماشایەکی شەریف و ڕەمۆ دەکات و گێ هەڵدەخات.
دەنگی شەریف: ئاخ... چەندە جوانن منداڵانی نیشتیمانی من، چەندە خوێن شیرین و چەندە لێهاتوون، تۆغا دادەی جگەرەیەکم دەیە. ئەوە هارە هاڕ و ویزەویز دەستی پێکردەوە... ئاخ جگەرەکەی دادەگیرسێنێ...
ئاخ ڕۆژێک، تاقە ڕۆژێک بەختەوەری، سوکنایی، سوکنایی، سوکنایی... (دەنگی ویزەی گوللە و تەقەی بۆمبا دێ)
دەنگی ڕەمۆ: شەو درەنگانە شەریف، خەوخۆش بووە، چرای هەموو ماڵان کوژاوەتەوە، دەسبەردار بە، هەستە بابڕۆین و ئێمەش سەربنێینەوە. ئیدی وڕێنە و هاتەران و پاتەران بەسە. بەم وڕێنە و خەون و خولیا و هاتەران و پاتەرانەوە خۆت دەکەیتە گاڵتەجاڕی هەموو کەسێک. هەستە قۆڕیات بەسە، بڕۆ بنوو، خەوخۆش بووە، خەوخۆش بووە!
دەنگی شەریف: قۆڕیات تۆ و بوون و نەبوونی تۆیە، قۆڕیات خەوتن و بەخەبەر بوونی تۆیە، هەروەکو زیندووبوون و مردن و مانونەمانت قۆڕیاتە و تۆفیر و جیاوازییەکی نییە، بۆ خۆت هەستە و بڕۆ و بنو، بڕۆ و بمرە... بڕۆ.... بڕۆ....
ئاخە کەسێکی وەک تۆ، بێ خاک و بێ خەڵک، بێ نیشتیمان و بێ ڕەگەزە، کەسێکی بەبێ ئامانج و بڕوا، بوون و نەبوونی چ دێنی؟ کەڵک و قازانجی چییە؟
هەستە و بڕۆ... تا بێ سەروشوێنم نەکردووی بڕۆ، بڕۆ ڕێوی، بڕۆ ڕەمۆ...
– ڕەمۆ لەسەر گاشەبەردەکە دێتە خوارەوە و لابە لاو بە چاوگێڕان و ترس و لەرزەوە دەڕوا.
دەنگی شەریف: بڕۆ بنوو، وەک هەموو ڕۆژگارو شەوگاری ڕەش و پیس و چەپەڵ و نەگبەتیت... تۆ دەڕۆی و من بەتەنیا دەمێنمەوە، پاک دەبمەوە، تاک و پاک لەگەڵ خۆم، لەگەڵ مێژووم، خەڵکم، نیشتیمانم. تاک و پاک لەگەڵ ژین و ژیان و جیهان و جەماوەرم... لەگەڵ خەون و خولیا و خۆزیاکانم... لەگەڵ شەنگە، شەمۆ، شۆڕا، سامرند موکری، زاگرۆس، قەندیل، ناڵەشکێنە، نەکەرۆز، لەگەڵ گوڵە گەزیزە، نێرگس، وەنەوشە، بابەگورگور، پیرەمەگروون، قەڵات، لەگەڵ هێمن و خانی، شیعر و شاملوو... ئای چ جیهانێکی پانوبەرین و بێ سنوورە، بەرە بەرە لەنێو دەنگی شەریفەوە دەنگی ویزەو تەقە دێ، دەنگەکان بەرز دەبنەوە، شەریف بێ دەنگ دەبێ و گوێ ڕادەگرێ و لە دوایە دەگوڕێنێ:

دەنگی شـــەریف: ئاخ لەم دەنگانە... لەم ژیانە... بەخوا کارەساتە کارەسات.

ئەم هەمـــوو دەنگ و دەنگو باســـە... ئەم هەمـــوو کارەساتە، هەواڵی ئەم هەموو مەرگ و ئەم هەموو کوشتن و بە کوشت چوونە، ئەم هەموو ئەنفالبوون و دەربەدەر و ئاوارە بوونە... ئاخ... ئێوە، بڕواننە هۆو سووچە، جوان بڕوانن، دەڵێی ئەوەش کارەساتێکی تازە. دەنگی فڕۆکە و بۆمباران و تەقینەوە، دووپات، دووپات دەنگی هاوار و ناڵاندن، دەنگی گریان و پاڕانەوە و تووک و دوعای و نزا... دەنگی ترسان و خۆف کردن، ناڵاندن....

– ئەحمەدی خانی دێتە شانی گاشەبەردەکە، دەست دەخـاتە سـەر بڕۆکـانی و لەلای ئەو دەنگ و هەڵڵاو دووکەڵە دەڕوانێ. حەشامەت سەر شانۆ پڕ دەکەن...

دووکەڵ و تەقینەوەی بۆمبا و هاتوهاوار تەواوی شانۆ دەگرێتەوە.

دەنگی ئەحـمـەدی خـانی: ئای لە منی مـاڵوێرانی براکوژراوی ڕەنج بەخەسار، وەی لە کوڵی دڵی بە سۆزم.

دەنگی شـەریف: ئای ڕۆ، براڕۆ... ئای لە منی مـاڵ کاولی براکوژراوی ڕەنج بەخەسار، وەی لە کوڵی دڵی بەسۆزم.

دەنگی ئەحـمـەدی خانی و شـەریف پێکەوە: دووکەڵ ڕاست لە گوڵجاڕی گوڵە گەزیزەوە دێ، دووکەڵێکیش لەناو شاروشەقام و لەلای قوتابخانەوە هەستا، دەبێ ڕاکـەم... ڕاکـەم... بەرەو شـاروجـەمـاوەر... بەرەو گوڵجاڕی گوڵە گەزیزە و بەرەو قوتابییەکان. ئەی هاوار لە منی دڵ بریندار ڕەنج بە خـەسـار... بە خـوای بۆمبارانە، کارەساتەکەی هیرۆشیمیایە، سەردەشتە، هەڵەبجەیە، بانەیە، سولەیمانییە، بۆکانە، مەهابادە، هەڵەبجەیە، هەڵەبجەیە.. هەڵەبجەیە... هەڵەبجەیە... هەڵەبجەیە....

ئەوەتانێ دووکەڵ و بۆگەنی شیمیا بەرەو من دێن، جەماوەریان دەوردا، ئای هاوار دووکەڵ و بۆگەنی کیمیا بەرەو هەموومان دێ، هەموومان، قەڵاچۆیە، ژینۆسایدە، کورد قڕانە، کورد قڕانە...

شەریف و ئەحمەدی خانی دەستی یەکدی دەگرن و دەکەونە ناو جەماوەرەکەوە (دەمامک لە دەموچاویان بەسراوە)

دەنگی ١– بە قسەی دایکی خۆمان نەکرد، ماڵمان ساز نەکرد....

دەنگی ٢– ماڵمان ساز کرد، یانی دەستمان پێکرد، تەواومان نەکرد.

دەنگی ٣– هەر لە شاخ و کێو و هەردانماینەوە، بۆ نێو شاران نەچووین.

دەنگی ٤– چووینە نێو شاران، ئاکاری شارمان ڕەچاو نەکرد، دڵمان هەر بە شاخ و داخانەوە بوو.

دەنگی ٥– دڵمان بە شاران و دەشتان و شەقامان خۆش نەکرد، دڵمان بە شاخان و داخانەوە بوو.

دەنگی ٦– زەرەرمان کرد، کەللەڕەقیمان کرد، هەردوای سۆزی دڵ کەوتین، بە زانست و فیکر و ئەقڵمان نەکرد.

دەنگی ٧– دوشمندار بووین، دەرفەتی شارستانیەت و زانست فێربوونیان نەداین، هەر توانیمان خۆمان لە قەڵاچۆ بپارێزین.

(کەوتن و مردن، لە خۆ نووسان و هەستان و کەوتنەوەی جەماوەر، ئەحمەدی خانی و شەریف بەنێو خەڵک و جەماوەر و کوژراوو برینداراندا دەگەڕێن و یارمەتی برینداران دەدەن.

دەنگی ئەحـمـەدی خـانی: ئەوەش شـارو ئەوەش قوتابخانە و ئەوەش گوڵجاڕی گوڵە گەزیزە

دەنگی شەریف: ئەوەش شار و ئەوەش شاخ، ئەوەش شەقام و ئەوەش قوتابخانە و ئەوەش... کارەساتە کارەسات...

دەنگی ئەحمەدی خانی (لە سەرمەیتێک دانیشتووە): ئەوەش قوتابی و ئەوەش گوڵە گەزیزە و گریان...

دەنگی شەریف: (لە سەر مەیتێک دانیشتووە هەی داد، هەی بێداد... گوڵە گەزیزە بە قەرا خیزوخۆڵی ڕووباران.

دەنگی ئەحمەدی خانی: هەی بێداد، هەی مەخابن، گوڵە گەزیزە هەموو سیس، هەموو هەڵبڕووسکاو، هەموو ژاکاو...

سەر شانۆ پڕە لە مەیت، لە بریندار، لە ئاهو ناڵە و گریان، پڕە لە کەوتن و هەستانەوە و کەوتن و مەرگ... مەرگ.

شەریف و ئەحمەدی خانی لەسەر مەیتێک خواردەبنەوە: شەهید، شەهید، دەچنە سەر مەیتێکی دیکە: شەهید، شەهید... تاریکانێک دادێ و شانۆ دادەپۆشێ، شانۆ لە مەیت و جەماوەر خاڵی دەبێ، شانۆ

بێ دەنگی دادەگرێ.

شانۆ ڕوون دەبێتەوە، شەریف و ئەحمەدی خانی لەسەر گاشەبەردەکە دانیشتوون، لە بێ دەنگیدا، لەیەکدی و لە دەوروبەر و لە بەرەو ڕوو و لە پشتە سەر دەڕوانن.

دەنگی ئەحمەدی خانی:

**گەردی هەبوویا مەژی خودانەک**
**عالی کەرەمەک، لەتیفەدانەک**
**غەمغاری دکرل مە یتیمان**
**د ئینانە دەرێ ژ دەست لە ئیمان**
**غالب نەدبوو، لە سەرمە ئەڤ ڕووم**
**نەدبوونە خەرابەیێ د دەست بووم**

دەنگی شەریف: هەموو پاییز و هەموو بەهارێ، جۆزەردان و هەڵبرووسکانێ، هەڵبرووسکانێ... جا خۆ لە یاد ناچن دوو هەزار و چەند سەد کەرەت ژاکانی ٥٠٠٠ گوڵە گەزیزە، کوژانەوەی ٥٠٠٠ ئەستێرە، باڵ سووتانی ٥٠٠٠ مەل و باڵندە، نا، نا، لە یاد ناچن هەڵەبجە، سەردەشت، بانە، بۆکان، سولێمانی سۆران، بارزان، کوردان هەڵەبجە، هەڵەبجە، هەڵەبجە،...

لە ناکاودا هەردووکیان، چەند کەس لە دوورەوە دەبینن، یەکێ بەرەو ڕۆژئاوا دەڕوا، یەکێکی دیکە بەرەو ڕۆژهەڵات دەچێ...

ئەحمەدی خانی و شەریف لەسەر گاشەبەردەکە هەڵدەستنە سەرپێ، دەست و باسک دەنێنە سەرشانی یەکدی و بە جووت تێدەچریکێنن.

- دەنگی شەریف و ئەحمەدی خانی (پێکەوە): هۆ خاڵۆ ڕێبوار هۆ... هۆ... هۆ... هۆ هەواڵ بەرە بۆ نێو خۆ، بۆ دەوروبەر، بۆ دوورە وڵات، بۆ هاندەران، بۆ هەموو مرۆڤ لە گشت جیهان.

**تێبینی:**

**١- هۆ خاڵۆ ڕێبوار هەواڵ بەرە... ئەمە وتە و هاواری سەرزاری تێکۆشەرێک بوو، لە ڕۆژانی شۆڕشی دژ بە شاو دیکتاتۆریەتی شایەتیدا دەیوت و دووپاتی دەکردەوە.**

**٢- هەموو شیعرەکان لە بەیتی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی وەرگیراون.**

**٣- سوپاس بۆ شاعیری بەڕێز یوونس ڕەزایی کە کتێبی (مەم و زین)ی بۆ هێنام و لێشی وەرنەگرتمەوە.**

**(*) ئەم شانۆیە لە لایەن بەڕێز حەمە سەلیم کەریمی دەرهێنەری دیواندەرەیی لە دیواندەرە و چەند شوێنێکی دیکە بەڕێوە چووە.**



**ئەحمەد زرنگ:**
**لە زەمانی پیرەمێرد بە کوردییەک دەنووسرا ناو بازاڕ و ڕۆشنبیرانیش تێی دەگەیشتن.. لە ڕۆژنامەی (ژین)یشدا پشتیوانی لە ڕەخنەگران کراوە**

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**
**(سلێمانی)**

ئەحمەد زرنگ نەوەی پیرەمێردە، پیرەمێرد تاقە کچێکی هەبووە کە (ڕەحمە) خانی ناو بووە، ئەو کچەی دوو کوڕ و دوو کچی هەبووە: (فایەق هوشیار، فاتمە خان، پەروین، ئەحمەد زرنگ). ئەگەر بەپێی داوونەریتی ئەو ڕۆژگارە بۆ کچەکان نەلوابێ، بەڵام بۆ دوو کچە زایەکەی دیکەی ئەو دەرفەتە ڕەخساوە لەناو حەرف و پیتچنین و ڕیتمی چاپخانەدا چاویان بکەنەوە، بەتایبەتیش بۆ ئەحمەد زرنگ کە پاش گەڕانەوەی پیرەمێرد لە تورکیاوە بە چەند ساڵێک لەدایک بووە، هەر ئەو ژیانەی لە باوەشی پیرەمێردی باپیری و چاپخانەکەی، عیشق و خۆشەویستییەکی لەلای دروست کردووە کە دواتر وایان لێکردووە جێگەی باپیری بگرێتەوە و ماوەی (١٠) ساڵ وەک ڕۆژنامەنووسێک کار بکات و نەهێڵێ پیشەکەی باپیری و ناوی چاپخانەکەی کوێر بێتەوە.

ئەحمەد زرنگ جگە لەوەی لە باپیرییەوە ڕۆژنامەچێتی و بەڕێوەبردنی چاپخانە فێر بووە، هەر لەو چاپخانەیەشدا خەڵکانێکی زۆریشی لە کەسایەتی بەناوبانگی سەردەمە جیاوازەکان لە توێژی سیاسەتمەداران، کارگێڕان و ڕۆشنبیران، شاعیران، نووسەران ناسیوە. بە درێژایی ئەو ساڵانە زۆر یادگاری و بیرەوەری لەلا کەڵەکە بووە و ماوەتەوە کە دەبوو لێیان بدوێین و تۆماریان بکەین. ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە بەشی هەرە زۆری ئەو مێژوو و ڕووداو و بیرەوەرییانەیە کە لە سەفەرێکماندا بۆ شاری سلێمانی و لە میانەی هەڤپەیڤین و دیالۆگێکی دوورودرێژی کراوە و بەرفراواندا لەگەڵ بەڕێز (ئەحمەد زرنگ) ئەنجامم داوە و بە پێویستم زانی لە یادی (١٠٧) ساڵەی ڕۆنامەنووسیی کوردیدا لەسەریان بوەستین، بۆ ئەوەی پێکەوە ئەو مێژوو و گەشتە بخوێنینەوە.

**ڕامان:** ئامانجی ئێمە لەم دیمانەیە ئەوەیە قسە لەسەر پیرەمێردی نەمر و چاپخانەی ڕۆژنامەی ژین بکەین. پێمان خۆشە ئەوەی تۆ لە یادەوەری خۆتدا هەڵتگرتووە و لەلات ماوەتەوە، هەر لە سەرەتای هاتنەوەی پیرەمێرد لە ساڵی ١٩٢٥ەوە چۆنت بیستووە، یان چۆن بەدواداچوونت بۆ ڕووداوەکان کردووە؟ هاتنەوەکەی چۆن بوو؟ ئایا خۆی بڕیاری دا بێتەوە، یان چ بارودۆخێک وای لێکرد بگەڕێتەوە کوردستان، لەم لایەنانەوە بۆمان بدوێت؟

**ئەحمەد زرنگ:** پیرەمێرد لە ساڵی ١٨٩٩دا لەگەڵ شێخ سەعیدی حەفید باوکی شێخ مەحموودی نەمر چووە بۆ حەج، لەوێوە چووە بۆ تورکیا، ئەو چوونە تورکیایەی بوو، ئیتر نەگەڕایەوە. وەک خۆی دەڵێ لە حوجرەدا پێگەیی بوو، خوێندنی تەواو نەکردبوو، بەڵام سەودای شیعری هەبوو و شیعری دەوت، ئەوکاتە فارسی و تورکی و عەرەبی و کوردیی بە باشی دەزانی. وەک خۆی دەڵێ بە کۆڵکە زانینێکەوە چووم، بەڵام لەوێ یاسای تەواو کرد. بەهۆی شێخ سەعیدی حەفیدەوە لە سوڵتانەکان نزیک بووەتەوە و کاغەزی بۆ دەنووسین، بۆیە لەوێ یەکەمین جار بە قایمقام دامەزرا، دوایەمین جاریش پێش ئەوەی بگەڕێتەوە سلێمانی، موتەسەریفی ئەماسییە بووە، بەڵام کە گەڕایەوە وەک خۆی بە شیعرێک وتوویەتی بیست و ئەوەندە ساڵە لێرەم، لەوێش هەر خەریکی ڕۆژنامە و نووسین و ئەدەب بووە، هەروەها دەڵێ من چیتر لێرە ئیدارە ناکەم و دەبێ بگەڕێمەوە بۆ وڵات. کە گەڕایەوە ساڵی ١٩٢٥ بوو، ئەوکاتە پۆل پۆل ئەفسەرەکان دەگەڕانەوە، خەڵکی بەگشتی دەگەڕانەوە، زۆرکەس پلە و پایەیان وەرگرت، ئەو پلە و پایەی نەویست. ئەوکاتە مێجەرسۆن لە سلێمانی حاکمی ئینگلیز بوو، زۆر بایەخی بە زمانی کوردی دەدا، تەنانەت وەک دەڵێن کاتی خۆی عەریزە بە کوردی نەنووسرابا قبووڵی نەدەکرد، هەر ئەو چاپخانەیەکی بۆ شارەوانی هێنا، ئەوکات (زبان) دەردەچوو، بەڵام حکومی بوو.

**ڕامان:** یەکەم جار ڕۆژنامەی زبان نەبوو، یەکەم جار ژیانەوە بوو، بەو چاپخانەیەی هێنای پەنجاو شەش ژمارەی پێ دەرکرد، دواتر بوو بە ژیان، ئەو بابەتە قۆناغێکی ترە. باشە تۆ نازانی مێجەرسۆن ئەو چاپخانەیەی لەکوێوە هێنا؟

**ئەحمەد زرنگ:** نەوەڵڵا نەمبیستووە...



**ئەحمەد زرنگ – ئازاد عەبدولواحید**

**ڕامان:** دەڵێن لە کەرکووکەوە هێناویەتی، چونکە لە زەمانی عوسمانییەکان، لەپاش ڕۆیشتنیان سێ چاپخانەیان بەجێ هێشتووە، یەک لە بەسرە، یەک لە بەغدا، یەک لە کەرکووک بووە. ئەو ئەوەی کەرکووکی هێناوە بۆ سلێمانی.

**ئەحمەد زرنگ:** نازانم لەکوێوە هێناویەتی، بەڵام مێجەرسۆن یەکەم جار لە سلێمانی چاپخانەی دانا و لەسەر حسابی شارەوانی هێنای، واتە فەرمانبەرەکانی هی شارەوانی بوون. پیرەمێرد سەودای ڕۆژنامەچێتی هەبوو، حوسێن حوزنی موکریانی لەوێ لەگەڵی بوو، وتاری دەنووسی، پاشان چاپخانەی شارەوانی بەکرێ گرت.

**ڕامان:** واتە کە پیرەمێرد چووە سەر چاپخانەکە حوزنی لەوێ بوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ.

**ڕامان:** لەگەڵ کێ بوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** نازانم لەگەڵ کێ بوو؟

**ڕامان:** دەبێ لەگەڵ حوسێن نازم ئیشی کردبێ؟

**ئەحمەد زرنگ:** ئا ئا حوسێن نازم بوو، من ناوم بیر دەچێ، تۆزێک کەوتوومەتە تەمەنەوە و شتم بیر دەچێتەوە.

**ڕامان:** قەیناکە من شتت بیر دەخەمەوە.

**ئەحمەد زرنگ:** ڕاستە حوسێن نازم لەوێ بوو.

**ڕامان:** ئەی بۆ دەڵێن پیرەمێرد ناردوویەتی بەدوای حوسێن حوزنی موکریانی-دا کە بێت پێکەوە ئیش بکەن؟ وەک دەڵێن حوزنی لەوێ نەبووە، ناردوویەتی بەدوایدا؟

**ئەحمەد زرنگ:** بەخوا دەبێ ئەوەیان ڕاست بێ کە تۆ دەیڵێی، ئێستا بیرم کەوتەوە حوسێن نازم لەوێ بوو،

لەگەڵ حوسێن نازم ئیشی دەکرد، پاشان حوسێن حوزنی موکریانی هاتووە، دەبێ لەسەر داوای ئەو بووبێ. تەنانەت کاکم فایق هوشیار ناوی فایق بوو، لە دایکبووی بیست و یەک بوو، لەگەڵ حوسێن حوزنی موکریانی ناویان ناوە هوشیار. فایەقەکەیان کردووە بە هوشیار. باپیرم خۆی بۆی گێڕامەوە وتی لەگەڵ حوسێن حوزنی موکریانیدا دانیشتبووین ئەوەمان کرد.

**مامۆستاکانی سەرەتاییمان بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی ئێستا دکتۆرایان هەیە و لە زانکۆکاندا وانە دەڵێنەوە، بە ڕادەی ئەوان زانست و زانیارییان نییە.**

**رامان:** بەڵام ئەو کە ساڵی ١٩٢١ لەدایک بووبێ، پیرەمێرد ساڵی ١٩٢٥ هاتبێتەوە چۆن ناوی ناوە هوشیار؟

**ئەحمەد زرنگ:** ئەوسا چوار پێنج ساڵان بووە کە ئەمەیان کردووە.

**رامان:** واتە هەوڵیان داوە فایەقەکە کە عەرەبییە، بە هوشیار بکەنە کوردی؟

**ئەحمەد زرنگ:** فایەقەکە هیچ کە باوکم ناوی ناوە فایەق، منیشی ناو ناوە ئەحمەد، ئەو هوشیارێکی پێوە ناوە.

**رامان:** نازناوی بۆ داناوە.

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ نازناوی بۆ داناوە، نەیویستووە ناوەکە بگۆڕێ. ئەوکاتە شانازییان بەناوی عەرەبییەوە کردووە. لە سییەکاندا کە من لە دایک بووم ئەحمەد و مەحموود و محەممەد زۆر بوو، باوکم وتوویەتی و دایکم دەیگێڕێتەوە، کاک ئەحمەدی شێخ خەوی پێوە دیوە وتوویەتی کوڕت دەبێ ناوی بنێ ئەحمەد، ئاشکرایە ئەمانە هەبووە، پیرەمێرد دڵی باوکمی نەشکاندووە و ئەو زرنگێکی پێوەناوە، بۆیە ناومان بووە بە فایەق هوشیار و ئەحمەد زرنگ، ئەو وەختە ناوی کوردی کەم بوو. حوسێن حوزنی موکریانی نەما کۆچی دوایی کرد، ئەو چاپخانەکەی شارەوانی بەکرێ گرت، وادیار بوو فشارێکی زۆریان دەخستە سەر تا نەتوانێ بە ئازادیی ئیش بکات.

**رامان:** وابزانم بە زۆریی مەجید یەعقووبی موتەسەریف بووە ئەو فشارەی خستووەتە سەر؟

**ئەحمەد زرنگ:** نەء.. پێش ئەویش کۆسپ و تەگەرەیان بۆ دروست کردووە.

**رامان:** ئەوانە کێ بوون؟

**ئەحمەد زرنگ:** چاپخانەکەی بە کرێ گرت بۆ ئەوەی لە دەستی ئەوان رزگاری ببێ، بەڵام ئەمە سوودی نەبوو، بۆیە چاپخانەیەکی بۆ خۆی کڕی. ئەو خانەنشینییە سەردەمی عوسمانی هەبوو، ئەو دەمە (قاسرین) دارولئەیتامیان پێ دەوت، پیرەمێرد لەوێ پارەی وەرگرت و چاپخانەیەکی پێ کڕی. مەجید یەعقووبی لە سی و نۆدا رۆژنامەی (ژیان)ی داخست.

**رامان:** ئەوەبوو کە دایخست چوون ساڵح قەفتان-یان هێنا، نوقتەکانی رۆژنامەی (ژیان)یان کڕاندو کردیان بە زبان.

**ئەحمەد زرنگ:** من ئاگام لەوە نییە، بەڵام ئەوەی ئاگام لێیە لە سی و نۆدا لەسەر نەورۆز و ئەمانە پێیان داخست. ساڵێک مەجید یەعقووبی کە کابرایەکی کەرکووکی تورکمان بوو، نەورۆزی قەدەغە کرد. مەلاو پیاوانی ئایینی ئەو زەمانە، رۆڵێکی سەیریان دژی نەورۆز دەگێڕا و دژی زەردەشت و عەلمانیەت بوون. وایان خستبووە بیری بەرپرسانەوە کە پیرەمیرد ئاگرپەرستە و نەورۆز دەکاتەوە بۆ ئەوەی ئاگر بپەرستێ و ئەو خەڵکە فێری ئەوە دەکات. ئەوەبوو لە سی و نۆدا رێیان نەدا نەورۆز بکاتەوە، رۆژنامەکەشیان داخست. دوای ئەوە چوو ئیمتیازێکی بەناوی (ژین)وە دەرهێنا.

**رامان:** بەڵام ئەوەی من بزانم چاپخانەکەی ساڵی سی و حەوت کڕیوە.

**ئەحمەد زرنگ:** پێش ئەوەی رۆژنامەکە دابخەن، ساڵی سی و حەوت چاپخانەکەی کڕیوە.

**رامان:** دەڵێن کە تەنگیان پێ هەڵچنی، مەجید یەعقووبی خۆی پێی وتووە لەمەولا پێش ئەوەی رۆژنامەکەت چاپ بکەیت و بۆ چاپخانەی بنێریت، دەبێ بیهێنیت بۆ ئەوەی سەیری بکەین و بزانین چیت نووسیوە، واتە سانسۆریان لەسەر رۆژنامەکەی داناوە.

**ئەحمەد زرنگ:** بەخوا پێت بڵێم ئەمە هەمووی ڕاستە، من لە خەیاڵم نییە، من شتم لەبیر دەچێتەوە، بەڵام ئاگام لەوەیە کە رۆژنامەکەیان پێ داخست. کە رۆژنامەی (ژیان)یان داخست من منداڵ بووم، حەوت هەشت ساڵە بووم. پاشان ئیمتیازی (ژین)ی وەرگرت.

**رامان:** ئەو ئیمتیازەی لە بەغدا وەرگرت؟

**ئەحمەد زرنگ:** هەمووی لە بەغدا وەرگرت، چونکە هەموو ئەو کارانە لە بەغدا بوون.



پیرەمێرد

**رامان:** لە وەزارەتی ناوخۆ بوو.

**ئەحمەد زرنگ:** نا وەزارەتی ئیرشاد بوو، یان وەزارەتی رۆشنبیرییان پێ دەوت.

**رامان:** ئەوکاتە وەزارەتی رۆشنبیری نەبوو، ئەوسا پێیان دەگوت بەڕێوەبەرایەتی دیعایە و سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بووە.

**ئەحمەد زرنگ:** ناوخۆیان پێ دەگوت؟

**رامان:** بەڵێ.. وەزارەتی رۆشنبیری هی ئەو ساڵانەی دواییە.

**ئەحمەد زرنگ:** راستە، وەزارەتی ئیرشاد کە ئیتیحادی هاشمی بوو دامەزرا، وەزارەتی ناوخۆ بوو.

**رامان:** دەبێ وابێ.

**ئەحمەد زرنگ:** تەنانەت من نموونەیەکت بۆ دێنمەوە. سەعید قەزاز لەم دواییانەدا وەزیری ناوخۆ بوو، منی بانگ کرد، دەستی خستە سەر شانم و وتی ئەحمەد ئەوە وەزارەتی ئیرشاد دامەزراوە، من پێوەندیم بە رۆژنامە و چاپەمەنییەوە نەما، ئیتر من ناتوانم بتپارێزم، دەبێ ئاگات لەخۆت بێ. ئەوەی لە پەنجاو حەوتدا پێ وتم.

**رامان:** با قۆناغ بە قۆناغ پێدا بێین، دواتر ئەو بابەتانەش بەسەر دەکەینەوە و باسیان لێوە دەکەین. تۆ ئەوەندەی ئاگات لێ بێ و لەو کاتەوەی فامت کردووەتەوە و بیرەوەری و یادگارییەکانی پیرەمێردت بیر مابێ چی و چیت لەلاماوە، واتە ئەو شتانەی بیرت مابن چین؟

**ئەحمەد زرنگ:** ئەو دەمە ئێمە لە ماڵی خۆماندا بووین، لەپشت مزگەوتی گەورە لە حەوشەی رەشید پاشایان پێ دەوت بووین، کە رەشید پاشاش خوشکەزای پیرەمێرد بوو، لە حەوشی رەشید پاشا ماڵی (شەفیق بەگ، حەمدی بەگ، قادر بەگ، ئاورەحمان جادر) کە کچێکی لە ئێمە هێنابوو دەژیاین، بەڵام من لەلای باپیرم بووم، ئەو منی زۆر خۆش دەویست و هەر لە باخەڵیدا دەنووستم.

**رامان:** لەکوێ دەنووستی، لە خانووەکەی ئاشی عەلەتریک؟

**ئەحمەد زرنگ:** لە ئاشی عەلەتریکەکەدا ژوورێکی هەبوو، تەختێکی تیابوو، تەختەکە داربوو، بەڵام پان بوو، ئەو هەر لەسەر ئەوە دەنووست، مێزێکی لەبەردەمدا بوو، یەک دوو چەکمەجەی هەبوو، سەرمێزەکەی زۆر شپرزە بوو، بە قەڵەمی قامیش دەینووسی، خەتیشی زۆر خۆش بوو. تەلەفۆنەکەی لە پەنجەرەیەک دانابوو دوو سەری هەبوو.

**رامان:** ژمارەی تەلەفۆنەکەی چەند بوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** لە سلێمانی ژمارەی (١) بوو. من تا چوومە قوتابخانەی سەرەتایی لە باخەڵیدا دەنووستم. شەوان دەمبینی دیوەخانی گەرم بوو، کەسایەتییەکان دەهاتنە لای، چایچییەکی تایبەتی هەبوو.

**رامان:** ناوی چایچییەکە چی بوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** سەید باقی ناو بوو. چایی بۆ لێ دەنا، زۆر میوانی دەهات. ئەمە مستەفا مەزهەر بەڕێوەبەری پەروەردە بوو، جەمیل سائیبی خوشکەزای بەڕێوەبەری خەزێنەی سلێمانی بوو، ئەمین بەگی گومرگ و قازی شێخ محەمەدی خاڵ و قانیع و مستەفای حاجی رەسووڵ دەهاتنە لای. موتەسەریفی ئەوکات و حاجی رەمەزانم لەلای دیوە.

**رامان:** حاجی رەمەزان خەڵکی کوێ بوو؟ بەغدایی بوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** عەرەب بوو، نازانم خەڵکی کوێ بوو، لەوانەیە بەغدایی بووبێ. ئینجا پیرەمێرد زۆر گوێی نەدەدا بەهیچ شوێنێکی خۆی، کەبابی دەخستە گیرفانییەوە، دەستی نەدەشووشت، ریشی مەرەکەباوی بووبا نەیدەشۆرد، ئەمانەی هەبوو. کەرەتێک حاجی رەمەزان هات بۆ لای، پاشان قاتێک چاکەت و پانتۆڵی بۆ نارد، پیرەمێرد لێی عاجز بوو. جا شیعرێکی هەیە ئەوەی دەڵێ:

**هەر ڕەمەزانە و جەژنی لەدوایە**

**ڕامان:** ئەو شیعرە مەبەستی لەوە.

**ئەحمەد زرنگ:** مەبەستی ئەوە. ئەو شەوانە دەرگای قەلەندەرخانەی کراوەبوو، لە زستاندا لە ژوورەکەی بوو، هاوینانیش حەوزێکی هەبوو پڕ بوو لە میوە، نازانم ئەو میوەیەی لەکوێ دەهێنا، زۆر حەزی لێ بوو.

**ڕامان:** ئەوەی من بزانم دەڵێن هەر کەسێک لەو میوانانەی کە هاتوونەتە لای پیرەمێرد شتێکی لەگەڵ خۆی هێناوە. بۆ نموونە ڕەشۆڵ کە هاتووە ترێی لەگەڵ خۆی هێناوە، مەلا ئەحمەدی دیلان هاتووە کاڵەکی هێناوە، ئیتر بەم جۆرە هەمووی لەناو حەوزەکەدا کۆکراوەتەوە.

**ئەحمەد زرنگ:** ڕاستە کەسانێکی زۆر هاتوون و دەهاتن من هەموویانم لەبیر نییە. ئەوەم لەبیرە گەنجینەیەکی هەبوو، کاڵەکی زەردی تێدا هەڵواسیبوو، ئاخر کاڵەک لەسەر ئەرز دابنێی تێک دەچێ، کاڵەکی بە پەتەوە هەڵدەواسی بۆ ئەوەی تێک نەچێ، ئێستا ساڵ دوازدەی مانگ کاڵەک و شووتی هەیە.

**ڕامان:** ئەوکاتە لە وەرزی خۆیدا نەبێ ئەو جۆرە میوە جۆراوجۆرانە نەبووە، جا بیستوومانە پیرەمێرد پیاوێکی نەوسن بووە و زۆر حەزی لە خواردن کردووە، دەڵێن هەندێک جار ناردوویەتی میوە و خواردنی لە وڵاتانی دەرەوە بۆ هاتووە.

**ئەحمەد زرنگ:** بەخوا ڕاست دەکەی لە وڵاتان بۆی هاتووە. لە تورکیا بۆی هاتووە، لە ئێران بۆی هاتووە، تەنانەت لیمۆی ترشی دەکڕی، دەیخستە ژێر ئەرزەوە، ئێستاش ئەمەم لەبیرە.

**ڕامان:** حەوشەی خانووی چاپخانەکە گڵ بوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** گڵی تێدا بوو. باخێکی بچووکی هەبوو و لاولاوی تێدا بوو.

**ڕامان:** تۆ لە دایکبووی (١٩٣٠)یت، ئەو چاپخانەیەی پیرەمێرد کڕیویەتی ساڵی هەزار و نۆ سەد و سی و حەوت بووە کە چووە لە بەغدا لە جولەکەیەک کڕیویەتی، بۆ ئەمەش خانووی ڕەهن کردووە، ئێوە ئەوکاتە لە تەمەنی حەوت ساڵیدا بوونە، حەوت ساڵیش تەمەنێکی لەبارە بۆ بیرکەوتنەوەی ڕووداوەکان، ئێستا من هەندێک شتی سێ- چوار ساڵیم لەبیر ماوە، لەوانەیە تۆش شتی ئەو کاتانەت بیر مابێ. تۆ لەو تەمەنە بۆ سەرەوە، هیچ قسەیەکت لەپیرەمێرد نەبیستووە سەبارەت بەو چاپخانەیە و شێوەی کڕینی و ئەمانە قسەی بۆت کردبێ؟

**ئەحمەد زرنگ:** یەک دوو جار لەبەرچاوی من گوتوویەتی دوو چاوم هەیە، یەکیان ژینە، دووەمیان زانستییە.

**ڕامان:** بەڵێ ئەوەی لە وەسیەتنامەکەشی نووسیوە، خانووەکەی ڕەهنی کردووە لە قاسرین لەکوێی سلێمانی بوو؟ چەند پارەی لە قاسرین وەرگرت؟

**ئەحمەد زرنگ:** خانووەکەی ڕەهنی کرد لە گەڕەکی گۆیژە بوو، هەزار دیناری وەرگرت و پاشان وردە وردە پارەکەی دایەوە. پیرەمێرد لە کۆمەڵی زانستی-دا، کۆمەڵێک نەخوێندەواری ناو بازاڕی فێری خوێندەواریی کرد. بەهۆی زانستی-یەوە کاسبکارەکان و گەنجەکانی ئەوکاتەی فێری خوێندەواریی کرد.

> **پیرەمێرد لەگەڵ حەپسەخانی نەقیب کۆمەڵەیەکی ژنانی لە شاری سلێمانیدا دامەزراندووەو یەکەم پیاو بووە لەو کۆمەڵەیەدا بووە بە ئەندام.**

هەر ئەمانیش بوون کە دەهاتن ئاگری نەورۆزیان دەکردەوە و دەوروپشتی پیرەمێردیان دەدا، تەنانەت بەشێکیان بوون بە شاعیر، بەشێکیان بوون بە نووسەر.

**ڕامان:** یەک لەوانە حاجی باقی بەنگینە بوو، کە بوو بە شاعیرێکی میللی.

**ئەحمەد زرنگ:** بەنگینە زۆر دڵسۆزی پیرەمێرد بوو.

**ڕامان:** وەک بیرت مابێ، ناوی ئەو کرێکارانەی لەو چاپخانەیەدا ئیشیان کردووە و پیتیان چنیوە، ئەوانە کێ بوون، ئەگەر ناوەکانیانم پێ بڵێیت؟

**ئەحمەد زرنگ:** حەمۆمین (دواتر بووە بە برینپێچ). من کە هاتم ئەوم دیوە. مەجید ناکامی لێ بوو.

**ڕامان:** هەڵبەت هەموو ئەوانە مردوون.

**ئەحمەد زرنگ:** زۆربەیان نەماون. سەعید ناکام-یش لەوێ ئیشی دەکرد، پاشان عەلی ئەسعەد لەوێ بوو، منداڵ بووم بەخوا شەش حەوت ساڵ دەبووم. ئەحمەدی مورەتیب، فەتاح، لەتیف، ئەمانەم لەلای پیرەمێرد دیوە.

**ڕامان:** مەبەستت شێخ لەتیفە.

**ئەحمەد زرنگ:** ئەویش نەماوە. ئینجا ئەو مەجید ناکامە زۆر لەلامان مایەوە، پاشان ڕۆیی بۆ خەزێنە و لە خەزێنە دامەزرا. خەلیل چێشتی بۆ لێ دەنا. ئەو خەلیلە نە پیاو بوو، نە ژن، بەڵام چێشتی لێ دەنا و خزمەتی

پیرەمێردی دەکرد. هەموو پاکردنەوە و چێشت لێنان و خزمەتێکی، ئەو بۆی ئەنجام دەدا. نەنکم، غەزاڵەخانی ناوبوو، پیر ببوو پاشان لە تەمەنی چل و سێ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و هەر دایکم مایەوە. بیرمە جارێکیان مەجید یەعقووبی ئاگری نەورۆزی قەدەغە کرد، ئەوکاتە گالیسکە هەبوو، ناردیان بە شوێنیدا بۆ موتەسەریفیەت، ئەوانەی لەگەڵی بوون دەوروپشتی خۆی و قوتابیانی زانستی بوون، هاتبوون ئاگر بکەنەوە. ئێستاش بیرمە و لەبەر چاومە من منداڵ بووم، نۆ ساڵ بووم، شقارتەیەکی دەرهێنا، پێش ئەوەی گالیسکەکە بڕوا ، شقارتەیەکی داگیرساند، ئەوان تێگەیشتن، بە شەو چوونە گردی یارە، ئاگریان کردەوە و ڕایان کرد.

**ڕامان:** ئەوانە کێ بوون؟

**ئەحمەد زرنگ:** حاجی عەلی ماستاوی تێدا بوو، باقی بەنگینەی تێدا بوو، ناوەکانم بە تەواوی لەبیر نەماوە، ئەمانە قوتابیانی زانستی بوون. دە پازدە گەنجی ئەوکاتە بوون.

**ڕامان:** ئەمە ساڵی چەند بوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** ساڵی سی و نۆ بوو.

**ڕامان:** پیرەمێرد ئەو کوردی زانینەی، لەکوێ فێر بووە؟ ئایا باسی نەکردووە ئەو کوردییە لە کوێ فێر بووە؟

**ئەحمەد زرنگ:** باسی نەکردووە، بەڵام مستەفا ساڵح کەریم لە پێشەکی دیوانەکەی هەندێ شتی نووسیوە، تۆ دیوانەکەی پیرەمێردت دیوە؟

**ڕامان:** ئەوەی چوارکەس دەری کردووە، مەحموود محەمەد ئەحمەد، حەمەنووری تۆفیق، مستەفا ساڵح کەریم، فایەق هوشیار، ئا بەڵێ ئاگام لێیەتی و خوێندوومەتەوە.

**ئەحمەد زرنگ:** ئەو لەوێ مێژووی ژیانی پیرەمێردی نووسیوەتەوە. دەڵێ لە حوجرەی فلان و فلان خوێندوویەتی، ڕاستە خوێندەواری کەم بووە، بەڵام زیرەک بووە. ئینجا دەڵێن کاتی خۆی شێخ سەعیدی حەفید لەگەڵ ئەو لە حەجەوە چوون بۆ تورکیا، سوڵتانی ئەوکاتە چاوی بە شێخ سەعید کەوتووە. کاتی خۆی لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی ئێراندا ناکۆکی لەنێوان تورکیا و ئێراندا هەبووە، سوڵتان بۆ شێخ سەعیدی گێڕاوەتەوە و وتوویەتی دەمەوێ کاغەزێک بنووسم، نازانم بە کێ بینووسم؟ ئەویش پیرەمێردی هان داوە کاغەزەکەی بە فارسی بۆ بنووسێ، کاغەزێکی بۆ نووسیوە. پیرەمێرد خۆشنووس بوو، خەتی زۆر خۆش بوو، کاغەزێکی بە فارسی بۆ شای ئێران نووسیوە، ئەو کاغەزەی ئەوەندە جوان بووە، ئەوەندە ڕەوانبێژی تێدا بووە، شای ئێرانیش دەمودەست کاغەزێکی بۆ سوڵتان نووسیوەتەوە و وتوویەتی کاغەزەکە زۆر جوانە، خەتەکە زۆر خۆشە، سوڵتان بەهۆی ئەو زیرەکی و کاغەز نووسین و ڕەوانبێژییەی بەکاری هێناوە پیرەمێردی خەڵات کردووە.

**ڕامان:** تۆ ئەم سەرگوروشتەیەت لەکوێ بیستووە؟

**ئەحمەد زرنگ:** ئەمەم لە حەپسەخانی نەقیب بیستووە، من منداڵ بووم دەیانگێڕایەوە، لە حەمە ڕەسووڵ هاوار و لە مەسعوود محەمەدم بیستووە.

**ڕامان:** مەسعوود محەمەدیش ئەوەی زانیوە و بیستووە؟

**ئەحمەد زرنگ:** ئێمە لە پەنجاو چواردا لەگەڵ مەسعوود محەمەد پێکەوە بووین، باسی ئەوەت بۆ بکەم...

**ڕامان:** با بەپێی قۆناغ و ساڵ بڕۆینە پێشێ.

**ئەحمەد زرنگ:** پیرەمێرد خوێندەواریی کەم بوو، بەڵام زیرەک بوو، دەڵێن لە حوجرەدا موناقەشەی مامۆستاکانی دەکرد و بە شیعر وەڵامی دەدانەوە.

**ڕامان:** مەبەستم ئەو کوردی زانینەی پیرەمێردە، کە شێوەزارەکانیشی زانیوە، بۆ نموونە شێوەزاری هەورامی زانیوە کە زۆر شیعری بەهۆیەوە کردۆتە کرمانجی ژێری، مەولەوی، بێسارانی، وەلی دێوانە و ئەمانەی کردۆتە کرمانجی خواروو و هەموو ئەمانە لەناو ڕۆژنامەی (ژین)دا هەیە، بۆیە دەمەوێ بزانم تێکەڵاویی لەگەڵ هەورامانییەکان هەبووە، ئایا لەوێ ژیاوە؟ ئەو شێوەزاری هەورامییە لە کوێ فێر بووە؟

**ئەحمەد زرنگ:** پێش ساڵێک خالیدی شێخ محەمەدی خاڵ شتێکی بۆ گێڕامەوە، وتی باوکم بۆی گێڕاومەتەوە کە جارێکیان لەگەڵ پیرەمێرد بەرەو هەورامان، بۆ سەرمەزاری مەولەوی چوون، یەکێک لە کارەکانی ئەوە بووە کە بە ئاهەنگ قەبری مەولەوی هەڵبەستێ، بەداخەوە فریای ئەوە نەکەوت. وتی کە گەیشتینە ئەوێ، پیرەمێرد لەسەر گۆڕەکەی مەولەوی حاڵی لێ هات، سەری خستە سەر گڵەکە، خەڵکەکە وەستابوون، وتیان ئەوە چییە؟ شێخ محەمەدی خاڵ وتوویەتی وازی لێ بێنن، ئەمە حاڵی لێ هاتووە و شیعری بۆ هاتووە و دەیڵێ. دەیوت یەک چارەک بەو نەوعە کەوتبوو، پاشان هەستاوەتە سەرپێ. زۆر موعجەب بوو بە بێسارانی، بە

مەولانا خالید، بە مەولەوی، من ئاگادارم لە قەلەندەرخانەکەی زۆر باسی ئەوانەی دەکرد.

**ڕامان:** ئەی خوێندنەوەی چۆن بوو؟ چی دەخوێندەوە و کەی دەیخوێندەوە؟

**ئەحمەد زرنگ:** نووسین و شیعر و خوێندنەوەی هیچی لە دەفتەردا نەبوو، شیعرێکی بۆ دەهات لە پارچە کاغەزێکدا دەینووسی و دایدەنا. دیوانی شاعیرەکانیشی لەلا بوو.

**ڕامان:** بە تایبەتی هی کێی لەلا بوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** پیرەمێرد دەستنووسێکی هەبوو هی مەحموود پاشای جاف بوو، ئێستاش لەبیرمە هادی سائیب کە خوشکەزای بوو، تومەز ڕایان سپاردبوو ئەو دەستنووسەی لێ بدزێ، ئیتر نازانم کە بردی دابووی بە کێ؟ بەڵام ئەوەم لەبیرە.

**ڕامان:** دەبێ هەر ئەو کەشکۆڵە بێ، کە بە کەشکۆڵی مەحموود پاشای جاف ناسراوە.

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ ئەم کەشکۆڵەیە.

**ڕامان:** ئەم کەشکۆڵە ئێستا لەلای حەمەی مەلا کەریمە.

**ئەحمەد زرنگ:** ئەوە لەلای پیرەمێرد بوو و هادی سائیب لێی دزیوە.

**ڕامان:** دواتر جافەکان داویانە بەو بۆ ئەوەی ساغی بکاتەوە و چاپی بکات، ئیتر ئەوە ساڵانێکە لەلایەتی و تەواو نەکراوە.

**ئەحمەد زرنگ:** ئەوەی لەلا بوو، هەروەها زۆر شتی تری لەلا بوو. نەجمەدین مەلا زۆر موعجەب بوو بە پیرەمێرد، ئەویش ئینسانێکی زیرەک بوو، بەردەوام دیوانی شاعیرەکانی دەنووسییەوە و خەریکی نووسین و نووسینەوە بوو.

**ڕامان:** پێوەندی پیرەمێرد لەگەڵ نەجمەدین مەلادا چۆن بوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** بەردەوام لەلای بوو، زۆر هاتوچۆی دەکرد. ئیتر من لە چل و حەوتەوە لەوێ دابڕام، کاتێک پیرەمێرد کۆچی دوایی کرد من لە کەرکووک دامەزرابووم.

**ڕامان:** لە چل و حەوت لە شاری سلێمانی و چاپخانەکە و پیرەمێردی باپیرت دابڕایت؟

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ.

**پیاوانی ئایینی زەمانی پیرەمێرد وایان خستبووە بیری بەرپرسانەوە کە پیرەمێرد ئاگرپەرستە، بۆیە نەورۆز دەکاتەوە.**

**ڕامان:** تا ساڵی پەنجا کە باپیرت کۆچی دوایی کرد نەهاتیتەوە؟

**ئەحمەد زرنگ:** ساڵی پەنجا بوو من هاتمەوە بۆ شاری سلێمانی و لە سلێمانی تاقیکردنەوەی پۆلی پێنجەمم دا، ئەوکات شەشی ئامادەیی نەبوو. ئێستاش لەبیرمە لە هۆڵی ئەم ئامادەییەی سلێمانی کە تازە دروست کرابوو، ئێمە تاقیکردنەوەمان دەدا، نۆزدەی حوزەیران بوو، نەجمەدین سائیب وەک موتەسەڕیفێک هۆڵەکەی بەسەر دەکردەوە و بەناویدا دەسووڕایەوە. وتی تۆی ئەحمەد زرنگ؟ وتم بەڵێ. وتی تاقیکردنەوەکەت تەواو کرد؟ وتم بەڵێ. جا بەڕاستی تەواوم کردبوو. وتی ئەی بۆ دەفتەرەکەت نادەی؟ وتم ئێستا دەیدەم. وتی ڕاست بچۆرەماڵەوە باپیرت کۆچی دوایی کردووە. ئەو هەواڵە ئەو پێی وتم، ئێستاش لەبیرمە.

**ڕامان:** تۆ لەو کاتەدا هەستت بە چی کرد؟

**ئەحمەد زرنگ:** زۆر پێم ناخۆش بوو، بە ئوتومبێلێک ناردمییەوە ماڵەوە، بەپێ نەیناردمەوە.

**ڕامان:** لەبیرتە ڕێوڕەسمی بەخاک سپاردنەکەی چۆن بوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** کە چووم حەپسەخانی نەقیب لەوێ دانیشتبوو.

**ڕامان:** هەر لە قەلەندەرخانەکە بوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** لە قەلەندەرخانەکە بوو. ئیتر پاش ئەوە بیرمە ئەمین بەگ باوکی جەلالی ئەمین بەگ، شێخ محەمەدی خاڵ، قانیع هاتن و خەڵک کۆبوونەوە، بەڵام دیم ئەمین بەگ و شێخ محەمەدی خاڵ ئاو بە چاویاندا دەهاتە خوارەوە. ئینجا مەلا مستەفا هات.

**ڕامان:** مەبەستت مەلا مستەفای سەفوەتە؟

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ، جا مەلا مستەفای حاجی ڕەسووڵی پێ دەڵێن. ئیتر خەڵک کۆبوونەوە، حەشاماتێک کۆبووەوە و بردمان بۆ گردی یارە. مەحموود هەبوو کە بە خولە درێژ ناسرابوو، زۆر دڵسۆزی پیرەمێرد و جەمیل سائیب و ئەوان بوو. بە تاقی تەنیا لایەکی جەنازەکەی هەڵگرت، تا سەرەوە بەری نەدا. ئیتر لەسەر وەسیەتی خۆی پیرەمێردیان لەوێ ناشت. لەپاش کۆچی دوایی ئەو، ماوەیەک ڕۆژنامەکە وەستا، دواتر جەمیل سائیب درێژەی پێ دا و بوو بە سەرنووسەری.

**ڕامان:** هەڵوێستی ئەو شاگرد و خەڵکەی کە لەوێ

لەلای بوون و لەگەڵ پیرەمێرد ئیشیان دەکرد، ئەمانە هەستیان چۆن بوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** زۆر دڵتەنگ بوون و بەشێکیان دەگریان.

**رامان:** ئەمانە دوای کۆچی دوایی پیرەمێرد ئەوییان بەجێ نەهێشت؟

**ئەحمەد زرنگ:** نەخێر بەجێیان نەهێشت، ئەحمەد و عەلی و لەتیف مانەوە و مەجید ناکام کە ئەو وەختە لەوێ نەمابوو، بەڵام ئەو رۆژە کە بیستی یەکسەر هات.

**رامان:** پاشان کێ سەرپەرشتی ئەو چاپخانەیەی کرد؟

**ئەحمەد زرنگ:** جەمیل سائیب ئەو ئەرکەی گرتە ئەستۆی خۆی.

**رامان:** نەیهێشت بۆشایی دروست ببێ و دەمودەست درێژەی بە ئیشەکەدا؟

**ئەحمەد زرنگ:** ئیمتیازەکە بەناوی وەرەسەوە بوو، خۆشی سەرنووسەر بوو. واتە جەمیل سائیب بوو بە سەرنووسەر و ئیمتیازەکەش بە ناوی دایکمەوە بوو کە تاقە وەرەسەی پیرەمێرد بوو.

**رامان:** پاش مردنی پیرەمێرد دایکت وەک وەرەسە بووە خاوەن ئیمتیاز و جەمیل سائیب-ش بوو بە سەرنووسەر؟

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ، لە پەنجاو یەکدا جەمیل سائیب-یش کۆچی دوایی کرد.

**رامان:** جەمیل سائیبی خوشکەزای سەرنووسەر و وەرەسەی پیرەمێرد بووە خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەکە، ئەو رەزامەندییەش لە بەغدا وەرگیرا؟

**ئەحمەد زرنگ:** هەمووی لە بەغدا کرا.

**رامان:** ئەم کارانە لە سنووری دەسەڵاتی شاری سلێمانیدا نەبوون؟

**ئەحمەد زرنگ:** نا لە سلێمانی نەبوو. وەک پێشتر وتمان لە بەغدا لە وەزارەتی ناوخۆ بوو.

**رامان:** ئینجا ساڵی پەنجا و یەک جەمیل سائیب کۆچی دوایی کرد. نووری ئەمین بوو بە سەرنووسەر. زەحمەت نەبێ تۆزێک باسی ئەو کەسایەتییەمان بۆ بکە؟

**ئەحمەد زرنگ:** کەسێکی پارێزەر بوو، کوڕی ئەمین بەگ بوو، برای جەلال ئەمین بەگ کە ئێستاش ماوە، بەڵام وەک سەعید ناکام چۆن دەڵێی نایەتە دەرەوە و حەواسی نییە، ئاوایە.

**رامان:** شتی لەبیر ماوە؟

**ئەحمەد زرنگ:** نەوەڵڵا.. خۆی بە پارێزەرایەتییەوە سەرقاڵ کردبوو. حەزی نەدەکرد ببێ بە سەرنووسەر، تەنانەت پاش ساڵێک وازی لێ هێنا.

**رامان:** ئەی پێشتر هیچ پاشخانێکی ئیشکردنی لەبواری رۆژنامەنووسیدا هەبوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** نەخێر تەنیا کوڕی ئەمین بەگ بوو، یاساناس بوو، ئەمین بەگ زۆر پیرەمێردی خۆش دەویست، خزمایەتیشمان لەگەڵیان هەبوو، بەردەوام لە قەلەندەرخانەکەی بوو.

**رامان:** ئاخر لە کاری رۆژنامەنووسیدا ناسیاوی و خزمایەتی نایخوات، رێز و خۆشەویستی و برایەتی هەموو شتێک نییە، ئەوکەسەی دەبێ بە سەرنووسەر پێویستە کەسێک بێ لە پیشەکە شارەزابێ و بەگشتی زانیاری لەبارەی هەموو شتێکەوە هەبێ.

**ئەحمەد زرنگ:** ئەو کاتە بۆ یەکێک دەگەڕان کە پارێزەر بێ و یاسا بزانێت، ئەو کوڕی ئەمین بەگەیان بۆ رۆژنامەکە دەستنیشان کرد.

**رامان:** دەبێ هاوکارییان کردبێ؟ کێ هاوکاری دەکرد و لە پەناوە یارمەتی دەدا؟

**ئەحمەد زرنگ:** ئەوکاتە گۆران هاوکاری دەکرد.

**رامان:** لە ماوەی ئەو ساڵەدا کە ئەو سەرنووسەر بوو یارمەتی دراوە، ئەی دواتر خۆ گۆران-یش بوو بە سەرنووسەر.

**ئەحمەد زرنگ:** گۆران سەرنووسەر بوو، ئیمتیازەکە بەناوی دایکمەوە بوو.

**رامان:** ئەی نووری ئەمین کاری لە رۆژنامەکەدا چ بوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** ماوەیەک سەرنووسەر بوو، بەڵام ئەوکاتەش گۆران سەرنووسەری فیعلی بوو.

**رامان:** منیش روونکردنەوەی ئەوەم مەبەستە.

**ئەحمەد زرنگ:** لە کۆتایی پەنجا و دووەوە گۆران هاتە رۆژنامەی ژین و بەڕێوەی برد و زۆر باشیش بەڕێوەی برد، نووری ئەمین بۆ لایەنە یاساییەکەی بەرپرسیار بوو.

**رامان:** وەک لایەنە یاساییەکەی ناوی لەسەر رۆژنامەکە دانرابوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ.. پاشان نووری ئەمین وازی هێناو منیش ئەوکاتە خوێندنم تەواو کرد. لە مانگی شەشی ساڵی پەنجا و چوار، عەلی سائیب کوڕی جەمیل سائیب کاتێ مەحموود بابان وەزیری داد بوو، لەلای ئەو بەڕێوەبەری تەشریفاتی گشتی بوو.

**رامان:** لە بەغدا بوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ، عەلی سائیب منی دەناسی، ئێستاش لەبیرمە وتی خوێندنت تەواو کرد، وتم بەڵێ. وتی پلەکانت چۆنە؟ وتم بە باش دەرچووم. ئیتر ئەو کاتە زۆر باش هەبوو، باش هەبوو. دە پازدە کەس بە باش دەردەچوون. وتی دەبێ تۆ بچی بۆ فەرەنسا، وتم ئارەزووی خۆتە. مەحموود بابان و ئەو ڕەزامەندییان بۆ وەرگرتم تا لەسەر حیسابی حکومەت بچم بۆ فەرەنسا یاسای نێودەوڵەتی بخوێنم. ئەوکاتەی من لە بەغدا خەریکی ئەو کارانە بووم فایق هوشیاری کاکەم لە سلێمانی سەرۆکی شارەوانی بوو. برووسکەیەکم بۆ هات دەڵێ موتەسەریف شامیل یەعقووبی داوات دەکات. هاتمەوە بۆ سلێمانی، ئەوکاتە موتەسەریف هەموو شتێک بوو.

**ڕامان:** ئەو موتەسەریفە هیچ خزمایەتی لەگەڵ مەجید یەعقووبی هەبوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** شامیل یەعقووبی برازای مەجید یەعقووبییە، بەڵام پیاوێکی باش بوو. ئەویش پیاوی باش بوو، باخچەی گشتی سلێمانی و شەقامی مەولەوی هەمووی ئەو کردوویەتی.

**ڕامان:** لەسەردەمی مەجید یەعقووبی کراون؟

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ لە سی و نۆدا زۆر خزمەتی شاری کرد، هاتمەوە و چوومە لای شامیل یەعقووبی، وتی پیرەمێرد باپیرتە و نابێ ڕۆژنامەکەی بفەوتێ، گۆران-یان گرتووە، ئەوکاتە گۆران کە سەرپەرشتی ڕۆژنامەکەی دەکرد گیرابوو، گۆران-یان لەسەر ئەوە گرت کە شیوعی بوو، ئەمە لە مانگی حەوتی ساڵی پەنجا و چوار بوو، وتم من بۆ خوێندن دەچمە دەرەوەی وڵات. وتی لەگەڵ کاکت ڕێکەوتووین. تەلەفونی بۆ کرد ئەویش هات و پێکەوە منیان قایل کرد کە ببم بە سەرنووسەری ڕۆژنامەکە. ئەوکاتە شێخ محەمەدی خاڵ قازی بوو، سەعید ناکام موعەقیبیش بوو و ئەرزوحاڵیشی دەنووسی. وتیان تەمەنت شیاو نییە، ئەوسا دەبوو تەمەنی بەرپرسیار و سەرنووسەری ڕۆژنامەکە بیست و ئەوەندە ساڵ بوایە. داواکارییەکیان بەناوی منەوە پێشکەش کرد و ناردیان بە شوێن سەعید ناکام-دا (کە ڕۆیشتیتەوە لێی بپرسە) ئەو ئەرزوحاڵەکەی بۆ نووسیم. ئەوکاتە ڕاستکردنەوەی تەمەن لە دادگەی شەرعی دەکرا، قازی شێخ محەمەدی خاڵ حوکمی بۆ دەرکردم، بە شایەتی دوو کەس من سی و دوو بووم، لە سی و دووەوە کردیانە سی و تەمەنیان گەورە کردم.

**ڕامان:** سەعید ناکام عەریزەنووسیش بوو، موعەقیبیش بوو، موعەقیبی چی بوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** سەعید ناکام پیاوێکی زیرەک بوو، شتی دەنووسی، بەردەوام جانتایەکی پێ بوو.

**ڕامان:** نازانیت موعەقیبی چی بوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** نازانم، بەڵام لە دادگە بوو، عەریزەی دەنووسی، ئێمە لە ئەنجوومەنی شارەوانی بووین. ئەوکاتە ئەو نوێنەری کرێکاران بوو، سەعید ناکام خۆی شیوعی بوو. دەهات لە ئەنجوومەنی شارەوانی موناقەشەی لەگەڵ دەکردین و داوای مافی کرێکارانی دەکرد، بۆیە وازم لەبیری چوونە دەرەوە بۆ خوێندن هێناو بوومە سەرنووسەری ڕۆژنامەی ژین. ئەوکاتانە پارێزەریشم دەکرد، ڕۆژنامەشم دەردەکرد. لە پەنجا و شەشدا دیم ڕۆژنامەکە ناوبانگی زۆر بڵاوە، لە ئەمریکاوە، لە ئێرانەوە داوایان دەکرد. هەفتەی جارێک دەردەچوو خۆی دەژیاند، داهاتی ماددی بۆ منیش هەبوو. پارەی مەرەکەب و کاغەز و کرێکارانمان لێ دەدا، عەلائەدین سەجادی ڕۆڵێکی گەورەی لە ڕۆژنامەی (ژین)دا بینی، چونکە هەرچی پیت و مەرەکەب و کاغەز بوو، هەمووی لە بەغداوە بۆمان دەنارد، ئەو بۆی دەناردین. ئەو بێ حیساب بۆی دەناردین، پاشان پارەم بۆ دەنارد.

**ڕامان:** ئەوکاتە مامۆستا سەجادیش لە چاپخانەی مەعاریف بوو، وەک بزانیت هیچ پشکێکی لەو چاپخانەیەدا هەبوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** نازانم، بەڵام بەردەوام لەوێ بوو. من چووم بۆ بەغدا، وتم وەزعی ڕۆژنامەکە زۆر باشە، وتی ئەی بۆ نایکەیت بە هەفتەی دووجار، وتم پێشنیارێکی باشە، چاپخانەکە بە دەست بادەدرا، پارەم نەبوو، لە بانقی پیشەسازی دوو سێ هەزار دینارم وەرگرت و هەزار دیناریشم لەحاجییەکی ناو بازاڕ سەند و چاپخانەیەکم کڕی.

**ڕامان:** ناوی حاجییەکە چی بوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** ناوی ناڵێم.

**ڕامان:** ئەوە مێژووە، بیڵێیت باشترە!

**ئەحمەد زرنگ:** حاجی ئەحمەدی کەریم ئاغا بوو، هەزار دیناری بە قەرز دامێ.

**ڕامان:** ئەوە هەستێکی جوانە کەسێکی بازرگان بۆ کڕینی چاپخانە هاوکاری خەڵکی بکات.

**ئەحمەد زرنگ:** هەر چۆنێک بێت بە هەوڵی عەلائەدین

سەجادی چاپخانەیەکمان کڕی، وابزانم چاپخانەکە ناوی چاپخانەی مەعاریف بوو.
**ڕامان:** کەی ئەو چاپخانەیەتان کڕی؟
**ئەحمەد زرنگ:** ڕێک پەنجا و شەش بوو.
**ڕامان:** دوای کڕینی ئەو چاپخانە نوێیە، ئەوەی پیرەمێردتان پشتگوێ خست؟
**ئەحمەد زرنگ:** نا ئەوەمان هێشتەوە، بەڵام نوێیەکە ئۆتۆماتیک بوو، بە کارەبا ئیشی دەکرد و کاغەزی هەڵدەگێرایەوە و چاپی دەکرد و دەهاتودەچوو، وەک ئەوەکەی تر بەدەستی نەبوو.
**ڕامان:** ئەو چاپخانەیەشتان بردە ئاشی عەلەتریک داتاننا؟
**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ، داهاتی چاپخانەکە زۆر بوو، منیش بەدەمییەوە پارێزەریم دەکرد، لە مانگێکدا شەش سەد دینارم دەست دەکەوت، ئەوسا فەرمانبەرێک بە هەژدە دینار دادەمەزرا، من مانگی شەش سەد دینارم دەست دەکەوت.
**ڕامان:** ئەمە تەنیا لە بەروبوومی ئەو چاپخانە نوێیە بوو؟
**ئەحمەد زرنگ:** لە بەروبوومی ئەو چاپخانەیە و کاری پارێزەریی خۆم بوو.
**ڕامان:** بێجگە لە چاپکردنی ڕۆژنامەکە شتی تریشتان چاپ دەکرد؟
**ئەحمەد زرنگ:** لەم دواییەدا کەوتینە چاپکردنی کتێب و کارت و بیتاقە و ئەو شتانە...
**ڕامان:** چ ساڵێک بوو چاپی کتێب و شتی تر لەلای ئێوە دەستی پێ کرد؟
**ئەحمەد زرنگ:** لە پەنجا و حەوتەوە.
**ڕامان:** چۆن ئەو چاپخانەیەتان دانا و جێتان بۆ کردەوە؟
**ئەحمەد زرنگ:** چاپخانەکە جێی نەبوو، لەبەر ئەوەی گەورە بوو، خوارەوەمان بۆ ڕووخاند و کردمان بە ژوورێک. پاشان کارەبا کێشە بوو، چوومە لای موتەسەریف، وتمان کارەبامان دەوێ. سێ هێڵ (سێ فێس) ئەوکاتە نەبوو، هێڵێکی تایبەتیان بۆ هێنایین و ئەوەشمان چارەسەر کرد، ئینجا عەلائەدین سەجادی وتی چاپخانەیەکی بچووک بێنن، بۆ ئەوەی کارت و کتێبی پێ چاپ بکەن، مەبەستی کتێبی بچووک بچووک بوو.
**ڕامان:** بەڵام نەدەبوو خوارەوەی بۆ بڕووخێنن و هەمووی بکەنە ژوورێک، تا شێوەی کارکردنی سەردەمی پیرەمێرد وەک خۆی بمێنێتەوە. لە ئێستاشدا ئەگەر بڕیار درا ئەم خانووە بکرێتە موزەخانەیەک بۆ پیرەمێرد و چاپخانەکەی، دەبێ وەک خۆی لێ بکرێتەوە.. بە هەرحاڵ بەم چاپخانەیەتان بیتاقە و ڕیکلامی سینەماشتان پێ چاپ دەکرد؟
**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ کە ئەو چاپخانەیەشمان کڕی و هێنامان، ئەویش هەر بە کارەبا ئیشی دەکرد، کاغەزەکەت دادەنا، بۆ چاپی کتێبێک کە دوو پەڕەت دادەنا (کاغەزی بچووک، بچووک) دەیبرد چاپی دەکرد و دەیهێنا و دەیبرد، کتێبمان بەوە چاپ دەکرد.
**ڕامان:** لەبیرتە ئەو کتێبانەی چاپتان کردوون چی و چی بوون؟
**ئەحمەد زرنگ:** قەڵای دم دم-ی مستەفا ساڵح کەریم-م لەبیرە، کتێبی (کەمانچەژەن)ی پیرەمێردمان چاپ کردەوە، دواتر سەرجەم کتێبەکانی پیرەمێردمان چاپ کردەوە. هەتا شەست و سێ بەم جۆرە درێژەمان بە کارەکانمان دا، بەڵام خوا هەڵناگرێ نەجمەدین مەلا، ئەحمەد هەردی، قانیع، عومەر عارف، ساڵح سەعیدی برای ئەم سەرۆکی زانکۆیەی ئێستا بیست و چوار سەعات لەلامان بوون، دەهاتن بۆ لام و یارمەتی زۆریان دەدام.
**ڕامان:** برای د. عەلی سەعیدی سەرۆکی زانکۆی سلێمانی؟
**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ.
**ڕامان:** شێوەی یارمەتییەکە چۆن بوو؟
**ئەحمەد زرنگ:** شتیان دەنووسی، شیعریان دەنووسی، وتاریان دەنووسی، بابەتیان وەردەگێڕا، حەمەی عەبابەیلێ، دەزانی حەمەی عەبابەیلێ کێیە؟ کاکەی فەللاح بوو. قادر برسی-یش دەهات، قادر برسی پیاوێکی زۆر زیرەک بوو، ئەویش شیعری بۆمان دەنووسی.
**ڕامان:** ئێستا لە بەغدا دادەنیشێ.
**ئەحمەد زرنگ:** ئەو ڕۆژە دیم نەمناسییەوە، وتم قادر گیان ببوورە چاوم کز بووە، شیعرێکی شەعبی بۆ خوێندمەوە. سەفوەت دەهات. کچێک وەزیر بوو لە زەڕەدا دکتۆرای هەبوو.
**ڕامان:** شەونم عەبدولقادر بەرزنجی.
**ئەحمەد زرنگ:** باوکی ئەویش دەهات، پیاوێکی بەڕێز بوو، حەزی لە کوردایەتی و لە ئەدەبی کوردی دەکرد.

ئەمانە و زۆر کەسی دیکە دەهاتن بۆ لام، کەمال فوئاد ئەوکاتە لە لەندەن بوو، لەوێوە قوتابییانی ڕێک دەخست، لە لەندەنەوە کاغەزی بۆ دەنووسیم و شتی بۆ دەناردم. فوئادی ساڵحە ڕەشە و ئەمانە لەوێ بوون. هەتا شەست و سێ گرتیانین، ئێمەیان گرت و دوو مانگ دەست بەسەریان کردین، ئاگامان لە ماڵ و منداڵ و لەچاپخانە نەما، لە بەندیخانە بیستم چاپخانەکەیان حیجز کردووە و سەرباز چۆتە ناوییەوە و پیتەکانیان بۆ بەغدا ناردووە. پاش دوو مانگ هاتمە دەرەوە، چوومە سەیری چاپخانەکەم، تەماشا دەکەم سەربازێک بە چەکەوە لەبەر دەرگاکە وەستاوە. وتم ئەمە چییە؟ وتی فەرمانمان پێ کراوە کەس نەیەتە ئێرەوە. وتم دەهێڵن خەڵکی شت لێرە چاپ بکەن؟ وتی بچۆ ڕەزامەندی بێنە. وتم من خاوەنی چاپخانەکەم دەڵێیت بچۆ ڕەزامەندی بێنە؟ ئەی پیتەکان کوان؟ وتی براوە بۆ بەغدا. وتم بۆچی براوە بۆ بەغدا؟ وتی: نازانین. موتەسەڕیف کابرایەکی خەڵکی مووسڵ بوو، منی بانگ کرد وتی ڕۆژنامە و چاپخانەکەت دەدەمەوە، ڕۆژنامەکەت دەربکەرەوە، تۆ بە هەڵە گیراویت. منیش دەمزانی مەبەستی چییە. وتی ڕۆژنامەکەت دەدەینەوە، پارێزەربی خۆت بکە، ئیمتیازەکەشت وەردەگریتەوە بە مەرجێک... من ئەو کاتە ئەو قسانە نەچوونە ئەقڵمەوە، چونکە دەبوایە هەرچی لە بەعسییەکانەوە بهاتایە، من ئەوەم چاپ بکردبایە.

**ڕامان:** کاتی کودەتای بەعسییەکان بوو.

**ئەحمەد زرنگ:** لە شەست و سێ کە بەر بووم، ئەم بارودۆخە هەتا شەست و شەش درێژەی کێشا. ئەوەبوو عەزیز تاڵیب-یان لە مووسڵەوە هێنا، ڕۆژنامەی (ژین)یان پێ دەرکرد، ئێستاش بیرمە ئەو پیاوە خەڵکی مووسڵ بوو.

**ڕامان:** بۆ ڕاستکردنەوەی قسەکەی جەنابت ڕۆژنامەی (ڕاپەڕین)یان دەرکردووە، نەک ڕۆژنامەی (ژین)، عەبدولعەزیز تاڵیبی-یە نەک عەزیز تاڵیب. لە مووسڵەوە نەیانهێناوە، بگرە مووسڵاوی بوو و لە سلێمانی فەرمانبەر بووە و خزمی عەبدولڕەزاق سەید مەحموودی موتەسەڕیفی ئەوکاتە بووە. کە هەر لە هەمان چاپخانە ڕۆژنامەکەیان چاپ کردووە و لەبەر ڕیکلام (ئیعلانات) دەبوایە ڕۆژنامەیەک لە شارەکەدا هەبێ، بۆیە (ڕاپەڕین)یان دەرکردووە، کە ۲۰۷ - ۲۰۸ ژمارەیان پێ چاپ کردووە.

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ.

**ڕامان:** کێ چاپخانەکەی بۆیان دەگێڕا و هاریکاریی دەکردن؟

**ئەحمەد زرنگ:** ئەوە نازانم، چونکە من ئەوکاتە لە هەڵەبجە دامەزرام، ساڵێک لە هەڵەبجە بووم، پاشان بۆ دیوانیە گواستمیانەوە. عەزیز شێخانی لەوێ لە دادگە کاتبی ئەوەڵ بوو، وتی تۆی ئەحمەد زرنگ؟ وتم بەڵێ. وتی هەرگیز بڕوامان نەدەکرد ببی بە حاکم و لێرە دامەزرێیت. وتم منیش بڕوام بەوە نەدەکرد، ئەم بەعسە و ئەم گرتنە نەبوایە دابمەزرابام. پێش ئەوەی لە هەشتی شوبات کودەتاکە ببێ هێشتا ئێمەیان نەگرتبوو، لە مانگی شەشدا گرتیانین و ڕۆژنامەکەیان داخست، هەموو ڕۆژنامەکانی عیراقیان داخست. دەبوایە سەرلەنوێ ئیمتیازەکەت تازە بکردایەتەوە. منیش وەک جاران داواکارییەکم پێشکەش کرد و هەموو بەڵگەنامەکانم ئامادەکرد و بۆ وەزارەتی ئیرشادم نارد. پاش مانگێک دەنگ نەبوو. چوومە بەغدا بابا عەلی کوڕی شێخ مەحموود وەزیری گەیاندن بوو، فوئاد عارف وەزیری کشتوکاڵ بوو، لەگەڵ هەردووکیان چوومە وەزارەتی ئیرشاد وتیان هەموو شتێکت تەواوە، بەڵام ئیمتیازی ڕۆژنامەکەیان نەداینەوە، پاشان چووین بۆ لای وەزیری ئیرشاد و لەلای دانیشتین، ئەویش وتی بەسەرچاو، بەڵام تا گرتیانین ئیمتیازەکەیان نەدایەوە. ئێستاش سەرم لەوە سوڕماوە سێ مانگ بە دوو وەزیرەوە، ئیمتیازی ڕۆژنامەکەیان نەدامەوە.

**ڕامان:** دوا ژمارەتان کەی دەرکرد و ژمارە چەند بوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** بە تەواوەتی نازانم، بەڵام پێش هەشتی شوباتی ۱۹٦۳ ڕۆژی پێنج شەممە بوو، دوامین ژمارەمان دەرکرد. ئێمە کە ڕۆژنامەمان دەردەکرد دوو دانەمان بۆ کتێبخانەی گشتی دەنارد و ئەوان دەیانپاراستن.

**ڕامان:** هیچ جارێک لەسەر نووسینی وتارێک تووشی گرفتاری و کێشە هاتوون؟

**ئەحمەد زرنگ:** کە ئیتیحادی هاشمی بوو وتارێکم نووسی تیایدا نووسیبووم ئاڵای عیراقی چی بەسەر هات؟ چونکە کە ئیتیحادی هاشمی بوو ئاڵایان گۆڕی و دوو ئەستێرەی ئاڵاکە نەما. من نووسیبووم یاسای ئاڵای عیراقی چی بەسەر هات و ناوی کورد چی لێهات؟ ئینجا سەعید قەزاز بانگی کردم، وتی ئەوە چیت نووسیوە؟ ڕۆژنامەکەی تۆ سیاسییە، یان ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی؟

وتم باسی یاسای ئالای عیراقیم کردووە. وتی ئەوە سیاسەتە تۆ نووسیوتە، ئیتیحادی هاشمی دانراوە. دەستی خستە سەر شانم و وتی ئیتر من ناتوانم پارێزگاریت لێ بکەم، لەمەودوا داویانە بە وەزارەتی ئیرشاد، من ئەم جارە واستەم بۆ کردووی، بەڵام ئینزارێکت دەدەنێ. هەرواش بوو دواتر ئینزارێکیشیان دامێ.

**رامان:** لەکاتی کارکردنتدا هەر ئەو ئینزارەت وەرگرتووە؟

**ئەحمەد زرنگ:** لە زەمانی عومەر عەلی-شدا ئینزارێکی ترم وەرگرت. کە پەنجا و شەش شێخ مەحموود کۆچی دوایی کرد، شێخ لەتیف تەوقیف بوو، لە سلێمانی خۆپیشاندانێکیان ساز کرد تا شێخ لەتیف بەر بدرێ. لە خۆپیشاندانەکەدا ئەختەری ژنی ڕەشۆڵ کوژرا، پاش ئەوە ژمارەیەکمان دەرکرد وێنەیەکی شێخ مەحموودم داناو لەژێر وێنەکەدا وتارێکم بەناوی (دایکی خاک بردییەوە بۆ خۆی) نووسی. پێنج شەممە، یان دووشەممە بوو، بە تەواوی نازانم، چونکە دووشەممان و پێنج شەممان ڕۆژنامەمان دەردەکرد، هەر ئەوەندەم زانی وتیان عەلی ئەسعەد هات، لەگەڵ ئەحمەد وتیان ئەمن کەوتوونەتە ناو بازاڕەوە و ڕۆژنامەی (ژین)یان کۆکردووەتەوە و قەدەغەیان کردووە. عەلی ئەسعەد ڕۆژنامەکەی بڵاو دەکردەوە چاوی ئەوەندە دەرپەڕیبوو. ئەوەبوو منیان بۆ موتەسەڕیفیەت بانگ کرد. موتەسەڕیف وتی ئەمە چیت نووسیوە؟ وتم نازانم؟ چیم نووسیوە؟ ئەوکاتە گەنج بووم نەدەترسام. وتی تۆ خوێن دەڕێژیت. وتم بۆ خوێن دەڕێژم؟ وتی ئەی ئەمە چییە نووسیوتە؟ ڕۆژنامەکەی پێ نیشان دام، وتی بیخوێنەرەوە. وتم نووسراوە دایکی خاک بردییەوە بۆ خۆی. وتی دایکی خاک چی دەگەیەنێت؟ مانای وایە تۆ پێت وایە ئەمە مەلیکە و دایکی خاک بردوویەتییەوە بۆ خۆی؟ وتم هەر کەسێک ناودار بێ و نیشتمانیی بێ و بمرێ ئەو دەربڕینەی بۆ دەنووسم. وتی تۆ تەحەدای مەلیک دەکەی. وتم بابە ئەمە وانییە و بەهەڵە تێیان گەیاندوویت. موتەسەڕیف مەدحەت ئەفەندی بانگ کرد، مەدحەت ئەفەندی باوکی دکتۆر ئومێد، بەڕێوەبەری تەحریر بوو، تورکمانی خەڵکی کفری بوو. وتی مەدحەت تەرجومەی بکەرەوە. مەدحەت ئەفەندیش پیاوانە تەرجومەی کردەوە، بە تورکی قسەی لەگەڵ کرد و ئەو قسەیەی منی پێ وتەوە. من گەڕامەوە پێم وت خوێن نارێژم. خوێن ڕشتن ئەوەیە کە ڕۆژنامەکەیان کۆکردووەتەوە و بەم کارە خەڵکی ورووژان و هەستان. وتی قسە دەکەی؟ وتم ئەرێ بەخوا بەڕاستی قسە دەکەم. کەمێک بێ دەنگ بوو، وتی دەبڕۆ بڕۆ. بەڵام پاش ئەوە ئینزارێکی دامێ.

**رامان:** ئینزارەکە دەڵێ چی، وتراوە ئەوەی کردووتە دووبارەی نەکەیتەوە؟

**ئەحمەد زرنگ:** دەڵێت تۆ سیاسەت بڵاودەکەیتەوە، لەبەر ئەوە دەبێت دووبارەی نەکەیتەوە، ئەگینا جارێکی تر ڕۆژنامەکەت دادەخەین. پاشان کە ڕۆژنامەکەیان داخست نەمزانی بۆ داخرا، فەرمانێکم بۆ هات بە داخستنی. ڕەمزی سائیب تەلەفۆنی بۆ کردم، وتی ئەمە چییە؟ وتم نازانم چییە؟ وتی من لێی دەکۆڵمەوە.

**رامان:** ڕەمزی سائیب چی پیرەمێرد بوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** کوڕی جەمیل سائیبە و برای شازاد و ئازادە، ئەوکاتە لە وەزارەتی بەرگری عیراق ئەفسەر بوو. وتی لەگەڵ ئەحمەد سالح عەبدی (کە حاکمی سەربازیی گشتی بوو) قسەم کردووە، دەڵێ تۆ لەسەر کەرکووکت نووسیوە. عومەر بێ کەس لە کەرکووک ڕۆژنامەی (ژین)ی بڵاودەکردەوە، ئەویشیان گرت. وتی وەرە بۆ بەغدا دیدارێکم لەگەڵ ئەحمەد سالح عەبدی بۆت ڕێک خستووە. چووم بۆ وەزارەتی بەرگری، بردمیانە لای ئەحمەد سالح عەبدی، لەسەرەوە دانیشتبوو، سێ چوار پاسەوان وەستابوون، منیان کردە ژوورەوە. سەیرێکی کردم، ئەحمەد سالح عەبدی کابرایەکی تیکسمڕاو بوو، وتی تۆ ئەحمەد زرنگی؟ وتم بەڵێ. ئەوسا گەنج بووم، لە پەنجاو نۆدا بیست و نۆ ساڵ بووم. وتی ئەم هەرایە چییە لە کەرکووک ناوتەتەوە؟ وتم هەرای چی؟ وتی ئەوە ڕاپۆرتی ئەمن دەڵێت ڕۆژنامەی ژین قەدەغە بکەن نەیەت بۆ کەرکووک، چونکە هەرا دەنێتەوە. ئەوکاتە تورکمان و کورد و شیوعییەکان لە کەرکووک بوون. نووسرابوو وتار دەنووسێت و دەست لە کاروباری سیاسیی وەردەدات. دەزانی چیم بە ئەحمەد سالح عەبدی وت؟ وتم ئەو بەڕێوەبەری ئەمنە هەرا دەنێتەوە. وتی نا.. نا هێواش هێواش. وتم ئەم بەڕێوەبەری ئەمنە هەرای نایەوە کە ڕۆژنامەی (ژین)ی قەدەغە کرد، کە ئەمەی کرد بوو بە هەرا، ئەو هەرایە ئەو نایەوە من نەم ناوەتەوە، من باسی کورد و تورکمان و کەرکووکم کردووە، نازانم باسی چی خراپم کردووە؟ وتی یەک شتت پێ بڵێم، کورد دڵسۆزی ئەم وڵاتەیە، ئێستا پاسەوانەکانم هەموویان کوردن، وتی

من پشت بە پاسەوانی کورد دەبەستم، پشت بە پاسەوانی عەرەب نابەستم، لە پەنجا و نۆدا ئەم قسەیەی کرد. وتی دە برۆ وا ڕۆژنامەکەم دایتەوە، بەڵام ئاگات لەخۆت بێ، خەڵکی خراپ زۆرن. ئەوە بوو کە ڕۆژنامەکەیان داخستبوو، پاش ئەوە کردیانەوە.

**ڕامان:** ئەی لە سەردەمی پیرەمێرددا کێشەی لەو چەشنەت لەبیر مابێ چییە؟

**ئەحمەد زرنگ:** کێشەکانی ئەو زۆرتر بەهۆی نەورۆزەوە بوون.

**ڕامان:** لەسەر نووسین و شیعرە بڵاوکراوەکانی شاعیران و نووسەران هیچ قسەیەکت نەبیستووە؟

**ئەحمەد زرنگ:** دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ-یش لە یاداشتەکانیدا نووسیوبەتی شیوعیییەکان دژایەتییان کردووە. شیوعیییەکان لە چل و شەشدا ڕۆژنامەی ئازادی-یان دەردەکرد، دوو سێ دانەیان بۆ پیرەمێرد ناردبوو، پیرەمێرد خۆشیانی نەدەویست، بەڵام کە ڕۆژنامەی بۆ دەنێرن ویستوویانە ڕقی هەستێنن. ئەوان بەنهێنی بۆیان ناردووە، ئەویش لە ڕۆژنامەکەیدا نووسیوبەتی و دەڵێ حزبی شیوعی ڕۆژنامەی (ئازادی) بۆ ناردم. هەروەها نووسیویەتی ڕۆژنامەیەکی زۆر جوانە، دەست خۆشییان لێ دەکەم، توخودا گوێ مەدەن بە من و بە مەعرووف جیاووک. جارێکیان باسی نەورۆز دەکرا، وتیان مەلاکان دژایەتییان دەکرد. لە ڕاستیدا پیرەمێرد هەر شاعیر نەبوو، لە سییەکاندا شانۆگەری دەکرد، قوتابیانی زانستی دەهێنا مەم و زین-یان نیشان دەدا. لەبیرمە خەریکی نەورۆز بوو، خەریکی زانستی بوو، خەریکی هاندانی ژنان و کچان بوو بچنە بەرخوێندن، لەگەڵ حەپسە خانی نەقیبدا هەر خەریکی ئەوە بوون. وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەولێر پێش دوو ساڵ فیستیڤاڵێکی بۆ پیرەمێرد سازدا، نووسەرێک لەوێ وتی پیرەمێرد هەر شاعیر نەبوو، ئەو پازدە لایەنی پیرەمێردی باس کرد، یەکێک لەو کارانەی هەوڵی داوە لەگەڵ حەپسەخانی نەقیب کۆمەڵەیەکی ژنان لە سلێمانی دابمەزرێنێ. پیرەمێرد یەکەم پیاو بووە لەو کۆمەڵەیەدا بووە بە ئەندام. ئەو نووسەرە دەیوت ئەوکاتە کۆلکە مەلاکان دژایەتییان دەکرد، چونکە ئافرەتانی هان دەدا بچنە بەرخوێندن، پیرەمێرد خەڵکی هان دەدا بخوێنن و بچنە قوتابخانەوە.

**ڕامان:** بابەتی تۆمەتبارکردنی پیرەمێرد بەوەی پیاوی ئینگلیز بووە، لە چییەوە هاتووە؟ تۆ چۆنی تێدەگەی؟ یان چیت لە بارەی ئەو بابەتەوە بیستووە؟

**ئەحمەد زرنگ:** عەلی حوسێن بەگی جاف کە ئێستا لە هەولێرە، شتێکی بۆم گێڕایەوەو وتی من و کەمالی میرزا کەریم.

**ڕامان:** مەبەستت برای ئەمینی میرزا کەریمی نووسەرە.

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ، ئەوانە مامێکیان هەیە ناوی میرزا فەرەجە، کە خوشکەزای پیرەمێرد ژنیەتی، واتە مامی کەمال میرزا کەریم ئامۆژنەکەی خوشکەزای پیرەمێردە، لە چل و هەشت، چل و نۆدا بوو وتی من و کەمال چووین بۆ چاپخانەکەی پیرەمێرد، ئەوکاتە گەنج بووین، من لە ئەنسارولسەلام بۆ حزبی شیوعی کارم دەکرد، وتی ئاهەنگێکی شیوعی جیهانی هەبوو، بلیتێکمان هەبوو بردمان بۆ پیرەمێرد، وتمان ئەو بلیتەمان بۆ چاپ بکە. سەیرێکی کرد و وتی ئەو بلیتە چییە و بۆ چییە؟ پێم وت ئاهەنگمان هەیە و هی شیوعیە. وتی دانیشن. پرسیاری کرد تۆ کوڕی کێیی؟ وتم من کوڕی حوسێن بەگی جافم. وتی ئا باوکت زۆر دۆستمە. ئەی تۆ کوڕی کێیی؟ ئەویش وتی کوڕی میرزا کەریمم. وتی ئۆ ئێمە خزمین. داینایین پێش ئەوەی ڕازی بێت بلیتەکەمان بۆ چاپ بکات، ئامۆژگاری کردین، وتی کوڕم ئێوە گەنجن، بۆ خاتری خوا بۆ کورد هەوڵ بدەن. ئێمە موحتاجی شیوعیەتین، شیوعیەت موحتاجی ئێمە نییە. هەرچی وڵاتی دنیا هەیە، هەرچی دەوڵەت هەیە پاش یەکەمین جەنگی جیهانیی سەربەخۆیی خۆی وەرگرت، ئێمە چیمان بەرکەوتووە لەوە زیاتر کە بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەشکراوین، بۆ خاتری خوا ئەگەر ئێوە هەوڵ نەدەن کێ هەوڵمان بۆ دەدات؟ ئێوە بۆ شیوعیەت هەوڵ مەدەن، بۆ کورد هەوڵ بدەن. عەلی بەگی حوسێن بەگ دەیوت ئەوکاتە گاڵتەمان بە قسەکانی دەکرد، ئێستا بۆمان دەرکەوت قسەکانی ئەو چین و چەندە ڕاستن. پیرەمێرد دەیوت من سوود لە ئینگلیز وەردەگرم. شەیتان سوودی بۆ کورد هەبێ، سوودی لێ وەردەگرم و دەستی بۆ دەبەم. ئەوە نییە ئەمڕۆش ئێمە هەوڵ دەدەین ئەمریکا یارمەتیمان بدات؟ ئەویش وابوو. من خۆم شیوعی بووم لە شانەیەکدا بووم ئەکرەم عەبدولقادر یامولکی لە کەرکووک ڕێکی دەخستین و بەرپرسمان بوو، یوونس مائی هەبوو کەرکووکی بوو، لەگەڵ ئەم حەسیب ساڵحەی سلێمانی لەگەڵ موستەعین ناوێک کە ئەویش کەرکووکی بوو، لە ساڵانی ١٩٤٧- ١٩٤٩ لە شانەیەکدا بووین و شیوعی بووین، شیوعییەکان ڕقیان لە ئینگلیز بوو، شێخ

مـەحـمـوودی حەفـیـدیش ئەگـەر بیـزانیـایە چۆن لەگـەڵ ئینگلیـزدا سـیـاسـەت دەکـات، لە شـۆڕشـەکـەیدا سەردەکەوت. شیعرێکی پیرەمێرد هەیە دەڵێ:

**کێوێک دەست ئەهریمەن کەوت خاتەمی مولکی سلێمانی**
**میر و گزیری پێکرد قەدری وەها زانی**

شێخ مەحموودی حەفید لەسەر ئەو شیعرە لێی عاجز بوو، پاشان شیعرێکی تری بۆ شێخ مەحمود نووسی کە دەڵێ:

**دەبێ بەخشندە مل کەچ کات لە ئاستی مووچە خۆری خۆی**
**سوراحی سەر فرۆ دێنێ لەبۆ پیاڵە کە تێکا بۆی**

دەڵێ داری بەردار پەلی بەرزە، داری تێـدەگـرن، پەلی نزم لێی دەکەنەوە. دوایی شـێخ مـەحـمـوود ناردبووی بە شـوێنیـدا، وتبـووی من دەرەقـەتی تۆ نایەم. عـەفـووی کردبوو، ئەگینا خەریک بوو بیکوژێ.

**رامان:** چۆنتان بەمە زانی کە دەیەوێ بیکوژێ؟

**ئەحمەد زرنگ:** یەکێک لە سائیبەکانی کوشت.

**رامان:** مـەبەسـتت عـارف سائیبـە، بەڵام ئەوە بەڵگە نییە بۆ ئەنجامدانی کارێکی وا.

**ئەحمەد زرنگ:** تۆ دەبێ یاداشتەکانی ڕەفیق حیلمی-ت خوێندبێتەوە؟

**رامان:** بەڵێ زۆر چاک خوێندوومەتەوە.

**ئەحـمـەد زرنگ:** لەوێ نووسـراوە لە خـەومـای جـەمـیل سائیب ئەوە دەردەخات کە چ کۆلکە مەلا و مێزەر بەسەر و زاهیـد و شـێخ و خـەنجـەر لە پشت بوون دەورەی شـێخ مەحمووديان دابوو، ڕۆشنبیرانی لێوە دوور بوون.

**رامان:** بەڵام شـێخ مـەحـمـوود ئاگـای لە کـوشـتنەکـەی عـارف سائیب نەبووە، حەمە بچکۆل پشـدەری ئەم کـارەی کردووە.

**ئەحـمـەد زرنگ:** جـەمـیـل سـائیب- عـارف سـائیب، ئەوانە زیرەک بـوون، شـتـیـان دەنووسی. تۆ حـەتمەن لە خەومای جەمیل سائیب-ت خوێندۆتەوە؟

**رامـان:** بەڵێ هەمـووی ڕەخنەیە و زۆر بە توندی دژی دەسـەڵاتی سـەردەمـی حوکـمـداریەتی شـێخ مـەحـمـوودی حەفید نووسراوە.

**ئەحـمـەد زرنگ:** شـێخ مـەحـمـوودی حـەفـیـد کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر بوو، دڵی زۆر پاک بوو، ساڵی ١٩٥٩ کە بارزانی هاتە شاری سلێـمـانی یەکەم شوێن سەردانی گۆڕی شێخ مەحموودی نەمری کرد. شێخ مـحـمـوود نیزامـێکی گەورەی پەیڕەو کردووە، بەڵام وەک سەڵاحەدینی ئەیووبی تێکەڵاوکردنی سیاسـەت بە ئایین لێی تێک دا. ئەگەر سەڵاحەدین ئەیووبی ئیشی بۆ کورد بکردایە، ئێستا ژیانمان ئاوا دەبوو؟

**رامان:** تۆ بیـسـتـووتە جـارێکیـان فـیـشـەکـێکیـان بۆ پیرەمێرد خستبێتە ناو دەستەسرێکی سپییەوە، وەک هەڕەشەیەک تا چیتر ئاگری نەورۆز نەکاتەوە؟

**ئەحـمـەد زرنگ:** ئاخـر ئەوەیە کـە باسم کـرد، لەسـەر نەورۆز لە هەموو لایەکەوە دژایەتی دەکرا.

**رامـان:** بەلای تۆوە ئەم هەڕەشـەیە پتـر پێـوەندی بە نەورۆزەوە هەبوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** پیرەمێـرد دەیویست سوود لە ئینگلیز وەربگرێت، تەنانەت دەیوت ئەگـەر شـەیتـان سـوودی بۆ کورد هەبێ، دەستی بۆ دەبەم.

**رامان:** ئەحمەد شوکری-ت لەبیرە کە لەگەڵ پیرەمێرددا کاری کردبێ؟

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ ئەحمەد شوکری-م لەبیرە.

**رامان:** لەگەڵ پیرەمێرد ئیشی کردووە و پیتی چنیوە؟

**ئەحـمـەد زرنگ:** ئەحـمـەد شـوکری لەچاپخـانە پیـتی دەچنی.

**رامان:** ئەو ئەحمەد شوکرییە دەستوخەتی زۆر خۆش بوو.

**ئەحمەد زرنگ:** شاعیریش بوو، شیعری دەنووسی.

**رامـان:** لەوە دەچێ سـوودی لە خەتی خۆشی پیرەمـێرد بینیبێت؟

**ئەحـمـەد زرنگ:** پێـرەمـێرد سـینیـیـەکی مـسی بەناوی منەوە بە خـەتێکی جـوان نووسی. ئەوکـاتە مس هەبوو، نایلۆن نەبوو. سـینیـیـەکی مس بە خـەتی ئەو نـاوی منی لەسەرە. باپیرم ناوی منی لەسەر هەڵکەندووە. نازانم ئەو سینییە لەکوێیە و کەوتە کوێ؟ لە ماڵی براژنمە، لە ماڵی خوشکمە نازانم لەکوێیە؟

**رامان:** ئەو خەتە خۆشە لە کوێ فێر ببوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** نازانم. کاتی خۆی ئێمە لە قوتابخانە خۆشنووسیـمان دەخـوێند، خۆشنووس دەهات دەرسی پێ دەوتین. لە قوتابخانەی فەیسەڵییە وانەی خۆشنووسیمان هەبوو. هەرچی مامۆستامان هەبوو، هەرچی قوتابی پێش من هەبوون، هەمـوویان دەسـتـوخەتیـان خـۆش بوو، بەڵام ئێستـا خەتم ناخۆش بووە، ئەوسا وانەی خۆشنووسیـمان هەبوو.

**رامـان:** ئەوسـا نـامـیلکەی خـەتی ئینگلیـزیش هەبوو، لەسەر ئەو نامیلکەیە مەشقی خەت خۆشییان بە قوتابیان دەکرد. بێجگە لەو کەسانەی باست کردن، مـەحـمـوود

خاکی-یش هەبوو، لەکاتی خۆیدا قسەم لەگەڵ کردووە، ئەویش دەیوت ڕۆژانی پێنج شەممان پیرەمێرد چەند دانە ڕۆژنامەیەکی داومەتێ تا لەناو دوکاندار و بەقاڵەکانی شاردا بیانفرۆشم.

**ئەحمەد زرنگ:** ئەوەی بیرمە عەلی ئەسعەد ڕۆژانی پێنج شەممان دابەشی دەکرد، ئەو بە هەممموو شاری سلێمانیدا دەگەڕا. ئەوسا ئابوونە هەبوو، بۆ ئەو کەسانەی دەبرد کە ئابوونەیان هەبوو.

**ڕامان:** لەبیرت نییە مەحموود خاکی شتی وای کردبێ؟

**ئەحمەد زرنگ:** مەحموود خاکی-یەکم لەبیرە دەهات بۆ لای پیرەمێرد.

**ڕامان:** ئەی شێخ تاڵیب هەبوو، وابزانم ئەویش خزمایەتی لەگەڵ ئێوەدا هەیە؟

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ شێخ تاڵیبی سەید عەلی.

**ڕامان:** ئەوە نەوەی شێخ ئەحمەدی فائیزە.

**ئەحمەد زرنگ:** ئا وایە وایە.. ئەوە ژنەکەی ئامۆزامە.

**ڕامان:** لەماڵەوە سنووقێکی هەبوو، دەیوت ئەمە دەستوخەت و کۆمەڵێک نووسین و یادگاری پیرەمێردی تیایە. دوو سێ کەڕەت چوومە ماڵەکەی، لە هەشتایەکان ماڵەکەی لە شەقامی گۆران لە پشت حەمامی سەرچنارەوە بوو.

**ئەحمەد زرنگ:** ئێستا خانووی کردووە و لەوێ نەماوە.

**ڕامان:** من باسی ئەوسا دەکەم.

**ئەحمەد زرنگ:** وابوو وابوو.

**ڕامان:** ئەوسا دەچووم بۆ ماڵەوە بۆ لای، داوام لێ دەکرد ئەو سندووقە بکاتەوە تا بزانین چی تێدایە. دەمویست ئەو نووسینانەی پیرەمێرد دەربکەین تا بڵاو بینەوە و نەفەوتێن و سوودی بۆ خەڵک هەبێ. ئەو دەیوت نابێ بیکەینەوە و جارێ دەستکاری ناکەین.

**ئەحمەد زرنگ:** ئێستا زۆر دێت بۆ لام و دەچم بۆ لای، هەتا سێ چوار شەو لەوەپێش ژنەکەی نەخۆشە چووم بۆ لای.

**ڕامان:** نەتزانی ئەو سندووقەی باپیرت چی بەسەر هاتووە؟

**ئەحمەد زرنگ:** نا وەڵڵا باسی ئەوەی نەکردووە.

**ڕامان:** توخوا ئەگەر بینیت ئەوەی بیر بخەرەوە.

**ئەحمەد زرنگ:** پرسیاری ئەوەی لێ دەکەم.

**ڕامان:** پێی بڵێ هەموو جارێک کوڕێک لە موزەخانەی ئیتنۆگرافی بوو، لەگەڵ شێخ فارووق حەفید دەهاتن بۆ لات، ئینجا شێخ فارووق ناسیاوێتی و خزمایەتی لەگەڵیدا هەیە، لەگەڵ خۆم دەمبرد، بەڵکو بەهۆی ئەوەوە دڵی نەرم بێ و سنووقەکە بکاتەوە.

**ئەحمەد زرنگ:** شەوێکیان تەلەفۆنیان بۆ کردم، وتیان نووسراوێک لە وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە بۆ تۆ هاتووە و دەڵێ ئێمە دەمانەوێ سوود لە بینای چاپخانەکەی پیرەمێرد وەربگرین، بۆیە دەمانەوێ تۆش لەوە ئاگەدار بیت، چونکە دەمانەوێ بیکەین بە موزەخانە و هەرچی شتەکانی پیرەمێرد هەیە لەوێدا کۆیان بکەینەوە. منیش چووم بۆ بنکەی ژین و بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری، لەوێ نوێنەرێکیان هەیە. وتم مەسەلەکە چییە؟ وتیان بڕیار لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەرچووە کە ئەوێ بکەن بە موزەخانە. فەلەکەدین کاکەیی هات بۆ ئێرە، لێرە فستیڤاڵێکیان بۆ پیرەمێرد سازکرد، بڕیاریان داو لیژنەیەکیان دامەزراند کە پەیکەرێکی بۆ بکەن و کتێبەکانی چاپ بکەنەوە، لەگەڵ ئەوەش خانووەکەی ئیستیملاک بکەن، تەنانەت منیان برد بۆ خانووەکەی، دیم دوو سێ کرێچی تێدا بوو.

**ڕامان:** ئێستاش ئەو کرێچییانە لەوێن، لە سەفەری جاری پێشوومدا چووم و وێنەی ژوورەکان و خانووەکەم گرت.

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ، تۆزێک گۆڕانکارییان لە خانووەکەدا کردووە. چووم بۆ موزەخانەکە، بینیم نووسراوەکەم لەوێوە بۆ هاتووە، ئەو موزەخانەیە نا کە لای سەهۆڵەکەیە.

**ڕامان:** بەڵێ ئەوەی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری سلێمانییە و لە ئەسحابە سپی لای فولکەی نالییە.

**ئەحمەد زرنگ:** موزەخانەی کەلەپووری پێ دەڵێن، شتێکی وایە. کوڕێک لەوێ بوو، ئەو منی ناسی، من ئەوم نەدەناسی، بەخێرهاتنی کردم و وتی ئەمە وایە، باسی بەرنامەکەی بۆ کردم و وتی پێویستیمان بە تۆ هەیە و ئەگەر ڕێکمان خست و کارەکان تەواو بوون، تەلەڤزیۆن دێنین و شوێنی پیرەمێرد کە لە کوێ دەنووست و لەکوێ خۆی دەشووشت و لەکوێ دادەنیشت و ئەوانەمان پێ بڵێ. ئیتر نازانم ئەو پرۆژەیە چی بەسەرهات؟

**ڕامان:** باشە پیرەمێرد ئەو هەموو پێوەندییەی لەگەڵ نووسەران و شاعیران و سیاسەتمەداران و خەڵکی بەناوبانگی ئەو سەردەمەدا هەبوو، هیچ دەستنووس و نامە و یادگارییەک و شتی لەو جۆرەی لێ بەجێ نەماوە؟

**ئەحمەد زرنگ:** نەخێر هیچی لێ بەجێ نەماوە. کاتی خۆی کە من لە دیوانیە بووم، لە بەغدا بووم و تا نەوەد و نۆ نەهاتمەوە سلێمانی، خانەنشینیم هەبوو، ئەوەبوو هاتمەوە لە هەولێر عارف تەیفوور ناردی بە شوێنما، لەگەڵ سامی عەبدولڕەحمان تەلەفۆنێکیان بۆ د. ڕۆژ نووری شاوەیس کرد، ئەوکاتە د. ڕۆژ سەرەک وەزیران بوو، وتیان دەبێ لێرە ئیش بکەیت. وتم من لە بەغدا خانەنشین کراوم، ئەوان لە نەوەد و نۆ لە هەولێر حەوت مانگ لە دیوانی ئەنجوومەنی وەزیراندا بە ئەندامی دادگەی تەمیز و بەمووچەی دادگەی تەمیز وەک ڕاوێژکار دایانمەزراندم. ئەو ماوەیەی لەوێ بووم، عارف تەیفوور و د. ڕۆژ زۆر ڕێزیان لێ گرتم.

**ڕامان:** با بێینەوە سەر باسەکەی خۆمان کە پیرەمێرد و چاپخانەی پیرەمێرد و ئەو شتانەیە. باشە تۆ وەک نەوەی پیرەمێرد ئەگەرچی ماوەیەک لێرە نەبووی، لە بەغدا و لە کەرکووک ژیاوی، ئەی خۆ وەک نەوەی پیرەمێرد دەبوایە دەستنووسەکانی، نامە و یادگاری و وێنەکانی ئەوتان بپاراستایە.

**ئەحمەد زرنگ:** با باسی ئەوەت بۆ بکەم، من کە چووم بۆ دەرەوەی سلێمانی، لە شەست و چوارەوە من ڕۆیشتم دایکم لێرە مایەوە. هەر لە ڕق و داخی ئەوەش ڕۆیشتم کە دەست بەسەر ڕۆژنامەی (ژین)دا گیرا، حەمەی عەبابەیلێ (کاکەی فەللاح) زیرەک بوو، چوو بوو بۆ لای دایکم، وتبووی من ڕۆژنامەی ژین دەردێنم، دەمەوێ بەناوی پیرەمێردەوە کتێبخانەیەک بکەمەوە. ئەوە بوو کتێبخانەی کردەوە و ڕۆژنامەی (ژین)ی دەرهێنا، هەرچی پەندەکان و دەستنووسی پیرەمێرد کە هەبوون لە دایکمی وەرگرتبوو و بردبووی بۆ خۆی. (ع.ع. شەونم) خۆی یەکێک بوو لەوانەی هاتوچۆی ڕۆژنامەی (ژین)ی دەکرد و کاتی خۆی یارمەتی دەدام، لە نۆ سەد و حەفتادا بوو، هات وتی ئێوە بۆچی ئیمتیازی ئەو ڕۆژنامەیەتان داوەتە کاکەی فەللاح؟ وتم تۆ ئەگەر کوڕێکت ببێ ناوی شوان بێت، منیش کوڕێکم ببێت ناوی بنێم شوان، دەتوانی بێیت و پێم بڵێیت بۆ ناوت ناوە شوان؟ وتم ئەویش هەمان قەوارە و هەمان نەخشە و پەندەکان و.. ئەمانەی داناوەتەوە..

**ڕامان:** بەڵام ئەو نموونەیەی ئێوە ئەو جۆرە کارانە ناگرێتەوە، چونکە ئەوەی ئێوە ناوبانگ و مێژوویەکی لەپشتە، ئیمتیازێکی لەوە پێشتری هەیە و ناوی دی زۆرە لە ڕۆژنامەیەک بنرێت.

**ئەحمەد زرنگ:** ئەو ئیمتیازی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری عیراق دەرهێناو بەناوی (ژین)ەوە داوای کردووە، ئەگەر مابێ و بەردەوام دەربچێ، ئەوە ناتوانێ بەناوی (ژین)ەوە دەری بکات، چونکە نابێت دوو ڕۆژنامە بەیەک ناو دەربچن، ئەوەی ئێمە ئیمتیازەکەی هەڵوەشێنرابووەوە.

**ڕامان:** بەڵام ئەمە لێرەدا سوود وەرگرتنە لە دەسمایەی مەعنەوی و ناوبانگی باشی ڕۆژنامەیەک کە ناوبانگێکی میللی هەبووە و لەناو خەڵکدا بڵاو و خۆشەویست بووە.

**ئەحمەد زرنگ:** ئەوەیە ئەو هەمان سوودی لێ وەرگرت و پەندەکانی پیرەمێردی چاپ کرد. دەزانی چەندەی لێ دەسکەوت؟ ئەمە بەهۆی دایکمەوە بوو. پێمان وت بۆچی ئەوەت کرد؟ وتی ڕۆڵە چی بکەم، بەتەنیا بووم دەهات بۆ لام شیعری بۆ دەخوێندمەوە (ئینجا دایکم نەخوێندەوار بوو، بەڵام حەزی لە شیعر دەکرد) دەیوت تۆ سەرەتاکەی بخوێنەرەوە ئەوی دیکە خۆی تەواوی دەکرد، وتی شیعری بۆ خوێندمەوە و وا موخلیس خۆی نیشان دا، هەموو شتێکی لێ سەندم.

**ڕامان:** پێش ئەوەی چاپخانە نوێیەکە بێنن، چاپخانەکەی پیرەمێرد توانایی ئیش کردنی چۆن بوو؟ دوای ئەوەی نوێیەکەشتان هێناو بە کارەبا ئیشی دەکرد، ئەوتان پشتگوێ خست، یان ئەوەکەی پیرەمێردیش لە پاڵ ئەوی تردا ئیشی دەکرد؟

**ئەحمەد زرنگ:** شازاد سائیب لەساڵی ١٩٦٩دا هات بۆ لام وتی ئەو چاپخانەیە چی لێ دەکەن؟ وتم دەستی بەسەردا گیراوە. وتی کەواتە بۆ نایفرۆشن؟

**ڕامان:** مەبەستی چاپخانەکەی پیرەمێرد بوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** نا مەبەستی تازەکە بوو. من ئەوکاتە دوو قیستی بانقی پیشەسازیم لەسەر مابوو. وتم شازاد دوو قیستم ماوە، وتی ئێمە دەیدەین، وتم ئێوە کێن؟ تومەز دەیویست بۆ حزب بیکڕێ. وتی بەناوی خۆمەوە دەیکڕم. ئەوە بوو دوو قیستەکەی دا. لە کەرکووک بووم لە حەفتا پێش ئەوەی ڕێککەوتننامەی یازدەی ئادار دەربکرێت، تەبلیغێکم لە ئەمنی سلێمانی-یەوە بۆ هات ئامادە بم، منیش تەلەفۆنم بۆ بەڕێوەبەری پۆلیس کرد کە پیاوێکی خەڵکی بادینان بوو، پێم وت ئەم مەسەلەیە چییە؟ وتی هیچ نییە و ئەگەر نەشیەیت هەر گرنگ نییە. وتم تەبلیغم بۆ هاتووە. وتی تەلەفۆنت بۆ دەکەمەوە، لەوە دڵنیا نیم و بە تەواوی نازانم، یان خۆی هات بۆ کەرکووک، یان تەلەفۆنی بۆ کردمەوە. وتی برادەرێکی خۆت خەبەری لێداویت، وتم خەبەری چی

لێداوم؟ وتی ئەوەمان پێ گەییوە تۆ چاپخانەکەت فرۆشتووە. وتم کێ خەبەری داوە؟ وتی برادەری خۆتە. وتم ئەی باشە چی دەبێ؟ وتی مەلەفەکە دادەخەین و تۆ مەیە. وتی دەزانین مەسەلەکە چییە. دەتەوێ بزانی کێ بوو؟ ناوی بلێم؟

**رامان:** ئەرێ وەڵڵا بیلێیی باشە بۆ مێژوو.

**ئەحمەد زرنگ:** لە شەست و سێ دا هەرچی حاکم هەیە هەموویان گرتن، ئەحمەدی حاجی سالح باوکی دکتۆر بەرهەم و کاکم کە حاکم و سەرۆکی دادگە بوو، هەموو پارێزەرەکان، بەڕێوەبەرانی گشتی هەموویان گرتین، بەکر ئیسماعیل-یش گیرا، بەڵام پاش سێ ڕۆژ بەکر ئیسماعیل-یان لە بەندیخانە دەرهێنا، ئەو هەموویانی تەوقیف کرد، بەڕەسمی هەموومان بە ئیمزای ئەو تەوقیف کراین. ئاخر نەدەبوو هەفتەیەک بێ ئەمری تەوقیف بمێنینەوە.

**رامان:** کەوا بوو حاکم بەکر ئیسماعیل ئیشەکەی کردبوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ.. پاش هەفتەیەک ئەویان بەردا، چونکە شارەکە حاکمی تێدا نەمابوو، لە سلێمانی بوو بە حاکم تەحقیقیش، دواتر بۆمان دەرکەوت ئەو یاداشتی گرتنی بۆ کردبووین، پێیان وتم کە بەکر ئیسماعیل خەبەری لێ داون، ئەوەی ئەمەی پێ وتم بەڕێوەبەری پۆلیسەکە بوو، وتی بەڵام ناوی کەس مەبە. ئینجا ئەو چاپخانەیەم وا فرۆشت، بەڵام مەکینە کۆنەکە هەر لە لامان مایەوە، ئەوەی ئێوە بردووتانە بۆ موزەخانە.

**رامان:** واتە چاپخانەکەی تریش، ئەوەی پیرەمێرد ئیشی پێ دەکرا و شتتان پێ چاپ دەکرد؟

**ئەحمەد زرنگ:** نا ئەوەمان لەولا دانابوو، چونکە بەدەست بادەدرا، زستانان دەبوایە ئاگرمان بۆ بکردایەتەوە.

**رامان:** ئەوە ساڵی چەند بە یەکجاری ئیشتان بەو چاپخانەیە نەما و بە تەواوی پشتگوێتان خست؟

**ئەحمەد زرنگ:** لە پەنجاو شەشەوە.

**رامان:** ئەوکاتەی وازتان لێ هێنا، چ ژمارەیەکی (ژین)ی پێ چاپکرا؟ دوا ژمارەی ژین کە بەو چاپخانەیە چاپکرابێ ژمارە چەند بوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** بە تەواوی نازانم، ئەحمەدیش مردووە، ئەگینا لێیم دەپرسی.

**رامان:** ئەگەر سەیری ڕۆژنامەی ژین بکەیت ئەوەی کە تا پەنجا و شەش بە چاپخانە ئەسڵییەکەی پیرەمێرد خۆی چاپکراوە، لەگەڵ ئەوەی دیکە جیاوازی چییە؟

**ئەحمەد زرنگ:** ئێمە بە چاپخانە کۆنەکە بە قەوارەی بچووک چاپمان دەکرد، بەڵام کە بە نوێیەکە چاپمان کرد، قەوارەکەی گەورە بوو.

**رامان:** واتە بە قەبارەکەیان دەناسرێنەوە؟

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ.

**رامان:** منیش ئەوەم دەویست. ئەی ئەو چاپخانەیەی کە کاتی خۆی پیرەمێرد بەکاری دەهێنا، ئەوەی کە بە دەست بادەدرا چۆن ئیشی دەکرد؟

**ئەحمەد زرنگ:** ئەم مەکینەیە دەسکێکی هەبوو، چەرخێکی گەورەی هەبوو وەک خۆتان دیوتانە.

**رامان:** بەڵێ دیومە، شێخ لەتیف کە تا هەشتایەکان مابوو، هێنامان لە موزەخانە پارچەکانی چاپخانەکە لێک بداتەوە و چاکی بکاتەوە و بیخاتەوە ئیش، بەڵام بەهۆی ئەوەی هەندێ کەلوپەلی چاپخانەکە نوقسان بوو، نەمانتوانی بیخەینەوە گەڕ.

**ئەحمەد زرنگ:** بەهۆی دەسکەکەیەوە بادەدرا، ساجێکیشی هەبوو، کە حەرفەکان و مەرەکەبدانەکی لەناوبوو.

**رامان:** ڕۆڵەیەک بەسەریدا دەهات تا مەرەکەباوی بێت.

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ دوو سێ ڕۆڵەکە، میلیان پێ دەوت، میلەکە غەرەبوو، ئەحمەد و لەتیف و عەلی، غەرەکەیان بۆ دەکڕی، دەیان تواندەوە و قاڵ دەبوو، ئینجا تێیان دەکرد.

**رامان:** ناوی باوکی ئەحمەد چ بوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** وابزانم ئەحمەد محەمەد بوو. بەتەواوەیی دەیانکردە ئەو قاڵبەوە تا ڕەق دەبوو.

**رامان:** بێجگە لە بادانی بە دەستی، قاچیشی لەگەڵ نەدەجووڵایەوە؟

**ئەحمەد زرنگ:** قاچی لەگەڵ نەدەجووڵایەوە. لەلای دەسکەکەی شتێک هەبوو وەک ساج وابوو، گەورە بوو، ڕووپێوێکی گرتبوو شوێنی مەرەکەب و حەرفە دارێژراوەکان بوو، تەختەیەک لە پێشەوەی چاپخانەکەوە بوو کاغەزی لەسەر دادەنرا، حەرفەکان کە دادەڕێژران و دەبەستران و وەک قاڵبێک دەخرایە شوێنی خۆی، قولاپەکە کاغەزەکەی دەبرد کە بە سلەندەرەکەوە بوو، پاشان سلندەرەکە کاغەزەکەی لە دەوری خۆی دەپێچایەوە و حەرفەکان دەهاتن و دەچوون و چاپی دەکرد. ئەحمەد فێر ببوو وەک ئۆتۆماتیک ئەمەی دەکرد و خێرا خێرا

کاغەزەکەی دەدایە بەری و دەیبرد، یەک شتی هەبوو نیو ئۆتۆماتیک بوو. ئەوەی چاپی دەکرد ڕۆڵەیەک بوو دەسووڕایەوە. پیتەکان دەهاتنە ژێربیەوە و چاپی دەکرد و فڕێی دەدایە ئەولاوە.

**ڕامان:** وەک لەبیرت بێ چاپخانەکەی پیرەمێرد ئەوەی خۆی، نەک ئەوەی تۆ هێنابووت، چەند کەس ئیشی بادانی ئەو چەرخەیان کردووە؟

**ئەحمەد زرنگ:** زۆر کەس ئەمەی کردووە، منیش بام داوە.

**ڕامان:** ناوی هەموویان بڵێ. سەرەڕای ناوی خۆت و ناوی پیرەمێرد.

**ئەحمەد زرنگ:** پیرەمێرد خۆی بای داوە، نەوزادی جەمیل سائیب، من، خەلیل، ئەحمەد، خەڵکی دوکاندار بایان داوە، واتە ئەوەی کە دەهات ماوەیەک چەرخەکەی بادەدا.

**ڕامان:** بەڵێ، باشە ئەوە زانیمان مامۆستا عەلائەدین سەجادی لە بەغداوە هاوکاری تۆی کردووە و کەرەستەی چاپخانەی وەک کاغەز و مەرەکەب و پیت و ئەو شتانەی بۆ ناردووی.

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ مەرەکەب، کاغەز، پیت هەمووی هەر ئەو لە بەغدا بۆی دەکڕیم.

**ڕامان:** ئەی کێ ئەمانەی بۆ پیرەمێرد کردووە؟

**ئەحمەد زرنگ:** هەر ئەو دەیکرد.

**ڕامان:** واتە لە سییەکانەوە هەر ئەو بووە ئەم کارەی بۆتان کردووە؟

**ئەحمەد زرنگ:** ئەوەندەی من ئاگام لێ بێ هەر ئەو بوو.

**ڕامان:** ئەو کەلوپەلانە بە قەرز دەهاتن، دواتر چۆن پارەکەیان دەدرا؟

**ئەحمەد زرنگ:** ئەو خۆی پارەکەی دەدا، پاشان باپیرم پارەکەی بۆ دەناردەوە.

**ڕامان:** جارێک سەعید ناکام وتی کە چاپخانەکە دەشکا هەندێک جار چەخماخساز لە سلێمانی هەبوون، فیشەکیان دادەگرتەوە و تفەنگ و دەمانچەیان چاک دەکردەوە، هەندێک جاریش کە شتێک بەو شاگردانە چاک نەدەکرایەوە، چەخماخسازیان بۆ دەهێناو و ئەوان چاکیان دەکردەوە.

**ئەحمەد زرنگ:** ئەو میلانە (ڕۆڵانە) ددانیان هەبوو، کە ددانەکانی دەسوان و خراپ دەبوون، خۆ ئەحمەد چاکی نەدەکردەوە، چەخماخساز دەهات چاکی دەکردەوە.

ئەو ڕاست دەکات.

**ڕامان:** ئەی بیرتە کەرەتێک (مینۆرسکی) هاتبێ بۆ چاپخانەکەی پیرەمێرد و لەگەڵ شاگردەکانی چاپخانەکە وێنەی گرتبێ؟

**ئەحمەد زرنگ:** ئەوەم لەبیر نییە.

**ڕامان:** ئەو چاپخانەیەی کە دواتر خۆت کڕیت، بە چەند کڕیت؟

**ئەحمەد زرنگ:** بە زۆر کڕیم، ئەوکاتە پێنج، شەش هەزاری تێچوو، ئەمە بۆ ئەو کاتە پارەیەکی زۆر بوو.

**ڕامان:** ئەی بە چەند فرۆشتتەوە بە حزب؟

**ئەحمەد زرنگ:** نازانم ئەوان تەنیا قیستەکانیان دایەوە.

**ڕامان:** واتە نازانی بە چەند فرۆشتووتە پێیان؟

**ئەحمەد زرنگ:** قیستەکانم چوار سەد دینار بوو، من دەمویست لەو قیستانە ڕزگارم بێ.

**ڕامان:** لەسەردەمی پیرەمێرد چەند دانە لە ڕۆژنامەی ژین چاپ دەکرا؟

**ئەحمەد زرنگ:** هەزار و پێنج سەد دانە لە ڕۆژنامەی ژین چاپ دەکرا.

**ڕامان:** ئەو هەزار و پێنج سەد دانەیە بە خۆڕایی دابەش دەکران؟ یان هەر هەمووی ئابوونە بوون؟

**ئەحمەد زرنگ:** ئابوونە بوون و دەشفرۆشرا. قادر ئاغای عەتار هەبوو ئەو دەیفرۆشت، عومەر بێکەس لە کەرکووک، لە بەغدا بەشیر موشیر، لە هەولێر کتێبخانە دەیفرۆشت.

**ڕامان:** نازانی ئەوانەی هەولێر لە کتێبخانە دەیانفرۆشت ناویان چ بوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** نازانم، بیرم نایە. لە مووسڵیش دەفرۆشرا.

**ڕامان:** ڕۆژنامەی ژین دەگەیشتە قەزایەکانی وەک ڕەواندز، کۆیە، قەڵادزێ؟

**ئەحمەد زرنگ:** دەگەیشتە ئەمریکاش.

**ڕامان:** بە پۆستە بوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ بە پۆستە بوو.

**ڕامان:** بۆچی پیرمێرد لە ڕۆژنامەکەیدا نووسیویەتی و گلەیی لە هەندێک لە بەگزادەکانی جاف کردووە و دەڵێ بەباشی ئابوونەکە نانێرن؟

**ئەحمەد زرنگ:** لەسەردەمی پیرەمێرددا ئابوونەیان نەدەدا، لەسەردەمی مندا خۆیان ئابوونەیان دەنارد، دەنا بۆمان نەدەناردن. جا من بە باشی تەرتیبێکم کردبوو.

مستەفا ساڵح کەریم لە پەنجاو پێنجەوە لەگەڵ من بوو، لەم دواییەدا کتێبێکی لەسەر پیرەمێرد دەرکردووە و دەڵێت پێشکەش بە فلان کەس کە فێری ڕۆژنامەچێتی کردم، ئەم وای نووسیوە. مستەفا ساڵح کەریم دەچوو بە دەزگاکاندا دەگەڕا و هەواڵی ناوخۆیی بۆمان دەهێنا، کێ گوێزراوەتەوە و کێ دەرکراوە و کێ خانەنشین بووە، ئەوانەی دەهێنا، ئێمە هەواڵی مردن و ژنهێنان و ئەوانەمان بە چارەکە دینارێک بڵاودەکردەوە.

**ڕامان:** ئەوە لەسەردەمی تۆدا، ئەی لەسەردەمی پیرەمێرد چۆن بوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** لەسەردەمی ئەویشدا ڕیکلام هەبوو، هەرچی ڕیکلامی سلێمانی هەبوو، ڕیکلامە فەرمییەکان ڕیکلامی تاپۆ و دادگە و دادنووس و مەکینە تۆمارکردن هەمووی کە تەبلیغ دەکرا، بە پارە لە لای من چاپ دەکران.

**ڕامان:** ئەی تۆ چی سەردەمی پیرەمێردت لەبیر ماوە؟ ڕیکلام و ئەم جۆرە کارانە کێ بۆی دەکرد؟ پێت وایە لە ڕێی جەمیل سائیبی خوشکەزایەوە بووبێ؟

**ئەحمەد زرنگ:** دەبوو ڕیکلام بڵاوبکرایەتەوە، جەمیل سائیب بەڕێوەبەری خەزێنە بوو، بۆ لای ئەویان دەهێنا و ئەو بۆ پیرەمێردی دەبرد.

**ڕامان:** لەسەردەمی تۆدا لە ڕۆژنامەی ژین هونەری ڕیپۆرتاژکردن و چاوپێکەوتن و ئەم شتانە چۆن بوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** بیرم چوو باسی ئەوە بکەم، بێجگە لە هەواڵی ناوخۆیی و هونەر، لە ڕۆژنامەی ژین بایەخ بە منداڵانیش دەدرا و نەجمەدین مەلا چیرۆکی بۆ منداڵان دەنووسی، خۆم وتاری سیاسیم دەنووسی، بیرمە کە شۆڕشی ١٤ی تەمموز ڕووی دا، وابزانم تۆ ئەو کاتە لەدایک بوویت؟

**ڕامان:** بەڵێ وایە.

**ئەحمەد زرنگ:** مام جەلال و ئەحمەد غەفوور هاتن بۆ لام، هەریەکەیان وتارێکیان پێ بوو. مستەفا ساڵح کەریم لەلام دانیشتبوو، وتی ئەمە کێیە؟ وتم ئەمە مام جەلالە. ئاخر مام جەلال لە کۆلێجی یاساوە بەیەکەوە بووین و برادەر بووین. ئەم وتارێکی نووسیبوو، ئەحمەد غەفووریش وتارێکی نووسیبوو، ئەمەیان حزبی شیوعی بوو، ئەویان پارتی بوو، شەڕ لەسەر ئەوە بوو هەردوو وتارەکە لەلاپەڕەی یەکەمدا بڵاوبکرێنەوە، بەڵام کامیان وتاری سەرەوە بێ و کامیان لە خوارەوە بێ، ئێستاش ئەمەم لەبیرە.

**ڕامان:** دوایی چیتان کرد و چۆنتان دانا و چارەسەر کرد؟

**ئەحمەد زرنگ:** بەنۆرە بڵاومان کردنەوە. وتارێکم لەسەر خاڵێکی پشکنین نووسی کە لای پیشەسازی ئێستاوە دانرابوو، عومەر عەلی بۆ دوورتری گواستەوە، من لەسەر ئەوە نووسیم کە بۆچی خاڵی پشکنین دوور دەخەنەوە؟ خاڵی پشکنینەکە لە ناوچەی پیشەسازی بوو، من دەمویست دووری بخەنەوە. عومەر دەبابە هات بۆ لام وتی ئەوە چیت نووسیوە؟ ئێمە دەمانەوێ نیزیکتری بخەینەوە و بەو ڕێیەدا هاتوچۆ دەکەین، لەوێ مینمان بۆ دادەنێینەوە. وتم ئەوەم نەزانیوە. ئەو جۆرە بابەتانەم دەنووسی. لەبیرمە لەسەر بەنداوم دەنووسی، کە بەنداو دروست بکرێ، ئەندازیاری ئەو کاروبارانە پێشنیاری کردبوو بەنداوێک لەنێوان پێنجوێن و سەید سادق-دا دروست بکرێ، پارەیان بۆ دانابوو، کەچی نەیان دەکرد، ئێمە لەسەر ئەوەمانئنووسی. لەسەر کارەبامان دەنووسی، لەسەر کێشەی ئاومان دەنووسی.

**ڕامان:** باشە ئەو چاوپێکەوتنەی لەگەڵ جەنابی مەلا مستەفای بارزانیدا سازت دابوو، چۆن جێ بەجێت کرد و لە کوێ بینیت؟

**ئەحمەد زرنگ:** من لە ئوتێلی (سەمیرامیس) لە بەغدا لە حەیدەرخانە بینیم، جەوهەر دزەیی ئەندامی دادگەی تەمییز بوو، ئەو سکرتێری بوو.

**ڕامان:** واتە بە ئاسانی چوویت بۆ لای و بینیت؟

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ.. کاک جەوهەر دزەیی-م بینی و وتی فەرموو. ئیتر وەک سەرنووسەری ڕۆژنامەی ژین لە ساڵی ١٩٥٩ چوومە لای و پرسیارم لێ کرد. لە ساڵی ١٩٥٩دا دەقەکەی لە ڕۆژنامەی (ژین)دا بڵاوکراوەتەوە.

**ڕامان:** باری سەرنجت لە بارەیەوە چۆن بوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** ئەوکاتە ستایشی عەبدولکەریم قاسم-ی کرد و دەیوت ئەو پیاوە پیاوێکی دڵسۆزە، سەرەتا کە لە ڕووسیا گەڕایەوە، ئومێدی پێ بوو، بارزانی پیاوێکی بە وەفا بوو، ئەوەی لەبەرچاو بوو کە عەبدولکەریم قاسم مەبەستی بوو بگەڕێتەوە وڵات.

**ڕامان:** تۆ چاوپێکەوتنەکەت تۆمار کرد، یان هەر بە نووسین ئەنجامت دا؟

**ئەحمەد زرنگ:** من هەر بە نووسین قسەکانیم دەنووسییەوە.

**ڕامان:** ئەو قسەی دەکرد و تۆ دەتنووسییەوە؟

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ، من قسەکانیم تۆمار نەکرد.

**ڕامان:** فریا دەکەوتی قسەکانی بنووسیتەوە؟

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ قسەکانیم دەنووسییەوە، چۆن هاتۆتەوە و چۆن ڕۆیشتووە.

**ڕامان:** بە وردی و دەق قسەکانیت وەک خۆی بۆ سەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکەت گوێزایەوە؟

**ئەحمەد زرنگ:** زۆر بە وردی هەموویم گوێزایەوە.

**ڕامان:** دوایی کە دیمانەکە بڵاوکرایەوە و جەنابییان بینییانەوە ڕای چی بوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** وەڵڵا نازانم بیروڕای چۆن بوو.

**ڕامان:** نەتزانی ڕۆژنامەکەی پێ گەیشتووەتەوە و بەلایەوە چۆن بووە؟

**ئەحمەد زرنگ:** نەخێر.. بەڵام خەڵک زۆری پێ خۆش بوو. خەڵک دەیخوێندەوە و بەردەوام تەلەفۆنییان بۆ دەکردم. وێنەیەکم لەگەڵ جەنابییان گرت، هەر بەهۆی ئەو وێنەیەوە بوو دواتر لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کردم.

**ڕامان:** سەرنجڕاکێشترین وتار کە لەلای ئێوە بڵاوبووبێتەوە و زۆر جێی سەرنجی خوێنەران بووبێ، یان کێشەی بۆتان دروست کردبێ کام وتارە بوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** هەر ئەو وتارە بوو کە بەهۆیەوە جارێکیان لەگەڵ حکومەت کێشەی بۆم نایەوە.

**ڕامان:** مەرج نییە کێشەکان تەنیا لەگەڵ حکومەت دروست بێ، جاری وایە وتارێک دەنووسرێ، سەرۆک عەشیرەتێک، چینێک، توێژێک تووڕە دەکات، یان جاری وایە نووسەرێک گۆڵمەزێک دەنێتەوە؟

**ئەحمەد زرنگ:** ئەوە لەلای ئێمە هەبوو، بۆ نموونە وتارێکمان دەنووسی شیوعییەکان پێیان ناخۆش دەبوو، یان پارتی پێی ناخۆش بوو، چونکە ئێمە سەربەخۆ بووین، شتمان دەنووسی، یان جاری وابوو حکومەت پێی ناخۆش دەبوو، جارێکیان حەمەی ئاوڕەحمان ئاغا تەلەفۆنێکی بۆ کردم، وتی کاک ئەحمەد هەڵەیەکتان کردووە، چۆنی ڕاست دەکەنەوە؟ وتم چۆن؟ وتی یەکێک شووی کردووە خزمی ئێمەیە ئەمە درۆیە. وتم ئێمە هەر کەسێک بێت ناسنامەی لێ وەردەگرین، هەواڵێکمان بۆ بێنێ ڕاست نەبێ یەخەی دەگرین، تا ئێستا شتی وا لای ئێمە نەبووە. دەرچوو نیکایەتە.

**ڕامان:** واتە بۆ خۆشی و سوعبەت بوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ وا دەرنەچوو.

**ڕامان:** هیچ داوای لێبوردن و پۆزشتان نەدەکرد؟

**ئەحمەد زرنگ:** نووسیمان ئەمە هەڵەیە و داوای لێبوردن دەکەین.

**ڕامان:** لەکاری خۆتاندا چەند پاڵپشتیتان لە ڕەخنەگرتن دەکرد؟

**ئەحمەد زرنگ:** زۆر ڕەخنەمان دەگرت و پشتیوانیمان لە ڕەخنەگران دەکرد.

**ڕامان:** ڕەخنەکان بە زۆری لە دەسەڵاتی سیاسی و لە حکومەتی ئەوساکەی عیراق بوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ، باسی نەبوونی قوتابخانەمان دەکرد، باسی شێوەی خوێندنمان دەکرد، هەندێک جار ستایشمان دەکرد و هەندێک جاریش ڕەخنەمان لێی دەگرت.

**ڕامان:** تۆ وەک کەسێک کە لە بن دەستی پیرەمێرد فێری ڕۆژنامەنووسیی بوویت، تا چ ڕادەیەک سوودت لەو وەرگرتووە، چەند ڕێنوێنی دەکردی و پێتی وتووە ئەمە وا بێ و ئەمە وا نەبێ؟

**ئەحمەد زرنگ:** لەوەوە زۆر فێربووم، هەندێک شتیش خۆم تەدبیرم دەکرد.

**ڕامان:** ئەی چۆن و لەکوێ فێری کوردی بوویت؟

**ئەحمەد زرنگ:** ڕۆژێکیان لەگەڵ عیزەدین مستەفا دانیشتبووین، ئەو باسی ئەوەی دەکرد چۆن دەیانەوێ شێوەزارەکان یەک بخەن، هەروەها دەیوت من لە کوردییەکەی ئێستا تێ ناگەم. وتم کاتی خۆی لە سەردەمی پیرەمێرددا، هەروەها لە سەردەمی منیشدا بە کوردییەک دەمانනووسی، ناو بازاڕ و ڕۆشنبیرانیش تێی دەگەیشتن، مامۆستای زانکۆش تێی دەگەیشت، نووسینەکان کەمتر وشەی عەرەبییان تێدابوو، باشە ئەمڕۆ بۆچی وای لێهات؟ ڕۆژێکیان لە ئیشێک بووم، سەعدی دزەیی وەزیری کارونیشتەجێبوون بوو لە سلێمانی، تەلەفۆنی بۆ کردم وتی نووسراوێکم بۆ هاتووە، تێی ناگەم. کە دیم ئەو وشانەی تێدابوو (بەرژەوەندی و ئاماژە و..تاد) ئەوکاتە لە دوو هەزار و دوودا بوو، ئەمڕۆ بە وشەکان ڕاهاتووین. ئێستا قوتابی سەرەتایی، یان بنەڕەتی وانەی زمانی کوردییان لەلا زەحمەتترین وانەیە، بۆ وایان لێ کرد؟ تێناگەم. ئێمە لە فەیسەڵییە بەکوردی دەمانخوێند، لەناوەندی بە عەرەبی دەمانخوێند، کوردییەکی باش فێر ببووین، ئەو کوردییەی ئێستا دەیزانم قەرزاری ئەوساکەیە..

**ڕامان:** بە کوردی کتێبتان دەخوێندەوە؟

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ بەڵێ بەکوردی بوو، مامۆستاکانی سەرەتاییمان بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی ئێستا و ئەوانەی دکتۆرایان هەیە و لە زانکۆ وانە

دەڵێنەوە بە ڕادەی ئەوان عیلمیان نییە.

**ڕامان:** بە درێژایی ساڵانی دوورودرێژی ژیانی خۆت لە ناوەڕاستی ساڵانی سییەکانەوە، کە ئەوکاتە تەمەنت شەش حەوت ساڵان بووە، تا ڕۆژی مردنەکەی کە ئاگەداریان کردیتەوە ئەوە تەمەنێکە، بەردەوام لەگەڵ پیرەمێرد بوویت، لەو کۆڕوکۆبوونەوانەی ئەودا هێشتوویەتی بەشدار ببیت و لەلای دابنیشیت و گوێی لێ بگریت؟

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ من هەمیشە لەگەڵی ژیاوم و لەلای دانیشتووم.

**ڕامان:** باشە لەو کۆڕ و مەجلیسانەدا زیاتر باسی چی دەکرا؟

**ئەحمەد زرنگ:** شیعریان دەخوێندەوە و باسی (مەولەوی) و (نالی)یان دەکرد و حەڵوای گەزۆیان دەخوارد. ئەوکاتە باپیرم شەکری هەبوو، حەڵوای گەزۆی دانابوو. حەڵوای گەزۆکە ڕەق بوو، بەڵام بە قەراغی کورسییەکە دەیانشکاند، ئەوەندە ناسک بوو پارچە پارچە دەبوو. دەتخستە دەمتەوە یەکسەر دەتوایەوە، ئێستا حەڵوای گەزۆ بخەیتە دەمەوە بەدەمتەوە دەنووسێ، ئەوسا ئەو ڕەقە خێرا دەتوایەوە.

**ڕامان:** بێجگە لە شیعر باسی چی تریان دەکرد؟ ئەی باسی سیاسەتی ڕۆژ و بابەتی کۆمەڵایەتی و ژیانی ڕۆژانەیان نەدەکرد؟

**ئەحمەد زرنگ:** دەوترا فلان موتەسەریف هاتووە و فلان کەس گوێزراوەتەوە و باسی هەواڵەکانی ئەو ڕۆژەی ناو شاریان دەکرد.

**ڕامان:** بۆچی ساڵی پەنجاوحەوت بەو زەقییە و لەلاپەڕەی یەک و وەک مژدەیەک بۆ خەڵکی سلێمانی و کوردستان، بە سێ ژمارە کوژرانی خولەپیزە و تاڵیب پیزە و ئەوانەتان ڕاگەیاندووە و بڵاوکردۆتەوە؟ ئێوە پێتان باش بوو ئەوانە بە پیلانێکی عومەر عەلی کوژرابوون؟

**ئەحمەد زرنگ:** دەزانی چۆنە؟ خولەپیزە حاکمێکی کوشت، باقی حاکم بوو ئەو کوشتی، لەپاش ئەوە ئاژاوەیەکی نایەوە. ئەو پیاوە خەڵکی دەکوشت، یانی عەسابەیەک بوون. کاکم حاکم تەحقیقی قەزایای خولەپیزە بوو، من پارێزەر بووم، تاوانەکانی ئەوم دەدی، خەڵکی بەناهەق دەکوشت. ئەوکاتە ئامر مەخفەرێک ئەوەندەی موتەسەریفێک دەسەڵاتی هەبوو، ئامر مەخفەری کوشت، موعەلیمی دەکوشت، بۆیە بڵاومان کردەوە..

**ڕامان:** لەگەڵ ئەو هەڵسوکەوتانەی نەبوون، بەڵام حکومەتیش هەر ڕقی لێی بوو؟ ئێوەش بە هەمان شێوە لێی چووبوونە هەمان سەنگەری حکومەتەوە.

**ئەحمەد زرنگ:** ئێمە ڕقمان لێی بوو، لەبەر ئەوەی خەڵکی دەکوشت، دەنا خۆ نیشتمانپەروەر نەبوو.

**ڕامان:** ئەوە بیروڕای تۆیە، ئێمەش وەک ڕۆژنامەنووس پرسیار دەکەین.

**ئەحمەد زرنگ:** تۆ گوێ بگرە، نازانم ئەو بزووتنەوەیە ناوەرۆکەکەی چی بووە، بەڵام ئەوکاتە خەڵکی دەکوشت. باشە بۆ حاکمی دەکوشت؟

**ڕامان:** لەو سێ ژمارەیەدا تەرمەکانیشتان نیشانی خەڵکی داوە. باشە با لەو بابەتەوە باسی ئەوە بکەین کە ئێوە لەسەردەمی پیرەمێرد ئەو کلێشە و زەنگوگراف و خەت و سکرین و وێنە و شتانەتان لەکوێ چاپ دەکرد؟

**ئەحمەد زرنگ:** هەموو ئەمانەمان لە بەغدا دەکرد.

**ڕامان:** بەو دەمودەستە لەکوێی بەغدا و لەلای کێ دەکران؟ چۆن دەتانتوانی فریای ژمارەی نوێی خۆتانی بخەن؟

**ئەحمەد زرنگ:** لە بەغدا زەنگوگراف هەبوو، لە چاپخانەی مەعاریف هەمووی عەلائەدین سەجادی بۆی دەکردین.

**ڕامان:** ئەی دواتر چۆن مامەڵەتان لەگەڵ وێنەدا کرد؟

**ئەحمەد زرنگ:** منیش وێنەکانم لە بەغدا دەکرد.

**ڕامان:** دوای پیرەمێرد تۆش ئەو کارانەت هەر لە بەغدا کردووە؟

**ئەحمەد زرنگ:** هەموو ئەوانەمان لە بەغدا دەکرد.

**ڕامان:** بۆ ئەو کارانە کێ دەچووە بەغدا، خۆت دەچوویت، یان کێتان دەنارد؟

**ئەحمەد زرنگ:** یان خۆم دەچووم، یان یەکێکمان لە کرێکارەکانی چاپخانە دەنارد.

**ڕامان:** ئەی لە سەردەمی پیرەمێرد کێ بۆ ئەو کارانە دەچوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** نازانم.

**ڕامان:** بیرت نەماوە کەسێکی بۆ بەغدا ناردبێ؟

**ئەحمەد زرنگ:** نازانم، بەڵام دەزانم عەلائەدین سەجادی هەموو شتێکی بۆ دەکرد.

**ڕامان:** وەک بیرت مابێ مووچە و مانگانەی کرێکارەکان چۆن بووە، ئەو کرێکارانەی بینیومن دەڵێن ئێمە بەبێ بەرانبەر و بە خۆبەخش لەگەڵ پیرەمێرد کارمان کردووە؟

**ئەحمەد زرنگ:** کێ وا دەڵێ؟

**رامان:** کرێکارانی پیت چنین و چاپ کردن و ئەمانە، هەندێکیان دەڵێن بەنانە سک بووە.

**ئەحمەد زرنگ:** ڕەنگە وابێت، هەرچەندە پیرەمێرد دریغی لێ نەدەکردن، بەڵام سەردەمی من هەمووی بە مووچە بووە.

**رامان:** کەواتە لەلای تۆ مانگانەیان هەبوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ، لە لای من مانگانەیان هەبوو.

**رامان:** ئەو رۆژانە و مانگانەیەی لەسەردەمی پیرەمێرد وەریان دەگرت لێی رازی بوون؟

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ.. خۆت دەزانی چی کەس ئیشی کردووە، هاوکاریان کردووە، تەنانەت ئەحمەد کە خانووی کرد من یارمەتیم دا. عەلی ئەسعەد خانووی کڕی من یارمەتیم دا. تالیبێک لەلامان بوو کە رۆژنامەکە نەما لە تاپۆ دامەزراند.

**رامان:** ئەوانەی لە چاپخانەکەی پیرەمێرد ئیشیان کردووە، بێجگە لە عەلی ئەسعەد، کێی تر ماوە لەوانەی پیتیان چنیوە و چاپیان کردووە، یان بەهەر شێوەیەک هاوکاریی پیرەمێردیان کردووە؟

**ئەحمەد زرنگ:** کەسیان نەماون، هەر عەلی ئەسعەد ماوە، ئەحمەد، فەتاح، لەتیف، ئەوانە مردن، حەمۆمین-یش پیتی دەچنی ئەوانە هەموویان مردوون.

**رامان:** ئەوەیان محەمەدئەمین ڕەباتییەکەیە؟

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ، لە خەستەخانە بوو، دواتر بوو بە برینپێچ، ئەحمەد شوکری و مەجید ناکام-م دیوە.

**رامان:** ئەو مەجید ناکام-ە بە خزمایەتی دەگەیشتە مام سەعید ناکام؟

**ئەحمەد زرنگ:** نازانم، بەڵام نازناوی خۆی کردبوو بە ناکام.

**رامان:** ئەی ئێوە لەگەڵ محەمەدئەمین عەسری کەرکوک هیچ پێوەندیتان هەبوو؟ ئەو لە کەرکوک بەخۆی وردە وردە کتێبی کوردی چاپ دەکرد، چونکە ئەویش لە کەرکوک کاریگەریی زۆر بووە، پێوەندیتان پێیەوە هەبوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ پێوەندیمان پێیەوە هەبوو.

**رامان:** دڵنیایت پیرەمێرد پێوەندی لەگەڵیان هەبووبێ؟

**ئەحمەد زرنگ:** من سەردەمی پیرەمێرد قوتابی بووم، زوو لە دەرەوەی ماڵ بووم و ئاگام لێ نەبووە، هەرچەندە ئاگام لێ بوو کێ دەهات بۆ لای، بەڵام محەمەدئەمین عەسری-م لەلا غەریب نییە.

**رامان:** محەمەدئەمین عەسری کتێبی زۆری چاپ کردووە و لە شاری کەرکووکدا کاریگەریی زۆری لەسەر خوێندەواری و نووسینی کوردیدا هەبووە.

**ئەحمەد زرنگ:** لەبیرمە جارێکیان شاعیرێکی تورکمان کەرکووکی بوو، ناوی هیجری دەدە بوو، هات بۆ لای پیرەمێرد و بە تورکی شیعرێکی بۆ خوێندەوە، پاشان بە کوردی شیعری بۆ خوێندەوە.

**رامان:** تکایە ئەو پرسیارەم بەگیانێکی وەرزشکارانە لێ وەربگرە، ئێوە وەک نەوەی پیرەمێرد هەست ناکەن بەرانبەر بەو پیاوە کەمتەرخەمیتان نواندووە؟ بۆ نموونە دەبوایە لەجیاتی ئەوەی ئەو کرێچییانە بچنە ناو ئەو بینایەی پیرەمێردەوە و تێکۆپێکی بدەن و وەک دەبینین چیمەنتۆیان لە خانووەکە داوە و گەچکارییان کردووە و دەستکاری خانووەکەیان کردووە. ئەگەر هەر لە سەرەتاوە، دوای ئەوەی بیناکەتان وەرگرتووە و چاپخانەتان لێ داناوە، هەروەک ئاسەوارێکی پیرەمێرد کە ئیشێکی گرنگ و مێژوویی تێدا کردووە بمایەتەوە و بکرایەتە موزەخانەیەکی بچکۆلە بۆی باشتر نەبوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** زۆر حەزم کرد ئەو پرسیارەت کرد، ئەوە شتێکی شەخسییە من بۆتی باس دەکەم. من لە شەست و دوودا لەگەڵ ڕەوف مستەفا وەک دوو پارێزەر وەکیلی ئیسکان بووین..

**رامان:** بۆ قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتووانی بەحرانییەکانی لای رانیە کە کەوتبوونە ژێر ئاوی دوکانەوە و لە بەکرەجۆ نیشتەجێ کران..

**ئەحمەد زرنگ:** لە موتەسەریفیەتی سلێمانی بەشێکیان بۆ ئەمان کردبووەوە، شێخ تالیبی شێخ حەمە غەریب لەگەڵ عەلی سمایل ئاغای شاڵی وتیان بۆ نەچین سەرێکی دیمەشق بدەین، وتم باشە. چووین بۆ دیمەشق، لەوێ پازدە، بیست رۆژێک ماینەوە. چاپخانەکە بەناوی دایکمەوە بوو، وەرسەی پیرەمێرد تەنیا ئەو بوو، پیرەمێرد هەر دایکمی هەبوو، کە هاتمەوە دیم مات بوو، زۆر مات بوو، وتم بۆ ماتی؟ وتی هیچ. دوو سێ رۆژ زۆرم بۆ هێنا. وتی وەرە شتێکت بۆ بگێرمەوە، کە تۆ رۆیشتی براژنەکەت، کە کچی عەزیز بەگەو کوڕێکی هەیە ناوی دانایە وتی عەزیزە بابان هات، وتی دەبێ ئەم خانووە لەسەر دانا تاپۆ کەیت. وتی من ڕەتم کردەوە و وتم ئەی ئەحمەد چی لێ بکەم؟ ئەی کوڕی ئەحمەد چی لێ بکەم؟ وتی چوو فایەقی قایل کرد

کە بێت بە من بڵێ. وتی فایەق پێی وتم، هەر وەڵامم نەدانەوە. وتی پاش ئەوە کە من ڕەتم کردەوە، وتی تەنەکەیەک نەوتی هێنا، وتی ئەگەر لەسەر دانای تاپۆ نەکەی دەیکەم بەخۆما. وتی تاپۆیان هێنایەماڵەوە و بەناوی دانایان کرد. ئیتر ئێمە ناکۆکی کەوتە نێوانمانەوە، لەسەر ئەوە خەریک بوو نێوانی من و کاکەم تێک بچێ. ئەو شێخ تاڵیبەی تۆ باسی دەکەی زۆر لەگەڵمان تێکەڵاوە و زاوامانە، چووبوو بە دانای وتبوو، جا دانا زۆر ئیسلامە و حەجی کردووە و نوێژ دەکات، وتبووی پێش ئەوەی بچیت بۆ حەج، ئەوە بخەرەوە سەر وەرەسە ئینجا بچۆ بۆ حەج. تاڵیب وای پێ وتبوو، جا خانووەکەی پیرەمێرد لە دەستی ئێمە دەرچوو، بوو بە ناکۆکی.

**ڕامان:** دوایی خستییەوە سەر وەرەسە؟

**ئەحمەد زرنگ:** نا هەر بەناوی ئەوەوە مایەوە و ئەویش داوێتی بەکرێ.

**ڕامان:** ئێستاش هەر بەناوی ئەوەوەیە؟

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ، بە ناوی ئەوەوەیە.

**ڕامان:** کەواتە چۆن بڕیار دراوە دەزگای شوێنەوار و کەلەپوور بیکاتە شوێنێک بۆ موزەخانە؟

**ئەحمەد زرنگ:** کە نووسراوەکەیان بۆ ناردم، من چووم پێیانم وت بەناوی فلانەوەیە و کرێچی تیایە. وتیان بەوانەوە ئیستیملاکی دەکەین. وتم ئێوە بەوانەوە ئیستیملاکی بکەن، منیش چی یارمەتیتان دەوێ ئامادەم. ئەوەبوو داوایان پێشکەش کرد و تەلەفۆنیان بۆ کردم وتیان پارێزەرێکمان بۆ گرتووە، دادگە دەڵێت با بڕیاری بۆ دەرچێ، ئینجا پێیان چۆڵ دەکەین. جا ڕاست دەکەن دادگە بڕیار دەرنەکات، ئەنجوومەنی وەزیران ناتوانێ هیچ بکات، دەبێ دادگە بڕیار بدات ئینجا چۆڵی دەکەن.

**ڕامان:** بەڵێ ئەوە ڕوونە.

**ئەحمەد زرنگ:** خۆت دەزانی پیرەمێرد وەسیەتێکی کردووە، کاکەی فەللاح هاتبووە سەر تەلەڤزیۆن وتبووی وەسیەتەکەی پیرەمێردیان جێ بەجێ نەکردووە و چاپخانەکەیان فرۆشتووە. چووم هەروا ڕووبەڕوو پێم وت کاکەی فەللاح تۆ زیرەکی، بەڵام لەئێمەی، چاپخانەکە ئەوەتا لە موزەخانەیە، خەلیل-یش تا مابوو لە بینای چاپخانەکەدا ژیاو تا مردیش ڕێزمان لێ گرت و دواتر لەگردی یارە ناشتمان، ئەوەتا ئاگری نەورۆزیش بەردەوامە، ئیتر بۆچی ئەمە دەڵێی؟

**ڕامان:** چاپخانەکە بۆچی فرۆشراوە؟ ئەو چاپخانەیە ئێمە لە هەشتاکاندا هێنامانە موزەخانە و لەوێمان دانا و پاراستمان.

**ئەحمەد زرنگ:** بەخوا شازاد نەبوایە، چاپخانەکەی خۆشم نەدەفرۆشت.

**ڕامان:** بۆ زانیاری خۆت یەکێک لەو کرێچییانە کوڕێک بوو شاعیر بوو، ناوی عوسمان شەیدا بوو، هاوڕێم بوو، ماڵی خەزووریشی هەر لەو خانووەدا دەژیان، ئیتر یەک دوو جار کە بەهۆی ئەو برادەرەمەوە دەچوومە خانووەکەوە دەمبینی ژووری چاپخانەکە تەپیوە. دواجار کە چووم و بینیم، سەیرم کرد ڕۆژنامەی ژین لە کۆڵانەکە هەوا دەیبات و دەیهێنێ و چاپخانەکە باران لێی دەدا و منداڵ لەسەری هەڵدەپەڕن، ئەوە بوو پاش ڕەزامەندی فایەق هوشیار لەگەڵ عەبدولڕەقیب یووسف چووین بۆ لای ڕەحمەتی نووری وەشتی کە یاریدەدەری بەڕێوەبەری شارەوانی بوو، سڵنگ و گەڵابە و ئەو ئامێرانەمان لێ وەرگرت، تاکو بتوانین ئەو چاپخانەیە بۆ موزەخانە بگوێزینەوە.

**ئەحمەد زرنگ:** کارتان ڕاستبێ کە ئێوە ئەو کارانەتان کردووە، من ئاگام لەوە نییە.

**ڕامان:** ئەوە ئێمە کردمان و ئەو کاتە باشترین شوێن بۆ ئەو چاپخانەیە، بۆ ئەوەی بپارێزرێ موزەخانەمان بۆی بە باش زانی.

**ئەحمەد زرنگ:** ئەوە لە چ ساڵێکدا بوو؟

**ڕامان:** لە ناوەڕاستی هەشتایەکاندا بوو، ڕاستتر لە ١٩٨٤ بوو.

**ئەحمەد زرنگ:** من ئەوکاتە لە بەغدا بووم.

**ڕامان:** دوای ئەوەی هێنامانە ئەوێ، بە تەقەللایەکی زۆری من ڕەزامەندیمان لە هەولێر وەرگرت و ژوورێکی تایبەتیمان بۆ چاپخانەکە دروست کرد.

**ئەحمەد زرنگ:** ئیتر ئێمە لە شەست و دووەوە پێوەندیمان بە چاپخانە و بە خانووەکەوە نەما.

**ڕامان:** ئەوکاتەی ژوورێکمان بۆ دروست کرد، دامان نابوو هەموو کەلوپەلەکانی پیرەمێرد سیدارەکەی و تەختەکەی لەسەری دادەنیشت و کۆمەڵێک شتومەکی بێنینە ئەو ژوورەوە.

**ئەحمەد زرنگ:** ئێستا ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری داوە خانووەکەی تەملیک بکرێ و کەلوپەلەکانی لەوێدا کۆ بکرێنەوە.

**ڕامان:** هیوادارم کۆتایی بەم کارە بێت و ئەو خانووە

بكرێتە مـوزەخـانەی پیـرەمـێـرد. وەک زانیـاریی تۆ بە بیستن نەتبیستووە چاپخانەکەی شارەوانی، ئەوەی مێجەرسۆن هێنای لە سلێمـانی دامەزراند کەوتووەتە کوێوە و چی لێ بەسەر هات؟

**ئەحمەد زرنگ:** ئەوە نازانم.

**رامان:** هیچ لێی ئاگادار نیت؟

**ئەحمەد زرنگ:** بەخوا نازانم. مەکینەیەکی بچووک بوو ئەوەندەی ئەو مەکینەیە بوو کە ئێمە کتێبمان پێ چاپ دەکرد.

**رامان:** وێنەی کۆن چیتان لەلا ماوە؟

**ئەحمەد زرنگ:** وێنەکان هەموویان سووتان.

**رامان:** ئەی کەسێک شک نابەیت وێنەی ئەوکاتەی پاراستبێ؟

**ئەحمەد زرنگ:** نەخێر.. کە پیرەمێرد چووە بۆ تورکیا لەوێ ژنێکی تری هێناوە، لێـرە هەر دایکمی هەبووە، دایکم منداڵ بووە کە ئەو ڕۆیشتووە، لەوێ دوو کوڕی بووە. نزیکەی بیست و پێنج ساڵ لەوێ ماوەتەوە.

**رامان:** ژنەکەی تورک بوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ تورک بوو.

**رامان:** دوو کوڕەکەی کەوتنە کوێوە؟

**ئەحمەد زرنگ:** ویداد و نەژاد، ویدادیان زۆر دەهاتەوە و کوتومت پیـرەمـێـرد بوو، تەبیـعـەتی وەک پیـرەمـێـرد وابوو و گـوێی نەدەدایە خـۆی و زیرەک بوو. ئەوەیان ژنی نەهێنا.

**رامان:** ئەگەر کەسیان نەماون، وەچەیان ماون؟

**ئەحمەد زرنگ:** ویداد و نەژاد نەمـاون، بەڵام نەژاد دواجـار وەزیری داد بوو. کـوڕێکی هەیە باڵـیـۆز بوو لە کەنەدا، فەوزی سائیب چووبوو بۆ لای. ئێستاش کوڕی هەیە ژنی هێناوە و کوڕەزای هەیە، ئەوانە دەڵێن کوڕ و کوڕەزای ئەوین.

**رامان:** وتت سـەید ئەحـمـەدی خـانەقـا هامـوشـۆی پیرەمێردی کردووە؟

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ، سەید ئەحمەدی خانەقا لە کەرکـووک خانەقای هەبوو، هەرچەند جاری پیرەمـێرد دەچووە کـەرکـووک، دەچوو بۆ لای ئەو و سـەردانی دەکرد، پاشان ئەویش دەهات بۆ ماڵی ئێمە.

**رامان:** خـۆت ئەمـانەت لە بیـرە، ئەی چی ترت بیـر ماوە؟

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ، لە چل و حەوتدا کاکەم بوو بە دادوەری لێکۆڵینەوەی کەرکـووک، من و دایکم لەگەڵ پەروینی خوشکم چووین بۆ ئەوێ، تا ساڵی پەنجا، سێ ساڵ لەوێ بووین، ئیتر ماڵی سەید ئەحمەدی خانەقا زۆر لەگەڵماندا دۆست بوون، خزمایەتیمان لەگەڵیان پەیدا کرد. لەم دواییە پیرەمێردیان زۆر خۆش دەویست.

**رامان:** گـوێت لە پیـرەمـێـرد بووە کـە شـیـعـر دەخوێنێتەوە؟

**ئەحمەد زرنگ:** من گـوێم لێ بووە، ئەمین زەکی بەگ چلەی بۆ کرا، بەرانبەر مزگەوتی گەورە باخچە بوو، ئەو شیعرێکی بۆ خوێندەوە، پیرەمێرد ئەمینی پێ دەوت، هەتا چاویشی بۆی پڕ بوو لەگـریان، بەڵام ئەو بەخـۆی حـەزی نەدەکـرد بیـخـوێنێـتـەوە، چونکە زۆر خـراپی دەخوێندەوە.

**رامان:** زۆربەی ئەوانەی ناسیویانە و بینیویانە دەڵێن دەنگ و ئیلقای شیعریی زۆر خراپ بووە.

**ئەحمەد زرنگ:** ڕاستە، بەڵام خەتی خۆش بوو.

**رامان:** ئەی وتاربێـژێکی چۆن بوو؟ یان لە گفتوگۆکردندا پیاوێکی چۆن بوو؟ دەموپلی قسەکردنی باش بوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** بە پەند قسەی دەکرد.

**رامان:** شێوازی قسەکردنی سەرنجڕاکێش بوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ، وای لێ دەکـردی بێ دەنگ بیت و گوێی لێ بگریت.

**رامان:** لە دانیشتن و مەجلیسدا پیاوێکی ئاوەدان و سەرنجڕاکێش بوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ... ڕۆژێکیان یەکێک تەلەفۆنی بۆ کـردم وتی لە کوردۆلۆژی لەگەڵ دکتـۆر ڕەفیق سابیر ئیش دەکەم، وتی پیرەمێرد نامیلکەیەکی هەیە کەمتر لای خـوێنەران ناسـراوە. وتم نەمـبـیـسـتـووە. وتی لە بنکەی ژین هەیە، بەشکو بۆم پەیدا بکەیت. وتم تۆ ناوت چیـیـە؟ وتی ئەمـینم ناوە. وتم ئەوەی باسی دەکەیت نامیلکەیە؟ وتی کاتی خۆی بە نامیلکە بڵاوی کردۆتەوە، ناونیشانەکەی (ڕووسیای ڕەشی سوور)ـە. وتم نەمبیستووە. بەڕاستیش نەمبیستبوو. وتی: نامـیلکەیەکـە کـاتی خـۆی لە چل و یەکـدا بڵاوی کـردۆتەوە، دەبێ بۆمـان پەیدا بکەیت. چووم بۆ بنکەی ژین، وتیـان شـتێکی وا هەیە. ئێـمـە لەسـەر سێـدی داماننـاوە، دانەیەکیان بۆ هێنام.

**رامان:** پیرەمێرد تووڕە دەبوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ.

**رامان:** بەچی تووڕە دەبوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** ئەمە شتێکی تایبەتە پێتی دەڵێم، کە پارەی کز دەبوو، ئیعتیسامی دەکرد، نانی نەدەخوارد و قسەی لەگەڵ کەسدا نەدەکرد. زۆر بەمە تووڕە دەبوو.

**رامان:** ئەی دەڵێن زۆرجار کە پارەی لێ بڕاوە لە جەمیل سائیب-ی خوشکەزای قەرزی کردووە کە ئەوسا بەڕێوەبەری خەزێنەی سلێمانی بووە.

**ئەحمەد زرنگ:** ئەرێ وەڵڵا خانووەکەی دەخستەوە ڕەهنەوە، قەرزی دەکرد.

**رامان:** زۆرتر حەزی لە چی بوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** نەوسن بوو، حەزی لە شیرینی بوو، حەزی لە ڕاوە ماسی بوو.

**رامان:** بۆ ڕاوەماسی بۆ کوێ دەچوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** لەگەڵ جەمیل سائیب دەچوو بۆ زەڵم، منیش هەندێ جار لەگەڵیان دەچووم.

**رامان:** حەزی لە سەفەر نەبوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ، دەچوو بۆ بەغدا، دەچوو بۆ کەرکووک، بەڵام هەموو هەفتەیەک دەچوو بۆ ڕاوەماسی.

**رامان:** حەزی لە سەیران و دەشتودەر نەبوو؟

**ئەحمەد زرنگ:** زۆر حەزی لێ بوو، شەش ڕۆژ پێش نەورۆز هەرچی خەڵکی گەڕەک هەیە کۆی دەکردنەوە، ژنانی گەڕەک یاپراخیان دەپێچایەوە، لە چاپخانەکە ژن دادەنیشتن بە مەنجەڵ یاپراخیان دەپێچایەوە. پیرەمێرد نانی لەواشەی بازاڕی دەکڕی و هەر کەس دوو سێ یاپراخ و نانێکی دەدایە. خەڵکیش دەهاتن بۆ سەیران، ئیتر لەلایەک ڕەبازێن بوو، لەلایەک وتار دەخوێنرایەوە، لەلایەک قوتابیانی دەهێنا سروودیان دەوت.

**رامان:** بۆی باس نەکردووی بیرۆکەی نەورۆزی لەکوێوە بۆ هاتووە و چۆن گەیشتووەتە ئەو قەناعەتە نوێی بکاتەوە؟

**ئەحمەد زرنگ:** دەیوت نەورۆز جەژنێکی کۆنی کوردە و دەبێ بیووژێنرێتەوە. کە نەورۆزیان لێ قەدەغە دەکرد نانی پێ نەدەخورا.

**رامان:** ئەی هیچ جارێک لەسەر نەورۆز گیراوە؟

**ئەحمەد زرنگ:** نازانم، بەڵام ئاگادارم زۆرجار لەسەر نەورۆز تەنگیان پێ هەڵچنیوە.

**رامان:** لەناو شاعیرانی کورددا کێی زۆر خۆش دەویست؟

**ئەحمەد زرنگ:** لەناو شاعیرەکان مەولەوی زۆر خۆش دەویست.

**رامان:** ئەوانەی زیندوو بوون و لە دەوروپشتی خۆی بوون، کێی لەناو ئەوانەدا خۆش دەویست؟

**ئەحمەد زرنگ:** ئەوانەی دەوروپشتی خۆی ئەمین بەگ و مستەفا مەزهەر و جەمیل سائیب، هەموو شەوێ لەلای بوون و ئەوانەی خۆشدەویست.

**رامان:** پیرەمێرد وەک پیاوێکی ئاگا لە بواری ڕۆشبیری و کاروباری کۆمەڵایەتی، هیچ جارێک ئاشتبوونەوە و مەسلەتی کۆمەڵایەتییان پێ کردووە؟ هیچ جارێک داوایان لێ کردووە و بردوویانە سوڵحێکی عەشایەری پێ بکەن؟

**ئەحمەد زرنگ:** ئەو لەگەڵ جافەکاندا زۆر ڕێک بوو، جافەکان ئێستاش ڕێزی دەگرن و تەقدیسی دەکەن، تەنانەت من کە لە بەغدا بووم جافەکانم دەدی، ئەوان دەیانوت ئەوەی پیرەمێرد بۆ جافی کردووە و ئەوەی ئەو بۆ جافی نووسیوە زۆرە، ئێمە قەرزارباری ئەوین. ئەوان باسیان دەکرد و دەیانوت هەندێک جار هاتووە بۆ لامان و میوانی عادیلەخانم و مەحموود پاشای جاف بووە، میوانی بەگزادەی جاف بووە، هەرچی جارێک کێشەیان بووبێت پێیان چارەسەر کردووە.

**رامان:** زۆرجار پیرەمێرد لەگەڵ شاعیران و نووسەرەکان کێشەی بووە، بەوەی دەستکاری نووسین و شیعریانی کردووە، دێری بۆ شیعرەکانیان زیاد کردووە و نووسینی دەستکاری کردوون، لەبارەی ئەمەوە چی دەزانی؟

**ئەحمەد زرنگ:** کاغەزێکی گۆران لای ئەو بوو، کاتی خۆی گۆران بۆی ناردبوو، گۆران هەڵەبجەیی بوو و لە هەڵەبجە دەژیا، شیعرێکی بۆ پیرەمێرد نووسیبوو کە دەستی داوەتە شیعر بزانێ شیعرەکەی چۆنە؟ ئەویش تەقدیری کردبوو و نووسیبووی جوانە. گۆران-یش وەڵامی داوەتەوە. گۆران دەڵێ وا دەزانم ئێستا لەدایک بووم کە تۆ تەقدیری شیعرەکانت کردووم.

**رامان:** بەڵێ ئەوەی کە دەڵێ بزانە شیعرەکەم حەڵاڵ زادەیە، یان حەرامزادە.

**ئەحمەد زرنگ:** بەڵێ بەڵێ ڕاستە.

**رامان:** ماوەی چوار سەعاتە زۆر ماندووم کردی، داوای لێبووردنت لێ دەکەم.

**ئەحمەد زرنگ:** بە پێچەوانەوە من حەزم دەکرد لە خزمەتتدا بوایەم.

# کەم زۆرە

محەمەد تەرەغە
(بۆکان)

(١)

کەم، زۆرە. ئەمە دروشمی سەرەکی مینی مالیزمەکانە، کە بۆ هەوەڵین جار رۆبیرت براونینگ کەڵکی لەم زاراوەیە وەرگرت، دواتر لەنێو مینی مالیزمەکانی تری وەک والتەرگروپیوس، ئەلبێرتۆ جیاکومتی، هێنری گودێ برژسکا، کونساتن تین برانکوژی و...تاد بوو بەباو. بەر لە براونینگیش زاراوە و ماناگەلێک ئەم جارەیان، لەلایەن نووسەرانەوە بەیان کرابوو، کە ئەو مانایەی دەگرتەوە. بۆ وێنە مارک توین گوتبووی، «لە شتی زیادی و درێژدادڕی خۆبپارێزن». ئیرنیست هەمینگوای-ش گوتبووی هەرکات هەستتان بەوە کرد کە لە ناو چیرۆکەکەتاندا شتێک زیادەیە، بیبڕنەوە، کە ئەم کارە چیرۆکەکەتان جوانتر دەکا. هنری جەیمزیش وەها بۆچوونێکی هەیە و لە پێشەکی یەکێک لە رۆمانەکانیدا دەڵێ: لە نووسیندا نیشاندان شەرتە نە قسەکردن.

زاراوەی مینی مالیزم لە وشەی مینی مۆمەوە دێت، کە بەمانای کەمینەخوازییە(١). ئەوەی راستی بێت، ناتوانین پێناسە و مێژوویەکی دیاری کراوی ئەوتۆ، بۆ مینی مالیزم دیاری بکەین. چون هەرکام لە فەرهەنگەکان و خاوەن رایانی شێوازی مینی مالیزم بە پێی بواری هونەری، مێژووی جیاواز و پێناسەی جیاوازیان هەیە، کە بۆ نموونە لە شێوەکاریدا کازیمیر مالویچ-ی رووسیایی کە لە ساڵی ١٩١٣زاییینیدا بەرهەمێکی خوڵقاند چوار گۆشەیەکی ڕەش بوو لەناو شوێنێکی سپیدا، ئەمە وەک دەسپێکی مینی مالیزم سەیر دەکرێ. هەروەها بارت نیومەن (١٩٠٥- ١٩٧٠) شێوەکارێکی ترە کە دەکرێ ئەویش وەک دەسپێکی ئەم شێوازە بزانین. لە کورتیلە چیرۆکیشدا بە دەیەی دوای دووەمین جەنگی جیهانی دەزانن، یان زۆربەی زۆری بەرەی سێیەمی نووسەرانی ئەمریکایی، کە زۆرتریان نووسەرانی دوای شەڕی ڤێتنامن. (وەک: ڕیمۆند کارور، توبیاس ڤۆلف، ئان جین فیلیپس، دۆناڵد بارتلمی، فریدریک بارتلمی، ئان بتی، مری رابینسۆن، بەگشتی زۆربەی نووسەرانی بەرەی سێی ئەمریکا) هەر بەم جۆرە لەبوارەکانی تریشدا مێژوو و پێناسەی جیاوازی بۆ دیاری دەکەن. (هەروەک دواتر باسی دەکرێ، ئەم شێوازە دەتوانرێ پێشینەی مێژووی زۆر دووری هەبێ). پێناسەکانی مینی مالیزم بە پێی فەرهەنگ و بوارەکانی هونەری و ئەدەبی، جیاوازی هەیە. (بۆ پێناسەی مینی مالیزم لە فەرهەنگی بریتانیکا بڕوانە دروشمی کورتیلە چیرۆک هەر لەو گردە کۆیەدا) بۆ نموونە لە فەرهەنگی هونەرە نیگارییەکاندا لە ژێر دوو زاراوەی هونەری مینی ماڵ و مینی مالیزمدا ئاوا هاتووە: «دوو زاراوەی هاوتا کە لە دەیەی ١٩٥٠ی زایینیدا بۆ بەیان کردنی جۆرە هونەرێک کە کەڵکیان لێ



**ئەحمەدی خانی**

وەردەگیرا لە سادەترین توخمی هەندسیی پێک هاتبوون و هیچ جۆرە لایەنێکی ئەقلانییان تێدا بەدی نەکرا. لەو نێوەدا پەیکەرتاشەکان جێگەیەکی تایبەتی تریان هەبوو. بەرهەمی ئەو هونەرمەندانە جاری وابوو بە رێکەوت وەدی دەهات، وەک کۆماکردنی خیزەوردە، بەڵام جاری وابوو زادەی رەسم گەلێکی ئەندازەیی سادە و دووپاتەیی بوون. وەک پەیکەر، یان سازکراوەیەک لە خشت کە شاشواش لەسەر یەک دانرابوون، یان لە شێوەکاریدا خەت و رەنگی دەرهەم و بەرهەم و بێ ناوەرۆک و بێ مانا، کە هەر بە مەبەستی رواڵەت نیشاندان و دروست کردنی شکڵێکی ساکار و دوو رەهەندیی ساز کرابوون(٢).»

دەبینین ئەم پێناسەیە لەبواری هونەریدایە، بەڵام هێندێک لە خاوەن رایانی تر بۆ دەیەی دوای ١٩٢٠ی زایینی دەگێڕنەوە و بە یەکێک لە دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی فۆرمالیزمی دەزانن. هێندێکی تریش دەڵێن دوای دووەمین جەنگی جیهانی سەری هەڵداوە و رۆژئاوا بە شوێنی دەستپێکی ئەم شێوازە دەزانن. (بەتایبەت نووسەرانی بەرەی سێیەمی ئەمریکا)، بەڵام لەو روانگەیەوە کە فۆرمالیزمەکان بایەخێکی زۆریان بە «رواڵەت» دەدا و دەرهەق بە ناوەرۆکیش بێ بایەخ نەبوون و زمانیان وەک گرنگترین بنەمای ئەدەبیات سەیر دەکرد، لە لایەکی تریشەوە مینی مالیزمەکان نیگای عەینی و ئۆبژەیی وەک بنەمایەکی گرنگ سەیر دەکەن و بایەخێکی زۆر بۆ زمان دادەنێن و رواڵەتی سادە هەڵدەبژێرن، دەکرێ بڵێین مینی مالیزم لە روانگەی زانستییەوە، رەوتێکە لە فۆرمالیزمەکانەوە دەست پێ دەکا، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە شێوازی مینی مالیزم پێشینەی مێژوویی دوورتری نەبێت. ئەگەر لە هەندێک پێناسەی دیاری کراو کە ئەمڕۆ بۆ مینی مالیزمی دەستنیشانی دەکەن، خۆ ببوێرن و کەمینەخوازی وەک تەوەری سەرەکی ئەم شێوازە بێنینە گۆڕێ، دەتوانین شوێن پێی ئەم شێوازە لە هونەر و ئەدەبیاتی باستانیشدا بدۆزینەوە. هەروەک جان بارت نموونەی رامایانا دێنێتەوە و دەڵێ: بۆ نموونە بەپێچەوانەی شیعرە حەماسییەکانی «ئیلیادە و ئۆدیسە»وە، ئەفسانەی «رامایانا» کە بەزمانی سانسکریت نووسراوە، لەوپەڕی کورتبێژیدا خوڵقاوە. ئەو ئەفسانەیە لەهەمان کاتدا کە کورتە، دەتوانی دەگەڵ هەموو ئەفسانەو شیعرە حەماسییە کەڵەکەکراوەکان، بەربەرەکان بکات. رۆڵی وشە لە هەندێک لەشیعرەکانی ئەو بەرهەمەدا زۆر بەرجەستە بۆتەوە. ئەوە بەو مانایەیە کە خوڵقێنەری ئەو بەرهەمە بە کەڵک وەرگرتن لە کەمترین وشە، توانیویەتی شیعرێکی تەواو پڕمانا بخوڵقێنێ.

جوانترین و باشترین شیعرێک کە لەم بەرهەمەدا دەبینرێ، لە یەک وشە پێکهاتووە: «مامی هلا پینتاپی (Mamihla Pinatapei) مانای ئەم وشەیە بریتییە لە: چاو لەچاوانی یەکتر دەبڕن، بەو هیوایە کە ئەوی تریان هەنگاو هەڵگرێ و ئەو کارەی کە هەردووکیان بەنیازن بیکەن و هیچ کات پێی ناگەن، ئەنجامی دا(٣).» لە لایەکی تریشەوە، لە ئەدەبیاتی ئێرانی بەر لە ئیسلامیشدا، رەگەکانی ئەم شێوازە بە جوانی دیارە. لە یەکێک لە شیعرەکانی فارسی ناوین (میانە) وەسفێک لە زەمان کراوە کە راشکاوانە دڵەڕاوکێی ئینسانێکی سەردەمی ئێرانی ناوین نیشان دەدا. دڵەڕاوکێی ئینسان سەبارەت بە ژیان، هەروەها بەسەرچوونی عومر کە هیچ رێ دەرەتانێکی نییە.

**زەمان بە هێزتر لە هەر**
**دوو داو، داوی ئەهورامزدا**
**داوی ئەهریمەن، زەمان**
**تێگەییوە لە کار و نەزم**
**زەمان ئاگاتر، زەمان لە**
**تێگەییوان، تێگەییوتر،**

**زەمان لە ئاگایان، ئاگاتر، کە**
**بە زەمـان پەیمان بەستن، ڕەنگە لە زەمـانمانەوە پێـچن،**
**چارەنووس بە زەمان**
**شتە ڕازاوەکان دادەڕمێنێ، کەس لە چنگ وی**
**لە مردن ڕزگاری نایە**
**ئینسانەکان، ئەگەر بچنە نێو چاڵاویش**
**ئەگەر لەژێرخانەکاندا خۆ حەشار دەن و**
**پڕ بن لە ئاو**
**لە مردن ڕزگاریان نایە.**

لە لایەکی تریشـــەوە، لە ئەدەبیـــاتی ئێـــرانی دوای ئیسـلامیـشـدا، شـوێن پێی ئەم شێـوازە هەر هەست پێ دەکـرێ. بەتایبـەت لە بەسـتـەی خـەڵکانی ئاسـایی (تەرانەی عـامـیـانە)دا کـە سـادقی هیـدایەت، ئەوانە بە ڕوحی زیندووی هەر گەلێک دەزانێ.

**خورشید خانوم ئافتو کن**
**یە مش برنج تو ئاو کن**
**ما بچەهای کردیم**
**از سرمای بمردیم**

لەم بەیتانەی سەرەوە هەندێک لایەنی مینی مالیزمی وەک کـورتبـێـژی، ڕیالی و ڕاسـتـەقـینەبوونی بەرهەم، لایەنی هەست بزوێنانە، بەڵام بە زمـانێکی سـاکـار، جەخت خستنەسەر لایەنی دەرەکی، یان دەرەکی خوازی، دەبیندرێ. لە بەسـتـە و گـۆرانی کـوردیشـدا بەتایبـەت ئەوانەی کـە ٧، ٨ و ١٠ بڕگـەیین و هەرکـامـیـان پەیامی تایبـەتی خـۆیان هەیە، دەگـەڵ هەندێک لە لایەنەکـانی مینی مالیزم یەک دەگرنەوە.

**کوڵمە ئاڵەکەت بە بای باوەشێن**
**هێندە ناسکە پڕ دەبێ لە خوێن**
**وەرە با بیکەین دوو دەست لە گەردن**
**نەوەک پەیدا بێ لە نەکاو مردن**

یان

**سەفەری دوورت تا نیوەڕۆ بێ**
**خواردنی ڕێگات شەکر و گەزۆ بێ**

یان لە (٨) بڕگەییدا

**خۆت لێ کردوومە خاسەکەو**
**هەڵۆ دەتگرێ بە چەنگی**
**دێم کەوتییە بەحری بێ بن**
**دەرنایەی لە زار نەهەنگی**

یان لە (٧) بڕگەییدا

**دەسکە گوڵ و ڕێحانە**
**ماڵم بە تۆوە جوانە**

لە جۆرە بەستەیەکی خەڵکانی باشووری ئێرانیشدا، بە ناوی شەروە، وەها لایەنێک دەبینرێ. شەروە لە کـتـێبی بەسـتە نیشـتـیـمـانییەکانی ئێراندا، ئاوا پێناسە کراوە. «شـەروە، یان دوو بەیتی ناوچەیی، کـە زۆرجـار دەگـەڵ ئاهەنگێک، بە (میـتری ئازاد) حەسێب کـردنی زەمـان لەسەر بنەمای دابەش کردنێکی هاوسەنگانە، کە بریتییە لە قەتارەی بەردەوام لە گرووپێک لە زەربە یەک بینەکان. دەگـوترێ، مـێـژوویەکی کـۆنی هەیە. مـەتەرێزی ئەسـڵی شەروە، ناوچەکانی: دەشتی، دەشتسـتـان و تەنگستـانە. لەو ناوچانەدا، بە شەروە، (حاجیانی)، یان (شەنبەی) شـیــان پێ دەڵـێن.»، هەروەها هەندێک لە خـاوەن ڕایان پێــیـــان وایە کــە مــێـــژووی شــەروە بۆ ســەردەمــانی ساسانییەکان دەگەڕێتەوە و دەڵێن خودی زاراوەی شەروە لە (چەروە) و (چەروەک) وەرگیراوە و دواتر بۆتە شەروە. نموونەیەک لە ئەحمەد خانی دەشتی:

**دل شوریده‌ام افتاد در بند**
**بنالم زین دل شوریده تا چند؟**
**من و یعقوب عمری گریه کردیم**
**من از فرزند مردم، او از فرزند**

(ترانەهای ملی ایران. مولف پناهی سمنانی. مرداد ١٣٦٤)

لە جۆرە شیعرێکی بە لووچیشدا بە ناوی لیکۆ liko کـە تەک بەیتین و کـێـشی بڕگـەیان هەیە و وەک زۆربەی شیـعـر و بەسـتە فۆلکلۆرییـەکـان هاوکات دەگەڵ سازێک دەکوترێن و بە گشـتی سروود، یان سرووز، یان قیـچک- یان پێ دەڵـێن، دەگـەڵ هەندێک لایەنی مـینی مـالیـزمی وەک کــورتبــێــژی و ســاکــارانە بەیان کــردن و... یەک دەگــرنەوە. ئەو نموونەیەی خــوارەوە، وەرگــێــڕدراوی لیکۆیەکی بەلووچییە:

زوڵفەکـانی «ئاشقی باغـن» چاوەکانی «پیاڵـەیەکی پڕ لە مەی» دڵم دەتوێنەوە(٤).

لە ئەدەبیـاتی فۆلکلۆری لوڕیشدا دەتوانین تابلۆگەلێک دەسـتنیـشـان بکـەین کـە دەگـەڵ مـینی مـالیـزم بەرابەری دەکــەن. لەوانە دەتوانین ئامــاژە بکـەینە ســەر جــۆرە بەستەیەکی فۆلکلۆری بە ناوی «مویە» کە کێشی بڕگەیان هەیە و زار بە زار هاتوون. لەو بەسـتـانەشدا سادە بەیان کردن و لەبەر چاو گرتنی کورتبێژی و جەخت خستنەسەر



**ئیرنیست هەمینگوای**

لایەنی ڕواڵەتی بابەتەکە، دەوری سەرەکییان هەیە. نموونەی ئەم جۆرە بەستانە:

**وەچپەی نەرگس جار و بیەم جات**
**تاگە نەنیشێ گەرت وەپەنجەی پات**

بەڵام لە هەموو ئەو نموونانەی سەرەوەدا، هەر لە شیعری عامیانەی فارسییەوە بگرە تا دەگاتە بەستە و گۆرانی کوردی و بەلووچی و لوڕی، سەرەکیترین تایبەتمەندی شیعری مینی مالیزمی کە دڵەڕاوکێی ئینسانی سەردەمی تێدا ڕەنگی داوەتەوە، نابینرێ.

(٢)

لە بەشێک لە چوارینەکانی خەییام لە سەدەی هەشتەمدا و بە گشتی ئەو شیعرانەی کە لە قالبی دوو بەیتیدا لە ڕۆژهەڵاتی ئێران دوای سەدەی شەشەم هاتنە ئاراوە و دواتر بە ناوی «نیگاکان و لەحزەکان» یان هایکۆی ئێرانی ناوبانگیان دەرکرد، هەموویان، تا ڕادەیەکی بەرچاو لایەنی مینی مالیزمیان تێدا بەدی دەکرێ. هەروەها لە بەشێک لە شیعرەکانی سەدەی سێ و چواری مانگی کۆچی ئێران-یشدا، نێوە نێوە، ڕەگی مینی مالیزمی دەبینرێ، لەوانە لە بەشێک لە شیعرەکانی مەنوچێهری و ڕوودەکی کە توخمی سەرەکی لە شیعرەکانیاندا، «هێنانی وێنە بە خاتری وێنەیە. هەمان بە وێنە کردنی شیعر» ئەم توخمە بۆتە هۆکاری ئەوە کە شیعرەکان، لە دەرهەستی بوون بەدوور بن و زۆرتر جەخت بخەنە سەر ڕواڵەت. ئەو شیعرە مەزنەی ڕوودەکی کە بۆ... نووسیوە، نموونەیەکی باشە بۆ ئەم وتەیە.

**میر ماهست و بخارا آسمان**
**ماه سوی آسمان آید همی**
**میر سروست و بخارا بوستان**
**سرو سوی بوستان آید همی**

هەروەک دەبینین، زۆرترین هەوڵی شاعیر، خوڵقاندنی وێنە بە خاتری وێنەیە. هێنانی وێنە بە خاتری وێنە، وەبیرهێنەوەی ئەم سەبکە لە هونەرە کە دەڵێ: «هونەر بۆ هونەر». مینی مالیستەکان کەڵکێکی زۆریان لەم سەبکە وەرگرتووە. لە لایەکی تریشەوە، دەگەڵ ئەم تیۆرەی هۆسرێلدا یەک دەگرنەوە کە لە یەکێک لە کتێبەکانی خۆیدا بە ناوی ئاوڕدانەوەیەک لە دیاردەناسی ڕەسەن، باس لە قرتاندنی شتە زیادییەکان دەکا. ئەو ئەم کارەی بە کەمینەی دیاردەناسانە، ناو برد و لەم بوارەشدا، دروشمی ئەسڵی وی، «شتەکان لە ڕێگەی شتەکانەوە» بوو. ئەوە، هەمان ئەو شتە بوو کە کاریگەری، لەسەر مینی مالیستەکان بەجێ هێشت، دەکرێ هەر سێ ڕوانگە، واتە وێنە بە خاتری وێنە، هونەر بۆ هونەر، شتەکان لە ڕێگەی شتەکانەوە، بە جۆرێک بە یەکتری پێوەند دەینەوە. لە هەر سێ ڕوانگەدا، لایەنێکی جوانی ناسەکی پێمان دەڵێ کە مەزنایەتی بەرهەمی هونەری، بە مانای هونەرییەوە بەندە، بەڵام لە سەدەی شەشەمی کۆچی مانگیدا، بە سەرهەڵدانی عیرفانی ئیسلامی، لەسەر دەستی سەنایی شاعیر، جۆرێک دەرهەستی و دەروونیخوازی هاتە ئاراوە، کە هۆکارەکەی ئاوێتە کردنی ئایینی ئیسلام دەگەڵ ئەدەبیات و باس کردنی عیرفانی ئیسلامی لە چوار چێوەی ئەدەبیاتدا بوو. شیعرەکانی سەنایی، مەولەوی بەلخی و تا ڕادەیەکیش خاقانی، لە دوادوایی سەدەی پێنجەم و سەدەی شەشەم بە گشتی، نموونەیەکی بەرچاوی ئەم بۆچوونەن. لە لایەکی تریشەوە جۆرە ئەدەبیاتێکی ئێرانی خوازی ئیسلامی لە ئارادا بوو کە خۆی تا ڕادەیەکی بەرچاو، لەو دەرهەستی بوونە بە دوور دەزانی. ئەمەیان دەتوانین لە شیعرەکانی فەروخی و مەنوچێهری و ڕوودەکی و لە هەموویان گرنگتر فیردەوسیدا ببینین (هەڵبەت فیردەوسی ناکەوێتە ناو باسەکەی ئێمەوە).

لێرەدا زۆر بە کورتی، لە دەورە گرنگەکانی مێژووی ئێران، یانی دوای ئاڵوگۆڕە گرنگە کۆمەڵایەتییەکان دەدوێیم، ئێمە نموونە لە پەخشان، یان شیعر دێنینەوە. دوای هێرشی عەرەبەکان بۆ ئێران و باوەڕهێنانی ئێرانییەکان بە ئایینی ئیسلام و زیاتر لە دوو سەدە و نیو، بێ دەنگی لە ئێراندا، بە تایبەت لە بەستێنی ئەدەبیاتدا و دواتریش سەرهەڵدانی شاعیرانێکی وەک فەروخی و ڕوودەکی و مەنوچێهری، کە سووکە ئاماژەیەکمان پێ کردن، بەڵام لەو نێوەدا، دوو بەیتییەکانی ئەو سەردەم (دەورەی سامانیان) کە قاڵبێکی شیعری باو بوون، جێی سەرنج و ئاوڕدانەوەن. ساکار بێژی و کورتبێژی دوو ڕەگەزی سەرەکی ئەم شیعرانەن. ئەم شیعرانە لە زاراوەی ئەدەبیاتی فارسیشدا، هەر لەبەر ئەم هۆکارە بە شیعری نیگاکان و لەحزەکان (ساتەکان) ناوبانگیان دەرکردووە، تەنانەت جاری واشە بە هایکۆی ئێرانی ناویان دەبەن. بنەمای ئەو شیعرانە بە گوتەی دکتۆر شەمیسا «ڕاستەقینەخوازی و ڕواڵەتخوازییە. هەوڵی شاعیر نووسینەوەی ساتە تایبەتییەکانی ژیانە، هەروەها تێگەیینیان لە گرەوی ئەم تابلۆیە کە لەلایەن شاعیرەوە دەکێشرێت».

**می بینی آن دو زلف که بادش همی برد**
**گویی که عاشقی است که هیچش قرار نیست**
**یا نی که دست حاجب سالار کشور است**
**از دور می نماید کامروز بار نیست**

یان ئەو دوو بەیتییەی شەهید بەلخی کە سەرەڕای سادە و کورت بوونی، لە ڕوانگەی نیشاندانی دڵەڕاوکێی ئینسانیش دەگەڵ شیعری مینی مالیستی دەیخوێنێتەوە.

**اگر غم را چو آتش دود بودی**
**جهان تاریک بودی جاودانه**
**درین گیتی گر سراسر بگردی**
**خردمندی نیابی شادمانه.**

هێندێک لە خاوەن ڕایان و بیردۆزان، لەسەر ئەم باوەڕەن کە دوای هێرشی عەرەب بۆ سەر ئێران، زۆرترین هەوڵ بۆ زیندوو ڕاگرتنی سونەتەکانی نیشتیمانی و وەستان لە بەرانبەر مەزنیزانی عەرەب و ئەدەبیاتی عەرەب، لە لایەن شەهید بەلخییەوە بووە کە ئەو بە ناچار لە تەواوی ژیانیدا، بەربەرەکانێی دەگەڵ کرد و لە دژی ڕاپەڕی.

لێرەدا، جگە لەو کورتە ئاماژانەی سەرەوە، ئاوڕێکیش لە چوار مەقالەی عەرووزی سەمەرقەندی دەدەینەوە و پەخشانی سەعدی و دواتریش سەبکی هیندی.

(٣)

چوار مەقالە کتێبێکە لە نووسینی عەرووزی سەمەرقەندی کە لە سەدەی شەشەمدا نووسراوە. تەوەرەی باسەکانی ئەم کتێبە، چوار شتن. نووسەری، شاعیری، ئەستێرەناسی و پزیشکاری..

عەرووزی سەمەرقەندی لەم کتێبەدا، بە تایبەت لە دوو مەقالەی (وتاری) نووسەری و شاعیریدا، کەمینەخوازی و کورتبێژی وەک دوو ڕەگەزی سەرەکی نووسین هەڵبژاردووە، بەڵام ئەوەی کە لێرەدا گرنگایەتی زیاتر بەم کتێبە دەبەخشێ، ئەوەیە کە ئەم کتێبە لە بەستێنی وتار و تاڕادەیەکیش لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدایە.

هەموو نیشانەکانی نووسینی ئەم کتێبە وای نیشان دەدەن کە عەرووزی سەمەرقەندی ئاگایانە ئەم جۆرە نووسینەی هەڵبژاردووە، چونکە ئەو لەو «گێڕانەوانە»ی کە کورتبێژی تێدا لە بەرچاو گیراوە، بە جۆرێک ئاماژەیان پێ دەکات. ڕەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بێت کە ئەدەبیاتی فارسی هەر لە هەوەڵەوە، واتە لە سەدەی دوو و سێی کۆچی مانگی لە دوو قۆناغدا، درێژەی بەڕەوتی خۆی دا، بەڵام لە سەدەی شەشی کۆچی مانگیدا، ئەم دوو لایەنە زیاتر کەرتیان تێکەوت. یەکەم لایەنی عیرفانی ئیسلامی کە لەسەر دەستی سەنایی، هاتە گۆڕێ و جۆرێک بەرەو ناخ گەڕانەوەی ئەدەبیات بوو. ئەویش هۆیەکەی ئاشکرابوو، ئاوێتە کردنی ئایینی ئیسلام دەگەڵ ئەدەبیات و باس کردنی عیرفان لە چوار چێوەی ئەدەبیاتدا، کە بێ گومان (سەیالی و زەینی بوون) دەخوازێ (وەک شیعرەکانی خاقانی و سەنایی و خودی پێشەکییەکەی چوار مەقالەی عەرووزی سەمەرقەندی و... ). لە لایەکی تریشەوە، ئەدەبیاتێکی ئێرانیخوازی ئیسلامی بوو، کە هەرچەند لە ژێر سایەی قورئان و ئایین و بەشێک لە ئەدەبیاتی عەرەبدا بوو، بەڵام خۆی بەرەو کورتبێژی و سادەبێژی دنە دەدا، ئەو لایەنە سەرەتا لە شیعرەکانی مەنوچێهری و فەروخی سیستانی و بەشێک لە شیعرەکانی ڕوودەکی کە وەک دەسپێکی شیعری ئەدەبیاتی ئێرانی دوای ئیسلام، سەیریان دەکرێ، خۆی نواند، لەم بەشەدا دەتوانین ئاماژە بکەین بۆ سەرەکیترین تایبەتمەندی شیعری ئەم دەورانە، واتە وێنەی شیعرییە،

کە تەنیا وێنە بە خاتری وێنە لە شیعردا دێت، بەڵام دواتر کە ئەدەبیاتی عەرەبی بەتایبەت کە حاکمانی ئەوکاتی ئێران کە تەواو لەژێر دەسەڵاتی حکومەتە عەرەبییە ئیسلامییەکاندا بوون، یان ئەوەی کە هەر خودی عەرەبەکان بە سەر ئێراندا بە شێوەی ناڕاستەوخۆ و جاری واش ڕاستەوخۆ، حوکمڕانییان دەکرد، ئەم لایەنە لە بوارە جیاجیاکاندا و لەوانە لە ئەدەبیاتیشدا، کەم ڕەنگ بۆوە. ئەوە بوو، ئەم ڕەوتە ماوەی چەند ساڵێک بە شێوەیەکی نادیار و کەم ڕەنگ دەبینرا، تا ئەوەی کە لەسەدەی شەشی کۆچی مانگی وردە وردە، لە ئەدەبیاتدا ڕەنگی دایەوە. لە پەخشاندا، یەکەمین ڕەنگدانەوە لە چوار مەقالەکەی سەمەرقەندیدا خۆی نواند. هەر بۆیە دەکرێ بڵێین، عەرووزی کە بە زمانێکی ساکار و بە کەمبێژی بابەتەکانی خۆی بەیان کردووە، بە ئانقەست ئەم شێوازەی هەڵبژاردووە. هەروەک لە ڕەوتی پەخشانی ئەدەبیاتی فارسیشدا بێجگە لەپێشەکییەکەی دەکەوێتە پەخشانی مورسەل، یان پەخشانی سادە، بەڵام هەروەک ئاماژەمان پێدا، شاعیران و نووسەرانی ئەو کات زۆر لە ژێر کاریگەری کتێبی قورئاندا بوون و ئەوەی کە عەرووزی سەمەرقەندیش لە گێڕانەوەی (٩) لە بەشی نووسەریدا دەڵێ: ئەوپەڕی ڕوونبێژی قورئان کورتبێژی لەفز و ئیعجازی مانایە. نموونەی زۆر ئاشکرای لایەنی مینی مالیزم لەم کتێبەدا دوو گێڕانەوەی ٢و٤-ن کە سووکە ئاماژەیەکیان پێ دەکەین. لە گێڕانەوەی ٤ لە بەشی نووسەریدا کاتێ کە ساحیب-ی کافی ئیسماعیل بەنی عیبادولڕازی ئاگاداری ئەوە دەکرێتەوە کە قازی شاری قوم بێ حورمەتی بە ئایینی خۆیان، واتە «ئایینی عەدلی» کردووە و لە لایەکی تریشەوە بەرتیلی وەرگرتووە، ڕقی هەڵدەستێ و دەست دەداتە کاغەز و دەنووسێ: (بسم الله الرحمن الرحيم ايها القاضي بقم قد عزلناك فقم) ئەی قازی قوم ئێمە، ئێوەمان لەسەر کار لابرد، کەوایە لەسەرکار لاچۆ. بەشوێن ئەوەدا سەمەرقەندی دەنووسێ: زانایان و پسپۆران دەزانن کە ئەم وشانە لە بواری کورتبێژیدا چ ئاستێکی بەرزیان هەیە. بێ گومان لەمە بەدوا زانایان و پسپۆڕان ئەم قسانە لەسەر دڵیان دەنووسن و لەسەر ڕوحیان هەڵی دەقەنن(٦). هەروەها لە گێڕانەوەی دوو لەهەمان بەشدا، بەسەرهاتی ماکان کاکویی و ئەمیر نوحی سامانی لەوپەڕی کورتبێژیدا بەیان دەکات. دوای ئەوەی کە ماکان کاکویی فەرمانی سامانییەکان بە جێ ناهێنێ و بۆ خۆی سەروسامان دەگرێ و لەشکر بۆ خۆی ساز دەکات، بۆ ئەمیر نوحی سامانی دەبێتە مەترسییەکی گەورە، هەر بۆیە فەرمان بە ئیسکافی دەدا کە چارەسەری ئەم مەترسییە بکا. ئیسکافی بە فەرماندەیی تاش-ی سپەسالار بۆ سەر ماکان لەشکر کێشی دەکەن.

«بەڵام ماکان کوژرا. تاش دوای ئەوەی کە لە گرتن و بەستن و کوشتن بێزرا، ڕووی لە ئیسکافی کرد و گوتی: دەبێ کۆترێ بۆ بارەگا بنێرینەوە تا بە پەلە ئەم هەواڵە بگەیەنێ. دەبێ بەسەرهاتەکە هەمووی بەیان بکرێ، بەڵام زۆر بەکورتی و لەیەک خاڵدا بەیان بکرێ، هەتا هەموویان لێی حاڵی بن و کۆترەکەش بتوانێ بیبا و مەبەستمان بێتە دی، بۆیە ئیسکافی بە قەرا دوو قامکی، کاغەزێکی هەڵگرت و نووسی: (اما ماكان فصار كاسمه والسلام)، یانی ماکان وەکو ناوی خۆی لێ هات، واتە کوژرا. کاتێ کۆترەکە گەیشتەوە لای ئەمیر نوحی سامانی، سەرکەوتنی لەشکرەکەی ئەوەندە سەرنجی ڕانەکێشا، ئەوەندەی کە ئەو نامەیە سەرنجی ڕاکێشا. هەر بۆیە خەڵاتی ئیسکافی تازە کردەوە و گوتی: کەسێکی دڵ گەورەی وەکو ئیسکافی وەها کارێکی گەورەی لێ دەوەشێتەوە(٧).»

لەو بابەتانەی سەرەوەدا نووسەر بە چەند وشەیەک نیشانەی پێکاوە. لە گێڕانەوەی دووەدا بە سێ وشەی گرتن و بەستن و کوشتن، توانیویەتی فەزای توندوتیژی و میلیتاریزەی لەشکری سامانییان کە لە مەیدانی شەڕدا پێکیان هێناوە، نیشان بدا. ئێمە دەتوانین ڕووباری خوێن کە لەشکری ئەمیر نوحی سامانی وەڕێیان خستووە و هێزەکانی ماکان کاکویان قەتڵوعام کردووە، ببینین. دەتوانین ئەو کاتانە بێنینە بەرچاومان کە لەشکری سامانییان چەندە بێ بەزەییانە هێزەکانی ماکانیان لە دار داون و کوشتوویانن، هەروەها لە بەشێکی تری ئەم گێڕانەوەیەدا ئەویش هەر بە سێ وشەی (ماكان فصار كاسمه) چۆنیەتی تێکشکان و تێکەوەپێچانی ماکان و لەشکری ماکان نیشان دەدا. سەمەرقەندی توانیویەتی بەکەمترین وشە زۆرترین مەبەست بپێکێ. هەمان ڕۆڵی وشە کە ئەمڕۆ لە سەبکی مینی مالیزمدا شوێنێکی بەرجەستەی هەیە. تایبەتمەندییەکانی مینی مالیستی لە چوار مەقالەی عەرووزی سەمەرقەندی، دەتوانین ئاوا کورت بکەینەوە:

(١) كورتيلەی بابەت و کەڵک وەرگرتن لە کورتبێژی هەروەک عـەرووزی خـۆشی لە کـۆتایی وتارەکـانیـدا ئاماژەیان پێ دەکا.
(٢) لە کتێبەکەی عەرووزیدا گێڕانەوەی حەقایەتەکان بە زمانی «ئێستا»یە، ئەم شێوازە لە گەیاندنی مانا بە شێوەیەکی ساکارانە زۆر گرنگە. هەروەک گوتوویانە زمان لەم سەبکەدا بۆ چەنەوەری نییە، بەڵکو کەرەسەیەکە بۆ نیشاندان.
(٣) بە زمـانێکی سـادە بەیان کـردن و دەرهەسـتی نەکردنی زمانی بابەتەکان.
(٤) یەک دەست بوونی سەبکی حەقایەتەکان.
(٥) فـەزایەکی هەست بزوێنانە سـەراپای بابەتەکـانی داگرتووە.
(٦) جـــەخت خـــســـــتنە ســـــەر ڕواڵەت، یان ڕواڵەتخوازی(٨).

(٤)

لە پەخشـانی سەعدیشدا، کورتبێژی و کەمـینەیی لە زۆربەی حەقایەتەکاندا، سەرەکیـترین ڕۆڵ دەگێڕن. ئەو حەقـایەتانە دەگەڵ ئەو پێناسانەی کە چارلز باکسـتر بۆ پێکهـاتەی چیرۆکی مینی مـالیستی ئاراسـتەیان دەکا، زۆر لێک نزیکن. ئەو دەڵێ: «...هەرچەند حەقایەتەکانی سەعدی زۆرتر لە بەستێنی ئامۆژگاری و نەسیحەتدان، ئەم لایەنەش، یانی سـەرنجـدان بە لایەنی ئەخـلاقی لە چوارچێوەی مینی مالیزمدا، جێی نییە، بەڵام هەندێک ڕەنگدانەوەی ئەم سەبکە لە پەخشانی سەعدی دەبینرێ، ئەوە لە حـاڵێکدایە کـە لە سـەردەمی سـەعـدیدا، درێژنووسین و لێک ڕەواندنەوەی بابەت، باو بوو، بەڵام ئەم دابونەریتـانەی وەلانا و کـورتبـێـژی و کـەمـینەیی لە جێگەی دانا». بە گـوتەی بەهار «ئەگەر لە بابەتەکـانی، وشەیەک بقرتێنین، کەلام لە ڕێسا و مانا لە ڕەوتی خۆی دەترازێ».
وەک نموونە سەرنج بدەنە ئەم حەقایەتی خوارەوە:
ئەستێرەناس وەژوور کەوت، پیاوێکی غەوارەی دی کە دەگـەڵ ژنەکـەی دانیـشـتـووە. جنێـوی پێدا و ئەوەی بە زاریدا هات، گوتی. پێک هەڵپڕژان وهەلاوهەنگامە ساز بوو، ژیرێک لەوێوە ڕەد بوو، گوتی:

**تو بر اوج فلک چه دانی چیست**
**که ندانی که در سرای تو کیست؟**

تۆ لە بان فـەلەک کـوا دەزانی چ خـەبەرە؟ کـاتێ نازانێ کێ لە ماڵتدایە.
زۆربەی حەقایەتەکـانی سـەعدی ئەم تایبـەتمەندییـانەی خـــوارەوەیان تێـــدا بەدی دەکـــرێ، کـــە دەگـــەڵ تایبـەتمەندییـەکـانی شـێوازی مـینی مـالیـزمـیـدا یەک دەگرنەوە.
- حەقایەتەکان پێشەکییان نییە و نووسەر هەوڵ دەدا کە بەسەرهاتەکە بە گشتی لە ماوەیەکی کەمدا، (یەک، یان چەند پەرەگراف) بەیان کا.
- نووسـەر لە زۆربەی حەقـایەتەکانیـدا جەخت دەخـاتە سەر دیمەنێکی دیاریکراو کە بتوانێ وەجمووجۆڵت بخا.
- بە ئاراسـتـەکـردنی نماد، یان خـاڵی گـەڕانەوە لە حەقایەتەکانیدا، توانیویەتی بە کەمترین وشە، زۆرترین مـانا ببـەخـشـێ، بێ ئەوەی نیـازێک بە وەسف کردنیـان بێت. بۆ نموونە لەو حەقـایەتەی سەرەوەدا، بە هێنانەوەی شیعرێک ئەم ئەرکەی بە جێ هێناوە.
- لایەنی سـاکـاربێـژی لە زۆربەی حـەقـایەتەکـانیـدا، ڕەگەزی زاڵە.
- هونەری بە وێنە کردن، بنەمای سەرەکییە و نووسەر بە هیچ جۆرێ زۆر بلێیی نییە.
زمانی حەقایەتەکان ڕیئالییە.
- تایبـــەتمەندییـــەکی گـــرنگ کـــە لە هەندێک لە حـەقـایەتەکـان و لەوانە لەو حـەقـایـەتەی سـەرەوەشـدا دەبینرێ، نیـــشـــاندانی دەروونی ئینســـان دەرهەق بە دەوروبەری خۆیەتی کە جۆرێک لە وێنە کردنی دڵەڕاوکێی ئینسانی.

(٥)

لە شیـعری سـەبکی هیندیشدا، دەتوانین ڕەگ گەلێک لەم شـێوازەدا، دەست نیـشـان بکەین و زۆر بە هاسـانی دەگەڵ بنەماکانی شێوازی مینی مالیزم وێکیان خەینەوە.
سەبکی هیندی ئەو کاتە هاتە ئاراوە کە سەفەوییەکان بە زیندووکردنەوەی مەزهەبی شیعە، دەرهەق بە مەزهەبی سوننی، کەمتەرخەمییان نیشاندا، چونکە ئەدەبیاتیش دەگەڵ ئایین و مەزهەب تێکەڵ بوون، شاعیران گۆشەگیر و پەرپـوەی هەنـدەران و لەوانـە وڵاتی هیـنـد بـوون. لـەو نێـوەدا شـێـوازێکی شیـعـری سـەری هەڵدا کـە دواتر لە ئەدەبیاتی ئێراندا، بە سەبکی هیندی ناسرا. ئەم شێوازە هەندێک تایبـەتمەند هەیە کـە دەگـەڵ ڕوانگەکـانی مـینی

مـالیـزمـدا یەک دەگـرنەوە. لەوانە، «قـالّبی شـیـعـر لە سـەبکی هیندیدا، تەک بەیتـە. هەر بەم هۆیەوە دەکـرێ بڵێین کە ئەدەبیاتی ئەو سەبکە، ئەدەبیاتی مینیاتۆرییە، چونکە مـاناکـەی چ لەبواری سـتـوونی و چ لە بواری ئاسـۆیی، لە بەیتـێک تێناپەڕێ. هەروەها زمـانی ئەم سەبکە، زمانی ڕاستەقینەخوازییە و کەمتر خۆ لە خوازە دەدا، تارادەیەکیش خـۆ لە پێـچـەڵاوپێـچی شـیـعـری دەبوێرێ. ئەم خـاڵانە تەنانەت لە لایەن شـاعـیـرانی ئەو سەبکەوە بە شیعر بەیان کراوە. خودی (سائیب) کە بە گەورەترین شاعیری ئەو سەبکەی دەناسن، لە شیعرێکدا دەڵێ:

**در حسن بی تکلف، معنی نظاره کن**
**از ره مرو به خال و خت استعارەها**

«سەیری جوانی مانا کە، کاتی بێ پێچوپەنایە، بە شوێن خەتوخاڵی خوازەکاندا مەڕۆ»

لە شـیـعـری سـەبکی هیندیدا، لەوانە لە شـیـعـری سـائیبـدا، زۆر جار تووشی دوو ڕەگەزی شیعری مینی مالیستی دەبین واتە: بەیان کردنی دڵەڕاوکێی ئینسانی، لە ژیان و داهاتـی ژیان، هەروەها دەست پێ کـــردنی شـیـعـرەکـە، لە ئاسـتـێکی زەمـانی و تەواو بوون لەو ئاسـتـەدا. بێـجگە لەم دوو ڕەگـەزە، دەتوانین ئامـاژە بەکورتبێژی و ساکاربێژیش بکەین.

لە شـیـعـری سـەبکی هیندیدا، هەر بەیـتـێک ڕۆڵی شیعرێکی جودا دەگێڕێ و تەنیا سەروا، بە یەکەوەیان گـرێ دەدا و لە ئاکـامـدا، شـیـعـرێک لە ڕوانگەی پێکهاتەوە، بە ناوی غەزەل پێکدێنێ. ئەگینا شاعیر لە هەر میسرەعێکدا و بە گشتی لە هەر بەیتێکدا، پەیامی خۆی گەیاندووە. هەر ئەو شێوازی پەیام گەیاندنە، لەو ئاستی زەمانییەدا، هەروەها بە زمانی سادە و بەدوور لە پێچوپەنایی زمانی شیعری، خۆی نیشاندەری نزیکایەتی شێوازی هیندی دەگەڵ مینی مالیزمە.

لە زۆربەی نموونەکـاندا، سـاکـاربێـژی و کـورتبـێـژی، هەروەها ڕۆڵی وشە لە خولْقاندنی ئەم جۆرە ئەدەبیـاتە، زۆر بەرجەسـتـە بۆتەوە، هەروەک مـینی مـالیـسـتـەکـان پێداگری لەسەر ئەم حاڵەتە و بە تایبـەت ڕۆڵی وشـە و شێوازی بەیان کردنی دەکەن.

بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە هەر شتـێک کـورت بێت، یان کـورتبـێـژی تێـدا لە بەرچاو گـیـرابێ، بەمانای ئەوەیە کە لایەنی مینی مالیزمی تێدایە و دەگەڵ ئەم سەبکە یەک دەگرێتەوە؟ بۆ نموونە پەند و مەسەل و قـسـەی نەسـتـەق کـە لایەنی کـورتیلەیان تێـدا لەبەر چاوگـیراوە، دەتوانین بڵـێین ئەوانیش بەرهەمێکی مـینی مالیزمین(٩)؟

لە پەند و قسەی نەستـەقدا هەروەک لە ناوەکەشیرا دەردەکـەوێ، یان ئامـۆژگـاری کـردنە، یان قـسـەیەکـە بۆ پێکەنین و سـەر قـاڵ کـردن، بەڵام لە بەرهەمێکی مـینی مـالیزمیدا بە هیچ جۆر شتێک بە ناوی ئامۆژگاری کردن نابینی، بەڵکو هەندێک لایەنی گرنگی وەک دڵەڕاوکێی ئینسـانی ئەمـڕۆیی دەرهەق بە ژیان، مـردن و ئەوین، دەوری سـەرەکـیـان هەیە. هەروەک لە زۆربەی نموونەکانیشدا ئەمە دەبینرا. ڕەنگە لە بەرهەمێکی مینی مـالیـزمیشـدا لایەنی تەنز و پێکەنینی ببینین، بەڵام ئەم لایەنە، ڕۆڵی سـەرەکی لە بەرهەمی مـینی مـالیـزمیـدا ناگـێـڕێ، کـەچی لە قـسـەیەکی نەسـتـەقدا ئەم شێـوازە، گرنگترین لایەنێتی. لەلایەکی تریشەوە لەجاری دووەمی بیـسـتـنی قـسـەی نەسـتـەق و ئامـۆژگـاریدا ئەم لوتف و گرنگییەی جاری هەوەڵی نامێنێ، بەڵام لە بەرهەمێکی مـینی مـالیـزمیـدا وەها شـتـێک نابینرێ. لەلایەک لەبەر ئەوەی کە لایەنی جوانیناسی وەک لایەنێکی بنەمای ئەم شـێـوازە و لەلایەکی تریشـەوە، چونکە بۆ دڵەڕاوکـێی ئینسـان هەڵدەگـەڕێتـەوە، بە جـارێک خـوێندنەوە، یان بیستن، یان دیتن، لایەنی هونەری بوونی خۆیان لە دەست نادەن.

بۆ دەسـتـەبەر کـردنی ڕەنگدانەوەی شـێـوازی مـینی مـالیـزمی لە ئەدەبیـاتی کـلاسیکی ئێـراندا، دەتوانین ئاوا کۆی کەینەوە:

لە هەر سـەردەمـێکدا، دوای توندوتیـژی و کـوشت و کوشتاری، حکومەتە زاڵمەکان، لە لایەک و دەربەدەری و ئاوارەیی خـەڵک لە لایەکی تر، مەیلێکی ساکـاربێژی و دووری کردن لەو بارودۆخی کە تێیدان، دەبێ بە باو کە لە ڕاسـتـیـدا، هەسـتی نارەزایەتی خـەڵک دەرهەق بە حکومـەتە زاڵمـەکـان و دەربڕینی ترس و دڵەڕاوکـێی، ئینسانەکان سەبارەت بە ژیانە. بە دڵنیاییەوە، ئەم جۆرە ئەدەبیـاتە، زمـانێکی سـاکـار و بەدوور لە گـرێوگـۆڵی و کورتبێژی دەخوازێ، چونکە ئەم جۆرە ئەدەبیاتە جۆرێک بێزران و بێزارییە، لەو بارودۆخەی کە تێیدان. کە وایە زمان و جۆری بەیان کردن، کاریگەریی زۆریان هەیە. ئەم حاڵەتانە هەم لە ئەدەبیـاتی دوای هێرشی عـەرەبەکـان بۆ

سەر ئێران (لە شیعری شاعیرانی سەدەی ٤و٥دا، بە تایبەت، مەنوچێهری و ڕوودەکی و بە گشتی دوو بەیتییەکانی سەردەمی سامانییەکان تا سەردەمی غەزنەوییەکان) ، هەروەها دوای هێرشی سەلجوقییەکان، بۆ ئێران و کاولکردن و کوشتوبڕی ئینسانەکان، دەکرێ شوێن پێی ئەم جۆرە ئەدەبیاتە، واتە لە سەدەی شەشەمدا (لە پەخشانی چوار مەقالەدا، هەروەها لە شیعریشدا، ئەنوەری، ئاماژە بکەین). بە شوێن ئاڵوز و پلۆزییەکانی سەدەی حەوتەم، واتە دوای هێرشی دڕندانەی مەغۆلەکان و ئاوارە و کوشتوبڕی خەڵک، هەمدیسان ڕەنگدانەوەی ئەم شێوازە (لە پەخشانی سەعدیدا) بە باشی هەست پێ بکەین. دوای هاتنە سەر کاری سەفەوییەکان و جێ پێ لێژ کردن بە خەڵک، دیسان تووشی سەبکی هیندی دێن، کە دەگەڵ هەندێک لایەنی مینی مالیزمی دەیخوێنێتەوە. بەستێنی هەموو ئەم شێوازانە، دوای توندوتیژی حکومەتەکان و ئاوارەیی خەڵک، پێکهاتوون. واتە دوای ئەوەی بارودۆخەکە، هەندێک ئارام بۆتەوە و خەڵکی برێک وەخۆ هاتوونەوە، ئەم جۆرە شێوازانە سەریان هەڵداوە دەتوانین ئەم بەستێنانە دەگەڵ بەستێنەکانی، پێکهاتنی، مینی مالیزم لە ئەڵمانی دوای دووەمی جەنگی جیهانی، کە نووسەرانێکی وەک ولفانگ بورشێرت و هاینریش بۆل، کە هەرکامیان لە مەیدانەکانی شەڕدا بوون و دیل، یان بریندار بوون، هەروەها خودی ئەدەبیاتەکەشیان ڕەنگدانەوەی، ماڵ وێرانکەری و ئاوارەیی خەڵک و بێزاری لەو حاڵەتەیە، یان لە ئەمریکای دوای شەڕی ڤێتنام، نووسەرانێک سەریان هەڵدا کە ئەمڕۆ بە نووسەرانی بەرەی سێیەمی ئەمریکا دەناسرێنەوە. زۆربەی بەرهەمەکانی ئەوانیش، ڕەنگدانەوەی دەرد و دڵەڕاوکێی ئینسانێکی سەردەمە و شوێن پێی شەڕی ڤێتنام، بە جوانی هەست پێ دەکرێ.

لە هەمووی ئەوانەدا، دوای شەڕ و کاولکردن و ئاوارەیی، بەستێنی پێکهاتنی ئەم شێوازە، یان لایەنەکانی ئەم سەبکە هەست پێ دەکەین. بەکورتی دەتوانین بڵێین، مینی مالیزم، سەبکی نارەزایەتی دەربڕین و بێزاری، لەو بارودۆخەیە کە تێیدان. هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەم شێوازە هیچ کە کەمتر خۆ لە قەرەی سیاسەت دەدا، بەڵکو لە بەریشی هەڵدێ.

ئەم لایەنانە، نە تەنیا لە ئەدەبیاتی مینی مالیزمیدا، بەڵکو، لە هەموو هونەرە مینی مالییەکاندا، دەبینرێ. فیلیپ گلاس، مۆسیقاژەنی بەناوبانگی شێوازی مینی مالیزمی، بۆ فیلمی کاندان (Kundun)، مۆسیقای مینی مالیزمی بە سەردا دابەش دەکا. ئەو فیلمە بەسەرهاتی دالایی لاما، ڕێبەر و کەسایەتی ئایینی بیابانی تبت، دوای هاتنە سەرکاری، حکومەتی ئێستای چین، پەنابەری وڵاتی هیندستانە. لە وەها حاڵەتێکدا، دیارە کە ژیانی پڕە لە چەرمەسەری و بێزاری لە چەرمەسەرییە، کە هۆکاری سەرەکی وڵاتی چینە، دەرهەق بە خۆی و هاوبیرەکانی پێکی هێناوە، هەروەها ئاڵبێرتۆ جیاکومتی-ش، کە یەکێک لە پێشڕەوانی مینی مالیزم لە بەستێنی هونەرە نیگارییەکاندایە، ئەو کات کە لەبەر دووەمین جەنگی جیهانی، لەپاریسەوە بۆ ژنێڤ چوو، ئەو ماوەیەی کە لە ژنێڤ ماوە، تەنیا چەند فیگۆری چکۆلەی ساز کرد. کاتی گەڕانەوەی بۆ پاریس، هەموو فیگۆرەکانی کە سازی کردبوون، لە قاڵبە شەمچەیەکی هاویشتن و لە گیرفانی شەڵوارەکەی نان.

بە هەموو ئەوانەوە، ئەم شێوازەش، لایەنگر و دژی هەیە، لەوانە ڕەخنەگرانێکی وەک کایل گەن (بەتایبەت لە مۆسیقادا) لەسەر ئەم باوەڕەن کە سەردەمی مینی مالیزم بەسەر چووە و ئێستا سەردەمی پاش مینی مالیزمە، بەڵام ئەو کاریگەرییەی کە مینی مالیزم بەجێی هێشتووە، خۆی لێ نابوێرێ و دەڵێ: «ئەو بوومەلەرزەیەی کە مینی مالیزم وەڕێی خست، ئێستاش لەرزەکانی هەر هەست پێ دەکرێ(١٠).» سەرەڕای ئەمەش نووسەرانێکی وەک ئیزابێل ئەلیندی پێیان وایە کە ئەم شێوازە نووسینە، شێوازێکی بێ بایەخە. ئەو لە وتووێژێکدا لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە چۆن سەیری چیرۆکی مینی مالیزم دەکەن؟ دەڵێ: «ئەسڵەن لەو شێوازە ڕازی نیم، چونکە هیچ جۆرە هەڵسوکەوتێکی تێدا بەدی ناکرێ کە خوێنەر بۆ خوێندنەوەی هان بدا. بۆ نموونە پیاوێک لە کەنار دەریا پیاسە دەکا، لە کەنار دەریا پیاسە دەکا، لە کەنار دەریا پیاسە دەکا. دواتر پێت خۆشە کوسەیەک بێت ئەم پیاوە قووت بدا!! دەبینن کە هیچ هەڵسوکەوتێکی تێدا بەدی ناکرێ. من ئەم جۆرە چیرۆکانەم پێ خۆش نییە(١١).» لە لایەکی تریشەوە نووسەرانێکی تری وەک ڕیمۆند کارور، جان بتی، بارتلمییەکان (برایانی بارتلمی) و لایەنگری سەرسەختی سەبکی مینی مالیزمن و هەرکام لەوانە بۆچوونی تایبەتی خۆیان هەیە کە بۆ ئەم شێوازەیان هەڵبژاردووە، یان ئەوەی

کـە خـۆیان لە ناو جـەرگـەی ئەم شـێـوازەدا دیتـۆتەوە. (هەرچەندە زۆربەیان لە خودی ناوی مـینی مـالیـزم سڵ دەکـەنەوە و پـێـوەی قـەڵسـن)، لەوانە ڕیمۆند کـارور لە وتووێژێکدا دەڵێ: «من هەڵوەدای قسـەکردن دەگـەڵ ئەو کەسانەم کە تەنانەت گـوێ بۆ قسـەکانیشم شل ناکەن. مـەبەسـتی کارور ئەوەیە، بۆ کـەسانێک دەنووسێ کـە لە بەر گـیروگـرفتی ڕۆژانە پێیـان ناکرێ بابەتی دووردرێژ بخوێننەوە و بەگـشـتی دەرفەتیان کـەمە(١٢).» هەروەها لە وتووێژێکی تردا سـەبارەت بە سـادە و بێ گـرێوگـۆڵ نووسین دەڵێ: «هەر لە هەوەڵەوە حەزم دەکرد کـە دەست بە بەرهەمەکانمدا بێنم و بیاننووسمەوە. ئەم هەستە ڕۆژ بە ڕۆژ لە مندا زیاتر پەرەی ستاند. کایەم بە ڕستە دەکرد و دووبارە دەمنووسینەوە و ئەوەندەم دەهێنا و دەبرد و هەڵم دەپەرتاوتن، تا سادە و بێ گرێوگۆڵ بن. ڕەنگە گرنگترین هۆکار، مامۆستاکەم واتە جان گاردنەر بێت. جارێکیـان پێی گـوتم: ئەگـەر بتـوانی بە جـێگـەی سی وشـە بە پازدە وشـە مـەبەسـتت بەیان بکەی، بێ گـومـان بە پازدە وشـە بەیانی بکە. من هەر زوو ئەم قـسـەیەم لێ وەرگـرت. ئەو قـــســـەیە وەخـــۆی هێنامـــەوە و لۆژەلۆژە، بە شـــوێن ڕێگایەکـەوە بووم، کە نیـشـانیـان دام. هەر بۆیە دەبوو بە شـــوێن نـووســـراوەکـــانمدا بچم و لقـــوپۆی زیادیان لێ هەڵپەرتێوم(١٣)». لە وتووێژێکیش دەگەڵ جان کیچ کە لە ڕیزی مـینی مـالیـزمـیـیـەکـانی دادەنێن، کـاتێ لێی دەپرسن تۆ لە گەڕەکێکی پڕ هەڵا و هەنگامە دەژی، ئاخۆ چەوت لە کـــارەکـــانت ناخـــا؟ لە وەڵامـــدا دەڵێ «بە پێـــچـــەوانەوە، زۆریشم یارمـــەتی دەدا، چونکە دەتوانم هەمـــوو دەنگەکـــان ببـــیـــســـتم تەنانەت بەشـــێک لە مـــۆســـیـــقـــاکـــەشم پێکدێنن».. ئەم بۆچوون و شـێـوە کارکـردنانە، هەرهەموویان ئەوە دەگـەیەنن، کـە «زەمـان» لەم شـــێـــوازەدا شـــوێنی زۆر بەرز بۆتەوە. لە لایەکی تریشـەوە، بایەخدان بە بەشداری کـردنی ڕاسـتـەوخـۆی (بەردەنگ) لەم شێوازەدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ. بێ هۆ نییە کە ئیدوارد لوسی ئیسمیت دەڵێ: «مـینی مـالیـزم خـاڵی وەرچەرخـانێکی زۆر گـرنگە. ئەم بزووتنەوەیە دوا ڕەوتی پەرەگرتووی مۆدێرنیزمەکانە. هەموو ئەو شتانەی کـە دوای ئەوە، هاتوونەتە ئاراوە، ئەمـڕۆکـە لە قـاڵبی پۆست مۆدێرنیزمدا باسی لێ دەکرێ(١٤)».

**سەرچاوە:**

**(١) گۆڤاری ئازما، ژمارە (١٣)، کامەرانی محەممەدی، مینی مالیزم و ئەدەبیاتی سەردەمی بێ تاقەتی.**

**(٢) فرهنگ مصور هنرهای تجسمی، پرویز مرزبان و حبیب معروف.**

**(٣) جان بارت، سەبارەت بە مینی مالیزم.**

**(٤) ٨ لیکۆی عاشقانە، مانگنامەی کێلک، ژمارە (١٠٦)، دەورەی نوێ ١٢ وەرگێڕ، کۆکردنەوەی منصور موئمنی.**

**(٥) وەرزنامەی شیعر، ژمارە (٢٦)، ئاوازە تاڵەکان، عەلی زێوەدار.**

**(٦) چهار مقاله. عروضی سمرقندی حکایت ٤ دبیری.**

**(٧) هەمان سەرچاوە حکایت ٢.**

**(٨) ئەوە هەر ئەو تایبەتمەندیانەن کە فردریک بارتلمی لە زمان نەیارانی مینی مالیزمەوە بەیانی دەکا.**

**(٩) کارنامەی ژمارە (٧) دروشم ناسی کورتیلە چیرۆک، جەواد جەزینی.**

**(١٠) لێروارێک کە لە تۆوی مینی مالیزمەوە ڕوا. کایل گەن.**

**(١١) گولستانەی ژمارە (٣٢) وتووێژێکی سەر پێیی ڕادێوی لەندەن دەگەڵ ئیزابیل ئەلیندی.**

**(١٢) مانگنامەی پروین، ژمارە (١٠)، مینی مالیزمی ڕیمۆند کارور، سەعید سەعید پوور.**

**(١٣) گوڵستانە، ژمارە (١٠)، وتووێژ دەگەڵ ڕیمۆند کارور.**

**(١٤) ئیدوارد لوسی ئیسمیت، دوا بزووتنەوە هونەرییەکانی سەدەی بیستەم کورتە ئاماژەیەکی نووسەر بە بۆنەی بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی بە زمانی فارسی.**

# گەشتنامەکانی گۆران
# چەند هەنگاوێک لەودیو گەشتنامەی شیعرییەوە

**عەبدوڵڵا قەرەداغی**
**(کەرکووک)**
**(٢ – ٢)**

گەڕانەوەی شاعیر لە حەوتەمین وێستگەدا بۆ لای مزگەوت، پاش ئەوەی ناڕاستەوخۆ لە سەرەتای وێستگەی پێشوودا، بۆ ساتێکی ئێجگار کورت، لە ڕێی «بانگدان»ەوە هێنابوویە چەقی ڕووداوەکان، بەڵگەی ئەوەیە کە ئەوە تەنیا ڕەهەندی مزگەوت نییە. لێرەدا نەک تەنیا ئاراستە، بەڵکو شوێنی دروست کردنیشی هەر گەواهی لەسەر تایبەتمەندییەک دەدات:

**بنچینەی مزگەوت نیشتۆتە سەر چەم،**
**ڕوو بەرەو قیبلە، پشت لە جەهەننەم!**

ئەو تایبەتمەندییە تەنیا پێوەندیی بە زەمینەی ئایدیا «بیروباوەڕ»ەوە نییە، بەڵکو بەوەی ئەو شوێنە، بەدەر لە هەر حیسابێکی دیکە، بە ئاستی پابەندی بە ئایینیشەوە،، کە لە لایەن خەڵکی گوندەوە بۆ مزگەوت هەڵبژێردراوە، لە شوێنی خانووی زۆربەیان لەبار و خۆشترە، ئەمەش پێ دەچێ تەنیا ڕواڵەت بێت، چونکە ئەوەی لەوە بەولاوە لەبارەی ئەو شوێنەوە.. بەلای کەمەوە لە دوو بەیتی داهاتوودا بەدی دەکرێت، ڕازێک دەدرکێنێ:

**مزگەوتی کاتی چێشتەنگاوی چۆڵ:**
**وەک مردوو کفنی بێ دەنگی بە کۆڵ!**
**سوورە چناری لق و پۆپ درێژ**
**سێبەر ئەکا بۆ خەوی بەردە نوێژ**

ئەوەی کە لە چێشتەنگاودا مزگەوت چۆڵ بێت، وەکو یەکەمین بەشی یەکەمین بەیت ڕایدەگەیەنێ ئاساییە، بەڵکو خودی ئایینەکەش جەختی لەسەر دەکات، ئەگەرچی دووەمین بەشی ئەو بەیتە: «وەک مردوو کفنی بێ دەنگی بە کۆڵ» دەشێت بارەکە گەلێک لە سنووری ئاسایی قورستر بکاتەوە. هەمان ئەگەری لێکدانەوە لە هەردوو بەشی دووەمین بەیتدا دەتوانرێ بەدی بکرێت، بە تایبەت لەبەر ئەوەی ئیحای ڕاستەوخۆی ئەوەیە کە ئەو سوورە چنارانە ئەو ئەرکە بەجێ دەهێنن، کە سەرەڕای بێ دەنگی تەواوی مزگەوت لەو کاتەدا، ئەو سوورە چنارانەش زەمینەی تەمەڵی زیاتر بۆ هەر کەسێک دەرەخسێنن کە لەو کاتەدا ڕوو بکاتە مزگەوت، بەڵام جەوهەری ئەوەی ڕایدەگەیەنێ ئەو هارمۆنی «گونجان»ەیە کە لە نێوان مزگەوت و هێندێک لە پێکهاتەکانی ژینگەی ڕاستەوخۆ و دەوروبەردا هەیە. بێ دەنگی ئەو کاتەی مزگەوت، لە سایەی بوونی، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەسەر چەمێکەوە لە ژینگەیەکی ئەوتۆدا کە ئاوی چەمەکە بە خوڕ دەڕوات و ئەو «هاوار» و «هاژە»یە دروست دەکات کە پێشتر شاعیر باسی کردبوو... بێ دەنگیی مزگەوت لە سایەی ئەو «هاوار» و «هاژە»یەدا گونجانێکی ئەوتۆ دەبەخشێ



گۆران

به دیمەنە گشتییەکە کە پێشتر «الله اکبر»ی بانگدان لەو ساتە مەستەی دەسەڵاتی بێ دەنگی و نووستندا بەخشی بووی، بەڵام ئێستا بە ئاراستەیەکی جیاواز: زەمینە سازی بۆ خەو. لەو کاتە تایبەتەشدا کە میوان «ڕێبوار» هیچ پەنایەکی لە نێو ماڵاندا نییە، جگە لە دیوەخانی ئاغا و مزگەوت و لە سایەی ئەوەشدا کە ئاغا دڵی بەو چرکەیە دەکرێتەوە کە:

**هەچ کەسێک تازە بێتە دیوەخان،**
**کڕنووشێ ئەکا بۆ سەردانەوان،**

هیچ مایەی «تەسکینی»یەک بۆ ناخی ڕێبوارێکی وەکو ئەو لە ماڵی ئاغادا نامێنێ و مزگەوت دەبێتە تەنیا پەنای. لەم چوارچێوە گشتییەدا و بۆ ڕێبوارێک کە ڕەنگە «خەوی پاش ڕێگا» لە دیوەخان ماندوویی ڕێی ئەو سەفەرە سەختەی کۆتایی پێ نەهێنا بێت، ئایا ئەو «خەوە» پێویستی لەشە، یان تەمەڵی!؟

لەلایەکی دیکەوە، بە تایبەت ئەگەر وەنەوز و سەرخەو شکاندنێک ئاوەها پێویست بێت و بێ دەنگییەکی تێکەڵ بەو «هاژەی چەم»ە ئاوەها باڵی بەسەر شانۆدا کێشا بێت و کە بەردەنوێژ لە دەرەوەی کاتی نوێژدا بتوانێت ببێتە لانکی ئارامی پشوویەکی پێویست، ئایا دەتوانرێ بیر لە هیچ نیشانەیەکی نەشاز بکرێتەوە. لەمانەش بەولاوە، تا لەلایەن «چێشتەنگاو»ەوە «پرشنگی هەتاو» «خوڵقی» دەکرێت «نایەتە ناو دێ»، بەڵام وا ئێستا وادەی ئەوە هاتووە و خوڵقی کراوە و لە ناو دێیە.. ئایا دیمەنی «سوورە چناری لق و پۆپ درێژ»ە، لەو گوێ «چەم»ـەدا دڵگیر نییە کە باڵی فێنکی بەسەر مزگەوتدا کێشاوە و «سێبەر ئەکا بۆ خەوی بەردە نوێژ»!؟.

ئەو دیمەنەی «وەنەوز» بۆ کەسی دیکەش دەگوێزرێتەوە:

**جار جار ئیمامی تەنیای گۆشەی حەوز:**
**سەر سنگ ماچ ئەکا ڕیشی بە وەنەوز!**

بەدەر لەو وێنە جوانەی سەردانەواندنی پتر لە ڕادەی پێویست لە ژێر کاریگەریی وەنەوزدا، کە بە ماچ کردنی «سەر سنگ» لەلایەن «ڕیش»ەوە تەعبیری لێ کراوە، ئایا ئەم «ئیمام»ە هەمان ئەو «مەلا»یەیە کە لە دیوەخاندا بە «زمانی شیرین، سیمای نەختێ مۆن» و «بازی ڕوحی چەش بە شیعر و ئەدەب» وەسفی کردبوو؟. ئەگەر هەر ئەو بێت، چ گفتوگۆیەکی دانەمەزراو بۆتە قوربانی ئەو «وەنەوز»ەی هەردوولا!؟. بەڵام ئەم وەنەوزەی «ئیمام»، کە هەر بە دانیشتنەوەیە و وەکو خودی تەمەن کاتییە، لە پڕ بە تەواوی دەکەوێتە بەر شاڵاوی بانگدانەوە:

**کەسێک بانگ ئەدا، ئەشڵەقێنێ گۆم،**
**ئیمام هەڵدەستێ: دار بە دەست، پشت کۆم!**

«شڵەقانی ئەم گۆم»ەش تەنیا «وەنەوزی ئیمام» ناخاتە هەمبانەی ڕابردووەوە، بەڵکو ڕیتمی ئاسایی بە تەواوی دەگۆڕێت و هەموو شتێک لەو بێ دەنگی و داساکانە بە هەیبەتەوە بەرەو کۆشی ئاوڕ لە یەک دانەوە و ئامێتە بوونی هەموو دەنگەکان و جموجووڵی هەنگ ئاسا دەبات و لە پڕ، لەو چۆڵییە نائاساییەوە مزگەوت دەبێتە دەریایەکی هەڵچووی ئەو پیاوانەی نازانرێ چۆن ئاوەها «نوێژ» کۆی کردنەوە:

**تا تەواو ئەبێ (الله اکبر..)**
**پەنگ ئەخواتەوە لافاوی نوێژکەر...**

بە هەمان شێوەش ئەو «لافاوە پەنگ خواردوو»ە دەکشێتەوە و وردە وردە، لە ماوەیەکی ئێجگار کورتی پاش تەواوبوونی نوێژیشدا، هەموو شتەکان دەگەڕێنەوە دۆخی جارانیان، بەڵام بە هەمان شێوەی لافاوی دەریا، ئەم لافاوەش پاشماوەی خۆی هەیە.. ئەو پاشماوەیەی حوکمی تەمەن پەراوێزی خستووە:

**نوێژ بەتاڵ ئەبێ، جەماعەت بڵاو،**
**چەن پیرێک ئەبن بە خڵتەی لافاو،**
**سووچێک گەرم ئەکەن بە ڕازی جوانی،**

**ئاخ بە با ئەدەن بۆ دنیای فانی!..**

لەو کونجەدا کە چیدی ئاسان نییە شتەکان بگەڕێنەوە دۆخی جارانیان، ئەم «خەڵتە»یەی دەریای ژیان، لەم شوێنەی ئێستا – ناوچەی هەورامان –، لە ئەگەری «لێواری مەرگ» دا ڕایگرتوون و بە ڕازێکی ئێجگار تایبەتی گۆشەیەک لەو مزگەوتەدا گەرم دەکەنەوە، کەچی ئەوانی دیکە، کە هێشتا ژیان نەمامی جوانی لێ نەسەندوونەتەوە و لە شوێنێکی ئاوەهادا کە سروشتی سەخت وەدەستهێنانی پارووە نانیشی بۆ سەخت کردوون، وا ماندوویی و برسێتی ئۆقرەی لێ بڕیون، بڵاوەیان لێ کرد و هەر یەکە ڕووی لە لانەی خۆی کرد. لە نێوان ئەم دوو بەرەیەدا تەنیا لەو لێوارەی ئەگەری نزیکی مەرگدا ڕەنگە شتەکان بەو زەقی و چڕییە بتوانن لەبەر چاودا بەرجەستە بێن کە پێویستە لە هەر قۆناغێکی دیکەدا بەو شێوەیە ببینرێن، بەڵام هەڵپەی ژیان کاڵیان دەکاتەوە، یان هەر بە تەواوی لەبەر چاویان ون دەکات.

ئەم دووەمین قۆناغەی ئەم گەشتنامەیە، بەپێی ئەو پۆلێن کردنەی لە نووسینی ئەم بابەتەدا ڕەچاو کراوە، بە هەموو وێستگەکانییەوە، ئامادیی گیان «ڕوح»ی پێوە بە ڕوونی دیارە و بەسەریەوە زاڵە. هۆی ئەمەش ناگەڕێتەوە بۆ تەنیا ئەوەی کە «مزگەوت» و «مەلا» و «الله اکبر» ڕۆڵی بەرچاویان لە گەشتنامەکەدا هەیە، بەڵکو زیاتر بۆ ئەوەی ناخی شاعیر بە ڕوونی ئامێتەی بابەتەکانی بووە و چ لە دوا چرکەی نووسین و تەواو کردنی ئەم گەشتنامەیە کۆمۆنیست بووبێت یان نە، بەڵام کاریگەریی ئەو لایەنە ڕوحییە بەسەر دەقە داهێنەرانەکەی ئەم گەشتنامەیەوە دیارە. ڕەنگە ئەوەی پێشتر ناوی «هاوسۆزیی چینایەتی»ی لێ نرا، ڕەگێکی قووڵی لەم کاریگەریی لایەنە ڕوحییەکەدا هەبێت. ڕەنگە لایەنی ئایینی، لە پەناوە، لە ناخی شاعیردا بە شێوەیەک لە شێوەکان بە زیندوویی مابووبێتەوە. لە «پێشەکییەک بە کورتی» بۆ چامەی «لاوکی سوور بۆ کۆریای ئازا» دا، گۆران پاساوی هاوسۆزیی خۆی لەگەڵ کۆریای باکوور بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو: «ئاشکرایە کۆریاییە باکوورییەکان (شیمالییەکان) کۆمۆنیستن. هەرچی منیش بە ئایین موسڵمان و بە باوەڕی سیاسی دیموکرات و بە شەرەفی جینسییە عێراقیم. بەڵام جیاوازیی ئایین، جیاوازیی ئایدیاڵ، جیاوازیی پێڕەوی فەرمانداری (نیظامی حوکم) چییان هەیە بەسەر هەست و عاطیفەیەکەوە کە لە قووڵایی سەرچاوەی ئینسانییەوە هەڵئەقوڵێ؟ / ل ۲۳۵». هەمووان ئەمڕۆ دڵنیاین لەوەی ئەم پێشەکییە پتر بەو مەبەستە نووسراوە کە بڵاوکردنەوەی ئەو چامەیە نەکرێتە بەڵگەی ئەوەی گۆران کۆمۆنیستە و بەو تۆمەتەوە ڕەوانەی زیندان نەکرێت، بەڵام نەوەستانی شاعیر، بە گشتی و لە چوارچێوەی هەڵوێستی شیعریدا دژی ئایین، بۆی هەیە بەلای کەمەوە ئەو بۆچوونە بەهێز بکات کە کۆمۆنیزمی ئەو، ئەگەر بتوانرێ ئەوە بسەلمێنرێ کە بە کردەوە پابەندیی سیاسی بە «حزبی شیوعی» یەوە هەبووە، ئاراستەی دژایەتی ئایینی بەخۆوە نەگرتووە. لەمەش بەولاوە، داشکانی گەورەی گۆران بەلای جوانیدا تا ئەو سنوورەی کە لە جۆرە «جوانی پەرستییەک» دەچێت، ئەگەرچی وای ڕاگەیاندووە کە گەورەترین و کاریگەرترین سەرچاوەی ئەو جوانییە هەر مرۆڤە، بە تایبەت ئافرەت:

**بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز**
**بێ ڕووناکییە بێ بزەی ئازیز**
**بێ ئاوازەیە، دەنگە نەرمەکەی**
**با نەیدا لە گوێم تێر نەڵێم ئۆخەی**
..............................

– ئافرەت و جوانی ل ۱۰ –

بەڵام هەر لەو شیعرەدا ئەوە دەدرکێنێ کە «لایەنە ڕەوانی –الجانب الروحی»یەکە ناوەڕۆکی ڕاستەقینە و گرنگی ئەو جوانییەیە:

**کام تاسە، کام مەیل، کام چاوەنواڕی**
**تەلیسماوییە وەک هی دڵداری؟.....**

لە شوێنی دیکەشدا: «دیمەنێکی بەهار»، قووڵترین کاریگەریی ئەو لایەنە لە جوانی سروشتدا دەگەیەنێتە ئەو ئاستەی لە پێکهاتە جوانەکانیدا خەسڵەتی گیان لەبەری ئاگادار لە ڕەفتاری جواندۆستی و بەرهەمهێنانی جوانیدا بەدی بکرێت و شتێکی بێ گیان «ڕوح» و ڕەقی وەکو بەردیش لە ژێر کاریگەریی جوانیدا گیانی بێتە بەر:

**سەوزە گیا پاراو، گوڵ و گوڵاڵە مەستی ڕەنگ و بۆ،**
**درەخت تازە شین، سەر لق ڕازاوەی گوڵ، گەڵا، چرۆ...**
**سەرتاپای چیمەن دەرئەدا چین چین مرواریی ئاونگ،**
**چەشنی تارای سەوز ئەدرەوشێتەوە، لێی ئەتکێ پرشنگ**

**نەسیمی بۆن خۆش، کزە بای فێنک، وەک نەوای ئیلهام**
**سەمای جوانیی پەریی تەبیعەت دێنێتە ئەنجام،**
**قاسپە قاسپی کەو، نەغمەی چۆلەکە و بلبلی دەنگ خۆش**
**پیاڵەی نەشئە حەتتا بە ڕوحی بەردیش ئەکا نۆش!**
- دیمەنێکی بەهار ل ١٦٩ -

لە هەمـوو ئەمـانەش بەولاوە جـوانی خـۆی و چەژ و هەمـوو ئەو پرۆسـانەی بە جـوانی و چێـژ لێ وەرگـرتنەوە بەستراون، لە دەرەوەی مامەڵەی ڕاستەوخۆ و قووڵ لەگەڵ کـاراترین لێـدانی دڵ و ورووژانی ناخ و کـارلێکی شۆرەنگێـزی لایەنە پێکەوە گرێدراوەکـانیـان، ناتوانرێ وێنا بکرێن. ئەوەی دەکرێ پلەیەکی گونجـاوی بدرێتێ لە پرۆسەی چێژ وەرگرتندا ئەوەیە کە گیـان دەخاتە حاڵەتی وروژان و نائارامـیـیـەوە. خـودی (گـۆران)یش کـاتێک دەیەوێ بـە ڕاسـتـی بـەراورد لـە نـێـوان «دەروێش عەبدوڵلا»یەکی تەنانەت لای خۆشمان بە باشی نەناسراو و موزیکزانێکی ئێجگار بەناوبانگ و ناسراو و گەورەی سەرتاسەری جیـهـان و بۆ ئەوەی بتـوانێ تای ترازووی ئەوەی لای خۆمان گەلێک زیاتر قورستر بکاتەوە، تەنیا «ڕوحی خـۆی» بەدی دەکـات بۆ ئەوەی پەنای بۆ بەرێ و بە ڕاسـتـیـش پەنـای دایە و لە ڕوانگەی پێـوەرە پایەدارەکـانی جـوانیگەریشـەوە ئەو تای ترازووەی بۆ بەرژەوەندیی «دەروێش» سەرخست:

**ئەوەندەم بیست لە مۆسیقا خرۆشی ڕۆحی بێگانە**
**میزاجی کوردەواریم تێکچووە، دەروێش عەبدوڵلا،**
**دەخیلت بم دەسا بەو ئای ئای و حەیرانە،**
**شەپۆلی زەوقی میللی پڕ دەروونی مات و چۆڵم کە!**
**لە بیتهۆڤن گەلێ زیاتر بە ڕۆحم ئاشنای، وەڵلا**
**دە ئەی دەروێش، سکالایەک لەگەڵ ڕۆحی کلۆڵم کە!**
- دەروێش عەبدوڵلا ل ١٢٠ -

هەر ئەو «ڕوح »ەش بووە مـۆڵەتنامـەی پەڕینەوە بۆ ڕۆخی دڵنیـایی و پاراو بوون لە «شـەپۆلی زەوقی مـیللی». ڕەنگە هەر ڕێکەوتیش بێت کـە ئەم «دەروێش عـەبدوڵلا»یە، بەپێی ڕاپۆرتی خودی گـۆران: «زۆرتر لە هەورامان ئەژیا» و «چارەکە چەرخێک - دیارە مەبەست «چارەکە سەدەیەک» ە - لەمەوبەر دیومە»، کە بێ گومان دەبێ لە یەکێک لە گەشـتـەکـانی بۆ ئەو ناوچەیە ئەوی دیبـێت و لە «گـەشت لە هەورامـان»دا ئامـاژەی بۆی نەکردووە بەو مەبەستەی ئاوەها بیکاتە بابەتی شیعرێکی داهێنـەرانە. واتـە سـەرچاوەی ئەو ئامـادەیی و تایبـەتمەندییـەی گیـان «ڕوح» لە هەردوو شـوێندا هەمـان شوێنە، بەڵام پلەی هاوسۆزی و بابەتەکەشی جیاوازن. لە «دەروێش عـەبدوڵلا»دا پێ دەچێ (فـلاش بـاک)ێکی بەهێـز بۆ ڕابوردووییەکی خـواسـتـراو: «شـەپۆلی زەوقی مـیللی»، بە مـەبەسـتی هەڵاتن و دوورکـەوتنەوە لە «ئێستا»یەکی نەخواستراو و ناگەوارا، بەکارهێنرابێت: «ئەوەندەم بیست لە مۆسیقا خرۆشی ڕۆحی بێگانە»، ئەو فـلاش بـاکـەش لە خـزمـەتی جـۆرە ئاوەدانکردنەوەیەکی تایبـەت و نائاسـایی ناخێکی نیـمچە وێران: «دەروونی مـات و چۆڵم» و «ڕۆحی کـلـۆڵم»، یان جـۆرە خـاوێن کردنەوەیەکی ڕەوانی «تطهیـر روحی»ی ئەو ناخـەیە، کە ڕەنگە لە سۆزی «هەست بە تاوان کردنی نامۆوە، بە هۆی فـەرامـۆش کـردنی سـۆزە گـەرمـەکـانی نیـشـتـیـمـان»ەوە سەرچاوەی گـرتبێ، ئەمـەش ئەو ناهاوتاییـە دەروونییـە ڕوحییە گەورەیەیە کە هەمیشە قەیرانەکانی ناخ دروست دەکات.

سێیـەمین قـۆناغی ئەم گەشتنامەیە، بەپێی ئەو پۆلێن کردنەی لەم بابەتەدا پێشنیـار کراوە، دوا سێ وێستگەی «گـەشت لە هەورامـان» بەخـۆوە دەگـرێت و «ژن» چەقی سـەرەکی و گـەورەیەتی. «ژن»یش لە سـەرجـەمی ئەو شـیـعـرانەی گـۆران-دا کـە پاڵنەرێکی ئایدیۆلۆژیی ڕاستەوخۆی لە پشتەوە نییە، هەمیشە ئامادە و خاوەن شوێنی تایبەتە. تەنانەت لەو شیعرانەشدا کە بۆ سروشت خۆی، نەک هیچ شتێکی دیکە نووسراوە، یان سروشت بە ژن شوبهێندراوە:

**پایز! پایز!**
**بووکی قژ زەرد،**
- پاییز ١٦٣ -

یان ڕەفـتـاری ژنی دراوەتە پاڵ، ئەمـیـش هەر لە ڕێی لێچواندنەوە:

**ڕیزێک نەمامی دار چوالەی نازدار**
**کە ڕێک وەستا بوون لەسەر گیای بەهار**
**وەک بووک ئەندامیان لە سووراو نابوو،**
**لەنجەی تاوتاویان بۆ چپەی با بوو....**
- دارچوالەی پشکووتوو ١٧٦ -

یان لە سـروشتـەوە وانەیەکی ئامـادە کـردنی بەردەوامی «ژن» لە هەموو چرکەیەکی گەرموگوڕی ژیانیدا فێر دەبێت

و لەو هەڵوێستە تایبەتەدا دەیکاتە سەرمەشقی خۆی:

**ئەی گیا سەوزەکەی دڵ فەرەحاوی،**
**وەک تۆ سەرگەرمی سەودای هەتاوی،**
**منیش لەمەوپاش وایە بڕیارم**
**تیژگی خۆر بێ لام ناز خەندەی یارم!**

- سەوزە گیای پاییز ١٦٨ -

یان جموجووڵی دەخاتە چوارچێوەی ڕەفتاری نازئامێزی ژنانە:

**بانگی شێوان: لە ئاسمانی خۆرنشین،**
**ئەستێرەیەک ئەجریوێنێ: گەش، شیرین!**
**دەوروپشتی دەریای شینە و بە تەنیا**
**سرنج ئەدا لە ئێوارەی ڕووی دنیا،**
**لە پرشنگیا هەیە شێوەی چاوی کاڵ،**
**لە لەرزینیا زەردەخەنەی لێوی ئاڵ!**
**وەک ئەو گوڵەی ئەیدا لە سەر، نازدارێ،**
**تێر نابێ لێی هەر چاوێ بۆی ئەنوارێ...**

- بەسەرهاتی ئەستێرەیەک ١٧٤-

لە هەموو حاڵەتێکیشدا هەر «تەبیعەت - سروشت -، بەلای ئەوەوە، بێ ڕووناکییە، بێ بزەی ئازیز.

«کانی ژنان» یەکەمین وێستگەی ئەم دوا قۆناغەی «گەشت لە هەورامان» ە. هەڵبژاردنی ئەم شوێنە بۆ ئەوەی ببێتە دەروازەی ئەم قۆناغە پێ دەچێ لەو ڕووەوە بێت کە بە ڕاستی ئەو هۆکارەیە کە ڕاستەوخۆ ژن «کچ» لە چواچێوەی کۆمەڵایەتی ئاسایی خێزان، دادەبڕێت، با بە شێوەیەکی کاتی بێت و دەیخاتە گەرمەی ئەو گۆڕەپانەوە کە دەیکاتە بابەتی ڕاستەوخۆ و هەرە بەرجەستەی خولیا و خەونی کوڕان:

**سەرچاوەی ئاوێک: کەڵەکێک لەسەر:**
**ژنێک تێی ئەچێ، ژنێک دێتە دەر....**
**ئەمەش لە دێدا کانیی ژنانە،**
**قیبلەی دڵداریی هەرزەکارانە**

بەدەر لەو وەسفە زۆر سادەیەی کانی کە لێرەدا بەدی دەکرێت: «سەرچاوەی ئاوێک کەڵەکێک لەسەر»، کە پتر لە ڕاپۆرتێکی سەرپێیی و خێرا دەچێ، نەک وێنەیەکی هونەریی ئەوتۆ کە خەیاڵی بە شێوەیەکی کارا تێدا خرابێتە گەڕ، لە بەشەکانی دیکەی ئەو دوو بەیتەدا جموجووڵێکی ئەوتۆ بەدی دەکرێت کە، سەرەڕای ئەوەی بە ڕواڵەت هەر ڕاپۆرت ئاسایە، بەڵام لە پەناوە ئەو ئیحایە لە ئامێز دەگرێت کە ئەو دوو پرۆسەیەی «چوونە نێو کانی» و «لێ دەرچوون»ەی گیان بەو - سەرچاوەی ئاوە کەڵەک لەسەر-ە دەبەخشێت. ئەوەی ئەم مەسەلەیە بەو شێوە بەهێزە دێنێتە ئاراوە ڕووکردنی تەواو و بێ وێنەی «هەرزەکاران»ە لەو شوێنە بە هەموو هەست و سۆزیانەوە بە شێوەیەک کە شاعیر ناچار بووە بە «قیبلەی دڵداریی هەرزەکاران» ناوی ببات و هەر لێرەشەوەیە کە گۆران بە ناوونیشانێکی ئێجگار زەق ئەو شوێنەی ناساندووە: «ئەمەش لە دێدا کانی ژنانە». هەڵبەتە ناشتوانرێ ئەو ڕاستییە فەرامۆش بکرێت کە ئەو چوارچێوە مەکانییەی ئەو شێوە ناساندنە: «لە دێدا» جۆرە گشتاندنێکی بەرچاوی تێدا بەدی دەکرێت، بەو مەعنایەی: «ئەم جۆرە شوێنە لە هەموو دێیەکدا، یان بەلای کەمەوە لە دێیەکانی هەوراماندا - نەک لە دێیەکەی دیاری کراودا- کانی ژنانە»، کە ئەو گشتاندنەش بە هەند وەربگیرێت، دەبێ ئەوەش هەر بە گشتێندراو بزانین کە «کانی ژنان» لە هەموو دێیەکدا، یان بەلای کەمەوە لە هەموو دێیەکانی ناوچەی هەوراماندا، قیبلەی دڵداریی هەرزەکارانە. ئەگەر هێندێک زیاتر لەمە ورد ببینەوە و ئەو خاڵە گرنگانە ڕەچاو بکەین کە «گوند -دێ» ناکرێ دوور لە سەرچاوەی ئاو دروست بکرێت و هەمیشە «ئاو» و «ئاوەدانی» پێکەوە گرێ دراون و بە ڕەچاو کردنی ئەوەی تەمەنی هەرزەکاری سنوور و حوکمی تایبەتی خۆی هەیە و هەرزەکار لە هەموو گوندێکدا، بە هەمان ئەو چاوی بایەخ پێدانی گەورەیە ڕوانیویەتییە «کانی ژنان» و ئەگەر هەلێکی گرنگی ژوانی بۆ ڕەخسا بووبێت، ئەوە هەر هاتوچۆی کچ بۆ ئەو شوێنە ئەو هەلەی بۆ ڕەخساندووە. بە ڕەچاو کردنی ئەو دوو خاڵە پێ دەچێ گشتاندنەکە پایەدار بێت و هەموو شوێنێ «دێیەک» بگرێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی گۆران کوڕی سەردەمێکی تایبەت بووە و گیانی ئەو سەردەمەش، تا تەواو کردنی ئەم «گەشتنامە»یە و تەنانەت تا پاش چاولێکنانی یەکجارەکی شاعیریش بە ماوەیەکی زۆر، گیانی گشتی گوندەکانی کوردستان هەر بەو شێوەیە مابووەوە، واتە بەوەی دەبوو لاوان، لە هەردوو ڕەگەز، زۆر وریایانە چرکە دەگمەن و زۆر کورتەکانی ژوانیان ڕاو بکەن، ناتوانین بە شێوەیەکی ڕوون ئاماژە بۆ ئەو حاڵەتە بەدی بکەین.

بەم پێوەرانە هەمان ئەو «سەرچاوەی ئاو»ەی ئەو تایبەتمەندییانەی خرانە ڕوو، سەرچاوەی سەدان چیرۆکی دڵداریی ئەوتۆیە کە تەنیا لە سنووری دوو دڵ، یان سنوورێکی نەختێک فراوانتردا زانراوە و ناشزانرێ چەندیان هەلی بە ئاوات گەیشتنی بۆ ڕەخساوە، بەڵام ئەگەر زەمینەی بڵاوکردنەوە بۆ هێندێکیان بڕەخسێت، بێ گومان ئەو «کانی ژنان» ە دەبێتە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی داستانی پڕ شۆڕی خۆشەویستی و دووریش نییە هێندێک لەو داستانانە شێوەی تازەتر و زیندووتری سۆزی ڕاستەقینەی ڕێبوارانی ئەم ڕێیە سروشتییە پەردە لە ڕوو هەڵنەماڵراوە بخاتە ڕوو و چیرۆک گەلێکی ئەوتۆ بێنە ئاراوە کە ڕەنگە مێژووی خۆشەویستی بە چاوێکی دیکە لێیان بڕوانێ. ڕاگەیاندنی کاریگەریی ئەم دڵدارییە، لەو ناوچەی هەورامانەدا و لە چوارچێوەی گەشتنامەکەی «گۆران»دا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**ئێواران، پۆل پۆل، لاوی کاکۆڵ لوول،**
**سەرەڕێ ئەگرن، سەرگەرم و عەجوول**

دەشێت لە پەناوە، ئەو ڕازەمان بۆ بدرکێنێ کە کۆمەڵ، ئەگەر بە شێوەیەکی (فەرمی)ش ئەوەی ڕانەگەیاندبێ ئەم ڕەفتارەی ئەو پۆلانەی «لاوی کاکۆڵ لوول»ە ڕەوا و سروشتییە، بە چاوپۆشین لەو «سەرەڕێ گرتن» ە، یان بەوەی بە شێوەیەکی ورد چاودێریی ناکات، لە پەناوە پەراوێزێکی جموجوولی ئازادانەی بە مەبەستی زەمینەسازی بۆ پێکهێنانی خێزان لەسەر بناغەیەکی، تاڕادەیەک گونجاو و دروست، هێشتۆتەوە. لە ڕاستیشدا، بە ڕەچاوکردنی ئەو خاڵە و بە بێ ڕەچاو کردنیشی، هەمووان دڵنیاین لەوەی لاو، بە تایبەت لەو تەمەنەدا، ئەگەرچی هەوڵی ئەوەی داوە هێندێک سنوور نەبەزێنێ، بەڵام بۆ خۆشی سنوورێکی دیاریکراوی ئازادیی داناوە و لەو پێناوەدا ئامادەی هەر جۆرە ڕووبەڕوو بوونەوەیەکیش بووە، ڕەنگە ڕەنگدانەوەکانی ئەو خاڵەش بووبێتە مایەی ئەوەی کۆمەڵ، سەرەڕای بوونی بۆچوونێکی سەختگیری بنیادنراو لەسەر شێوەی باوکسالاریی توندڕەو خۆپەسەندی بنیادنراو لەسەر وەهمەکانی فیودالیزم «دەرەبەگایەتی»ی کۆیلەیی خوازی پشت ئەستوور بە تیۆریزەکردنی «دەسەڵاتی پیرۆز»ی باوکی بەرجەستە بوو، لە بەرچاوترین شێوەیدا، لە شەخسی «ئاغا»دا، بەڵام ئەو پەراوێزە بچووکەی ئازادی، بە مەرجێک ئامێتەی «قەدەغە» کانی ئاغا و کوڕی ئاغا و هاوشێوەکان نەبێتەوە. ئەمەش خاڵێکە شاعیر، بە ڕاشکاوی دەری نەبڕیوە، بەڵام لە دوا بەیتی ئەم وێستگەیەدا جۆرە دەربڕینێکی زیرەکانەی «سنووردار بوونی ئەو ئازادی» یەی «لاوی کاکۆڵ لوول» ، بە شێوەیەکی ڕوون، بەڵام شاعیرانە، بەدی دەکرێت:

**هەرچەن هاڕەی دێ هەیاسەی جوانێک،**
**لە هێلانەی دەم ئەفڕێ: ئامانێک!..**

ئەم «فڕینی ئامان»ە هەر ئەو «داخ»ە شاراوەیەیە کە «سنوورداریی ئازادی» دەردەبڕێت و جەرگی «لاوی دڵدار» دەبڕێت و لە هەمان کاتیشدا، ئەو گەرمی و تینە ڕاستگۆیە دەبەخشێتە سۆزی ئەو و دڵدارییەکەی و دەیکاتە بابەتێکی زیندوو و گونجاو بۆ هەموو سەردەمێکی ژیانی مرۆڤ لە هەموو شوێنێکی ئەم ڕووبەرەی ناوی «زەوی»ی لێ نراوە. ئەم کاریگەرییەی پێکهاتەکەی خۆڕازاندنەوەی یار، کە لە جەوهەردا هەر کاریگەریی یار خۆیەتی، بەو تێکەڵ بوونەی لەگەڵ ئەو «ئامانە فڕیو»ە، زەقی ئەو سنوورەی ئازادی دەردەبڕێت و لە هەمان کاتیشدا ئەو ڕاستییە دەخاتە ڕوو کە تا چ ڕادەیەک بەسەر دڵی عاشقەوە سەختە. ئەم دوا بەیتەی ئەم وێستگەیە، سەرەڕای سەرکەوتنی بەرچاوی لەوەدا کە بووەتە قفڵێکی گونجاوی ئەم وێستگەیە خۆی، دەروازەیەکی سەرکەوتووی چوونە نێو وێستگەی داهاتووشە: ئەو وێستگەیەی لە ڕوانگەی شتومەکی خۆڕازاندنەوە و بۆن خۆش کردنەوە ژنی هەورامان دەخاتە ڕوو:

**ژنی هەورامان، سەرتاپای خشڵ،**
**سەرچاوەی بۆنی مێخەک و سمڵ،**

بەڵام گۆران لەو سنوورەدا ڕامان ناگرێت کە وا بزانین ئەمە هەموو مایە و سەرمایەی ژنی هەورامانە، بە پێچەوانەوە بوونی ئەم ژنە بە قیبلەی دڵداریی هەرزەکاران پتر پشت بە بنەمای ناوخۆ دەبەستێ نەک دەرەکی: ژنی هەورامان، لە ڕووی دراوە سروشتییەکانەوە پەروەردەی ئاووهەوایەکی سازگار و سروشتێکی ڕەنگاوڕەنگ و دڵگیرە، لە هەموو ئەمانەش بەولاوە، ژنێکی کارایە و ئاو لە کانییەوە هێنانەوە بۆ ماڵەوە و بەخێو کردن و بایەخدان بە مەڕ و ماڵات و دۆشین و دروست کردنی ماست و پەنیر و کەرە و دۆ و.... تاد

بەشداری لە باخداری و چنینەوەی بەروبووم و سەرجەمی ئەرکەکانی دیکەی ژن لە ژینگەیەکدا کە پێویستی بە لەش سووکی و چوستوچالاکی هەیە، بەلای کەمەوە، ناچاری دەکەن لە هەموو ڕوویەکەوە لەگەڵ ئەو ژینگەیەدا بگونجێ. ئەمە بۆ خوێنەری ئەم جۆرە گەشتنامە خێرایانە ڕەنگە وەبیرهێنانەوەیەکی پێویست بێت، چونکە گۆران، هەر لەبەر ئەوەی پشتی بە مێشکی خۆی بەستووە بۆ کۆکردنەوەی ئەو وێنانەی مەبەستێتی لە کارێکی ئاوەهادا جێیان بکاتەوە، زۆر لایەنی دیکەی کردۆتە قوربانی، دەنا هێندەی پێوەندیی بە تایبەتمەندییەکانی ژنی هەورامانەوە هەبێ، بەلای شاعیرێکی هەست ناسک و وردبین و وردەکاری وەکو (گۆران)ەوە، ناکرێ بگوترێ تەنیا لە چوار بەیتدا جێی هەموو شتێک کراوەتەوە. ئەم خاڵە پتر لەو ڕاستییەدا بەرجەستە دەبێت کە هەوڵەکانی دەربڕینی جوانی ژنی هەورامان گشتین:

**تا بلێی تەرپۆش، ئاڵ و والا جل،**

**بەژن و بالا جوان، بەدەن نەرم و شل!**

ئەوەی لێرەدا بەدی دەکرێ وەسفی وردی «تەرپۆشی»، یان تایبەتمەندیی «تەرپۆشی»ی هەورامان نییە، ئەگەرچی بە ڕواڵەت بابەتی بەشان و باڵدا هەڵدراو ژنی هەورامان بێت. هەروەها پێکهاتەکانی دیکەی وەسفیش بە تێکرایی: «ئاڵ و والا جل»، «بەژن و بالا جوان» و «بەدەن نەرم و شل» ناتوانرێ بە حوکمی جوانیگەرانەی پەیوەست بە نموونەیەکی ورد و تایبەت دابنرێت هێندەی دەکرێ بە حوکمێکی گشتی خاوەن توانای لەبەرگرتنی زەمینەیەکی بەرفراوان و بەربنی جوانان دابنرێت. ئەمە، وەکو لە سەرەتای ئەم گەشتنامەیەوە بە ڕوونی دەرکەوتووە، پتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بابەتەکەی ناکرێ حیسابی «مۆدێل»ی بۆ بکرێت، واتە وەسف کراو نموونەیەکی ئامادەی ڕاستەوخۆی بەرچاو نییە تا بتوانرێ بە بێ بوونی نێوەندێکی یاریدەدەری وەکو ئەندێشە و یادەوەری مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، ئەمەش بابەتی چەژ و چێژ وەرگریش لە وردەکارییەکانی دیتن و چاودێریی ڕاستەوخۆ و تینی ئەو ئامادەییە بێ بەش دەکات. بێ بەش بوون لەو ئامادەییە دەشێت بابەتی جوانیگەرانە لە خەسڵەتە تایبەتەکانی خۆی دامالێت و بیخاتە داوی وێنەی خەیالی ئەوتۆوە کە ناتوانرێ بە ئاسانی پەی پێ ببرێت و هەستی پێ بکرێت، ئەمە لە سێیەمین بەیتی ئەم وێستگەیەدا دیارە:

**نیو نیگای خەندەی ئەستێرەی ئەمەل،**

**نەغمەی گفتوگۆی وەک جریوەی مەل!**

ئەو هاوکێشەیەی لە یەکەمین بەشی ئەو بەیتەدا بەدی دەکرێ وێنەیەکی نائاسایی نیمچە ئاڵۆزە لە بەرانبەر حاڵەتێکی نائاسایی لە ڕوانینی «ژنی هەورامان»دا. لە جەوهەریشدا ناتوانین دڵنیا بین لەوەی ئایا ئەو «نیو نیگا»یە، نیگای پەردەپۆش کراو بە شەرمە کە ڕێگە نادات بەوەی چاو تا ئاستی ئاسایی پێویست بۆ ڕوانینی تەواو بەرز ببێتەوە، یان ڕوانینی نازپەروەرانەی تێکەڵ بە جۆرە فیزێکی هەڵقوڵاو لە جوانی نائاساییەوەیە کە ڕێگە بە دابەزاندنی هێڵی ڕوانین بۆ ئاستی ئاسایی ڕوانین و بینین نادات. ئەم «نیو نیگا»یە بە «خەندەی ئەستێرەی ئەمەل» شوبهێندراوە کە سەرتاپا نوقمی «نائاسایی بوون»ە، بە هەموو پێکهاتەکانی ئەو فرێزەوە: «خەندە»، «ئەستێرە» و «ئەمەل»، ئەگەرچی وێنەیەکی دڵنشین و خواستراویش پێکدەهێنێ. ئەم نائاسایی بوونەی ئەو وێنەیە، بە بۆچوونی من، لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێ کە شیعرەکە بەرهەمی ساتە گەرمەکانی گەشتێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو زادەی ساتەکانی ڕامانی سەردەمی پشوو و ساردبوونەوەی هێڵەکانی بینینی ڕاستەوخۆیە.

لە لایەکی دیکەوە، وشەی «ئەمەل»ی ئەم بەیتە، لە شێوەی بەگەڕخستن (توظیف)یدا دەمانگێڕێتەوە بۆ سێیەمین بەیتی وێستگەی «بەیان» کە دەڵێ:

**ئەستێرەی مەغریب وەک قەترەی ئەمەل**

**کز کز ئەتکێتە ناو بەفری سەرکەل!**

هەردوو فرێزی «ئەستێرەی ئەمەل» و «قەترەی ئەمەل» بێ بەشن لەوەی بوونێکی سەربەخۆیان لە واقیعە بە گشتی پەسەندکراوەکەدا هەبێ، ئەگەرچی دەکرێ دەلالەتی بەهێزیان لە زەیندا هەبێ و هەشیانە. وشەی «قەترە – دڵۆپە» بۆ ئەو شوێنەی بەکار هێنراوە، بە دابڕاوی لەوەی دراوەتە پاڵی، واتە وشەی «ئەمەل»، زۆر ئاسایی و بەجێیە، چونکە کۆی «ئەستێرە ڕوو لە ئاوا بوون»ەکان بە چەند دلۆپێک شوبهێنراون، بەڵام دانانی وشەی «ئەمەل – هیوا» لە بەرانبەر ئاوابووندا، کە هەڵگری دەلالەتی ڕەشبینییە نەک گەشبینی، هەمان ئەو شێوەی خستنەگەڕە نائاساییەمان دەخاتەوە پێش چاو، ئەمە وێڕای ئەوەی

نازانرێ بۆچی وشەی «ئەمەل - هیوا» دراوەتە پاڵ هەر یەک لە وشەی «ئەستێرە» و «قەترە»وە، ئەگەرچی دەکرێ لە ئیحای «نیو نیگا»ی یاردا، بۆ عاشق، دەروازەی ڕاستەقینە، یان هەڵخەڵەتێنەری هیوا بەدی بکرێت. بە هێندێ وردبوونەوەش، دەتوانرێ بە ئاسانی پەی بەوە ببرێت کە نە «ئەستێرە» هی ئەوەیە بدرێتە پاڵ هیوا «ئەمەل» و نە «قەترە - دڵۆپە»، چونکە تەمەنی هەردوکیان کورتە: «ئەستێرە» بچووکە و تەنیا بەشێک لە شەو، یان بە درێژایی شەو دەردەکەوێ، کەچی دڵۆپە لەویش بچووکتر و تەمەن کورتترە و خێراتریش دەکەوێتە بەر کاریگەریی کارلێکەکان و فاکتەرەکانی کاریگەرییەوە.

هەمان ئەو بزربوونەی گەرمی دیتن و چاودێریی ڕاستەوخۆ.. بزر بوونی کەفوکوڵی چرکەی مامەڵەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ناخ وورووژێنەکان، کە وەکو پێشتریش ئاماژەی بۆ کراوە بەسەر هەموو ئەم گەشتنامەیەدا زاڵە، بەسەر نیوەی دووەمی ئەم بەیتە: «نەغمەی گفتوگۆی وەک جریوەی مەل» و دوا بەیتی ئەم وێستگەیە و وێستگەی داهاتوو - دوا وێستگەی ئەم گەشتنامەیەشدا هەر زاڵە -، ئەمەش ئەو سەرنجەی شاعیر پشتڕاست دەکاتەوە کە لە سەرەتای گەشتنامەکەدا سەبارەت بەوە دەربڕی بوو کە ئەمە زادەی (ئینطیباع)ی چەندین گەشتە، بە درێژایی بیست ساڵ. لە حاڵەتی ئاوەهاشدا، بە تایبەت بە نیسبەت شاعیرێکی بە توانا و سەلیقەی وەکو «گۆران» ەوە، جوانی وردەکارییەکانی وەسفی پشت بەستوو بە خەیاڵ و پاشماوەی کارلێکی وێنەکان لە خانە قووڵەکانی یادەوەریدا هەر ئامادە دەبێت، بەڵام سنوورە زەق و ڕاستەوخۆ و بەیەکدا هاتووی بابەتەکانی وەسف بە هێڵی تەماوی و گشتی نائامادە لە چرکە و شوێنی دیار و ورد دەگۆڕدرێتەوە. خوێنەریش بە ئاسانی دەتوانێ دەرک بەوە بکات کە لەم بەیتەدا:

**ژینی بەهاری عەشق و جوانی!**

**جیلوەگای حوسنی: ڕێی باخ و کانی!...**

ناتوانرێ تایبەتمەندییەکانی جوانی «ژنی هەورامان» لە نێو ئەو سروشتە جوانەدا کە بە «ڕێی باخ و کانی» تەعبیری لێ کراوە، دەرکی پێ بکرێت و خۆشی ناچار دەکرێت پەنا بباتە بەر خەیاڵ بۆ ئەوەی بتوانێ شتێک لەبارەی ئەو ژنەوە پێکبێنێت.

خوێنەر دەتوانێ سەرنجی ئەوەش بدات کە ناوونیشانی وێستگەکان جۆرە پۆلێن کردنێکی دەستکردی ئەوتۆیان پێوە دیارە کە خوێنەر لە ئاستی بابەتێکی وێنا کراودا ڕادەگرێت، نەک لە ئاستی بابەتێکی بەرچاو و بەرجەستە و زیندوودا و لەم پرۆسەیەشدا شاعیر پشت بە باڵادەستی خۆی - دەسەڵاتی شیعریی - دەبەستێت، نەک بە بابەتێکی ئەوتۆ کە لە ڕێگەی مامەڵەی شاعیرانەوە کۆمەڵە سەرچاوەیەکی نهێنی جوانیگەرانەی دەخرێنە ڕووکاری پرۆسەی ئافەریدە کردن -داهێنان-ی جوانیگەرانەوە، بەڵام ئەو پرۆسەیەش، خۆی، بە بێ بوونی ئەو بابەتە گونجاوە، بۆی نەبوو ئەو تین و شۆر و کەفوکوڵەی هەبێت. لە وێستگەی «گۆرانی»دا کۆمەڵە چەمکێکی بەرجەستە کراو هەن، کە پتر بەناو بەرجەستەن: «ئێوارە»، «سەرەڕێی کانی»، «چەم»، «گۆرانی»، «ڕۆژ - لە ئاوا بووندا -»، «کنا لەیل»، «مانگ»، «تریفە»، «ناودێ»، «سیاچەمانە»، «دار»، «بەرد» و «ژن»، بەڵام، ڕێک بەو شێوەیەی لە هەموو وێستگە و بەیتەکانی دیکەی ئەم گەشتنامەیەدا بەدی کرا، هەموو ئەو چەمکانە تەنیا لە چوارچێوەی پێکهاتە شیعرییەکەدا لە بوونێکی گشتیدا بەهرەدارن و هێندەی دەکرێ هی هەورامان بن، جگە لە «کنا لەیل» و «سیاچەمانە»، دەکرێ هی هەر شوێنێکی دیکەی کوردستان بن. هێندەی پێوەندیی بە «کنا لەیل»و «سیاچەمانە»شەوە هەبێ، دەتوانرێ بە ڕوونی ئەو ڕاستییە بەدی بکرێ کە لە ناوەکە بترازێ، ئەوانیش هێندەی «قەتار» و «ئەڵڵا وەیسی»، «لاوک» و «حەیران»بوونی پایەداریان هەیە. ئەمەش پتر بۆ پاڵپشتی کردنی سایەی «شوێن»ە، نەک شوێنێکی ڕاستەقینە.

لەو کۆششەی چڕکردنەوەی ئەم چەمکە داماڵراوانەدا گۆران پەنا دەباتە بەر گەمەی زیهنی کارلێکی گەورەی سروشت لەگەڵ حاڵەتی ویژدانی خواستراوی مرۆڤ لە پرۆسەی خۆشەویستیدا. هەمان ئەو چەمەی کە شاعیر لە یەکەمین وێستگەدا «هاوار و هاژە» کەی خواستووە «بۆ تەنیایی شەو لایەلایەی خەم»، لە دوا وێستگەدا بە شێوەیەکی دیکە دەخرێتە ژێر کاریگەریی هاوسۆزییەوە لەگەڵ مرۆڤ:

**عەشقی ئێوارەی سەرەڕێی کانی،**

**بەر ئەداتە چەم کڵپەی گۆرانی!**

ئەم پرۆسەی «مرۆڤاندن – انسنە» یەی سروشت، لەو شوێنانەدا کە بابەتی شیعری لە بوونی ڕاستەقینە دامالڕاوە و تەنیا بوونێکی زیهنی نزیک لە ئایدیایەکی هەیە، گەمەیەکی زیرەکانەی شاعیرە بۆ ئەوەی گیان بخاتە بەر ئەو بابەتانەوە. لێرەدا «چەم»، بەو هەموو هێزەی دامرکاندنەوەی ئاگر لە شوێنی ئاگر تێ بەر بوودا، بە سۆزی عیشقێکی هەمەڕۆژە، هەمان ئەو کڵپەیەی تێ بەر دەبێ کە بە شێوەی گۆرانی لە ناخی عاشقانی «سەرەڕێی کانی»یەوە بەرز بۆتەوە. ئەم جارەیان ئاراستەی کارلێکەکە پێچەوانەیە: لە حاڵەتی دەروونی مرۆڤەوە بۆ چەم، پێشتر لە چەمەوە بۆ حاڵەتی دەروونی مرۆڤ بوو. لە گەمەیەکی زیرەکانەی دیکەشدا، کە ئەمیان جۆرە بەرزبوونەوەیەکی درامی ڕوودەوە دەروونییەکەی پتر پێوە دیارە و ڕاستەوخۆش «چەم» ی ژێر حاڵەتی گۆڕان دەخاتە ژێر پۆششی خۆیەوە، گۆڕانییەکە ئاراستەی هاوارێکی جگەر بڕی ڕاستەوخۆ بۆ «یار» و ڕەنگرێژ کراو بە مۆرکی هەورامان: «کنا لەیل – کچێ یار» بەخۆوە دەگرێ. ئەمەش لە چ کاتێکدا؟، لەو کاتەدا کە ڕۆژ ئاوا دەبێت و دوا کاروانەکانی ئەو کیژانە بەرەو ماڵەوەن بۆ ئەوەی لە پشتی دەرگا داخراوەکانەوە، تا هەڵهاتنێکی دیکەی ڕۆژ دەرگای تەنانەت ژوانی بێ دەنگیش دادەخرێت:

**ڕۆژ ئاوا ئەبێ، چەم تاریک دایە،**
**دەنگی (کنا لەیل) کۆتایی نایە..**

لێرەدا دەکرێ سەرنجی ئەوە بدرێت کە لەگەڵ ئاوا بوونی ڕۆژدا تاریکی دنیا داناپۆشێ، بەڵام «چەم تاریک دایە». ئەم گواستنەوەیەی سروشتی چەم، بەوەی لە بنی شێوەکەدایە و زیاتر هۆکاری زوو تاریک داهاتنی بۆ ڕەخساوە، کاریگەریی ئەو کارلێکەی بەسەرەوە گەورەتر کراوە و دەرەنجام، هاوسۆزییەکەشی چڕتر کراوەتەوە.

وەکو ئەوەی گۆران چمکی بابەتێکی زیندووی بە دەستەوە گرتبێت و نەیەوێ دەست بەرداری ببێت، ئەو پێوەندییەی «کات – چەم»، «چەم –کنا لەیل» و «کات – کنا لەیل»ە هەنگاوێکی دیکەش بەرەو پێشتر دەبات، بەڵام هەنگاوێکی ئەوتۆ کە بە جوانی هەست بە شوێن و قورسی دەکرێت:

**مانگ بە تریفەی ناو دێ ئەکا کەیل،**

**هێشتا هەر گەرمە ناڵەی (کنا لەیل..!)**

لەم ئاستەشدا، ڕەنگە لە ژێر کاریگەریی هەست کردنی تەواو بەوەی کە «کات» حوکمی خۆی هەیە و ئەمە خەون نییە کە دەرگای ڕۆژێکی ژوان داخرا، هیوای سەربڕاوی عاشق، دوای ئەوەی لە هاوارێکی تووڕەوە دەگۆڕێت و دەبێتە «ناڵە»یەکی بێ دەسەڵات و سکاڵا ئاسای بانگ کردنی یار، ئەو «ناڵە»یەش هێندە بەردەوام دەبێت کە چیدی «کات» ڕێگە نادات حورمەتی بێ دەنگی پێشێل بکرێت... ئا لەوە بەولاوە، کە «ناڵە» لە ناخدا خەفە دەکرێت، «بانگ کردن» یش بەو ئاقارە کۆتایی پێ دێت بەوەی بانگی ڕاستەوخۆی یار گەورەتر بکرێت و ببێتە «داستان»، یان «ئەفسانە»ی خۆشەویستییەکی ناکام. لێرەش بەولاوە، «کنا لەیل» دەست لە گەرمی خۆی هەڵدەگرێت و ڕێگە بۆ «سیا چەمانە» چۆڵ دەکات، ئەو «سیا چەمانە»یەی چیدی بە حاڵەتە فەردییەکانی خۆشەویستییەوە خۆی نابەستێتەوە، بەڵکو بەرەو مێژووی چارەنووس ئاسا و ئەفسانەیی ناوچەیەک بە گشتی هەنگاو دەنێت، ناوچەیەکی ئەوتۆ کە شاعیر ویستوویەتی بە ناوی «عەشق» ەوە ڕەنگرێژی بکات، ئەگەرچی تانوپۆی هیچ ئەفسانە و داستانێکی خۆشەویستی نەخراوەتە ڕوو، بەڵکو پێ دەچێ هەر ئەو (کنا لەیل)ەی پێشوو بێت و لە سایەی باڵ بەسەردا کێشانی تەواوی بێ دەنگی بە سامی شەودا عاشقی ناچار کردبێت «یار»ەکەی لە «قسە لەگەڵ کراو – مخاطب»ەوە بگوازێتەوە بۆ «بزر – غائب». ئەم گواستنەوەیە، لەوانەیە لە ڕووی ڕەنگدانەوە دەروونییەکانەوە گواستنەوە بێت لە هیوا و خۆزگەی ژوانی بەردەوامەوە بۆ گۆشەی هاتن بە شانوباڵی یارێکی نیمچە ئەفسانەییدا، لای کەم لەو ڕووەوە کە ئەگەری شاد بوون پێی – بە دیداری –، ئەگەرێکی دوور و ناچاوەڕوان کراو بێت. ئەگەر ئەم ڕاڤەیەی گواستنەوەکە دروست بێت، ئەوە دەکرێ وەسفی «بەهەشت» لەم بەیتەدا وەسفی شتێکی خواستراو بێت نەک بەدی هاتوو:

**«سیاچەمانە.. سیاچەمانە..»**
**بەهەشتی عەشقە ئەم هەورامانە!**

کە ئەو «بەهەشت»ەش (ئەگەر تەنانەت هەر لە ڕووی خواستنی چەمکێکیشەوە بێت بۆ ئاماژە کردن بە لایەنێکی زاڵ لەو چەمکەدا) خواستراو بێت، ئەوە دەکرێ

پتر بیر لە «ناکام بوون»ی عەشقەکە بکرێت و ئەزموونی هەمـوو داسـتـانە گـەورەکـانی عـەشق، لەسـەرتاسـەری مێژووی مرۆڤ لە رووی زەویدا، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە مەزنترین داستانەکانی عەشق و کاریگەرترینیان هەر ئەوانەن کـە بە زمـانـی «هاوار» و «نالـە»ی ناکـامی نووسراونەتەوە و داستانەکانی لای خۆشمان (شیرین و فـەرهاد) بۆ نموونە، بەڵگەی ڕاسـتی ئەو بۆچوونەن. دەشکرێ بیر لەوەش بکرێتەوە کە «بەهەشت»یش لێرەدا بەهەشتی «هاوڕاز بوون»ە لەگەڵ پاکیزەیەکی دەگمەن لە جیهانێکدا کە دەتوانرێ بە ئاسانی و بە سەرکەوتوویی هاوڕەگەزێکی خۆی هەڵبژێردرێت، بەڵام لەپێناوی ئەوەی عەشقەکە هێندە مەزن بێت کە ببێتە ئایدیایەکی لەبیر نەکراو و هەمیـشـە ئامـادە، هەمـوو ئەگـەرێکی دیکەی هەڵبـژاردن وەلاوە دەنرێت و ئەو ئازارەی عـەشق، بە ئەگـەری بزر کـردنی تەواوی خـودیشـەوە لە یاردا، بە گەورەترین و بەنرخترین سەرمایەی عاشق دادەنرێت.

ئەگەر لە جیهانی گشتی شیعری گۆران ورد ببینەوە دەتوانین دڵنیـا بین لەوەی ئەو چەمکەی «بەهەشـتی خۆشەویستی» زۆر پایەدار نییـە، ئەگـەرچی دەکرێ لە «گوڵی خوێناوی»دا نموونەیەکی ئێجگار بچووکی پەسەند کردنی جۆرە خۆبەخت کردنێک بەدی دەکرێت:

**کوڕ:**

**بە باغچەی پاشادا ورد گەڕام، خوار و ژوور،**

**زەرد هەبوو بۆم چنیت، چنگ نەکەوت گوڵی سوور،**

**نازانم، ئەمجا دێیت بۆ شایی و هەڵپەڕکێ؟**

**کچ:**

**نایەم، گوڵ ماویەتی بۆ سەرم سوور چەپکێ!**

**کوڕ (یەخەی مراخانیی ترازان):**

**ناتەوێ ئەم زامی سەر دڵەم لە باتی؟**

**کچ:**

**هەی هاوار! تفەنگی دوشمنیش پێکاتی؟**

**ڕاکشێ تاوێ سەر بنێرە سەر ڕانم؟**

**با بگریم بۆ دڵێ، بۆ گوڵێ دۆڕانم!...**

«گوڵی خوێناوی ل ١٧ و ١٨»

بەڵام بەلای گۆرانەوە «ژن» خۆی ئایدیایە و پێ دەچێ لە تەمـەنی منداڵیـدا ئەو هۆگـرییـەی بە «ژن»ەوە بە ئارەزووەوە گرێ نەدرابوو:

**ئەی گەورە کچی دلبەر و شۆخ! وەختی مناڵیت**

**دابووم دڵێکی پوختە بە ئەو ڕۆحە عەفیفەت،**

بەڵام لە تەمـەنێکی دیاریکراوەوە ئەم ئاراسـتـەیە بە تەواوی گۆڕا:

**بۆ ڕاستی ئەڵێم گەورە کچی عیشوە سەراپا،**

**ئەوسا نییە تا ناخی نیگای دیدە بەری بێ،**

**ئەوسا نییە تا ناوی قسەش دیوی دەری بێ،**

**ئەوسا نییە، ئەوسا نییە، ئەوسا نییە بە خوا!...**

«بۆ گەورە کچێک ٤١»

بۆیە، لەو تەمـەنە بەولاوە، بەلای ئەم شـاعـیـرەوە، ناتوانرێ بیـر لەوە بکرێتەوە کە «ناکامی» دەکرێ ببێتە «جۆرە بەهەشت» ێک، بەڵام دەکرێ بیر لەوە بکرێتەوە کە لەوانەیە «گۆران» لە یەکەمین گەشتیدا خۆیشی «لاوێکی سـەر گـەرم و عـەجـوول» بووبێت و لە «ئێـوارانێکی سەرەڕێی کـانی»دا «نیـو نیگا»یەک پێکابووبێـتی و بە «هارەی هەیاسـەی جـوانێک» لە «هێـلانەی دەم» یەوە «ئامـانێک»ی دڵتـوێنەوە خـۆی لە قـەفەسی سنگیـدا پێ ڕاگیر نەکرابووبێت و لە شەقەی باڵی دابێت... ئیدی ئەو چرکـە قـووڵە لە هەر جـۆرە «داهاتوو»یەکی دڵخـۆشکەر دابڕابووبێت و تەنانـەت ئەوەشی پێ نەکـــرابووبێت، تەنانەت «ناوونیـشـان» ێکیش وەربگرێت. لەوانەیە هەر ئەم چرکەیەش بووبێتە مایەی ئەوەی کە ئاوڕی لە «دار و بەرد»ی هەورامـان دابووبێت، بەو یادەوە، نەک تەنیـا بۆ دڵخوازە لەدەست چووەکە، بەڵکو بۆ هەمـوو «جوان»ێک ڕەحمەتی گشتاندبێت:

**ئەوەندەی دار و بەردی هەورامان،**

**ڕەحمەت لە ژنی بەژن و باڵا جوان!**

لە ئەنجامیشدا، لەوانەیە بەرجەستەترین نیشانەکانی جوانی ئەو دڵخوازە، کە ڕەنگە چاوی ڕەش بووبێت، ئەو جۆرە تایبەتەی گۆرانی: «سیاچەمانە» ی هێندە لە دڵدا جێگیر کردبێ کە بەو شێوەیە بەسەر هەمـوو هەوراماندا بیگشـتێنێت و بیکاتە نیـمـچە داسـتـانێکی تایبـەتی «عەشق»ی ئەو ناوچەیە:

**«سیاچەمانە.. سیاچەمانە..»**

**هەورامان جێگای سیاچەمانە!..**

لە هەمـوو حـاڵەتێکدا، بە بەراوردێکی سـەرپێـیـیش لەگەڵ «دەروێش عەبدوڵڵا»، دەتوانرێ بە ئاسـانی دەرک بەوە بکرێت کە لێرەدا بە کردەوە بابەتێکی واقیعی بەدی ناکرێت کارلێکی ڕاستەقینەی لەگەڵ دەوروبەردا هەبێت و

ئەو کارلێکەش دەرەنجامی هەست پێ کراوی هەبێ. بە پێچەوانەوە، لە «دەروێش عەبدوڵڵا»دا، سەرەڕای ئەوەی خۆی بەهرەیەکی خۆڕسکی نائاسایی و تایبەتی هەبووە و لە دەوروبەردا کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە، لە ناخی شاعیریشدا هێندە جێگیر بووە کە لە گەرمەی «تێکچوونی میزاج»دا بە «خرۆشی ڕوحی بێگانە»، ناچار بووە پەنا بۆ ئەم بەرێ بۆ ئەوەی فریای ناخی بکەوێت و «شەپۆلی زەوقی میللی پڕ دەروونی ماتوچۆڵ»ی بکات. لە ڕووی پێوەرە کاریگەرەکانی جیهانی ناوەوەی مرۆڤەوە لە «دەروێش عەبدوڵڵا»دا بە ڕاستی بابەتێکی هەست پێ کراو و قورس هەیە و دەشتوانرێ بە وردی پەی بەوە ببرێت کە بابەتەکە ناسنامە و سنوور و کارلێکی دیاری خۆی هەیە و ئەمانەش هەر هەموو لە «گەشت لە هەورامان»دا ون و تەماوین تا ئەو ڕادەیەی دەکرێ ئەم کارە بە کارێکی داهێنەرانەی چێژ بەخش دابنرێت، بەڵام بە ئاستەم بواری ئەوە هەیە ناوی «گەشتنامە»ی لێ بنرێت. چەمکی «گەشتنامە» با پێوەندیی بە «گەشتنامەی شیعری»شەوە هەبێ، پێویستی بە ئامادەیی کۆمەڵە بنەمایەکی گرنگ هەیە، لەوانەش بوونی «کات» و «شوێن»ی ڕوون و بەرجەستە و بوونی هەست پێ کراوی شتەکان لەو چوارچێوەیەدا.

**پەراوێز:**

*** هەموو دەقە شیعرییەکانی «گۆران»، لەم نووسینەدا هەر لەم سەرچاوەیەوە وەردەگیرێت: گۆران: سەرجەمی بەرهەمی گۆران، بەرگی یەکەم، دیوانی گۆران، کۆکردنەوە و ئامادە کردن و پێشەکی و پەراوێز بۆ نووسینی: محەمەدی مەلا کەریم ، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا ١٩٨٠.**

**(١) هەردوو گەشتنامە شیعرییەکەی «گۆران»، بەپێی پۆلێن کردنی نێو «دیوانی گۆران» لە ژێر سەردێری «دوو هاوینە گەشت»دا کۆکراونەتەوە، لە ڕاستیشدا ناوونیشانی «هاوینە گەشت» تەنیا بۆ «گەشت لە قەرەداغ» دەست دەدات، چونکە «گەشت لە هەورامان» زادەی تەنیا یەک گەشت نییە و وەکو لە سەرەتای ئەم گەشتنامەیەدا جەختی لەسەر کراوە: زادەی: «هەست و بینینی چەن گەشتێکی کات و وەرزی جیاجیای پێشوو لە بیرەوەریما پەنگیان خواردەوە» ل ١٢٧. هەروەها لە دووەمین بەیتیشدا، لە باسی «کۆمەڵە شاخێک» دا ئاماژە بۆ «سەرپۆشی لوتکەی بەفری زۆر سپی» دەکات، کە فرێزی «بەفری زۆر سپی» ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بەفرەکە تازە باریوە و ئەمەش ناکرێ لە هاویندا بێت. هەروەها لە وێستگەی (بەیان) یشدا باس لە ئەستێرەیەک بەم شێوەیە دەکات: «کز کز ئەتکێتە ناو بەفری سەر کەل» ل ١٣١ ، بۆیە بۆ ئەم گەشتنامەیە «هاوینە گەشت» ڕاست نییە.**

**(٢) وێڕای ئاماژەکانی دیکەی، ئەم بەیتە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە ئەمە زادەی گەشتێکە کە هاوڕێی دیکەی لەگەڵدا نەبووە، بۆیە پێویستی بە ئەو «هاوار و هاژە» یەی چەمە هەبووە، ئەو «تەنیایی شەو»ەی بڕەوێنێتەوە. ڕەنگە سەختیی ئەو «تەنیایی»یەش لەوەوە هەڵقوڵا بێت کە بە تەنیایی لە «دیوەخانی ئاغا»دا «دەستی کردۆتە مل خەوی پاش ڕێگا / ١٣١».**

**(٣) ئەوەی «گۆران» لێرەدا بە «فەلسەفەی ئیسلام» ناوی دەبات دەبێ، یان چەند بابەتێکی تیۆری بوو بێت لە بواری سۆفیگەری ئیسلامیدا، یان کۆمەڵێک باسی تایبەتی خوا و سیفەتەکانی و ئازادی بەندە و بەرپرسیاریی لە کردەوەکانی لەسەر بناغەی بەڵگەی عەقڵی - مەنتیقی - و نەقڵی - پشت بەستوو بەدەق - و بابەتی هاوشێوەی دیکە، بەو شێوەیەی لە بواری بیروباوەڕ - العقائد، علم الکلام، تیۆلۆژیدا بەدی دەکرێت، یان دەبێ چەند بابەتێکی بواری مەنتیق خۆی بوو بێت، دەنا لە کوردستاندا و لە ژێر کاریگەریی بۆچوونەکانی ئیمامی غەزالی - محەمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی حامید، کۆچکردووی ساڵی ٥٠٥ی کۆچی، ڕێی تێ ناچێ لە هەورامانی ئەو سەردەمەی ژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی تەریقەتی نەقشبەندیدا، مەلای ئەو ناوچەیە باسی فەلسەفەی ئیسلامی کردبێت، بە تایبەت لە ژینگەیەکی ئەوتۆدا کە بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێ ئەوەی لێ ڕاببینرێ کە لە فەلسەفە بگات.**

# ئاویەر

**عەلی ئەشرەف دەروێشیان**
**لە فارسییەوە: یوونس ڕەزایی**
**(بۆکان)**

ژێر باڵی دەگرم. گەرما لە دەستە ساردەکانم دەگەڕێ. نووکی قامکەکانم گەرم دادێ و دەیداتە سینگ و دڵم. ئەو یەستاش ئەو گەرمایەی لە لەشیدا ڕاگرتووە؛ گەرمای چاوەڕوانی. زیندوو مانەوە بۆ دیتنەوەی کەسێک کە ساڵەهای ساڵ چاوەڕوانی بووە، هێور دەبیەم بیخەوێنم. لە ژێر ڕۆشنایی زەردباو و پڕ لە ڕازی چرا گڕسۆزەکەی سەر دیوار، لە سەر تەختی قاوەخانەکە، لە شوێنی هەمیشەیی خۆیدا. دەکۆخێ. "تەواوی ئێسقانەکانم دەزیرێنێ" بۆ ئەوەی لەو بێ دەنگییە سەهۆڵینەدا قسەیەکم کردبێ کوتم: "خەتای سەرمای ئەو بەفرەیە کە بەردەوام و بێ وچان چەند حەوتوویە دەباری".

دەموچاوی دەڵێی کولێرەی گەنمەشامییە. هە ڕاست ئاوا ڕەق و وشک. شوێن پەنجەی تیشکی تاو، با و باران، فرمێسک و شەپۆڕی گریان و چنڕووکی نینۆک، لە سەر ئەو گۆنایانەی کە ئەوسا وەک گوڵێکی تازە پشکووتوو بوون، بەجێماوە . ئەو زەمان...

ئەو زەمان بۆ من زۆر دوورتر دەنوێنێ تا ئەو. ئەو هەر پێی وایە دوێنێیە. هەر ئەو ڕاکردنە سەما ئاسایەی، بە دوای وانێتێکەوە – کە تەرمی نازدارەکەی لە نێو شاردا بە کێش دەکرد، بەس بوو هەتا گوڵی سیمای هەڵپڕووکێنێ؛ بەڵام چاوەکانی، ئەو چاوە گەش و زیتانەی، لە دوو دەنکە گێلاسی تازە چندراو دەچێ کە بە هێندێ مەوداوە – لە هەویری کولێرەیەکت هەڵچەقاندبێ.

وەی... دیسان شەوی هەینییە. خاوەنی قاوەخانە و موشتەرییەکان زوو ڕۆیشتوون. پیرێژن لە سووچێک تخێڵ بووە. لە سەر سووچێکی تەختەکە ، لە نێو قولینچکێکی ڕەشدا، کە نووری کزی نارنجی ڕەنگ، بە هەموو ڕەمز و ڕازەکانییەوە، بۆی ڕوون نابێتەوە. چاوە گەشە گێلاسییەکانی، بەرەو دەرکی شینی ژوورەوەی قاوەخانە وەردەگێڕێ. هەمیشە ڕووەو دەرکە دەخەوێ. خەوتنی چی، پێم وانییە شەوانەش خەو بچێتە چاویەوە؛ چونکە هەرساتێ چوومەتە پیێ و شوێنی، چاوەکانی زیت و چاوەڕێ بووە. ئاخ هەڵدەکێشێ و سەر دەنێتە سەر جانتا و کراسێکی کۆن، کە سەرەدەمایەک هی خۆشەویستەکەی بووە و یەستاش بۆنوبەرامەیەکی کەمی عارەقەی لەشی ئەوی لە خۆیدا ڕاگرتووە.

هەمیشە چاوەڕوانە شەوێک لە بەفر و بادەوە دا، دەرگای چێوی و شین پێکدا درێ و ئەو لاقە بەهێزەکانی لە هەیوانی ماڵێ بە عەرزدا بکوتێ و خۆی بتەکێنێ،پیرێژنیش بە سیلەی چاوێک بەرەو ئەو و خێسەیەک بەرەو من، بە فیزەوە بڵێ: "بابەک نەمگوت دەگەڕێتەوە!"

سەری قیت دەکاتەوە و وەک هەموو شەوان دەڵێ: "چراکە مەکوژێنەوە، با ئەو بزانی یەستا بەخەبەرین".

دەگەڕێمەوە -پشت پێشخانەی- قاوەخانە. قاوەخانە چۆڵوهۆڵە. دەزانم لە دەرەوە بەفر هەتا ژێر دوو پەنجەرە بچووکەکەی داپۆشیوە. بەفر وەهای پشت دەرگای هاتنە ژووری داپۆشیوە، پیاو پێی وایە چەندین حەوتوویە کەسێ بە ڕێبواری لای نەداوەتە قاوەخانە. کەچی هەر دوو سێ سەعات لەوە پێش موشتەری و قاوەچی وەدەرکەوتن.

پیرێژن لە زیندە خەودا وڕێنە دەکا: "ئەو دەگەڕێتەوە. چراکە مەکوژێنەوە."

کەم دەخەوم، منیش چاوەڕوانم، بەڵام چاوەڕوانی من لە گەڵ هی پیرێژن جیاوازە. من چاوەڕوانی ساتێکم بتوانم کەڵکەڵەکانی ناخم تێک بشکێنم. ساتێک کە توانای ئەوەم هەبێ هەموو ئەو شتانەی هۆگریم بەو چوار دیوارییە نارنجییە پتەو دەکەن بخەمە پشتگوێ، بەڵام جارێ دەبێ خۆم بەشتێکەوە سەرقاڵ کەم. شتێک دەبێ وزە و تینوتاوم داتێ. تینێک وەک تینی ئامێزی ئەو. یان تینی چاوەڕوانی.

نابێ سارد بمەوە. سارد بوونەوە یانی بوونە خۆڵەمیش. با خۆڵەمێش پرژ و بڵاو دەکا و لە ناوی دەبا، بەڵام ئاور دەگەشێنێتەوە. ئاوری گەشاوە. کەڵکەڵەی ڕۆیشتن.

دەستەکانم کە یەستاش هەر تینی ئامێزی ئەویان تێدایە، لە بەر گەرمای مەنقەڵەکە ڕادەگرم. ئاوێنەی حەڵەبی سەر دیوارەکە، چرژێکی خەنجەرئاسای تێکەوتووە، بۆتە سێ کوت. سێ وێنە لە سێ لای قاوەخانەکە دەکەوێتە سەر کوتە شکاوەکانی ئاوێنە. بەو وێنانە مانا بە ژیانم دەبەخشم. کوتی شکاوی دەستە ڕاست تەختەکە نیشان دەدا، کە دایکم لە سەری ڕاکشاوە. لە سەر پانایی خەنجەرەکە، مێز و چرپای ناوەڕاستی قاوەخانەکە دەدیترێ. کوتی شکاوی دەستە چەپ سوورە و شتێک وەک ڕێچکەیەکی خوێن لەگەڵ وێنەیەکی لێڵ و نادیار پێشان دەدا.

لە قەراخ ئاوێنەکە شتێکی تریش هەیە کە منی بە ژیانەوە بەستۆتەوە و لە بێ دەنگی ترسێنەری ئەو شەوە ساردەم دەرباز دەکا. مقەببایەکی چوار سووچ کە بە تاڵی دەزوو بە دیوارەوەم هەڵواسیوە. ساڵەهای ساڵ لەمەوبەر، تابلۆیەکی بچووکم بە مقەببایەکەوە چەسپاندبوو. تابلۆکە سیمای ڕەسم کراوی "بابەکی خورەمییە" کە لە کتێبی مێژووی پۆلی یەکەمی ناوەندیدا بوو. دوای ئەو کارەساتەی کە گوڵی سیمای دایکمی ژاکاند، ئیتر نەمتوانی بچمەوە قوتابخانە. تابلۆکەی بابەکم بە تیغ لە کتێبەکەم کردەوە و لە سەر ئەو مقەببایەم دووری. شەوانە مقەبباکە وەردەگێڕم. وێنەی بابەک ڕووەو دیوار دەکەوێ و پشتەوەی مقەبباکە ڕوو بە من دەبێ. ئەو لایەی مقەبباکە وێنەیەکی تری پێوەیە، کە شەوانی خۆمی پێوە ڕادەبوێرم. وێنەیەک کە هەر لەو ڕۆژانەدا، لە سەر ڕوو بەرگی بڵاڤۆکێک چاپ ببوو و لە نێو جەماوەردا بڵاوکرابۆوە. وێنەکە ڕەش و سپییە، پیاوێکە کە بە گوریس شەتەک دراوە و دەستێکی بڕدراوە. دەستە بڕاوەکەیان لەسەر ڕانی داناوە. گوللەیەک لای چەپی خاڵیگەی هەڵدڕیوە. چاوەکانی نیوە کراوەیە. وەک لە نێوان خەو و هۆشیاری دابێ و سمێڵەکەشی ڕاست وەک سمێڵی تابلۆکەی بابەکی خورەمی وایە.

دەڕوانمە ئاوێنە. لەو تەنیایی و بێ دەنگییەدا، کەسێ شک نابەم قسەی لەگەڵ بکەم. چاو لە لێواری تیژی خەنجەرەکە دەکەم کە لە ناوەڕاستی چرژەکە دایە. نووکە تیژەکەی بەرەو جەمسەری خوار دێ و ڕاست لە لێواری قاپە حەڵەبییەکەدا، لە پەراوێزەوە تێکەڵ دەبێ. چاوم لە نووکەکەوە بەرەو دەسکی خەنجەرەکە دەگوێزمەوە، کوتوپڕ وێنەی پیاوێک دەبینم کە لە پشت مێزی قاوەخانە دانیشتووە. دەبێ موشتەری بەڕێ کەم. بە پێی عادەت دوو سێ جار بە دەسرەکەی دەستم سەماوەرەکە دەتەکێنم. چزە چزێکی بچووک لەو بێ دەنگییەدا بەرز دەبێتەوە. دیسانەوە چاو دەبڕمە پانایی خەنجەرەکە و دەبینم پیاوەکە قامکی شادەی بەرەو من ڕاداشتووە: "هێلکەیەکم بۆ لە ڕۆن کە کوڕە!"

دەزانم کە هەر ئەوە هەمیشە هێلکەیەکی دەوێ. ئەوەم لە خاوەنی قاوەخانەکە بیستووە. لە پڕدا دەکەومە دڵەکوتە. دەکەومە هەناسەبڕکێ. وەک کەسێ مەودایەکی زۆر هەڵاتبێ. بۆ وەی نەکەوم دەست بە لێواری گەچی پێشخانەکەوە دەگرم. دوازدە ساڵانم و ڕادەکەم. زیاتر لەوەی لە توانام دایە خۆ ماندوو دەکەم. کەلەکەم دەزیرێنێ. لاقەکانم سڕ بوون، مەگەر منداڵێک چەندە دەتوانێ لە ژێر گەرمای هەتاودا ڕابکا.

ڕاکردنێکی ئاوێتەی ترس و دڵەکوتە. ئاوێتەی دڵپڕی و فرمێسک. ئاوێتەی هەڵپەی دیتن و چاو پێکەوتن، بە شوێن وانێت بارێکی ئەرتەشییەوە و لە نێو ژاوە ژاوی خەڵکی شاردا. شانم تێدەکوتن و جاری وایە لاقەکانم پێشێل دەکەن. لە پێشمەوە پیاوێک دەبینم کە بە گوریس بەستراوەتەوە و بە پشت وەتاغی وانێت بارێکەوە هەڵیان پەساردووە. دوو سەربازی موسەلسەل بەدەست، هەر دوو

لایان تەنیوە، لوولەی موسەلسەلەکانیشیان رووەو خەڵکی گرتووە کە بە شوێن وانێت بارەکەوە هەڵدێن.

ئەگەر دەستە براوەکەی نەبێ، ئەگەر جێی گوللەی سەر سینگی نەبێ، کەس بڕوا ناکا مردووە. دەم و چاوی ساغ و سەلیمە. ئەو گوێچکانەی هەمیشە دەمکێشا، ساغن. تەنانەت شوێنی ماچە تەڕ و چکۆلەکانم لەسەر گۆنای تورتی ساغە، بەڵام خوێنێکی گەش پەڕیوەتە سەر گۆنای. با سمێڵە بابەکییەکەی بە سەر گۆنا و لێوەکانیدا دەشەکێنێ. ڕادەکەم، تیژ ڕادەکەم، تەنانەت دایکم جێ دێڵم، کە وەک سەمای کوردی لە تەقڵە و جووڵە دایە. ئەوێستم تا بگاتێ. عارەقە لە سەر گۆنا گوڵڕەنگەکانی نیشتووە و شوێنی چرنووک لە سەر گۆناکانی دیارە. خوێن بە ژێر چەنەیەوە دەڵەمەی بەستووە. بسکە ڕەشەکانی چەپک چەپک ڕنیوە و بە دەوری بەلەکییەوە بەستووە. کە دەگاتە من بە هەناسە بڕکێوە هاوار دەکا و دەڵێ: "بابەک ! ئەوە ئەو نییە، پیاوێکی سی ساڵانە، نابێ ئەوەندە پیر و تێکشکاو بێ". دەگەڕێمەوە و دەڕوانمە ئاوێنە. پیاوەکە دەبینم کە ئاماژە دەکا: "چایەکی ڕەش بێنە!" دیسان پشووم سوار دەبێ. هەڵدێم. کوت و پڕ وانێت بارەکە تورمز دەگرێ و ڕادەوەستێ. ئەو پیاوەی بە گوریس شەتەک دراوە فڕێ دەدرێتە پێشێ، بە سەر یەکێ لە سەربازەکان دادەکەوێ. سەربازەکەی تر خۆی لە وانێت بارەکە فڕێ دەداتە خوارێ و دەیەوێ ڕابکا. ئەو سەربازەی لە ژێر لەشی پیاوەدا داماوە، تەقەڵلای خۆ دەرباز کردنێتی. ئەو دەرفەتە دەقۆزمەوە و دەستم بە دەم و چاوی پیاوە دا دەکێشم و دەستە بڕدراوەکەی ماچ دەکەم. دەستم خوێناوی دەبێ. دڵنیام ئەویش لە حاست خەلیفە، دەستەکەی تری لە خوێنی خۆی ناوە و لە دەموچاوی هەڵسووە: "با وانەزانن ڕەنگم پەڕیوە".

دەوری ڕەش و قوپاوی هێلکە و ڕۆنەکە بە دەسڕەکە هەڵدەگرم و لە پێش پیاوەی دادەنێم. سمێڵی بە هەر دوو لادا باداوە و پاروو دەگەڕێ. هەوڵ دەدەم بڕوانمە دەموچاوی. ناتوانم. خۆ ناشترسێم. نا ناترسێم، بەڵام شتێ لە وجوودم دایە، کە ناچارم دەکا لە ئاستیدا سەر دانەوێنم. بە پەلە دەگەڕێمەوە و لە قەراغ پێشخانەکەوە ڕادەوەستم، دەڕوانمە چرێژی ناوەڕاستی ئاوێنەکە. پیاوە جانتاکەی دەپشکنێ. گوێم لە زرینگە زرینگی گوللە زەردەکان دەبێ و بێ ئاگا بەرەو پەنجەرە دەخزێم. پێم وایە لە دەرەوە یەکێ بەفری گۆشەی پەنجەرەکەی پاک کردۆتەوە. شڵەژاو سەر بە شووشەی پەنجەرەکەوە دەنێم.

لە دەرەوە تەنیا بەفر دەبیندرێ کە وەک سەرە چۆلەکە دێتە خوارێ. دەگەڕێمەوە جێی خۆم. هەڵمێکی لاواز لە سەماوەرەکەوە بەرەو میچ دەکشێ. لە وێنەکە ڕادەمێنم. با و بۆران، دەرکە شینەکە وە شەقە شەق دەخا و بەرەو ژوورەوەی پاڵ پێوە دەنێ. لە کەلێن و قوژبنی درز و قەڵەشتەکانی دەرگاکەوە، کلووە بەفر بەر دەبنەوە و دێنە ژوورەوە. پیاوە سەری داخستووە و بە دوایین پاروو دەوریییەکە لێس دەدا. دیسان بە قامکێک ئاماژە دەکا: "چایەکی ڕەش" دەڕۆم و چا تێدەکەم. دەنگی چەند گوللەیەک لە تۆفاندا، بەر گوێ دەکەوێ. بە سیلەی چاو لە دەرکە چێویەکەوە تا پشت پیاوە دەدۆزم. دەرکە هەر وا داخراوە. بەفرێکی زۆر و شەقڵ نەشکاو لە قەراغ دەرکە ڕژاوە و هەتا قەراغ ئەو مێزەی پیاوەی لە سەر دانیشتووە شەقڵی پێی کەسی پێوە نابیندرێ. بە پەلە دەگەڕێمەوە و باقی ڕێیەکەش لە چرێژی ناوەڕاستی ئاوێنەکەدا دەبینم. بەفر بە سەر و شانی پیاوەوە نەنیشتووە. ئارام دانیشتووە و بێ ئەوەی گوێ بداتە دەنگی ئەو گوللانەی لە تۆفاندا لوول دەخۆن، جانتاکەی دەپشکنێ. لێی نزیک دەبمەوە... خەریکە نارنجۆکێک لە جانتاکەیدا تاقەت دەکا. تینێکی سەیر لە لەشی ئەو ڕا بەرەو من دێ. تینێک وەک تینی ئامێزی دایکم. تینێک کە ورەم پتر دەکا. دەپرسم: " کاتێک هاتی ڕێگا ئەمن و بێ مەترسی بوو؟"

بە بێ ئەوەی چاوم لێکا، بە دەنگێکی ناسیاوەوە وەڵام دەداتەوە: "هیچ کوێ ئەمن و بێ مەترسی نییە.

- پازگا!
- بێ تەقە لە قەراغیەوە تێپەڕیم.
- لەو بەفر و بۆرانەدا بۆ کوێ دەڕۆی؟
- هەرچی زیاتر بزانی دەردی سەریت زیاتر دەبێ پیاو!"

موچڕکم پێدادێ. سەرمام دەبێ، دەگەڕێمەوە هەتا پێشخانەکە. چاوم بە ڕێچکە خوێنێک دەکەوێ کە لاقی پیاوە و عەرزەکەی سوور داگێڕاوە.

دڵەکوتەمە. دەمەوێ خۆ بخەمە باوەشی،گوێچکەکانی بکێشم، پێی بڵێم لاقی خوێناوییە و ئەویش بێ ئەوەی سەرنج بداتە برینەکەی لە جانتاکەی نوقڵی سپی بیدمێشکم بداتێ و من بە لێوە شیلەدارەکانمەوە گۆناکانی ماچ کەم: "ئیتر مەڕۆ بابە گیان !"

پیاوە دەنگی من نابیستێ. بە هەڵپەوە بەرەو تەختی خەوەکە دەڕۆم و هاوار دەکەم !؛ "دایە... باوکم...

باوکم... گەڕاوەتەوە !"
پیرێژن دەکۆخێ. جانتاکە و کراسەکەی ژێر سەری هەڵدەگرێ و بە شەلە شەل خۆی دەگەیەنێتە من. دەنگی دڵڕفێن و ناسک بۆتەوە: "دەمزانی زیندووە، دەمزانی دەگەڕێتەوە".
چاوە گێلاسییە گەشەکانی هەڵدەگلۆفێ. چاو دەبڕێتە سووچ و قوژبنەکان: "ئەی... ئەی کوا لە کوێیە باوکە دەربەدەرەکەت؟"
بۆ لای دەچم و بن پیلی دەگرم هەتا بەرەو مێزەکەی بەرم. لەشی گەرم و داگیرساوە. دەستم لا دەبا: "خۆم دەتوانم بڕۆم."
دەگەینە ناوەڕاستی قاوەخانەکە. سەر چرپاکە کەسی لێ نییە: "ئا لێرە بوو دایە... بە خودا ئا لێرە بوو..."
قیت دەبمەوە، توند دەکۆخێ. جانتاکە دەداتە دەستم: "بچۆ لە سەر چرپاکە دانیشە، بابەک!"
جانتاکەی لێ وەردەگرم. بەرەو پێشخانەکە دەچێ. ڕووباری قژە سپییەکەی لادەدا: "چیت بۆ بێنم؟"
قامکی شادەم بەرز دەکەمەوە "هێلکەیەکم بۆ لە ڕۆن کە،... دوایەش چایەکی ڕەش."

**سەرچاوە:**
**گۆڤاری زایەڵە، زانکۆی تەوریز، ژمارە۲، ساڵی۱۳۷۸.**

# سەما لە پەنجەی تاریکی چاوەڕوانیدا (خوێندنەوەی چیرۆکی ئاویەر)

**خوێندنەوەی: یوونس ڕەزایی**

لە خوێندنەوەی دەقێکی ئەدەبیدا، بەردەوام خوێنەر بە شوێن دووبارە نووسینەوەی دەقە لە زەینیدا، بە شێوەیەک کە، یان بنەمای نووسراوەکە ناسراوتر و هەست پێکراوتر کات، یان لانی کەم لایەنە ئاڵۆز و بە ڕواڵەت لێک دوورەکانی دەق، بە شێوەیەکی لۆژیکی بخاتە پاڵ یەک، تا لە ئاکامدا خۆی بنەمایەکی تەریبی نووسراوەی یەکەم و بگرە ڕوونتر لەویش بخاتە ڕوو، یان ڕەنگە خوێنەر لە بۆشایی ئەندێشەی نووسەردا خۆی ڕەها بکات و بە شوێن ئەو لایەنانەدا بێ کە لە دنیای خۆی نزیکتر بن. دەشێت خوێنەر بە شوێن هیچ شتێکی تایبەتیشدا نەبێ و بیەوێ تەنیا خۆی لە دەقدا ون کا.
چیرۆکەکانی عەلی ئەشرەفی دەروێشیان، ڕەنگە کەمتر خۆ بۆ خوێندنەوەیەکی ئاوا بە دەستەوە بدەن. چون خوێنەر بەردەوام لەگەڵ واقعێکی هونەری کراودا بەرەو ڕووە و نووسەر خۆی هەموو چێژەکان بە خوێنەر دەچێژێ و مەودای مانۆڕی ڕاڤەکار بەرتەسکە. هەڵبەت ئەوە هەر تەنیا لە دەلاقەی خوێندنەوەیەکی ڕاڤەکارانەوەیە کە ڕەخنەگر لەگەڵ وەها کێشەیەک بەرەو ڕووە، ئەگینا لە زۆر ڕوانگەی ڕەخنەیی دیکەوە هەڵدەگرێ چیرۆکی ئەو نووسەرە بە چڕی و پڕی لە سەری بنووسرێ، بەڵام تاقمێک لە چیرۆکەکان هێند ڕام و کەوین کە خوێنەر دەتوانێ نووسەر و کارەکتێرەکانیشی بە نزیکترین مەوداوە هەست پێ بکا. ئەوەش لە دیاردەیەکی ئەرێنییەوە سەرچاوە ناگرێ کە لە نزیکایەتی نووسەر و دنیای زەینی ئەو و بزاڤی مانای هەڵبەستراو لەگەڵ خوێنەر دێتە ئاراوە. لەلایەکی دیکەوە وەک تەکنیکیش ناناسرێ، بەڵکو ئەوەی لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەدا دەیبینی، دوایین ئاکام و مەبەستیشی تێدا نوێندراوە و خوێنەر دەتوانێ بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر تەمبەڵ بێ.
ئەوەندەی زەینی نووسەر لۆژیکییە و ڕوانینێکی سانتیمانتاڵی هەیە، بەو ڕادەیەش خوێنەر مەنتیقی و ئارام وەری دەگرێ و لە بیری دەباتەوە، یان ڕەنگە هەر لە بیری نەباتەوە، بەڵام گرینگ گەڵاڵەیەکی متمانە پێکراوە کە بۆ شەپۆل خستنە نێو دنیای لۆژیکی خوێنەرەوە دەبێ لە دەقێکدا هەبێ، کە کەمتر لە بەرهەمی عەلی ئەشرەفدا دەبینرێ. هەڵبەت ئەوە ڕوانینێکی زۆر گشتییە بۆ

نووسراوەکانی ئەو نووسەرە، بەڵام لە زۆر چیرۆکدا ئەو کەشوهەوا و بنەمایە دەگۆڕێ و ئیتر ئەم پێش ویژبییە متمانە پێکراوەی خوێنەر هەڵدەوەشێتەوە.

ئاویەر بە بەراورد لەگەڵ زۆربەی چیرۆکەکانی عەلی ئەشرەف بنەمایەکی هونەریتر و کەشوهەوایەکی تەکنیکاوی هەیە. ڕەمز و واقیع وەک دوو جەمسەری ئەڵقەیەک، چاودێری مەودای خولقان و شێوان و ئاکامی کارەساتەکان دەکەن، جار هەیە لایەنی ڕەمزی زاڵە و سێبەری بە سەر واقیعدا چرە و جاری واشە ئەوە واقیعێکی نە چەندان نالۆژیکییە کە هونەرێنراوە و سیمای ڕەمزەکەی داپۆشیوە، بەڵام هەر چۆنێ ئێمە بروانین و سەرنج بدەین چڕی و پڕی و بنەمای تەکنیکی ئەو چیرۆکە دەرفەتی سەفەرێکی بێ دەردی سەرمان لێ زەوت دەکا. لە سەرەتای دێرەکانەوە تا ئاکامی چیرۆکەکە. لە ڕاستیدا ئەم چیرۆکە لەو پەڕی ساکاریدا، گریمانەگەلێکی زۆر هۆشیارانەی تێدا تاقەت کراوە کە ڕێ بردنە سەر ئەو گریمانانە و کردنەوەیان، زیاترمان لە ئاکام نزیک دەکەنەوە. هەروەها داچڵەکانێک کە لە ناخی ئەو شێوە ڕۆچوونە دایە، ڕەنگە ترسێنەرتر بێ و ئەو کۆسپانەی کە وەها گریمانەگەلێک پێشکەش خوێنەریان دەکەن سەفەری پڕ لە متمانەی مانایی لێ دەخاتە مەترسییەوە.

لەو چیرۆکەدا، چاوەڕوانی، مانەوە، مەرگ، ئاوێنە، ڕۆیشتن، چەند چەمکێکن کە دەوری سەرەکی دەگێڕن. لە کەشوهەوایەکی تەماوی نێوان ئەفسانە و واقیعدا. لە مەودایەکی زەمانی بە بەرینایی دوێنێیەکی دوور- تا ئەمڕۆ. بابەک وەک بگێڕەوەی سەراپای چیرۆکەکە، کە ڕەنگە گرینگ نەبێ چ پێوەندییەکی لەگەڵ پیرێژن و عەزیزەکەیدا هەیە، هەر لە سەرەتاوە لە چاوەڕوانی دەدوێ. چاوەڕوانییەک کە تین و گڕەکەی لە گیانی نیوە مردوو و نیوە زیندووی پیرێژندا جار لەگەڵ جار پەرە دەستێنێ. پیرێژن بە دوای ڕووداوێکدا گوڵی سیمای هەڵدەپرووکێ، ئەم ڕووداوەش هەمان ڕاکردنی سەما ئاسایەتی بە شوێن تەرمی خۆشەویستەکەیدا کە وانیتێک بە نێو شاردا ڕایدەکێشێ و بابەک لە ئێوارەیەکی بەفرینی هەینیدا، کە جگە لە خۆی و پیرێژن کەسێ، لە قاوەخانەدا نەماوەتەوە وەبیری دێنێتەوە. فەزایەک کە پیرێژنی چاوەڕوان تێیدا ڕاکشاوە. بە تەواوی پێشاندەری هەڵقرچان و تێکشکان و

سەرهەڵدانی ڕەگەکانی ناهومێدییەکی لێڵە، کە بە سەریدا زاڵ بووە، بەڵام ئەو چاوانەی کە بڕاونەتە دەرکە شینەکە، باس لە ڕوحێک دەکەن کە چاوەڕوانی وەبەری دەنێ. ڕوحێکی ئاڵۆز و دڵەدوا، چاوەڕوانییەکی هەمیشەیی. ئەو خاڵە بە وەبیرهێنانەوەی سەربنی پیرێژن زەقتر دەردەکەوێ. سەردەنێتە سەر جانتا و کراسێکی کۆن کە زەمانێ هی خۆشەویستەکەی بووە و ئێستاش بۆنیکی کەمی عارەقەی لەشی لەخۆیدا ڕاگرتووە. هەروەها وەبیرهێنانەوە بەردەوامەکانی بۆ بگێرەوە، کە دەڵێ: چراکە مەکوژێنەوە... بابزانێ بەخەبەرین.. دەگەڕێتەوە.

درێژەکێشانی مەودای زەمانی ئەم چاوەڕوانییە ئەوەندە زۆرە کە بابەک توانیویەتی ڕێ بەرێتە نێو دنیای زەینی و دەروونی پیرێژنەوە. ئەو دەزانێ هەموو ترپەکانی دڵی پیرێژن بۆ ئەوەیە دەرکە شینەکە پێکدا بدرێ و یەکێ وەک ڕابردوو- ڕابردووی دوور- خۆی بتەکێنێ و بەفری سەر شان و ملی پاک کاتەوە و بێتە ژوورێ. ئەو کەڵکەڵەیەش، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئێستا هەینییە و بەفر دەبارێ....زیندووبوون و ئەوپەڕی گەشی چاوەڕوانی پیرێژنە چاوەڕوانی لەگەڕی ئەوە لە ئێستای بەفراویدا.

ئەوەیە کە بابەک وەک بگێرەوەی چیرۆک پێی وایە پیرێژن ماتی ئەوەیە یەکێ بێ و... ئەو بە ئیفادەوە پێی بڵێ نەمگوت دەگەڕێتەوە.

جەمسەری تری چاوەڕوانی هەڵایساو لەو قاوەخانەیەدا - چاوەڕوانی خودی بابەکە. ئەو چاوەڕوانە، بەڵام بە بەراوردێک کە لەنێوان چاوەڕوانی خۆی و پیرێژندا - ئەنجامی دەدا - دەگاتە ئەو ئاکامەی کە زۆر لێک دوورن.

(کوژانەوە)... پیرێژن... گەڕانەوە... مانەوە... مەرگ... ڕابردوو... خۆشەویست... چاوەڕوانی

(گەشانەوە)... بابەک... نەگەڕانەوە... مەرگ... ڕابردوو... خۆشەویست... ڕۆیشتن.

بابەک پێی وایە چاوەڕوانی پیرێژن بە مەرگ گەشاوەتەوە: مەرگی خۆشەویستەکەی، بەڵام چاوەڕوانی ئەو بەمەرگ کۆتایی دێ. هەم مەرگی کەڵکەڵەکانی دەروونی - هەم مەرگی خۆشەویستی پیرێژن - دوای مەرگی هەمووی ئەوانە - ئەو دەڕوا! ئەو پێی وایە لە ئێستادا شتێک گڕوتین بە پیرێژن دەدا (چاوەڕوانی)

بەڵام لە ئاکامدا دەکوژێتەوە (چاوەڕوانی و بێ ئاکام مانەوە)، بەڵام خۆی هەرچەندە ئێستاکە بە تین و تاوی ئامێزی پیرێژن دەستەکانی گەرم داهاتوون - بەشوێن بڵێسەیەکی بەردەوامدایە، ئەوەش گەشانەوەی هەمیشەییە. (ڕۆیشتن)

پیرێژن تەواوی ڕابردوو لە (جانتا و کراسێکی کۆن)دا بۆخۆی زیندوو دەکاتەوە. ڕەنگە بە پێی قسەی بابەک - لە ڕەنگدانەوەی بەکێش کردنی وانێتەکەشدا. بەو پێیە ئەو چەمەرای زیندووبوونەوەی ڕابردوویەکی مردووە، بە هەموو گەورەییەکەوە، بەڵام بابەک بەشێوەیەکی جادوویی ئەم ڕابردوو و ئێستایەی لە ئاوێنەیەکدا پێکەوە لکاندووە. ئاوێنەیەکی تێکشکاو کە پیشاندەری تێکشکانی ئاواتەکانیانە. ئاوێنەکە بووەتە سێ کوت و سێ وێنەی لە سێ شوێنی قاوەخانەکەدا لە خۆیدا جێ کردۆتەوە:

١- تەختێک کە پیرێژن لە سەری ڕاکشاوە

٢- پانایی خەنجەر مانەندی ئاوێنەکە کە مێز و چرپای ناوەڕاستی قاوەخانەکەی تێدا دەبینرێ

٣- ڕەنگی سوور و ڕێچکەیەکی خوێن و وێنەیەکی لێڵ

بگێڕەوە هەموو جارێ بە تێکەڵبوون لەگەڵ بەشێک لە ئاوێنەکە، ڕابردوو زیندوو دەکاتەوە و هەمدیسان بە گەڕانەوە بۆ ئێستا ئەم دوو پاژە پێکەوە دەلکێنێ. چرژی خەنجەر مانەندی ناوەڕاستی ئاوێنەکە ناوەندی کارەساتێکی دڵتەزێنە، کە موشتەری ڕابردووی پیرێژن (خۆشەویستەکەی) هەمیشە لەوێ دانیشتووە، لە سەر لووتکەی کارەسات و مەترسیدا. کە دەڕوانێتە ئەم بەشە بیری ڕابردووی منداڵی خۆی دەکەوێتەوە. ئەو سەردەمانەی ئەویش بە شوێن وانێتێکەوە ڕادەکات و پیاوێک دەبینێ کە بە کێش دەکرێ. گەڕانەوەش لەو وێنەیەوە بەرەو ڕابردوو و دیتنەوەی پیاوێک کە هەمیشە هێلکە و ڕۆن و چاییەکی ڕەشی دەوێ، گێژی دەکات. ئەو پیاوەش هەمان خۆشەویستی پیرێژنە، بابەک چاوەڕوانە. لە بەر پەنجەرەی هۆدەکەوە دەڕوانێتە دەرێ - ئەوجار بەرەو ژوور و تا ناوەڕاستی هۆدەکە و مێز و چرپاکە و لە ئاکامدا تەماشای درێژەی جەغزەکە دەکات لە ئاوێنەدا. ئەوەش یانی پێکەوە لکاندنی ڕابردوو و ئێستا- لە ئاوێنەکەشدا بەفر دەبارێ. دەنگی گوللە دێ و چەند دیالۆگ لەکابرای دانیشتووی سەر چرپاکە

هەمووشتێک ڕوون دەکاتەوە. هیچ کوێ ئەمن نییە... هەرچی زیاتر بزانی دەردەسەریت زیاترە.. و لە ئاکامدا.. دەستگیر کران و کوژران و..

لە قەراغ ئاوێنە شتێکی تریش هەیە کە بابەک بەژیانەوە دەبەستێتەوە. مقەبایەک بە دوو وێنەوە:

وێنەی یەکەم: تابلۆی بابەکی خوڕەمییە و لە کتێبی مێژووی کردۆتەوە.

وێنەی دووەم: وێنەی پیاوێکی شەتەکدراو بەدەستێکی براوەوە. پیاوێک کە سمێڵی وەک سمێڵی بابەکی خوڕەمییە.

ئاماژە بە بابەک کە یەکێ لە شۆڕشگێڕە بە ناوبانگەکان بووە و هۆگری بابەکی ڕاوی بەو وێنەیە پیشاندەری دنیای دەروونی بابەکە، هەروەها وێنەی پیاوێکی کوژراو( خۆشەویستی پیرێژن ) لەلایەکەوە هەستی تۆڵە و درێژەدانی ڕێی ئەو لە بابەکدا بەهێز دەکات و لەلایەکەوە وێکچوونی سمێڵی بابەکی خوڕەمی و پیاوەی شەتەکدراو، ئەوە دەگەیەنێ،کەسی دووەمیش شۆڕشگێڕ بووە.

لە ساتێکدا کە بابەک وەک بگێڕەوەی چیرۆک، بەو دوو وێنەیە مانا بە ژیانی دەبەخشێ و هۆگری پێیانە، شەوانی دوور و سەخڵەتی چاوەڕوانی بەوانەوە ڕۆژ دەکاتەوە، مەندی ئەوەیە، کە کەڵکەڵەکانی تێک بشکێنێ و ئەویش بڕوا. بڕوا و درێژەی ڕێگای خۆی لە مێز و چرپای ناوەڕاستی ئاوێنەکەوە بەرەو دەرێ دەست پێ بکات.

کە لە ئاکامدا هەرواش دەکات. ئەو دەمەی تێدەگەن چاوەڕوانی ئەوان تەنیا وەهمێکە و لە ڕاستیدا کەسێک نییە تا بگەڕێتەوە،بابەک خۆی دەچێ لەسەر چرپای ناوەڕاستی قاوەخانە دادەنیشێ، وەک خۆشەویستی پیرێژن، داوای هێلکەوڕۆن و چایەکی ڕەش دەکات و دواتر وەدەرکەوتن و شۆڕش و ڕەنگە ڕۆژێکیش بەشوێن وانێتێکدا بەکێش کران.

**تەورێز - ١٩٩٩**

# هەندێ بیرەوەری بەهۆی جەژنی ڕۆژنامەگەری کوردییەوە
## ٢٢ی نیسانی ٢٠١٠

مارف خەزنەدار

هەندێ بیرەوەریم وەک ڕۆژنامەنووسێک، هەروەها بڕێکیش یادداشت لە بابەت خوودی ڕۆژنامەی «کوردستان»ەوە، وەک دەستەگوڵێک پێشکێش بە ڕۆژنامەنووسانی خۆمانی دەکەم، پیرۆزباییان لێ دەکەم، پێکەوە جەژنی هەموو لایەکمان پیرۆز بێ.

### لەگەڵ حەرفی نووسین

لە ڕۆژانی ڕاپەڕینی بەغدای ١٩٤٨ لەگەڵ کۆمەڵێک لە قوتابییان و مامۆستایان لە کەرکووکەوە ڕوومان کردە بەغدا، بۆ ئەوەی زیارەتی گۆڕی شەهیدانی ڕاپەڕینەکە بکەین و بەناوی قوتابییانی کوردی کەرکووکەوە تاجە گوڵینە لەسەر گۆڕیان دابنێین.

لەدوای جێبەجێ کردنی ئەو مەبەستەی بۆی هاتبووین، ئارەزووی ئەوەم هەبوو چاوم بە چاپخانە بکەوێ. ئوتێلەکەمان لە شەقامی موتەنەبییەوە نزیک بوو. لە چاپخانەم پرسی وتیان سەر شەقام و ناو کوڵانەکان هەمووی چاپخانەیە. هەر چۆنێ بێ لە چاپخانەی «المعارف»م پرسی، چونکە «گەلاوێژ» لەوێ چاپ دەکرا. بۆ یەکەمین جار چاوم بە چاپخانە کەوت. داوام لێ کردن بەو حەرفانەی بۆ چاپ کردن بەکاریان دێنن ناوی خۆم بۆ بنووسن، بۆ ئەوەی وەک مۆر و تەمغە بەکاری بێنم و کتێبەکانی ماڵەوەی خۆمانیان پێ مۆر بکەم. ئەوان گوتیان خۆشنووسی تایبەتی هەیە ئەم کارە دەکا و ناوەکە بە خەتێکی خۆش دەنووسێ و زەنگوگرافی دەکا و دەبێتە مۆر. هەر ئەوکاتە لە نزیک ئەوانەوە نووسینگەیەکی ئەم کارە هەبوو، خاوەنی لیفتینانتێکی سوپای عیراق بوو، ناوی سەبری (صبری) بوو، ئەو بە خەتی دیوانی مۆرەکەی بۆ جێبەجێ کردم.

ئەمە یەکەمین بیرەوەریم بوو لە بابەت چاپ و چاپەمەنییەوە، لە پاشانا بووم بە دۆستی چاپخانە، لە هەر شوێنێکی تێیدا ژیابم، چونکە ئەمە پێوەندی بە ڕۆژنامەگەرییەوە هەبوو، بێ گومان منیش هەرچی جموجوڵییەکی پێویستی بە چاپ کردنی کتێب و ڕۆژنامە و گۆوارەوە هەبوو، دەبوو بە دەست و هێزی خۆم جێبەجێی بکەم، لە هەڵەچنییەوە تا چاپکراوەکە دەگاتە دەستی خوێنەرانی.

### ڕۆژنامەی «هەولێر= أربیل»

ڕۆژنامەیەکی هەفتەیی بوو کۆمەڵەی مامۆستایان بە زمانی کوردی و عەرەبی لە هەولێر دەری دەکرد. ئەوکاتە قوتابی ئامادەیی بووم، ماوەیەک کاری پەیامنێری ناو شاری هەولێرم بۆ ڕۆژنامەکە کرد. هەواڵی ناو شار و کاروباری مووچەخۆرانم بۆی دەنووسییەوە، لە دامەزران و گواستنەوە و مووچە زیادکردن و کاروباری دیکە، بۆیانم

دەنووسی.

لەپاشاندا دەستم بە نووسینی وتار لە بەشی کوردی و عەرەبییەکەی کرد. هەروەها بایەخم بە وەرگێران دەدا. کاری گرنگم لەم ڕۆژنامەیەدا ئەوە بوو بەشێکی زۆری «ڕۆمیو و جوولێت»ی شەکسپیرم لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی و بە زنجیرە لەگەڵ شیعری شاعیرانی دیکەی ئەورووپا لە گۆشەی «لە ئاوازی ڕۆژئاوا»دا بڵاوم دەکردنەوە. لە بەشی عەرەبییەکەشدا بە زۆری شیعری کوردیم وەردەگێڕایە سەر زمانی عەرەبی. ئەوەی گرنگ بێ لەم لایەنەوە ئەوەیە کۆمەڵێک وتارم بە زنجیرە بەناوی «الأدب الکردي» بڵاوکردەوە.

ئەوی ڕاستی بێ نووسینەکانم لە ڕۆژنامەی هەولێر بوونە هۆی ئەوەی ناو و ناوبانگم لەناو کۆمەڵانی کوردی عیراقدا بڵاوبێتەوە و لە پاشانا هەندێ لەو خەڵکە خۆیان هەوڵیان دەدا ناسیاویم لەگەڵدا پەیدابکەن، بەتایبەتی لێرەدا پێویستە ناوی نووسەر و ڕۆشنبیر و زانایانی وەکو ڕەفیق حیلمی و تۆفیق وەهبی ببەم.

## کۆواری «شەفەق- کەرکووک»

لەدوای کۆتایی هێنان بەخوێندنی زانستگا لە کۆلێجی ئەدەبیاتی بەغدا، لە قوتابخانەی ناوەندی «الشرقیة» دامەزرام. ماوەی سێ ساڵ لەگەڵ ئەم کۆوارە ڕەندە ژیام. دەستەی نووسەرانی لە یەکە ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە پێکهاتبوو. خاوەنی ئیمتیاز شێخ قادری بەرزنجی، دەستەی نووسەران من و مارف بەرزنجی و حوسێن بەرزنجی و ئیبراهیم ئەحمەد و عومەر عارف و عەبدولسەمەد خانەقا و عەلی کەمال باپیر ئاغای شاعیری ناودار بوون. ئەمەیان لەو کاتەی ئەندامی دەستەی نووسەران بوو، ژمێریاری کۆوارەکەش بوو.

شەفەق دەوری گرنگی لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا هەبوو، لە یەکەم ژمارەیدا بەرنامەی کاری پێشکێش بە خوێنەران کرد، بەوەی لە ڕێگەی پەخشانەوە بایەخ بە کاری بەرهەمی ئەدەبی دەدا، وەکو وتار و چیرۆک و ڕۆمان. کەمتر تخوونی شیعر دەکەوێتەوە، چونکە سەردەمەکە ئەوە دەخوازێ بەرهەمی پەخشانی لە ئەدەبدا پێش بکەوێ و پەرە بستێنێ.

لەو کۆوارەدا ئەگەرچی بە زۆری بەشە کوردییەکەم پێ سپێررا بوو، بەڵام لە بەشی عەرەبیش وتارم بڵاودەکردەوە. لەو سەردەمەدا زیاتر بایەخم بە ئەدەبی میللی سەرزار (فۆلکلۆر) دەدا. سەرەڕای ئەوەی یەکێک بووم لە دەستەی نووسەرانی کۆوارەکە کاری تەکنیکی لە نووسینەوەی وتارەکان بە من سپێررابوو، هەروەها هاتوچۆی چاپخانە و هەڵەچنی تا دەگاتە دەرهێنانی کۆوارەکە و بڵاوکردنەوەی.

## کۆواری پرشنگ

لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا لەو کاتەی لە ڕووسیا بووم کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا پرۆژەی بڵاوکردنەوەی کۆوارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری، دوور لە سیاسەت دانا، چونکە لەو سەردەمەدا دووبەرەکی کەوتبووە ناو پارتی دیمۆکراتی کوردستان. کەمال فوئاد ئەوکاتە لە بەرلین بوو، من و کاووس قەفتان لە شاری سانت پیترسبورگ بووین، ئیحسان فوئاد لە مۆسکۆ بوو. دەستەی نووسەرانی کۆوارەکە لەم زاتانە پێکهاتبوو. کۆکردنەوەی نووسین بۆ کۆوارەکە لەلایەن ئەو کەسانەی لە ڕووسیا بوون ئامادە دەکرا کەوتبووە سەر شانی من.

د. ئیحسان فوئاد و کاووس و ئەحمەد عوسمان و ئەوانی دیکە نووسینیان بۆ من دەنارد، لەگەڵ هی خۆم تایپیانم دەکرد و دەمناردن بۆ کەمال فوئاد، ئەویش لەگەڵ نووسینی خۆی و خەڵکی دیکە هەمووی بژار و ئامادە دەکرد، لە دواجاردا بە ڕێگەی ئۆفسێت گۆڤارەکەی بڵاو دەکردەوە.

من لەو کۆوارەدا بایەخم بە چیرۆک دەدا، وا بوو چیرۆکێکی «نێرگس فرۆش»م لە پرشنگ-دا بڵاوکردەوە. لە پاشانا وەرمگێڕایە سەر زمانی ڕووسی و لەگەڵ کۆمەڵە چیرۆکی نووسەرانی کورد لە ساڵی ١٩٦٨ لە مۆسکۆ لە بڵاوەخانەی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیەی زانستی بە تیراژی سی هەزار دانە بڵاوکرایەوە.

داخی گران کۆواری پرشنگ زۆر نەژیا، تەنیا سێ ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە. ئەو ڕۆژگارە لە سیاسەتی ڕۆژانەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد ماوەیەکی نەهاتی و ڕەش بوو. دووبەرەکی کەوتبووە ناو پارتی دیمۆکراتی کوردستانەوە، نەدەکرا من کاری تێدا بکەم، لەو کاتەی هەوڵ دەدرا کۆوارەکە ببێتە لایەنی یەکێک لە دووبەرەکە. ئیتر پرشنگ لە دەرچوون وەستا و منیش گەڕامەوە نیشتیمان.

## ڕۆژنامەی «کوردستان»ی حزبی دیمۆکراتی کوردستان ئێران

پەنابەرانی سیاسی لە ئەندامانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ئەوروپا لە شەستەکانی سەدەی بیستەم هەوڵیان دا کۆوارەکەیان زیندوو بکەنەوە و لە ئەوروپا دەست بکەن بە بڵاوکردنەوەی. عەبدولڕەحمانی قاسملوو ئەوکاتە لە پراگ بوو، نامەی بۆ نووسیم بۆ سانت پیترسبورگ، پێشنیاری بۆ کردم یارمەتی ڕۆژنامەی «کوردستان» بدەم، چونکە لەم نزیکانە دەست دەکەن بە بڵاوکردنەوەی. لە نامەکەیدا ئەوەی دەربڕیبوو من خۆم وەک ئەندامێکی دەستەی نووسەران حسێب بکەم. مەرجی سەرەکی من ئەوەبوو ئەوەی دەینووسم دەسکاری نەکرێ. قاسملوو بۆمی نووسیبوو: من لەوە دڵنیام تۆ لە ئێمە دەگەی، شتێکی وا نانووسی بە دڵی ئێمە نەبێ. مەسەلەکەش لەدواییدا هەروا کەوتەوە.

ناوی ئەو کەسانەی لە ڕۆژنامەکەدا وتاریان بڵاودەکرایەوە هەمووی نهێنی بوو. منیش ناوی «زاگرۆس»م بۆ خۆم هەڵبژارد بۆ ئەو چەند وتارەی لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوکرانەوە. ئەوەی لە بیرم مابێ هەندێ لە وتارەکان بەم ناوانە بوون: شا و مەسەلەی خەباتی کورد، شاعیری گەورەی کورد گۆران، کۆمەڵەی خوێندکاران و دووبەرەکی لەناو پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق و هی دیکە.

ئەوەی پێویستە لێرەدا ڕوون بکرێتەوە ئەوەیە من لە وتارێکمدا مەسەلەی دووبەرەکییەکەم وروژاند، ئەوەم خستەڕوو ئەگەر لە نیشتیماندا دووبەرەکی لەناو ڕێکخراوێکی سیاسی ڕوویدا، پێویست ناکا کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد ببێ بە لایەنێک. لێرەدا داخی گرانم لە من و قاسملوو و چەند قوتابییەکی دیکە بەولاوە کە لەسەر ئەو ڕایە بووین، زۆربەی ئەوانی دیکە بە کەمال فوئادیشەوە لەگەڵ لایەنی ئیبراهیم ئەحمەد بوون. ئیتر هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد دووربکەومەوە و لە دواجاردا بە یەکجاری بگەڕێمەوە نیشتیمان.

### نووسین بە عەرەبی

لەسەردەمی خوێندنم لە بەشی زمانی عەرەبی لە کۆلێجی ئەدەبیاتی بەغدا، نووسینم بە زمانی عەرەبی زیاتر بوو لەچاو زمانی کوردی، ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بوو لە بەغدا دەژیام و لە بەشی عەرەبی دەمخوێند. لەگەڵ ئەوەشدا نووسینم بە کوردی هەبوو، ئەوانە زۆرتر لە ڕۆژنامەی «ژین»ی سلێمانی و کۆواری «هەتاو»ی هەولێر بڵاودەکرانەوە.

نووسینی عەرەبیم لەو ڕۆژگارەدا لە دوو جۆرە ڕۆژنامە و کۆواردا بڵاودەکرانەوە، یەکێکیان ئەوانە بوون گۆشەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری هەمیشەییم تێیاندا هەبوو، وەکو یەکێک بووم لە دەستەی نووسەرانیان، ئەوی دیکەیان پێوەندیم پێیانەوە بەو جۆرە بوو ناوە ناوە، زیاتریش لەسەر داوای خۆیان لەسەر کورد وتارم بۆیان دەنووسی.

لەو ڕۆژگارانەدا بەگشتی لە ڕۆژنامە و کۆوارەکانی بەغدا نووسین بە عەرەبی لە بابەت کوردەوە کەم بڵاودەکرایەوە. مەسەلەکە لەسەر شانی کورد خۆی بوو، پێویست بوو کوردی عەرەبیزان ئەم ئەرکە بخاتە سەر شانی خۆی، لە پاشانا هەموو کوردێکی عەرەبیزانیش توانای ئەوەیان نەبوو بە عەرەبی بنووسن و بۆشیان بڵاوبکرێتەوە.

ئەو ڕۆژنامە و کۆوارانەی گۆشەی تایبەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیریبیان بۆم دانابوو وەک «الصحیفة» و «الصیاد» و «الرأي العام» و «الرسالة الجدیدة» و هی دیکە، خاوەنەکانیان لە نزیکەوە ببوون بە ناسیاوم. نووسینم بە زۆری لە بابەت ژیانی شاعیرانی کورد و وەرگێڕانی نموونەی شیعریان بوو، بایەخێکی زۆرم بە جەژنی نەوروز دەدا، هەموو ساڵێک لە ڕۆژی جەژنی نەورۆزدا زیاتر لە باسێکم لە بابەت ئەم جەژنە پیرۆزەوە بڵاودەکردەوە.

پێوەندیم بەنێوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە ڕۆژنامەنووسان نزیکی کردبوومەوە، لەبەر ئەوەی تا پلەیەکیش ناوم کەوتبووە ناو ناوانەوە و ناوبانگم پەیدا کردبوو، ئیتر ڕۆژنامەکان هەوڵیان دەدا لە بابەت کوردەوە زانیاری بڵاو بکرێتەوە، بە تایبەتی ئارەزووی ئەوەیان هەبوو ئاگاداری نامەخانەی کوردی بن، واتە نووسین بە زمانی عەرەبی لەسەر ئەو کتێبانە بنووسرێ کە بە زمانی کوردی بڵاودەکرێنەوە، بۆ ئەم مەبەستە یەکێکی وەک محەمەد بریفکانی خاوەنی ڕۆژنامەی «الجبل» زۆر ئارەزووی دەکرد بۆ ئەم مەبەستە گۆشەیەکم بۆ تەرخان بکات، کەچی من بۆم نەدەکرا ئارەزووەکەی بهێنمە دی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناوە ناوە هەوڵم دەدا شتی بۆ بنووسم. ئیتر دەتوانم بڵێم لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا کە لەبەغدا بووم لە زۆربەی ڕۆژنامە و

کـــۆوارەکـــانی بەغـــدا نووســـینم لە بابەت کـــوردەوە بڵاودەکـردەوە. ئەو چاپەمـەنیـانەی ناویان لەبیـرم مـابێ ئەمانە بوون: «الأهالي»، «الشعب»، «الحرية»، «بغداد المساء»، «الهاتف» و هی دیکە.

## کۆواری «نووسەری کورد»

لەدوای وەرگـرتنی مـۆڵەتی ڕەسـمی بۆ دامـەزراندنی یەکـێـتی نووسـەرانی کـورد (١٠ی شـوباتی ١٩٧٠) یەکـەمین کـۆنگرەی نووسـەران لە هاوینی سـاڵی ١٩٧٠ لەبەغدا لە هۆڵی خولد بەسترا. مەسەلەی حزبایەتی لەناو دەسـتـەی بەڕێوەبەر هەندێ تیـژ بوو. لەوکـاتەدا سـاڵح یووسفی سیاسیانە کارێکی وای کردبوو گیروگرفت کەم بێ، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆمۆنیستانی کورد کەسی وایان نەبوو شیاوی ئەوە بێ ببێ بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر و شـانازی پێـوە بکەن، ناچار بوون کـەسی وایان دادەنا، ڕەنگ هەبوو هەموو شتێک بێ، تەنیا شاعیر و نووسەر نەبێ. ئەمـە لەکـاتێکدا بوو پەیمانی سـتراتیـجی لەنێـوان حـزبی بەعـسی عـیـراقی و پارتی کـۆمـۆنیـسـتی ئەو سـەردەمـەی دەوڵـەتی سـۆڤـیـەت، لەناوەوە بەم هۆیەوە کۆمۆنیستەکان زیاتر پێ درێژبیان دەکرد.

برادەرانی دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتی نووسەران وایان بەباش زانی من بکەن بەسـەرنووسـەری کـۆواری «نووسەری کورد». ئەوەی ڕاستی بێ من ئارەزووی ئەوەم نەبوو ئەم کـارە بکەم، بەپێـچـەوانەوە حـەزم لەوە بوو کۆواری مانگانەی تایبەتیم بەناوی خۆمەوە هەبێ.

هەرچۆنێ بێ لە سـەرەتادا هەمـوو کـاروبارێکی «نووسـەری کـورد» کـەوتبـووە سـەر شـانی من، تا ئەو پلەیەی ڕۆژی تەواوکـردنی چاپ و ئامـادە بوونی بۆ بڵاوکردنەوە تا درەنگ شـەویش بوایە دەبوو لە چاپخانە بمێنمـەوە. لە کـۆوارەکە کەمم دەنووسی، ئارەزووم دەکرد خـەڵکی بنووسن، بەتایبـەتی بایەخم بە شـاعـیـر و نووسـەرانی لاوی پێشکەوتوو دەدا. لەدواییـدا خۆم لێی دوورخـسـتـەوە تا گـەیشـتـە ئەوەی چەند ژمـارەیەکی بڵاوکـرایەوە من ئاگـاداری نەبووم، کـەچی ناوم وەک سەرنووسەر لە کۆوارەکەدا تۆمار کرابوو.

## کۆواری «ڕۆشنبیر»ی لەدایک نەبوو

لەگەڵ ئیحسان فوئاد داوامان لە وەزارەتی ڕۆشنبیری کرد لە بەغدا بۆ ئیمتیازی کۆوارێکی مانگانەی ئەدەبی و ڕۆشنبـیـری. لەدوای هاتوچۆ و چەندوچوونێکی زۆر وەزیری ڕۆشنبیری ناردی بەشوێن من و ئیحسان فوئاد بۆ ئەوەی لە پێـشـمـان مـۆڵەتەکـە ئیـمـزا بکا، هەروەها پیـرۆزباییـشمـان لێ بکا. بەیانی چووین بۆ لای، وتی: فـەرمـانەکـە لەبەر دەسـتم دایە، ئیـمـزای دەکـەم و پاش نیوەڕۆ بۆتانی ڕەوانە دەکەم. قسەکەی درۆ بوو، ئێستا و ئەوساش ئەو فـەرمـانە ئیـمزا نەکرا. تەشـقـەڵەیەکی بێ ئابڕووانە بوو ئەم کابرایە لەگەڵ ئێمەی کرد. ئەوەی سەیر بێ هەر ئـەو ڕۆژە ڕادیـۆی بی بی سی هەواڵـەکـــــەی بڵاوکـــردەوە، بۆ ڕۆژی دوایی ڕۆژنامـــەی «الأهرام»ی میـسـریش هەواڵەکەی بڵاو کردەوە. ئیـتر ئەمە بووە هۆی ئەوەی منیـش فـــێڵ لە دەســـەڵات بـکەم. بڕیارم دا بڵاوکراوەیەکی مـانگانە بەناوی «دەفـتەری کـوردەواری» بڵاوبکەمەوە. هەموو شتێکی وەکو کۆوار وا بێ، بەڵام لە باتـی وشـــەی «کـــۆوار» وشـــەی «بڵاوکــــراوە»ی بۆ بەکاربهێنرێ.

## بڵاوکراوەی «دەفتەری کوردەواری»

ڕۆژێکیـان لەگەڵ عەونی یووسف لەماڵی خۆبان باسی کوردمـان دەکرد. ئەوکاتە مـاڵی لە ئەعزەمیەی بەغدا بوو. کـتێبی «الاکراد»ی مینۆرسکیم بە دیاری بۆ بردبوو. لەو دانیـشـتنەدا ئامـۆژگـاری حـاجی قادری دووبارە کـردەوە و وتی: کـورد تا دەفـتـەری نەبێ، واتە کـتـێب و چاپەمـەنی نەبێ، ناگاتە ئامانجی خۆی. ئەم قسەیەی عەونی یووسف بووە هۆی ئەوەی، ئەو بڵاوکـراوەیەی بیـرم لێ دەکـردەوە ناوی بنێم «دەفـتـەری کـوردەواری». بە یارمـەتی جـەمـال خەزنەدار لە سـاڵی ١٩٧٠ دەستم کرد بە بڵاوکردنەوەی. من لێرەدا مـەبەسـتم ئەوە نیـیـە بە درێژی باس لە هۆی بڵاوکـردنەوەی ئەم چاپەمـەنیـیـە بکەم، بەڵکو مـەبەسـتم ئەوەیە بڵـێم، لەگـەڵ ئەوەی دەسەڵات ڕێگەی بەوە نەدەدا بەناوی خـۆمـەوە کـۆوارم هەبێ، ناچار بووم ئەم ڕێگەیە بگرمەبەر.

لەو سەردەمەدا شەفیق کەمالی وەزیری ڕۆشنبیری بوو، بەهۆی ئەوەی لەکـاتی خـۆیدا ئەویش قـوتابی کـۆلێـجی ئەدەبیـاتی بەغـدا بوو، ئاشنایەتی لەنێـوانماندا هەبوو. لە دوای ئەوەی سێ ژمارەم لە بڵاوکراوەکە بە چاپ گەیاند و بڵاوبووەوە، شـەفـیق کـەمـالی ئەمـەی بە هەڵ زانی و پێشنیـاری بۆ کردم کۆوارەکە هەر خۆم سەرنووسەری بم، بـەڵام بـەنـاوی وەزارەتـەوە دەربـچـێ. بـۆ ئـەم کـــــارە

نووسینگەی تایبەتی لەناو وەزارەت دادەمەزرێنێ. بە قسەی وەزیر خۆی نابێ وەزارەتی ڕۆشنبیری لە بەغدا بەناوی خۆیەوە کۆوارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە زمانی کوردی نەبێ. هەرچی ئەو کۆوارە کوردیانەی لە بەغدا دەردەچوون خانەی بڵاوکردنەوە و ڕۆشنبیری کوردی بڵاوی دەکردنەوە. من بەو پێشنیارەی وەزیر ڕازی نەبووم. بەم جۆرە ناچار بووم بڵاوکردنەوەی «دەفتەری کوردەواری» بوەستێنم.

### کۆواری «ڕۆژ کوردستان»

کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی لە بەغدا لەدوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، دەسکەوتێکی کولتووری گرنگ بوو. کۆمەڵێک ڕۆشنبیری کورد، بەتایبەتی مامۆستایانی زانستگای بەغدا و قوتابخانەکان بیریان لەوە کردەوە کۆمەڵەیەکی ڕۆشنبیری دامەزرێنن. لەو کاتەدا لێوەشاوەترین کەس ساڵح یووسفی بوو بۆ ئەم کارە، کە دەبوو ئەم کارەی پێ بسپێرێ و بەسەرکەوتوویی بیگەیەنێتە ئەنجام. لە ماوەی سێ چوار ساڵ ئەم کۆمەڵەیە بوو بەخاوەنی باڵەخانەی خۆی و نامەخانەیەکی گەورە، جگە لە جموجووڵییە ڕۆشنبیرییەکانی، کۆبوونەوەی ڕۆشنبیری و سیمیناری زانستی و ئاهەنگ و میهرەجانی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی هەبوو.

یەکێ لە کارە هەرە گرنگەکانی ئەم کۆمەڵەیە، بڵاوکردنەوەی کۆواری «ڕۆژی کوردستان= شمس کردستان» بوو، کە مانگانە بە زمانی کوردی و عەرەبی بڵاودەکرایەوە. ناوە ناوە هەندێ کتێب و سیپارەشی وەکو پاشکۆی کۆوارەکە بڵاودەکردەوە.

ماوەی نزیکەی دە ساڵ یەکێک بووم لە دەستەی نووسەرانی ئەم کۆوارە. ڕاستە نووسینم لە بەشی کوردییەکەی زیاتر بوو، بەڵام لە بەشی عەرەبییەکەشی زۆر نزیک بووم، بەتایبەتی ئەو وتارانەی لەلایەن هەندێ لە مامۆستایانی زانستگای بەغدا دەنووسرانەوە و بە ڕێگەی منەوە دەست کۆوارەکە دەکەوتن.

بەڕاستی لە ماوەی ژیانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، کاروباری ڕۆشنبیری و زانستیم زۆر بوو. ئەگەر بایەخم بە پلەی یەکەم بەر بەشی کوردی کۆلێجی ئەدەبیاتی بەغدا کەوتبێ، لەدوای ئەو لەگەڵ ڕۆژی کوردستان ژیاوم. ئەم کۆوارە مەیدانی جموجووڵی ڕۆژنامەگەری ڕاستەقینەم بوو.

### کۆواری «کۆلێجی ئەدەبیات»

لەدوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، هەندێ مەسەلەی نیشتیمانی میللەتی کورد لە عیراق-دا کەوتە ڕوو، ئەو سەردەمەی من بۆ سەرۆکایەتی بەشی زمانی کوردی هەڵبژێررام، کۆواری «کۆلێجی ئەدەبیات» کۆوارێکی وەرزی زانستی بوو، بە دوو زمان عەرەبی و ئینگلیزی بڵاودەکرایەوە. ئیتر بە پێشنیاری من بەشی زمانی کوردی داوای کرد کۆوارەکە بە زمانی کوردیش بڵاوبکرێتەوە. ئەنجوومەنی زانستی کۆلێج ڕەزامەندیی خۆی پیشاندا بەرامبەر پێشنیارەکەی بەشی زمانی کوردی. لەپێش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار ئەنجوومەنی زانستی کۆلێج بەهیچ جۆرێ ئامادە نەبوو بڕیار بۆ ئەو کۆوارە دەربکا، بەزمانی کوردیش چاپ بکرێ.

ئیتر وابوو بۆ سەرنووسەری بەشی کوردی کۆوارەکە من هەڵبژێررام. ئەوەی پێویستە لێرەدا ڕوون بکرێتەوە ئەوەیە کۆوارەکە داخرابوو، واتە تەنیا ماوەی ئەوە هەبوو مامۆستایانی بەشی زمانی کوردی باسی تێدا بڵاوبکەنەوە، یان هەر کەسێکی بڕوانامەی بەرزی هەبێ لە دەرەوەی زانستگا مافی ئەوەی هەیە باسی بۆ بڵاوبکرێتەوە. بۆ بەڵگە باسێکی بەنرخی جەمال نەبەز لە ژمارەیەکی ئەو کۆوارەدا بڵاوکرایەوە.

بەڕاستی ئەمە بۆ من لە مەیدانی ڕۆژنامەنووسی لەناو زانستگادا مەشقێکی گرنگ بوو، چونکە ئەم کارە لە دەسگایەکی زانستی بەرز بوو و هەموو کار و کردەوەیەکی مەرجی تایبەتی خۆی هەبوو.

### کۆواری «کاروان»

لە ساڵی ١٩٨٨ کە لە جەزائیر گەڕامەوە نیشتیمان و لە زانستگای سەلاحەدین دامەزرام، کۆواری مانگانەی «کاروان» لە هەولێر بڵاو دەکرایەوە. یەکێک بوو لە کۆوارە باشەکان کە لەژێر سایەی دەسەڵات بڵاودەکرانەوە. ئەو برادەرانەی لە کۆوارەکەدا کاریان دەکرد ئارەزووی ئەوەیان هەبوو وەکو ڕاوێژکارێک و یەکێک لە دەستەی نووسەران هەرەوەزییان لەگەڵدا بکەم.

هەموو هەفتەی جارێک لە کۆبوونەوەی دەستەی نووسەراندا ئامادە دەبووم. تەبیعەتی کۆوارەکە ئەوە بوو پێنج شەش لاپەڕەی سەرەتا، دەسەڵاتی بەعس خۆی ئامادەی دەکرد و بەڕێوەی دەبرد، ئەوەی دیکە سانسۆری

لەسەر نەبوو، بە هەموو سەربەستییەکەوە بەڕێوەمان دەبرد و گیروگرفتی سیاسیمان دروست نەدەکرد. من لەوە دڵنیام لە ساڵی ١٩٨٨ەوە تا ڕاپەڕینی ١٩٩١ دەوری زێڕینی کۆواری کاروان بوو.

بە ڕاستی نەخشەی سیاسی کورد و پێوەندی بە بەغداوە ئاشکرا بوو، ئیستیقراری ئابووری هەبوو، لە ڕۆژنامەگەریدا «بەشی قەیسەر و بەشی خودا» جێی خۆیان گرتبوو. کەسیان بێ بەش و مەغدوور نەدەکران. ئەمە لە ڕۆژنامەگەریدا تا ڕاپەڕینی خایاند، ئیتر لە پاش ئەوە قسە نەستەقەکە «ما ليقصر لقيصر وما لله لله» باوی نەما.

**ڕۆژنامەی «کوردستان: قاهیرە ١٨٩٨»**

لە ساڵی ١٩٦٨ کە ڕۆژی دەرچوونی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی «کوردستان»م دیاری کرد، ئەو ساڵە ڕۆژی ٢٢ی نیسان یادی حەفتا ساڵەی دەرچوونی ڕۆژنامەکە بوو لە قاهیرە. ئێستا کە ئەم بیرەوەرییە دەنووسمەوە زیاتر لە ١١٢ ساڵ بەسەر دەرچوونی «کوردستان» تێپەڕیوە.

ئەوەی پێویستە لەم ماوەیەدا وەبیر خوێندەواری کوردی بێنمەوە ئەوەیە، لە وتارەکەدا کە ڕۆژی دەرچوونی ڕۆژنامەکە دیاری کرا، نووسیبووم ساڵی داهاتوو بۆ یەکەمین جار ڕۆژنامەنووسانی کورد، بەهۆی دەرچوونی ڕۆژنامەکەوە جەژنە پیرۆزە لەگەڵ یەکتری دەکەن. داخی گرانم لە نیسانی ساڵی ١٩٦٨ ڕۆژنامەی «التآخي= برايی» لە بەغدا لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراقەوە دەردەچوو، ئەم هەواڵە خۆشەی بڵاوکردەوە. کە ساڵ سووڕایەوە لە نیساندا ڕۆژنامەی «النور» لەلایەن جەماعەتی ئیبراهیم ئەحمەدەوە دەردەچوو، ئیتر لە یادی ساڵی یەکەمی دۆزینەوەی ڕۆژی ٢٢ لە ساڵی ١٩٦٩ بە وشەیەکیش ڕۆژنامەگەری ئەو جەماعەتە، بە تایبەتی ڕۆژنامەی «النور» یادی ئەو جەژنەی نەکردەوە. بە ڕاستی لە نیسانی ساڵی ١٩٧٠ەوە تا ئێستا یادی ئەم جەژنە پیرۆزە کراوەتەوە، ئەویش دیارە لە دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادارەوە بوو.

ڕۆژنامەی «کوردستان» گیروگرفتی زۆر بوو، لە جێیەک بۆ جێیەکی دیکە بە ناچاری جێگۆڕکێیان پێ دەکرد. لە هەموو شوێنێک مەقبوول نەبوو. لە قاهیرەی میسرەوە بۆ جنێڤی سویسرا، لەوێوە بۆ شارانی فۆلکستۆن و لەندەنی بەریتانیا. سەرنووسەری ڕاستەقینەی عەبدولڕەحمان بەدرخان بوو، بەڵام لەوکاتەی دەست بە دەرکردنی ڕۆژنامەکە کرا میقداد مەدحەت بەڕێوەی دەبرد، زۆری پێ نەچوو عەبدولڕەحمان بووە سەرنووسەری.

بنەماڵەی بەدرخان دەوریان لە سیاسەت و ڕۆژنامەگەری کوردیدا هەبوو، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدم کە هەڵسانەکانی بەدرخان پاشا هەرەسی هێنا، سوڵتانی عوسمانی بنەماڵەیانی دەربەدەر و ئاوارە کرد. ئەمانە زۆربەیان کەوتنە سوریا، ئەوجا لە لبنان پەیدابوون. لە پاشان قەفقاسی ڕووسیا و هەندێ لە وڵاتانی ئەورووپا کەوتنە پرۆپاگەندەکردن بۆ مەسەلەی نیشتیمانیی کورد. برایان جەلادەت و کامیران بەدرخان دەوریان لە جموجووڵی ڕۆژنامەگەری و خوێندەواریدا هەبوو.

لە دەوروبەری جەنگی دووەمی گێتی لە شام و بێرووت کۆمەڵێک کۆواریان بە ئەلفوبێی لاتینی بڵاوکردەوە. هەروەها زنجیرەیەک نامیلکە و سیپارە و کتێبی بچووکیان لە بابەت کوردەوە بەچاپ گەیاند. کتێبەکان پێوەندییان بە زانیاری گشتی و فۆلکلۆر و زمان و دەستووری زمانی کوردییەوە هەبوو. بە ڕاستی ئەم نێوەندە خوێندەوارییە زۆر دەوامی نەکرد، بەڵام هۆیەک بوو بۆ پاراستنی دیالێکتی کرمانجی سەروو، چونکە لەو کاتەدا باسی زمانی کوردی لە کوردستانی تورکیا و بادینانی کوردستانی عیراق لە ناوەوە نەبوو، تەنیا لە سوریا، هەروەها لە قەفقاسی ڕوسیاش هەوڵ و کۆشش بۆ خزمەت کردنی دیالێکتی کرمانجی باکوور هەبوو.

ئەگەر بێینەوە سەر باسی ڕۆژنامەی «کوردستان» لە ڕۆژی ئەمڕۆدا لای ئێمە تووشی ڕووداوێکی تاڵ دەبین. لەوکاتەوە ڕۆژی دەرچوونی دیاری کرا، ئەو بایەخەی بە بڵاوکەرەوەکانی ڕۆژنامەکە دراوە، ئەو بایەخە بە ڕۆژنامەکە خۆی نەدراوە. بێ گومان هەوڵی ئەو کەسانەی دەریان کردووە گرنگە، بەڵام ڕۆژنامەکە خۆی وەکو سەرچاوەیەکی بەنرخ لە مێژووی ڕۆشنبیریی کورددا زۆر لە خاوەنەکانی گرنگترە. لەم ساڵانەی دواییدا ڕۆژنامەکە لەبیر کرا، ڕۆژی ٢٢ی نیسانی هەموو ساڵێک بوو بە میهرەجانی بنەماڵەی بەدرخان.

لەوە دڵنیام لەمەوپاش ڕۆژی ٢٢ی نیسان وەک جەژنی ڕۆژنامەگەری پێشوازی لێ دەکرێ، نەک میهرەجان بۆ گەورەکردنی ئەوانەی دەریان کردووە.

# سروشتی بنەڕەتی کولتووری قۆناغی پێش فەلسەفە

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی ئاداب)
(١ - ٢)

**پێشەکی**

١- کاتێک باسی تایبەتمەندییەکانی کولتووری ئەو سەردەمە دەکرێ کە بە قۆناغی پێش فەلسەفە دانراوە، یەکسەر ئەو پرسیارە بە بیردا دێت:

- ئایا کات و جێگایەکی دیار و دەستنیشانکراو هەیە فەلسەفە تێیدا سەری هەڵدابێ و پەیدابووبێ؟!

وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە کێشە ئامێزە، ئەگەرچی وا سووک و ئاسان نییە، بەڵام ڕاستەوخۆ مرۆڤ دەخاتە بەردەم ڕاستییەک ناکرێ گومانی لێبکرێت:

هەموو شتێک سەرەتا و کۆتایی هەیە، پێش ئەو سەرەتایە بابەت و شتێکی لە ڕوخسار و ناوەڕۆک جیاواز لە ئارادا هەبووە. ئەو جیاوازییە تایبەتمەندی هەردوو قۆناغەکەی پشت ڕاست کردۆتەوە و ڕێگای بۆ دوای خۆی خۆش کردووە، ئەو بابەتەی ئێمە بە کولتووری قۆناغی پێش فەلسەفە ناومان بردووە، ئەو سروشتە بەدەردەخات.

لەسەردەمی ئەرستۆوە و دواتر لەلای هیگڵ و بیرتراند ڕەسڵ وا باو بووە فەلسەفە لەسەدەی شەشی پێش زایین (لە دایک بوونی عیسای مریەم) لەسەر دەستی تالیس دەستی پێکردووە.(١) ئیتر ئەو بابەتەی کولتوور بەو فرە ڕەنگی ناوەڕۆک و ڕوخسارەیەوە، پێش سەدەی شەشەم لە ئارادا بووە و لەو قۆناغ و جێگایانەی گەشەی کردووە بە کولتووری قۆناغی پێش فەلسەفە ناوبراوە و ناودەبرێت. ئەو بڕیارە کە فەلسەفەی کردووە بە داهێنانێکی بێگەردی گەلی ئەوسای یۆنان و بابەتەکانی تری کولتووری لە خانەی فەلسەفەوە هێناوەتە دەرەوە و بەجۆرێکی تر پۆلێنی کردوون، بە چەند تایبەتمەندییەک پشت ئەستوور بووە کە لەناوەڕۆک و ڕوخسار، لە ڕێباز و میتۆدە و شێوازی ئەو بابەتانەی پێش تالیس لە

ئارادابوون لە چاو بابەتی فەلسەفەی یۆنان، کەوتوونەتەوە.

هەر بەپێی سەرچاوەکان، میسۆپۆتامیا (وڵاتی بابل- دۆڵی دیجلە و فورات) وڵاتی ئێستای میسر (دۆڵی نیل) وڵاتی فارس بە نەتەوە و کولتوورە فرە ڕەنگییەکەیەوە، هیندستان و چین (هیندوچین) ئەو دەڤەر و وڵاتانە بوون بابەتی کولتووری پێش فەلسەفە تێیاندا پەیدا بووە و گەشەی کردووە.

خۆ ئەگەر بشێ کەلەپووری ئەو دەڤەرە جیاوازانە بخرێتە نێو خانەی قۆناغی پێش فەلسەفەوە، ئەو ڕاستییە چاوپۆشی لێناکرێ و هیچ گومانێک هەڵناگرێ کە هەر دەڤەرێک لەو دەڤەرانە کولتووری تایبەتی خۆی هەبووە و لەو کولتوورەیدا جیا لەوانی تر تایبەتمەندی و سروشت و کەسایەتی جیاواز و پێوەندییە چینایەتی و کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنە سنووردارەکەی خۆی بەرجەستە کردووە. لەگەڵ ئەو سروشتە تایبەتییەدا، لەلایەکی ترەوە خاڵێکی بەرچاو کە لە هەڵوێست نواندندا دەرکەوتووە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا پێکەوە کۆی کردوونەتەوە:

ئەو کولتوورە، ئەوەبێ کە بەشێوەیەک لە شێوەکان تۆمارکراوە، یان ئەوەی دەماودەم لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە و لە پشتێکەوە بۆ پشتێکی تر ماوەتەوە، ئەگەر لە پوختەکەیدا وا بێتە بەرچاو کە جۆرە چالاکییەکی هزر و بیرە و ئەنجامێک بێ لە ڕامان کەوتبێتەوە، ئەوە شیکردنەوە و سەرنجدانی وردی زانستییانە دەری دەخات کە ئەو کولتوورە لە گەوهەردا لە دیاریکردنی هەڵوێست لە چوارچێوەی هەست و سۆزدا بەولاوە نەبووە. ئەو هەڵوێستەی هەست و سۆز ئەگەر تارادەیەکیش جۆرە بنەمایەکی ئەزموونی و تاقیکردنەوەی سەختی ژیانی ڕۆژانەی هەبووبێ، بۆ بێ دەسەڵاتی و دەستەوستانی مرۆڤی ئەوسای، لە بەرانبەر سروشت و دەوروبەردا تۆمارکردووە و دەربڕیوە.

لەو هەڵوێست دیار و دەستنیشانکردنەدا و لەو پەنابردنە بەر هەست و سۆزەی، دوور لە بیرکردنەوەی ژیربیانە، کە ئامرازی چالاکی گیانی مرۆڤی ئەو سەردەمە بووە، بە ئاشکرا جۆرە سڵ و پارێز و ڕاڕایی و دوودڵییەک دەبینرێ و هەست پێدەکرێ. جگە لەوەی لەو کولتوورانەدا، بڕیاردانی ژیرەکی، بەلایەکدا خستن، شرۆڤە و لێکدانەوەی ڕێکوپێکی پشت ئەستوور بە بنەمای ڕوونکردنەوەی هۆیەکی، ساغکردنەوە و سەلمێنە تێیاندا نە هەستیان پێدەکرێ و نە دێنە بەرچاو.

٢- ئەگەر مرۆڤ لەو کولتوورە تۆمارکراوانەی قۆناغی پێش فەلسەفە وردبببێتەوە، لەگەڵ ناوەرۆک و میتۆد و شێواز و ڕوخساری فەلسەفەی یۆناندا بەراوردیان بکات، بۆی دەردەکەوێ بۆچی ئەو هێڵە لەنێوانیاندا کێشراوە و بۆچی وا لە یەکتری جیاکراونەتەوە. جیاکردنەوەکە پشت بەو خاڵانەی خوارەوە دەبەستێ و ڕوونی دەکەنەوە بەچی و چۆن فەلسەفە تایبەتمەندیی خۆی لە بەرانبەر بابەتەکانی قۆناغی پێش فەلسەفە جیادەکاتەوە:

**یەکەم**: بابەتەکان بێ خاوەنن. لە هەموو ئەو پەند و پاشماوە و کەلەپوورەی لە دۆڵی نیل (میسر) و میسۆپۆتامیا (دۆڵی نێوان دیجلە و فورات) و لە وڵاتی فرە کولتوور و فرە نەتەوەی ئەوسای فارس (ئێران) و هیند و چین، بەجێ ماون و ماونەتەوە و تۆمارکراون، بابەتێک بەرچاو ناکەوێ خاوەنی دیاریکراوی هەبێت، یان ناوی مرۆڤێکی پێوە بێت. مرۆڤ باسی داستان و پاڵەوانامەکانی بابل و کتێبی مردووانی سەردەمی فیرعەونی دۆڵی نیل دەکات، بەڵام نازانرێ دانەر و نووسەرەکانیان چ کەسێک بوون! بابەتی پێش فەلسەفە خاوەنی دیاریکراوی نییە، بەپێچەوانەوە هیچ بابەتێکی فەلسەفە بێ خاوەنە داهێنەرەکەی نییە و نابێ!

**دووەم**: بابەتەکانی سروشتێکی ئایین و بڕوایان دەرخستووە: ئەو کەلەپوورانە ئەگەر خۆیان دەربڕی هەستونەستی ئایین و بڕوا (ئیمان)، بەواتای ئەو سەردەمە، نەبووبن، لەچوارچێوەی ئاییندا پێگەیشتوون و گەشەیان کردووە، لەو بازنەیەدا نەچوونەتە دەرەوە و ئەو سنوورەیان نەبەزاندووە کە ئایین لەو سەردەمەدا ڕەنگی ڕشتوون. زەردەشتی فارس و کورد، کۆنفشیۆسی هیند و چین، بوودای هیندستان، کتێبی مردووانی فیرعەونەکانی دۆڵی نیل، داستانەکانی بابل بە پاڵەوانامەی گلگامێشەوە، ڕاستی ئەو بۆچوونە پشت ڕاست دەکەنەوە. کاتی خۆی مێژوونووسی گەورەی یۆنانی کۆن «هیرۆدۆتس» سەری لە دۆڵی نیل و دەڤەری ژێر دەسەڵاتی فیرعەونەکان داوە، نووسیویەتی و دەڵێ:

«میسرییەکان لە خەڵکی دیکە پتر پابەند و گوێڕایەڵی ڕێوشوێن و ناوەرۆکی بابەتی ئایین بوون. ئەو وێنە جۆراوجۆر و فرە ڕەنگییانەی دروستیان کردوون و نەخشیان کێشاون، تەنیا هەر وێنەی کەسانێکن لەبەردەم خواوەنددا دەستەوەستان و ملکەچ وەستاون، نوێژ دەکەن

و دەپارێنەوە. کتێبەکانیشیان لەو بابەتە بەدەر نین. لەوەش بەولاوە، ئەو نووسراوانە بریتین لە چەند ئایەت و سفرێکی زوهد و پەرستن..»(٢)

**سێیەم**: ئەفسانە و داستان، ئامرازی دەربڕین بوون.

خاڵێکی تری سەرەکی جیاوازی نێوان هەردوو بابەت و کولتوور، پێش فەلسەفە و فەلسەفە، جۆری پرسیارکردن و شێوازی وەڵامدانەوەیان بووە. مرۆڤی ئەو سەردەمە، وەک هەموو مرۆڤێکی سەردەمەکانی ژیان کێشەی تایبەتی خۆی ناخی هەژاندووە، ئەو کێشانە بەپێی هەلومەرجی سەردەم لە دەفری پرسیاردا داڕێژراون و کۆششی وەڵامدانەوەیان کراوە. پرسیار و جۆری وەڵامدانەوەکەیان ئەوساکە میتۆدە و ئامرازی دیاریکراویان بۆ دانراوە کە هەست و سۆز تێیاندا سەرمەشق بوون، ئەو ئامرازانە لە ئەفسانە و داستان بەولاوە نەبوون. ئەو داستان و ئەفسانانە، کێشە و پرسیارەکانیش تاوەکو کۆتایی هاتنی ئەو قۆناغە درێژخایەنە نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی تایبەتمەندی هزر و بیرکردنەوەی ڕێکوپێکی لۆژیکییان پێ ببەخشرێ، داستان و ئەفسانە کە ئامرازی دەربڕینی هەستونەست و سۆزی ناخی مرۆڤی ئەو سەردەمە بوون هیچ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە فەلسەفەوە نییە، بەڵکو مۆرکی ئەو قۆناغەیان پێوەیە کە بە کولتووری قۆناغی پێش فەلسەفە دەژمێردرێ. خۆ ئەگەر ئەفسانە و داستانەکان بە شێواز و بەپێی سەردەمی خۆیان جۆرە ڕاستییەکیان دەربڕیبێ و بەرجەستەیان کردبێ، ئەو کێشانەی سەرنجیان بۆ ڕاکێشابن و ئەو پرسیارانەی تێیاندا دایانڕشتبن و ئەو وەڵامانەی لە بارەیانەوە پێشکەشیان کردبن، لەلای خۆیانەوە دوور بوون لە ئاستی پەنابردنە بەر هزر و بیرکردنەوەی ڕێکوپێک و سروشتی هەست و سۆزی ناخ دەربڕینیان بە ئاشکرا پێوە دیارە. بەهیچ جۆر و شێوازێک ئەو بۆچوونە لە مێشکدا وێنە ناکێشن بڕیارێکی لێ بکەوێتەوە کە ئەو کولتوورە لە چوارچێوەی ئەفسانە و ئەندێشە بباتە دەرێ و ئەو سنوورەی پێ ببەزێنێ، بۆیە ئەو کولتوورە ناخرێتە خانەی فەلسەفەوە.

**چوارەم**: زمانی دەربڕین پتر هەڵبەست بووە نەک پەخشان. زمانی دەبڕینی ناوەرۆکی کێشە و پرسیارەکانی ئەفسانە و داستانەکانی ئەو کولتوورە زمانی هەڵبەست بووە و هیچ جۆرە شێوازێکی ڕێکوپێکی پەخشانیان پێوە دیار نییە، جگە لەوەی لە ناوەرۆکی ئەو دەربڕینانەیاندا بە ئاشکرا پاڕانەوە و لالانەوە سەرنج ڕادەکێشن! ئینجا لەجیاتی پێشکەشکردنی چارەسەرێکی گونجاوی ئەو کێشە و بابەتانە کە ژێر بیبڕێ بە پاڕانەوە هەوڵ دراوە هێزێکی سەرووسروشتی، کە ئەوکاتە بە خواوەند دانراوە، ڕازی بکرێت. پاڕانەوە بۆ ڕازی کردنی هێزی سەرووسروشتی قۆناغێکە بەر لە دەست بەکارکردنەوە دێت. ڕەوشی فرەڕەنگی ئەو سەردەمەی مرۆڤی لە ئاقار و بەرانبەر نەهامەتییەکانی کێشەی ژیانی ڕۆژانە بە سادە و ساکاری نیشان داوە.

**پێنجەم**: ئەو چەمک و وشانەی بەکارهێنراون پێوەندی مرۆڤ و سروشت و دەوروبەریان بەرجەستە کردووە. لە زمانی دەربڕینی ئەو کولتوورەدا چەندین وشە و چەمک بۆ دواندن و ئاخاوتن پەنایان براوەتەبەر، دەری دەخەن جۆرە پێوەندییەکی تایبەتی لەنێوان مرۆڤ و دەوروبەر و سروشت و کۆمەڵگەدا هەبووە. لەو زمانانەی دەربڕیندا لە بەرانبەر وشەی «من- خۆم» وشەی «تۆ»ی ڕاستەوخۆ بەکارهاتووە، کەچی هیچ جۆرە شوێنەوارێکی کەسی سێیەم «وشەی ئەو» بەدی ناکرێ و نابیسترێ!

کەوابوو ئەو هێما و سیمبۆلە چی دەگەیەنێ؟! پێوەندی بە هەردوو قۆناغە لەیەکتری جیاواز و یەکتری تەواوکارەکەوە چییە؟! بەکارهێنانی ئەو جۆرە وشە و چەمکانە بەو شێوە سیمبۆلییانە ڕەوش و هەڵوێستی مرۆڤ بەرانبەر بەخۆی و کۆمەڵگە و سروشتی دەوروبەری نیشان دەدات کە چۆن شتی بە بیرو هزردا هاتووە، هەڵوێستی خۆی چۆن نواندووە، هەستی خۆی بەچ جۆرێک دەربڕیوە؟ ڕەوشەکە دەکرێ وا لێک بدرێتەوە، لەو سەردەمەدا بەو جۆرە بەکارهێنانی زمانەکە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەنێوان: خۆ و بابەت، من و ئەو، خۆی و سروشتدا نەکردووە.

لە فەلسەفەدا، بەپێچەوانەوە پێوەندی نێوان «من و تۆ» بریتییە لە پێوەندی نێوان دوو بابەتی بەرانبەر بە یەکتری، جیاوازی لەنێوانیاندا بەڕادەیەک هەست پێ دەکرێ کە یەک بابەت و شت نین. ئەگەر وترا «من و ئەو» باسی دوو بابەتی سەربەخۆ و جیاواز دەکرێت. جیاوازی نێوان «من و تۆ»(٣)، بەو جۆرەی لە داستان و ئەفسانەکاندا بەکارهاتووە لەچاو «من و ئەو» ئەوەیە: لە یەکەمیاندا «من» هێزێکی کارلێکراوە، دان بەوەدا دەنێ ئەوەی بەرانبەریەتی (لێرەدا مەبەست سروشتە) کاری لێ دەکات، «من» کارلێکراوە، «تۆ» کە سروشتە کار لەو

«من»ـە دەکەی. ئینجا دەکرێ پشت ئەستوور بەو لێکدانەوەیە بگوترێ: لە ئەفسانە و داستانەکانی کولتووری پێش فەلسەفەدا ڕۆڵی کارکردن و چالاکی بەمرۆڤ نەبڕاوە و نەبەخشراوە.

هەر ئەو ڕەوشە، ئەو هەڵوێستە بۆتە مایەی ئەوەی مرۆڤی ئەو سەردەمە لەجیاتی شیکردنەوە و ئەنجامگیری، لە جیاتی ئەوەی لە بابەتی کێشەکان- ئەگەر بە زرەکێشە دانەنرێن- بکۆڵێتەوە بۆ ئەوەی ئەنجامێکیان لێ بکەوێنێتەوە، ناچار بووە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە کێشەئامێزەکان و بۆ کردنەوەی ئەو قەوماوانەی بەگرێ کوێرە هاتوونەتە بەرچاو، پەنا بەرێتە بەر شێواز و ئامراز و ڕوخسارێک لەگەڵ هەلومەرجی سەردەمەکەیدا بگونجێ: شێوازی حیکایەت و گێڕانەوەی چیرۆک و نەزیلە و داستان، ئەو گرێ کوێرانە چەند دیاردەیەک بوون لە سروشت و کۆمەڵگە و ژیانەوە کەوتوونەتەوە: وشکە ساڵی، لافاو، بوومەلەرزە و مردن و نەخۆشی و پەتا و هەژاری و گرانی.

**شەشەم**: لەجیاتی «چۆن قەوماوە» پرسیاری «بۆچی» لە ناخدا ورووژاوە:

ئەو جۆرە هەڵوێستەی مرۆڤی ئەو سەردەم و قۆناغە کە لەیەکەیەکی دوو ڕەنگی «من و تۆ»دا لەنێوان «مرۆڤ و کۆمەڵگە و سروشتدا» کەوتۆتەوە هەر لە سەرەتاوە دوور بووە لەو مەرجانەی لە فەلسەفەدا بەرچاو دەکەون و سەرنج ڕادەکێشن. هەڵوێستی فەلسەفەیی کە لە تێکستدا بەرجەستە دەبێ، بەڕوونی سێ جۆرە:

- شیکردنەوەیەکی ژیرەکی.
- پەیوەستییەکی هۆیەکی لەنێوان هۆکار و ئەنجامدا.
- منێک کە کەوتۆتەوە و بە پرۆسەیەکی ڕێکوپێکی لۆژیک پشت ئەستوور بووە. ئەو سێ خاڵە سەرەکییە لە کولتووری پێش فەلسەفەدا نەبووە و لەجێگایاندا هەست و سۆز و پاڕانەوە پەنایان براوەتە بەر.

**حەوتەم**: ڕێگای شیاوی چارەسەرکردنی کێشەکانی ژیانی ڕۆژانە و کۆمەڵگە نەگیراوەتەبەر.

لە داستان و ئەفسانەکاندا دەردەکەوێ مرۆڤی ئەو سەردەمە لەو باوەڕەدا بووە هێزە نەدیتراوە کاریگەرەکان- خواوەندەکان- لە سروشتدا جێگیرن و سروشتیش بە کۆمەڵگەوە بەندە و بەستراوە. ئیتر لە جیاتی دۆزینەوەی ڕێگای ڕاستی چارەسەرکردنی کێشەکانی ژیانی ڕۆژانە بیر لە کۆنترۆڵکردنی سروشت و گۆڕینی نەکراوەتەوە، بەڵکو هەوڵ دراوە و بیر لەوە کراوەتەوە خواوەندەکان ڕازی بکرێن و گوایە ئەو ڕازی کردنە کێشە و نەهامەتی و دەردی سەری و قاتوقڕی و لافاو... بەلایەکدا دەخات. نە دۆزینەوەی هۆکاری ڕاستەقینە بەهیچ جۆرێک ئەنجام نە دەست نیشان دەکرێ و نە ڕێگا چارەی بۆ دەدۆزرێتەوە. هەلومەرجی ئەو سەردەمە لەوە بەولا هەڵی نەگرتووە!.

## مەڵبەند و دەڤەرەکانی کولتووری پێش فەلسەفە

ئەو ناوچە و دەڤەرانەی بە مەڵبەندی کولتووری پێش فەلسەفە ژمێردراون، کراون بە دوو ناوچە، ئەگەرچی هەر دەڤەرە تایبەتمەندی خۆی تۆمار کردووە و پاراستووە، بەڵام لەچوارچێوە گشتییەکەدا خاڵی هاوبەش پێکەوەی کۆ کردوونەتەوە:

**یەکەم**: بابل (دۆڵی دیجلە و فورات). دۆڵی نیل.

**دووەم**: وڵاتی فارس و هیند و چین.

ئەوی لێرەدا سەرنج ڕادەکێشێ (کولتووری موسایی- جوولەکە) لە هیچ خانەیەکدا پۆلێن نەکراوە، لەکاتێکدا تەورات بە گەورەترین کتێبی ئینسکلۆپیدی جیهانی دادەنرێت. ئایا هۆکارەکەی ئایینییە، یان شتێکی ترە؟! وەڵامی ئەو پرسیارە بە هەر لایەکدا بێت، ڕۆژهەڵاتی دوور و ناوەڕاست بێشکە و لانەی پێکگەیشتن و سەرهەڵدانی ئەو کولتوور و شارستانییەتە بووە کە پێش فەلسەفەی یۆنان لە ئارادا بووە، ئایینی موسایییش- جوولەکە خۆی ئایینێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و لە ئۆرشەلایم دەرکەوتووە. کەسیش لاری لەوە نییە کە جۆرە لە یەک چوونێک لەنێوان هەندێک سفری تەورات و فۆلکلۆری بابلدا هەیە. جوولەکەکانیش لارییان لەوە نییە کە ماوەیەکی دووروودرێژ بەند و کۆیلەی نەوبەختنەسری بابلی بوون و لەنزیکەوە ئاگاداری ئەو کەلەپوورە بوون.

## ئەفسانە و داستان
## مێژوو و ئایین

بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەست دان و دەربارەی ئەو بابەتە نووسراون، کولتووری پێش فەلسەفە گۆڕانی هێمن و هێدی و لەسەرخۆی بەسەر ناوەرۆک و ڕوخسارەکەیدا هاتووە. گۆڕانەکە بۆتە مایەی ئەوەی لەنێو ئەو کولتوورەدا بابەتی تر، لە ناوەرۆک و ڕوخساردا تاڕادەیەک پێشکەوتووتر بکەونەوە و دەربکەون.

لەسەرەتادا ئەفسانە و داستان ئەو دەفر و چوارچێوەیە بوون تێیاندا مرۆڤ بەرانبەر بەخۆی و دەوروبەر و سروشت، هەڵوێست و هەستونەست و خواستی خۆی دارشتووە، ژیان سروشت ئاسا لە سرەوتن نایەت و هەمیشە بەرەو پێش دەچێ، جا ئەو بەرەو پێش چوونە هێمن و لەسەرخۆ بێ، یان بە هەنگاوی گەورەبێت، ئەو ئامرازانەی دەربرین کە رێوشوێن و رێسای کرداری رۆژانەشیان دیار و دەستنیشان کردووە، پەرەیان سەندووە و گۆراون و لە هەنگاونانی ژیان خۆی دوانەکەوتوون بۆیە:

**یەکەم**: ئەو لایەن و بەشەی ئەفسانە و داستان کە هەواڵ و دەنگوباسیان تۆمار کردووە و گێراوەتەوە و شێوازی چیرۆک و نەزیلەیان هەبووە، وردە وردە بەدرێژایی رۆژگار بابەتێکیان لێکەوتۆتەوە، روخسار و ناوەرۆکی پێ براوە، خەتوخاڵی داوە و ناوی مێژووی لێ نراوە.

**دووەم**: لایەنەکەی دیکەی داستان و ئەفسانە کە بابەت و هەڵوێستی مرۆڤیان لە بارەی مردن و ژیان و دوارۆژ و ژیانی دوای مردن و پێوەندی مرۆڤ بە دەوروبەر و سروشت و هێزە نادیارەکانەوە تۆمار کردووە، بووە بە ئایینی ناوچەیی کە ئەوکاتە وردە وردە لە بابل و دۆڵی نیل و وڵاتی فارس و هیندوچین بڵاوبوونەتەوە، هەر لە زەردەشتی فارس و کوردەوە تاوەکو بودیزم و هیندۆسی و کۆنفشیوس... لێرەدا مرۆڤ دەچێتە نێو ئەو جیهانە فرە رەنگییە دڵرفێنە پانوبەرینە ئەفسانابوییە کە ئەندێشە و هەست و سۆز ئەسپی باڵداری خۆیانیان تێدا تاوداوە، لە جیاتی کۆشش و هەوڵ و تەقەللا، لە ناخی دڵەوە مرۆڤ سەری خۆی هەڵبریوە، رووی لە ئاسمان کردووە، پڕ بەدڵ پاڕاوەتەوە و بەهادارترین شتی ژیانی بە قوربانی پێشکەش بەهێزە سەرووسروشتییەکان کردووە.

### کولتووری بابل و دۆڵی میسۆپۆتامیا

لەو دەقەرەدا ئەفسانە و داستانی فرەرەنگ و جۆراوجۆر سەرنج رادەکێشن. گرنگترینیان پاڵەوانانەیەکە کە لە دووبەش پێکهاتووە.

١- پاڵەوانانەکەی گلگامێش..

٢- ئەو جیهاندیدە ئەفساناوییەی دەربارەی کۆمەڵگە و سروشت و مردن و ژیان و نەمری و ژیانی دوای مردن رەنگی رشتووە.

لەو پاڵەوانانامە- داستانەدا کە بە چەند زمانی زیندووی جیهان بڵاوکراوەتەوە، بەشێوەیەکی ساکار کە لەگەڵ هەلومەرجی سەردەمی خۆی گونجاو و تەبابووە، دوو رەنگییەکی بۆچوون و هەڵوێست تۆمار کراوە. ئەو دوو رەنگییە دواتر بە تایبەتی دوو رەنگی (دوالیزم) مرۆڤ کە لە فەلسەفە و لاهووتی یۆنان و سەدەکانی ناوەراستدا رەنگی داوەتەوە، جێگیر بووە:

دوو رەنگی لەش و گیان (دەروون)، ژین و مردن، دنیا و قیامەت، سروشت و ژیر، روخسار و ناوەرۆک... دوو رەنگییەکە ئەو بۆچوونەی پشت راست کردۆتەوە کە سروشتی مرۆڤ خۆی هەر لە سەرەتای ژیانەوە جۆرە جیاوازی و لەیەکچوونێک، پێکەوە نەهاتنەوە و بەیەکەوە هەڵکردنی کردووە بە بنەمایەکی سروشتی و بەهزر و کردەوە بەرجەستەی کردووە. لەو چاکسازییانەی زەردەشت پێشنیاری کردوون و لەدواییدا ناوی ئایینییان پێ براوە، ئەو دوو رەنگییە بە تەواوەتی رەنگی داوەتەوە:

– هەردوو هێزە سروشتییەکە، چاکەکاری و بەدکاری، ئاهورامەزدا و ئەهریمەن.

– ژین و مردن.

### دۆڵی نیل

مەبەست لێرەدا کتێبی مردووانە لەگەڵ ئەو شوێنەوارە هزری و کەرەسەییەی لەسەردەمی فرعەونییەکانەوە ماوەتەوە. ئەو کتێبە تۆمارێکی شاکارە جیهاندیدی لە کولتوور و رەنگ داوەکەی سەردەمی خۆی بەجوانترین شێوە بەرجەستە کردووە.

### وڵاتانی سێ ئایینە ناوچەییەکان

١- وڵاتی فارس: زەردەشتی.

٢- هیندستان: بووداو هیندۆسی

٣- چین: کونفوشیوس

ئەگەرچی هەلومەرجی دەرکەوتنی کولتوورەکە لەو سێ وڵات و دەڤەرەدا جۆرە لە یەکچوونێک نیشان بدەن، ناوەرۆک و ئامراز و ئامانج و دوامەبەستیان تارادەیەک لەیەکتری جیاوازن و تایبەتمەندییەکی سەرنجراکێش بەدەردەخەن. ئەو بابەتانەی تۆمارکراون و خراونەتە بەر تیشکی باسکردن لەوە دەچێ هەر میللەتە چووبێتە ژێر باری بابەتێک و گرتبێتە ئەستۆ و ئەوی تر بە میللەتێکی تر سپێردرابێ! بۆ نموونە:

١- کۆنفشیوس چ وەک چاکسازی و ریفۆرم و چ وەک ئایینی لۆکاڵی (ناوچەیی) بنەما و بابەتی ئاکار و

ڕێوشوێنی کرداری ڕۆژانەی هەڵبژاردووە.

٢- زەردەشتی: کردار و گوفتار و هزری توندوتۆڵ بەیەکەوە گرێداوە و ئەنجامێکی ناڵۆژیکی لێ خستووتەوە: پاساودانی بێ دادی و هەژاری و بەدبەختی (ئەهریمەن!).

٣- هیندستان: پشت کردنە خێر و بێر و خۆشی دنیا و کۆشش کردن لە جیاتی گۆڕینی ڕەوشی بێ دادی مرۆڤ خۆی ڕابهێنێ و دەسەڵاتی بەسەر ئارەزوو و ناخی دەروونی خۆیدا بشکێ!!

ئەو پرسیارەی لێرەدا بەبیردا دێ و وا بە ئاسانی وەڵام نادرێتەوە: ئایا ئەو ڕەوشە جیایە کە تایبەتمەندی هەر دەڤەر و نەتەوەیەک بە دەردەخات کە لە سروشتی تایبەتی و کەسایەتی جیا و سەربەخۆی هەر نەتەوەیەک دەکەوێتەوە، یان هەلومەرجە جۆر بە جۆرەکانی دەوروبەر و سروشت و کۆمەڵایەتی و پێوەندییە ئابوورییەکان لێرەدا دەستبەکارن، یان هەردووک لا پێکەوە و وەک تەواوکاری یەکتری ئەو ڕەوشەیان ڕەخساندووە؟!

### بابل: میسۆپۆتامیا
### (دۆڵی دیجلە و فورات)

دەڤەری بابل کاتی خۆی ناوچەیەک بووە لەو ناوچانەی کولتوورێکی بەپێزی فرە ڕەنگ تێیدا پێگەیشتووە و سەری هەڵداوە. ئەوی لێرەدا پێوەندی بە بابەتەکەی ئێمەوە هەیە چەند ئەفسانە و داستان و پاڵەوانانامەیەکە چەندین خاڵی گرنگیان وروژاندووە و دەکرێن بخرێنە خانەی ئەو کولتوورەوە کە بە قۆناغی پێش فەلسەفە ناودەبرێن و دەکرێ وادابنرێن کە ڕێگا خۆشکەری هزری ڕێکوپێک بن. بابەتێک لەو بابەتانە ئەو داستانە پاڵەوانانامەیەیە کە لە ئەدەبیاتی میسۆپۆتامیادا بە داستانی فرە ڕەنگ و بەپێزی گلگامێش ناوبراوە و ناسراوە:

١- ئەو داستانە لە سەرەتاوە کار و چالاکی و ڕەچەڵەک و شەجەرەی گلگامێشی دامەزرێنەری شاری ئوروک دەگێڕێتەوە. باسی ڕاووشکارییەکانی و هەستانی لافاو و قاتوقڕی و گرانی و نەخۆشی و پێوەندی نێوان ئەو و ئەنکیدۆ دەکات.

خاڵێکی گرینگ کە ئەو ئەفسانەیە پێی لەسەر داگرتووە و بە بایەخ پێدانەوە لەسەری دەڕوات، ئەو گیایەی ژێر دەریایە کە ژیانی نەمری دابین دەکات و گلگامێش سەرگەرمی بەدەست هێنانی بووە. ئەو ئەفسانەیە قۆناغ و سەردەمێکی دیاریکراوی دۆڵی دیجلە و فوراتی بەجۆرێک تۆمار کردووە هەتا هەتایە لە بیرو مێشک و یادگاردا بمێنێتەوە. داستانەکە بەو جۆرە پاڵەوانێتی گلگامێشی تۆمار کردووە:

- گلگامێش شایەکی لاو بووە کاروباری باژێری (ئوروک)ی لە وڵاتی سۆمەر بەڕێوە بردووە. گوایە زۆردار بووە و ئازاری دانیشتوانی داوە. خەڵکەکە لە خواوەند پاڕانەتەوە، بەڵکو ڕکەبەرێک بۆ ئەو شایە لاوە زۆردارە پەیدا بکات بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکتری و بەیەکترییەوە خەریک بن و گەل و خەڵکی لەبیر بچێتەوە و میللەت پشوویەک بدات. وادیارە خواوەند لە ئاسمان پاڕانەوەکەیانی بیستووە و داواکارییەکەیان گیرا بووە! ئەنکیدۆ ناوێک بەدەرکەوتووە. هەردووکیان گلگامێش و ئەنکیدۆ دەبن بە ڕکەبەر و ناحەزی یەکتری. دوای کێشە و بەرەو ناخۆشییەکی زۆر و زەبەندە هەردووکیان لۆز و بێزار دەبن و بڕیار دەدەن ببن بە دۆست و ئاشنا و هاوڕێی یەکتری! بەیەکەوە دەچن بۆ ڕاووشکار، سەفەر و گەشت دەکەن. بەپێی داستانەکە خواوەند غەزەب لە گلگامێش دەگرێ و لە ئەنیکدۆش نیگەران دەبێ، چونکە هاوکاری گلگامێش دەکات. خواوەند ئەنکیدۆ دەمرێنێ. مردنی ئەنکیدۆ ئەو ڕووداوەیە کە گۆڕانی گەورەی بەسەر ژیانی گلگامێشدا هێناوە و سەرتاپاگیر بیر و هزر و ڕەفتار و کرداری گۆڕیوە.

ڕووداوی مردنەکەی ئەنکیدۆ چەند پرسیارێکی لەناخ و دڵی گلگامێشدا وروژاندووە. ئەگەر هاتنە دنیا هەبێ و کۆتاییەکەی بە مردن و لەناوچوون بێ، دەبێ لە توانایی مرۆڤدا نەبێ کارێک بکات، هەر نەبێ ئەو مردنە بەلایەکدا بخات و جۆرە نەمرییەک بەدەست بهێنێ؟! گلگامێش گوێ بیست بووە گوایە مرۆڤێک بەناوی «ئۆتناپشتیم» بە نەمری شاد بووە! گوایە ناوونیشانەکەی بەدەست هێناوە، ملی ڕێگای گرتۆتەبەر بۆ ئەوەی لێی بپیستێ چی بکات تا ئەویش بەو ژیانی نەمری و تەمەن درێژییە شادببێ!؟.

دوای گەشتێکی سەخت و دوورودرێژ و چەند شەو و چەند ڕۆژە تێیدا تووشی شەڕ و کوشتاری خوێناوی بووە، پاشان گەیشتۆتە جێگای مەبەست. لەسەرەتاوە ئوتناپشتیم پەلپی پێدەگرێ و مەرجی گران و سەختی بۆ دادەنێ، گلگامێشی تایبن ناتوانێ ئەو مەرجانە جێبەجێ

بکات و سەرناکەوێ، بە دڵشکاوی دەیەوێ بگەڕێتەوە. گوایە ژنی ئوتناپشتیم دەکەوێتە نێوانەوە و تکا لە مێردەکەی دەکات و مێردەکەی دڵی نەرم دەبێ و پێی دەڵێ:

گلگامێش ئەو کارە وا سووک و ئاسان نییە، ئەوپەڕی سەخت و گرانە. گیایەک لەنێو دەریادا هەیە، ئەگەر بتوانی و بۆت بکرێ بەدەستی بهێنی و بیخۆیت دوای پیر بوون جارێکی دیکە دەبیتەوە بەلاوی جاران، ژیانی نوێ و تەمەنت سەرلەنوێ بۆ دەنووسرێتەوە و هەر بە نەمری دەمێنیتەوە.

دوای هەوڵ و کۆششێکی فەرهادانە گلگامێش گیایەکەی دەستگیر دەبێ. لە ڕێگای گەڕانەوەیدا لەسەر کانییە ئاوێکی سازگار پشوویەک دەدات، لەناکاو مارێک دەرفەتی لێ دەهێنێ و گیایەکەی دەخوات(٤). کێ کردی و کێ خواردی!؟. ئەگەر لەناوەڕۆکی ئەو داستانە وردبینەوە و بمانەوێ گرێ کوێرەکانی بکەینەوە و ئەو سیمبۆلانەی بەکاری هێناون لێک بدەینەوە، بە تایبەتی دوای ئەو ڕۆڵەی بە مار بە خشراوە و سەرچاوەی ژیانی نەمری مرۆڤ کوێر دەکاتەوە و لە غەبیەوە بەگلگامێش دەگوترێ:

دڵتەنگ و غەمبار مەبە! نەمری تەنیا هەر تەمەن درێژیی نییە. ئەگەر مرۆڤ کاری چاکە، یان بەدکاری لەپاش بەجێما، ئەوە دوای مردنەکەی ئەو کارانەی دەستەبەری جۆرە نەمرییەکی دەبن و لەبیر و یاددا دەمێنێتەوە!. جگە لەو لایەن و خاڵانە، چەند ڕاستییەک لەو داستانەدا سەرنج ڕادەکێشن:

- گلگامێش پاشایەکی زۆردار بووە، بەپێی ئەو سەردەمە خەڵک نەک بە کردار، بەڵکو بە پاڕانەوە و نوێژ و دوعا پەنایان بردۆتە بەر هێزێکی سەرووسروشتی (ئاسمانی) کە ئەوکاتە بە «خواوەند» ناوبراوە بۆ ئەوەی دەرگایەکی بە ڕەحمەتیان لێ بکاتەوە و ڕێگا چارەیەکیان نیشان بدات.

- گۆڕینی هەلومەرجی نالەبار و بێ دادی، نەبیری لێکراوەتەوە و نەویستراوە مرۆڤ بچێتە ژێر باریەوە!

- ناردنی ئەنکیدۆ کە لێرەدا سیمبۆلی ڕکەبەری پاشا زۆردارەکە بووە و بەواتای نوێ «ئۆپۆزیسیۆن»ی بەرجەستە کردووە، ئەوە دەردەخات هێز و جەور و زۆرداری و بەدکاری هەر بەهێزێکی (هاوکێشە و بەرانبەر و هاوسەنگ)ی خۆی بەلایەکدا دەخرێ. ئەو کاتەش لە بابل هەست بە گرنگی بوونی ڕکەبەر و ئۆپۆزیسیۆن کراوە کە لەم سەردەماندا بنەمایەکی دیموکراتییەتی نوێیە.

- زۆردار کە بۆی دەرکەوت هەلومەرجەکە بەجۆرێکی دیکەیە، ئەویش لەلای خۆیەوە ڕەوش و بارەکە دەگۆڕێ. گلگامێش لەگەڵ ئەنکیدۆی ڕکەبەریدا بووە بەدۆست و ئاشنا!!

- دژ بە دژی وەک خۆی دەبەزێنرێت.

- مردنی ئەنکیدۆی ڕکەبەری دوێنێ و دۆستی ئەمڕۆ، گلگامێشی پاشای زیز و دڵتەنگ کردووە، گۆڕانی سەرتاپاگیری بەسەر جۆری ژیان و کردار و بیرکردنەوەیدا هێناوە. ئەو ڕووداوە چی دەگەیەنێ؟!

مردنی ئەنکیدۆ دەکرێ بە دیاردەیەک دابنرێ و بەهۆکارێکی تاکی دەرەکی کە گۆڕانە سەرتاپاگیرەکەی بەرپاکردووە سەرنج بدرێت. گۆڕانەکە لەناوەوە نەبووە و هۆکاری دەرەکی وروژاندوویەتی!.

- هەوڵ و کۆششی ژیانی نەمری کراوە، کەچی هیچ شتێک بۆ «لابردنی زۆرداری و بێ دادی» بەشێوازێکی کارا لە ئەفسانەکەدا بەرچاو ناکەوێ، ئەوە چۆن لێک دەدرێتەوە؟! بە باوەڕی من ئەو دیاردەیە دەری دەخات سەردەمی دەسەڵاتی گلگامێش قۆناغی جۆرێک لە بەند و کۆیلایەتی بووە، ئەو شێوازەی ژیانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییە، دەرفەت نادات ڕەوشەکە بگۆڕدرێ، بۆیە بیرکردنەوە لە بارەی نەمرییەوە باڵی بەسەر لایەنەکانی تردا کێشاوە.

- ئەگەرچی گلگامێش هەوڵی داوە و کۆشاوە مردن بە نەمری ببەزێنێ و پاکتاوی بکات و بەلایەکی دابخات، بەڵام پراکتیک، ئەزموونی زیندووی کاری ژیانی ڕۆژانە پێچەوانەی بۆچوونەکەی ئەو پاشا زۆردارەی ساغ و پشت ڕاست کردۆتەوە. چاکەکاری- بەدکاری کە لە دوای مردن لەپاش مرۆڤ بەجێ دەمێنن، دەستەبەری جۆرە نەمرییەک دەبن، بەڵام نەمری نالەشی- نا ماددییە لە یاد و یادگار و لەبیرنەچوونەوەدا خۆی بەرجەستە کردووە.

٢- چەند لایەنێکی دیکە لە کولتووری ئەوسای بابلدا دەبینرێ لە هەموویان سەرنج ڕاکێشتر، داستانی لافاو (تۆفانە)کە تۆفانی نوحی چیای جوودی نێو تەوراتی موسایی- جوولەکە دەهێنێتەوە یاد، بەڵام ئەو ڕووداوە پێوەندی بە بابەتی ئێمەوە نییە، بۆیە پشتگوێی دەخەین.

- ڕەوشی ئایینی خواوەندەکان و ژیانی دوای مردن بایەخی خۆیان پێدراوە. جگە لە داستان و ئەفسانەکانی

باسی ئەو لایەنانەیان کردووە، شوێنەوارناسان دوای ئەوەی گۆڕی شاو نیمچە خواوەندەکانیان هەڵداوەتەوە و ئەو کەلوپەل و ئامێر و شمەکەی تێیاندا دۆزراونەتەوە، وایان کردووە ئەو مەزندە و گریمانانە بکرێن:

– لە گۆڕەکاندا لە تەنیشت ئێسقان و تابووتی مردووەکە خۆراک و پاشماوەی پێداویستی کار و ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ دۆزراونەتەوە. ئەو کەلوپەل و شمەکە نیشانی دەدەن، مرۆڤی ئەو سەردەمە لەو باوەڕەدا بووە، دوای مردن زیندووبوونەوە هەیە، مرۆڤ دوای مردنەکەی زیندو دەبێتەوە و پێویستی بەخۆراک و پۆشاک و کەلوپەل دەبێ. ئەو زیندووبوونەوەیە ژیانێکی بێ کۆتایی و نەمری بەدواوەیە.

– دوای مردن گیان لە لەش جیا دەبێتەوە و بەجێی دەهێڵێ. گیان بەپێی ئەو کارانەی لەژیاندا کردوونی چ چاکە، چ بەدکاری جێگاو مەڵبەندی شیاوی خۆی پێ دەبڕێ.

– کاتێک خواوەندەکان مرۆڤیان دروست کردووە، مردنیان لە چارەی نووسیوە، بەڵام نەمری و ژیانی هەتا هەتایی و بێ کۆتایی تەنیا هەر بەشی خواوەندەکانە(٥)

– هەرچۆنێک کولتووری بابل لێک بدرێتەوە، ناکرێ بە چاوی ئەمڕۆ تەماشای بکرێت و بە پێودانگی نوێ هەڵبسەنگێنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کولتووره نەیتوانیوە، یان نەیویستووە وەڵامی پرسیاری گرنگ بداتەوە:

ئەگەر هاتنە دنیا، لەدایک بوو، سەرەتای ژیان وا خۆش بێ و خەم و دڵتەنگی برەوێننەوە، دەبێ مرۆڤ گوناهی چی بێت و چ بەدکارییەکی کردبێ ئەو چارەنووسە دڵتەزێنەی لەناوچاوان نووسرابێ: مردن!؟ بۆ دەبێ مردن کۆتایی بە ژیان بهێنێ؟

– خاڵێکی تر هەیە ناکرێ پشتگوێ بخرێت: ڕۆڵی ژنەکەی ئوتناپشتیم و مارەکە، بە تایبەتی لە پرۆسەی بەدەستهێنانی کەرەسەی ژیانی نەمری و بێ بەش کردنی مرۆڤ لەلایەن مارەکەوە لەو ژیانە. ئەو لایەنە هەویرەکەی ئاوێکی زۆر دەکێشێ، بەڵام لێرەدا پرسیارێک بەبیردادێ، دەبێ تا چەند لەیەک چوون لەنێوان ئەو ژنە و حەوای بەهەشتی عەدەن و مارەکەدا هەبێ کە حەواو ئادەمی تەفرەداوە لەبەری درەختی زانین بخۆن؟! ئەگەرچی بەسەرهاتی ئادەم و حەوا بنەمایەکی لاهووتی ئایینی هەیە و لەکتێبی تەوراتی جوولەکەدا– سفری پەیدابوون: ٢: ١٧، ٣: ٢٢– چاپی ئەڵەمانی، بەتێروتەسەلی شرۆڤە کراوە، بەڵام لەیەکچوونێکی سەرنجڕاکێش بەرچاو دەکەوێ. بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان تایەفەی موسایی (جوولەکەکان بە ئاخوند و پیاوە ئایینییەکانیانەوە: مالوم و ڕابین..) ماوەیەکی دوورودرێژ لە بابل بەند و دیل بوون تاوەکو کۆرشی فارس ڕزگاری کردوون. تەوراتیش خۆی لە (سفری ئیستیردا– Ester– چاپی ئەڵەمانی) بە وردی باسی ئەو بەسەرهاتەی کردووە.

### دۆڵی نیل:
### کولتووری سەردەمی فیرعەونەکان

١– ئەو داستان و ئەفسانە و بەجێماوانەی بەشێکی گرنگی کولتووری دۆڵی نیلی سەردەمی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی فیرعەونەکان پێکدەهێنن، بە تەواوەتی لە هی دەڤەرەکانی دیکە جیاوازن و بایەخیان بەلایەنی تری ژیان داوە. ئەو لایەنانە بەگشتی، ئەوەندەی پێوەندی بەم بابەتەوە هەیە، دەکرێ بەو جۆرە پوخت بکرێنەوە، هەروەک چۆن کولتوورەکە خۆی لە دوو لایەن، داستان و کەرەسە (هەڕەمەکان) پێکهاتووە:

**یەکەم**: داستانی بنەما و بنجو بناوان و داهێنان.

لەو داستانانەدا باسی ئەوە کراوە بوونەوەر لەچییەوە و لەکوێوە هاتووە و چۆن پەیدابووە؟ جۆرەکانی بوونەوەر هەر لە ڕووەکەوە تاوەکو مرۆڤ و خواوەندەکان– لە گەردووندا– پۆلێن کراون.

**دووەم**: داستانەکانی دیسپلین و نەزم و ڕێکوپێکی.

دیسپلین و نەزم و ڕێکوپێکی بوون و گەردوون هەمیشە پرسیارێک بووە لە چوارچێوەی کێشەدا گەڵاڵە بووە. ئەو ڕێکوپێکییە لەچییەوە و لەکوێوە هاتووە، هۆکارێکی دیاری کراوی هەیە، یان نا؟! بۆ شەو و ڕۆژ، پاییز و زستان و بەهار و هاوین بەڕێکوپێکی بەدوای یەکتریدا دێن؟ باران بۆ دەبارێ و زەراعەت پێدەگات؟! هەر لەو داستان و ئەفسانانەدا وەڵامی ئەو پرسیارانە دراونەتەوە: چۆن و بۆچی فلانە خواوەند ئەو پلە و پایەیەی دەستگیر بووە؟ چۆن زەراعەت پەیدابووە؟ لە وەڵامدا هەوڵ دراوە بسەلمێنرێ، هەرچی هەیە و نییە، بوون و گەردوون و هەمووی بە بڕیار و خواست و فەرمانی خواوەند بووە؟. ئەو جۆرە کولتوورە بەناوەرۆک و ڕوخسارەوە، بەشێوازی شرۆڤەکردن و لێکدانەوە و ئەو

وەڵامانەی گەڵاڵەکراون ناچنە خانەی فەلسەفەوە.

**سێیەم**: داستانەکانی هەڵسەنگاندن.

ئەو جۆرە داستانانە لەگەڵ جۆری دووەمدا جۆرە پێوەندییەکیان هەیە، بەڵام پتر بەلای هەڵسەنگاندندا چوون. لێرەدا پرسیار کراوە بە چ هەقێک و بەپێی کام پێوەر و چۆن ئەم، یان ئەو پلەو پایە و مەڵبەندە لە دامەزراوی دەوڵەتی جیهاندا بەدەست هاتووە و دەستگیر بووە. (٦) کامیان لەوی تریان پەسندترن جووتیار، یان شوان؟ لەگەنم و لە خوری کامیان بەنرخترو بایەخدارترە؟! دوای جۆرە شرۆڤەکردنێک کە لە چوارچێوەی داستانەکەدا ناچێتە دەرەوە، دووبارە هەمان بڕیار دەدرێت:

نرخ و بایەخی سیستم و نەزمی لە ئارادابوو تەنیا هەر بە سایە و بڕیاری خواوەندەوەیە!

٢- لایەنی دووەمی کولتووری دۆڵی نیل لەچەند بەشێک پێکهاتووە کە بە تێکڕایی سەرجەمی جیهاندیدێکی تایبەتییان ڕەنگ ڕشتووە:

- هەرەمە بڵندە لووت لە ئاسمان هەڵچووەکان.
- گۆڕستان و وێنە و تابلۆی سەر دیوارەکان و مۆمیاکردنی لەشی مردووان.
- کتێبی مردووان.

لە دۆڵی نیلدا، بەتایبەتی ئەو کولتوورە هزری و ماددییەی دایهێناوە بە شێوازی جیاوازترە لە بابل و دەڤەرەکانی دیکە. لەو کولتوورەدا جۆرە بڕوا و ئیمانێک دەربارەی کاروباری ژیان و مردن و خواوەند و کۆمەڵگە و سروشت و دەوروبەر و مرۆڤ لەنێو دەفر و لە چوارچێوەی ئەفسانە و داستاندا دارێژراون، بەڵام لەو بڕواو ئیمانەدا- کوێرانە- پەنا براوەتە بەر هەست و سۆز و ئەندێشە و ناخی دەروون، لە بەرانبەردا شێوازێکی ئەوتۆی هزر و بیرکردنەوەی ڕێکوپێک بە واتا فەلسەفەییەکە تێیاندا هەست پێ ناکرێ.

بۆیە دەکرێ بڵێین بابەتەکە بەگشتی بە «هەرەمە» زەبەللاحەکانیشەوە لەچوارچێوەی هزری ئایینی ناچنە دەرەوە و سنووری ئەو بڕوا و ئیمانە لاهوتییە نابەزێنن. ئایینەکە لەلایەن فیرعەونییە کار بە دەستەکانەوە ئەوپەڕی سوودی لێ وەرگیراوە و کراوە بەمایەی بەدبەختی دانیشتوان. تەنانەت شایەکانی دۆڵی نیل لافی ئەوەیان لێ داوە کە خۆیان خاوەندن! پێویستیش بووە میللەت وەک بەندە و کۆیلە ملکەچی سەرۆکی دەسەڵات بێ، ئەو دەسەڵاتەی کە هەردوو سروشتی دنیایی و ئایینی پێکەوە کۆکردۆتەوە و ئاوێتەی یەکتری کردوون. ئەو دیاردەیە دەکرێ بەهۆکارێکی کارا ئەو شێوازە توندو تاکڕەوییەی ژیانی سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبردنی دۆڵی نیل دابنرێت.

هەر لەم سۆنگەیەوە کۆشش کراوە هەموو دیاردەکان بەفرە ڕەنگییانەوە، بە لەبار و نالەبارەوە، بە سروشتی و کۆمەڵایەتییەوە هەر لە چوارچێوەی ڕێساکانی ئەو ئایینە سەرتاپاگیرە بە زەبری کوتەک سەپێنراوەوە لێک بدرێنەوە و پاساو بدرێن. کلۆڵی و ناهەمواری و پەتا و گرانی و هەژاری و هەستانی لافاوی ئاوی نیل کە زۆر ناوچەی داپۆشیبێ و زیانی بەخشیبێ، بەوە لێکدراوەتەوە کە خەڵکەکە دەستبەرداری بنەماکانی ئیمان و ئایین بوون و لەبەرانبەر بەخشندەیی و بەهرەی خواوەندا بێ نمەک و پێ نەزانن!.

٢- بایەخدان بە ژیانی دوای مردن ئەنجامێک بووە لەو ئایینە سەرتاپاگیرەوە کەوتۆتەوە. هەرەمەکان ئەگەرچی «ڕێگای چوونە ئاسمان و ژیانی نەمرییان» بەرجەستە کردووە، لەنێویاندا- پشکنەرە شوێنەوارناسە ئەورووپاییەکان دەریان خستووە- گۆڕی تایبەتی دۆزراونەتەوە لەشی فرعەونە مردووەکان بەمۆمیا کراوی شاردراونەتەوە و پێداویستی ژیانی ڕۆژانە و شمەک و کەلوپەلی ناوماڵ و وێنە و تێکستە سیمبۆلییەکان لەگەڵیاندا لەگۆڕەکەدا هەڵگیراون و لەوە دەچێ کرابن بە دیاری و پێشکەش بە مردووەکە کرابن، دوای زیندووبوونەوەی بەکاریان بهێنێ و سوودیان لێ وەربگرێ. واپێدەچێ مردن بەلای دانیشتوانی نیلەوە گەشتێک بەرەو دنیا و جیهانێکی تر بووبێ! ئەمەش دەری دەخات کە ئەوکاتە بڕوا بە ژیانی دوای مردن لە دنیا و جیهانێکی دیکەدا هەبووە. (٧) بگرە بەلای مرۆڤی ئەوسای دۆڵی نیلەوە مردن بەهیچ جۆر و شێوازێک بە کۆتایی یەکجارەکی ژیان دانەنراوە، بەڵکو جۆرە گواستنەوەیەک بووە بەرەو ڕەوش و ژیانێکی دیکە!. لە تێکستە ئاینییەکاندا ئەو بۆچوونەش بەرچاو دەکەوێ کە نەمری تەنیا هەر بەشی خواوەندەکان بووە، لەو دنیای تردا دوای مردن باسی ئەوە نەکراوە کە دۆزەخ و ئاگر و سزادان و لێپرسینەوە هەبێ.

ئەگەر دیاردەی مردن بەکۆتاییەکی ترسناک و جەرگ بڕ و دڵتەزێنی ژیان هاتبێتە بەرچاوی مرۆڤی دۆڵی نیل،

ئەوە ژیانیش لەخۆیدا بەلایەوە لەگرێ کوێرە چووە، بۆیە نائاسایی نەبووە کە پرسیبێتی:

بۆچی من هاتوومەتە دنیاوە؟ مەبەست و ئامانجی ژیان دەبێ چی بێت(٨)؟!

بەپێی نووسراوی ئەو سواڵەتانەی لە هەندێ شوێن و گۆڕی سەردەمی فیرعەونییەکان دۆزراونەتەوە و لەلایەن شوێنەوارناسە ئەوروپاییەکانەوە لێک دراونەتەوە و وەرگێڕدراونەتە سەر زمانە زیندووەکانی ئەوروپا، دەرکەوتووە ژیان پڕ بووە لە دەردەسەری و هەژاری و نیگەرانی تا ئەو ڕادەیەی خەڵک هاتوونەتە سەر ئەو بڕوایەی کە تاکە ڕێگای ڕزگار بوون لە ناخۆشییەکانی ژیان تەنیا هەر مردنە و لە مردن بەولاوە چارەسەرێکی تر شک نابرێ و لە ئارادا نییە. ئەوی لێرەدا دەپرسرێ: دەبێ کۆششەکەی موسای عیبرانی بۆ ڕزگارکردنی عیبرانییەکان لە میسری ئەوسا تا چ ڕادەیەک لەو ڕەوشەوە کەوتبێتەوە؟ ئەگەر نا بۆچی ئەو کۆششە تەنیا هەر ئەو تایەفەیەی گرتۆتەوە و زۆرینەی خەڵکەکە بەردەوام بەدەست هەمان ڕەوشەوە ناڵاندوویانە؟!

## هەر سێک دەڤەری
## فارس و هیند و چین

لەو سێ دەڤەرە و لە سێبەری هەر سێک ئایینەکەدا «زەردەشتی، بودیزم، کۆنفشیوس» سێ کولتووری بەپێز پەرەیان سەندووە، بەڵام کولتوورەکان لەچوارچێوەی ئایینە دەستبەکارەکە نە چوونەتە دەرەوە. هەر کولتوورە بەپێی سروشتی بنەماکانی ئایینەکە، تایبەتمەندی خۆی پشت ڕاست کردۆتەوە، بەوەی کە چۆن ژێر باری ئەرکێکی دیاریکراوەوە و هەوڵی داوە جۆرە پرسیارێک جیاواز بێ لە وەڵامی پرسیاری ئایین و کولتوورەکانی تر وەڵام بداتەوە. ئەو بابەت و کولتوورەی ئەو سێ دەڤەرە بەو تایبەتمەندییەی هەر یەکەیان، ئەگەر لە سۆنگەیەکی شیکارییەوە سەرنج بدرێت، دەکرێ بە قەباڵەیەک دابنرێ و دوو خاڵی سەرەکی پشت ڕاست دەکاتەوە:

**یەکەم**: ئەو قۆناغە و سروشتی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگا پێیدا تێپەڕیوە و ئەو کێشانەی لە ئارادابوون دیار و دەستنیشان دەکات و تیشک دەخاتە سەر ئەو چارەسەرەی ئەو سەردەمە بۆ کێشەکان گەڵاڵە کراون.

**دووەم**: پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی و کارەکتەر، کەسایەتی و سروشتی تایبەتی ئەو میللەتانە بەرجەستە دەکات.

شتێکی سەیر نییە ئەگەر مرۆڤ بڵێ سروشتی میللەتانی ڕۆژهەڵات خۆی ئەو جۆرە دیسپلین و نەزم و سیستمانەی پەسند کردووە. بۆ نموونە لە هەموو ئەوروپادا ئایینێکی سەرتاپاگیر نەبووە، بەڵام میللەتانی ئەوروپا خۆیان هاتوون بۆ ڕۆژهەڵات و لە شاری ئۆرشەلیمی مەڵبەندی موسایی و عیسایییەوە ئایینی مەسیحیان بردووە بۆ ئەوروپا و وردە وردە بووە بە ئایینی سەرەکی ئەو میللەتانە و ئەو چوارچێوەیەی داڕشتووە کە وەک دەفر تێیاندا دابونەریت و پێوەندی کولتووری دواتری میللەتانی ئەوسا و ئێستای ئەوروپای ڕەخساندووە. کێشەی ڕۆژهەڵاتی ئەوسا ئەوە بووە لە ئایینە ناوچەییەکان بەولاوە ڕێگا چارەسەرێکی دیکەی شک نەبردووە و بۆی نەدۆزراوەتەوە، بۆیە پەرەسەندنەکەشی هەر لە چوارچێوەی ئایینەکەدا مەییوە و گیری خواردووە.

**سەرچاوە و پەراوێز:**

**1- Aristo teles.: Metaphysik. Akademie-Verlag Berlin 1990. Buch. A. Kap. 3. 20-25.**

**٢- د. صلاح مصطفى الفوال: سوسيولوجيا الحضارات القديمة القاهرة- ١٩٨٢، ص١٤٢ فما بعد.**

**٣- هنري فرانكفورت و آخرون: ماقبل الفلسفة. مكتبة الحياة- بغداد بالاشتراك مع مؤسسة فرانكلين ١٩٦٠ ص١٥ وفي اماكن آخرى.**

**٤- داستانی گلگامێش چەند جارێک کراوە بە عەرەبی و بلاوکراوەتەوە، بە تایبەتی طە باقر شوێنەوارناسی عیراقی لەو کایەیەدا کۆششێکی فەرهادانەی کردووە. بڕوانە:**

**- طه باقر: ملحمة گلگامش. ط٥- بغداد ١٩٨٦. ص٢٤.**

**- د. محمد خليفة حسن: الاسطورة والتأريخ في التراث الشرقي القديم. بغداد ١٩٨٨ في اماكن مختلفة.**

**- فراس السواح: مدخل الى نصوص الشرق القديم. دمشق ٢٠٠٦ ص٢٨٦.**

**- فراس السواح: جلجامش. دمشق ٢٠٠٢. ص٣٥.**

**٥- موريس كروزيه وآخرون: تأريخ الحضارات العام. المجلد الاول. الشرق واليونان القديم. بيروت ٢٠٠٦ ص١٦٣.**

**٦- هنرى فرانكفورت: المصدر السابق، ص١٧٧.**

**٧- موريس كروزيه: المصدر نفسه، ص٩٩.**

**٨- موريس كروزيه: المصدر السابق، ص١١١.**

# زەردەشت و ئایینی زەردەشتی

د. سەلاح بابان
(بەریتانیا)

زەردەشت، دانەری ئایینی ئارییەکانە، ئەو ئایینەی کە ئێستا پێی دەڵێن «زەردەشتی». کەس، نە ناوە ڕاستییەکەی، نە جێگا و کاتی لە دایک بوونی بە تەواوی دەزانێت، بەڵام مێژوونووسەکان زۆریان لەو باوەڕەدان کە زەردەشت(*).

١- بەمنداڵی ناوی (سپیتاما) بووە. لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا کە سرووشی(١) بۆ هاتووە و بووە بە پەیامبەر، ناویان لێناوە زارازوسترا (Zarathustra)، بەلای زۆرکەسەوە ئەم وشەیە لە دوو بەش پێکهاتووە؛ زاراز (زێڕین) و سترا (ئەستێرە، یان ڕووناکی). ئەگەر وا بێت، زارازوسترا، واتە «ئەستێرەی زێڕین»، یان «ڕووناکی زێڕین»ە. لە دواییدا ئەو ناوە نەختە نەختە گۆڕاوە و بووە بە زەردەشت و بە «گریکی»ش بووە بە زۆراوستەر (Zoroaster).

٢- لەنێوان ساڵی ١٢٠٠ و ٥٥٠ پ.ز، لە گوندێکدا، لەسەر ڕووباری ئاراز، لە وڵاتی میدیا، لە دایک بووە. دایکی میدی بووە و باوکی فارسی. هەندێک پشکنەر دەڵێن ئەو گوندە لە کوردستانی ئێستەی ئێراندا بووە و هەندێکیش دەڵێن لە ئازربیجاندا بووە.

٣- زەردەشت، بە گەنجی گەشتی بۆ وڵاتی «بەکتریا» کردووە، کە ناوچەیەکە لە باکووری ئێستەی ئەفغانستان. لەوێوە ئایینی زەردەشتی بلاوکردۆتەوە تا هەموو ئیپراتۆریەتی میدیا و لە دواییدا فارسی گرتۆتەوە.(٢)

٤- کە ئەسکەندەری مەکدۆنی، ساڵی ٣٣٠ پ.ز وڵاتی فارسی داگیر کرد و کۆتایی بە حوکمی بنەماڵەی ئەخمیدییەکان هێنا، خەڵکی ئەو ناوچانە؛ بە تایبەتی ئێران و ئازربیجان و کوردستان و بەشێکی زۆری ئەفغانستان، زەردەشتی دەبن. هەر لەسەر ئەو ئایینەش دەمێننەوە تا لە ساڵی ٦٣٧ز، سوپای ئیسلامی، لەکاتی



**خوێندنگای ئەسینا – ڕەسم کردنی ڕەفائیل**

**زەردەشت لە دەستی ڕاستی وێنەکەدا وەستاوە: کڵاوێکی بەسەرەوەیە و گۆیەکی بە دەستەوە گرتووە و لەگەڵ «پتلیمەس»دا دەدوێت. ئەوەی نوشتاوەتەوە و پەرگالێکی بەدەستەوەیە، «ئیکلیدس»ە، سوکرات لە ناوەڕاستدا لەسەر پلیکانەکە دانیشتووە. ئیفلاتوون و ئەرستۆ، لە دوایەوە وەستاون و لەگەڵ یەکتریدا دەدوێن.**

خەلافەتی عومەردا، بە سەرۆکایەتی سەعەد کوڕی ئەبی وەقاس، ئێران داگیر دەکات و کۆتایی بە ئیمپراتۆریەتی فارسی (ساسانی) دەهێنێت. دوای ئەوە نەختە نەختە بەشی زۆری خەڵکەکە دەبن بە موسڵمان. ئێستاش نزیکەی ١٠٠ هەزار کەسێکی زەردەشتی ماون؛ بیست هەزارێکیان لە ئێران و ئەوانەی تریشیان زۆریان لە هیندستان دەژین. دوای مردنی ئەسکەندەری مەکدۆنی ساڵی ٣٢٣ پ.ز هەموو ئەو ناوچانە، دەکەونە ژێر دەست یەکێک لە ژەنەڕاڵەکانی ئەسکەندەر، بەناوی «سێلیکەس»ەوە، بۆ ئەوەی «ماجی»یە(٣) زەردەشتییەکان لە خۆی نزیک بکاتەوە، تەقویمی ئیمپراتۆریەتەکەی وا دادەنێت کە لە ساڵی لە دایکبوونی زەردەشتەوە دەست پێ بکات؛ واتە ساڵی ٦٦٠ پ.ز.

لەبەر ئەوەی هەندێک مێژوونووس ٦٦٠ پ.ز، بە ساڵی لەدایکبوونی زەردەشت دادەنێن، بەڵام بەپێی ئینسایکلۆپیدیای فەلسەفە، زەردەشت لەنێوان ساڵی ١٢٠٠ و ١٠٠٠ پ.ز لەدایک بووە.

زۆر ڕۆشنبیر و مێژوونووس و فەیلەسووف لەنووسینەکانیاندا ناوی «زەردەشت»یان بردووە. با بزانین کێ چی دەربارەی نووسیوە؛

– ئیفلاتوون (Plato) لە کتێبی ئەلسیبیادێس (Alcibiades)دا، ناوی ناوە «کوڕی ئۆرمازد» واتە کوڕی خوا.

– پۆرفیری(٤)، دەڵێت؛ پیتاگۆر (فیثاغۆرس)(٥) چووە بۆ بابل و سەردەمێک تەلەبەی زەردەشت بووە. ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، زەردەشت دەبێت لە دەوروبەری ساڵی ٦٠٠ پ.ز لەدایک بووبێت.

– نیتزشێ(٦) دەڵێت زەردەشت، پیاوێکی زۆر دانا بووە و دانایی خۆش ویستووە، لەبەر ئەوە زوو زوو سەری لە کۆمەڵگا هەڵگرتووە و چووە بۆ کێو. لەوێ لەکێودا، هەر خۆی بە تەنیا لەگەڵ دانایی خۆیدا بەساڵان ماوەتەوە و بیری لە دنیا و ئەم هەبوونە کردۆتەوە.(٧)

– پلینی(٨) دەڵێت؛ زەردەشت ئەو ڕۆژەی کە لەدایک بووە، پێکەنیوە.

– پلوتارخ(٩) دەڵێت؛ وەکو لیکەرگەس و نووما، پێوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ خوایەکاندا هەبووە.

– دیۆ خریسۆستوم»، دەڵێت؛ ئەو شیعر و سروودانەی کە زەردەشت بەسەر «ئاهورامازدا»دا هەڵیداوە، نە هۆمیرۆس نە هێسیۆد توانیویانە شیعری ئاوا جوان بەسەر «زیۆس»دا هەڵبدەن.(١٠)

## فەلسەفەی زەردەشت و ئایینی زەردەشتی (Zoroastrianism)

بۆ ئەوەی خوێنەری بەڕێز بە جۆرێکی ڕاستەوخۆ دەربارەی فەلسەفە و ئایینی زەردەشت بزانێت، بە باشم زانی چەند پارچەیەک لە سروودەکانی (یاسنا)کانی زەردەشت کە خۆی زەردەشت نووسیویێتی و لە ئاڤێستا (Avesta)دا هەیە لە ئینگلیزییەوە بکەم بە کوردی. (١١)

یاسنای سی، پارچەی سێیەم(١٢)
هەر لە سەرەتای زەمان و «بوون»دا،
دوو گیان پێکەوە هاتنە دنیا؛
وەک دوو کارکەری
دووانە، بۆ زەمان خۆیان دەنووان. (١٣)
بەڵام بە بیر و کردەوە و زمان،
تەبا نەدەبوون:
یەکیان «چاکە» بوو، ئەوەی تر «بەدی»
لەم دووانە ئەوەی دانایە، چاکە،
هەڵدەبژێرێت.
ئەوەی وا نەکات، لە ڕێگای ڕاستی
دەردەچێ و دەچێت بەرەو ئاوەکی. (١٤)
یاسنای سی، پارچەی چوارەم(١٥)
هەر لە کازیوەی دروستکردنی(١٦)
«هەبوون»دا، ئەوان، ئا ئەو «دووانە»یە، (١٧)
کە کۆبوونەوە لەگەڵ یەکتری،
یەکیان ژیانی پەروەردە دەکرد،
ئەوەکەی تریان دەوەستا دژی.
بەم جۆرە گەردوون گەیشتە ئامانجی؛
تاریکە مێشکی
ئەوەی دوای ساختە و درۆ دەکەوێت.
بەڵام بە گەشی دەدرەوشێتەوە،
ئەو مێشکەی کە ڕەوا، ڕێبەتی.

ئینجا با بزانین، لە سەرچاوە گرنگەکاندا، چی لە بارەی ئەم ئایینەوە نووسراوە؛

### (أ) ئینسایکلۆپیدیای بەریتانی

زەردەشت بڕوای بەوە هەبووە کە ئۆرمازد (خوا) لەنێوان هەموو کەسانی تردا، ئەوی هەڵبژاردووە کە دوایەمینترین بانگ و هاواری ئۆرمازد بە ئادەمیزاد بگەیەنێت؛ ڕێگای ڕەوایان پیشان بدات و تێیان بگەیەنێت کە لەم زووانەدا ژیانی دنیای سەرزەمین کۆتایی پێ دێت و ژیانی دنیای داهاتوو دەست پێ دەکات. تا بڕواشی بەوە هەبوو کە خۆی پێش ئەوەی بمرێت، کۆتایی ئەم دنیایە و کازیوەی دنیا شادمانی داهاتوو دەبینێت. زۆریشی نەماوە بۆ ئەو ڕۆژەی کە ئۆرمازد، هەموو توانایی خۆی کۆدەکاتەوە و بە تەواوی بەسەر هێزە بەدخوازەکانی ئەهریمان (شەیتان) زاڵ دەبێت و دنیایان لێ ڕزگار دەکات.

ئینجا لە دادگای «ئۆرمازد»دا، ئەوەی بە بەد دەربچێت، سزا دەدرێت. باشەکانیش بە هەمیشەیی لە دنیای شادیدا لەگەڵ پەری و فریشتەکاندا دەژین و دەمێننەوە.

کاتێ خۆی بەم ئایینەیان دەگوت مازدا یاسنا (Mazdayasna)، واتە پەرستنی مازدا،(١٨)، یان پەرستنی ئاهورامازدا (ئاهورای دانا)، ئەوەی کە دروستکەر و پێکهێنەری جیهان و سەرچاوەی هەموو شتێکی باشە لەم دنیایەدا(١٩)

پەیامەکەی زەردەشت بە جۆرێکی گشتی دەربارەی ئەخلاقە. مرۆڤ فێری ژیانێک دەکات کە لەسەر ئەم بنجانەدا هەڵچنرابێت؛

(١) دەبێت جیاوازی لەنێوان چاکە و بەدی بکەین و خۆمان لە بەدکاری دووربخەینەوە.

(٢) بە پەرستنی چەند گیانێک خزمەتی دانایی بکەین. ئەو گیانانە لەدواییدا لەشێوەی ئەم فریشتە بەخشگەرە پیرۆزە نەمرانەدا بەرجەستە کراون.

– فریشتەی هەستپێکردنی ڕەوان (ڤۆهوو مانۆ Vohu Mano)؛ ئەو هەستەی کە دژی کردەوەی ناحەق دەوەستێت. وەکو بڵێین؛ ویژدان (زەمیر).

– فریشتەی ڕاستوڕەوانی (ئاشێم ڤاهشتێم Ashem Vahishtem)

– فریشتەی مەملەکەت و زاتی ئۆرمازد (خشاتهرێم ڤایریم Khshathrem Vairim).

– فریشتەی کچەکەی ئۆرمازد (ڤێرێکونیا Ver-ecundia)

– فریشتەی تەواوی، یان بێگەردی (هەورڤەتات Haurvatat)

– فریشتەی نەمری (Immortality) (ئەمێرێتات Ameretat)

### (ب) ئینسایکلۆپیدیای فەلسەفە

ئەوەی لەم سەرچاوەیەدا نووسراوە، زۆر جیاوازی نییە لەگەڵ ئەوەی کە لە ئینسایکلۆپیدیای بەریتانیدا نووسراوە. جگە لەوەی کە دەڵێت؛ بەدی و بەدکاری نە لە

«ئۆرمازد»ەوە و نە لە فریشتە نەمرەکانییەوە هاتوون. ئەوانە لە گیانی زیانبەخشی تووڕە (Angra Mainyu or Hostile Spirit)ەوە، هاتوون. هەموو «بوون» کردەوەی یەک خوایە. ئەویش «ئورمازد»ە. تا گیانی «زیانبەخش»یش، ئەهریمەن کردەوەی خۆیەتی، بەڵام بە هەڵە هاتۆتە ئەم دنیایەوە. لەدواییدا بەسەریدا زاڵ دەبێت و دەینێرێت بۆ دنیای ژێرزەمین و بەهەمیشەیی لەوێدا دەیهێڵێتەوە، لەبەر ئەوەی ئایینی زەردەشتی یەکەم ئایینە کە بڕوای تەنیا بە یەک خوا (ئۆرمازد) هەبێت. بەپێی ئەم سەرچاوەیە، بیروباوەڕی زەردەشتی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئایینی جوولەکە و ئینجا مەسیحی و ئینجا ئیسلام هەبووە، هەروەها لەسەر فەلسەفەی کلاسیکی.

### (ج) ئینسایکلۆپیدیای ویکیپیدیا

لەم سەرچاوەیەدا چەند زانیارییەک هەیە کە لە سەرەوە باسیان نەکراوە؛

١- زەردەشت لە کاتی ژیانیدا جگە لە «گاتا»کانی، چەند «نامیلکە»یەکی(٢٠) بڵاوکردۆتەوە، بەڵام بە داخەوە، هەموویان فەوتێنراون، خۆشبەختانە بەهۆی فەیلەسووفە گریکەکانەوە، ئێمە دەربارەی هەندێکیان دەزانین؛

- یەکێکیان دەربارەی سروشت بووە. گریکییەکان ناویان لێ ناوە (Peri Physeos).
- یەکێکیان دەربارەی ئەستێرەگەری (Astrology) بووە. ناویان لێ ناوە (Asteroskopita).
- یەکێکیان دەربارەی بەردی هێژا و بەسوود بووە. ناویان لێ ناوە (Peri lithon timion).

٢- بەپێی کۆلۆتێس،(٢١) ئیفلاتوون «داستانی ئێر»ی(٢٢) لە زەردەشت دزیوە. لەو نامیلکەیەی وەرگرتووە کە زەردەشت دەربارەی سروشت نووسیویەتی.

٣- گەلێک لە ڕۆشنبیرەکان لەو باوەڕەدان کە فەیلەسووفی گریکی بەناوبانگ «هێراکلیتەس» (٢٣) سرووشی (وەحی) لە «زەردەشت»ەوە وەرگرتووە بۆ فەلسەفەکانی خۆی.

٤- جگە لە فەیلەسووفەکان، گەلێک ڕۆشنبیر و هونەرمەند لە بەرهەمەکانیاندا سرووشیان لە زەردەشت و فەلسەفەی زەردەشتییەوە وەرگرتووە؛

- مۆزارت(٢٤) «ئۆپێرا»یەکی بەناوی «Die Zauberflote» نووسیوە، زەردەشت (زاراسترۆ Zarastro)، دەوری ڕووناکی و دەروونی پاک و پیاوی دادپەروەر دەنوێنێت و دژی بانووشای شەو (تاریکی) دەوەستێت.
- ڕامێیو،(٢٥) لە ساڵی ١٧٤٩دا «ئۆپێرا»یەکی بەناوی زاراوستەر (زەردەشت) نووسیوە.
- لەکاتی بزووتنەوەی ئەورووپا (ڕووناکبوونەوە En-lightenment) هەندێک لە نووسەرە ڕۆشنبیرەکان وەکو ڤۆڵتێر(٢٦) هەوڵیان دەدا فەلسەفەی زەردەشتی زیندوو بکەنەوە، چونکە لایان وابوو کە لە فەلسەفەی مەسیحی پێشکەوتوو ترە. وەرگێڕانی «ئاڤێستا» بۆ فەرەنسی لە ساڵی ١٨٨٥دا، هانێکی زۆری بەو بۆچوونەدا.(٢٧)
- ڕۆفائیل، ساڵی ١٥٠٩ ڕەسمێکی لەسەر دیوارێکی ڤاتیکان کردووە و ناوی لێ ناوە «خوێندنگای ئەثینا The School of Athens» لەوێدا ڕەسمی هەموو فەیلەسووف و زانا بەناوبانگەکانی ئەوسای کردووە. تێیدا زەردەشت لەگەڵ «پتلیمەس»دا وەستاوە و (٢٨) دەدوێت و «ئیکلیدس»یش(٢٩) لە نزیکیانەوە، پەرگاڵێکی بە دەستەوەیە و نووشتاوەتەوە و ڕەسم دەکات و شتێک بۆ ئەوانەی دەوری خۆی ڕوون دەکاتەوە.

### د- مێژووی جیهان

ئەوەی شایانی باسە لەم سەرچاوەیەدا ئەوەیە کە ئایینی زەردەشتی، وەکو ئایینی جوولەکە، بڕوای بەوە هەیە کە ڕۆژێک ڕزگارکەرێک دێت و مرۆڤایەتی ڕزگار دەکات. هەروەها بڕوا بە زیندووبوونەوەی مردوو و ژیانی هەمیشەیی لە دنیای داهاتوودا دەکات.

### پەراوێزەکان:

* بەشی زۆری ئەم زانیارییانەم لە ئینسایکلۆپیدیای بەریتانییەوە وەرگرتووە.

(١) سرووش؛ وەحی. پەیامبەر؛ پێغەمبەر.

(٢) بەپێی فەرهەنگی مێژووی دێرین، میدییەکان، لە سەدەی حەوتی پ.ز، پێکەوە لەگەڵ فارسەکاندا، ژێردەستەی ئاشوورییەکان بوون. لەدواییدا، میدییەکان، بەهاندان و یارمەتی بابلییەکانەوە، یاخی دەبن و شاری نەینەوا کە پایتەختی ئاشوورییەکان دەبێت لە ساڵی ٦١٢پ.ز، داگیر دەکەن و کۆتایی بە ئیمپراتۆرییەتی ئاشووری دەهێنن. دوای ئەوە وڵاتی فارس داگیردەکەن و دەیکەن بە پارچەیەک لە ئیمپراتۆرییەتی میدیا. لە ساڵی ٥٥٠ پ.ز بە سەرۆکایەتی «کووروش»ی مەزن (Cyrus the Great) کە لە دایکەوە میدی دەبێت، فارسەکان

یاخی دەبن و بەسەر میدیادا زاڵ دەبن و خۆیان دەکەن بە خاوەن ئیمپراتۆرییەتەکە و ناوی دەنێن ئیمپراتۆرییەتی فارسی.

(٣) ماجی، لە ئایینی زەردەشتیدا وەکو قەشە لە مەسیحیدا، یان مەلا، لە ئیسلامدا وایە. بە ئینگلیزی بە جادووگەر (ساحر) دەڵێن (ماجیشن Magician)، گوایە ئەم ناوە لە وشەی «ماجی»یەوە وەرگیراوە.

(٤) پۆرفیری (Porphyey)؛ فەیلەسوفێکی گریکییە، لە سوریا لە دایکبووە و لە ئەسینا خوێندوویەتی و لە ڕۆما ژیاوە.

(٥) پیتاگۆر (فیثاغۆرس Pythagoras) زانا و فەیلەسوفێکی گریکییە.

(٦) بەم جۆرە نیتشێ (Nietzsche)، فەیلەسووفی بەناوبانگی ئەڵمانی، لە کتێبێکیدا بەناوی «زارادەشت ئاوای دەگوت Thus Spoke Zarathustra) باسی زەردەشت دەکات.

(٧) وشەی فەلسەفە لە بنەچەوە وشەیەکی یۆنانییە (Philosophy). لە دوو وشەی جیاواز پێکهاتووە: فیلۆ (Philo) واتە خۆشەویستی و سۆفی (Sophy)، واتە دانایی. فەلسەفە (فیلۆسۆفی) واتە خۆشویستنی دانایی. «فەیلەسووف»یش، ئەو کەسەیە کە دانایی خۆش دەوێت و بەکاری دەهێنێت بۆ دۆزینەوەی هۆی بوون و یاساکانی سروشت و ژیان و کۆمەڵایەتی تا دەگاتە بیروباوەڕێکی تایبەت دەربارەی ئەو بابەتانە و بڵاوی دەکاتەوە؛ وەکو بڵێین: سوکرات (بە عەرەبی، سوقراط) و پلاتوون (ئیفلاطوون) و ئارستۆ (ئارسطۆ) و دیکارت، هیگڵ و مارکس و زۆر فەیلەسووفی تر.

(٨) پلینی (Pliny 23-79) ڕامیار و مێژوونووس و زانایەکی ڕۆمانی بەناوبانگە کە (گرکان)ی ڤیزۆڤ ساڵی ز هەڵیداوە، چوو بۆ تێبینی و لێکۆڵینەوەی، ئەوە بوو بەهۆی مردنی.

(٩) پلوتارخ (Plutarch 46-120) فەیلەسووف و مێژوونوسێکی گریکییە.

- لیکەرگەس (Lycurgus)، یاسای وڵاتی «سپارتا»ی لە سەدەی نۆیەمی پ.ز نووسیوە. سپارتا، ئێستە پارچەیەکە لە یۆنان.

- نوما (Numa) لە سەدەی هەشتەمی پ.ز.، لە دایک بووە. دووەم شای ڕۆما بووە و دانەری هەندێک ئایین و یاسای ڕۆمانییە.

(١٠) دیۆ خریسۆستۆم (Dio Chrysostom 40-120) فەیلەسووف و مێژوونوسێکی گریکییە.

هۆمیرۆس و هێسیۆد؛ دوو شاعیری زۆر کۆنی گریکین.

زیۆس؛ گەورەی خوایەکانی گریکە.

(١١) ئاڤێستا، ئینجیلی زەردەشتییەکانە، بەشێکی هەر گاتاکانی (Gathas)، یان سروودەکانی زەردەشت خۆیەتی. لە ئێرانی دێرینەوە دوو ئاڤێستای جیاوازمان بۆ ماوەتەوە. هەرچەندە جیاوازن، بەڵام زۆر لە یەکتری دەچن؛ یەکێکیان بە زمانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەوسای ئێران نووسراوە کە ناوچەی ئیلامی ئێستەی ئێران دەگرێتەوە. ئەوەکەی تریان بە زمانی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەوسای ئێران نووسراوە کە کوردستانی، یان ئازربێجانی ئێستەی ئێران دەگرێتەوە.

(١٢) تاراپۆریواڵە[٣] لە کتێبەکەیدا ١٣ سروودی (یاسنای)، بۆ ئینگلیزی وەرگێڕاوە: لە ٢٨وە تا ٣٤، ئینجا لە ٤٣ وە تا ٤٨. منیش لەوەوە، بەپێی توانام، هەندێکیم کردووە بە کوردی.

(١٣) ئەو دوو گیانە «ئاهورامازدا» و «ئەهریمان»ن. دووانەن بە سکێک پێکەوە هاتنە دنیاوە. ئاهورامازدا، چاکە و بۆ ژیانێکی کۆمەڵگایی باش هەوڵ دەدات و ئەهریمان دژی دەوەستێت؛ یەکەمیان ڕووناکی بڵاودەکاتەوە. دووەمیان تاریکی. بۆ ئەوانەی کە ئینگلیزی دەزانن، ئەمە ئینگلیزییەکەیەتی.

Yasna (30-3)
The First Created Were the Spirits Twain
As Twin Co-Workers they reveal themselves;
Yet, in each thought and word and deed these two-
Are ne’er agreed;- one’s Good the other Bad;
And of these Two the Wise do choose aright
The Unwise choose not thus,- and go astray.

(١٤) ئاوەکی؛ دەرچوون لە ڕێگای ڕاست و ڕەوان.

(١٥) بۆ ئەوانەی کە ئینگلیزی دەزانن، ئەمە تەرجومە ئینگلیزییەکەیەتی؛

Yasna (30-4)
And When together did these Spirits Twain

Foregather at the Creation's early dawn
LIFE did One make, the Other NOT LIFE;
And thus Creation's purpose is achieved;
Dark is the mind of those that cling to
False,
But brightly Shines the Mind that hols to
truth.

(١٦) کازیوە؛ شەبەق.

(١٧) دووانە؛ جـمک؛ هاوسک، هاوزا (پێکەوە لە دایک بوون).

(١٨) زەردەشتییەکان، لە ئاهەنگە ئاینیەکانیاندا، ئاگر دادەگیرسێن و بە جۆرێک رێزی ئەو ئاگرە دەگرن وەکو بیپەرستن. لەبەر ئەوە هەندێک کەس بە زەردەشتی دەڵێن «ئاگر پەرست»، بەڵام لای زەردەشتییەکان نەک ئاگر، دانایی دەپەرستن.

(١٩) زەردەشت، یەکەم کەس بووە کە پێ بنێتە ناو بێستانی زانستی ڕەوان. ئەو یەکەم و دواجار پەیامبەری ئارییەکانە. یەکەم کەس بووە کە بڵێت تەنیا یەک خوا (ئۆرمازد) هەیە و پێویستە هەر ئەو بپەرسترێت. فەرهەنگی فەلسەفە، زەردەشت بە یەکەم فەیلەسوف دادەنێت.

(٢٠) نامیلکە؛ لێکۆڵینەوەیەکی نووسراو، کتێبێکی بچووک.

(٢١) کۆلۆتێس (Colotes 320- 268 BC)؛ فەیلەسووفێکی گریکییە. زۆر بڕوای بە سوقرات و ئیفلاتوون نەبوو.

(٢٢) داستانی ئیر (Muth of Er)؛ ئەفسانەیەکە ئیفلاتوون لە کتێبی (کۆمار The Republic) نووسیویەتی.

(٢٣) هێراکلیتەس (Heraclitus 500BC)؛ یەکێکە لە فەیلەسووفە هەرە بەناوبانگەکانی گریک. ئەو وای دەزانی کە هەموو شتێک لە ئاگرەوە پەیدابووە. ڕەنگە وای زانیبێت کە زەردەشتییەکان ئاگر دەپەرستن.

(٢٤) مۆزارت (Mozart 1756-91)؛ ئاوازدانەرێکی نەمساوییە. یەکێکە لە هەرە بەناوبانگەکانی جیهان.

(٢٥) ڕامێیو (Jean Philippe Rameau 1683-1764) ئاوازدانەرێکی فڕەنسی بەناوبانگە.

(٢٦) ڤۆلتێر (Voltaire 1694- 1778) نووسەر و فەیلەسووفێکی فڕەنسییە.

(٢٧) ئەبراهام ئەنکوێتیل دیپیرۆن (Abraham Anquetiil Duperron) ئاڤێستای بۆ فڕەنسی وەرگێڕاوە.

(٢٨) ڕۆفائیل (Rafael)، یەکێکە لە ڕەسامە هەرە بەناوبانگەکانی ئیتاڵیا و جیهان.

– پتلێمەس (Ptolemy 90-168 AD) زانایەکی جیۆگرافیای گریکییە. لە میسر دەژیا. ئەو وای دەزانی زەمین لە ناوەڕاستی هەموو دنیادایە و ڕۆژ و ئەستێرەکان بە دەوریدا دەخولێنەوە.

(٢٩) ئیکلیدس (Euclid 300 BC) زانایەکی ماتماتیکی گریکییە. ئەو بنجەکانی ماتیماتیک و ئەندازەی داناوە.


**سەرچاوەکان:**

**(١) ئینسایکلۆپیدیای بەریتانی (Encyclopaedia Britannica).**

**(٢) ئینسایکلۆپیدیای فەلسەفە (Routledge Encyclopaedia of Philosophy).**

**(٣) ئایینی زەردەشتی (The Religion of Zarathustra) نووسینی تاراپەریواڵە (I.J.S Taraporewala) یەکەم جار ساڵی ١٩٢٦، بە ئینگلیزی لە هینددا بڵاوکراوەتەوە، دووەم جار ساڵی ١٩٦٥ و سێیەم جار ساڵی ١٩٨٠ لەتاراندا.**

**(٤) سروودە (گاتا) پیرۆزەکانی زەردەشت (Holy Gathas- Zarathustra) نووسینی ئیبراهیم پوور داود (Ebrahim Poure Davoud) ساڵی ١٩٢٧ بڵاوکراوەتەوە.**

**(٥) فەرهەنگی مێژووی دێرین (The Dictionary of Ancient History- Edited by G. Speake).**

**(٦) ئینسایکلۆپیدیای ویکیپێدیا (Wikipedia).**

**(٧) فەرهەنگی فەلسەفە (Oxford Dictionary of Philosophy).**

**(٨) مێژووی جیهان (The Hutchinson History of the World. By J.M. Roberts).**

# فەلسەفەی ئاکار و تێگەیشتن لە نەریت

**پێشڕەو عەبدوڵڵا**
**(٢ – ٢)**

یەکێکی دیکە لەو بارانەی دەرکەوتنی ئاکار ئەوەیە کە دەرناکەوێت و هەر لەناو مرۆڤدا وەک زیندەخەو دەمێنێتەوە. ئێمە زۆرجار لەناو خەیاڵی خۆماندا دەکەوینە ناو حیکایەتێکەوە و لەو حیکایەتەدا ئاکارییانە دەجووڵێینەوە، واتە ڕوودانی ئەو حیکایەتە بە دەستە خۆمان نییە و ئێمە دەکەوینە ناویەوە، لێرەدا ئەوەی ئەو حیکایەتە ئاراستە دەکات خودی عەقڵ خۆیەتی و هەڵسوکەوتەکانی ئێمە بەپێی ئەو حیکایەتە ڕوودەدەن کە خودی عەقڵ بۆمان دیاری دەکات. لە ڕاستیدا ئەم جۆرە لە دەرکەوتنی ئاکار زیاتر وەک هێمایەک دەردەکەوێت، واتە ڕوودانی ئەو حیکایەتە لە ناو خەیاڵاتدا ڕەمزییە و دەکرێت ئەم حیکایەتە ڕێنوێنی و بەرچاو ڕوونی بێت بۆ حیکایەتێکی واقیعی ناو ژیانی ڕۆژانەمان. جا جار هەیە کەسەکە ئەم حیکایەتە کە ڕوودەدات لە ناویدا دەرکی دەکاتەوە، یان دەینووسێت. جاریش هەیە هەروا لەناو خۆیدا دەمێنێتەوە و بزر دەبێت. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کاتێک ئێمە لەم ڕووداوە ڕەمزییەدا دەکەوینە بەردەم ئەوەی کە کارێک بکەین، ئایا ئەم کارە بەپێی عەقڵ ئەنجامی دەدەین، یان نا، یان بەپێی بەرژەوەندی و واقیعی ئەو حیکایەتە؟ لەم ڕووداوەوە ئێمە دەتوانین زانیاریمان لەسەر خۆمان چنگ بکەوێت و خۆمان بناسین، کە ئایا ئێمە چین و لە چ شوێنێکداین؟ ئەم ئاکارە ناوکییەش نیشانەیەکە بۆ ئەوەی ئێمە باشتر لە تیۆری ئاکار تێبگەین، چونکە بەڕاستی تێگەیشتن لە تیۆری ئاکار پێویستی بەوە هەیە مرۆڤ ئەو حاڵەتانەی ناوخۆی بزانێت و تەواو ئاگاداری ڕەوشی ناوەوەی خۆی بێت.

ئەوەی لێرەدا ئەم ڕەوشە دەنووسێتەوە دوو جۆرن. یەکەمیان ئەم حیکاتە کە ڕوودەدات، ئەوە وەک خۆی دەینووسێتەوە، وەک شانۆنامەی ئۆدیب پاشای سۆفۆکلیس، کە بە ڕاستی شانۆنامەیەکە جێگەی تێڕامان و بیرکردنەوەیە، چونکە ئەو هێزەی ئاراستەی ئۆدیب دەکات کە باوکی خۆی بکوژێت و دایکی خۆی مارە بکات و چاوی خۆی کوێر بکات، خودی چارەنووسە و چارەنووسیش لەگەڵ ئاکارداردا تەبایە، چونکە چارەنووس بەپێی عەقڵ شتەکان بەڕێوە دەبات، نەک واقیع و بەرژەوەندی، دەستەی دووەمیان ئەوەیە کەحیکایەتەکە نانووسێتەوە، بەڵکو بنەماکانی ئەم حیکایەتە ڕاڤە دەکات هەروەک نووسینە فەلسەفییەکانی کانت، کانت کاتێک باسی حیکایەتی پیاوێکی درۆزن، یان بازرگان دەکات، بۆ ئەوە نییە کە ئەو حیکاتە بگێڕێتەوە، بەڵکو بنەماکانی ئەو حیکاتە کەشف دەکات لە پێناو گەیشتن بە یاسایەکی هەمەکی سەراپاگیر.

### ٦- نەریت وەک گشتی بوونەوەی ئاکار

هەمـوو نەریتـێک کـە ئەمـڕۆ لە کـۆمـەڵگاکـاندا هەن و بوونـەتە کـولتـوور و خـەڵـک بێ ئەوەی تێـبگات و لێی ڕابمێنن. سەرەتا ناکرێت هەر لەخۆوە و لە هیچەوە هاتبن، بەڵکو بنەمـا و سـاتی لەدایکبـوونی خـۆیان هەیە. واتە یەکـەم جـار لەسـەردەسـتی یەکـێک ئەو نەریتـە هاتۆتە ئاراوە، ڕووداوێک بـووە و دواتر ئەم ڕووداوە گـشـتـی بۆتەوە. جا ئێمە چۆن ئەوە ساغ بکەینەوە کە ئەم نەریتە وا ئەمـڕۆ خەڵـک پەیڕەوی دەکەن بە نەزانی و بە ئاگـایی بنەمـایەکی ئاکـاریی هەیە؟ واتە چۆن ئەوە بسـەلمێنین کـە نـەریت ســـەرەتا لـە ئاکـــارەوە لـە دایـک بـووە؟ ئەوەی نەریتـێک دەکـاتە نەریت چییـە و ئاکـار بەچی دەبێت بە نەریت؟ لە ڕاستـیـدا ناکرێت هیچ شـتـێک لە نەبوونەوە بێـتـە بوون. هەر شـتـێک کـە مـرۆڤ دەیبـینێ و دەبێـتـە دیاردە، ئەوە بنەما و جەوهەرێکی هەیە. بۆ نـەریت پێش هەمـوو شـتـێک کـۆمـەڵگە لەبەر ئەوەی پێـوەندییـەکـانی ڕاستـەوخۆ و دیارە، ئەوە هەمـیـشـە ئەو شـتـانە دەکات بە نەریت کە باشن و نابنە مـایەی پرسـیـار و گـومـان، واتە لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێـک ئاکارمـان هەیە کە بە خـواستـی عـەقڵ ڕوودەدەن، بەڵام ئەو ئاکـارانە دەبنە نەریت کـە لە واقیـعدا باشەیان لێدەکەوێتـەوە، چونکە ئاکـار هەیە بۆ خودی کەسەکە وادیارە کە زیان و سەرگەردانییە، بەڵام بۆ عـەقڵ و ڕازیکردنی دڵـی مرۆڤ تەواوە و باشە. هەروەک لە سێـدارەدانی قـازی مـحـەمـەد، یـان ڕازی بوونی شـێخ مـەحمـوود بەوەی نەفی بـکەن بۆ دوورە وڵاتی و کـەساسی و تەنیـایی. ئەم ئاکـارانە کـۆمـەڵگە ناوێرێت بیکـاتە نەریت، چونکە زۆر قـورسـە و کـۆمـەڵگەش ترسنۆکـە، چونکە کۆمەڵگە بەپێی بەرژەوەندی واقیع شتەکان بەڕێوە دەبات، نەک بەپێی بەرژەوەندی عـەقڵ. لێـرەدایە کـە فەیلەسـووف و کۆمەڵگە هەمـیـشـە تووشی کێشە دەبن. ئەم بە نەریتکردنی ئاکارەش کە هەر باشەی لێوە دیارە، وەک ئەوەی کـابرایەک دێت ئاکـاری ئەوە دەنوێنێت کـە یارمەتی هەژار بدات. ئیـتر کاتێک ئەم یارمەتیدانە کە کەسی کارا بەو مەبەستە نەیکردووە کە دوایی کۆمەڵگە ستایشی بکات، یان ڕێزی بۆ دابنێت، بەڵکو لەخۆیدا و بە ویســتی چاکـە ئەم کــارەی ئەنجـام داوە، بەڵام کـە دەردەکەوێت و لەو چۆنایەتییەدا کە یارمەتیدانی هەژارە و لەو کـەرەسـەتەیەشـدا کـە بەخشـینی مـاڵ و سـامـانە. ئەوەی کۆمەڵگە لەم کارەدا درکی پێدەکات چۆنایەتییەکە و کـەرەسـتـەکـەیە، جەوهەرەکە دیار نییـە و ئەوە هەر لە خـودی کـاراکـەدا شـاردراوەتەوە کـە هەر ئەم ویســتی چاکـەیەشـە قـیـمـەت و بەها دەداتە ئەو کـارە و دەیکـاتە ئاکار. کۆمەڵگە (دیارە کۆمەڵگە لێرەدا مەبەستمان ئەو عەقڵە کۆمەڵایەتییەیە کە لەناو تاکەکاندا گشتی بۆتەوە. کە ناتوانین بڵێین ئەوکەسە بە تەنیا هەڵگری ئەو عـەقڵـە کۆمەڵایەتییەیە و ناشتـوانین بڵێین ئەوەیە. واتە لە یەک کاتدا کەسەکەیە و ئەویش نییە! کەسەکەیە کاتێک دێت دەبێتە جێبەجێکەری ئەم عەقڵە کۆمەڵایەتییە. ئەویش نییـە، چونکە بە زمـانی ئەم کـەسـە ئەم عـەقـڵـە هەر دەمێنێ، واتە ئەم عـەقڵە گشتی بۆتەوە و لە یەک کاتدا بزرە و لەهەمـان کاتیشدا دیارە) جا کۆمەڵگەکە دەزانێت ئەم چۆنایەتییـە مـایەی دەسـتـخۆشی ئەوەیە کە یەکـێک ئەنجامی بدات، ئیـتر دێت ئەم ئاکـارە دووبارە دەکاتەوە، لەم دووبـارەکـردنەوەیەشـدا چۆنایەتی و کـەرەســتـەکـە دەگـوێزرێتـەوە و جـەوهەرەکـە ئاوارە دەبێت و ئەم ئاکـارە دەبێتە نەریت. ئیتر خەڵک ئەم کارە وەک نەریتێک بەبێ جـەوهەر و بنەمـا ئەنجـام دەدەن، بەڵکو تـەنیـا فـۆرم و چۆنایەتییـە، ئەویـش بۆ دەسـتـەبەرکـردنی ئەو قـیـمـەتە کـۆمـەڵایەتییـەی ئەم نەریتـە لە کـۆمـەڵگەدا هەیەتی، بە نەریت کردنی ئاکارە لە کۆمەڵگەی کوردیدا. زۆربەی جار لە ئاییندا ڕوودەدات، کـە لێـرەدا وا باشـە کـەمـێک هەڵوەستەی لەسەر بکەین.

هەر خواپەرستییەک، یان کارێکی ئایینی کە هەیە، لە ڕاستیدا لە جەوهەر و بنەما و ئەساسێکەوە هاتووە و ئەو جەوهەر و بنەمایە وای کردووە کە ئەو کارە چۆنایەتییەک و کـەرەستـەیەکی هەبێت بۆ ئەوەی دەربکەوێت. یەکـێک لەو خواپەرستییانەش نوێژ و ڕۆژ و حەج و... تاد.

هەمـوو ئەمـانە خـاوەن جـەوهەر و بنەمـایەکن، ئەوجـا خاوەن چۆنایەتی و کەرەستەن، کۆمەڵگە ڕاستیی ئەوەی دەیکاتە نەریت و سـرووت و تەقـسی ئایینیی هەمـووی دوورکـەوتنەوەیە لە جـەوهەر و بنەمـاکـەو بە تەنیــا چۆنایەتییـەکان بوونەتە خواپەرستی، واتە هەتا یەکێک لێرەوە نەچێتە مەکەی موکەڕەمە ئەوە حەجی نەکردووە. کێشە نییە کە ئایا ئەم چۆنایەتییە جەوهەری هەیە، یان نا، کۆمەڵگە بە تەنیا کارێکی بە فۆرم و چۆنایەتییـەکە هەیە، یان یەکـێک ئەو کـۆمـەڵە جـوولانەیە نەکـات کـە نوێژی پێ دەناسـرێتـەوە، ئەوە لە عـەقـڵـی کـۆمـەڵگەدا نوێژی نەکردووە، بەڵام لە عەقڵی ئیلاهو خوادا کێشەکە

بەم جۆرە نییە، بەڵکو لای خوا بنەما و جەوهەر ئەوەیە کە کەسەکە، جەوهەرەکە درک پێ بکات و بەم جەوهەر و بنەمایەوە ئەو چۆنایەتییە بنوێنێ. ئەوجا ئەو کارە ئاکارێکی خوایی و ئیلاهی دەکەوێتەوە، یان کەسەکە جەوهەرەکەی درک کرد، بەڵام نەیتوانی چۆنایەتی پێ ببەخشێ، ئەوە لای خودا ئەوکارە ئەنجام دراوە. بنەما و ڕاستی ئەوەیە کەسەکە جەوهەرەکە بزانێت و بدۆزێتەوە. هەر بەم کەشف و درککردنە ئەو کەسە کارەکەی کردووە با فیزیکیانەیش دەرنەکەوێت، بەڵکو هەر بەوەندە مرۆڤ لە ناوەوەی خۆیدا ئەم ویستی چاکەیەی لەو کردارەدا دۆزییەوە، ئەوە ئەو کارە بە کردار دەزانرێت. خۆ ئەگەر هاتو کەسەکە هات چۆنایەتییەکەی کرد و لەو کەرەستەشدا کە چۆنایەتییەکە دەیەوێت و پێویستی پێیەتی، بەڵام جەوهەرەکەی نەبوو کە ویستی چاکەیە. ئەوە ئەو کارە ئەنجام نەدراوە، بەڵکو نەریتێکە بەردەوام بەبێ ئاگایی دووبارە دەبێتەوە.

واتە کۆمەڵگە وەک کۆگەیەک چۆنایەتییەکان خەزن دەکات و دەیداتە تاکەکانی و ئەو چۆنایەتییانەش تایبەت دەکات بەکارەکانەوە و ئیتر بەپێی ئەو چۆنایەتییە مامەڵە لەگەڵ ئەو کارە دەکات و قبوڵ ناکات ئەو کارە با ڕاست و دروستیش بێت لە چۆنایەتییەکی دیکەدا، بەرجەستە بێت. هەموو ئەم شتانەش لە کۆمەڵگەدا دەبنە وێنە و شتەکان لەسەر بنەمای چۆنایەتی و فۆرم دەکەونە ناو پێوەندییەوە. ئەمەشە وای کردووە کە ئێمە ئایینێکمان هەیە کە هەمووی نەریت و سرووت و یادەوەرییە و لە ڕوح دوورە و لەوەی کە ئاکارێکی ئیلاهی ببێتە ئایین، ئەمڕۆ ئەو فۆرم و چۆنایەتییانە بوونەتە ئایین. کۆمەڵێک موسڵمانمان هەیە کە تەنیا بە نەریت و بە دووبارەکردنەوەی چۆنایەتییە ئایینییەکان موسڵمانن و لە ئاکاری ئیلاهی و ڕوح دوورن. هاوڕێیەتی و هاوسەرگیری و باوکایەتی و مامۆستا و قوتابی و...تاد یەک دنیا لەناو و ئەرکمان هەیە کە بە تەنیا بە فۆرم و بە چۆنایەتی ئەو شتانە خۆیان دەکەن بەو شتەی پەیڕەوی دەکەن. ئەگەرنا هەمووی لە جەوهەر و بنەماوە دوورن، ئەمەش لەوێدا ترسناکە کە ئەم شتانە دەبنە نەریت، چونکە نەریت لە تێگەیشتن و کەشفکردن و بیرکردنەوەوە دوورە، کەسانێک دروست دەبن کە هەمیشە ئامێر و ئامرازی جێبەجێکەری هەر نەریتێکن کە کۆمەڵگە و جیهان بڵاوی دەکەنەوە. بەبێ ئەوەی بیر لە جەوهەری ئەم چۆنایەتی و ئەم فۆرمە بکەنەوە.

### ٧- ئاکار وەک عەینی بوونەوەی نەریت

لەپێشدا باسی ئاکارمان کرد کاتێک گشتی دەبێتەوە. بەو مانایەی کە کۆمەڵگە سەیری چاکە و ئەنجامەکانی دەکات و دەزانێت ئەنجامێکی بەسوود و بە کەڵکی هەیە، دێت بە تەنیا چۆنایەتی ئەم ئاکارە وەردەگرێت و لاسایی دەکاتەوە، بە مەبەستی ئەوەی بگاتە ئەو سوود و قازانجە. لێرەدا ئیتر شتێک نییە ناوی ئاکار بێت و ئەوەی هەیە نەریتە، نەریتیش کەسەکە نازانێ بۆ خودا دەپەرستێت، یان نازانێ بۆ چاکە، یان خراپە ئەنجام دەدات، یان نازانێت بۆ وا دەکات و بۆ وا ناکات. لێرەدا ئێمە لە بەردەم کۆمەڵگەیەکداین کە مرۆڤەکانی لەسەر بنەمای چۆنایەتی شتەکان دەکەونە ناو پێوەندی و ئاڵوگۆڕەوە. ئەوەیش لێرەدا بزرە، ئەوەیە کە جەوهەر و هەقیقەتی شتەکانە.

بەڵام کەسانێک بە ئاسانی ڕازی نین هەروا بەبێ پرسیارکردن و بیرکردنەوە شتەکان بەسەریاندا تێپەڕ بێت. ئەوە کاتێک نەریتێک لە کۆمەڵگەوە وەردەگرن جارێ پێش ئەوەی ئەم نەریتە پەیڕەو بکەن و لاسایی بکەنەوە، بیردەکەنەوە کە ئەم نەریتە لە کوێوە هاتووە و پرسیار لە چییەتی ئەم نەریتە دەکەن. بە پرسیارکردن لەچییەتی ئەم نەریتە کەسەکە لەبەردەم بابەتێکی ئامادەدا دەوەستێت. واتە شتێک هەیە ئەویش نەریتێکە لەدایک بووە و هاتۆتە ئاراوە. هەر لێرەشدایە کانت فەلسەفەی ئاکار لە پاڵ فەلسەفەی ماددیدا ڕیزبەند دەکات، چونکە لێکۆڵینەوە لە ئاکار ڕاستی ئەوەیە کە ئەو ئاکارە هەیە، جا لە حاڵەتی ئاکاریدا بێت، یان لە حاڵەتی نەریتدا، بەڵام فەلسەفەی ئاکار لەبەردەم ئەم ئاکارەدا. میتافیزیکای ئاکار ئاشکرا دەکات و دەریدەهێنێت، ئەویش بۆ ئەوەی بنەما و جەوهەرەکەی بزانێت، لێرەدا فەلسەفە لە لاساییکردنەوە دوور دەکەوێتەوە، جارێکی دیکە ئەو ئاکارە، یان ئەو نەریتە دەباتەوە حاڵەتی پێش لەدایک بوون و چییەتی ئەو کارە دەزانێت، بەمەش مێژوو لە فەلسەفە جیا دەبێتەوە، چونکە مێژوو چۆنایەتی و کەرەستەکان دەگوێزێتەوە، بەڵام فەلسەفە چییەتی شتەکان واڵا دەکات. ئەم کارەی ئەو کەسە ئەنجامی دەدات. بەوەی کە نەریتەکە دەخاتە ژێر گومان و

پرسیارەوە و جارێکی دیکە خۆی دەخاتە حاڵەتی ئەو کەسەی یەکەمین جار ئەو ئاکارەی لێ رووی داوە. لێرەدا کەسەکە خاڵقیەتی کارەکە وەردەگرێت و دەزانێت چی دەکات. ئەم رێگەیە کە نەریت گشتییە و ئەم کەسە عەینی دەکاتەوە بەوەی پرسیار ئاراستەی ئەم کارە دەکات. لێرەوە کەسەکە بەرەو ئاکارێتی ئەو کارە دەڕوات و کاری ئەو جیاوازە لە کاری خەڵکی دیکە.

بۆ نموونە: موسڵمانان هەموویان نوێژ دەکەن، ئەم نوێژە بۆ کۆمەڵگە بۆتە نەریت و خەڵک لاسایی دەکەنەوە. بۆ کەسێک وا کە رازی نییە بەوەی کۆمەڵێک جووڵەی لەش و کۆمەڵێک ئایەتی قورئان بخوێنێ، ئیتر ئەمە نوێژە، ئەم کەسە سەرەتا ئەم کارە وەک نەریت وەردەگرێت، چونکە ئەوە روونە کە ئێمە سەرەتا شتەکان لە کۆمەڵگەوە وەردەگرین. دواتر دەبێت خۆمان یەک بەیەکی ئەو شتانەی لە کۆمەڵگا وەرمانگرتوون هەموویان کەشف بکەین و بزانین چین، ئەم پرۆسەی گومانە هەمان ئەو پرۆسەیەی دیکارت بوو کە ئەنجامی دا و گوتی دەبێت رۆژێک بێت هەموو ئەو شتانەی کە لە کۆمەڵگەوە وەرمانگرتوون فڕێیان دەینە دەرەوەی خۆمان و سەرلەنوێ لەناو عەقڵی خۆماندا ئەو شتانە کەشف بکەین و بیاندۆزینەوە. جا ئەو کەسە دێت، بە شوێن جەوهەر و چییەتی ئەو نوێژەدا دەڕوات و کاتێک کە جەوهەرەکەی دەدۆزێتەوە ئیتر، یان ئەوەتا ئەم جەوهەرە لە هەمان چۆنایەتی و کەرەستەدا ئەنجام دەدات، یان چۆنایەتی و کەرەستەکەش دەگۆڕێ.

واتە دەکرێت هەر بە دۆزینەوەی جەوهەری ئەم کارە کەسەکە لە چۆنایەتییەکی دیکەدا ئەنجامی بدات، کە لەو جووڵە دیاریکراوانە جیاواز بێت کە نوێژی پێ کۆنکرێت کراوە، هەروەها کەرەستەکەشی جیاوازبێت و ئەو ئایەتانە نەخوێنێت و کۆمەڵێک قسەی دڵی خۆی بکات، وەلێ ئەم بەشی دووەمەیان بەلای کۆمەڵگەوە زۆر قورسە و کۆمەڵگە رەتی دەکاتەوە، چونکە وەک گوتمان کۆمەڵگە بە تەنیا چۆنایەتی لا گرنگە، واتە ئێمە ئەگەر هات و بیرو رامان دەرخست کە پیاوێکی باش و پاکین، مادام وا نیشانی دەرەوە دەدەین، ئەوە کۆمەڵگە پەسەندی دەکات با کاری چاکە و باشیش ئەنجام نەدەین، جا نوێژی ئەم کەسە لە نوێژی کۆمەڵگە جیاوازە. کۆمەڵگە بەبێ ئاگایی ئەنجامی دەدات و مەبەستی هەیە بەو کارە کە سوود و بەرژەوەندی پێ بگات، وەک ئەوەی خەڵک رێزی لێ بگرن، یان نەوەک پێیان نەنگی بێت، یان بۆ ئەوەی خودا رزقی بداتێ، بەڵام نوێژی دووەم ئەگەرچی چۆنایەتیشی جیاواز بێت، کەسەکە ئاگادارە و دەزانێت چی دەکات. پاشان مەبەستی نییە، بەڵکو کارەکە لەخۆیەوە بۆ خۆی دەڕوات و ویستی کەسەکە وەهایە کە چاکەیەک ئەنجام بدات. هەروەها بە شوێن ئەنجامی ئەو کارەشدا ناڕوات تا بزانێت چی لێ فەراهەم دێت.

لێرەدا دەکرێت بڵێین کە زۆرجار نەریت وەک بابەتێکی دیار و ئامادە دەکرێت بێتە رێگە و دەروازەیەک کە ئێمە لێوەی دەست پێبکەین و بەرەو چییەتی ئەو کارە بڕۆین. بەمەش ئێمە ئەو نەریتە گشتییە عەینی دەکەینەوە بە پاڵپشت بەو گەڕان و گومان و بیرکردنەوەیە کە لەپێشی ئەو کارەوە ئەنجام دەدرێت، بەمەش ئاکار جارێکی دیکە دێتە ئاراوە. جا یان بە هەمان چۆنایەتی جاران، بەڵام پڕ لە بنەما و روحی ئەو کارە، یان ئەوەتا لە چۆنایەتییەکی جیاوازدا کە زۆرجار نامۆیە بۆ کۆمەڵگە و تووشی رەتکردنەوە دێت، بەڵام ئاکار قیمەتەکەی لەوەدا نییە کە کۆمەڵگە نرخی بۆ دادەنێت، یان پەسەندی دەکات، بەڵکو ئاکار بەوەی پاڵپشتە بە ویستی چاکە و خودی عەقڵ کە سەرتاپا بریتییە لە باشترین ئەگەر بۆ باشترین ژیان، بەهاکەی لەناو خۆیدایە و بەوە گەورە و ئاکارە کە عەقڵ پەسەندی دەکات و نرخی بۆ دادەنێت، هەروەها کۆمەڵگە دەتوانێت تووشی کێشەی بکات، یان بەکوێرە ملی رەفزی بکات، بەڵام ناتوانێت مانای لێ بسێنێتەوە و مایەپووچی بکات، چونکە عەقڵ هەر خۆی سەرەتای شتەکانە و هەر خۆشی کۆتایی شتەکانە، واتە عەقڵ دواجار دوایەمین ئەگەری مرۆڤە کە دەبێت مرۆڤ بەناچاریش لەپێناوی دۆزینەوەی هەقیقەت و ناسینەوەی شتە ساختە و بێ بەهاکاندا هانای بۆ بەرێت.

### ٨- چۆنایەتی وەک جەوهەری نەریت

لە راستیدا کۆمەڵگە کۆمەڵێک چۆتایەتییە کە رێککەوتوون لەگەڵ یەکتر و لەسەر بنەمای سوود و بەرژەوەندی کەوتوونەتە ناو هارمۆنییەتەوە. هەر چۆنایەتییەکیش ناسنامە و شوناسی چییەتییەکە. واتە بۆ ئەوەی ئەم چییەتییە، یان ئەم ناسنامەیە وەربگریت، دەبێت ئەو چۆنایەتییە ئەزبەر بکەیت و رێوشوێنی ئەو چۆنایەتییە بزانیت، ئەم گشتی بوونەوە و تەعمیم کردنی چۆنایەتییەش نەریت دەهێنێتە ئاراوە، واتە نەریت

بنەمای نییە، بەڵکو تەنیا فۆرم و چۆنایەتی هەیە. واتە ئەم کارە کە کەسەکە ئەنجامی دەدات بە ڕێگەی نەریت، هیچ هۆشیاری نییە بەخۆی و بەو کارەی ئەنجامی دەدات، هەربۆیە ئەم کارە بنەمای نییە و بە تەنیا چۆنایەتییەکی ڕووتە.

هەر بۆیە ئەمڕۆ سەیر دەکەیت ئیشوکارەکان مەبەستی ڕاستەقینەی خۆیان ناپێکن بە تایبەتی ئایین. ئەمڕۆ زۆرینەی خەڵک خەریکی ئایین و خواپەرستین، بەڵام وەک نەریتێک نەک وەک ئاکار. هەربۆیە زۆر کەم کاری چاکە بەدی دەکرێت و هەموو تاعەتەکان بریتین لە چۆنایەتی نەک ویستی چاکە و بنەمایەکی ئاکاری پتەو. چۆنایەتیش لەناو کۆمەڵگەدا جۆری زۆرە. چۆنایەتی کارەکی هەیە و چۆنایەتی گوتەیی هەیە، هەرچی چۆنایەتی کارەکییە کۆمەڵگە دایناوە کە مرۆڤ چۆن لە بازاڕ و دیوەخان و ماڵ و هەڵسوکەوت بکات...تاد.

چۆنایەتی هەڵسوکەوتی مرۆڤ لە فەرمانگەیەکدا جیاوازە لە چۆنایەتی هەڵسوکەوتی هەمان مرۆڤ لە شوێنێکی گشتیدا، هەروەها چۆنایەتی گوتەیی هەیە. ئەویش ئەو چۆنایەتییە گونجاو و خوازراوەیە کە کۆمەڵگە دایناوە بۆ هەموو ئەو قسانەی مرۆڤ لەبەردەم باوک، یان مەلا، یان مامۆستا و سەرۆکی حزب و دەیکات...تاد هەموو ئەم چۆنایەتیانەش بۆ ئەوەیە کۆمەڵگە مرۆڤ کۆت و سنووربەند بکات، کە ڕازی دڵی خۆی نەدرکێنێ و ئەو چۆنایەتییە بپارێزێت، نەک ئەوە بپارێزێت کە وەک بنەما بۆ ئاکار لەناو مرۆڤدا هەیە. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە مرۆڤ زۆر بەم چۆنایەتییە کارەکانی خۆی مەیسەر دەکات. واتە وەک بەرژەوەندی بەکاری دەهێنێ، چونکە ئێمە لە سەرەتاوە باسمان کرد کە نەریت هەروا بە سادەیی نایەت و ناڕوات، بەڵکو نەریت خۆی خودی تێگەیشتنە لەبیرکردنەوەی گشتی هەر کۆمەڵگەیەک. واتە کاتێک کە ئاکارێک دەکرێتە نەریت. ئەوە ئەو هێزەی ئەو نەریتە بڵاودەکاتەوە زۆر ورد و زیرەکە. لە خوێندنەوەی دەوروبەر و هەموو ئەو تێگەیشتنانەی دەوری نەریتیان داوە، چونکە ئەگەر بزانێت ئەو ئاکارە مایەی سوود و بەرژەوەندی نییە، ئەوە ئامادە نییە گشتی بکاتەوە و بیکاتە نەریت، لەبەر ئەوە تێگەیشتن لە نەریت تێگەیشتنە لە فێڵەکانی کۆمەڵگە کە بەرانبەر بە تاکەکانی دەیکات. واتە هەموو ئەو چۆنایەتیانەی لە کۆمەڵگەدا هەن چۆنایەتییەکی خوازراو و جێگەی دەست خۆشین، لەلایەنی کۆمەڵگەوە، چونکە کۆمەڵگە شتێک ناکاتە نەریت کە دوایی کێشەی بۆ دروست بکات. بۆیە کۆمەڵگەکان لە ژیانی واقیعی ڕۆژانەی خۆیاندا هیچ کێشەیان نییە و هەموو شتێک زۆر بە ئاسایی بەڕێوە دەڕوات، بەڵام کاتێک ئەم فێڵانە ئاشکرا دەبن، ئیتر دەبێت بەپێی ئاکار و عەقڵ ڕووبەڕووی کۆمەڵگە ببێتەوە و پرسیاری چییەتی شتەکانی لێ بکەیت. ئەوکات ئەو مرۆڤەی ئەم پرسیارە ئاراستەی کۆمەڵگە دەکات، مرۆڤێکە جێگەی مەترسییە، چونکە دەستکاری چۆنایەتییەکان دەکات و دەیانپشکنێت. لە ڕاستیدا گرژیی نێوان ئاکار و نەریت ئەوەیە ئاکار بەهای چۆنایەتییەکان دەشکێنێت و لەو سیحرەی کە کردوویانە خاڵییان دەکاتەوە، بۆیە کۆمەڵگە ڕازی نییە کارێک ئەنجام بدرێت با بە ویستی چاکە و بنەمای عەقڵیش بێت، ئەگەر هاتو لەو چۆنایەتییەدا نەبوو کە کۆمەڵگە دیاری کردووە، ئەوە لەو بارەدا تووشی ڕەفز و پێکدادان و ڕەتکردنەوە دێت.

کە دەڵێین کۆمەڵگە بریتییە لە کۆمەڵێک چۆنایەتی بەیەکدا چوو، لەسەر ئەو بنەمایە ئەم ڕایە وەک بنەمایەک دادەمەزرێنین، کە ئەوەی کۆمەڵگە بەڕێوە دەبات عەقڵێکی فۆرمخواز و هەستەکییە. لە ڕاستیدا کۆمەڵگەکان بە تەنیا لەگەڵ فۆرم و ئەو بەشەی شتەکاندا مامەڵە دەکەن کە دیار و بەرچاون. کۆمەڵگە نەک تاقەتی پشکنینی جەوهەری نییە، بەڵکو ناشیەوێت جەوهەرەکان بزانێت و بناسێت، چونکە یەکەم شتێک کە ڕووبەڕووی لێک هەڵوەشان و داڕووخان دێت، خودی کۆمەڵگەکە خۆیەتی، هەر چۆنایەتییەک ئەمڕۆکە لەکۆمەڵگەدا هەبێت، مێژوویەکی دووروودرێژی هەیە، بە جۆرێک کە جەوهەرەکەی بزرە و دیار نییە و ئەم چۆنایەتییە بە تەنیا نەماوەتەوە، بەڵکو بووەتە ئایدیۆلۆژیا و بنەمای زۆر کارو بیرکردنەوەی کەسانی دیکە، کە تەواو ڕەگی لەناو تاکەکانی کۆمەڵگەدا داکوتاوە. هەربۆیە دەست بردن بۆ چۆنایەتییەکان و شکاندیان زۆر ئەستەمە، نەک بۆ کۆمەڵگە تەنانەت بۆ کەسەکە خۆشی کە لەناو خۆیدا ئەو ئازایەتییە شک نابات دەست بۆ ئەو چۆنایەتییە ببات و بیخاتە ژێر گومان و پرسیار و تێگەیشتنەوە. بە مەبەستی دەرهێنانی چییەتی ئەو چۆنایەتییە، ئەمڕۆ تەنانەت پرسیارکردن لەسەر خودا بۆ ناو مرۆڤ خۆشی هێندە قورسە کە مرۆڤەکە ناوێرێت پرسیار ئاراستەی

چییەتی خودا بکات. هەر خۆی بە تەنیاش ئەم کارەی پێ گران و ئاڵۆزە. لە کاتێکدا بەبێ دەستکاری کردن و گومان خستنەسەر ئەو چۆنایەتییانەی ئێمە لە کۆمەڵگەوە وەریاندەگرین و دەورەیان داوین. زۆر ئەستەمە بەرەو حەقیقەتی شتەکان برۆین و چییەتی شتەکان بدۆزینەوە، چونکە بە دۆزینەوەی جەوهەری شتەکان ئێمە لە نەریت و لە نەریتپارێزی دووردەکەینەوە و بەرەو کردەی ئاکاری رەسەن هەنگاو دەنێین، ئەم پرۆسەیەش، پرۆسەیەکی هزری و مەعریفی رووتە و لە هەڵچوون و ناکردن و تێنەگەیشتنەوە بەدەرە. بەم رێگە سادە و هێمنانە ئێمە چانسی نزیک بوونەوە لەجەوهەر و چییەتی شتەکان مسۆگەر دەکەین و لەو شەرە سەختەی چۆنایەتییەکان ئەنجامی دەدەن بەرانبەر بە کەسە هەڵچووەکان رزگارمان دەبێت و چۆنایەتییەکان بێ بەرگری کردن لە خۆیان، دەپووکێنەوە و رێگەمان بۆ خۆش دەکەن بۆ گەیشتن بە چییەتی و جەوهەر و بنەما یەکەمینەکان.

**٩- تیۆرەی ئاکار وەک ئەلتەرناتیڤی ژیان لە واقیعدا**

لە راستیدا هێزی ئاکار هەر لەوەدا نییە کە عەینی دەبێتەوە و وەک کردارێکی ناوازە و رەسەن لە دایک دەبێت، بەڵکو لەو بەشە شاراوەیەیدایە کە هەمیشە وەک تیۆرە دەمێنێتەوە و ئەگەری ئەوەی هەیە ئەم تیۆرەیە جارێکی دیکە لە زەمینەیەکی تر و لە کات و شوێنێکی تردا عەینی بێتەوە. ئەم تیۆرەیەش راستی هێزی راگرتنی ئاکارە کە ئەمیش خودی عەقڵ خۆیەتی و هەمیشە وەک ئەگەرێک و وەک شیانێک خۆی دەهێڵێتەوە. ئەم شیانە ناوەکی و عەقڵییە رۆشنایی فەیلەسووفە بۆ تێگەیشتن لە واقیع لەلایەک، هەروەها خستنەرووی جۆرێکی دیکە لە ژیان و سیستەمە. ئەوەی سوکرات لە کۆمارەکەیدا بەیانی دەکات، راستی تیۆرەی جۆرێکی دیکە لە حکومەت و لە سیستمی حکومرانی و ژیانە لە واقیعدا، کە داڕێژەرانی ئەم حکومەتە ئایدیالی و تیۆرەیە پشت ئەستوور و دەرکەوتەی خودی عەقڵی مرۆڤە. کە دەتوانێت بەردەوام ئەگەری تر و شیانی دیکە بۆ باشترکردنی رەوشی ژیان و گوزەران لەواقیعدا بدۆزێتەوە. راستە ئەم خستنەرووەی سوکرات تائێستا تیۆرەیە و نەهاتۆتە ناو واقیعەوە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئیتر ئەم بیرکردنەوە تیۆرەیە بێ مانایە و لە خەیاڵبازی و خەیاڵپلاوی نزیکمان دەخاتەوە. نەخێر! ئەگەر ئێمە قووڵتر لە کێشەکە بروانین. ئەوکاتە دەچینەوە بۆ سەر ئەو پرسیارەی ئایا ئەوەی دەرکەوتی بەم حکومەتە ئایدیالییە کردووە، بە تەنیا خەیاڵە، یان عەقڵ؟ بێ گومان ئەوە عەقڵ و بیرکردنەوەی سوکراتە کە پێشبینی حکومەتێک دەکات کە لە واقیعی ئەوکاتی یۆنان ناچێت. لەم تەرحکردنی حکومەتەدا پێوەندی کۆمەڵایەتی و رێکخستنەوەی کۆمەڵگە، رێکخستنێکی عەقڵییە و شتەکان لەسەر ئەو بنەمایە دابەش دەکات، کە بەدەر لە سوود و بەرژەوەندی و قازانجی خۆپەرستانە دامەزراوە. لێرەدا کاتێک ئەم تەرحەی سوکرات لەگەڵ حکومەتەکانی ئەوکاتی یۆناندا بەراورد دەکەینەوە وەک (دیموکراسی و ئۆلیگارشی و..تاد) بۆ دوو باری جیاواز خۆی دەردەکات، یەکەمیان ئەو واقیعیانە لێک هەڵدەوەشێنێتەوە کە لە مەیدانەکەدا هەن و دەستکاری چۆنایەتییەکان دەکات، دووەمین بار کە زۆر مەترسیدار و حەرامە دەربارەی کۆمەڵگە ئەوەیە، کە ئەم تیۆرە ئاکارییە هەمیشە وەک بەدیل و ئەلتەرناتیڤ خۆی نمایش دەکات، چونکە هێشتا نەهاتۆتە ناو واقیعییەوە. بەراستی ئاکاریش وەک گوتمان هێزی ژیانی لەوەدایە کە لەگەڵ عەقڵدا دەکەوێتە ناو هەماهەنگی و هاوسەنگییەوە. ئەم عەینی بوونەوەی ئاکارە، ئەگەر لە واقیعدا بێت. ئەوە لە بەرانبەر نەریتدا وەک کارێکی رەسەن دەردەکەوێت، خۆ ئەگەر ئەم عەینی بوونەوەیە لە تیۆرە و فەلسەفەدا بێت، ئەوە هەمیشە وەک ئەلتەرناتیڤ لە بەرانبەر واقیعە جیاوازەکاندا دەردەکەوێت. لێرەدا جێگەی خۆیەتی باس لە رۆڵی رۆشنبیر لە بەرانبەر کۆمەڵگە و نەریت و ئەخلاقی کۆمەڵایەتیدا بکەین. ئایا رۆشنبیر بۆ رەخنەگرتن لە واقیع، یان تەرحکردنی واقیعێکی تر چی بکات؟ ئایا دروستە واقیعێکی دیکە و چۆنایەتییەکی دیکە بهێنێ وەک ئەلتەرناتیڤی ئەو واقیعە قوتی بکاتەوە؟ ئایا کاتێک بمانەوێت شتەکان جارێکی دیکە رێک بخرێنەوە لەسەر چ بنەمایەک ئەمە ئەنجام بدەین؟ ئایا سەیری دەرەوەی خۆمان بکەین، یان بۆ ئاکار بگەرێینەوە؟

ریمۆن ئارۆنی فەرەنسی لە باسی رۆڵی رۆشنبیردا دەڵێت: «ئارەزووی رۆشنبیر بەردەوام ئەوەیە کە واقیع لەگەڵ ئایدیالە تیۆرییەکان هەڵسەنگێنێ، نەک لەگەڵ تێکڕای واقیعەکانی دیکە و لە رێگەیەوە حوکم لەسەر وڵات و دامودەزگاکانی بدات» (١٦) ئەوەی ریمۆن ئارۆن

لێـرەدا ڕوونی دەكـاتەوە ئەوەیە، كـە ئێـمـە تیـۆرەیەكی عـەقـڵی ڕووتمان هەیە كـە سـەرچاوە و جـەوهەری هەمـوو واقیع و نەریتە جیاجیاكانە، جا ئایا ئەوە باشترە ئێمە دەركـەوتەكـانی عـەقـڵ وەربگرین كـە لە شـوێن و كـاتی جیاجیادا بۆ وەزیفەی جیاواز و تایبەت دەركەوتوون، یان بەرەو پیری خودی عـەقڵ بچین. ڕیمۆن دەیەوێ ئەوە ڕوون بكاتەوە كـە ئێـمـە لە بەرەو چوونمان بۆ دەركـەوتەكـان ڕووبەڕووی چۆنایەتی دەبینەوە. ئێـمـە بە گـۆڕینی چۆنایەتییـەكـان ناتوانین سیـستم و بنەمـای شـتـەكـان بگـۆڕین، هـەربـۆیـە نـاچـارین بـەرەوڕووی ئـایـدیـاڵـە تیۆرییەكان بڕۆین، كە ئەویش لە ناو عەقڵدایە.

لەوێدا ئێمە دەتوانین ڕووبەڕووی واقیعێكی نامۆ و بێ سـەرو بەر ببـینەوە، نەک بە هێـنانی چۆنایەتی و واقیعێكی دیكە، ئەگەرچی ئەمڕۆ كـۆمەڵگەی كـوردی ڕووبەڕووی ئەوە بۆتەوە كـە بەردەوام واقـیـعی تری بۆ دەهێنین و لە دەرەوەی خـۆی بەسـەریدا دەسـپـێنین، ئەم كـارەش بەشی هەرە زۆری ڕۆشنبیـران ئەنجـامی دەدەن. بەمـەش لە ڕۆڵی سـەرەكی خـۆیان دووردەكـەونەوە كـە بریتییە لە بیركردنەوە، نەک هێنانی واقیع و چۆنایەتی دیكە تا وەک ئەلتەرناتیڤ بۆ واقیعەكەمان بیهێنینەوە. بەهێزبوونی ئەم ڕەوتە گەورەیە كە هەم ڕۆشنبیران و هەم حكومەت و سیاسییـەكان تێیدا كۆک و بەشدارن، لە ڕێكەوتن لەسەر هێنانی واقیع و چۆنایەتی دیكە، نەک هەر بۆ سیستمی حكومەت و دەوڵەتداری، بۆ ناو ژیانی ڕۆژانە و هەڵسوكەوتی ڕۆژانەمان هەمـووی بۆ یەک خاڵ دەگەڕێتەوە، ئەویش ئەوەیە، ئێمە ناتوانین بیربكەینەوە. ون بوونی بیـركردنەوەیە كە ناتوانین ڕووبەڕووی ئایدیاڵە تیـۆرییـەكـان ببینەوە، هەتا بتوانین كوردانە سیـستم و دەوڵەتداری دابڕێژین.

هەر بۆیە ناچارین پەلامـاری چۆنایەتی تر و واقـیـعی دیكە بدەین. ئەمڕۆ نەک هەر سیاسییەكانی ئێمە هەژارن لە تەرحكردنی جـۆرێكی دیكە لە سـیـسـتـم، بەڵكو ڕۆشنبیـرانیش زۆر لەوان هەژارترن لەبیـركـردنەوە بـۆ لە دایک بوونی ئەلتـەرناتیـڤی ئەم واقـیـعـە بێ بنەمـایەی هاتۆتە ئاراوە. ئەوەشە ڕۆشنبیران سەرگەرمی ئەوەن قسە و باسی لێ دەكـەن. ئەوەیە كـە بەردەوام واقـیـعـێک لە زەینیـاندا هەیە و ئەم واقـیـعـە وەک تیـۆرە و ئایدیاڵ بۆ چارەسـەری گـرفت و ئالۆزییـەكـان بەكـاردەهێنن، هەربۆیە بەم كـارەیان نە چارەسـەر دێتـە ئاراوە، نە دەشـتـوانن بیـربكەنەوە. ئێستا با بگەڕێینەوە و بزانین ئاكار چۆن وەک ئەلتـەرناتیڤ و شـیـانێک لە بەرانبـەر نەریت و ئەخلاقی كۆمەڵایەتیدا دەردەكەوێت، ئەو هێزە چییە ئاكار لەبەرانبـەر نەریتـدا بەهێـز و ڕاگـیـر دەكـات و نـەریت ناتوانێت لەناوی ببات.

### ١٠- هەمەكیەتی ئاكار و گشتێتی نەریت

(هەموو كاتێک بەپێی ئەو ڕێوشوێنە كردار بكە. كە لە هەمـان كـاتدا بكرێت وەک یاسـایەكی هەمـەكی و سـەراپاگیـر دەركەوێت. ئەمە ئەو مـەرجە تاقـانەیەیە كـە ناهێڵێ ویست لەگەڵ خۆیدا ناكۆک بێت) (١٧).

ئێـمـە لە سەرەتادا باسی ویستی چاكـەمـان كرد، دواتر ئەم ویستـەمـان ڕاستـەوخۆ بە خودی عـەقڵـەوە بەستـەوە. بەستنەوەی عـەقڵ بە خودی ئاكارەوە كەمـێک غـەریب و ناڕادەیەكیش وەک ئەفسـانەیەک دەردەكەوێت، بەڵام خۆ ئەگەر هاتو قوولتر بڕۆینەوە ناو خودی ئاكار، ئەوە زۆر بە ئاسـانی ئەوە دەدۆزینەوە، كـە ئایا حكیـمـەتی مـانەوەی ئاكار لە چیـدایە؟ ئاكـار بەچی وەک یاسایەكی هەمـەكی دەمـێنێـتـەوە و بەكـات و زەمـەنێكی تایبـەتەوە وابەسـتـە نابێت؟ ئەوەی كانت دەیەوێت بیـڵێت ئەوەیە ئێـمـە چۆن بتـوانین بگەڕێینەوە ناو عـەقڵ و لەوێوە ئاكـار وەک دەركـەوتـەیەكی عـەقڵ بدۆزینەوە. واتە ئێـمـە هەمـیـشـە شـتێكی شـاراوە و دەرنەكەوتوو لە ئاكـارەكانماندا هەیە، چۆن ئێمە چۆنایەتی سیحرمان لێنەكات و ئەو شاراوەییە جارێكی تر بدۆزینەوە. كانت كـاتێک دەڵێت بەشێوازێک ڕەفـتـار بكە كـە ئەو كـارە ببـێت بە یاسـایەكی هەمـەكی لێـرەدا ئالـۆزییـەک هەیە دەبێت زۆر وریای بین، ئەویش جیاكردنەوەی هەمەكی و گشتییە. هەمەكییەت بەوە لە گـشـتی جـیـادەبێـتـەوە كـە پارچە پارچە نابێت و لە كـۆبوونـەوەی كـۆمـەڵێک بەشـیش پێک نایەت، هەروەها بوونی بە بوونی بەشـەكـانەوە وابەسـتـە نییـە، بەڵكو بۆ خـۆی بەناو خـۆیدا هەیە. هەرچی گـشـتـییـە پـارچە پارچە دەكرێت و لە كـۆبوونەوەی كـۆمـەڵێک پارچەوە پێكدێت، هەروەها ئەگـەر هاتو پارچەكـان نەمـان. ئەوە ئەو گشـتـییـەش نامـێنێت، بەڵام هەمـەكـییـەت خـۆی توانای دەرەوشـانەوە و دەركـەوتنە، لەپاڵ هەمـەكـییـەتدا بەشـەكی هەیە، بەڵام لە پاڵ گـشـتـیـدا بەش هەیە كـە وەک لە پارچەیەک لەو گشتە بوونی هەیە.

واتا گشـتی شـتێک نییـە بە تەنیا و ڕەها بێت، بەڵكو

کۆمەڵێک شتە کە پێکەوە کۆبوونەوەتەوە، بەڵام هەمەکییەت شتێکە هەر خۆیەتی و بە تەنیا و ڕەهایە، کاتێکیش دەردەکەوێت هەر خۆی دەنوێنێتەوە و بەردەوام لە هەر خۆیەتیدایە. واتە خۆنوێنە، بەڵام گشتی بەردەوام لە ئەو نوێنیدایە و ئەو نوێنە، چونکە بە کۆبوونەوەی ئەوەکان دروست بووە.

با نموونەیەک وەربگرین بۆ زیاتر والاّبوونی هزرەکە نموونەی یەکەم بۆ هەمەکییەت: (خودا) وەک چەمکێک و وەک بوونێک هەیە، بەڵام نەک لە واقیعدا، بەڵکو لە میتافیزیکای واقیعدا هەیە و نایەتە ناو زەمەنەوە و ڕابردوو و ئایندەی نییە. (خودا) بوونێکی هەمەکییە، چونکە بە کۆبوونەوەی کۆمەڵێک بوونی دیکە دروست نەبووە، پاشان (خودا) توانای دەرکەوتنی هەیە وەک ڕۆشناییەک لە زەمینە و کات و ساتی جیاوازدا، بەڵام ئەوەی دەینوێنێت هەر خۆیەتی و هیچی دیکە نییە، خودا ئەگەر هاتو لەناو بەشەکییەکدا عەینی نەبووەوە و دەرنەکەوت مانای ئەوە نییە کە نییە، بەڵکو هەیە و بوونی وابەستەیە بە بوونی خۆیەوە و بە ڕەهایی دەژیت. لە پاڵ ئەمەدا (عەقڵ- خودا- سروشت...تاد) ئەمانە هەموویان هەمەکییەتن و توانای دەرکەوتنیان لە واقیعی جیاجیادا هەیە، بەڵام هەر بەخۆیان دەنوێننەوە. جیاوازی ئایینەکان جیاوازی کات و شوێن و زەمەنی جیایە، ئەگەرنا هەموویان هەر تەجەللی بوونی خودان لە زەمیندا. ئەمە وەک بەرچاو ڕوونییەک بۆ هەمەکییەت.

نموونەی دووەم کە تایبەتە بەگشتی: جەستەی مرۆڤ بە تەنیا وەربگرین، ئەم جەستەیە بە کۆبوونەوەی دەست و قاچ و چاو و... تاد دروست بووە، دەتوانرێت ئەم جەستەیە پارچە پارچە بکرێت و لە یەکتری داببڕێت. ئەگەر هاتو لێک هەڵوەشایەوە، ئەوە جەستەکە نامێنێ و لە کۆمەڵێک بەشی جیاواز پێکدێت توانای کشان و گواستنەوەی هەیە، بەڵام ناتوانێت وەک خۆی دەرکەوێت، لە هەر بارێکدا بە جۆرێک دەردەکەوێت و خۆی دەنوێنێ. جەستە لەپاڵ ئاگردا ئەویش گەرمی وەردەگرێت و گەرم دادێت. لەپاڵ ساردیدا بەهەمان شێوە دەتوانرێت ڕەنگ بکرێت و...تاد.

ئێستا با بچینە سەر ئەوەی چۆن ئەم شەرحە بە ئاکار و بە نەریتەوە دەبەستینەوە. چۆن ئاکار لەگەڵ هەمەکییەتدا یەکانگیر دەبێت و چۆن نەریت تەعبیر لە گشتێتی دەکات؟

ئاکار بەوە دەبێت بە یاسایەکی هەمەکی و سەرتاپاگیر کە تەواو تەعبیر لە عەقڵ بکات و لە فۆرم و ویستی چاکەدا خۆی دەربخات. واتە هیچ سوود و بەرژەوەندییەک وەک پێشینە دانەنێت بۆ ئەو کارەی دەیکات، بەڵکو لەوێوە ئەو کارە بکات، کە کەسەکە هەست بکات ئەگەر هاتو ئەو کارەی ئەنجام نەدا، ئەوە بەرانبەر بە عەقڵ و ویژدانی خۆی بەرپرسیارە، بۆ ئەوەش ئەنجامی نادات کە سوود و قازانجی پێ ببرێت نەخێر! ئاکار لە خۆیدا بۆ خۆیەتی و بە تەنیا تەعبیر لە خۆی دەکات و خۆنوێنە. بەهیچ ئەوی ترێک و هیچ شتێکی دەرەوەی خۆیەوە وابەستە نییە، هەروەها بەم بێ نیازی و بێ مەبەستی لەگەڵ ئەو یەکانگیرییەی کە دەیکات لەگەڵ خودی عەقڵدا. پاشان خۆدانە دەست عەقڵ و ویستی چاکە، چونکە عەقڵ ناکرێت ویستی وەها بێت کە خراپە بخاتەوە، یان وێرانی و سەرگەردانی بەدوای خۆیدا بهێنێ. ئەوەی لە عەقڵ دەکەوێتەوە باشترین و چاکترین شیانە بۆ ژیان و بە ڕوحی مرۆڤ. ئاکار لێرەدا کە هاوئاهەنگە لەگەڵ عەقڵ و بێ نیازە لە خۆی وەک هەمەکییەت دەردەکەوێت و دەبێتە یاسایەکی هەمەکی نەک یاسایەکی گشتی. بەوەدا نابێتە یاسایەکی گشتی، چونکە چۆنایەتی نییە لە بنەڕەتدا هەتا کۆمەڵگە چاوی لێبکات و بیکاتە نەریت، چونکە پێشتر ئەوەمان ڕوون کردەوە کە ئاکار ئەو بەشە تیۆری و دەرنەکەوتوویی ناو کردار و گوتەکانمانە، کە هەم خالقی ئەو هەبووەیە و هەم ئەویش ژیان و زیندوویێتی پێ دەبەخشێت.

ئاکار بۆ ئەوە لە دایک نابێت کە ببێتە قانوونێکی گشتی و کۆمەڵگە بیکاتە نەریت، چونکە وەک گوتمان ئەوەی لە پاش ئاکار بڵاودەبێتەوە و دەبێتە نەریت ئەو سوود و قازانج و ئەنجامەیە کە لە ئاکار دەکەوێتەوە. ئێمە ئەوەمان ڕوون کردەوە کە ئاکار تەمای بەهیچ شتێکی دەرەوەی خۆی نییە، هەتا نیازی وابێت کە بە جۆرێک دەرکەوێت تا ببێتە قانوونێکی گشتی، چونکە ئەگەر هاتو بوو بە قانوونێکی گشتی، ئەوە لاسایی دەکرێتەوە و دەبێتە نەریت. نەریتیش هەمیشە خۆی نییە، بەڵکو بۆ مەبەست و مەرامێکی تایبەت گشتی دەبێتەوە. پاشان نەریت بۆ زەمەنێک و کاتێکی دیاریکراو دەیخوات و ڕەواجی هەیە. نەریت وەک ئاکار هێزی ژیان و مانەوەی نییە، چونکە لەگەڵ عەقڵدا هەماهەنگ نییە، بەڵکو لەگەڵ واقیعدا هەماهەنگە.

بەپێی حساباتی و بەرژەوەندی واقیع نەریت خۆی قایم دەکات، بۆیە بەردەوام نەریت لەگەڵ هەر واقیعێکدا، لە گۆڕاندایە ئەویش خۆی دەگۆڕێت و خۆی دەگونجێت تا بتوانێت خۆی بپارێزێت و خۆی گشتی بکاتەوە، بەڵام ئاکار، چونکە تیۆرییە و هەمەکییە، ئەوە توانای دەرکەوتنی لەناو مرۆڤێکدا هەیە کە بە ڕاستی بە ئیرادە و ئازایە، چونکە مرۆڤی ترسنۆک ناتوانێت دڵی خۆی ڕازی بکات، بەڵکو واقیع لە خۆی ڕازی دەکات، هەر ئەم بنەما پتەوەیە، وادەکات خۆ بەختکردنی قازی محەمەد کەس نەتوانێت بە کارێکی نارەوای بزانێت و بڵێت قازی محەمەد هەڵە بوو، مەگەر کەسانێک خۆیان واقیع پەرست و بەرژەوەندی پەرست بن.

## **١١- بەرژەوەندی گشتی و ئاکار**

ئایا پاراستنی بەرژەوەندی گشتی و پایەبەندبوون بەو بەرژەوەندییانەوە ئاکارە؟ ئایا ئاکار لەمایەی سوود و قازانجی بەرژەوەندی گشتییە؟ لە ڕاستیدا بۆ گەڕان بە شوێن ئەم وەڵامانەدا دەبێت سەرەتا بنەما و شوێنی لە دایک بوونی بەرژەوەندی گشتی دیاری بکەین، ئەوجا ئەوە ساغ بکەینەوە ئایا پێوەندی لە نێوان ئاکار و بەرژەوەندی گشتییدا هەیە؟ بۆ بەرژەوەندی گشتی دەتوانین بڵێین ئەو یاسایانەیە کە کۆمەڵێک لە سوود و قازانجەکەیدا بەشدارن، وەک یاسا بە گشتی و یاساکانی هاتوچۆ و هەموو ئەو یاسا و ڕێنماییانەی کە بە کۆمەڵەوە پێوەندیدارن. واتە لە ئەنجامی کۆبوونەوەی کۆمەڵێک خەڵک بەرژەوەندی گشتی دێتە ئاراوە. بە نەمانی ئەو کۆمەڵە ئەو بەرژەوەندی و یاسایەش بەرەو نەمان دەڕوات. واتە ئەگەر هاتو شار کەسی تێدا نەما و یەک مرۆڤ بە تەنیا مایەوە، ئیتر پەیڕەو کردنی یاساکانی هاتوچۆ بۆ ئەم تاقە کەسە نەک هەر ئەرک و پێویست نییە، بەڵکو هەر ماناشی نییە، واتە بەرژەوەندی گشتی مانا و بەهای لە دەستی ئەو گشتەدایە و بە نەمانی ئەو گشتە مانای نامێنێ. ئەمە لەلایەک لەلایەکی ترەوە پەیڕەوکردنی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵێک ئاڵۆزیی هەیە و سەبارەت بەو خەڵکەی لەگەڵ یەکتر کۆبوونەتەوە و نایهێڵێت. ئەو تاکانەشی پەیڕەوی ئەم سیستمە دەکەن، هەمیشە پەیڕەو کردنی ئەم سیستمە وەک ئەرک لەلایان دەکەوێتەوە، کە تاک ناچارە پەیڕەوی بکات، یان بەهۆی لاساییکردنەوەوە ئەنجام دەدرێت و ئەم یاسایانە دەبنە نەریت و کۆمەڵگە لەسەری دەڕوات. مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی هەمیشە وەک ناچارییەک، بەهۆی نەمانی ئەو چاوەی کە پاسەوانی یاساکان و بەرژەوەندی گشتی دەکات ڕووبەڕووی یاساکان دەبنەوە، ئەم مرۆڤە دەکەوێتە ژێر حاڵەتی سەرپێچی کردن، لە ڕۆژئاواشدا هەر لەمنداڵییەوە وەک نەریتێک شتەکان ئەزبەر دەکەن و پەیڕەوی لێ دەکەن. واتە لێرەدا شتێک هەیە کە ئەویش بوونی هۆشمەندییە، لێرەوە ئێمە دەکەوینە ناو ڕووبەڕووکردنەوەی ئاکار و بەرژەوەندی گشتی. بەرژەوەندی گشتی واقیعێک و پێویستییەک دەهێنێتە ئاراوە، هەر بۆیە بەرژەوەندی گشتی ئاکار نییە، چونکە ئاکار سەروکاری لەگەڵ عەقڵدا هەیە، بەڵام بەرژەوەندی گشتی بە واقیعەوە پابەندە، ئاکار وەک ئایدیاڵ بەبێ بوونی واقیع و بەبێ بوونی کارایی دەرکەوتن، بەهاو مانای خۆی لەدەست نادات، بەڵام بەرژەوەندی گشتی لەگەڵ نەمانی واقیعەکە ئەویش مانا و بەهای خۆی لەدەست دەدات، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ئاکار بەخێری بەرژەوەندی گشتی نەکەوێتەوە، چونکە ئاکار کاتێک ڕوودەدات، ئەوە ئەم ڕووداوە لەبەر ئەوەی عەقڵییە هەمیشە چاکە لەگەڵ خۆی دەهێنێ، بەڵام ئەم چاکەیە زۆرجار بەخراپە دەزانرێت و مرۆڤ وادەزانێت، کە ڕووبەڕووی خراپە بۆتەوە. ئاکار بەوەی ڕوویداوە بەپێی بنەماکانی عەقڵ بەڕێوە دەڕوات، بەڵام جێبەجێکردنی یاسا و بەرژەوەندییە گشتییەکان ڕووداونین، واتە ڕووداوێک نین کاتێک مرۆڤ پەیڕەویان بکات هەست بکات شتێکی کردووە کاتێک دەبێتە ڕووداو کە بەبێ بوونی چاوی پاسەوانی مرۆڤ ئەو بەرژەوەندییە گشتییە بپارێزێت، ئەمەش ئەو حاڵەتە کە ئەم نەریت و بەرژەوەندییە گشتییە عەینی دەبێتەوە و کەسەکە وەک هۆشمەندێک هۆش پەیدا دەکات و پەیڕەوی ئەو کارە دەکات. لێرەدا کەسەکە بۆ خۆی دەکات، واتە ئەو چاودێرە ناوەکییەی ناوخۆی ئەو کارەی پێدەکات، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەم کارە بەخێری کۆمەڵگە دەکەوێتەوە. بەمەش دەبێتە ڕووداو و وەک ڕووداو ئەم کارە دەردەکەوێت و دەبێتە ئاکار.

بەڵام بە دابڕان لەم حاڵەتە ناوەکییە و بەدابڕان ئەو سانسۆرە ناوەکییە ئەم کارە هەمیشە، یان وەک نەریتێک ئەنجام دەدرێت، یان لەناچاری و وەک ئەرکێک دێتە کردن. بەمەش هۆش لەو کارە غایب دەبێت و کارەکە لە

ڕووداوێتی خۆی دەکەوێت و دەبێتە کارێکی نائاکاری، با پەیڕەوکـــردنیش بێت لە یاســـا، یان پاراســـتنی بەرژەوەندی گشتی بێت، چونکە کەسەکە خۆی ئەو کارەی نەکردووە، بەڵکو کۆمەڵگە، یان ئەو چاوە پاسەوانە پێی کـردووە کـە وەک سـانسـۆر بەسـەر یاسـا و ڕێسـاکـانی کـۆمـەڵگەدا هەیە. بەمـەش بەهای ئەم کـارە بەهایەکی بۆشە و نـاکـرێت وەک ئاکـار ڕیزبەندی بکەین حـەقی پێ بدەین. لە ڕاسـتـیـدا زۆربەی کـات بەرژەوەندی گـشـتی نائاکارییە و زیاتر کارێکی واقیعییە، ئەمەش بەو مانایە نییە کە دەبێت دەست لەو پەیڕەوکردنە بەردەین. نەخێر! چونکە وەک گـوتمان بەو پەیڕەوکـردنە لە ئاڵۆزییـەکـان و قەرەباڵغی ناو کۆمەڵگە ڕزگارمان دەبێت، بەڵام لێرەدا لەم باسـەدا دەبێت هەقـیـقـەت نەشـارینەوە و بنەمـای بەرژەوەندی گـشـتی دەربخـەین، چونکە ئێـمـە لەناو باسـێکی تیـۆریداین نەک واقـیع و دارشـتنی یاسـا بۆ ڕێکخستنی واقیع.

## ١٢- ڕەوتەکانی نەریت

بەوەدا نەریت بنەمای نییە و لە پرۆسەیەکی مەعریفی و هۆشـەوە سـەرچاوەی نەگـرتووە، بایی ئەوەندەی تێـدا نیـیـە کـە مـرۆڤ خـەونی لەسـەر بینا بکات، چونکە نەریتـپـارێزان کـۆمـەڵێک خـەڵکی بەرژەوەندپەرست و قـازانج ویستن، کە لەپێناوی ئەو دەستکەوتە مـاددی و مەعنەوییانەدا ئەو نەریتە دەپارێزن و دەستی پێوە دەگرن، کە لە کۆمەڵگەدا بەدوای خۆیدا دەیهێنێت.

بۆیە ڕەوتەکـانی نەریت هەمـیـشــە بەرەو سـوود و بەرژەوەندی و قـازانجە و هەمـیـشـە دژی ئاکـارێکە کـە بە ڕاســتی لە دایک دەبێت، چونکە لە دایک بوونی هەر ئاکارێک بۆ نەریت مەترسییە، هەر ئەمەشە وای کردووە ئەمرۆ کـەسانی حەقویست و کـەسانی دڵسـۆز و بە وەفا هەمیشە لە دەرەوەی شتەکانن، چونکە بە ڕاستی ئەوەی ئەمرۆ هەیە وەک سیاسەت و ئایین و حکومەت هەمووی وەک نەریتـــێـک مــــاوە لە پێنـاوی ئەو ســـوود و بەرژەوەندییـانەی کە هەن. هەربۆیە ئەگەر هاتو ئاکارێک لەدایک بوو کـە مـەبەسـتی گـەیشـتنە بەهەقـیـقـەت و خزمـەتکردنی ڕاسـتـەقـینە بە خـەڵک، ئەوە نـەک هەر لە گۆڕەپانەکەدا نامۆیە، بەڵکو گەورەترین مەترسیشە بۆ ئەو نەریت و نەریتپاێزانە، بۆیە ڕاستی نەریت بە تەنیا نییە، بەڵکو بۆ پارێزگاری کردن لەخۆی دەموچاو و پاسەوان و

بەرگریکاری هەیە، هەمووشی ئەو بەرژەوەندییە کەسییەیە کـە لەگـەڵ نەریتـەکـەدا وێک هاتووەتەوە. ئەوەندە هەیە ئەوەی نەریت بۆی دەڕوات و شـتـەکـان ئاراسـتـە دەکـات کۆبوونەوەی کۆمەڵە بەرژەوەندییەکی تاکەکەسییە کە بە ناوی پاراستنی نەریتەوە هەیە و ژێرەوانکێ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان دەپارێزن.

## ١٣- ڕەوتەکانی ئاکار

لەبەر ئەوەی ئاکـار لە خـۆیەوە بۆ خـۆی دەڕوات و بێ نیـــازە لەو کـــارەی دەیکات. ئەوە بەهای خـــۆی لەناو خـــۆیدایەتی، نەک لەو مـــەبەست و ئاکـــارەی دوای ڕووداوەکە دەردەکەوێت، بەمە ئەو کارە وەک ڕووداوێکی تازە دەردەکەوێت و هەمیشە دەکەوێتە دەرەوەی پێشبینی کردنی مـرۆڤەوە. ئەم ڕەوتەی ئاکار دەیگرێتـە بەر ئەوەیە کـــە لەخـــۆیەوە بۆ خـــۆی دەڕوات، چونکە ئەوەی ئەو دەینوێنێت جگە لە عـەقڵ و ویستی چاکە هیـچی دیکە نییە و هەمیشـە لە کارەکەی خۆی، بێ مەبەستە هەربۆیە هەمـیـشـە ئاکـار وەک بنەمـا و وەک سـەرەتای شـۆڕش دەردەکـەوێت، چونکە ناکـرێت کـارێک بکرێتـە بنەمـا و جەوهەر کە ماددیگەرایە و ئامانجێکی واقیعی گچکەی هەیە، هەمـیـشـە ئەو بیـروباوەڕانە وەک پێش و بنەمـا دەردەکەون و توانای ئەوەیان هەیە کە جەماوەر لە خۆیان کۆبکەنەوە، کە زیاتر عەقڵێن و بێ مەبەست و بێ نیـازن لە خـۆیان، هەربۆیە زۆرجـار ئاکـار گـشـتی دەبێـتـەوە و دەبێتە نەریت. لەپاڵ ئەمەشدا هەمیشە نەریت لە بەرانبەر ئاکاردا لاوازە و تووشی ملکەچ بوون دێت، چونکە ئاکار بنەمـا و جەوهەری هەیە و لەسـەر مـاکـێک وەستـاوە کـە ئەویش عـەقـڵـە، کـاتێک دەردەکـەوێت نەریت ناتوانێت نکوڵی لێ بکات، یان نـایکات، بەڵکو ناچارە بۆ ئەو ئاکارە ملکەچ بکات. زۆرن ئەو نموونانەی کە لە مێژووی گـەلی کـورددا لەحزەی ئاکـارین و چۆکی بە دوژمنەکـانی داداوە. دیداری نێـوان مەلا مسـتـەفـا و سەدام حوسێن، یەکێکە لەو دیدارانەی کە بەڕاستی جێگەی ئەوەیە لێرەدا لەبەر ڕۆشنایی ئەم تیۆرییەدا بخوێنرێتەوە، ئەوەی سەدام حوسێن پشتی پێ قایم دەکات و قسەی لێوە دەکات ئەو وێنە ساختەیەیە کە نیشانی مەلا مستەفای دەدات، کە دارودەســتــەکـەی لە بەرژەوەندی خـۆیان ئەو وێنەیەی سـەدامـیـان پاراسـتـووە، بەڵام کـاتێک مـەلا مسـتـەفـا دەکەوێتە قسەکردن لەگەڵ سەدام حوسێندا، چونکە مەلا

مستەفا لەناوخۆیدا پشت قایمە بەو حاڵەتە ناوەکییەی خۆی کە ئەویش تەعبیر کردنە لە دڵی خۆی، لێرەدا سەدام وەک سەرکردە نابینێت، بەڵکو وەک کەسێکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵ دەکات و سەدام تووشی ترس و سەرسوڕمان دەبێت، چونکە مەلا مستەفا وەک یەکەمین جار و وەک ئێستای سەدام مامەڵە دەکات. نەک وەک ڕابردوو و ئەو وێنە ساختەیەی کە بۆیان دروست کردووە، لە ڕاستیدا بەم ڕووداوە سەدام بچووک دەبێتەوە و مەلا مستەفا گەورە دەبێت.

بۆیە ناتوانێت دوایی ئەوە نەڵێت کە مەلا مستەفا کاتێک سەیری ناوچاوی سەدام دەکات چاوی نەترووکاندووە. ئەوەی مەلا مستەفای گەورە کردبوو ئەم ئاکار و ئەخلاقە ناوەکییەی ناوخۆی بوو، بۆیە کاتێک ڕووبەڕووی هەر کەسێک دەبووەوە، ئەگەر دۆست بایە ئەوە نەرم و لێبوردە بوو، ئەگەر دوژمنیش بایە توندو حەق پەرست بوو، ئەم ئاکارە کاتێک دەرکەوتی کردووە لەلای قازی محەمەد و شێخ مەحموود و مەلا مستەفادا، هەوێنی شۆڕش و ڕازی مانەوەی کوردانیشە وەک نەتەوە. ئەوەی کە ناهێڵێ کورد ببێتە شتێک ئەم ئاکارەیە و ئەوەشی دەیپارێزێت هەر ئەم ئاکارەیە. لەوێدا کە ئەم ئاکارە ناهێڵێت کورد ببێتە شتێک، ئەوەیە کاتێک کورد دەکەوێتە مامەڵە لەگەڵ زلهێزەکانی دنیادا. سەرەتا پێوەندییەکە ئاساییە، بەڵام کاتێک کورد هەست بکات کە لەسەر حسابی شەرەف و کەرامەتی خۆی دەیکەنە دەوڵەت، یان پارە و سەروەت و سامانی دەدەنێ، ئەوە ئەم ئاکارە ناوەکییە خرو پەیدادەکات و کورد تووشی بێ تاقەتی دەکات و لەگەڵ ئەو هێزەدا دەکشێتەوە و دەچێتەوە دۆخی جارانی خۆی. نموونەشمان لە مێژوودا زۆرە، وەک شەڕکردن و دۆستایەتیکردنی شێخ مەحموود و ئینگلیز، شەڕ و دۆستایەتی حکومەتی ئەوکاتی عیراق و مەلا مەستەفا. ئەو ئاکارەش ڕاز و نهێنی مانەوەی کوردە، کە ئەم ئاکارەش لەبەر ئەوەی عەقڵییە و هێشتا دەرنەکەوتووە، ئیتر کورد وەک گەلێک هەمیشە خەونێکی دواخراوە، کە لەو زەمینەدا خۆی ئاشکرا دەکات و دەردەکەوێت کە وەک خۆی قبووڵ دەکرێت، ئەوەش ئەم ئاکارە دەستەڵاتدار و بریار بەدەستە.

واتە لێکۆڵینەوە لە ئاکار یەکەمین خاڵ و یەکەمین وێستگەیە کە ئێمە دەستی بدەینێ بۆ ناسینی کورد و دارشتنی تیۆرییەکی پوخت بۆ خوێندنەوەی کورد وەک نەتەوە و دەستگیربوونی ئەو پرسیارانەی کە تائێستا بێ وەڵام ماونەتەوە.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**


**١- أمانويل كانت، تاسيس ميتافيزيقا الأخلاق، ترجمة: د. عبدالغفار مكاوي الطبعة الاولى، كولونيا، المانيا، ٢٠٠٢، ص١٩.**

**٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣.**

**٣- بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.**

**٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.**

**٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤.**

**٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠.**

**٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧.**

**٨- بڕوانە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.**

**٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨.**

**١٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨.**

**١١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤١.**

**١٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.**

**١٣- شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم ٢م٠ر٠ هاوار، لەندەن، لاپەڕە ٧٦١.**

**١٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦٤.**

**١٥- عومەر مەعرووف بەرزنجی، نور بەخشی، شیعرەکانی مەلیکی کوردستان شێخ مەحموودی بەرزنجی چاپی یەکەم، سلێمانی ساڵی ٢٠٠٦ لاپەڕە ٣٩.**

**١٦- ڕۆشنبیر کێیە؟ چارەنووسی چییە، کۆمەڵە وتار. و: سۆران عەلیپوور چاپی یەکەم، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧ لاپەڕە ٢١.**

**١٧- أمانويل كانت، تاسيس ميتافيزيقا الأخلاق. ص١٣٠.**

# مانگ و کەتتان

د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی پەروەردە)

شـیـعـری کـۆن و کـلاسـیـکی کـوردیمان بە بابەت و مەبەستی جۆراوجۆر و ڕەنگاوڕەنگ دەوڵەمەندە. یەکێک لەو بابەتانەی بۆتە کـەرەسـەی چەندان وێنەی شـیـعـری هونەری، کـە بە هۆیانەوە بە دەسڕەنگینی شاعیـرەکانمان زیاتر ئاشنا دەبن.

مـانگ و کـەتـتـان ڕووداوێکە، یان گـێـڕەوەیە بۆ ڕووداوێک کـە خـۆی زۆر لە ئەفـسـانە نزیک کـردۆتەوە، واتە: ئەگەر شـەوق و ڕۆشنایی مـانگ بەرگوڵ و پارچەی کـەتـتـان بکەوێ، ئەو جـۆرە گـوڵ و پارچانە لە شـوێنی خۆیاندا دەڕزێن و پارچە پارچە دەبن. ئەو بینین و (پێک گـەیشتن) لەناوچوونە لای شـاعـیـرەکانمان بۆتە هەوێنی شـیـعـر و داهێنانی وێنە هونەرییـەکـانی شـیـعـر. ئەم لەناوچوون و داڕزانەش بە حسێبی ئەو گیانفیداکاری و خـۆبەخت کـردنانە دێت کـە لەنێـوان عـاشق و مەعشـوقەکەی بە ئەنجام دەگەن، تاڵە مووەکی باریکیش بە دنیای سۆفیگەری (تصوف)یش دەبەستێتەوە.

* خانی دەڵێ(١):

**نەیلوفەرە دل، توئافتابی**
**تەن شبهی کەتان تو ماهتابی** ١٥٠

خـانی بەو دوو نیـوە دێرە شـیـعـرە، دوو تابلۆی زۆر جوانی نەخشاندووە و چەند شتێکی تریشی ورووژاندووە کە بە هەردوو کاتە وەختی (ڕۆژ، شەو) ئەنجام دەدرێن. لەنیوە دێری یەکەم دەڵێ: دڵم وەک گوڵە گیای نیلۆفەرە و تۆش خۆری تاقی ئاسمانی، نیلۆفەر ئەو گوڵە جوان و ناسکەیە، دیارە خـۆی لەبەر گـەرمـا و تین و ڕووناکی خۆرناگرێ و سیس دەبێ و تێک دەچێ و نامینێ، بۆیە بە خۆرپەرستیش ناوی دەرچووە.

لەنیوە دێری دووەمدا، تەنی خۆی و هەموو بەشەکانی

به گوڵە کەتتانی چواندووە، گوڵە کەتتانیش بە ڕۆشنی مـــانگ دادەڕزێ و لەناودەچێ، وەک دەڵێن: دەبێ بە عەمبارە سۆت، واتە؛ فەوتاو لە کارکەوتوو. ئەوەی جێی ســەرنجــە لەو دێرەدا، ڕوخـســاری خـۆشــەویست و مـەعـشـوقـەکـە دوو دەور دەگـێـڕێ، یەکـەم بە ڕۆژە و دووەمـیش بەشـەو. خـانی دوو جـۆرە گـوڵـی (تایبـەتی) هێناوە، کـە ئەوانیش بەرانبـەر بە گـڕوتین و ڕووناکی و ڕۆشنایی خـۆرومـانگ ناتوانن درێژە بە ژیان و بوون و بەردەوامی خۆیان بدەن.

* مەولەوی دەڵێ(٢):

**بەڵام کون تاقەت دین دڵدارم**

**ئەو مەه چیهرەسان، من کەتان وارم** ٢٧٢

لـە دیـوانـی مـــــــــولـەوی ئـەم دێـرە بـەو چـەشـنـە لێکدراوەتەوە: (کون: کـوا. مـەه چیـهرەسـان: ڕوو وەک مـانگ. کەتتان: جۆرە پارچەیەکە ئەڵێن ئەگەر تیشکی مانگە شەو لێی بدا دادەڕزێ. واتە: بەڵام لەگەڵ ئەوەشا من کـوا توانای چاوپێکەوتنی یارم هەیە کـە ئەو ڕووی وەک مانگ وایە و من وەک کەتتان وام، هەر کە سەیرم بکا دا ئەفرەقێنم)(٣).

* سالم دەڵێ(٤):

**پرتەوی عارضی یار و دڵی سەر پارەیی من**

**قسەیی شەوقی مەه و چاکی کەتانە بە عمر** ٧٠

ســالمی ســاحـێـبـقـران چەند وێنەیەکی شـیـعـری ڕەنگاوڕەنگ و جوانی لە مانگ و کەتتان نەخشاندووە. تیشک و بریقە و ڕۆشنایی ڕوخساری یار و دڵی سەت پارچە پارچەی ئەو، وەکـو گـۆتەی تیـشـک و ڕۆشنایی مانگ و داڕزان و عەمبارە سۆتی کەتتانە. (بەعومر)یش پاش سەرەوای شیعرەکەیە.

* دیسان دەڵێ(٥):

**شکوە بێ حاصلە (سالم) لە جەفا و جەوری حەبیب**

**کێ دەسێنی لە مەهی چاردەهەم دادی کەتان** ٩٠

سـالم، گلەیی و گـازاندەکـانی تۆ، لەبێ وەفـایی و دڵڕەقی خۆشەویستەکەت و ستەمەکانی، بێ ئەنجامە و هیچ سوودێکی نییە، کێ گوێ لەو قسانە دەگرێ. بزانە کـەس هەیە داد و مـافی گـوڵـە ناسکەکـانی کـەتتـان لە مانگی چواردە بسەنێتەوە.

* دیسان دەڵێ(٦):

**نەوبەهاری من خەزانە وەقتەکەی صبحم تەمووز**

**پرتەوی ماهە غەم و چاکی دەروونم وەک کەتان** ٩٧

بێــزاربیــەکــانی ســالم لەو دێرە فــرە چەشن و ڕەنگاوڕەنگن. دەڵێ: سەرەتای بەهاری من وەرزی پاییز و خەزانی منە، کاتی سبەینان لە جیاتی شنەبای فێنک، لە گـەرمـیـدا وەکـو مـانگی تەمووزە. ڕۆشنایی مـانگ چ کارەساتێک بەسەر کەتتان دەهێنێ، غـەم ئاوا دەروونی پارچە پارچە کردووم.

* حەمدی دەڵێ(٧):

**شەوقێکی چەند کەسیفی هەبوو ماهتابی کورد**

**هەر داڕزا بە دەفعەیێ ڕیزەیی کەتانمان** ٧٧

حـەمـدی لەو دێرە شیـعـرەدا دەڵێ: شـەوق و ڕۆشنایی مـانگی کورد ئەوەندە زۆر و چڕوکاریگەر بوو، هەریەکە و جار کەتتانەکانمانی داڕزاند و پارچە پارچەی کرد.

* ئەحمەد موختار بەگی جاف دەڵێ(٨):

**دڵی زارم بە دایم بەستەیی زنجیری گێسووتە**

**وجودی وەک کەتانم لەت لەتی شوعلەی مەهی ڕووتە** ١٦٢

دڵی زەبوون و بێ هێـزی (نەخـۆش)ی شـاعـیـر، بە زنجیـری پرچ و ئەگریجەی خۆشەویسـتەکەی وابەسـتە و پابەندیەتی. بوونی وەک کەتتانی خۆشی کە لەت لەت و داڕزاوە، بۆ ئەو شەوق و ڕۆشناییە بەهێزە دەگەڕێنێتەوە کە لە ڕوخساری هەمان خۆشەویست بەرەو ڕووی بۆتەوە.

* پیرەمێرد دەڵێ(٩):

**بەشەدەی لارو، کراسی کەتان**

**وەک مانگ کەتانی جەرگیان ئەسووتان** ١٨٤

کەتـتـانی نیـوەدێری یەکـەم: جۆرێکە لەو قـوماشـەی لە هەمان ڕووەکی کەتتان دەچنرێ و دروست دەکرێ.

کەتتـانی نیـوەدێری دووەم: باس لە گۆتە و کردارەکەی (مـانگ و کـەتـتـان)ە، ئینجـا چ بۆ پارچەکـە بێت یاخـۆ گوڵەکەی.

پیـرەمــێـرد لە شـیـعـری (کـزەی دەروون)دا باس لە ڕۆژانێک دەکا کە یاد و یادەوەرییەکانی بیرناچنەوە. لەو دێرەش باس لە جـوانی و قـەشـەنگی (نازدارانی جـاف) دەکا. ئەو نازدارانە بەشەدەی لاری سەریان و کراسی گوڵ گوڵی کەتتانییـان، وەکو مانگی چواردە کەتتانی جەرگی ئەو خەڵکەیان دەسووتاند.

* شێخ سەلام دەڵێ(١٠)

**جێی ئێخەی کەتان کاتی مانگەشەو**

**لادراو لە لات وەختی شیرین خەو** ١٢٥

کەتتان و مانگە شەوەکە، کەرەسەی سەرەکی ئەو دێرە و وێنە شیعرییەکەیەتی. شێخ سەلام لەو دێرەیدا (کەتتان و مانگی) بە ئاقارێکی تردا بردووە.

* عەونی دەڵێ(١١):

**کە مانگی ڕووت لەشامی پەرچەمت دەرکەوت چ بەرپا بوو**
**کتوپڕ عاشقی ڕووت یەک یەک دەردی کەتانی گرت ٢٩**

عەونی ڕووی مەعشووقەی بە مانگ چواندووە. ڕەشی پەرچەمی بە تاریکی شەو. دەڵێ: ئەوکاتانەی ڕووی جوانت بە باق و بریقەوە لەنێو تاریکی پەرچەمت دەربکەوێ چ ڕوودەدا، یان چ کارەساتێک ڕوودەدا؟! مەعشووقە دەرکەوێ، عاشقان کتوپڕ، بێ سێ و دوو، ئەوانەی عاشقی ڕووتن یەک لە دوای یەک دەردی کەتتان دەگرن و هیچ عیلاجیشیان نییە.

* سابری دەڵێ(١٢):

**کەتانی وجودم بە (بدری) جەمالی**
**کە سووتا بسوتی هەمیسان خودایا ٣٦**

واتە: چۆن مانگ کەتتان دەسووتێنێ و دایدەڕزێنێ و لە کارو جوانی دەخا. ئاوا (بەدری جەمالی) ڕوخساری وەک مانگی چواردە ئاسا، بوون و وجوودی شاعیری هەر نەهێشتووە و فەوتاندوویەتی، سەرەڕای هەموو ئەوانەش شاعیر لە نیوەدێری دووەم لە خوای گەورە دەپاڕێتەوە و دوعا دەکا کە ئەم کارە دووبارە بێتەوە. دیارە شاعیر بەردەوام خۆی ئامادە کردووە بۆ ئەو نەمان و فیداکارییە.

* دیسان دەڵێ(١٣):

**من کەتان ئاسا بە شەوقی حوسنت ئەی بەدری مونیر**
**گەرچی سووتاوم لە ئازاری برین ناکەم نەفیر ١٩٨**

من وەکو کەتتان بە شەوق و ڕۆشنایی ڕوخساری جوانی مانگی چواردە ئاسات سووتاوم، لە ئێش و ژانی پڕ ئازاری برینەکان نە دەنگم بەرز دەکەمەوە و نە هاتوهاوار دەکەم، واتە سووتانەکەم زۆر بەبێ دەنگی دەبێ.

لە کۆتایی ئەم باسەدا هەر ئەوە ماوە بڵێم: لە (٩) باغ و مێرگی شاعیرەکانمان توانیومانە چەپکێک لە (١٢) گوڵی ڕەنگاوڕەنگ و جوان بنەخشێنین، بە هیوای ئەوەی خزمەتێکی بچووکی مێژووی ئەدەبی کوردیمان کردبێت.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**


**(١) ئەحمەد خانی، مەم و زین، ئامادەکردن و پەراوێز نووسینی هەژار، ئەنستیتۆی کورد، پاریس، ١٩٨٩.**

**(٢) مەولەوی (دیوان)، لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، چاپخانەی (النجاح)، بەغدا، ١٩٦١.**

**(٣) سەرچاوەی پێشوو.**

**(٤) سالم (دیوان)، چاپی دووەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٧٣.**

**(٥، ٦) سەرچاوەی پێشوو.**

**(٧) حەمدی (دیوان)، ساغکردنەوە و ڕێکخستن و چاپکردنی عەبدوڵڵا خدر مەولود، چاپی سێیەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٨.**

**(٨) ئەحمەد موختار جاف (دیوان)، بە کۆششی ئەفراسیاب ئەحمەد موختار جاف، چاپخانەی (الأدیب)، بەغدا، ١٩٨٦.**

**(٩) پیرەمێرد (دیوان)، ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.**

**(١٠)سەلام (دیوان)، ئامادەکردن و پێداچوونەوەی ئومێد کاکەڕەش، چاپی دووەم، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، ١٩٩٠.**

**(١١) عەونی (دیوان)، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٧.**

**(١٢) سابری (دیوان)، کۆکردنەوەی شێخ عەبدولڕەحمان نەجمەدین سابری، چاپی یەکەم، چاپخانەی شارەوانی، کەرکوک، ١٩٦٩.**

**(١٣) سەرچاوەی پێشوو.**

# ئەو ڕۆژنامەنووسە کوردەی عەرەب شانازی پێوە دەکات و کورد نایناسێت

**جەواد حەمەد بەگ ساڵح**
**(کۆیە)**

سەعید فەهیم، ناوی تەواوی سەعید سەلیم ئەمیناغای (ئەختەر)، بەکراغای (قاصد) حەوێزییە، ساڵی (١٩٠٩) زاینی لە گەڕەکی (بەفری قەندی) کۆیە چاوی بەدنیا هەڵهێناوە. پەرۆشیی خوێندن نەریتێکی بنەماڵەکەی بووە، بەتایبەتی ئەمیناغای (ئەختەر)ی باپیری کە بە مەبەستی خوێندن ڕوودەکاتە بەغدا، وەلێ بەهۆی مردنی بەکراغای حەوێزی باپیری، واتا (قاصیدی شاعیر) وا لە ئەختەر دەکات دەست لە خوێندن هەڵبگرێت و بگەڕێتەوە کۆیە و لە تەمەنی (١٥)ساڵیدا دەبێتە جێنشینی باوکی. سەعید فەهیم لە تەمەنی شەش ساڵیدا دەچێتە بەر خوێندنی حوجرە، لە سووختەخانەی (مەلا سەعدە کەرە) کە یەکێ لە سێ سووختەخانە گەورەکەی کۆیە دەبێت. وێڕای هەبوونی کۆمەڵێ سووختەخانەی بچووک کە لەسەرجەم مزگەوتەکانی کۆیە دا. کاتێ لە بەهاری (١٩٢٠) یەکەم قوتابخانەی ڕەسمی (ئوولای کۆیە) دەکرێتەوە، هەرسێ سووختەخانە گەورەکە و بچووکەکان بە فەقێ و شاگردانەوە (قوتابیان) بە مەلا و مامۆستاکانیانەوە ڕژانە ناو ئەم قوتابخانە ڕەسمییە (ئوولای کۆیە) سەعید فەهیمیش یەکێ لەم قوتابیانە بوو پێوەندی بەم قوتابخانەیە کردووە و لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی قبووڵ کراوە، ئەمانەش ناوی هێندێ لەو قوتابیانەن کە هاوپۆلی (سەعید فەهیم) بوونە لە ساڵی خوێندنی (١٩٢٠/ ١٩٢١) لە قۆناغی پۆلی شەشەمی سەرەتاییدا کە لە قوتابییە هەرە دێرینەکانی کۆیە ئەژمار دەکرێن:

١- حەمەدەمین حاجی ساڵح
٢- جەلال حاجی ساڵح
٣- نەجیب تاهیر چەلەبی
٤- جەمال وەهاب ئەفەندی
٥- عەبدولفەتاح مەلا عیزەت

٦- حەمە زەکی ئەحمەد هەناری
٧- عومەر حاجی محەمەد (لجو)
٨- عەبدولڕەحمان نووری جان
٩- ڕەشید عارف سەقا
١٠- نووری عەبدوڵڵا
١١- عەبدوڵڵا عومەر کەرکووکی
١٢- عوسمان حاجی ئیبراهیم
١٣- هادی تۆفیق ئاغا. (١)

.............................

لە هەمان ساڵدا (١٩٢٠/١٩٢١) بڕوانامەی پۆلی شەشەمی سەرەتایی بەدەست دەهێنێ، کە بۆ ئەم کاتە بڕوانامەیەکی بەهادار بوو، لە خانەی مامۆستایانی باڵا (دار المعلمين الراقي/بغداد) کە ماوەی خوێندنەکەی سێ ساڵ دەبێت، قبووڵ دەکرێت، خوێندن لەم خانەیەدا گەلێ سەخت و قورس دەبێت، کەم قوتابی هەبووە بەبێ مانەوە (کەوتن) بتوانێ تێی پەڕێنێ، هەر بۆیەش (سەعید فەهیم) لەبری سێ ساڵ بەچوار ساڵ، بڕیویەتی، پاشانیش یاسا و ڕەوتی ئەم خانەیە گۆڕدراو بە بڕوانامەی سێیەمی ناوەندیی قوتابی لێ قبوڵ دەکرا، خوێندن لە قوتابخانەی ئوولای کۆیە چەشنی خوێندنی حوجرەکان بە زوبانی تورکی و فارسی و ئینگلیزی بوو، دواتر زمانی فارسی وەلانراو خوێندنی عەرەبی شوێنی گرتەوە، خوێندن بە زوبانی کوردی تا ساڵی خوێندنی (١٩٢٥/ ١٩٢٦) لە ئارادا نەبوو، بەڵام دوای ئەم مێژووە هەندێ کتێبی ئایینی و خوێندنەوەی عەرەبی لەلایەن وەزارەتی مەعاریفەوە وەرگێڕدرانە سەر زوبانی کوردی، هۆکاری ئەم کارە بوێرەش کاردانەوەی کارە مێژووییەکەی جەنابی مەلا محەمەدی جەلیزادە (مەلای گەورە)ی کۆیە بوو، کاتێ لە ساڵی (١٩١٩) کە قازی دادگای کۆیە بووە، لەسەر ئەستۆی خۆی بۆ یەکەم جار لە کوردستان لە یەکەم دەزگای ڕەسمی نووسینی (مکاتب) کردە کوردی(٢)، لەسەرەتادا لە قوتابخانەی ئوولای سەربەپەروەردەی بەغدا بوو، پاشان سەر بە مووسڵ کرا، ئەوسا کەرکووک دوایین جاریش هەولێر، لەکاتی کردنەوەیی قوتابخانەی ئوولا بە (مدرسة تعالي كوی سنجق) ناوزەد دەکرا، پاشانیش ناوەکەی کرا بە (ئوولای یەکەم) تاوەکو ئەمڕۆش ئەم ناوەی هەر پاراستووە. نازناوی (فەهیم)ی لەلایەن مامۆستا (عەبدولڕەحمان شەرەفەوە) پێی دراوە، شەرەف نازناوی بۆ قوتابییەکانی دادەنا، وەک: (سەعید فەهیم، محەمەد زەکی، نەجیب نەجمی، عبدولمەجید مەجدی، عەبدولفەتاح فەتحی، سابر



سەعید فەهیم

سەبری، محەمەد لوتف.... تاد) هەر لەمانگە یەکەمەکانی قۆناغی دووەمی (١٩٢٢/١٩٢٣)ی خوێندنیدا، ئەو کاتەی کە تەمەنی تەنیا سێزدە ساڵان بووە، بەهرە و توانا و بلیمەتیی لێ گەشایەوەو ڕەنگی دایەوە. بۆ یەکەم جار لە مێژووی عیراقدا و دووەمین وڵاتی عەرەبی لە دوای وڵاتی میسر، گۆڤارێکی منداڵانی بەناوی - التلميذ العراقي- لە ٩ی تشرینی یەکەمی (١٩٢٢)دا ئەم گۆڤارە لە بەغدا لەلایەن (سەعید فەهیم)ەوە کە قوتابییەکی کورد بوو دەرچووە(٣). هەروەها (سالمة علي عبود)یش لە کتێبەکەیدا من- صحافة الطفل- تطور مجلات الأطفال- الجمهورية العراقية- دار الفجر للنشر و التوزيع لە ) لەلاپەڕە ٥٥دا دەڵێت: (عیراق شانازی دەکات دووەم وڵاتی عەرەبییە لە دوای کۆماری میسری عەرەبی گۆڤاری- التلميذ العراقي- قوتابی عیراقی، لە ساڵی (١٩٢٢) لە عیراق لەلایەن (سەعید فەهیم)ەوە دەرچووە(٤) ئەوەی لێرەدا جێگای ئاماژەیە ئەوەیە کە عەرەب بەگشتی و عیراق بەتایبەتی شانازی بە (سەعید فەهیم)ەوە دەکات، کە کوردێکی کۆییە، مخابن ئێمەی کورد وەک پێویست نایناسین و مافی خۆیمان نەداوەتێ، هەر (هادی نعمان الهيتي) بەردەوام دەبێت و دەڵێت: (لەو مێژووە بەدواوە ئاوڕ لە ڕۆژنامەنووسی منداڵان درایەوە و ئەزموونی (سەعید فەهیم) ڕەنگی دایەوە و دەیان گۆڤاری منداڵانی بەدواوە هات). کاتێ (سەعید فەهیم) خانەی مامۆستایانی تەواو کرد، وەک مامۆستا لە قوتابخانەی ڕواندز دامەزرا، فەهیمی نووسەر و ڕۆژنامەنووس دامەزراندنی لە ڕواندز هاوکات بوو لەگەڵ دەرچوونی گۆڤاری زاری کرمانجی (١٩٢٦/٥/٢٥-

١٩٣٢/٧/٢٣) و ڕۆڵێکی کـاریگەری لە دەرچوون و سەرخستنی ئەم گۆڤارەدا بینی، لە ژمارە (٥)ی لاپەڕە (٢٤)ی گـــۆڤـــاری زاری کـــرمـــانجی ئەم هەواڵەی بڵاوکـــردۆتەوە، لەژێر ناوونیـــشـــانی «منت دارێکی ئاشکرا». «ڕۆژی شەممە دەی مانگی حازر، جناب قایمقام (کەریم بەگ) بۆ ئەمەی کە سەرپەرشتێکی مەکتەب و شاگردان بفەرموێ تەشریفیان هێنا مەکتەب، بەڕاستی مەعارف پەروەردیتی خۆی نواند، هەیئەت مەدرەسە و دیدەوان (کشافە)ی مەمنوون کردن، لە پێش شاگردەکان چەند قسەیەکی جوانیدا فەرموو و دڵخۆش کردن، هەر لەو چاخەدا ئەم زاتە گەورانە کومەکی دیدەوان لە ڕووی هەیئەت و مەعارف پەروەردیەوە غیرەتیان نیشان دا»

| ناو | لیرە |
|---|---|
| جەنابی قایمقام (کەریم بەگ) | ٥ |
| ڕەشید ئاغای هەرکی | ٣ |
| شێخ مەحمەد ئاغا | ٢ |
| تۆفیق ئەفەندی | ٢٠ ڕوپیە |

گەلێک منەت بەرداری ئەو گەورەو خۆشەویستانەین (٥). (مامۆستا دیدەوان- ڕەواندز)- (سەعید فەهیم).

هەر لە هەمان گۆڤاردا (زاری کرمانجی) لە زنجیرەی ژمارەکانی (٢٤،١٩،١٧،١٦) بابەتێکی گرنگی تایبەت بە پەروەردەی منداڵ لەژێر ناوونیشانی (ئاگاداری منداڵ- (پەروەردەکردنی منداڵ) نووسیوە.(٦) کە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان بایەخ و بەهای خۆی نەدۆڕاندووە. لە هەمان گۆڤاردا، ژمارە (٥)ی ساڵی (١٩٢٨) ئەم نووسینە هەواڵنامێزەی بڵاوکردۆتەوە کە ڕۆڵی پەروەردەیی و کۆششی (فەهیم سەعید) لە بواری نەهێشتنی نەخوێندەواری دەنوێنێ، ئەمەش دەقەکەیەتی: (مەدرەسە شەوی ئەهالی لە ڕواندز، لە سایەی هیمەت و غیرەتی موتەسەریف، وەسعی و کۆششی معەلیمان (سعید فەهیم ئەفەندی و وەناجی ئەفەندی) مەکتەبێکی زۆر چاک بۆ وان کراوەتەوە، نزیک (٧٠) شاگرد لە ئەسنافی شار دەچنە خوێندن، بەڕاستی معەلیمەکان چاک دەکۆشن) بەم چەشنە تا دوایین ژمارەی ئەم گۆڤارە لە ساڵی (١٩٣٢) بە چیرۆک و نووسینە جوان و بەهایەکانی ئەم گۆڤارە ڕازاوەی ڕازاوەتر و دەوڵەمەندتر دەکرد، لە دوای ئەم مێژووە وەک مامۆستا گوازراوەتەوە قوتابخانەی ئوولای شارە دێرینەکەی کۆیە. (سەعید فەهیم) پانتاییەکی گەورەو بەرچاوی لە گۆڕەپانی ڕووناکبیری داگیر کردبوو، چاوگ بوو، لە هەموو لایەکەوە زانستخوازان ڕوویان تێدەکرد و زانستیان لێوەردەگرت و لێ هەڵدەهێنجا، نموونەشمان ساڵی (١٩٣٢)ە کاتێ عەلی سەیدۆ گەورانی لە گەشتەکەیدا (لە عەمانەوە بەرەو ئامێدی) یەکەم کەس لە کۆیە پێوەندی پێوەکرد (سەعید فەهیم)بوو، پاشانیش بە کاکەی حاجی مەحموود، (سەعید فەهیم) یاوەری عەلی سەیدۆی کرد لە گەشتەکەی بۆ چنارۆک و هێندی گوندی دەشتی کۆیە و خۆشناوەتی، سەیدۆ زۆرینەی زانیارییەکانی تایبەت بە کۆیە و دەوروبەری لە (سەعید فەهیم) وەرگرتووە.(٧) وێڕای ئەمانەش (سەعید فەهیم) لە قۆناغی شانۆی قوتابخانەیی (١٩٣١/ ١٩٤٠) ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە، چیرۆکەکانی ناو کتێبی خوێندنەوەی عەرەبی وەردەگێڕایە سەر زمانی کوردی و ئامادەی دەکردن بۆ شانۆ و دەری دەهێنان و دەورەکانی بەسەر قوتابیانی قوتابخانەی ئوولای کۆیە و پاشانیش لە دوای ناوەندی سییەکان لە قوتابخانەی سانیەی زانستی ئەمڕۆ، لە کاتی ڕێزکردنی قوتابیان لە هەموو بەیانییەک بە قوتابیانی نمایش دەکرد، لە مانە: شێرێکی گێل (الأسد الغبي) و ئارامی و ددان بەخۆدا گرتن (الصبر و التحمل) و مام ڕێوی و حەق بەحەق ر حەوت برای کورتە بالا...) و گەلێکی تر (٨). مامۆستا (سەعید فەهیم) یەکێک بوو لەو سیاسەتمەدارە دێرینانەی کە بناغەو بنەمای حزب و گرووپیان دامەزراندووە، دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٣٤ (جەمعیەتی عیلم و عیرفان) لە لایەن (ساڵح زەکی بەگ) دامەزرا، هەمدیسان ئەم جەمعیەتە بە ناوی جەمعیەتی (مسەقەفی کۆیە) ناوزەد دەکرا، هەر زوو بەزوو پەرەی سەندو زۆربەی پیاوانی ئایینی و مامۆستا و مووچە خۆر و ئەدیب و هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی گرتبووە خۆی، جەنابی مەلا محەمەدی جەلیزادە (مەلای گەورە) بە سەرۆکی ئەم کۆمەڵەیە دەست نیشان کرا، ئامانجی ئەم کۆمەڵەیە هاندانی خەڵک بوو بۆ خوێندن و کۆمەک کردنی قوتابی و فەقێیان بوو، ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە لە پاڵ ئەمانەشەوە بیروباوەڕی نەتەوایەتییان بڵاو دەکردەوە، هانی خەڵکیان دەدا بۆ ڕاپەڕین و داواکردنی مافەکانیان، ئەم کۆمەڵەیەش چەشنی سەرجەم کۆمەڵەکانی تری کوردستان و عیراق حکومەتیان شڵەژاند و نیگەران کرد، بۆیە بە فەرمانێکی میری سەرجەم کۆمەڵە و یانەکانی عیراق داخران، ناوی ئەم جەمعیەتەی کۆیە تا ساڵی (١٩٥٧) لەناو فایلی وەزارەتی ناوخۆ هەر مابوو.(٩) ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە

بەرانبەر بەم کارەی میری دەست وەستاو نەبوون، بەهۆی عەبدولسەمەد بەناو مامۆستا (سەعید فەهیم)ەوە پێوەندیان بە (جمعیة شباب الکرد في بغداد) کرد و خۆیان بەم کۆمەڵەیەوە گرێ دا، وەلێ میری ئەم ڕێیەشی لێگرتن. (سەعید فەهیم) و هاوڕێیانی لە دوای ئەم ڕووداوانە لقێکی گرووپی (دارکەر- الحطاب)یان لە کەرکووکەوە هێنایە کۆیە و دەستیان بە چالاکی نواندن کرد، پاشانیش لە ساڵی (١٩٣٨) دوای دامەزراندنی حزبی (هیوا) سەرجەم ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە ڕژانە ناو حزبی هیواوە(١٠). لە ساڵی (١٩٣٦) کاتێ (سەعید فەهیم) و هاوڕێیانی لە قوتابخانەی ئوولای کۆیە لەسەر بڕیار و ئەستۆی خۆیان بەبێ ئاگاداری کردن و وەرگرتنی ڕەزامەندیی وەزارەتی مەعاریفی ئەم کاتە، یان هیچ لایەنێکی ڕەسمی پێوەندیدا، وانەکانیان لە عەرەبییەوە گۆڕییە سەر زمانی کوردی، ئەم کارە حکومەتی عیراقی شڵەژاند و نیگەران کرد، بۆیە حکومەتی عیراق بە پەلە فازل جەمالی وەزیری مەعاریفی ئەوکاتەی عیراقی ڕاسپارد بێتە کۆیەو لێکۆڵینەوە لەگەڵ بەڕێوەبەر و مامۆستایەکانی بکا، داوای پاشگەزی و پەشیمانی لە (سەعید فەهیم) و هاوڕێیەکانی کرد، وەلێ مامۆستا بوێر و کوردپەروەرەکان شێلگیرانە وەڵامیان دایەوە وتیان قوتابیانی کورد چەشنی قوتابی و منداڵانی عەرەب مافی ڕەوای خۆیانە بە زوبانی زگماکی خۆیان بخوێنن، لە دوای ئەم وەڵامە، یەکسەر (فازیل جەمالی) ئەم سزایەی بەسەردا سەپاندن:

١- بەڕێوەبەری قوتابخانە مامۆستا (عەبدولڕەحمان شەرەف) پۆستی بەڕێوەبەری لێ سێندرایەوەو بە پلەی مامۆستا گوێزرایەوە بۆ هەڵەبجە.

٢- هەریەک لەم مامۆستایانە: (سەعدی جەلال- سەعید فەهیم- تاهیر سادق) بۆ شوێنی دوور گوازرانەوە.(١١)

دوای دوو ساڵ (سەعید فەهیم) دەگەڕێتەوە بۆ قوتابخانەی سانیە کە دواتر ناوەکەی بە زانست گۆڕدرا، لە کۆتایی سییەکان ڕووی کردە بەغدا و وەک مامۆستا لە قوتابخانەیەکی (بەری کەرخ) دەست بەکار بوو، (سەعید فەهیم) ئەندامێکی کارای حزبی (هیوا) بوو، بەردەوام چالاکی دەنواند، هەر ئەمەش بوو وای کرد بۆ بەسرە دوور بخرێتەوە، دوای ساڵ و نیوێک بۆ بەغدا دەگەڕێتەوە. لە ساڵی (١٩٤١) ژیانی هاوسەری لەگەڵ خاتوو (شوکریە حەمە مستەفا) پێکدەهێنێ و لە بەغدای پایتەخت دەگیرسێتەوە.(١٢) هەر لەسەرەتای دامەزراندنی پارتییەوە تێکەڵی ئەم حزبە دەبێت و پێوەندی پتەوی لەگەڵ دامەزرێنەرانی ئەم حزبە دەبێت و جێی متمانەیان دەبێت، هەر لەبەر ئەم هۆیانەش بوو کە یەکەمین کۆنگرەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد لە بەغدا ساڵی (١٩٤٦) لە ماڵەکەی ئەو ساز درا(١٣). لەبەر بلیمەتی و لێهاتوویی لەناو ئەم حزبەدا ئەرک و پلەو پایەی هەمەجۆری پێ سپێردراوە، کاروچالاکی گرنگی ئەنجام داوە، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە هاتنەکایە و بەرجەستەکردنی ڕێکەوتننامە مێژوویییەکەی (١١) ئاداری ١٩٧٠دا بینیوە. لە بواری وەزیفەشدا گەلێ پلەو پایەی هەمەجۆرەی لەیەک کاتدا پێ سپێردراوە، وەک:

١- وردبین لە دیوانی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی (١٩٥٩).

٢- پشکنەر و چاودێر، لە بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی گشتی ساڵی (١٩٥٩).

٣- سەرۆکی تێبینەرانی خزمەتگوزاری لە وەزارەتی پەروەردە، ساڵی (١٩٥٩).

٤- چاودێر لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی باکوور (وەزارة اعمار الشمال) لە ساڵی (١٩٥٩).(١٤)

لە ساڵی خوێندنی (٢٠٠٨/٢٠٠٧) لە کاتێکدا لە سەرچاوە کۆنەکان دەگەڕام بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری تایبەت بە (سەعید فەهیم) لەم کاتانەدا هەلێکی چاکم بۆ ڕەخسا، ئەویش هاتنی خاتوو (جوان سەعید فەهیم) بوو کە وەک نووسەر لە بەغداوە لە ئاکامی نالەباری بارودۆخی ئەوێ لەگەڵ هاوسەرەکەی و تاکە کچەکەی هاتەوە بۆ کۆنە هەواری باووباپیرانی، بۆ ئەو قوتابخانەیەی کە من تێیدا مامۆستا بووم، ئەوە بوو کۆمەڵێ زانیاری دەربارەی خێزانەکەی و نووسینەکانی بە نووسینەکانی کوردی، عەرەبی فارسی و تورکی و ئینگلیزی دا، لەگەڵ کارە وەرگێڕدراوەکانی لە میانی ئەم زمانانەدا. ئاگاداریشی کردمەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە کتێبەکانی (دیوەخانی ئەختەر) کەوتوونەتە لای باوکیانەوە (سەعید فەهیم) لەمانە: قورئانە پیرۆزە دەستنووسەکە کە بەرگەکەی لە ئاوریشمێکی نەرم دروست کراوە کە لە بەغدا لەلایەن یەکێ لە کچەکانی (سەعید فەهیم)ەوە پارێزراوە، وێڕای ئەمانەش کۆمەڵێ وێنەو بەڵگەو دوکیۆمێنتی بۆ هێنام و هەندێکیانم کۆپی کردن، ئەوەی کە پێویستە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکرێت دوو چیرۆکی (سەعید فەهیم)یشم دەسکەوت کە هەردووکیان بە زمانی عەرەبی نووسراون و تایبەتن بە منداڵان، لە یەکێکیان نووسرابوو (إعداد سعید فهیم) لە هی

دووەمیشیان نووسرابوو (للكاتب سەعید فەهیم) هەردوو چیرۆكەكەم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی كوردی، خوا یار بێت لە هەلێكدا بڵاویان دەكەمەوە. مخابن ساڵی (١٩٧٢) لە تەمەنی (٦٣) ساڵیدا لە دوای گەیاندنی خزمەتێكی زۆر و بەرچاو لە بوارە هەمەجۆرەكانی ژیاندا، دڵە گەورەكەی لە لێدان كەوت و هەر لە (بەغدا)ش بەخاك سپێردرا.

**پەراوێزەكان:**

١- تاهیر ئەحمەد حەوێزی، (مێژووی كۆیە- بەرگی دووەم) ساڵی ١٩٨٣ ١-١٩٢-.

٢- ئەرشیفی دادگای كۆیە.

٣- هادي نعمان الهیتي: صحافة الأطفال في العراق، نشأتها وتطورها مع تحلیل لمحتواها وتقیمها، دار الرشید للنشر، بغداد، ١٩٧٩ ص- ٣٣-.

٤- سالمة علي عبود- صحافة الطفل- تطور مجلات الأطفال- الجمهوریة العراقیة- دار الفجر للنشر و التوزیع، ص٥٥.

٥- كوردستان موكریانی زاری كرمانجی، (گۆڤار)، ژمارە (٥) ل٢٤، دووشەممە، ١٧ی ربیع الثانی، ١٣٤٥ك.

٦- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم ژمارانەی زاری كرمانجی رواندز كە لەسەرەوە ئاماژەیان پێ كراوە.

٧- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە كتێبی (عەلی سەیدۆ گەورانی) لە عەممانەوە بەرەو ئامێدی، ساڵی (١٩٣٢)، ل١٧١.

٨- دانشتنێك لەگەڵ شانۆكاری دێرینی كۆیە مامۆستا عەبدوڵڵا سامی، ساڵی ١٩٧٦، كۆیە.

٩- تاهیر ئەحمەد حەوێزی، مێژووی كۆیە- بەرگی دووەم، ساڵی ١٩٨٣ ل.٢٤٠.

١٠- جەواد حەمەد بەگ- كاریگەری مەلای گەورەی كۆیە لەسەر هونەری كوردی و موتوربە كردن و ئاڵۆشەدانی بەبیری سیاسی و نەتەوەییەوە- پاشكۆی گۆڤاری زانكۆی كۆیە ژمارە (١٣) ساڵی (٢٠٠٩) چاپخانەی شەهاب ل٣٣٢.

١١- تاهیر ئەحمەد حەوێزی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٨.

١٢- دانشتنێك لەگەڵ خاتوو جوان سەعید فەهیم كە ئێستا نووسەرە لە قوتابخانەی هامونی بنەڕەتی كۆیێ، ساڵی (٢٠٠٨).

١٣- شێركۆ فتح الله عمر، الحزب الدیمقراطي الكردستاني و الحركة التحرریة القومیة الكریة في العراق (١٩٤٦- ١٩٧٥) مطبعة نور، سنة ٢٠٠٤، ص١١.

١٤- لە دانشتنێك لەگەڵ خاتوو جوان سەعید فەهیم، سەرجەم ناسنامەكانی خستەڕوو و تا ئێستاش پاراستوویەتی.


**سەرچاوەكان:**

**١- تاهیر ئەحمەد حەوێزی، مێژووی كۆیە- بەرگی دووەم، ساڵی ١٩٨٣.**

**٢- هادي نعمان الهیتي: صحافة الأطفال في العراق، نشأتها وتطورها مع تحلیل لمحتواها وتقیمها، دار الرشید للنشر، بغداد ١٩٧٩.**

**٣- سالمة علي عبود- صحافة الطفل- تطور مجلات الأطفال- الجمهوریة العراقیة- دار الفجر للنشر و التوزیع.**

**٤- كوردستان موكریانی، گۆڤاری زاری كرمانجی، نێوان ساڵانی (١٩٢٨- ١٩٣٢).**

**٥- (عەلی سەیدۆ گەورانی) لە عەممانەوە بەرەو ئامێدی، ساڵی (١٩٣٢).**

**٦- جەواد حەمەد بەگ- كاریگەریی مەلای گەورەی كۆیە لەسەر هونەری كوردیدا- پاشكۆی گۆڤاری زانكۆی كۆیە ژمارە (١٣) ساڵی (٢٠٠٩) چاپخانەی شەهاب/ هەولێر.**

**٧- شێركۆ فتح الله عمر، الحزب الدیمقراطي الكردستاني الحركة التحرریة القومیة الكردیة في العراق (١٩٤٦- ١٩٧٥) مطبعة نور، سنة ٢٠٠٤.**

**دانیشتنەكان:**

**١- دانشتنێك لەگەڵ شانۆكاری دێرینی كۆیە مامۆستا (عەبدوڵڵا سامی)، ساڵی (١٩٧٦)، كۆیە.**

**٢- چەند دانشتنێك لەگەڵ خاتوو جوان سەعید فەهیم، ساڵانی (٢٠٠٧ - ٢٠٠٨) كۆیە.**

**ئەرشیف:**


**١- ئەرشیڤی دادگای كۆیە.**

**٢- ئەرشیڤی قوتابخانەی (ئوولای كۆیە).**

# ئەستەنبووڵ شار و یادەوەرییەکان

هاشم سەڕاج

ئۆرهان پامووک لەم کتێبەیدا لە چەمکی خەم و خەفەتێکی قووڵ دەدوێت کە چۆن لەپانتایی شار و لە ڕوحی هەندێ بوونەوەری هەستیاردا بەرجەستە دەبێت، خەفەتێک هەمیشە لە ڕێگەی ئولفەت و هۆگری و ئیدراکی هەستی و ڕەهەندی سایکۆلۆژییەوە مرۆڤ دووچاری جۆرێک لە نیگەرانی دەکات و هەستی لە دەستدانی شتگەلە جوان و پڕ بەهاکان و چرکە خۆشەکانی لەلا دەورووژێنێت، ئۆرهان لە دەورانی منداڵییەوە لە گۆشەیەکی عەقڵ و زەینیدا هەست بە بوونی ئۆرهانێکی تری چوون خۆی چکۆلە دەکات، لە هەموو ڕوویەکەوە لە خۆی دەکات و وەک دووانەیەکی خۆی لە ماڵێک، یان لە گەڕەکێکی ئەستەنبووڵ دەژیت، ئەمەش جۆرێک لە گەڕانە بەدوای خوددا، ئۆرهان پامووک ساڵی ١٩٥٢ لە ئەستەنبووڵ و لە نەخۆشخانەیەکی گەڕەکی «موضه» لە دایک دەبێت، لە تەمەنی بیست و دوو ساڵیدا خۆشی نازانێت لەبەر چ هۆکارێک تووشی ڕۆماننووسی دێت، ئۆرهان ئاماژە بە کۆمەڵێک نووسەر دەدات کە بەسەرکەوتوویی نووسیویانە و هاوکات زمان و




نەتەوە و فەرهەنگ و شار و کیشوەر و هەتا ژیاری خۆشیان گۆڕیوە لەوانە، «کۆنڕاد» و «نابباول» و «نابۆکۆف»، بەڵام ئۆرهان لە دەورانی منداڵییەوە هۆگر و شەیدای گەڕەک و کووچە و کۆڵان و خانوبەرەو شەقامەکانی ئەستەنبووڵە، تا ئێستا دەستبەرداری، ئەو خانوو و گەڕەکە نەبووە کە تێیدا لە دایک بووە، برا گەورەی ئۆرهان لە ئەستەنبووڵ و لە گەڕەکی «نیشانتاشی» و لە ساختمانی «پامووک» لەگەڵ نەنکی «دایکی باوکی»دا دەژی، بەڵام ئۆرهان ماوەیەکی زۆر لە ماڵی پووری «خوشکی دایکی» لە ناوچەی «جیهانگیر» ژیاوە و زۆرجار پووری لەگەڵ مێردەکەی ئاماژە بە وێنەیەکی سەردیواری ژوورەکە دەکەن و پێی دەڵێن ئۆرهان نیگاکە ئەمە وێنەی تۆیە، «فلۆبێر» سەد و دوو ساڵ بەر لە دایک بوونی ئۆرهان پامووک سەردانی ئەستەنبووڵی کردووە و شێوەی حەشاماتی شارەکە و گۆڕانکارییەکانی کاری تێ کردوون، ئۆرهان پامووک لەم کتێبەیدا بابەتگەلێکی جۆراوجۆر

دەورووژێنێت، لەوانە دارمانی دەوڵەتی عوسمانی و ئەو خەم و پەژارە و هەژاری و وێرانەییەی کە سەرتاسەری شاری ئەستەنبوڵ دادەگرێت، شەڕوشۆڕی بەردەوامی نێوان دایک و باوکی، «ساختمانی پاموک» کە لە پێنج نهۆم پێکهاتووە و خانەوادەی پاموک وەک ڕەشە خێزانێک هەر مامێکی لەگەڵ خاووخێزانەکەی لە نهۆمێکی ساختمانەکە دەژین و نەنکیشی «دایکی باوکی» لە نهۆمێکی تایبەتیدا دەژی، ژوورەکانی پڕن لە کەلوپەل و شتگەلی گرانبەها وەک شووشەوات و کتێبخانەیەکی دەوڵەمەند و کەرستە و ئامرازی پزیشکی کە «ئۆزهان»ی مامی «ئۆرهان» دوای خوێندنی پزیشکی سەفەری ئەمریکا دەکات، هەروەها «ئایدن»ی مامی کە لە ئەو بچووکترە لە ئەندازەی شارستانی دەخوێنێت و پووریشی سالآنێکە خەریکی خوێندنی وانەکانی پیانۆ ژەنینە، ژوور و سالۆنی خانووەکەی پاموک، واتە ساختمانەکەی. گەڕەکی نیشانتاشی هەمیشە وێنەی جۆراوجۆری ڕەنگاوڕەنگ و سپی لێ هەڵواسراوە وەک وێنەی ئاهەنگی بووک گواستنەوە و بۆنە تایبەتییەکانی خانەوادەی پاموک، یان ئەو گرتە و وێنانەی لە باخچەکانی ئەستەنبوڵ و گۆڕەپانی (تەقسیم) و کەنارەکانی (بۆسفۆر)دا گیراون، بەتایبەتی ژوورەکەی داپیرە کە چەندین جۆرە توحفە و شووشە و فەخفووری و شتگەلی دەگمەن و گرانبەهای تێدایە، براکەی ئۆرهان زۆرجار گۆڤاری جۆراوجۆری هونەری و ئەدەبی دەهێنایە ماڵێ و چیرۆکی بۆ دەخوێندەوە و دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکانی بۆ شی دەکردەوە و دەنگی کەسایەتییەکانی بۆ دیاری دەکرد، یان مامی ئامێری نمایشی سینەمایی دەهێنایە ماڵەوە و فیلمی شێوەکاری نمایش دەکرد، لەوانە تابلۆ ترسناکەکانی «گۆیا» و شێوەی ئەو دێوودرنجە ئەفسانەییانەی کە لەشی مرۆڤ دەخۆن، یان ساتۆرن یەکێ لە کوڕەکانی دەخوات، بۆیە ئۆرهان پاموک لە دەورانی منداڵییەوە هەستی بە جۆرێک لەنیگەرانی دەکرد و بەردەوام خەیاڵ دەیبردەوە. ئۆرهان پاموک بە هەستێکی غەمبار لە کۆشک و تەلاری پاشا و سوڵتانەکان دەدوێ، کە چۆن بوونەتە فەرمانگە و نەخۆشخانە و قوتابخانە، لە دەورانی منداڵییەوە هەستی بەو حاڵەتە دەکرد، بە تایبەتی ئەو کاتانەی دایکی دەستی دەگرت و لە زیندانی ئەپارتمانەکە دەربازی دەکرد و لە شەقام و بازاڕەکان دەگەڕان و ئۆرهانی منداڵ چاوی لە یەکە یەکەی دوکانەکان دەبڕی و دایکی تێی دەگەیاند ئەمەیان دوکانی گوڵفرۆشییە و ئەوەی تر جانتا فرۆشە، ئەمەش قاوەی عەرەبی دەفرۆشێ، ئۆرهانی چکۆلە لە بەرانبەر دیمەنی ترسناکی حەوزی ماسی فرۆشیدا دەتاسا ؟ دوکانی یاکوب و واسل کە تووتن و قەڵەم و دەفتەر و کاغەز دەفرۆشن، ئەمەش دوکانی «عەلائەدین»ە. هەڵبەتە دوکانە چکۆلەکەی عەلائەدین کە پڕیەتی لە گۆڤار و ڕۆژنامە و تووتن و کەرستەی جۆراوجۆری یاری منداڵان، پاشان لە «کتێبی ڕەش» وا ڕەهەندێکی فەنتازی وەردەگرێت و پاموک تێکڕای حەز و ئارەزووە فێردەوسییەکانی دەورانی منداڵی لەم دوکانە جوانەدا دەدۆزێتەوە، دوکانی عەلائەدین لەکتێبی ڕەشدا شوێن و پێگەیەکی بەرچاو و تایبەتی داگیر کردووە، هەر لە هاتوچۆکانی «غالب» و «ڕوئیا» بۆ ئەم دوکانە تا سەردانە یەک لە دوای یەکەکانی«جەلال سالیک» ، وێڕای جیهانی ڕەنگاوڕەنگی شتگەلە جۆراوجۆرەکان. پاموک لە یادەوەرییەکانی (ئەستەنبوڵ)دا دەڵێت من خۆشیم لە «ترامەوای» دەهات کە لە ساڵی (١٩١٤)ەوە لە شەقامەکەمان تێدەپەڕی و تا بگاتە «ماتشکا» «نیشانتاشی» و گۆڕەپانی «تەقسیم» و تونێل و پردی «گەلەتە» ، من لەماڵێکی موزەخانەیی ژیام و ئەستەنبوڵم بە ڕەش و سپی و نیوە تاریکی بینیوە، ئای کە زستانی ئەستەنبوڵم خۆش دەویست، بە تایبەتی ئەو چرکە ساتانەی ئێوارە کاتێ خەڵک بە پۆشاکی ئەستووری زستانییەوە دەگەڕانەوە ماڵەکانیان، ئەی خانووە لە دار و تەختە دروست کراوەکانی تورکیا ، جیهانی سینەما و ڕۆژنامە و گۆڤار و سەرگوروشتەی خۆکوشتن و تاوان و دزی گەڕەک و کۆڵانەکانی «تەپەباش» و «جیهانگیر» و «گەلەتە» و «فاتیح» و «زیرەک»..

یان بەربەیانە تەمومژاوی و دووکەڵاوییەکانی گوندەکانی «بوسفێر» و «ئاسکیدار».. شەوانی پڕ باران و گەردەلوولی، جوانی ئەو پۆلە نەورەسانەی کە دەوری گومەزی مزگەوتەکانیان دەدا، یان خەفەتی ڕۆژانی بەفربارین و قوڕ و چڵپاو.

پامووک لەم یادەوەرییەدا هەمیشە هەستێکی ڕەش و سپی دڵ و دەروونی دادەگرێت، بەتایبەتی ئەودەمەی ڕووداوی دوورگەی «هیبلی» بیردەکەوێتەوە، کاتێ ماسیگرە گەنجەکە منداڵەکان لە بەلەمەکە هەڵدەداتە نێو دەریا تا دەستدرێژی بکاتە سەر دایکیان، پامووک لە بابەتێکی تری یادەوەرییەکانیدا لە دنیای «یەحیا کەمال»ی شاعیر دەدوێت کە چۆن نۆ ساڵی تەمەنی گەنجی خۆی لە «پاریس» بەسەربردووە و ئاشنای دنیای شیعر و تێکستەکانی هەریەک لە «پۆل ڤێرلین» و «مالارمێ» و «ڤالێری» و «مارسل پرۆست» بووە، پاشان نوقمی جیهانێکی تێکستی «قەلەڕەش»ی «ئیدگار ئالان پۆ» و کەشی ڕەشبینی «کۆلێردج» دەبێت و چەمکەکانی مەرگ و جوانی ئاوێزانی یەکدی دەکات، بەڵام «یەحیا کەمال»ی شاعیر هەمیشە بە مۆرک و خەسڵەتێکی پڕ نیگەرانی لەنێوان شێوەی شیعری پەتی و فۆرمی خۆرئاوایی و چەمکی ڕەسەنایەتی دەخولایەوە و هەر بەهۆی ئەو هەستە شیعری و ئێستیتکییە کوشندەیەی لە بواری فێرکاری و سیاسەت دوور دەکەوێتەوە، یەحیا کەمال بەیەکێ لە گەورەترین شاعیرانی ئەستەنبووڵ دەژمێردرێت، کەچی تا لە ژیاندا مابوو ڕەتیکردەوە تاقە دیوانێک بە چاپ بگەیەنێت و تا مردیش هاوسەرگیری نەکرد، پاشان پامووک بەدرێژی لە سێ نووسەری تری ناسیۆنالیستی تورکی دەدوێت، ئەوانیش مانەندی «یەحیا کەمال» هەمیشە لەگەڵ چرکەکانی ڕابردوودا دەژیان و بیریان لە ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەکردەوە و خەم و خەفەتی خاپوورکاری و لەدەستدانی حوکمڕانی ئەشکەنجەی دەروونی دەدات، واتە چوار نووسەری تورک بەردەوام لەگەڵ چرکەکانی نوستالژیادا دەژیان، کە بریتیبوون لە «یەحیا کەمال»ی شاعیر «عەبدولحەق شناسی حصار»ی یادەوەری نووس، «ئەحمەد حەمدی تانبنار»ی ڕۆماننووس، «ڕەشاد ئەکرەم قوتشوو»ی ڕۆژنامەگەر و مێژوونووس، لە کۆتاییدا هەر چواریان مردن و بێ ئەوەی ژن بهێنن و خێزان دروست بکەن، بەڵام تێڕوانینی پامووک بۆ جیهان وەک لەبیرەوەرییەکانی دەردەکەوێت بە پێچەوانەی ئەو چوار نووسەرە ناسیۆنالیستە تورکە دەکەوێتەوە، چونکە پامووک تادێ لە ڕێگەی خوێندنەوە و تێڕامان و ئەزموونە قووڵەکانییەوە زەینی ڕووەو جیهان دەکرێتەوە و چوارچێوەی تەسک و تریسکی ئایدیۆلۆژی تێکدەشکێنێت و بڕوا بە پێکەوە ژیانی ئینسانەکان دێنێت، بۆیە زۆرجار لە ڕۆمان و دیمانەکانیدا ئاماژە بە مەرگەساتەکانی کورد و ئەرمەن دەکات و هاوکات دژی توندوتیژییەکانی گرووپی ئیسلامی سیاسی دەنووسێت و داکۆکی لە ئازادییەکانی تاک و دابینکردنی ماف و خۆشگوزەرانی و ئاشتەوایی بۆ گشت نەتەوەکان دەکات، بەڵام وێڕای دەربڕینی بابەتە کۆمەڵایەتی و ئینسانییەکان، لەودیو گێڕانەوەی یادەوەرییەکانی ئەستەنبووڵدا هەستێکی قووڵی ئەنتۆلۆژی خۆی لە دووتوێی تێکست و ناوکۆیی ڕستەکاندا شاردۆتەوە، لەوانەیە ئەو نیگەرانییە هایدگەرییە، یان ئەو مەینەتە شۆپنهاوەرییە کە پێوەندی بە چەمکی بوونەوە هەیە، دوای قووڵبوونەوەی لە ڕۆمانەکانی دۆستۆیڤسکی بەرجەستەی ڕوح و دەروونی پامووک کرابێت، چونکە لە کۆتاییدا چارەنووسی زۆربەی پاڵەوانە نیگەرانەکانی ڕۆمانەکانی ئۆرهان پامووک مانەندی چارەنووسی کارەکتەرەکانی ڕۆمانی «شەیتانەکان»ی دۆستۆیڤسکی دەکەوێتەوە، یان دوور نییە ئەو هەستی نەمان و لەنێو چوونە پێوەندی بە فەزای تابلۆکانی «ملینغ»ی شێوەکاری ئەڵمانییەوە هەبێت، کە بۆ ماوەی هەژدە ساڵ لە ئەستەنبووڵ ژیاوە و تابلۆکانی لێوانلێون لە هەستی غەمگینی و تەفروتوونابوون و نەمان، بۆیە ئەگەر بەدیدێکی «گادامێر»ی لە دیوە شاراوەکانی نووسینەکانی پامووک بڕوانین، دەکرێ پرۆسەی نووسین لە فەزای ڕۆمانەکانیدا بەیارییەکی ئازادی بێ نیاز بچوێنرێت، چونکە هەستی غەمگینی لای پامووک وەک لە بیرەوەرییەکانیدا دەردەکەوێت، لە کانگای کولتوور و ژینگە و ئەو دەوروبەرەوە هەڵدەقوڵێت کە ملیۆنان خەڵکی تێدا دەژێت، پامووک بە غەمبارییەکی تێکەڵ بە ئاسوودەگی لە گەڕەکی «یێشل شام» دەدوێت ئەو گەڕەکەی کە دەکەوێتە ناوچەی «بەگ ئۆغلوو» و بە بنکەی پیشەسازی سینەمای تورکی دادەنرێت، باس لە «وەهمی ئاوز»ی ئەکتەر دەکات و پاشان بە وردی لە ئەتمۆسفێری قورئانی پیرۆز و نووسینەکانی «ئیبن سینا» و شیعرەکانی «بۆدلێر» و

تابلۆکانی «دیلاکروا» و بیروبۆچوونەکانی پرۆفیسۆر «ڕوبرت بیرتون» دەدوێت، دواتر دەڵێت باری کەشوهەوای غەمگینی شاری ئەستەنبووڵ ڕێک لەگەڵ تێگەیشتنی «لیڤی شتراوس» دەگونجێت کە لە کتێبی خولگە غەمگینەکاندا هاتووە، دواتر ئاماژە بە گەشتەکەی «گۆتە» دەکات کە چۆن کاتی خۆی هاتۆتە ئەستەنبووڵ و بەشێک لەم دیمەنە خەفەتبارانەی شار کاری تێکردووە و دواتر لە کتێبی «القسطنطة» ڕەنگی داوەتەوە، هەروەها ئاماژە بە نووسینەکانی «شەوکەت ڕازۆ»ی ڕۆژنامەوان و شاعیر و وەشانکار دەدا کە مێردی پووریەتی، لەگەڵ محەمەدی کوڕی پووری، بەتایبەتی پووری کە بڕوایەکی تەواوی بە کردەی خۆرئاوایی کردن- «تغری»ی ئەتاتورکی هەبوو، پاشان لە ئەتمۆسفیری تابلۆکانی «ڕینوار» و «مودلیانی» دەدوێت، یان لە جوانی «یوکر»ی هاوسەری «کەمەر»ی خزمەتکاری نەنکی دەدوێت، یوکر ژنێکی پرچ سوور بوو، جانتاکەی دەستی پڕاوپڕ لە کەرتە سێو و کونجی و کێک و قەڵەم و قژگرە و تۆق و عەتری گوڵە لافانتا بوو، پاشان جوانییەکانی یوکر وەک هەست دەکەم لە ڕۆمانی «ژیانی نوێ»دا و لە کەسایەتی «جینان»، یان «جەنان»دا بەرجەستە دەکرێت، ئنجا پامووک نووسینەکانی «ئەحمەد ڕاسم ١٨٦٥- ١٩٣٢» دەخاتەڕوو، ئەحمەد شیعر و ڕۆمانی دەنووسی و وەک ڕۆژنامەوانێکیش زۆرترین نووسینی لە بارەی ئەستەنبووڵ نووسیوە، ئێستاش کتێبەکانی لەسەر شۆستەکان دانراون، پامووک بایەخێکی زۆری بە میرات و سەرچاوە مێژووییەکان داوە، بە تایبەتی ئەو کتێبانەی دەربارەی مێژووی عوسمانی و سوڵتانەکان نووسراون، وەک لە کتێبە مێژووییەکانی «ڕەشاد ئەکرم قوتشوو» و «ئەحمەد ڕەفیق»دا هاتووە، دوو شێت لە شەقامەکانی ئەستەنبووڵ بە ڕووتوقووتی دەخولانەوە، شێتە ڕووتەکە «عوسمان»ی ناوبوو، بەڵام «مەدام ئوبولا» هەر جلوبەرگێکی دەست بکەوتبایە لەبەری دەکرد.

پامووک لە شوێنێکی تری یادەوەرییەکانیدا لە چرکەیەکی دەورانی منداڵی دەدوێت کە «ئەسما خانم»ی کارەکەریان ڕۆژێ دەیباتە «مزگەوت» و لەوێ چاوی بە حەشاماتی ئەو خەڵکە دەکەوێت کە خەریکی نوێژکردنن، سەری سوڕدەمێنێت، چونکە خۆی لەکەشوهەوای خانەوادەیەکی لایسیزم پەروەردە کراوە، دایکی هەموو ڕۆژێکی یەکشەممە ڕۆژنامەی - ئاقشام-ی دەکڕی و باوکی لە ناکاو جانتاکەی ڕێکدەخست و بێ ئەوەی بە کەسێک بڵێت سەفەری دەکرد و نەیان دەزانی ڕووەو کوێ سەرهەڵدەگرێت، نەنکی پامووک زۆرجار شەرابی ئاڵی دەخواردەوە، ئەم ڕووداوانە لە زۆربەی ڕۆمانەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە، بۆ نموونە کەسایەتی داپیرە لە تێکستی «ماڵێکی بێ دەنگ»دا و مێژووی نیگارکێشی سەردەمی ئێرانی و قۆناغی ئیسلامی و عوسمانی و فەزای تابلۆی شێوەکارەکانی جیهان لە ڕۆمانی «ناوم سورەیە»دا.

پامووک لە جێگەیەکی تری کتێبەکەیدا لە نیگا و بینینی شیعرییانەی «گۆتە» دەدوێت کە چۆن لەکڵپە و بڵێسەی ئاگرکەوتنەوەدا ڕەنگ و دیمەن و تابلۆی شێوەکاری دۆزیوەتەوە، «تیوفیل گۆتە» ساڵی ١٨٥٢ دێتە ئەستەنبووڵ و ئەو ماوەیەی لەوێ نیشتەجێ دەبێت، شاری ئەستەنبووڵ پێنج جار ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە بەخۆیەوە دەبینێت، گۆتە چێژ و موتعە لە دیمەنی جوانی ئاگرکەوتنەوەکان وەردەگرێت، بە تایبەتی ئەوکاتەی لە گۆڕستانی «بێگ ئۆغلوو»دا پاڵکەوتووە و سەرقاڵی شیعرنووسینە و کاتێ کارگەیەکی «ڕۆنەمەنی» لەسەر کەناری کەنداو ئاگری تێبەردەبێت و بڵێسەی ڕەنگاوڕەنگی ئاگر ڕووەو ئاسمان هەڵدەکشێت و پڕیشکی هەمەجۆر چەندین ڕەنگ و دیمەن و تابلۆی نیگارکێشیی لێ دەپرژێت، «گۆتە» گوتی «دیمەنێکی ترساوبوو» گۆتە بۆ وەسف کردنی دیمەنی ئاگرکەوتنەوەکە وشەی «رائع»ی بەکاربردووە، وەک لە تەرجەمە عەرەبییەکەدا هاتووە، وشەی «رائع» واتە ترساو.. یان رائع. روع= خائف/ ترساو، رائع: معجب/ پەسەند، بەدڵ، ناوازە، مریع: مخیف/ ترسێنەر، تۆقێنەر، روع، روعة: مسحة من الجمال/ جوانی، بەدڵا ئەچێ، بڕوانە- فەرهەنگی شیرین- عەرەبی- کوردی- بەرگی یەکەم- فاضل نظام الدین- چاپی دووەم.. کەواتە گۆتە لە دیمەنی ئاگر کەوتنەوەدا ترس و جوانی ئاوێزانی یەکدی دەکات و دیمەنە ڕەنگینەکە هێندە جوانە لە تابلۆیەکی شێوەکاری دەچێت،

هاوکات لە چاوی شێوەکارێکەوە لە سێبەری کەشتییەکانی نێو ئاوی کەنداو دەڕوانێت، دەکرێ بڵێین هەموو دیمەنێکی جوان، یان هەر شکڵ و شێوەیەکی جوان هەڵگری جۆرێک لە چەمکی ترسە، ڕەنگە ئەم حاڵەتی تێکەڵ کردنی ترس و جوانییە لە تێکستی «پشیلەی ڕەش»ی «شارل بۆدلێر»دا بدۆزینەوە، بەڵام دیمەنی ئاگرکەوتنەوە هەمیشە کۆمەڵێک ڕەنگی جیاواز بەرهەم دەهێنێت. لە بواری شێوەکاریشدا پشیلە زەردە چاوسەوزەکەی «عەبدوڵڵا ڕەسووڵ»ی شێوەکارم بیردەکەوێتەوە کە چۆن ترس و جوانی تێکەڵ بە زنجیرە چیاکانی کوردستان و ڕوحی سروشت دەکات، چونکە جەستەی نەرمونیان و تیشک و بریقەی چاوە جوان و ترسناکەکانی پشیلەکە بۆتە پارچەیەک لە سروشت، بەواتایەکی تر سروشت هەم جوانە و هەم تۆقێنەر، پاشان هەمان دیمەن و بابەتی ئاگرکەوتنەوەکە لای «ئەدۆنیس»ی شاعیر بە هەمان بینینی ئێستێتیکی گوزارەی لێ دەکرێت، ئەدۆنیس لە دیمانەیەکدا بە چاوی شێوەکارێک لە دیمەنی ڕووخان و تەقینەوەی تاوەر و هەورە بانەکەی ڕووداوی یازدەی سێپتەمبەری ئەمریکا دەڕوانێت و بە تابلۆیەکی جیاوازی شێوەکاری دەیچوێنێت، شەوی ٢٠/٤/٢٠٠٩ لە دانیشتنێکدا لە هوتێلی چوارچرای هەولێر بە ئامادەبوونی بەڕێزان ئازاد عەبدولواحید و سەرهەنگی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان و کاردۆ کامۆ و مەدحەد کاکەیی و عیسا حسێن و دکتۆر سەروەر عەبدوڵڵا و دکتۆر موحسین عومەر کە دیمانەیەک لەگەڵ ئەدۆنیس بۆ گۆڤاری ڕامان ئەنجام دەدرا، من هەمان پرسیارم ئاراستەکرد، ئەدۆنیس بە ڕاشکاوی لە جووڵەی جوانی فڕۆکەکان و داڕژانی ڕەنگە جیاوازەکان دواو جوانی شەپۆلی ڕەنگەکان و دارمانی تاوەرەکانی ڕووداوی یازدەی سێپتەمبەری بە تابلۆیەکی شێوەکاری شوبهاند، دەتوانم بڵێم بینینی «ئەدۆنیس» لەگەڵ بینینەکەی «گۆتە» تارادەیەک یەکدەگرێتەوە. ڕاستە تاڤگەی ڕەنگەکان لە مەرگەساتێکی ئینسانییەوە هەڵقوڵاون، بەڵام تابلۆکە وەک لایەنە ئەبستراکتەکەی هەڵگری جیهانێکە لە جوانی ڕەنگەکان، هەڵبەتە ئەم جوانییە ترسناکە لە تەقینەوەی بورکانەکانیشدا بوونی هەیە، ڕەنگە جوانییەکانی فیردەوس بە ڕەنگی سارد بلەنگێن و جوانییەکانی دۆزەخ بە ڕەنگی گەرم، یان بەشێوەیەکی دیکە ڕەنگیش مانەندی وشە لەم گەردوونە ڕەنگڕێژییەدا تەنیا گوزارە لە حاڵەتە فریشتەییەکان ناکات، دەکرێ بڵێین ڕەنگیش وەک فارماکۆنیەت و ئیرۆنیەتی چەمکی وشە، هەڵگری کەرنەڤاڵەکانی هەنگوین و ژەهر و گاڵتەجارییە، هەمدیس بۆ بیرەوەرییەکانی ئۆرهان پاموک دەگەڕێینەوە و ئاشنای دنیای ئەستەنبوولّ دەبین، پاموک لە کتێبی «گەشتێک بۆ خۆرهەڵات»ی «جیرار دی نیرڤال» دەدوێت کە «نیرڤال»ی شاعیری فەرەنسی دوای نیو سەدە لە تابلۆکانی ملینغ «١٨٤٣» لە کتێبەکەیدا دەربارەی مەولەویخانەی گەلەتە و ناوچەی «تەقسیم» و دوکانەکانی جلفرۆشی و زەڕنگەری و بازاڕی عەترفرۆشی دواوە و باسی دارگوێز و سەروو و درەختی حور و دەشتاییە کاکی بە کاکییەکانی کردووە، نێرڤال ئەوکاتەی سەردانی ئەستەنبوولّی کردووە، تەمەنی سی و پێنج ساڵ بووە و دوای دوازدە ساڵ، گەشتنامەکەی کاری لە سوریالییەکان کردووە، هەریەک لە ئەندرێ برۆتۆن و ئەنتۆنین ئارتۆ و پۆل ئێلوار بەم گەشتنامەیە کاریگەربوون، نێرڤاڵ یەک لایەنە «جین کۆلۆن»ی کچە ئەکتەری خۆش دەویست، بەڵام کاتێ «جین» عیشقەکەی نێرڤال ڕەتدەکاتەوە و پاشان دەمرێت، نێرڤاڵ خۆی بە دارتەلێکەوە هەڵدەواسێت، بەیانییەک دەبینن وا لە شەقامێکی پاریس تەرمێک بە دارتەلێکەوە هەڵواسراوە، پاشان شارل بودلێر گەشتەکەی «نێرڤاڵ» لە بواری شیعر بەکاردێنێت و تێکستێک بەنێوی «گەشتێک بۆ دوورگەی ئەفرۆدێت» دەنووسێت، ئەگەر «گۆتە» حەفتا ڕۆژ لە ئەستەنبوولّ مابێت و باسی کەشوهەوای مەلهاکانی ئەستەنبوولّ و تەقسی مانگی ڕەمەزانی کردبێت و چووبێتە تەکییەی ڕفاعییەکان و چاوی بەو منداڵانە کەوتبێت کە لەنێوان کێلی گۆڕستانەکان یاری دەکەن، هەر لەوێش چەند تێکستێکی نووسیبێت، وەلێ «نێرڤاڵ» هەوڵی داوە چاوی بە سوڵتان عەبدولحەمید بکەوێت، بە تایبەتی ئەوکاتەی کە بۆ نوێژی هەینی دەچێت «نێرڤاڵ» لە گەشتنامەکەیدا زۆر بە وردی وەسفی بازاڕەکانی ئەستەنبوولّ و «تۆپ

قاپ»ی و «ئایا سۆفیا» و مزگەوتەکانی بایەزید و «سلێمانییە» و «سولتان ئەحمەد»ی کردووە.

ئۆرهان پامووک لە گێڕانەوەی یادەوەرییەکانیدا زۆر بە هێمنی لە خەم و پەژارەیەک دەدوێت کە بۆ ماوەی سەدوپەنجا ساڵ ئەتمۆسفێری شاری ئەستەنبوڵی وێران کردووە. واتە غەمگینییەکی قووڵ لە ساڵی ١٨٥٠ تا ساڵی ٢٠٠٠، پاشان لە گەشتەکەی «لامارتین» دەدوێت کە سەردانی ئەستەنبوڵی کردووە، هەروەها ساڵی ١٩١٤ «ئەندرێ ژید» دێتە تورکیا و لە وتارێکدا گاڵتە بە جلوبەرگی تورکی دەکات و لەلایەنە جوانەکانی کۆمەڵگای خۆرئاوایی دەدوێت، پاشان ئەتاتورک شۆڕشی پیت و جلوبەرگ ڕادەگەیەنێت و جلوبەرگی خۆرئاوایی دەسەپێنێت، هەروەها جۆزێف برۆدسکی شاعیری ئەمریکی ڕووسی لەگۆڤاری «نیویۆرک»دا وتارێک بەنێوی «ڕاکردن لە بیزنطة» بەشێوازی -ئۆدن- دەنووسێت تێیدا گاڵتە بە هەموو شتێک دەکات، بەڵام دوای شۆڕش و دامەزراندنی کۆماری دەوڵەت دەست بە پرۆسەی تورکاندن، یان بە تورک کردن و داخستنی تەکییەکانی ڕفاعی و نەهێشتنی بازاڕەکانی نەخاسی و گۆڕینی ئەبجەدییەی عەرەبی بە پیتی لاتینی دەکات، ئەم بزاڤی تەغریبە، یان بەخۆرئاوایی کردنی کۆمەڵگە بەشێوە و شێوازێکی ڕووکەش کۆمەڵێک نووسەری ناسیۆنالیستی تورک دووچاری جۆرێک لە شکست دەکات، لەوانە «ئەحمەد حەمدی تانبنار»ی ڕۆماننووس و «یەحیا کەمال»ی شاعیر، چونکە ئەم نووسەرە ناسیۆنالیستانەی تورک پابەندی دنیای کۆنی سەردەمی عوسمانی بوون و هەمیشە لەنێو یادەوەری و چرکەی نوستالژیادا دەژیان و پێویستیان بە جوانییەکی غەمگین هەبوو، جوانییەک گوزارە لە دۆڕاندن و لەدەستدانی نرخ و بەها دێرینەکان بکات، هاوکات شاعیرە ناسیۆنالیستە تورکەکان پابەندی کێش و سەروای کۆن و تەقلیدی بوون و هەستیان بەوە دەکرد بەهۆی بەرپابوونی بزاڤی تەغریبی، کولتوور و فەرهەنگی تورکی مۆرکی پەتی لە دەستدەدات، وێڕای پەیوەست بوونیان بە ڕێنووسی کۆنی عوسمانی، لێرە و لەم قۆناغەدا ئۆرهان پامووک سەرەڕای ئاماژەدانی بە حەملەی بەتورک کردنی کۆمەڵگە، لە ڕاوەدوونانی ئەرمەن و یەهودییەکانیش دەدوێت.

هاوکات لە ڕووی هونەری و جوانییەوە، یان بەرانبەر ئەو جوانییە غەمگینەی کە شاعیر و نووسەرە ناسیۆنالیستە تورکەکان شەیدای بوون، ئاماژە بە «ڤاڵتەر بنیامێن» و جوانی و ڕێکەوت دەکات، واتە ئۆرهان پامووک چێژ و موتعەی جوانی لە ئێستای ژیان و گوزەراندا دەدۆزێتەوە، نەک لە چرکە نۆستالیژیاکانی ڕابردوو، چونکە پامووک بە دیدێکی پۆست مۆدێرنەوە لە ژیان و بوون و جوانی و پێکەوە ژیان دەڕوانێت، پاشان ئەم دیدوبۆچوونە ئێستێتیکییەی لە ڕۆمانی «ژیانی نوێ»دا بە تەواوەتی بەرجەستە دەکرێت، بەتایبەتی ئەو ڕێکەوتە بێ بەرنامەڕێژییەی کە «جینان»ی پێ دەناسێنێت و زۆربەی کاتەکانی ژیانی «عوسمانی کوڕی عاکف»ی پاڵەوانی ڕۆمانەکە لەگەڵ جینانی قژ ئاڵتوونی و لەنێو پاس و ئۆتۆبیسەکان بەسەردەبەن. ئۆرهان پامووک لەم ڕۆژمانەیدا هەموو چرکە خۆشەکانی ژیان لە تێڕامانێکی جوانیدا دەدۆزێتەوە، مەبەست لەو تێڕامانە جوانییە بێ مەبەست و نیازەیە کە «ئەمانوئیل کانت» لە ڕووی چێژی زەینییەوە جەختی لەسەر دەکات، پاشان پامووک لە بیرەوەرییەکانیدا لە تابلۆکانی «عەلی ڕەزا»ی شێوەکار دەدوێت کە چۆن نیگاری گەڕەکە هەژار نشینەکانی شاری ئەستەنبوڵی کێشاوە و هەروەها بەرهەمەکانی «کەمالەدین زوغجو»ی نووسەری منداڵان دەخاتەڕوو، کە دەربارەی گەڕەکە هەژارنشینەکان چەندین جۆرە چیرۆکی منداڵانی نووسیوە و لە مەینەت و دەردەسەرییەکان دواوە، ئۆرهان پامووک وەک لە بیرەوەرییەکانیدا دەردەکەوێت لە بنەڕەتدا کەسێکی نیگەرانە و لە هیچ شوێنێک ئۆقرە ناگرێت، بۆ نموونە شەوان کە بێدار دەبوو لە پڕێکدا جلوبەرگی لەبەر دەکرد و بەبێ ئامانج لەکۆڵانە تەنگەبەرەکانی ئەستەنبوڵ دەخولایەوە، بەتایبەتی لەکووچە و کۆڵانی ڕۆم و یەهوودییەکان، یان بە هەمان شێوە دەوامی کۆلێژی بیناسازی جێدەهێشت و ڕووی لە شەقام و کووچە و کۆڵانەکانی ئەستەنبوڵ دەکرد، پامووک بەرلەوەی ڕۆماننووس بێت شێوەکارێکی بەتوانای خاوەن نیگارخانەیەکی تایبەت بوو، بە ئاستێکی باڵا و

نیگارکێشییەکی ناوازە کارە شێوەکارییەکانی ئەنجام دەدا، لێرە ئاماژە بە تابلۆکانی «مانیس» و «مۆنێ» دەکات و لەچرکەی فلّچە وەشاندنەکانی خۆی دەدوێت، هەروەها لە گەشتەکەی «گۆستاف فلۆبێر» کە دوای ساڵێک لە گەشتەکەی «نێرڤاڵ».. فلۆبێر ساڵی ١٨٥٠ دێتە ئەستەنبووڵ کە پێشتر لە «بەیرووت» تووشی نەخۆشی «سووزەنەک» هاتووە و لەگەڵ «مکسیم دوکمن»ی وێنەگر و نووسەری هاوڕێی، نزیکەی پێنج حەفتە لە ئەستەنبووڵ دەمێننەوە، پاموک لە یادەوەرییەکانیدا ناوی کۆمەڵێک ڕۆماننووسی جیهانی دەهێنێت و ئاماژە بە کارە ئەدەبییەکانیان دەکات، لەوانە دۆستۆیڤسکی، تۆلستۆی، تۆماس مان، دواتر ئاماژە بە کتێبی «الاستشراق»ی «ئیدوارد سەعید» دەکات، یان ناوەرۆکی نامەیەکی «فلۆبێر» دەخاتە ڕوو کە کاتی خۆی لە ئەستەنبووڵ نووسیویەتی و تێیدا باس لەو سۆزانییانە دەکات کە شەوان لە گۆڕستانەکان لەگەڵ سەربازەکان بەیەک دەگەیشتن، هەروەها لە کەشی ساردوسڕ و باوبۆرانی شاری ئەستەنبووڵ و دەریای ڕەش و هێلانە بەتاڵەکانی لەقلەقەکان دواوە و سەرمای ئەستەنبووڵیشی بەسەرمای سیبیریا چواندووە، پاموک لە ڕووی هونەرییەوە پێی وایە بۆ نیگارکێش شێوە گرنگە و بۆ ڕۆماننووسیش سیستمی کارەکەی، نەک زنجیرەی ڕووداوەکان، ئیتر کۆتایی ئەم نووسینەم بە چرکە ئەڤینییەکانی «گوڵی ڕەش» دێنم... بەرلەوەی لە چاوە لێوانلێو لە غەمگینییەکانی گوڵی ڕەش بدوێم.. حەز دەکەم لەو بەهرە ئیکسیرییەی نێو گیانی پاموک بدوێم کە بە شێوەیەکی بەردەوام بڕستی لێ بڕیوە و هەمیشە دووچاری نیگەرانی و دڵەڕاوکێی کردووە، بەهرەیەک هەڵگری هەستێکی ئەنتۆلۆژی و ئێستێتیکییە و تا دێت بوونی زەینی فراوانتر دەکات و دید و بینینەکانی بەسەر جیهان و گەردووندا دەکاتەوە، ئەوکاتەی بێزارییەکی کوشندەی وجوودی ڕووی تێدەکرد، لە کۆلێژ دەردەچوو و بەسەرگەردانی لە کۆڵانە دێرین و ترسناکەکانی «قۆجا مستەفا پاشا»دا دەخولایەوە، یان لەخۆوە و بەشێوەیەکی هەڕەمەکی ڕووی لە پاسێک دەکرد و بێ دیاریکردنی گەڕەک و شوێنێک کاتەکانی لەنێو پاس و شوێنە نادیارەکان بەسەر دەبرد، ئەم بێ موبالاتییەی پاموک لە بنەڕەتدا پێوەندی بەو وزە نیگەرانەی جیهانی بەهرە و داهێنانەوە هەیە کە سەرتاسەری ڕوح و دەروونی دووچاری هەڵچوونی ئێستێتیکی و هەستێکی کوشندەی ئەنتۆلۆژی کردووە، بەتایبەتی ئەو گەشتە لەناکاو و بێ بڕیارەی کە سواری کەشتی دەبێت و ڕوو لە ناوچەی «هاس کۆی» دەکات و پاشان بەرەو «قۆجاتاش» و دەڤەری «ئەیووب» و دواجار خۆی لە گوندێکی لاتەریک و داخراوی نزیک دوورگەیەکدا دەدۆزێتەوە، بەڵام دوورگەیەک هەموو نهێنییەکانی بوون و جیهان و مەینەتەکانی مرۆڤایەتی لە خۆی گرتووە. ئەی «گوڵی ڕەش» کێیە؟ یان ئەو کچە باڵا بەرز و بنێسەی کە بۆنی بادامی لێ دێت و چاوەکانی پڕن لە غەمگینی، پاموک ئەوکاتە لە ئاستێکی بەرزی هونەری شێوەکاریدایە و چەندین جار لە هوتێلی «هیلّتۆن» لەگەڵ گوڵی ڕەش دادەنیشێت و لە دنیای عیشق و جوانی و شێوەکاری دەدوێن، عیشقی نێوان گوڵی ڕەش و ئۆرهان پاموک دەگاتە ئاست و پلەی سووتان و پەرستن، ئەوکاتانەی گوڵی ڕەش سەردانی نیگارخانەکەی پاموک دەکات، پاموک دەستوبرد کورسییەکی بۆ دادەنێت و تۆزێ لێی ڕادەمێنێت، پاشان سکێچێکی بۆ دەکێشێت، تا دێ عیشقی نێوان ئۆرهان و گوڵی ڕەش پەرە دەسێنێت، دواجار باوکی گوڵی ڕەش بڕیاردەدات کە بە هیچ شێوەیەک ڕازی نەبێت کچەکەی شوو بە شێوەکارێک بکات، چونکە نیگارکێش سەرچاوەیەکی دارایی وای نییە تا بتوانێت کچەکەی بەختەوەر بکات، باوکی بە بیانووی خوێندن گوڵی ڕەش دەنێرێتە وڵاتی- سویسرا- ئۆرهان پاموکی شێوەکاریش دوای ئەو ڕووداوە حەسرەتاوییە ڕوو لەبواری نووسین دەکات و دەڵێت لەو ڕۆژەوە گوتم من نابم بەوێنەکێش، بەڵکو دەبم بە نووسەرێک!

**سەرچاوە:**

**ناوونیشانی کتێب: [أسطنبول الذكريات و المدينة- ئەستەنبووڵی بیرەوەرییەکان و شار].**

**ناوی نووسەر: ئۆرهان پاموک**

**ناوی وەرگێڕ: عەبدولقادر عەبداللی**

**بڵاوکراوەی «المدى- ئەلمەدا»**

**چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠٠٧**

# گەرم نەبوونەوە

سەباح ڕەنجدەر

کاتێک شیعر ئازادی نووسینی تەواو بەدەست دەهێنێت، ملکەچی هیچ نەخشەکێشانێکی فیکری ئامادەکراو نابێت. شاعیری خاوەن دیدگای بەهێز لەوانەیە ئەمڕۆ شیعرێک بنووسێت و سبەینێش شیعرێکی دیکە و دووسبەیش شیعرێک. شیعری (یەکەم) لە شیعری (دووەم) نەچێت و (سێیەم)یش لە دووەم و یەکەم نەچێت.

لەم شێواز و دیدگا بەهێزەیدا ئازادیی نووسینی تەواوی بەدەست هێناوە. ئازادی نووسین بەدوای نووسیندا ناگەڕێت، بەڵکو لەناو نووسیندا ئازادی نووسین وەک سەرچاوەیەک بۆ کار لەسەرکردن بەدەست دەهێندرێت، بەڵگەی ئەم بەدەستهێنانی ئازادی نووسینە ئەوەیە، کە لە ئەمڕۆی شیعری کوردیدا چەندین شێواز پێیان دەنووسرێت و لە بەخشینیش بەردەوامن، یان شاعیرێک دەبینین لە چەند شێوازێکدا توانایی خۆی بەکاردەهێنێت و داهێنان دەخاتەوە. ئازادی نووسینیش تایبەتە بە خودی بەرهەمهێنەری دیدگای بەهێز. بەردەوامیش کردە و واتای ئازادی نووسین لە ئەزموونێکەوە بۆ ئەزموونێکی دیکە درێژ دەبێتەوە و (ناوەند دەشکێنێت).

شیعری بەرهەمهاتووی دیدگای بەهێز، هەوڵی گەیاندن و مانا دۆزینەوە بۆ لێکدانەوەی شتە ئاماژە بۆکراوەکان نادات، بەڵکو شەوق و تاسە و ئاماژە لە خاڵێکدا کار پێدەکات و دەیانباتە ناو بیرکردنەوە و زەین، واتە شەوق و تاسە و ئاماژە لەنێوان دەربڕینەکاندا نامێنێتەوە، بگرە دەکەوێتە نێوان بوونی پێوەندی وشەکان و کردەی بوون بە ڕستە و وێنە، بە یارمەتی پێوەندی نێوان وشەکان دەچنە ناو پێکهاتەی زەینەوە و بینای زەینی دادەمەزرێنێت، بۆیە دەقەکانی دەقی زەینین، بەڵام دەقی ئەفسوونی نین.

لەم تێڕوانینەوە تێپەڕین و پەڕینەوە بوونی دەناسرێت و پێوەندییەکان لەناو دەقدا دەکرێنەوە و چەمکی جیاوازی داهێنان بۆ خاڵی پێکهاتەی زمان لە (شەوق) و (تاسە) و (ئاماژە)دا چڕ دەبێتەوە.



له دەقدا خەسڵەتی هەقیقەت نییە، بەڵکو پێکهاتەی داهێنانی هەیە، چونکە شیعر بە پێکهاتەی داهێنان لە دیدی ژیانەوە بەرێوە دەچێت و شیعرێک بەرهەمدێت، بەردەوام لە جـــــــووڵە و بەرهەمهێنانەوەی شەوق و تاسە و ئاماژە، ڕەگی دەباتەوە سەر ڕەگی ئەفسانە و ئەفسوون و فەنتازیا و خـۆی ئاراسـتـەی شـێـوازی ئێستێتیکی سروشت دەکات، لەمیش جێگیر نابێت و بەرەو زەین دەکشێ.

زۆر بە وریاییەوە ڕۆدەچێتە ناو سروشت و مرۆڤ لە پێکهاتەی سروشتدا دەگەیەنێتە چربوونەوەی چرکە سۆزدارییەکان و دەزانێت دەنگەکانی سروشت لەکوێوە سەرهەڵدەدەن و پاشان لە وێنەدا دەریان دەخات و خاڵ نیشانی نێوان دەنگ و گیان دەکات، پاشان دەنگ و گیان دەکاتە دەلالەت و هێما، لەنێوان ئاسۆکانی وێنەدا زەینی پێ دەبینێت.

زەین ناخاتە خزمەتی هیچ شتێکەوە، تەنیا شیعر خۆی و ئێستێتیکی شیعرییەت نەبێت، واتا چێژ و جوانی و نەرمونیانی ژیان و بروایی و هەستی ئەوی دی تێدا قووڵ دەکاتەوە، بەهۆی زمانی بەتین و تاو.

زمانی ونبووی نەدۆزیوەتەوە. زمـانی ونبوو لە سەرچاوەی پێکهێنەری دەرەکی نادۆزێتەوە. دۆزینەوەی زمـانی ونبـوو پەیداکردنی سەرچاوەیە، کە لەناخی خۆتدا، یان پێوەندی کردنێکی ئەدەبییە بەناخی خۆتەوە. ناخی خۆت وەک کولتوورێکی تاکەکەسی ئەدەبی و ژیانی گیانی. زمانی ونبوو هەمیشە دەسەڵاتی نادیاری بەسەر داهێنەرەوە هەیە بۆ دۆزینەوەی ئاستەکانی بینینی کەسی خۆی.

چەند شیعرێکی ئەم کتێبە شیعرییە. نموونە وەک: (دەشتایی گیان)، (لە دژوارترین کاتدا)، (ڕووتبوونەوەیەکی تر)، (خرۆشان) مانای بووناسانەیان هەیە و شکۆ و بەهرەی بوونناسی لەخۆیاندا بەرهەمدەهێننەوە. یەکێتی فۆرم پشتیوانی لەمانای بوونناسی دەکات و ئەو ڕەگەزانە دەخاتە ڕوو، کە لەدەقدا بوونەتە مانا و بابەت و پێوانە بۆ بوونناسی.

یەک لە خەسڵەتە گرینگەکانی شێوازی ئەم شاعیرە ئەوەیە لە سەرەتای شیعردا کۆتایی دەدۆزرێتەوە. سەرەتا ئەفسوونی تەواوی شیعرە و لەودا بیر دەکاتەوە و بەگشت و بەشەکانی دیکە دەگات.

ناوەند و کۆتایی دەهێنێتەوە ناو سەرەتا و وێنەکان دەتوانن هاتوچۆ بکەن. وێنە لە شیعرەکانیدا، وێنەیەکی هەستی و ئەوجا بینین و نامۆیی گیانین، مەودای نێوان گیان و دەنگ دەستنیشان دەکەن. شێوازی لیریکی لەم دیوانەدا نابیندرێت، مەگەر هەستی نۆستالژیایی نەبێت. جارجارە لەسەر گیان و هەستەکان بەکاری دەهێنێت. جێی بایەخی دەبن و ئاراستەی نووسینی دەکەن.

ئاگاییەکی زۆری لە هەستدا بەکاردەهێنێت و لە هەست کردندا دەوڵەمەند و پڕ ئەزموونە، ئاڵۆز و خاڵی بینینی ون نییە. زوو دەگەڕێتەوە بۆ زەمینەی ئەو سەرچاوانەی کە پێی سەرسام بووە و وەک ڕەگەزێکی بەرهەمهێنان کردەی ئەم گەڕانەوەیە ئەنجام دەدات و جۆش بە هەست کردنی دەدات.

شیعری هەڵچوون لەناو گرفتی سەرچاوەکەیدا دەمێنێتەوە، زمانێکی ئێستێتیکی سەربەخۆ دەربڕینی لێ نەکردووە. خاڵێک بیری بە ئاگا دەهێنێتەوە و بە قسە دێت. فۆرمێکی تایبەت وەردەگرێت، بەئاگا هێنانەوەی بیر. نەک فۆرمێک لەناو بیرکردنەوەدا زمانێکی ئێستێتیکی سەربەخۆ دەربڕینی لێ کردبێت.

شاعیر خۆڕسکانە شیعرەکانی نووسیوە، خۆڕسک مەبەست ئەوە نییە پشت نەبەستن بە ڕۆشنبیرییەکی خەملیو و گەڵاڵە بوو، یان درەوشانەوەی دیدگایەکی بەهێز، لەم ڕووەوە شاعیر خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی خەملیو و دیدگایەکی بەهێزی شیعرییە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە دوور لە هەموو پەیوەست بوونێک بە لایەن و ئایدۆلۆژیایەک کردەی ئازادی نووسینی پەیڕەوکردووە، کە ڕووبەڕووی شیعری بێگەرد بووەتەوە. دەرکەوت تەواو توانستی ئازادی نووسینی بەدەستهێناوە. بەهای ئازادی نووسین دەستنیشانی داهێنانە شیعرییەکەی دەکات. نەک مەسەلە و بارودۆخ.

(گەرم نەبوونەوە)، ناوونیشانی کتێبێکی شیعریی (جەلال بەرزنجی)یە. ساڵی (١٩٨٥) لە دووتوێی (٥٦) لاپەڕەدا لە چاپخانەی (الحوادث) لە بەغدا

چاپکراوە، ئەم شیعرانەی تێدایە: (مات بوون، پڕبوونەوەی نیوەی گیان، ئاڵۆزبوونی خەونەکانم، سێبەری ڕەنگەکان، هاتن، نزیکترین تەزوو، ئاهەنگی بەردەامی خۆم، نەورووژان، سپیاتی، دەشتایی گیان، بەتاڵبوون، کۆتایی ناکۆکییەکان، کەف، ئارەزوویەکی کۆن، برینی سێبەر، پەکەوتنی ئاو، نەگەڕانەوەی نامۆیی، لە دژوارترین کاتدا، سێبەرێکی مۆر، لەیادچوونەوە، ئاوێتەبوونی شتەکان، زەمەند، پالاوتنی نهێنییەکان، نەسرەوتن، دڵێکی بایی، بڵقی سەرخاک، وەرزەکانیش خۆشیان دەوێ، ناشتن، نیازی ئاو، گوڵێکی تەنیا، گەرم نەبوونەوە، مەزار، ڕووتبوونەوەیەکی تر، دوای زریان، قوڵغ، ئاونگ، یەکیەتی بوون، خرۆشان، ئەستێرەیەکی گەڕیدە، سروودی ئاوابوون.)

**ئاڵۆزبوونی خەونەکانم**

**کتوپڕ ناخم گران بوو**
**دەمارەکانیشم شل بوون**
**ڕووناکییە شەپڵە لێدراوەکانی ڕوحیشم**
**هیچیان لە بارەی خۆیانەوە بەبیر نەما**
**ئابڵوقە دراوم**
**ئابڵوقە درانێکی هەمیشەیی و نەزۆک**
**هەستیشم کرژ بووەوە ناو گەرمایی بۆنکردووی خۆی**
**لەناو ئەو مێرگە ناوەستم**
**سۆزمی لێ هەڵدەپەنمێ**
**هەرچەندەش بمێنمەوە**
**شتی جاویدانی لێ ناڕوێ**
**ئابڵوقە دراوم**
**ناشتوانم بەدیار ئەم ئەنجامە مۆمیاکراوە بوەستم**
**خەونێک**
**بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت**
**لەشم تێکدات**
**سەوزایی دەروونیشم**
**بەسەر سەوزایی سروشت خات**
**خوێنی ڕژاویشم**
**پێشوازی ڕووناکییە سەرما لێنیشتووەکان دەکات**
**ئەوەی بەم ڕێڕەوەدا ڕابووریێ**
**ئاوێکی مۆمیاکراو لە خشتەی دەبا**
**یان قامچی دڕندەی با**
**هەموو پشتی لەت لەت دەکات**
**کتوپڕ ناخم گران بوو**
**دەمارەکانیشم شل بوون**
**نەمتوانی ماڵئاوایی لە ئێوارەی ناو شاخان بکەم**
**یان خۆم لە کنێری قەدپاڵان وەردەم**
**بەردێک نییە سەرمی پیاکەم**
**ئاوێکی مۆمیا نەکراویش**
**قاچەکانمی لەناو جووت کەم**
**بەم کاتە زەرد هەڵاتووە چەماوەیە**
**لەم ماوە کەمەش پیاسە ناکرێ**
**دەرگای ئەم پەرستگایە تەمەڵەش ناکرێتەوە**
**هیچی تر باسی سروشت ناکەم**
**ئەو بوو دڵە ساکارەکەمی وا نەخۆش کرد**
**ڕێگای چوونە دەرەوەی لێ گرتم**
**ڕێگای هاتنە ژوورەوەی لێ گرتم**
**ناخم گران بوو**
**چیتر دوای جۆگەی پاش شۆڕینی مردووان ناکەوم**
**خەونێک بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت**
**سەوزایی دەروونم بەسەر سەوزایی سروشت خات**
**یان کتوپڕ**
**لەناو ئەو شەوە برک کردووەدا**
**بمرم**

شیعر بەهایەکی ئێستێتیکی ڕەهای هەیە، دەشبێ بزاندرێت ئەو ئێستێتیکایە لە بینای گشتی شیعرەکەدا چییە و دەربکەوێت. ئەگەر ئەو زانینە شێوا، یان ون بوو، شیعرەکە خواستی داهێنان و بەکارهێنانی تێدا نییە. شێواز و تایبەتمەندی شیعری بێگەردی وەرنەگرتووە. واتە زمان شێواز و ئێستێتیکای بۆ دەستەبەر نەکردووە.

لە شیعری ئەم شاعیرەدا دوو ئاستی کارکردن و شێواز هەیە.

**یەکەم**: پەیوەستە بە کولتووری دوور و نزیکی خۆماڵی و بێگانە، نوێبەخشی تێدا بەرهەم دەهێنێت و سیمای دەکات بە سیمای ئەمڕۆی مۆسیقادار، بەهای ئێستێتیکی لە سەرەتا لەناو مۆسیقادایە، ئەوجا لەناو واتا و وێنەدا خۆی دادەمەزرێنێت و دەردەکەوێت. واتا و وێنە ئێستێتیکی زەینی سنووردار ناکات و بینایەکی ئاوێتەکراوی پێ دەدات، کە لە کۆمەڵێک ڕەگەز پێکهاتووە.

**دووەم**: پێویستییە ژیانییەکانی ڕۆژانەی کەسی خۆی وەک کەسێکی هەستەوەر و تێکەڵبوو بە دەوروبەر. ئەم پێویستییە ژیانییەش لە سروشتی ئەزموونییەوە درێژ دەبێتەوە.

خەستکردنەوەی رستە شیعرییەکانی لەناو رووداوە دیار و بیندراوەکان و راکێشانیان بۆ ناو هەست و خەون، کە وەک هەوێنێک بە دەروون و بیری پژاوە و یارمەتی دەدات بۆ نزیک کردنەوەی دەوروبەر بۆ ناخ و کرۆکی و خەملاندنی لە ئەزموونی ئازادی نووسیندا. شیعری (هاتن) نموونەی ئەم بۆچوونەیە.

خەیاڵ و سۆزی گەرم دەبێت و بەبیر دەینووسێت. ژیانی رۆژانەی خۆی وەک سەرچاوە بەکارنەهێناوە. هەر لەم خاڵ بینینەشدا دەبینین وشەی (تۆ) و (من) زۆرکەم بەرچاو دەکەوێت. ئەگەر بە دەگمەنیش بەرچاو بکەوێت ئەوە (تۆ) و (من)ێکی شیعرییە و ئاسۆیەکە هاوتای تێدا دۆزیوەتەوە و کردەی دۆنایدۆنی لێوە بەرێوە دەبەن.

ئاڵۆزی نەخستووەتە ناو رستە شیعرییەکانی، بەڵام گرانی و قووڵی واتای خستووەتەوە بۆ بەهێزکردنی پێوەندییە گیانییەکانی کەسی هەستەوەرەوە. پێش دەچێت شاعیر پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ شیعری کلاسیکی کوردیدا نەبووبێت، بەوەی خوازە و لێکچوون و مەجاز و خواستن و نیشانە....تاد، لە شێوازیدا کەم دەردەکەون و تاڕادەیەک ونە، ئەگەر هەشبێت لاوەکی و یەک ئاستە. رەوانبێژی جیاواز لەنێوان شێوازەکان دەرناکەوێت. بیر و کارکردن لە ئاسۆکانی بیر زیاتر سەرنجی راکێشاوە لە هونەری رەوانبێژی و ئاستداری زمان.

گەشەکردنی زمان پرۆژەیەکی درێژخایەنە بەو هێڵەی کە لە سەرەتاوە تا بەئێستا دەگات شیعری کوردی پێ بەپێ پێیدا هاتووەتە خوارەوە. شاعیرانمان خۆیان بۆی ماندووکردووە. ئەوە بەهاو پێوەری بنەمایەکە بە دڵنیایی و بڕواوە لە ئاستیدا هەنگاومان ناوە و لە رەنجمان دوو دڵ نین.

ئەم شاعیرە دەسەڵاتی بیری لەزمان و وشەدا تاقی کردووەتەوە و لەکۆکردنەوەی هێزی هەرسێکیاندا شیعرییەتی لە دەقدا رسکاندووە. بەهای هەریەک لە (بیر) و (زمان) و (وشە)ی سەربەخۆ وەک هارمۆنییەتێک لە وێنەدا بەکارهێناوە و دەریخستووە، پاشان لە درێژبوونەوەی شیعرەکەدا ئێستێتیکایەکی شێوە ئەفسانەیی هەست پێدەکەیت. ئەم شێوازەی نەبووەتە (تەوژم) و (رووداو)ێک، بەڵکو هەر خۆی لەناویدا درێژ بووەتەوە و لە شیعری نوێبەخشی کوردیدا شیعری گرینگی پێ نووسیوە.

# ناوی ئامێرە موزیکییەکان و مەقام و گۆرانی لە هۆزانی هۆزانقانەکانماندا

دارا محەمەد عوسمان هەورامی
(بەلخە - هەورامان)

هەر میللەتێک ئاواز و مۆسیقای تایبەتی خۆی هەیە، میللەتی ئێمەش لە فەرهەنگی هۆزان و پەخشاندا گەلێک دەوڵەمەندە، کە تا ئێستا دەتوانم بڵێم نیوەی ئەو فەرهەنگ و کولتوورە بە تەواوی نەنووسراوەتەوە، نەتەوەی ئێمەش وەک نەتەوەکانی جیهان خاوەنی مۆسیقا و ئامێری تایبەتی خۆیەتی. ئەو بابەتانەش کە تا ئێستا لە بارەی مۆسیقای کوردییەوە نووسراون، ئەو کتێبانەش کە لەم بارەیەوە لە کتێبخانەی کوردیدان بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن، لەبەر ئەوە ئاوڕدانەوە لەو سامانە دێرینەمان قەڵەمی کەسانی بەتوانای دەوێت، بۆ ئەوەی ئاهەنگ و گۆرانی و مۆسیقامان زیاتر ئاشنا بە وڵاتان بێت، چەندین جار ئاماژەم بۆ ئەوە کردووە کە فەرهەنگ و کولتووری هەورامانی سەرکەش تا ئێستا بەپێی پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە، بگرە لە هەندێ دەڤەری تری کوردستان ناوی هەندێ گۆرانی کە تایبەتن بەو دەڤەرە ناویان نازانن. وا قەڵەمی من لەم بوارەدا کە ئاواز و مۆسیقا و مەقام و ئامێری کوردەواری خۆمانە بە هێواشی لاپەڕەکانی مێژووی هەورامان دەکەمە دیاری بۆ (گاتا- کان)ی زەردەشتی. ئەم ئەدەب و فەرهەنگە ماندووبوونێکی زۆری دەوێت، بە هیوام قەڵەمەکەم دەستگیری هەبێت، واتە پشتیوانی زۆر بێت، چونکە بارمان کەوتووە و بە هەوڵ و هیمەتی دڵسۆزانی فەرهەنگ و ئەدەب. پێویستی بە ڕاست کردنەوە هەیە، تا ئێستا ئەگەر لایەک لەفەرهەنگ و کولتووری هەورامانی ئاهورامەزدایی کرابێتەوە، تەنیا گۆڤاری (ڕامان)ی زێدە ئازیزە وەک گۆڤارێکی بە پەرۆش و خەمخۆر لاپەڕەکانی بۆ ئەو بابەتە تەرخان کردووە.

هەندێ ئاواز و گۆرانی دەڤەری هەورامان هەن تا

ئێستاش هەر وەک کەرەسەی خاو ماونەتەوە، یان هەندێ هۆزانڤانی دەڤەرەکە هەن ناویان دەرنەکەوتووە. کاری د. محەمەد ئەمین هەورامانی ڕاست بێت هەندێکیانی وەک نموونە لە کتێبی (مێژووی هەورامان)دا باس و تۆمار کردووە، چونکە هەندێک لەو هۆزانڤانانە دیوانێکی هەبووە، یان چیرۆک، یان پەخشانی هەبووە کە د. هەورامانی لەکتێبی کاکەییدا ناوی بردوون. ناوی زۆربەی زۆری مەقامەکانی کوردی لە کتێبی عوسمان شارباژێڕی بە ناوونیشانی (لێدوانێکی کورت لە مەقام و مۆسیقای کوردی)دا نووسراون کە لە ساڵی ١٩٧٢دا چاپ کراوە. هەروەها مێژووی مۆسیقای کوردی محەمەدی حەمەباقی توێژینەوەیەکی لە بارەی مۆسیقای کوردی کردووە. هونەرمەند (وریا ئەحمەد)ی موزیکژەن ناوی ئامێرە کوردییەکانی تۆمار کردووە. هەروەها (سەلاح ڕەووف)یش کتێبێکی بەناوونیشانی تیۆرەکانی مۆسیقا بەشێوەی نۆتە و تیۆری نووسیوە، ئەمانە هەموویان هەنگاوی چالاکانەن وەلی ناکاتە (٧) کتێب، بۆ مۆسیقا و کولتووری میللەتێ وەک نەتەوەی کورد فرە کەمە. دیارە ئاماژەم بەوە کرد کە زۆربەی هۆزانڤانەکانی کوردستانی مەزن باسی ئامێر و ئاوازەکانی کوردیان کردووە، کە پێویستی بە توێژینەوەی دڵسۆزانە هەیە بۆ ئەوەی ئەوانەی دەڵێن کورد مۆسیقای نییە، بەر پەرچێکی زانستی و فەرهەنگییان بدەینەوە. ئەوهۆزانڤانانە بە بەڵگەوە سەلماندوویانە کورد خاوەنی ئامێر و مۆسیقا و گۆرانی خۆیەتی.

هەندێ دێر لە بارەی حەزرەتی مەولەوی زانا دەنووسم کە لە زۆربەی زۆری هۆزانەکانیدا ناوی ئامێرە مۆسیقییەکانی بردووە. ئەو زانا پایەبەرزە وەک هەر مرۆڤێک بە پلەکانی ژیانیدا تێپەڕیوە و لە هەریەکە لەو پلانەی ژیانیدا تاڵی و سوێری و شیرینی چەشتووە. د. محەمەد ئەمین هەورامانی لە دەسخەتێکیدا دەبێژێ(١): (ژیانی تاڵی و سوێری و شیرینی چێشتووە، لە هەر جۆرە لەزەتێکی هەریەکێ لەوانە دەرسێکی وەرگرتووە، ئەم ڕاهێنان و بەسەرهاتانەش، مرۆ زۆر نەبێ، بەپێی توانا و لێهاتوویی ئەو مرۆڤە، دنیادیدەیی بەلاوە جەم دەبێ و خۆبشی و خەڵکەکەی دەوروپشتی بۆیان هەیە سوود لەو کارە وەربگرن). ئەو کارانەی کە هۆزانڤانەکانمان کردوویانە، ئەوەندە بە کەڵکن لە هەژماردن نایەن، خۆ ئەگەر ئەوانە نەبوونایە، ئەوە هونەر و کولتووری ئێمەی کورد بەم شێوەیە نەدەبوو. لە کتێبی (لێدوانێکی کورت لە مەقام و مۆسیقای کورد)دا عوسمان شارباژێڕی دەڵێت(٢): (هەر نەتەوەیەک پەیژەیەکی مۆسیقای تایبەتی خۆی هەیە، لەسەر بناغەی ئەو پەیژەیە مۆسیقای خۆی بنیات ئەنێ، ئەو پەیژەیە بەڵگەی پێشکەوتن و قەباڵەی حەزارەت بڵندی و شارستانی ئەو نەتەوەیەیە). ئێمەی کورد لە جیهاندا کۆنین و دیرۆکی تایبەتی خۆمان هەیە، ئەمەش نیشانە و بەڵگەی ئەو میللەتەیە. لە تیۆرەکانی مۆسیقادا سەلاح ڕەووف دەڵێت(٣): (ئەگەر سەرنج بدەینە مێژووی سەرهەڵدانی مۆسیقا، ئەبینین هونەرێکی کۆنە و هەر لە سەرەتای دروستبوونی مرۆڤەوە بە گوێچکەی ئاشنا بووە. وشەی مۆسیقا وەکو زانا مۆسیقاییەکان ئەڵێن وشەیەکی یۆنانییە. بە مانای سەرتاپای هونەرە جوانەکان هاتووە، بەلام لەدواییدا بەزمانی ساز و ئاواز وتراوە). لێرەدا پرسیارێ دێتە ناو مەیدانی بابەتەکەوە، ئەویش ئەوەیە ئایا پێش یۆنانییەکان مۆسیقا نەبووە؟ ئەوکاتەی کە هێرشەکەی گەزنەفۆن بە کوردستاندا ڕەت بووە، کورد هێرشەکەیان تێک داوە و زۆربەی زۆری لەشکرەکە تێداچوون، ئەویش بەهۆی سروودی گاتا و بە هۆرە و سیاچەمانەی ئایینی زەردەشتی و بەهۆزانی بیست برگەیی بووە، ئەی ئەوە مۆسیقا نەبووە.

بێ گومان هەموو میللەتان مۆسیقا و ساز و ئاوازی خۆیان هەبووە، لەگەڵ ئەو گەلانەدا مۆسیقاش سەری هەڵداوە. لە تیۆرەکانی مۆسیقادا دەڵێت(٤) (مۆسیقا هونەرە و زانستە و زمانە).. ئەو وتەیە زۆر ڕاستە، ئەو هۆزانانەی کە لەگەڵ ئاوازەکاندا بەکاردێن ئەوە هونەرە. ئەو پەیژە مۆسیقییەی کە نۆتەکانی مۆسیقای لەسەر دیاری دەکرێت زانستە، ئەو ئاوازەی کە هۆزان و مۆسیقا ئاوێتەی یەکتری دەبن، ئەویش زمانە، کە واتای گۆرانییەکە لێک دەدرێتەوە، ئەویش فەرهەنگە، زمانە، ڕێسایە، دەستوورە، بنەمایە، گیانی مۆسیقای میللەتە، هەروەها تیۆرەکانی مۆسیقا دەڵێت: (مۆسیقا زانستە لەسەر بناغەی زانستی بیرکاری و فیزیایی و سروشتی دانراوە، مۆسیقا زمانێکی جیهانییە و ئەلفوبای تایبەت بەخۆی هەیە وەکو هەموو زمانەکانی تر ئەنووسرێ و ئەخوێندرێتەوە). مۆسیقا خۆراکی گیانە، هەوێنی

خۆڕسکی دڵی بێ گەردە، سارێژکەری زامی ئەو وڵاتەیە کە هەردەم بە شێوەی یەکسانی هەست بە بوونی مرۆڤە دەکەن. مەقام بۆ حەوانەوەی دڵ و دەروونی هەموو مرۆڤێک کە هەست بکات مرۆڤە، مۆسیقا تەواوکەری بەشەکانی دی هونەرە، ئەگەر هونەری شانۆ ئەو مۆسیقایەی لەگەڵدا نەبێت، بە تەنیا ئەو شانۆیە وەک لاشەی مردوو وایە، بۆیە بە مۆسیقا دەڵێن هونەر، چونکە کاری زۆر گەورەی کردووەتە سەر هەموو جۆرەکانی کەی هونەر بە شێوەیەکی گشتی. ئەو هەست و سۆزانەی کە کۆمەڵ تێیدا دەژی، دابونەریتی ئەو میللەتە دیاری دەکات و ئامانجەکانی سەردەخات. لە تیۆرەکانی مۆسیقادا دەڵێت(٥): (زانا مۆسیقاییەکان بۆ ئاسانی پێوانی دەستنیشان کردنی هەموو دەنگە مۆسیقاییەکان دەنگێکی مۆسیقایی و لەرینەوەکەیان بە تەواوی پێوا و دەستنیشان کرد، بۆ ئەوەی ببێتە پێوانەی دەنگە مۆسیقاییەکانی دی، بۆیە لە ساڵی ١٨٨٥ز بە تێکڕایی لەکۆنگرەیەکی جیهانیدا دەستنیشانی دەنگی (لا) (A) کراو دەنگ پێوەکەیان لەسەر ئەوە دروست کرد. ئەو دەنگەش دەکەوێتە پەیژەی- ناوەڕاست- دەستنیشان کرا کە (٤٣٥ ل س)ە، بەڵام لە کۆنگرەیەکی تر لە ئەوروپا لە ساڵی ١٩٤١ز زانا مۆسقاییەکان پلەی لەرینەوەی ئەو دەنگەیان زیاتر کرد بۆ ٤٤٠ ل س، ئەو دەنگەش وەکو وتمان دەنگی «لا»یە و، دەنگی «لا»ی سەر هەموو ئامێرە مۆسیقاییەکان بەو دەنگ پێوەرە دەستنیشان ئەکرێ و پێی ئەوترێ (الشوکة الرنانة).

ئەو هەوڵ و کۆششەی زانا مۆسیقاییەکان داویانە کاری هەروا سووک و سانا نەبووە، بگرە ڕەنجی چەندین تاقیکردنەوەی دەیان زانای کارامە ئەو بوارە بووە، بۆیە مۆسیقا وەکو زانستێکی سەربەخۆ بواری تایبەتی خۆی هەیە. هەر لەسەر ئەو دەنگانەش کە ئەو زانایانە دۆزییانەوە، توانیان پەرە بە مۆسیقا بدەن. ئەمڕۆ نۆتەی مۆسیقا، یان دەنگی مۆسیقا، هەموویان لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر و بە یاسایەکی پێشکەوتوو جۆری لەرینەوەیان و چۆنیەتی پێکهاتنی هارمۆنی دیاری دەکرێت. هەموو ئاواز و گۆرانییەکان ئامادە دەکرێن، ئەمەش وای کرد بواری مۆسیقا فراوانتر بێت، لەبەر فراوان بوونی بواری تیۆرەکانی مۆسیقا زیاتر ئاواز و مەقام پەرەی سەند. هەروەها ئەو ئامێرانەی کە جاران بە کەمی لە وڵاتاندا هەبوون، دوایی بووە هۆی ئەوەی ئەو ئامێرانەش فراوان بوون، چ لە ڕووی بوونیان، چ لە ڕووی هونەرییانەوە. هەر ئەوەش وای کرد لە بواری مۆسیقای یەکتری شارەزایی پەیدا بکەن و مۆسیقارەکانی جیهانیش بناسرێن. بەهۆی مۆسیقاوە سیفاتی مۆسیقاش دۆزرایەوە. لێرەدا پرسیارێ سەرهەڵدەهێنێ، ئەویش ئەوەیە: ئایا مۆسیقا لەچی پێکهاتووە؟ لە تیۆرەکانی مۆسیقادا دەڵێت(٦): (مۆسیقا بە هەموو و ێنەکانیەوە لە دوو توخمی سەرەکی پێکهاتووە.

أ- ڕیتم (الایقاع)، یان کێش بریتییە لە پێوەندی دەنگەکان یەک بەوی دیبیەوە، لە ڕووی بەردەوام بوونی هەریەکەیان لە بابەت درێژی و کورتی مەودا و کاتی ئەو دەنگە مۆسیقایانە.

ب- ئاواز (اللحن) بریتییە لە پێوەندی دەنگەکان بەوی دیبیەوە، لە ڕووی ناسکی و گڕی ئەم دوو توخمەش شان بە شانی یەک دەڕۆن و بە هەردووکیان مۆسیقا دروست دەکەن. شایانی باسە لە مۆسیقای ئەوروپیدا توخمێکی دی هەیە کە پێی دەوترێت هاودەنگی (هارمونی). پێم وایە هارمۆنی، یان هاودەنگی نەک هەر لە دەنگی ئەوروپیدا هەیە، بگرە لە هەموو مۆسیقای جیهانیدا هەیە. کاتێ گۆرانی (ڕازیانە ڕازیانە)م تۆمار کرد مامۆستا نامدار لەگەڵ ڕیتم و ئاوازەکەدا هارمۆنیشی وەک هاودەنگ لەگەڵ ئەو دوو توخمە سەرەکییەدا بەکارهێنا. ئەمە لە ساڵەکانی ١٩٨٠دا تۆمار کرا، بە هۆزانی کاردۆخی و ئامادە و دابەش کردنی مۆسیقا مامۆستا عومەر نامدار قەرەداغی بوو، وتنی من بوو، بە دەنگ و ڕەنگ بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوک تۆمار کرا.

هەموو ئاوازێک جۆرە کێشێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەگەر لەو کێشە تایبەتییەی خۆی دەرچوو، ئەوە بارەکە لەشوێنی خۆی لێ نادرێت، بۆیە ئاگادارکردنی بارەکان، واتە خانەکان دەبێت لە یەک کات و ساتدابێت، هەر ئامێرێک بەگوێرەی ئەو بارەی کە بۆی دانراوە ئەو ئاوازە دەژەنێ، نەک بەشێوەی گوێ بیستی، یان هەڕەمەکی.

ئایا مۆسیقا چۆن دۆزرایەوە؟ لە کوێ نۆتە نووسی کرا؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە هانا دەبەینەبەر تیۆرەکانی مۆسیقا کە دەڵێت(٧): (ئەوەی شایانی باسە لە ساڵی ١٩٧٤ کۆمەڵێ پارچە قوڕ لە عیراق و سوریا دۆزرانەوە کە لەشێوەی نووسینی بزماری دابووە و دوای

لێکۆڵینەوەیەکی زۆر دەرکەوت کە شێوەیەکە لە شێوەکانی نووسینەوەی مۆسیقای کۆن، بەڵام یۆنانییەکان گۆرانی و مۆسیقاکانی خۆیان لە شێوەیەک لە فەوتاندن ڕزگار کرد. لە سەدەی حەوتەمی زاییینیدا لامباردییەکان لەسەرووی ئیتاڵیادا شێوەی نوێیان بەکارهێنا بۆ نووسینەوەی مۆسیقا، کە بریتی بوو لە چەند هێمایەک و چەند هێڵێکی پێچاوپێچ کە لەسەر گۆرانییەکان ئەیاننووسی بۆ ئەوەی گۆرانیبێژەکە، یان ئامێرژەنەکە بزانێ لەچ پلەیەکی بەرزیدایە، ئەم ڕێگایەش ناونرا بە ڕێگای نویمات النویما).

هەر کاتێک بەهۆی کلیلی مۆسیقاوە جێگای دەنگێکی مۆسیقا دەستنیشان کرا، بەهۆی ئەوەوە دەنگی تریش دەستنیشان دەکرێن، بەهۆی یەک لەدوای یەکی دەنگە مۆسیقییەکان (دۆ، ڕێ، می، فا، سۆل، لا، سی) و بەهۆی دووبارەکردنەوەی دەنگە مۆسیقییەکان چەند پەیژەیەکی مۆسیقای تر دروست دەبێت. ئەوەتا تیۆرەکانی مۆسیقا دەستنیشان کردنی کلیلە جۆربەجۆرەکانی دەکات و دەڵێت:

(١- بە دۆزینەوەی بیری کلیلە مۆسیقییەکان دیاردەی سادە و ئاسان هاتەکایەوە.

٢- کلیلی مۆسیقا پێناسەی چینە دەنگییەکانە و هەریەکەیان دەستنیشانی ئەو جۆرە چینانە دەکەن.

٣- زۆری چەشنی چینە دەنگییەکانی ئادەمیزاد هۆیەکی سەرەکی بوو بۆ دۆزینەوەی کلیلە مۆسیقاییەکان.

٤- هەروەها زۆر بوونی خێزانی ئامێرە مۆسیقاییەکان هۆیەکی دی بوو.) کەواتە ئەو چوار خاڵە هۆیەکی سەرەکی بوون بۆ ئەوەی هەم دەنگە جۆربەجۆرەکان، هەم کلیلە مۆسیقییەکان، هەم ئامێرە جۆربەجۆرەکانی مۆسیقا و ڕادەی پێشکەشکردنی ئەو ئاواز و گۆرانی و مەقامانە پلە و هەنگاوەکانیان بە شێوازێکی زانستی دەنگەکان و ئاستەکانیان دەستنیشان کران. جیاوازی ئەو پەیژە مۆسیقییانە ئەوەمان بۆ دیاری دەکات، کە مەقامەکان و ماوەی دووری نێوانیان بە پلە دەربخات و مۆسیقاژەنیش جۆرەکانی مەقام دیاری دەکات بۆ ئەو پەیژانە کە مۆسیقا ڕێڕەوی دیاری دەکات.

لە کتێبی (لێدوانێکی کورت لە مەقام و مۆسیقای کورددا نووسراوە(٨): (ئەم مەقامانە زۆربەیان بەشێوەیەکی وردبینی و ڕێکوپێک و ماوەی دووری دەنگی لەسەر ڕێژەوی بیرکاری دارێژراون، بەڵگەیە کە کورد خاوەنی مۆسیقایە)

هەرچەندە من زۆربەی زۆری کتێب و نامیلکە مۆسیقییەکان دەخوێنمەوە، تەنیا دوو کتێب باسی سیاچەمانەیان کردووە، ئەوانیش (د. محەمەد ئەمین هەورامانی و محەمەدی حەمەباقی)ن، ئیدی ئەوانی کە بەلای مەقامەکانی سیاچەمانەدا نەچوون. بۆ ڕاستی ئەم پەیڤینەمان بڕوانە کتێبی (لێدوانێکی کورت لە مەقام و مۆسیقای کوردی) عوسمان شارباژێڕی کە دەڵێت: (ئەڵڵاوەیسی، ئای ئای، چوارگا، ئەوشار، دەشت، دەروێشی، هۆرە، هۆمایۆن، هیجران، حەیران، لاوک، حیجاز، کارکورد، لاوژە، ماهور، مەترانۆ، نەهاوەند، نەوا، نیوەشەو، سێگا، سەحەر، سەفەر، عەجەم، قەتار، ڕەش پەست، ڕاست شور، شاناز، خورشیدی، خاوکەر، خاوخۆش، خەلیلۆ، خەمەنگیز، غەمگین، ئەمە جگە لە کۆمەڵێک بەستە،کە زادەی خودی ئەو مەقامانەن)..

هەرچەندە ناوی ئەو هەموو مەقامانەی هێناوە، بەڵام بەلای دەڤەری هەورامانی دەلالدا نەچووە، چونکە نە شارەزایی شێوە دیالێکتەکە بووەتە هۆی ئەوەی کە مامۆستا عوسمان شارباژێری بەلای هۆزانی بیست برگەیی گاتاکاندا نەچێت و نەیتوانیوە لەو شێوە دیالێکتە بگات، تا زیاتر بابەتی کتێبەکەی خۆی فراوانتر بکات. هەرچەندە ناوی هۆرەی بردووە، ئەویش بەسەرزارییەوە بووە و لەوە زیاتر بەلای هۆرەشدا نەچووە، هیوادارم ئەم جارە ئاوڕێک لە سیاچەمانە و هۆرەی ئاهورامەزدایی زەردەشتی بداتەوە، چونکە ئەوانە بناغە و سەرچاوەی مەقامی ڕەسەنی کوردن، هەر بۆ ڕاستی و دروستی پەیڤینەکەمان (شۆپان) دەڵێت(٩): (هونەری ڕاستەقینە ئەوهونەرەیە کە لە گیانی نیشتمانەوە هەڵدەقوڵێت، گیانی نیشتمانیش گەلە، چونکە بلیمەتی و هێز ئەوەتا لەناو جەرگەی گەلدا).

شۆپان ڕاستی وتووە، هونەر بەبێ نیشتمان دروست نابێت، ئەگەر دروستیش بوو کەمتر لەناو میللەتان دەناسرێ، بەڵام ئەگەر هونەریش نەبوو، ئەوە نیشتمان وەک باخی بێ بەر وایە. کەواتە هێز و توانای هونەر ئاوێتەی نیشتمانە، نیشتمانیش زێد و زادەی هونەرە، هونەری ڕەسەنیش نەمرە، چونکە خۆڕسکی ئەو نیشتمانەیە، ئەدی هونەری هەورامان خۆڕسکی هۆزانی

گاتا و بندەستی ئاڤێستا نییە! بێ گومان ئەوە گومانی تێدا نییە. سیاچەمانەش بە هەموو بەشەکانییەوە زادە و مەقامی ڕەسەنی کوردین هەر لە (ئای ئای، ڕاست، بەیات، حیجازکار، نەهاوەند، شەورێز، ئاورنگی، خورشیدی، نازی نەورۆز، باغی شیرین..) لە سەرچاوەگەلی سیاچەمانەوە ئارمی گرتووە، هەروەها سیاچەمانە کە هونەری ڕەسەنی کوردی و هەورامانە، هەموو جۆرەکانی ناو کۆمەڵی هەیە، وەک ئاوازی بەرزەچڕی جووتیار کە لە بار و ژیانی فەلاح دەکۆڵێتەوە، ئاوازی ئاهەنگ بە هەموو جۆرەکانییەوە، ئاوازی بەرزە چڕی گەلەبێرەی بێری، ئاوازی چەمەری بە هەموو بەشەکانییەوە، ئاوازی دڵخۆشی بە هەموو جۆرەکانییەوە، ئاوازی هێمن و لەسەرخۆ، لە هەموو ئاوازەکانی سیاچەمانە، هێمن و لەسەرخۆیی تێدایە بۆ حەوانەوەی دڵ.

لاوکیش ئەو ئاوازە بەرزە چڕەیە کە لە کولتووری کوردیماندا خانەیەکی داگیرکردووە. لاوک لە ناوەڕۆکی وشەکاندا گۆڕانکاری تێدا دەکرێت، کە ئەویش هەر لەلاوکی خۆشەویستییەوە، شین و گریان، شەڕ و شۆڕ، دەتوانم بڵێم لاوک فەرهەنگی زێڕەڤانی کوردی پاراستووە، وەک لاوکی سەبری کە خەلیل دۆسکی بە شێوازێکی جوان و بەدەنگی بەرز و نزم هۆزانەکانی دەهێنایەوە، واتە تێکەڵ و پێکەڵی نەکرد،، لاوکی سەبری لاوکی حیجاز بووە. بە زنجیرە دابەزینی یەکێک لە جوانییەکانی لاوک ئەوەیە ئەو دەنگە بە بەرزی و نزمییە کە ئاماژەم پێدا. دیارە هۆزانڤانەکانمان هۆزانی جوانیان بۆ لاوک داناوە، کە ئەمەش ژیری و هۆشیاری هۆزانڤانەکانمان دەردەخات، کە نەیان هێشتووە ئەو ئاوازانە لەناو بچن، لەبەرئەوەی لەسەردەم و ژیانی خۆیاندا بەرگرییان لە مۆرکی نەتەوەیی کورد کردووە، بۆیە گۆرانی، یان ئاوازی لاوک زیاتر لە هۆزانی هۆزانڤانەکانی باکووری کوردستاندا وەک تاجەگوڵینەی سەر دوندی قەندیل و ئارارات و حەسارۆست دەردەکەون، ئەمەش ناوی هەندێ لاوکە، (لاوکی دەروێشی، لاوکی ئەحمەدی شێخ مووس، لاوکی حەمایلۆکی، گەردەن زەرد، لاوکی هەرێ، لاوکی زەڕی بێ پەریسێ، لاوکی خەلیلۆ، لاوکی وەی جان وەی جان، لاوکی غەزاڵ، لاوکی سوارۆ، لاوکی زراوێ، لاوکی گوڵێ، لاوکی میوانۆ، لاوکی ئەسمەر، لاوکی لێ وایی، لاوکی خەلیل بەگ). بڕوانە گەنجینەی فۆلکلۆری کوردی- کۆمەڵێک لاوک و حەیران- کۆکردنەوەی محەمەدی مەلا کەریم- چاپخانەی شەفیق ١٩٦٨(١٠).

ئەم هەموو ئاوازە بەرزانە بەڵگەی ئەوەن کە هونەری کوردی هەر شێوە دیالێکتێکی قوتابخانەیەکی گەورەی هونەری ڕاستەقینەی کوردیمانە، بۆ لەسەر نووسین لە بارەی هونەری خۆمان کارێکی ڕەوایە، بۆ ئەوەی هۆش و گۆش و ژیری خۆمان بۆ نەوەکانی داهاتوو دیاری بکەین. کەواتە هونەر بێجگە لەوەی کە هۆش و ژیری تێدایە، لە هەمان کاتیشدا هەست و سۆز برسانایی، بردیاری و لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەکردن بۆ مەبەستەکانی ژیان، مانای بەکارهێنانی ڕستە و وشەکان لەناو دێرە هۆزانەکاندا، هەموو ئامانجە سەرەکییەکانی ڕەوانبێژی بە شێوازی جوان دەردەبڕن، کەواتە هونەر بە هەموو بەشەکانییەوە ڕەوانبێژییان تێدایە.

ئایا جیاوازی لەنێوان حەیران و حەیرانۆک هەیە؟ ئەگەر بەراوردێک لەگەڵ حەیرانی دەشتی هەولێر بکەین، بەڵام حەیرانۆک لە دەڤەری بادینانەوە نزیکە، زیاتر خۆشەویستی و ئەڤین لە خۆ دەگرێت و وەکو گفتوگۆ وایە. دەتوانرێت لەگەڵ هەردووکیاندا بەستە بوترێت کە بەو بابەتانە پەیوەست بن. هەروەها حەیرانۆک لە دەنگی سێیەوە دەست پێ دەکات وەک حەیرانۆکی (قەدەری یار)ی (ئایشەشان)ی نەمر، بە مەقامی بەیات دەبێژرێت، بەڵام حەیران لە دەنگی چوارەمەوە دەست پێ دەکات.

ئایا حەیران لە دەشتی هەولێر دەستی پێ کردووە، یان دەڤەری موکریان؟ بێ گومان حەیرانی قەرەچوخ و دەشتی هەولێر کۆنترە هەتاوەکو دەڤەری موکریان، هەروەها حەیران خۆی لە دەیان بابەتی جۆراوجۆردا نیشان دەدات. لە دوا لاپەڕەی کتێبی (کۆمەڵێک لاوک و حەیران)دا دەڵێت(١١): (حەیران.. ئەستێرەکم لێ هەڵدێ لەلای بەیانی، شەوقی خۆ دەداتەوە لە چەولینگ و چەولینگا، چەولینگی (پردێ) ئەوجا دەیداوە لە داری شیلانێ، ئەنگۆ زەینێ خۆ بدەنە بە ژنێ باریک دێتەوە دانی ئێواران لەگەڵ کۆمەڵەکی دەستە خوشکان لە تازیمان. (١) چەولینگ قامیشەلانی بە ئاو و قوڕ و چلپاو (٢) تازیمانێ- تەعزیە، سەرەخۆشی دانەوە) هەڵبەتە

بابەتەکانی حەیران فرە جۆر و بابەتن، هەروەها لاوکیش بە هەمان دەستوور، دیارە ئەمەش گەنجینەی فۆلکلۆری کوردیان دەوڵەمەند دەکات. هەر ئەو دەوڵەمەندییەش بووە کە بەرگری لە مانەوەی فەرهەنگ و کولتووری هونەری کردووە و بەگژ ئەوانەشدا دەچێتەوە کە دەڵێن کورد مۆسیقای نەبووە.. مامۆستا (سەلیم ئەلحلو) دەڵێت: (مەقامی کورد لە بناغەوە مەقامێکە هی فارسە). بێ گومان ئەم وتانە وەک خەنجەری دەبان وان کە لە نیوە شەوی کلکە چاودا بگیرێتە نیشانە، بێ گومان لە نیوەشەودا هیچ تارماییەک بەدی ناکرێت، بۆیە وتەکەی (سەلیم حلو) بەهیچ شێوەیەک بەلای ڕاستیدا نەچووە لەبەر ئەوەی کورد لە نیشتمانەکەی خۆیدا لە فارس و تورک و عەرەب کۆنترە، هەر بەوەش بووە بەرگری لە خودی خۆی کردووە. کوردستانی گەورە لەنێوان بەشە داگیرکراوەکانیدا کە بەناوی ئەم و ئەوەوە ناوی دەبەن، هیچ بەربەستێکی غەیرە کوردی نەتەوەیی تێدا نییە جگە لە کورد، تا بەشێکی لە بەشێکی دیکەی جودا بکاتەوە، وەلێ کەمە نەتەوە هەن لەگەڵ کورد لە کوردستان دەژین، ئەمەش لە هەموو وڵاتێکی ئەم دنیایەدا هەیە، ئەگەر بیگوتایە مۆسیقای کوردی لە مۆسیقای جیهانییەوە نزیکە لە ڕووی نۆتە دانانەوە، ئەمەیان بە هەرحاڵ ڕێی تێ دەچوو، ئەگینا ئەمە فرە لە ڕاستییەوە دوورە.

لە کتێبی لێدوانێکی کورت لە مەقام و مۆسیقای کورد دەڵێت(١٢): (جا مەقامی کورد کە یەکێکە لە مەقامە ناسراوەکانی ڕۆژهەڵاتی و لە مۆسیقادا جێگایەکی بڵندی هەیە.. گومان نابەم بێگانەیەکی وا دڵسۆز بە کورد هەڵکەوتبێ و لەبەرچاوی کاڵی کورد ئەو مەقامەی ناونابێ «کورد»، بەڵکو من دەڵێم ئەو مەقامانە لە داهێنان و دروست کردنی کوردە. دروستکەرەکەی بۆیە ئەو ناوەی لێناوە تاکو جێ دەستی ڕۆڵەیەکی کورد لە هونەردا دەرکەوێت و ناوی گەلەکەی دیار بێت). منیش دەڵێم ئەگەر نەتەوەیەک، یان گەلێک مێژووی خۆی بەدەستی ڕۆڵەکانی خۆی نەنووسی، بێ گومان لەلایەن خەڵکەوە بنووسرێت، هەر بەنیوە ناچڵ دەینووسن، هەر شتێ باشە بۆ خۆی و هەرچیش خراپە بۆ میللەتەکەی دی، ئاشکرایە کوردیش لە نووسینەوەی مێژوویدا تووشی ئەو دەردە بووە.

دەبا بزانین مێژوو چۆن دەنووسرێتەوە، بێ گومان ئەو کەسەی دەینووسێتەوە، دەبێت لەو بوارەدا فرە شارەزابێت کە خۆی بۆ ئامادە کردووە. بۆ نموونە مێژووی مۆسیقا دەبێت ئەوکەسە لەو بوارەدا قاڵ بێت، ئەوەتا سەڵاح ڕەووف لە تیۆرەکانی مۆسیقادا، باس لە نۆتە و کێش و جۆرەکانی دەنگ، پەیژەی مۆسیقا دەکات، بۆیە دەڵێت (پەیژەی مۆسیقا «السلم الموسيقي» The seale) بریتییە لە دانانی حەوت دەنگی مۆسیقا بەشێوەیەکی یەک لەدوای یەک، لە بنکەوە تا پلەی دەنگی حەوتەم بە پێچەوانەوە (دەنگی هەشتەم دووپات کردنەوەی دەنگی یەکەمە و پێی دەوترێت ئۆکتاف، وەک ئەم نموونەیە:



چەند جۆرێ لە پەیژەی مۆسیقا هەیە لێرە بە کورتی دەیانژمێرین ١- پەیژەی ڕێکوپێک. ٢- پەیژەی ڕەنگاوڕەنگ.. کەواتە دەست پێ کردنی هەر ئاوازێک لەسەر پەیژەی مۆسیقا، بۆ نموونە لە دەنگی (دۆ) دەست پێ دەکەین، کۆتاییەکەشی بە دەنگی (دۆ) دێت، یان لە دەنگی ترەوە بە هەمان شێوە، وەک دەنگی (فا) کۆتایی بە دەنگی (فا) دێت.

دیارە ئەمە لەلایەن بڕادەرە مۆسیقییەکانەوە کار ئاسانی کراوە بۆ ئەوەی ئەو وانانەی لە ئامۆژگای هونەرە جوانەکان دەخوێنرێن لەسەر بنەمای نۆتەی زانستی بێت.

ئاشکرایە مۆسیقا دیاردەیەکی لەبن نەهاتووی خاوێنە بۆ ئەو کەسانەی شارەزای مۆسیقان، بەڵام ئەوانەی بە نەزانی مەلەی تێدا بکەن، دەخنکێن. واتە هەر دەریایەک، یان دەریاچە و ڕووبارێک مەلەوانی تایبەتی خۆی هەیە، هەڵبەتە ئێستا لە کوردستان هەندێ هەوڵی کارامە بۆ نووسینەوەی کولتوور و مێژووی مۆسیقای کوردی دراوە، بۆ ئەوەی هونەری ئێمەی کوردیش لە کاروانی نەبڕاوەی بەرەوپێش چوونی فەرهەنگ و مۆسیقا و کولتوور دوا نەکەوێت.

من لێرەوە دەڵێم، هەر کەسێک ئاوازێک، یان نۆتەیەکی مۆسیقی بۆ ئاوازێکی کوردی دانابێت، جێگەی ڕێز و نەوازشە، هەتا بە تەنگ هونەر و کولتووری

خــۆمــانەوە بین، ئەوەندە باری ژیاری و شــارســتــانی میللەتەکەمان پێش دەکەوێت. مامۆستا ئەنوەر قەرەداخی لە گـۆڤـاری (ڕامـان)ی ژمـارە (٦٨)دا دەڵێت(١٣): (سەلیقەی مۆسیقایی زۆر گرنگە، کە پێش هەر شتێ لە بابەتەکـــە تێ بگەیت، ئەوەی ئاواز دادەنێ بۆچوونی مۆسیقایی خۆی هەیە لەوەدا دەیەوێت چی بکات، لە زۆر تیپی سیمفۆنیای جیهانیشدا دیومانە ئامێری میللیش لەگەڵ ئۆرکستـرا داخڵ دەبێت، بەڵام نووسەرەکـە بە چ بیـرکـردنەوەیەک تەرحی کـردووە سەربەستـە). کـەواتە سروشتی ئاوازەکە چ جۆرە ئامێرێکی لەگەڵدا بگونجێت ئەوەندە ئەو ئاوازە لە ڕووی هونەرییەوە پێش دەکەوێت. کــەواتە بە بۆچوونەکــەی ئەنوەر قــەرەداخی لە تیــپی ئۆرکستـرادا بۆ ئاوازێکی دی بەشێوازێکی فرە زەریف بەکاردێت. ئەو ئامێرە ڕەسەنانەی بۆ ئاوازە ڕەسەنەکانی کوردی دەلوێن وەک: (شمشاڵ، زوڕنا، باڵەبان، دەهۆڵ، فلووت، کــلارنێت)، هەروەها ئاوازە بەرزەچڕەکــانیش وەک: (سیـاچەمانە، هۆرە، لاوک، حەیران، حەیرانۆک، لاوژە، گـۆرانی دەرەیی هەورامـان، گـۆرانی چەمــەری، گۆرانی پادە پادە، گۆرانی یەزن یەزن، گۆرانی بەستـە و وردە بەزمــەکــانی، گــۆرانی لەیلێ لەیلێ). ئەمــانە هەمـوویان بەڵگەی ئەوەن، کـە نەتەوەی کـورد لە مـێـژە ئاواز و گـۆرانی و مـۆسـیـقـای خۆی هەبووە، چاکـتـرین بوونی مۆسیقا و هۆزانی هۆزانڤانەکانمانە، بە شێوازێکی چاک ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە کورد خاوەنی مۆسیقایە و ئەو کەلەپوورە بیرییانە چاکترین تاپۆن بۆ پشتیوانی ئەم باســە، هەروەها ئەو هۆزانانە کــە بەشــێــوەی بڕگــەیی نووسـەران هەر لە سـەردەمی زەردەشتـەوە، نەوە بۆ نەوە مــاونەتەوە تا گــەیاندوویانەتە ئەمــڕۆ، بوونیـــان بە زیندوویی مایەی سەروەریمانن.

پاش ڕوونکردنەوەی بابەتەکە لە بارەی ئاواز و مەقام و ئامـێـرەکـان لە هۆزانی هۆزانڤـانەکـانماندا، بۆمـان هەیە شـانازی بەو هۆزانڤـانانەوە بکەین کـە مـیللەتی ئێـمـە خاوەنی دەسـمـایەیەکی زێڕینی لەبن نەهاتووە. هەروەها هۆشیاری و ژیری ئەو بلیمەتانە نیشـان دەدات و ئەوەش دووپات دەکـەنەوە کە کـورد خاوەنی ئامێر و مـۆسیـقـای خـــۆیەتی. با لە حـــەزرەتی (مـــەولەوی)یەوە چەند نموونەیەکی زیندوو لەسەر هۆکاری بوونی ئامـێرەکـان لە هۆزانە بەرزەکـانیــیـەوە بکەینە خـەرمـانی بابەتەکـە.

مەولەوی دەفەرموێت(١٤)

**(شیعر وێم تەنخوای سەمتوورسازێ**
**لێدەر سانەی چی هەر تارێش گازێ**
**چنگ پێکۆ نە جەرگ نەغمەی سازەکەت**
**بەرا ڕۆ تۆ تۆ میقراز گازەکەت**
**سا دەروێش؛ کەفێ بدەنە ڕووی دەف**
**گیان منتظرەن پەرێ ڕێزەی دەف**
**مغنی! لێدەر یەک ئیمشەو سازان**
**بە عەشقی ئەو کەسە تۆش ئاوات وازان)**

هۆزانی مەولەوی ئەو هۆزانانەن کە بە سەمتوور وتار و شـمـشـمـاڵ، بە ئاوازی ڕەســەنی سیــاچەمــانەی (لالۆ ئوسمـان)، ئاوێزانە بە باڵای ئەو هۆزانانە کە بۆ مەقـامە ڕەسەنەکانی سیاچەمانە، هەر تەلێکی بۆ گیان دەرهێنانی ڕیشــەی جـەرگ بەندی بە ئاوازی سـاز و چنگ لە جگەر گـیــر دەکـات، ئەو خـەم و ناخـۆشـیــیـە وەک قـەقنەس دەردەهێنێ.

لەرینەوەی ئەو ئەڵقانەی دەف، کە بە کەللەی دەفەوەن، گۆرانیبێژیش بە بیستنی ئەوەندەی تر جـۆش و خرۆشی جـۆش دەدات، وەک کـوورەی ئاگـر چۆن بڵێـسـەی ڕوو لە ئاسمانە. هۆزانی (دە) بڕگـەیی یان (٢٠) بڕگـەیی تەنیا لەگەڵ ئاوازی ڕەسەندا دەگونجێن، ئەمەش دیارە مەولەوی لەوسـاتەوە بە بلوێری قـامـیشی خـۆمـان گـیـانی ئاسـوودە بووە بۆ هۆزان دانان، گـیــانی ئەو و لێـدانی نەی بوونەتە هەوێنی هۆزانەکـانی، بۆیە بە جـۆش باسی ئەو ئامـێـرانە دەکات.

یەکێکی دی لەو هۆزانڤانانە (خانەی قـوبادی)یە، ئەم هۆزانڤـانە خـاوەنی کـتـێـبێـکی گـەورەیە بەناوونیـشـانی (خەسرەو و شیـرین). لەو کـتـێبەدا کە هەمـووی هۆزانی جوانە بە شێوازی بڕگـەییە و هەمووی بۆ ئاواز و مەقام و میـلۆدییە جـۆر بەجـۆرە ڕەسـەنەکـان فرە بە چاکی دەلوێن. دیارە ئەو ئامــێــرانەش کــە ناوی بردوون، ســەرچاوەی ڕەسەنی موزیکی کوردین لە دەڤەری هەورامان. (خانا) وەک لە تێکستی شیرین و خوسرەوەکەیەوە پتر لەجارێ دیاری دەدا، لە مەیدانی مۆسیقادا شارەزایی هەبووە، بۆ نموونە لە چەندین شوێنا ناوی پەردەکانی مۆسیقا دەهێنێ و واشـیــان باس ناکـات کـە تەنیـا لە (یاسـایی)یەوە وەرگـیـڕدرابێـتە سـەر کوردی. لە (شیـرین و خەسـرەو)دا ناوی (پەردەی عێراقی و حیـجاز و بوزرگ شەهناز، گەنج

باد ئاورد و گاوگەنج و گەنج سوختە و شادەروان مرواری و تەخت تافریسی و ناقوس و حوققەی کاوس و موشک دانە و ئارایش خورشید و نیمەڕۆژ و قوفڵ ڕۆمی و سەروستان و سەرو شەهی و نوشین بادە) دەهێنێ، ئەمەش نیشانەی پێشکەوتنی میللەتی کورد بەدەردەخات. هەروەها (خانا) ناوی گەلێ لە ئامرازەکانی مۆسیقاش دەهێنێ وەک (ساز و چەنگ و نەی و دەف و عود و سەمتوورە) و لەگەڵ هی دیکە. ئەم ئامێرانەش لە ئاوازگەلی مەقام و ئاوازە بەرزەچڕەکانی مۆزیکی کوردین، بە ڕەسەنایەتی بەکارهێنراون و سەرچاوەی مۆزیکی کوردی دیاری دەکەن. واتە لەگەڵ دەنگ و سۆزی ڕەسەنی هونەرمەندا ئەو ئامێرانە بۆ ئەو ئاوازانە ئارامگای مۆسیقای کوردیمانە کە سەرچاوەی فۆلکلۆرە. هەروەها خانا باسی فەرهەنگ و هونەری میللەتەکەی بە بەرزی ناودەهێنێ و دەڵێت(١٥): (پێوانەی خانا بۆ هۆزانی سەرکەوتوو بریتییە لەوەی لە بارەی ناوەڕۆکەوە، بێ واتا نەبێ، لە ڕووی دارشتنەوە ڕازاوە و جوان بێ، هاوسەنگیش بێ، ئەمە هەڵسەنگاندنی ڕاست و دروستە بۆ هۆزان، ئەگەر دیمەن و ناوەڕۆک لە یەک جوێ نەکەینەوە و ئەگەر نکوڵی لەوە نەکەین کە هۆزان تایبەتمەندێتی هونەری تایبەتی هەیە، لە پەخشانی جوێ دەکاتەوە..) دیارە هۆزان بۆ ئاوازەکان ئاوێزانە، بەڵام پەخشان گرانتر لەسەر پەیژەی مۆسیقی خانەبەندی بۆ دەکرێت.

خانای قوبادی لە بارەی غەزەل خوێندنی (نەکیسا) بە زمانی (شیرین)ەوە دەڵێت:

**(نەکیسا چەنگی ساز بۆ عەبیرین**
**جەقوفڵ ڕوومی جەباخ شیرین**
**جەلەفز شیرین شۆخ دڵ پەسەند**
**هورگرت چەنگ و عود بدی تەور شیرین ژەند)**

ئەم ئاماژە پێدانەی خانا بە ئامێرەکانی مۆسیقا، ئاماژە بە پێشکەوتنی هونەر دەکات بە هەموو بەشەکانییەوە، یان ناوهێنانی دەنگ خۆشیی گۆرانیبێژ (نەکیسا) لەو زەماوەندەدا، دیسان ئەوە ڕۆشن دەکاتەوە کە میللەتی ئێمە خاوەنی کولتووری ڕەسەنی خۆیەتی. لەو ساتەوە تا ئەمڕۆ فەرهەنگی هونەری بە ئاوازگەلی مەقامەوە ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە برەوپێدانی ئەو مەیدانە.

ئایا ئاواز و مۆسیقا چۆن ڕەسەنایەتییان پێوە دیار دەبێت؟ بێ گومان ڕەسەنایەتی لە خۆڕسکی نەتەوەوە هەڵدەقوڵێ، واتە بەندە بە دابونەریتی ئەو میللەتەوە. کاتێک کە بلوێر لێدەدرێ یەکسەر دەڤەری هەورامانت دێتەوە بیر. بیرت بۆ ئەوە دەچێت کە هۆزانی بیست بڕگەیی گاتاکان و نەوەد و نۆ پیرەی هەورامان و خوێندنی ئاوازی سیاچەمانە لە ئاتەشگەدەکانی زەردەشتیدا، بەو هۆزانانە کە موغەکان لە بۆنە ئایینییەکاندا ئەو ئاوازانەیان بە سانایی فەرمووە. ئەوە دەنگ و ڕەنگی هونەری ڕەسەن دیاری دەکەن. میللەتێک خاوەنی ئەو سەرمایەیە بێت ئیدی چۆن مۆسیقای ڕەسەنی خۆی نابێت؟! لەسەر بناغەی ئەو ڕەسەنایەتییە دەتوانرێت ئەفراندن بە ئاوازە فۆلکلۆرییەکان بکرێت، هەروەسا هەر میللەتێک خاوەنی مێژوو و فەرهەنگ و کولتووری خۆی نەبێت، ئەو میللەتە ناتوانێت پەرە بە مۆرکی خۆڕسکی فەرهەنگی خۆی بدات. ڕەسەنایەتی و چۆنیەتی پەرەپێدانی دەبێت هەلی باشی بۆ بڕەخسێت بۆ ئەو بوارە، بۆ ئەوەی ئەو ڕەسەنایەتییە وەک بنەمایەک بۆ نەوەکانی داهاتوو، خۆیانی پێ ڕۆشنبیر بکەن. کاتی ئەوە هاتووە ئێمە ڕێ و ڕچەکەی خۆمان بەرنەدەین. (محەمەدی مەلا کەریم) لە (شیرین و خوسرەو)ەکەی (خانا)دا دەڵێت(١٦): (کاتی ئەوە هاتووە سوودی نەتەوەکەیان و ژیاندنەوەی کەلەپووری دێرینی بخەنە پێش شێوەی تەسکی بیرکردنەوەی خۆیان، چیان لایە بیخەنە ژێر دەسەڵاتی دەسگا زانستییەکان بۆ ئەوەی مەیدانی کەڵک لێ وەرگرتنیان فەراهەم بێ و ئیتر پاشماوەی دێرینمان مۆرانە بیخواو توزی لێ بنیشێ و لەسووچی تاق و کلاوڕۆژنەی سندووقە شکاوی کۆنا بفەوتێ).

تا ئێستاش لەسەدا بیستی فەرهەنگ و هونەری ئێمەی کورد ساغ نەکراوەتەوە. لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە ڕۆڵی هۆزانڤانی گەورەی نەتەوەکەمان (ئەحمەدی خانی) بدەم، کە چەند دڵسۆز و بە ئەمەک بووە بۆ فەرهەنگ و هونەری کوردی ڕەسەنمان. شەیدای نەتەوەیی بوونی خۆڕسکی ئەو مۆرکە لە هۆزانەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە، لە بارەی هونەری مۆزیکەوە فرە بە زەریفی باسی کردووە، گەورەیی (ئەحمەدی خانی) لەوەدا دەردەکەوێت کە پێش (٣٠٠) ساڵ بەر لە ئێستا ئاماژەی بۆ هونەری ڕەسەن کردووە. بە شێوازێکی زەریف ئەو

بوارەی لە هۆزانەکانیدا ڕازاندووەتەوە و دەفەرمویّت(١٧):

**(زەنگولّ بە دەڤاکها نڤە زەنگولّ«١»**
**مەفتوول و ئانا ملان ژمر غول**
**(عشاق)«٢» و (حەزین)«٣» و بیّ تەوابوون**
**خەل تەشنە حوسەینی«٤» کەربەلابوون**
**مەجلس بە (نەوایی) زیر و بەم(٥) بوو**
**مەملو ژ هەوای زین و مەم بوو)**

بڕوانە کتێبی لێدوانێکی کورت لە مەقام و مۆسیقای کوردی ل١٧. لێرەدا خانی بە وردەکاری ناوی زۆر لە مەقامە کوردییەکان دێنێتەوە و تێکەلّ بە هۆزانیان دەکا کە لە هەمان کاتدا واتایەکی تریش دەگەیەنن. مەبەستی ڕاڤەکردنی هۆزانەکان نییە، بەڵکو ئاشکرا کردنی ناوی مەقام و ئامراز و ئاوازەکانە و لێدوانە لەوان.

(١) زەنگولّ، مەبەستی هۆزانڤان ئەوەیە، کە زەنگولّ عەرەبەکان کردوویانە بە (زەنگلا)، ئەم مەقامە کوردییە لە دوو پەردە پێکدێ، گرێی یەکەم ئاوازی (حیجاز)ە لەسەر پلەی ڕاست، دووەم ئاوازی (چوارگا)یە لەسەر پلەی چوارگا و بەم جۆرە.

(٢) عوشاق: مەقامێکە لە (نەوا)وە دەست پێ دەکات بە (ڕاست) کۆتایی دێ و پلەی (چوارگا و سێگا و دووگا)ی تێدا دەردەکەوێ.

(٣) مەقامی حەزینی ئەو مەقامەیە کە لە کاتی چ کردنی گەورەیەک دەوترێت و دەچێتە خانەی چەمەرییەوە.

(٤) حوسەینی: مەقامێکە لە دوازدە مەقامەکەی ڕۆژهەڵات و بە پێشەنگ ناسراون.

(٥) زیر: ژێی باریکە لە عوددا، زیر وشەیەکی کوردییە.

(٦) بەم: ژێی ئەستوورە لە ژێکانی عوود، دەنگێکی گڕ و قەبەی هەیە.

لە بواری مۆسیقادا هۆزانڤانی کوردستان فرە زۆرن ئاماژەیان بەم بوارەی ئاواز و گۆرانی و مەقام داوە، ئێمە هەندێکیان بە نموونە دەهێنینەوە. مەلای جەباری ١٨٠٦- ١٨٧٦ ئەم هۆزانڤانە لە دەڤەری گەرمیان بە زاراوەی ئەوێ، یان زاراوەی زەنگنە دواوە، کە شێوە دیالێکتی هەورامانە و باڵی بەسەر هەموو کولتووری ئەدەبی و فەرهەنگی زۆربەی هەرە زۆری کوردستاندا کێشاوە. کە ئەمەش ڕەسەنی ئەدەبی هەورامان نیشان دەدات، بۆیە مەلای جەباری لەناو جەرگەی گەرمیاندا هۆزانی بەشێوە دیالێکتی هەورامانی وتووە ئەو هۆزانانەی کە وتوونی لە بارەی ئامێر و ئاوازەکانی مۆسیقاوە دەفەرمویّت(١٨):

**(چریکەی چەکاوس چوون حەنجەرەی (عوود)«*»**
**مەردەنگی چل چەنگ پەنجەی (بارەبوود)«**»**
**دەنگی قیرەی قاز سوب لە سەحرای سووس**
**مەر موزیکەی مەشق شاهەنںای عەرووس**
**(جەرەس)وە (ئاهەنگ) خۆش (قانوون)ەوە**
**دەنگ وە سەدای «ساز» «ئەرغەنوون»ەوە)**

بڕوانە مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سەجادی.

ناوهێنانی ئەو ئامێرانەی موزیک و بەکارهێنانی وشەی موزیک سەد ساڵ لەمەوبەر نیشانەی خاوێنی فەرهەنگی کوردییە. لەوساوە هۆزانڤان هەوڵی ئەوەی داوە وشەی کوردی پەتی بەکاربهێنێ و بەکارهێنانی شێوە دیالێکتی هەورامان لەناوجەرگەی گەرمیانی گڕو کڵپەی ئاگرین نزیک شاری باباگوڕگوڕی لە هەر چوارلاوە ئاسۆ بڵند، ئەوەندەش هونەری کوردی وەجاخی ڕوونە.

چریکەی چەکاوس وەک تاڵەکانی عوود، وەک دەنگی ئامێری چل دەنگ کە پەنجەی بارەبوودی هێناوەتە جۆش، دەنگی مراوی و قازی سەحرای سووس مەگەر موزیکی عیشق و تارای بووکی ڕازاوە، لێدانی ئەو ئاهەنگە بە ئاوازی بەرزی فرە زەریفەوە، بە قانوونی مۆسیقاوە، دەنگ وەناڵەی ساز و ئارغەنوونەوە. ئەمانە هەموویان لە هۆزانی مەلای جەباری، مەلای شەیدای عیشق و جوانی، شەیدای وشەی کوردی پەتی بە ئاهەنگی دەشتی کاکی بەکاکی گەرمیانەوە، مەقامی ئەڵڵاوەیسی بەو هۆزانانە دەزرنگایەوە.

هونەر بە گشتی لە کوردستاندا، لە هەموو ئان و زەمانێکدا باوی خۆی هەبووە، زیاتر میرنشینەکان بایەخیان بە لایەنی موزیک داوە، هەروەها زۆربەی زۆری ئامێرە ڕەسەنەکان بۆ ئاواز و مەقام و سیاچەمانە و گۆرانی جۆراوجۆر و لاوک و حەیران بووە. واتا ئاوازی ڕەسەن لەگەڵ موزیکی ڕەسەنی خۆیدا هەر بە نەمری دەمێنێتەوە. بۆ نموونە ئەو هەموو هۆزانڤانانە کە یەک لەدوای یەک هاتوونەتە مەیدانی ژیانەوە، هەموویان لە هۆزانەکانیاندا بەشی خۆیان فرە بە زەریفی باسی ئامێری مۆسیقایان کردووە. لە مێژووی مۆسیقای کوردیدا

دەڵێت(١٩): (هەڵکەوتنی مەلای جەزیری سەدەی ١٥ی زایین و ئەحمەدی خانی ١٦٥٠- ١٧٠٧ز و دواتریش دەرکەوتنی نالی ١٨٠٠- ١٨٥٦ز و هاوڕێکانی مەولەوی ١٨٠٦- ١٨٨٢ز و تاد. لە سێبەری میرنشینەکانی جزیرە و بەتلیس و بابان و ئەردەڵان و...تاد، بەڵگەی بەرچاوی ئەو پێشکەوتنانەن کە دیارە مۆسیقا و گۆرانیش، بەپێی گەشەسەندنی ئەدەب و هونەر، لە دەرباری ئەو دەسەڵاتداری و میرنیشینانەدا گەشەیان کردووە). ئەو هۆزانڤانانە کە ناومان هێنان. دیارە پێش ئەوانیش هی تر هەبوون. وەکو چەند جارێک ئاماژەم بەوە داوە، کە دەڤەری هەورامان سەرەتای پەیدابوونی هۆزانی پەنجەیی بووە، ئیدی ئەو هۆزانە «دەیی، یان پازدەیی، یان بیستی» بووبێت، هەوێنی ئەو ئاواز و مەقامە ڕەسەنانەی نەتەوەی کورد بوون. لە هەمان سەرچاوەدا دەڵێت: (لە سەردەمی میرنشینی دۆستەکیدا کە مامۆستا عەبدولڕەقیب یووسف کتێبێکی دەوڵەمەندی لە دوو بەرگدا لە بارەیانەوە نووسیوە سەبارەت بە گۆرانی و مۆسیقای ئەم دەسەڵاتدارییە دەڵێت(٢٠): (گۆرانی و مۆسیقا لە دەرباریاندا، لەوپەڕی بڵاوکردندا بوون، بە تایبەتیش لەسەردەمی حوکمڕانی (نەسرولدەولە)دا، گرنگییەکی زۆریان پێ داوە، کە (فاروقی) لەم بارەیەوە دەڵێت، ئەوەندەی لەو میرنشینانەدا گرنگایەتی بە گۆرانی و مۆسیقا دراوە، لە هیچ میرنشین و دەربارێکی تری دوورونزیکی ئەو سەردەمەدا بەو جۆرە نەبووە). لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، هەر کاتێ کورد باڵادەست بووبێت، هەوڵی ئەوەی داوە و کەم، یان زۆر بایەخی بە ئەدەب و هونەر داوە لە بوارە جیاجیاکاندا.

یەکێکی کارامەتر لە هۆزاندا فرە ناوی ئاواز و مەقام و ئامێرەکانی بردووە، ئەویش ئەو هۆزانڤانە نەمرە بەرزەیە، کە گیانی پاکی ئێستاش لە بەهەشتی بەریندا بە وشەی کوردی پەتی شادە. ئەو مرۆڤە بلیمەتە زۆر بە ئازایانە توانی لە ڕێی و ڕچەکەی هۆزانی کلاسیکی ئەدەب و هونەری کوردی ڕزگار بکات و کێش و سەروای هۆزانی پەنجەیی بهێنێتە نێو گۆڕەپانی فەرهەنگی کوردی. واتە لە ڕێی باب و باپیرانی خۆی لای نەداو بەخێرایی کێشی پەنجە و فۆلکلۆری خۆی هێنایەوە مایە. لە هەمان کاتدا لەبواری هونەردا فرە بەکارامەیی ئەسپی خۆی تاوداوە بۆ هێنانە کایەی هۆزان، بە بەکارهێنان و ناوهێنانی ئامێر و مەقامەکانی کوردی. پیرەمێرد (١٨٦٧- ١٩٥٠) دەفەرموێت(٢١):

**(ئافەرین ڕەمزی بە نەوای قەزاز«١»**
**ڕاست«٢» میللەتەکەت پێ کرد سەرفراز**
**«٣»لاوکی کوردی وەک دەنگی زەبوور**
**دەنگی دایەوە لە نزیک و دوور)**

پیرەمێرد لەگەڵ (ڕەمزی قەزاز)ێتی، بەڵام شوێن وردەکاری (مەولەوی) کەوتووە، بە تیرێک دوو ئامانجی پێکاوە، شارەزایی خۆی لە مەقامەکاندا تێکەڵ بە مەبەستی خۆی کردووە، واتەی جوان و جیاواز جیاوازی لێ پێکهێناون.

(١) قەزاز: یەکێکە لەو لقە مەقامانەی کە تایبەتە بە (عیراق).

(٢) لاوک: مەقامێکە و تایبەتە بە نەتەوەی کورد، واتە میللەتی کورد خاوەنی قوتابخانەیەکی گەورەیە لە بواری لاوکدا، کە ئەمەش فرە باسی هەیە.

(٣) ڕاست: زاراوەی مۆسیقایە بەو ماوەی دەنگە دەگوترێت کە کەوتووەتە بەینی عیراق و (زیرگول)ەوە.

لە ئەلف بێیەکی موزیکدا هاتووە(٢٢): (زمانی موزیک وەک هەر زمانێکی دیکە وایە، گەر یاساکانی تەنیا لەنێو کتێبەکانی خوێندنگە ldtexi book دا هەڵبگرین و کاریان پێ نەکرێن. ئەوە سوودێکی ئەوتۆ نابەخشن، بۆیە پێویستە چەند بوار هەبێ ئەوەندە بەکاربهێنرێن و سوودیان لێ وەربگرین).. ئەگەر پەیڕەوی ڕێبازەکانی مۆسیقا، یان موزیک بە شێوەیەکی پراکتیکی و بەشێوازێکی جوان جێبەجێ بکرێن. ئەوە ئەو ئاواز و مەقامانە کە هەمانن هەموویان فرە بە چاکی دەبنە بنەمای موزیک، هەروەها موزیک وەک زمانێکی جیهانی بەکاردێت، بەڵام هەر میللەتە موزیک و ئاوازگەلی تایبەتی هەیە، کە لە نەتەوەکانی دی سەر ئەم گێتییە جیای دەکاتەوە. ئەو ڕێبەرانەی کە بۆ موزیک ئامادە دەکرێن، پێویستە لە ئاستی تێگەیشتندا بن، چونکە ناگونجێ ئێمە ڕاستەوخۆ خۆمان بخەینە بەر هەموو ئامێرەکانی موزیک، پێویستە بە پلەی بچووک، بۆ پلەی گەورە کە لە ئاستی ئەو موزیکەدا سازبێت، لە ئەلفبێیەکی موزیکدا هاتووە(٢٣): (کۆکردنەوەی هێماکانی بەرزۆک، یان نزمۆک، لە پاش کلیلەوە، لەسەر

پلیکانە، داهێنانێکە پێی دەوترێت رێبـــەری پەیژە (Key- signature) هەمیشە رێبەری پەیژە لەپێش رێبەری کێش (Time- Signature)ەوە دەنووسرێت و لەسەرەتای هەر دێرێکی پارچە مۆزیکەوە دادەنرێت، بەڵام رێبەری کێش تەنیا یەک جار لە سەرەتای دێری یەکەمی پارچەی موزیکدا دەنووسرێت. ئەم نموونەیەی خوارەوە رێبەری پەیژەی (سۆل)ی گەورە (GMogar)یە و کاتێک لە سەرەتای دێرەکانی پارچە موزیکدا دەوترێت، پێویستە نۆتەکانی (فا)ی گشت نۆتەکانی پارچەکە نیو پلە بەرز بکرێتەوە بۆ نموونە:




ئەم نموونەیەی خوارەوە، رێبەری پەیژەی (فا)ی گەورە (Fmajar)ە کاتێک لە سەرەتای دێرەکانی پارچە موزیکدا دادەنرێت، پێویستە نۆتەکانی (سی)ی گشت نۆتەکانی پارچەکە نیو نزم بکرێتەوە بۆ نموونە:




**دەشتی ساوێژەکان (Triads)ی نموونەی (١٣٤) کە لەسەر پەیژەی (دۆ)ی گەورەن، بۆ پەیژە گەورەکانی (سۆل) و (فا) بگوازرێنەوە و گونجانکاری (Harmoniztion) ئاوازەکانی ئەم پەیژانە بەکاربهێنرێن.**

**(*) عوود: ئەو ئامێرەیە کە ریتمی موزیکی هەموو گۆرانییەکی کوردستانی لەسەر پەیرەو دەکرێت.**

**(*)باربوود: ئەو گۆرانیبێژەیە کە لە سەردەمی دەوڵەتی ساسانیدا کە سەردەمی زێرینی موزیک بووە، ژیاوە کە میللەتی ئاریان ڤاچەکان ئەوکاتە هەموویان یەک زێدیان هەبووە.**

**سەرچاوەکان:**

**١- د. محەمەد ئەمین هەورامانی- مێژووی هەورامان- تاران- چاپی یەکەم- ساڵی ١٣٨٠.**

**٢- عوسمان شارباژێری- لێدوانێکی کورت لە مەقام و مۆسیقای کورد- سلێمانی چاپی یەکەم- ساڵی ١٩٧٢ز.**

**٣- سەلاح رەووف- تیۆرەکانی مۆسیقا- هەولێر- چاپی یەکەم- ساڵی ١٩٨٩ز.**

**٤- هەمان سەرچاوە.**

**٥- هەمان سەرچاوە.**

**٦- هەمان سەرچاوە.**

**٧- هەمان سەرچاوە.**

**٨- عوسمان شارباژێری- لێدوانێکی کورت لە مەقام و مۆسیقای کورد- سلێمانی، چاپی یەکەم- ساڵی ١٩٧٢ز.**

**٩- هەمان سەرچاوە.**

**١٠- محەمەدی مەلا کەریم- گەنجینەی فۆلکلۆری کوردی- کۆمەڵێک لاوک و حەیران بەغدا- چاپی یەکەم- ساڵی ١٩٦٨ز.**

**١١- هەمان سەرچاوە.**

**١٢- عوسمان شارباژێری- لێدوانێکی کورت لە مەقام و مۆسیقای کورد- سلێمانی چاپی یەکەم- ساڵی ١٩٧٢.**

**١٣- ئەنوەر قەرەداغی- گۆڤاری رامان ژمارە (٦٨) هەولێر، ساڵی شەشەم.**

**١٤- مەلا عەبدولکەریمی مودەریس- دیوانی مەولەوی- بەغدا- چاپی یەکەم- ساڵی ١٩٦١ز.**

**١٥- هەمان سەرچاوە.**

**١٦- محەمەدی مەلا کەریم- خوسرەو و شیرین- بەغدا- چاپی یەکەم- ساڵی ١٩٧٥ز.**

**١٧- عوسمان شارباژێری- لێدوانێکی کورت لە مەقام و مۆسیقای کورد- سلێمانی- چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٧٢ز.**

**١٨- عەلائەدین سەجادی- مێژووی ئەدەبی کوردی- بەغدا- چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٥٢.**

**١٩- حەمەی حەمەباقی- مێژووی مۆسیقای کوردی- ئێران- چاپی یەکەم- ساڵی ١٩٩٦ز.**

**٢٠- عەبدولرەقیب یووسف- دەوڵەتی دۆستەکی.**

**٢١- پیرەمێرد- دیوانی پیرەمێرد- چاپی دووەم- ساڵی**

**٢٢- ع. ع. سەگرمە- ئەلفبێیەکی موزیک- سلێمانی، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٥ز.**

**٢٣- هەمان سەرچاوە.**

# تێبینی و ڕوونکردنەوە لەبارەی چەند دێڕێک لە شیعرەکانی باباتاهیر


**محەمەد ڕەشیدی ئەمینی**
**(پاوە)**


بەڕێزان لە ڕۆڤاری ژمارە (٣٨)دا کە تایبەتی (بابا تاهیر عوریانی)یان هەمەدانی بوو، بەشێ لە نووسراوەکەی مامۆستای پایەبەرز (دکتۆر مارف خەزنەدار) یان لەسەر مانا و لێکدانەوەی دوو پارچە شیعری کۆتا و هەشت دوو بەیتی، یان دوانەی بابا تاهیر تەرخان کرابوو، لەبەر ئەوەی هەندێ لەو مانا و لێکدانەوە و نووسینی شیعرەکە ناڕاست و ناتەواو بوو، بە پێویستم زانی ڕوون کردنەوەیەکم لەم بارەیەوە هەبێ، تا خوێنەرانی خۆشەویست تووشی سەرلێشێواوی نەبن، پێش ئەوەش بچمە سەر باسەکە بە داوای لێبوردن لە مامۆستا خەزنەدار، هیوادارم ئەو دەستدرێژییەم بە دڵسۆزی بزانێ نەک دەمسووری.

لە لاپەڕەی هەشتی ئەو گۆڤارەدا باسی هەندێ شیعری چاپ نەکراوی باباتاهیری کردووە کە لەم دواییەدا لە مووزەی قونیە، لای بارەگای جەلالەدینی ڕۆمی دۆزراونەتەوە، کە لە ساڵی (٨٤٨ ھ.ق)دا ڕوونووس کراون، ئەو دەستنووسە جیا لە تاکە دێڕێ هەموویان لە (تاریخ ادبیات در ایران) مێژووی ئەدەبیات لە ئێران بەرگی دووەم لاپەڕەی (٣٨٤) بە نووسینی دوکتۆر (زەبیحوڵڵا سەفا) نووسراون و لە چاپ دراون، خودی دوکتۆر سەفا لە پێشەکی ئەو شیعرانەدا ئاوا دەڵێت (چەند ساڵێ لەمەوپێش دوکتۆر موجتەبا مینویی، ئوستادی زانستگا لە کتێبخانەی ئەستەمبووڵدا چەند دێڕێک لە بابا تاهیری هەمەدانی دەست کەوتووە کە منیش بێ لێکدانەوە هەر وەک خۆیان بەو ئاوا نووسینەوە کە نووسراون دەیان نووسمەوە) کە لەگەڵ ئەوەی مامۆستا خەزنەدار باسی کردوون هەر یەکن.

ئێمە زۆر چاوەڕوانی فارسەکان ناکەین کە بێن و شیعرەکانی باباتاهیر هەر وەکو خۆی چۆن بوون بیاننووسنەوە و ماناکەشیان لێکبدەنەوە و نەیانفارسێنن،



**بابا تاهیری هەمەدانی**

بەڵام لە نووسەرانی خۆماڵی ئەو چاوەڕوانییەمان هەیە بۆ پاراستنی ئەو جۆرە شیعرانە و ڕێک نووسینی وەک خۆیان بنووسرێن و لێک بدرێنەوە، هەتا ئێمە و ئەوانەش کە پاش ئێمە دێن، باشتر بتوانن لەو شیعرانە تێ بگەن و زانایانی زمانناسیش لەسەر ئەساسێکی ڕاستەقینە و بە پێوەرێکی تەواوی زمانەوانی ئەم بابەتە شیعرانە لێک بدەنەوە و بیان ناسێنن تا ئیدی یەکێ بە پێوەری خۆی بابا نەکا بە فارس و یەکێ بە لوڕ و یەکێ بە هەورامی و یەکێ بە پەهلەوی و...تاد

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتەش بزانین خودی باباتاهیر چی دەڵێت، مامۆستا حەیرەتی سەجادی لە کتێبی (پارسی گویان کرد)دا دوانەیەکی لە باباتاهیر هێناوە جێی خۆیەتی لێرەدا ئێمەش بینووسینەوە:

**ئەگەر ڕۆژێ دووسەد بارووت بوینۆم**
**بە جان موشتاق باری دیگەر ستوونۆم**
**زبان پەهلەوی ڕا ئوستادۆم**
**کتاب عاشقی ڕا مەستەر ستوونۆم**

لەوەی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە ناڕۆم و دەچمە سەر ڕاست کردنەوە و لێکدانەوەی ئەو شیعرانە:

شیعری ژمارە (یەک) کە سێ دێرە، لە پێشدا ئەوەی مامۆستا خەزنەدار، هاوڕێ لەگەڵ ماناکەیدا دەینووسم پاشان ئەوەی دوکتۆر سەفا و مانا و لێکدانەوەیەکی خۆشم لەو بارەیەوە.

**گەر ئەژ زەڕ ئەو نەهی دیوانە ئەز گل**
**بە پەرچینەش کری وا نووشەوو ول**
**گەر ئەو بشنەش نەهی ئان داری شمشاد**
**گەر ئەو روونەش کری ئاواجی بلبل**
**سەرەنجامان بشی بە پا بە هەرزی**
**پایە تە گووڕ وی ماوایی تە گل**

ماناکەی:

**با لە باتی گڵ و خاک تەلارێک لە زێڕ دروست بکەی**
**لە گوڵ و وەنەوشە پەرژینی بۆ بکەی**
**با لە سایەی ئەو داری شمشادە دابنیشی**
**با لە هەموو لایەکەوە بلبل ئاواز بپژێنێ**
**سەرەنجام لەناو دەچێ و نامێنێ**
**جێگەت گۆڕ و مەئوات گڵ دەبێ**

هەر ئەم سێ دێرە لە کتێبەکەی مێژووی سەفادا:

**گەر ئەژ رەز ئونەهی دیوانە ئەز کل**
**کە پەرچینش کەری وانەوشەو ول**
**گەر ئەو بشنەش نەهی ئان دار شمشاد**
**گەر ئاو رونەش کەری ئاواج بلبل**
**سەرەنجامان بشی بە پای بهرزی**
**یایەتە گۆڕ وێ ماواێ تە گل**

ماناکەی بە بۆچوونی خۆم:

**ئەگەر تۆ ڕزەمێوێ دانێیت و وەک سەرایە بەگوڵ بیرازێنیتەوە،**
**بە وەنەوشە و ول پەرژینیشی بکەی**
**گەر لەژێر شنەی داری شمشادی دابنیشی،**
**یان بە ئاواز و دەنگی بلبل ئاوەدانی بکەیتەوە**
**لە کۆتاییدا دەچیت بۆ شوێنی بەختەوەری،**
**جێگای تۆ گۆڕە و ماوایشت نێوی گڵە**

لەسەر (ڕەز) و (زەڕ) مرۆڤ دەکەوێتە شک و گومانەوە کە کامیان دروست بێ، لە مێژووەکەی سەفادا (ڕەز) و لە ئەوەی مامۆستا خەزنەدار (زەڕ) نووسراوە.

وابزانم مانای ئەو دوو وشەیە لە وشەی (دیوانە)کەدا ڕوون دەبێتەوە کە (دیوانە) یانێ وەک دیوەخان، یان سەرا و جێگای حەسانەوە، کە مەبەستی بابا دروستکردنی باغە مێوێکە بۆ حەسانەوە و دانیشتن بە چواردەوریشدا پەرژینی بکرێت کە دیوەخان و تەلار پەرژین ناکرێت.

گوڵی یەکەم، مامۆستا خەزنەدار بەگڵ و خاک مانای لێکداوەتەوە کە لە بۆچوونی ئەو پایە بەرزە بەدوورە کە باوەڕی بەوەی بێت باباتاهیر لە سێ دێر دووبار گڵی بە مانای قوڕ ئەویش لە قافیەدا دووپات کاتەوە، لە لایەکی تریشەوە مامۆستا خەزنەدار (ولی) بە گوڵ لێکداوەتەوە، ڕاستە ول گوڵە، بەڵام کام گوڵ؟

بە تەواوی ئەو گوڵانەی لە گیا دەڕوێن بە تایبەت لە

بەهارا دەوترێ گوڵ، کەچی بابا لێرەدا (ولی) لە گوڵ جیا کردووەتەوە، ئەو گوڵانەش لە دار دەڕوێن و بە دارەکەیان دەوترێ (ول) ئەو دارانەش زۆرتر بۆ پەرژینی باخ و چیمەن کەڵکیان لێ وەردەگیرێ، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە ول دەتوانێ گوڵیش بێت، کەچی هەموو گوڵێ ناتوانێت ول بێت!.

باباش بەوەی زانیوە و بەجوانی ولی بۆ پەرژین هێناوە و لە داوێنی پەرژینەکەشدا کاتێ وەنەوشە سەوز دەبێت، دەبێ بە سەرایەکی ڕازاوە کە لەنێو کوردەواریشدا ئەو جۆرە پەرژینانە باون و هەم بۆ جوانی و ڕازاوەیی باخ، هەم بۆ بەرگری بە خاتری ئەوەی ئەو ولە، یان گوڵەباخە دڕکی زۆرە.

لە دێری کۆتاییدا ئەوەی مامۆستا خەزنەدار دوو هەڵە دەکەوێتە بەرچاو، یەکەم (بە پا بە هەرزی)، دووەم (پایەتە گووڕ وی) بە بڕوای من ئەوەی مێژووەکە دروستە، بە (پای بهرزی) یانی (بەپای بیهروزی) یانی ڕۆژی جوان و باشتر و جێگای بەختەوەری، کەچی (بە پا بە هەرزی) ماناکەی شتێکی کەیە و لەگەڵ شیعرەکەدا ناگونجێ، (پایە تە گووڕوی= یایە تە گووڕوی) زۆر جیاوازییان نییە تەنیا ئەوەندەیە کە (یایە) کورت کراوەی (یاگە)یان شوێن و جێگایە کە ئەمەیان زۆرتر لە ڕواڵەتی شیعرەکەدا نزیکترە، لە مانای (گەر ئوورونش کەری ئاواج بلبل) ئەگەر مامۆستا خەزنەدار بیفەرمووبایە (ئەگەر ئاوەدانی بکەیتەوە بە ئاواز و چریکەی بلبل) جوانتر بوو.

لە ژمارەی دووەمی کە پارچەیەکی حەوت دێرییە، لە کتێبەکەی دوکتۆر سەفادا (شەشەم) دێرە ئەوەی کۆتایی لە کتێبەکدا نییە، منیش تەنیا ئەو شەش دێرەی لێک دەدەمەوە.

ئەوەی مامۆستا خەزنەدار:

**زاری جەم دی وە دایی مورج ئەد خەوورود**
**مورجان دوو دەستی وە خودا دەرود**
**ناگەهان بامە دەند بازی وە داری**
**زارەجەش کوشت و موران زارج ئەد خورود**
**دالی جە ئەلوەند کووهان کەرد پەرواز**
**بازش بەکوشت و خوونەش پاک وا خورود**
**بەعد نەچیرەوان دەر دین و دە ئایین**
**بەو کەدەش تیروە دال ئەژ کار بە درود**
**بشە نەچیروان دەست وە چا دەست**
**چەمننەت بەد کرە ئەژ کار بە درود**
**بە نامی نەشئەئینی کە مەن کەرد**
**بە مەن هەرئان کەرەند هەروە دکومەن کەرود**

ماناکەی:

**کەوێکم دی باڵندەیەکی گرت و خواردی**
**باڵندەکان هەر دوو دەستیان پان کردەوە لە بەر خودا**
**لە پڕ بازێک لەسەر دارێک بە فریایان کەوت**
**کەوی کوشت و باڵندەکان کەوەکەیان خوارد**
**داڵێک لە شاخی ئەلوەند پەروازەی دەکرد**
**بازی کوشت و هەموو خوێنی خواردەوە**
**لە پاشان ڕاوچییەک پەیدا بوو**
**تیرێکی ئاراستەی داڵەکە کرد و لە پێیدا**
**(داڵ)وتی ئەی ڕاوچی خودا دەستت بشکێنێ**
**چونکە ڕاوی ئێمەت تێک دا**
**لەوەی ڕاما و وتی بەم کردەوەیەی خۆت مەنازە**
**هەر کارێکی خراپ کە من بیکەم بۆ خۆم دێتەوە**

ئەوەی مێژووی ئەدەبیاتەکە:

**زاری جەم دی و دای موورج ئەد خورود**
**موورجانی دوو دەستی وە خودا درود**
**ناگەهان بە ئامەدەند بازی وە داری**
**زاری جش کوشت و مووران زاری ج ئەد خورود**
**داڵێ جە ئەلوەند کووهان کەرد پەرواز**
**بازش بکوشت و خونەش پاک وا خوورد**
**بەد نەچیرەوان دەر دین و د ئائین**
**بەو کدەش تیر و داڵ ئەژ کار بدورد**
**بشیە نەچیرەوان دەستت وە چادەست**
**چە مننەت بەد کرد ئەژ کار بدورد**
**بە نامی نەشیە ئەئینێ کە مەن کەرد**
**بە مەن هەر ئان کرەند هەر وەد کەمەن کرد**

مانا و لێکدانەوەکەی ئاوایە:

**سارێکم دی لە شوێنێ کە مرۆچەی دەخوارد**
**مرۆچەکان دوو دەستیان بەرەو لای خودا بەرز کردەوە**
**لە پڕ هات بازێ کە لەو نزیکە بەسەر دارێکەوە بوو**
**سارەکەی کوشت و مرۆچەکان سارەکەیان خوارد**
**داڵێک لەسەر کێوی ئەڵوەندەوە هەڵفڕی**
**بازەکەی کوشت و سەرپاک خوێنەکەشی خوارد**
**هات کەژەوانێ کە خاوەن مەهارەت بوو لەو ڕێگەیەدا**
**تیرێکی هاوێشت و داڵەکەی لە کار خست**
**باش چوو کەژەوان دەستت وە جێگای دەستانا**
**هەرمانێکی چاکت نەکرد کەوا منت لە کار خست**
**بە بەدنامی نەچێت ئەوەی کە من کردم**
**بە منیش ئەوەی دەکەن هەر ئەوەی کە من کردم**

لێرەدا دەبینین جیاوازییەکی زۆر، هەم لە خودی نووسراوەکەدا، هەم لە مانا و لێکدانەوەکەشدا هەیە، من لەسەر خودی نووسراوەکە هەر ئەوەی بەس کە هەر دووم

نووسـيـونەتەوە و ڕاست و ناڕاسـتـيـيـان بە خـوێنەران دەسـپـێـرين، بەڵام لەسـەر لێكدانەوە و مـاناكـەيدا بەپێويستی دەزانم ڕوون كردنەوەيەكم هەبێ كە لە وەرگێڕە گشتييەكەدا نەدەكرا ئەوەی بنووسم.

لە دێری يەكـەمـدا مـامـۆسـتـا خـەزنەدار فـەرمـوويەتی (كـەوێكم دی كـە باڵندەيەكی گـرت و خـواردی) پێش هەموو شتێک كەو باڵندەيەكی باڵندەخۆر، يان گۆشتخۆر نييە، باڵندەيەكی گيا خۆرە، (زارج يان زاری ج = لەگەڵ سـار)ی فـارسـيـيـەوە (مـرە ڕەشـە، يان ڕيشـۆڵـە)ی لە كورديدا نە كەو، ڕيشۆڵەش باڵندەيەكی مۆريانە خۆرە كە لەنێـو باخ و دارسـتـانەكـاندايە، لە لايەكی تريشـەوە نووسـيـويەتی (كـەوەكـە) باڵندەيەكی گـرت و خـواردی، كەچی هەر لەوێدا دەفـەرموێت (باڵندەكان دەستيان بەرز كـردەوە) ئەوەش كـردی تاک بە كـۆيە و دوور لە بۆچوونی مامۆستايە، دروستەكەشی ئاوايە.

سـاری، يان ڕيشـۆڵـەيەكم دی كـە مـرۆچەی دەخـواردن، مـرۆچەكـان هيـچـيـان پێ نەدەكـرا، هەردوو دەسـتـيـان بەرزكردەوە و لە خواپاڕانەوە، كە ڕزگاريان كا لەو بەڵايە، لەپڕ بـازێک كە لەو نزيكانەدا بەسەر دارێكەوە بوو هات و ڕيشـۆڵەكەی كوشت و مرۆچەكان دەستيان بە خواردنی پاشماوەكەی كرد، هەر لەوكاتەدا داڵێک كە لەسەر كێوی ئەڵوەندەوە هەڵفڕی و بازەكەی كوشت و سەرپاكی گۆشت و خوێنەكەی خوارد، هەر لەوكـاتەدا كەژەوانێ كە خاوەن دەسـەڵات بوو لەو ڕێگايەدا هات و تيـرێكی هاوێشت و داڵەكەی لە كار خست.

لێرەدا ئيدی بابا خۆی كە شاهيدی ئەو ڕووداوانە بووە دەڵێت نە داڵەكە لەبەر ئەوەی سەرەتای دەست پێ كردنی دەڵێت (زاری جەم دی)، يانی من ڕيشـۆڵەيەكم دی بەس خودی بابا ئەوەی ديوە و لە زمانی داڵەكەوە دەڵێت: باش چوو كـەژەوان دەسـتت وە جـێـگـای دەسـتـانا هەرمـانێكی باشت نەكرد كە ئەو داڵەت لە كار خست، هەر لەوێدا لە زمـانـی كـەژەوانەكـەشـەوە دەڵێت، بە بەدناوی نەچێت ئەوەی كـە من كـردم، بە منيش هەر ئەوەی دەكەن كـە من كـردم، يـانـی ڕۆژی ئەجـەل دێت و بە لەونی منيش ئەم دنيايە بەجێی دێڵم.

يەكـەم دوو بەيـتی كـە لەو گـۆڤـارەدا بە ژمـارەی (سێ) دياری كراوە. ئەم دوو بەيتييە لە هەردوو سـەرچاوەكـەدا وەک يەک و جـيـاوازيـيـەكـی ئەوتـۆيان لێ نـاكـەوێتـە بەرچاو، بەس تەنيـا دوو بەيـتـيـيـەكـە دەنووسـمـەوە و هەندێک لەسەر مانا و بۆچوونەكەی دەدوێين.

**ياگێم دوردی هەنی دەريە نەبود يار**
**ياگێم خورديد گەهان پەيدا نەبود يار**
**من ئەژ ئان ڕوو بە دامانێ تە زەد دەست**
**دە گەردوونت پەر و پايی نەبود يار**

ماناو لێكدانەوەكەی بە كورتی ئاوايە:

**ئەو جێيەی دوڕێكی دی تێدايە زەرياش نەبوو ئەی يار**
**ئەو جێيەی ڕۆژم تێدا دی، دنياش نەبوو ئەی يار**
**من لەبەر ئەوەی دەستەوداوێنی تۆ بووم،**
**لەژێر چەرخی گەردووندا پەل و پايەكت نەبوو ئەی يار**

كـە (ياگێم دووردی هەنی) يانی جێگام دوڕی كێ دی (ياگێم= جێگام، ياگە= جێگە، يان جيبە، هەنی= دی، يان يەكـێـتـر) يان (من ئەژ ئان ڕوو بە دامـانێ تە زەد دەست) يانی من لەبەر ئەوەی دەسـتـەودامـێنی تۆ بووم، يان دەسـتـم پێـچـا بە دامـێنی تۆوە دروسـتـە، لێـرەدا مـامـۆسـتـا (ڕووی) بە (ڕۆژ) مـانا كـردووەتەوە، لە كاتێكدا (ڕوو) يانی (لەبەر ئەوەی) يان (لەو بۆنەيەوە) لەلايەكی ترەوە دەسـتـم گـەيشـتـە داوێنی تۆ تا دەستەوداوێنی تۆ بووم، لەباری لێكدانەوەوە جياوازييان زۆرە لەسەر بۆچوونەكەی سەرئەنجاميش ئاوا دروستە، لە ئەنجامدا هەر وەكو شيـعرەكـەی بابا لە دنيا هيچ نەبوو تەنيـا دوڕێكی تێـدا بوو كـە دوڕەكـە تەقـيـيـەوەی بەڕ و بەحری دروست كرد، زەڕەيەک لە گەرد و خاكی ئەو دوڕە گەيشتە ئاسمان و ئەستێرە و مانگ و ڕۆژی لێ دروست بوو و...تاد

دوو بەيتی ژمارەی (چوارەم):

ئەم دوو بەيتيەش لەشێوەی نووسينەكەيدا لە هەر دوو سەرچاوەكەدا جياوازييەكی وەهايان ناكەوێتە بەرچاو. تەنيـا لەسـەر مـانای لێكدانەوەكەی هەندێ وردەكـاری و تێـبـيـنی هەيە دەبێ ڕوون بكرێتـەوە، ئەوەش دوو بەيتيەكە:

**ياگە ئەژ ميهرێ تەم دەم مى زەد ئەی يار**
**خوێش و بێگانە سەنگم زەد ئەی يار**
**جۆرمۆم ئينە كە ئەژ تە دووست دارۆم**
**نە خۆنم كەرد و نەم ڕاهی زەد ئەی يار**

مانای و لێكدانەوەكەی مامۆستا خەزنەدار:

**لەوێ كە من بەر ميهری تۆ دەكەوم ئەی يار**
**خوێش و بێگانە سنگم بريندار دەكەن ئەی يار**
**گوناهم ئەوەيە كە من دۆستی تۆم**
**من نەخوێنم كردووە و نەڕێی كەسم گرتووە ئەی يار**

بە بڕوای من لێكدانەوەكەی دەبوايە بەم شێوەيە بايە:

لە هەر جێگا و شوێنێ لە خۆشەويستی تۆ دەمم لێدا و دەدوێم. خـوێش و بێگانە بەردبارانم دەكـەن تەنيـا تاوانيشم ئەوەيە كە من تۆم خۆش دەوێ، ئيدی نە خوێنم كردووە و نە ڕاهزەنی و ڕێگام لە خەڵک گرتووە. لێرەدا

بابا، جێگەم و جێگای جیاکردووەتەوە، لە دوو بەیتی پێشوودا دەڵێت (یاگێم)، کەچی لێرەدا دەڵێت (یاگە) کە (یاگە= جێگا) مامۆستا خەزنەدار بە مانای ئەوەی کە دەڵێت، (جورمـوم ئینە کـە ئەژ تە دووست داروم) فەرمـوویەتی: یانی من دۆستی تۆم کەچی بابا دەڵێت تاوانی من ئەوەیە کە تۆم خۆش دەوێ، کە خۆش دەوێ تا دۆستی تۆم جیاوازییان زۆرە، لە مانای (نەراهی زەد ئەی یار) مەبەست، راهزەنی، یان بە عەرەبی (قاطع الطریق) نە ڕێی کەسم گرتووە کە سەرەڕێی کەسێ گرتن لەگەڵ ڕێگری کردندا دوو ڕووداوی جیاوازن.

دوو بەیتی سێیەم، ژمارەی (پێنجەم):

ئەم دوو بەیتەش لە هەردوو سەرچاوەکەدا وەک یەک نووسراون و جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نووسینەکەیاندا ناکەوێتە بەرچاو، ئەوەش دوو بەیتییەکە:

**مەن ئان پیرۆم کە خوانەندەم قەلەندەر**
**نە خانم بی نەمانم بی نە لەنگەر**
**رووهەمە ڕوو وەرایەم گەردی کێتی**
**شەو دەر ئایە وە ئەو سەنگی نەهم سەر**

مانا و لێکدانەوەکەی مامۆستا خەزنەدار:

**من ئەو پیرەم کە بە قەلەندەر ناسراوم**
**نەماڵم هەیە، نە سامانم هەیە، نە لەنگەر**
**بە درێژایی ڕۆژ هەمووی لە گێتی دەسووڕێمەوە**
**کە شەوەکشێ سەرم لەسەر بەردێک دادەنێم**

بە بروای من ئاوا دروست تر بێت:

**من ئەو پیرەم کە بایەخ بە خواردن و پۆشین نادەم**
**نە ماڵ و سامانیشکم هەیە و نە پابەستەی شتێکم**
**کە ڕۆژ دەردێت هەر ڕۆژ دەگەڕێم لە ڕووی ئەم دنیایەدا**
**شەویش کە هات لە هەر کوێ بم بەردێ لە ژێر سەرم دەنێم و دەخەوم.**

ئەڵبەتە لە زۆر شوێنی ئەدەبیاتی فارسیدا (قەلەندەر) بە (ڕەند)یش هاتووە.

لێرەدا مانای هەندێ لە وشەکان کە مامۆستا هەروەک خۆی نووسیونەتەوە دەیاننووسمەوە وەک (قەلەندەر، لەنگەر، گێتی و..) و (شەو دەر ئایەی) یانی کە شەو هاتە پێش، یان شەوداهات.

دوو بەیتی چوارەم، ژمارەی (شەشەم)

ئەوەی مامۆستا خەزنەدار لەگەڵ ماناکەیدا:

**یا ئەز ئێن بەند دەر ئیز ناوە کیتیم**
**خونەم ئەز خورد و دەر خوناوە کیتیم**
**یا دەرین شوومە گێتی ئوم نە یایا**
**ئەژ خووبی بارە دەر وە لاوە کیتیم**

ئەوەی مێژووی ئەدەبیاتەکە:

**یا ئەز ئێن بەند دەر ئەز ناوە گیتیم**
**خوونم ئەد خورد و دەر خووناوە گیتیم**
**یادەرین شوومە گیتی ئوم نە یا پا**
**ئەژ خوبی بارە دەر وەلاوە گیتیم**

یانی:

لە جیاتی ئەم کۆتوبەندە حەزم دەکرد لە ئیزناوا بایەم، خوێنم بخواردایە و لە خوێناوی خۆما بایەم، لەم دنیا خراپە و شەڕاوییەدا شوێنێکم نەبوو کە پێی لەسەر دانێم لەو شوێنەی جوانییەکانی ژیان دەرکەوێ و منیش لەناویدا بایەم.

هەروا بۆمان دەرکەوت هەندێ لە ڕستەکانی وەک (خوونەم ئەز خورد= خونم ئەد خوورد) و (وەلاوە کیتیم= وەرلاوە گیتیم) دروستە کە ئەگەر ئەوانە بە دروستی بنووسرێن و بخوێنرێنەوە، ئەوە لێکدانەوەکەشیان ئاسانتر دەبێ، ئەو ڕستەی (ئوم نەیایا) ئەگەر هەڵەی چاپی نەبێ ئەوە (ئوم نیا پا) دروستە یانی ڕێگام نییە پێ دانێم.

دوو بەیتی پێنجەم، ژمارەی (حەوتەم):

ئەم دوو بەیتەش لە هەر دوو سەرچاوەکەدا وەک یەک نووسراون، بەڵام ماناکەی بە جوانی لێک نەدراوەتەوە.

**پەنج روزی هەنی خوڕڕەم گەهان بی**
**زەمین خەندان و بەرمان ئاسمان بی**
**پەنج ڕوئی هەنی هازید و سامان**
**نەجینان نام و نەژ ئانان نیشان بی**

یانی:

پێنج ڕۆژێکی دی دنیا سەر سەوز و شادە، زەوین پێدەکەنێ و ئاسمان (گریانە، یان گوریزانە) پێنج ڕۆژێکی دی لەم وڵات و دەسەڵاتەی کە هەیە، نە لەمان ناوێک و نە لەوان نیشانێک دەمێنێ.

وا دەزانم بابا ئەم دوو بەیتییەی لە وەرزی بەهار وتبێ کە باسی سەوز و شادابی دنیا و هەوری گوریزان و ئاسمانی گریان دەکات، ئەوەمان بۆ دەدەخات، کە (بەرمان) بە دوو مانای برەمان، یانی بە گورجی تێپەڕبوون و بەرمان کە لە پەرمان، یان پرمەپرم بە واتای گریان کە لێرەدا مەبەست بارانی بەهارییە دەگەیەنێت، لەسەر جیاوازی زەمان و مەکانەکەیش مامۆستا خەزنەدار لە مانای نیوەدێری کۆتاییدا فەرموویەتی (نە لەمان و نە لەوان نیشانێک نەماوە) کە دەبوایە لە باتی (نەماوە) بیفەرموبایە (نامێنێ) لەبەر ئەوەی باباتاهیر دەڵێت پێنج ڕۆژی دیکە و باسی داهاتووە نە ڕابردوو.

دوو بەیتی شەشەم، ژمارەی (هەشتەم):

ئەم دوانەش لەشێوەی نووسینی هەردوو سەرچاوەکەدا وەک یەک نووسراون بە ئاڵوگۆڕێکی کەمەوە، ئەوەش دوو

بەیتییەکە لە ڕووی مێژووی ئەدەبیاتەکە:

**ئەلف کە ژ کاف و نوونش سەر بە بەر کەرد**
**هەمەش هامان گەهان ئەو لاجوەر کەرد**
**ئانکیش ئاد ئافەری گەردوون گەردان**
**ئانیش ئاد سات و وی مەن ئەندا جە ئەر کەرد**

کە تەنیا جیاوازی ئەو دووانە وا دەزانم ئەو هەلأنەیە: (نوونەش= نوونش، لاجیوەر= لاجوەر، ئایکش ئەو= ئانکێش ئاد) وابزانم دروستە. ماناکەیشی ئاوایە:

ئەلفی گەیاندە کاف و نوونیشی سەر لەبەر کرد، ئەوەی وتو و دنیای شین و پڕ ڕەنگی دروست کرد، کە ئەوەی دروست کرد چەرخێنەری ئەو چەرخە هەر ئەویش ئەدگاری ئێمەی داڕشت کە مامۆستا لێرەدا باش بۆ ماناکەی چووە و ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی ناکەوێتە بەرچاو.

دوو بەیتی حەوتەم، ژمارەی (نۆیەم):

ئەم دوانەش لە هەردوو سەرچاوەکەدا وەک یەکن و ئاڵوگۆڕێکی کەمی تێدایە لەمانا و لێکدانەوەکەیدا هەندێ ناتەواوی دەکەوێتە بەرچاو کە پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە.

ئەوەی مامۆستا:

**بشەم بە ئەلوەند دامان مونشانوم**
**دامەن ئەژ هەر دوو گێتی هاویشانوم**
**نیشانوم توو لە وو موویەم بەزاری**
**بی کی بلبل هەنی وە ویل نیشانوم**

ئەوەی مێژووەکە:

**بەشوم بە لەڵوەند دامان مەو نشانوم**
**دامەن ئوژ هەردوو گیتی هاوەشانوم**
**نیشانەم تولەو موویەم بەزاری**
**بی کەی بوڵ بوڵ هەنی وا ول نیشانوم**

لێکدانەوەی:

لێرەدا مامۆستا زۆرێ لە هەرەکەتەکانی لەبەرچاو نەگرتوون، بە تایبەت (واو) سەرکەشەکەی بۆ وێنە (بەشوم)ی (بشەم)، (ئوژ)ی (ئەژ) و (واول)ی بە (وەویل) نووسیوە، وا دەزانم ئەوەی مێژووی ئەدەبیاتەکە دروستتر بێ.

لەسەر مانای دێری دووەم دەبوایە بەم شێوەیە بایە (دادەنیشم بە پەشێوی و دەس دەکەم بە گریان و پاڕانەوە، وەکوو بلبلێ کە بە تاسەی ولێ، یان گوڵێ بێت) وشەی (ول) کە (ویل) نووسیوە، کەچی لە دێری یەکەمی ئەم نووسراوەیەدا (وانووشە و وول)ی بە (ول) نووسیوە. ئاوا نووسینەکەشیان هەروەکو یەکن، هەرواش کە وتمان هەر گوڵێ نابێ بە ول، کەچی ول گوڵیشە.

دوو بەیتی هەشتەم، ژمارەی (دەیەم):

ئەم دوانەش لە هەردوو سەرچاوەکەدا وەک یەکن و جیاوازییەکی ئەوتۆی تێدا نییە:

**ئەز ئان ئەسبید بازم هەمەدانی**
**بە تەنهایی کەرۆم نەچیرەوانی**
**هەمە بە مەن وەدیرند چرغ و شاهیین**
**بەنام مەن کرند نەچیروانی**

مامۆستا خەزنەدار لە دێری دووەمدا (بە من ویدیرەند)ی نووسیوە، کەچی لە مێژووەکەدا (بە مەن وەدیرند) نووسراوە. لە مێژووەکەدا (نە چیرەوانی) یەکەمیان (نەچیرە)یە و دووەمیان (نەچیر) نووسراوە وا دەزانم واش دروست بێ.

لەسەر لێکدانەوەکەشی لێرەدا جوان بۆی چووە و باشی لێک داوەتەوە. جیا لە هەندێ وردەکاری کە من لەسەر ئەوانەش ناڕۆم. لەکۆتاییشدا ئەوەی دەڵێم ئەو لێکدانەوەیە تەنیا بۆچوونێکە و پێداگریش لەسەر ڕاستی و ناڕاستی ناکەم، ئەوەی بە خوێنەران و زمانناسان دەسپێرم، هەروا لەپێشدا وتم ئێمە چاوەڕوانی ئەوەی دەکەین نووسەران و لێکۆڵەرانی زمان و ئەدەبی کوردی، بە تایبەت خاوەن قەڵەمان و پایە بەرزانی وەک مامۆستا خەزنەدار کە ئەو بابەتە شیعرانە لەسەر بنەمای خۆی بنووسرێنەوە و لێکیان بدەنەوە. ئەگەر هاتو ئێمەش ئەمانەتدارێکی باش نەبین ئیدی چ جیاوازییەکمان لەگەڵ نووسەرانی فارسدا هەیە؟ بە هیوای ئەوەی ڕۆژێ بێت و نوسخەیەکی وامان لە باباتاهیر دەست بکەوێ کە تەواوی ئەو لایەنە نادیارانەی ڕوون بکەینەوە و بەشێوەی واقیعی خۆیان بکەونە بەردەستی هەمووان بەداوای لێبوردنی دووبارە لە مامۆستای بەڕێز و نووسەری گەورەی کورد دکتۆر خەزنەدار.


**سەرچاوەکان:**

**ڕۆژڤاری ژمارە ٣٨ تایبەتی بابا تاهیری عوریانی ناوەندی چاپ و پەخشی سەردەم.**

**مێژووی ئەدەبیاتی ئێران (بابی سێیەم، بەشی پێنجەم) زبیح اللەی سەفا، ناوەندی بڵاوکەرەوەی ئەمیر کەبیر، چاپخانەی سپێهری، تاران لاپەڕەی ٣٨٤ و ٣٨٥، ٢٨٦.**

**پارسی گویان کرد، حەیرەتی سەجادی، ناوەندی بڵاوکەرەوەی ئیحسان، چاپی یەکەم، ساڵی ١٣٧٥، چاپخانەی پەیامی تاران.**

# هێرمێنوتیک، هێرمێنوتیکا – Hermeneutique

**هێرمێنوتیکا**
**(تیۆری خوێندنەوە، شیکردنەوە، لێکدانەوە)**

زاراوەی هێرمێنوتیک، یان هێرمێنوتیکا لە دەستەواژەی یۆنان (هێرمێنوتیکێ- Hermeneutike) هاتووە، واتە هونەری لێکدانەوە و شیکردنەوە، هونەری خوێندنەوە.

ئەمەش وەک ڕێژەیەک لە وشەی یۆنانی هێرمێس- Hermes-ەوە هاتووە. هێرمێس پەیامبەری خوداوەندەکانی یۆنانی (گریک)ی کۆن بوو کە فرمان و ڕێنماییەکانی ئەوانی لێکدەدایەوە و شی دەکردەوە.

ئەمڕۆ هێرمێنوتیکا لە لێکۆڵینەوەی هاوچەرخدا، واتە تیۆرییەکانی خوێندنەوە و لێکدانەوە و شیکردنەوەی تێکستەکان (هەر تێکستێکی ئەدەبی و فیکری و فەلسەفی).

هێرمێنوتیکی کۆن لە دوو بواری تەواو جیاواز پێکهاتووە:

١- ئەو لۆژیکەی کە ڕەگوریشەکەی بۆ فەلسەفەی ئەریستۆتالیسی دەگەڕێتەوە (بەتایبەتی لە هێرمێنۆتیکای یەکەم- Peri hermeneia یان لێکدانەوەکەی ئەریستۆ).

٢- ئەو لێکدانەوانەی بۆ تێکستە ئایینییەکان دەکرا (بەتایبەتی ئەو لێکدانەوانەی بۆ «کتێبی پیرۆز- Bible» دەکران)، ئەمەش زۆرجار بەهێرمێتیزم- Hermetisme ناسراوە.

هێرمێنوتیک لە لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکاندا کۆمەڵێک لقوپۆپی لێ بۆتەوە، وەک: هێرمێنوتیکی «ئەدەبی» کە تایبەتە بە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی تێکستی ئەدەبی و شیعری.

هێرمێنوتیکای قانونی کە تایبەتە بە لێکدانەوەی تێکستە قانونییەکان. هێرمێنوتیکای ئایینناسی- The-ologie- کە تایبەتە بە لێکدانەوەی تێکستە پیرۆزەکان، هێرمێنوتیکای مێژوویی کە بەڵگە و گوتارە مێژووییەکان شی دەکاتەوە.

هێرمێنوتیکای فەلسەفی، واتە لێکدانەوە و شیکردنەوە سەرەکی و گشتییەکانی تێکستی فەلسەفی. شیکردنەوەی دەروونی بەو شێوەیەی لەلای پۆل ڕێکور هەیە، نموونەیەکە بۆ هێرمێنوتیکای (شیکردنەوەی نیشانەکانی نەخۆشی).

لەلای نیتشە (Nietzsche) کە بەهۆی جینیالۆژی، یان جینیالۆجی- Genealogie (نەژاد و ڕەچەڵەکناسی....) نرخ دەدرێتە شتێک وەک (ڕاست/ چەوت، باش/ خراپ، جوان/ ناشرین) بەشێوازی

هێرمێنوتیکای نیتشەیی ناسراوە، بەڵام لەلای میشێل فووکۆ M. Foucault هێرمێنوتیکا سەرچاوەکانی لە مێژوو و فیزیۆلۆژی (دروستی و کاری لەش) لەش وەردەگرێ.

ئیمڕۆ لە زمانی عەرەبیدا، بەپێی لێکۆڵینەوە و وەرگێڕانەکان لەم بارەیەوە زیاتر دەستەواژەی (التأويل) بەرانبەر هێرمێنوتیکا دانراوە و تارادەیەکیش جێگای خۆی گرتووە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەستەواژەی (التفسير و التحليل)یش لێی نزیکە. لە زمانی کوردیدا، ئێمە هەمان کێشەمان هەیە، دەشێ زۆر بەرانبەری هەبێ، وەک: شیکردنەوە، لێکدانەوە، ڕاڤەکردن، وردبوونەوە، خوێندنەوە. دەشێ ئەمەی دواییان زۆرتر لە ماناکەی نزیک بێ، بەو پێیەی خوێندنەوە بۆ هەر تێکستێک نابێ لەسەر بنچینەی دووبارەکردنەوەی تێکستەکە بێ وەکو خۆی، خوێندنەوە و لێکدانەوەی مەوداکان و ڕەهەندە جیاوازەکانی تێکستێک، ئەمەش لە بنچینەدا هەر لێکدانەوە و شیکردنەوەیە، بەڵام بەشێوازێکی تر. ئەوەی لێرەدا بە پلەی یەکەم مەبەستمانە، هەروەکو لە بواری ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیی هاوچەرخ باوە بریتییە لە «تیۆرەکانی خوێندنەوە و لێکدانەوە و شیکردنەوە». لەم بارەیەشەوە ئێمە ناچارین باس لە سەرهەڵدان و گەشەسەندنی بکەین، تا ئەوکاتەی دەگاتە گادامێر–Gadamer– کە بۆ بواری ئەدەب سوودی لێ وەرگیراوە.

ئەریستۆ لە کتێبی «لێکدانەوە» (ئۆرگانون٢) ڕێساکانی لۆژیکی لێکدانەوەی تێکستی داڕشتووە. تێیدا گەشەی بە تیۆری خۆی داوە لە بارەی حوکمدان (بە پۆزەتیڤ، یان نێگەتیڤ)، باس لە ناکۆکی و دژ بە یەکەکان و بێزاری و وەڕس بوون– Contrariete دەکا. لە ڕێگای توخمە سیمانتیکییەکان، لێکدانەوەکانی دەست پێ دەکا (کە بریتین لە: پیتەکان، ناوەکان، فرمانەکان، ڕاناوەکان)

ئەم هەنگاوەش بەرەو ئەوە گەشە پێدەدا و مێتافیزیکای خۆی لەسەر دامەزرێنێ، کە پلەوپایەکانی بوونی پێ دیاری دەکا. ئەم کتێبەی ئەریستۆ لە سەدەکانی ناوەڕاستدا گەلێک زۆر گرینگی پێدراوە، لێکدراوەتەوە، پەراوێزی بۆ کراوە، دامەنووسی بۆ کراوە، بەتایبەتی لەلایەن ئیبنولڕوشد، تۆماس ئەکین، ژان دون سکۆت و هیتر.

لەلای فەیلەسووفە گوماندارەکان– stoiciens، بیرۆکەی هێرمێنوتیکایەکی سروشتخوازی گەشەی پێدراوە، کە بوونی خوداوەندەکان تێکەڵ هێزێکی سروشتی دەکەن، لەوڕا ئەم خوداوەندانە وەک نوێنەری سروشتی دێنە بەرچاو، شیشرۆن– Ciceron لە کتێبی (سروشتی خوداوەندەکان) بەم جۆرە دەدوێ: بە هاندەرێکی تر، لە ڕێگای سروشتەوە، یان پەیوەست و بەهۆی سروشتەوە، کۆمەڵەیەکی زۆری خوداوەند دەرکەوتن، ئەمانە بەرگی مرۆڤیان پۆشیبوو، بوونە سەرچاوەی گەلێک داستان بۆ شاعیرەکان، بەڵام ژیانی مرۆڤیشیان پڕ کرد لە ڕوانینی پڕوپووچ (شعوذە). ئەم بابەتە لەلایەن زێنۆن زۆر گرینگی پێ دراوە، هەروەها کلێیانت– Cleanthe و کرسیسپ– Chrysippe–یش گەشەیان پێ داوە... گوایە هەوا،ئەتمۆسفێر، بەپێی ڕوانینی گوماندارەکان، کەوتۆتە نێوان دەریا و ئاسمان، ئەمەش لەژێر ناوی ژونۆن– Junon بەخوداوەندکراوە. ژونۆن خوشک و ژنی ژوپیتێرە، ئەمەش مانای وایە هەوا بە (ئێتێر– Ether– الأثير) دەچێ کە هەر ژوپیتێر خۆیەتی، لەگەڵ ئەو باشترین دوانەن و باشترین و سەرکەوتووترین پێوەندییان هەیە) بڕوانە:
Ciceron, la nature des dieux.ll, XXV-)
(XXVl.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، لێکدانەوە و شیکردنەوە لەناو ئایینەکان زۆر گەشە دەکەن، بەتایبەتی لە ئایینی جودایزم– یەهوودی و کریستیانیزم، پاشان لەناو ئیسلامیش، هەڵبەت بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوە و خوێندنەوەی کتێبە پیرۆزەکان، بەڵام لەسەردەمی بووژانەوە، جارێکی دیکە بەشێوازێکی کلاسیکی، یان لەناو گوتاری کلاسیکی ئەدەبی دەبووژێتەوە.

هەروەها لە بواری زانستی کیمیا و ئەستێرەناسیشدا گرینگییەکی زۆری پێ دراوە. دواتر لەسەردەمی نوێ، بەتایبەتی لەسەدەی بیستەم فەلسەفە سەر لەنوێ بەشێوەیەکی هاوچەرخ، لەسەر دەستی هایدگەر و گادامێر و ڕیکۆر و ژۆس گەشەیەکی زۆری پێ دەدرێ. دوای ئەم پۆلە فەیلەسووفە، لەلایەن فووکۆ و سۆسیۆلۆگە هاوچەرخەکانیش وەک بنچینەیەکی تازەی لێکدانەوە و خوێندنەوە بەکارهاتووە.

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**

به بۆنەی داگیرساندنی مۆمی چواردەمین ساڵەی تەمەنی ڕامان

# ڕامان چلچرای میدیای کوردی

**ئەمین گەردیگلانی**
**(بۆکان)**

یەکەم جار کە چاوم بە گۆڤاری ڕامان کەوت تازە خەریک بوو دووەم مۆمی تەمەنی هەڵدەکرا. ژمارە دوازدە بوو. کە بە ئەمانەت وەرم گرت و خوێندمەوە ترووسکە و پرشنگی جوانی و هونەر و دەست ڕەنگینیم تێـــدا بەدی کـــرد و هەر بەو ڕادەیەش دڵی گەشاندمەوە. گۆڤارەکە تاکوتەرا دەگەیشتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەڕاستی ئێمەی شەیدایانی وشە و ئەدەبی کوردی مەگیرانیمان بە ڕامـانەوە دەکـرد، هەمیـــشـــە چاوەڕێ بووین ژمـارەی تازەی دەرچێت و ئاواتەخـواز بووین بەدەســـتـمـان بگات. ئەو کـاتە ئینتەرنێت نەبوو و نەماندەتوانی لەسەر ماڵپەڕ چاوی لێ بکەین و هەر بە ڕێگای ئینتـەرنێـتیشـدا بابەت و نووسـینی بۆ بەرێ بکەین. چەندین جار نووسراوەمان دەنارد و سەری تێدادەچوو، من بەش بەحاڵی خۆم هەر مسافیر و قاچاقچییەک بمزانیبایە ڕێی دەکەوێتە باشووری کـوردسـتـان ڕووم لێدەنا و بەرهەمم پێدا دەنارد. دوای چەندین جار ناردن و ون بوون، بۆ یەکەم جار چەند کورتە شیعرم لە ژمارەی بیست و پێنجی ئەو گۆڤارە بەنرخەدا بڵاوکرایەوە و ئەوەش بەلامەوە خۆشترین بیرەوەرییە. لە سەرەتای هەڵبـوونی سێـیـەم مـۆمی تەمـەنی ڕامـانەوە خـۆم بە ئەندام و لایەنگری هەمیشەیی ئەو گۆڤارە خۆشەویستە زانی و ئەوەندەی لە توانامـدا بوو بە نووسین و وەرگێڕان لە بوارە جۆراوجۆرەکـاندا هاوکـاریم کـرد و تا ئێـسـتـا دەیان بابەتم لە لاپەڕەکـانی ئەو گۆڤارەدا بڵاو بۆتەوە. هێندە تامەزرۆی خوێندنەوە و لە ئامێز گرتنی ئەو گۆڤارە بووم ملم لەبەر هەموو کەس خوار دەکردەوە کە ڕێی دەکەوێتە باشووری کـوردسـتـان ژمارەیەکی ئەو گۆڤـارەم بۆ بێنێ. لەو کـاتەوە هەتا ئێـسـتـا کـە خـەریکە پازدەمین مـۆمی تەمەنی ڕامان وەک چلچرایەکی پرشنگدار هەڵکراوە و ڕووناکی بەخـشـی دنیـای ڕۆژنامـەگـەریی کـوردییـە، هەروا بەحـەز و تامـەزرۆییـەوە ئەویندراری ئەو گـۆڤـارە بەنرخـەم و شـانازی دەکـەم چاوم بە گـەشـانەوە و ناوەرۆکی پڕ پیـتـی دەکـەوێت و زۆریش خـۆشـحـاڵم کـە دەبینم ڕۆژ لەگـەڵ ڕۆژ و سـاڵ لە دوای سـاڵ سـەرکـەوتوانەتر و گـەشـاوەتر و بەگـوڕتر هەورازی چڕ و هەڵەتی تەمەن دەبڕێ و بەرەو لووتکەی ڕۆژنامەگەریی ڕەسەنی کوردی هەنگاو دەنێ. **دڵنیام مێژوو ئەگەر بێژوو نەبێ قەت گەورەیی و ڕووناکی ڕامـــانی لەبیـــر ناچێـــتـــەوە و بۆ هەتاهەتایە وەک ئەستێرەگەشەی ئاسمانی پاکی ئەدەبی کوردی لێی دەڕوانێ.**

نکوڵی لەوەش ناکـرێ کـە بە پیت بوون و گـەشـەکـردن و دەوڵەمەندیی ڕامـان هەمـووی دەگـەڕێتـەوە بۆ ئەرک و زەحـمـەتی ماندوویی نەناسانە و دڵسۆزانەی مامۆستا ئازاد عەبدولواحید کە دەتوانم بڵـێم دڵسۆزی و دڵپـاکـییـەکەی لەبواری ئەدەب و وێژەی کوردیدا بۆ هەمووان دەرکەوتووە و دڵنیام ئەگەر دڵفراوانی و ڕوح سووکی ئەو نەبوایە بەو شێـوەیە خـۆڕاگـر و بەگـوڕوتین نەدەبوو. بەڕاسـتی ئەو کـەسـەی هەست بە گـەورەیی و خـۆشـەویسـتی زمـانەکەی بکات و پێـوەی مـاندووبێت و گەشـبـینانە ئاوڕی لێ بداتەوە دەزانێ کاک ئازاد عـەبدولواحید چەند مرۆڤێکی دڵسۆز و ئەدەب دۆسـتـە و چەندە خۆڕاگـرانە شـانی داوەتە بەر ئەو ئەرکە قورسە و تەنیا گۆڤارێکە کە هەتا ئێستا هیچ کات، تەنانەت بۆ تاقە ڕۆژێکیش لە کاتی دەرچوونی خۆی وەدوانەکەوتووە و هەموو پێنجەمی مانگێک دەرچووە.

شـــتـــێـکی تریش کـــە زۆر گـــرینگە ڕەنگاوڕەنگ بوونی تەوەرەکانییەتی، کە ئاوڕی لە هەموو بوارە فەرهەنگی و هونەری و فـەلسـەفی و کـۆمـەڵایەتی و ڕێزمـانی و ئەدەبییـەکـان داوەتەوە و بەڕاستی خەرمانێکی ئەوەندە بە پیت و دەوڵەمەندە بەشی هەموو کەسی پێیـە و بەکاری هەموو کەس دێ. من نامـەوێ لە خۆڕا بە شـان و باهۆی ڕامـاندا هەڵبـڵـێم، چونکە ڕابردووی گـەشی ئەو گۆڤارە خۆی شایەدە کە چ خزمەتێکی بە زمان و فەرهەنگی کورد کردووە و بە چاپ کردنی سەدان چیرۆک و شیعر و لێکۆڵینەوە و وتار و ڕەخنە و...تاد هەروەها چاوپێکەوتن و وتووێژ و دیمانە لەگـەڵ زۆربەی هونەرمـەندان و نووسـەران و شـاعـیـران، بۆتە بناغەیەکی پتەوی مێژووی ڕۆژنامەگەری و بۆ داهاتووی زمان و ئەدەبەکـــەمـــان گـــەنجـــینەیەکـــە و دەتوانین وەک ژێدەرێکی باوەڕپێکراو، تەنانەت وەک بانکی زانیـاری (ئینسـایکلۆپیـدیا) کەڵکی لێ وەرگرین. لەم بارودۆخە سەخت و دژوارەی ئەمڕۆدا کە سـەرقـاڵی و ئاریشـەی کـۆمـەڵایەتی و دژواریی بـاری ژیان زۆر کـەسی لە خـوێندنەوە و مـــتـــاڵا دابڕیوە و لەلایەکی تریشـــەوە ئینتـەرنێت و سـەتەلایەت و تی ڤی و...تاد زۆربەی کـاتەکـانی مـرۆڤی پڕ کـردۆتەوە، دەبینم ڕامـان هەروا لە دڵی خـەڵکدایە و خـوێنەری تایبـــەتی خـــۆی هەیە و شـــەیدایانی ئەو گـــۆڤـــارە خـۆشـەویست و پڕ ناوەرۆکـە بۆ دەرچوونی ژمـارەی تازەی ڕۆژ و سەعات دەژمێرن و ئەگەرچی زۆر بە دەگمەن دەگاتە لای ئێمە تاکوتەرا دەگاتێ و لەنێو ئەویندارانیـدا دەسـتـاودەست دەکات، بەڵام سایتە جوان و ڕێکوپێکەکەی بۆتە لینکی هەمـوو سایت و وێبلاگەکان و لەو ڕێگایەوە بەردەوام چاویان بە لاپەڕەکانی ڕوون دەبێتەوە.

بەو ئاواتەی گۆڤاری ڕامان هەروا گەشاوە و پڕ ناوەرۆک بێت و خۆڕاگرانە و بەرزەفڕانە ڕێگا ببڕێ و خزمەت بە کولتوور و وێژە و زمـانەکـەمـان بکات. دەست خۆشیش بە سـەرنووسـەر و سـتـافی کـاری دەڵێم و هیوای سەرکەوتن و سەربەرزیم بۆ گشت لایەکیـان هەیە و دەستیان ماچ دەکەم.

# دوو نامەی شاکر فەتاح بۆ د. مارف خەزنەدار

**دهۆک ١٩٥٦/٤/١٧**

زۆر بەڕێز مامۆستا مەعرووف

لەدوای داوای سەرکەوتنت لە یەزدانی پاک لەو ڕێگە جوانەدا کە گرتووتە، بە دەستی سوپاسی بێ ئەندازەوە نووسراوە نایابەکەتانم وەرگرت (أغاني كردستان) بە ڕاستی جگە لە جوانی و ڕەنگینی سروە و خۆشییەکی تەواویشی بە دڵم بەخشی. خوابکەم نۆبەرەی باشتریش لە درەختی کۆششتان بخۆین. هەر بژین، نەوازشم بۆ مامۆستای بڵند ڕەفیق حیلمی بەگ و تۆفیق وەهبی بەگ.

ئیتر خۆشیتان گیانەکەم.

**ئیمزا**
**دڵسۆزتان**

**سلێمانی:**
**نووسراوخانەی پرشنگ**
**١٩٦٩/٩/٢٠**

برای خۆشەویست و دڵسۆز کاک مارف خەزنەدار

ڕۆژتان باش... بە خۆشی بژین.

بیست ڕۆژێک لەمەوپێش، وتارەکەی داواتان فەرمووبوو، بۆ نووسراوەکەتان لەگەڵ نامەیەکی خۆمدا بەهۆی کاک (ساڵح دیلان)ی هاوڕێتانەوە پێشکەشم کردن.

هیوادارم تائێستا پێتان گەیشتبێ. ناوی وتارەکەم ئەمەیە: (دەزگایەک بۆ چاپەمەنی)

خوشکە (خورشی بابان)(*)یش کە ئاگای لەمە بوو، ڕووی لێنام کە ئەم پارچە هۆنراوەیەی خۆیتان بۆ بنێرم.


تا ئەگەر بە دڵتان بوو، بۆی چاپ بفەرموون.

ئیتر ئەمەندە و داوای سەرکەوتنتان لە خوا دەکەم.


**ئیمزا**
**دڵسۆزتان**

**ئا: ڕامان**

*** مەبەست خورشیدە بابان-ی شاعیرە.**










# نەخشەسازی و خوێنەران

عوسمان پیرداود

لەوانەیە زۆجار لەخۆمان پرسیبێ بۆچی چاپکراوێک لەناو کتێبخانەکەماندا هەیە بە ئاسانی چەند جارێک خوێندوومانەتەوە، چاپکراویش هەیە چەند جار هەوڵمان داوە، کەچی ناتوانین تەواوی بکەین و هەمووی بخوێنینەوە؟ لێرەدا ڕۆڵی گرنگی نەخشەسازی و بەشێکی گرنگی نەخشەسازیمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەویش فۆنتکاری(تبنیت)ـە، فۆنت واتە دیاری کردنی جۆر و قەوارەی پیت و پێوەندییان بە ڕووناکی و ڕەنگ و دووری و نزیکی بابەتەکە لە بیلبیلەی چاوەوە هەیە. ئەگەر ئەمانە لە ناو نەخشەسازیدا هاوسەنگ نەبن، ئەوە خوێنەر بە ئاسانی ناتوانێ چاپکراوەکە بخوێنێتەوە.

نەخشەسازیی لەسەر چەند بنەمایەک وەستاوە، واتە نەخشەساز دەبێت زۆر چاک لەم بنەمایانە بگات و بۆ هەر نەخشەسازییەک کە بیەوێت ئەنجامی بدات، ئەمانەی لەبەرچاو بێت:

١- بنەمای ڕۆژنامەوانی.
٢- بنەمای هونەری.
٣- بنەمای ڕۆشنبیری.
٤- بنەمای فسیۆلۆجی.

ئەم بنەمایانە دەبن بە هۆی ئەوەی نەخشەسازیی ئامانجەکانی خۆی بەباشی بپێکێ و نەخشەسازییەکی سوودمەند و پڕ لە جوانکاری پێشکەش بە خوێنەران بکات کە ئەمانەن:

١- ئاسانکردنی خوێندنەوەی بابەتەکە، بۆ ئەوەی خوێنەران بەئاسانی تێی بگەن.
٢- بابەتەکان بە پێی گرنگییان دابنرێن، واتە بابەتی گرنگ زیاتر بەرچاو بخرێن و ئەگەر هەیانبوو، بایەخ بە وێنە و هێڵکارییەکانیان بدرێت.
٣- هەوڵ بدات لاپەڕەکان جوان و سەرنجڕاکێش بن.
٤- هۆگری و ئاشنایەتی و ناسینەوەیەک لەمیانەی خوێنەر و ڕۆژنامەدا هەبێت.

ئەوەی زیاتر لەو بابەتەدا مەبەستمانە باسی لێوە بکەین بنەمای فسیۆلۆجییە کە نەخشەساز دەبێت زۆر بەکارامەیی مامەڵەی لەگەڵدا بکات، چونکە بەبڕبڕەی پشتی نەخشەسازی دەژمێردرێت و دەچێتە ناو هەندێک بابەتی بیرکاری وردەوە، هەروەها پێوەندی بە جووڵەی چاو و ماندووبوونی شان و مل و زوو هیلاک بوونی خوێنەرەوە هەیە، کە ئەمەشیان پەیوەستە بە درێژی و پانی ستوونەکان و هەماهەنگی نێوان وشە و ستوون و لەبەرچاو گرتنی حاڵەتەکانی خوێندنەوەوە هەیە، چونکە هەرکەسێک شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ خوێندنەوە، بۆ وێنە هەیە لەپارک دانیشتووە، یان لە ناو پاس، یان لە ماڵەوە تاد.. دەخوێنێتەوە، بۆیە کاتێک پانی ستوون دەگاتە ١٨سم پیتەکەش بچووکە، لێرەدا خوێنەر تووشی ماندووبوون دەبێت، لەبەر ئەوەی جووڵەی سەری لە ڕاستەوە بۆ چەپ و بە پێچەوانەوەیە، بێ گومان ئەمەشیان دەبێتە هۆی:

**یەکەم**: لە کاتی خوێندنەوەدا نووسراوەکانی هێڵەکە لە پێش چاوی خوێنەر ون دەبێت.
**دووەم**: خوێنەر هەست بە سەر سووڕان و خەواڵوو بوون دەکات.

بەڵام کاتێ پانیی ستوون لە میانەی ٤ یان ٥ یان ٧ یان ٩ یان ١٢سم دەبێت و فۆنتەکەش هاوسەنگ دەبێت، ئەوە ئەم جارەیان جووڵەی سەری خوێنەر سەر بەرەو خوار دەبێت، واتە لە سەرەوە بۆ خوارەوە و بە پێچەوانەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەرەکە بە باشی لە بابەتەکە تێ بگات، ئەمەش وەک ئەوە وایە یەکێک قسەی بۆ بکات و ئەویش سەری بۆ بلەقێنێ.

یان زۆرجار نووسینەکە لەسەر باکگراوندێک دەنووسرێت کە نووسینەکە ڕەنگێک و باکگراوندەکەی ڕەنگێکی ترە، ڕاستە لەکاتی نەخشەسازیی، لەناو کۆمپیوتەردا جوان و سەنجڕاکێشە، بەڵام لەکاتی شەودا خوێندنەوەی ئەم جۆرە بابەتانە زۆر زەحمەتە، نەخوازەڵا ئەگەر ڕووناکی ژوور تیر نەبێت، بەتایبەتی منداڵانیش پتر تووشی ئەم بارە دەبن، بۆیە لێرەدا ئەو هیلاکییە دروست دەبێت و وا دەکات خوێندنەوەکە بەباشی ئەنجام نەدرێت.

هەندێک جار بابەتی ڕەنگاو ڕەنگ لەسەر کاغەزی سپی (ئارت) چاپ دەکرێت، پیتەکەش بچووکە، بۆیە تەرکیزی چاوی زیاتری دەوێت، ئەمەشیان دەبێتە هۆی تیشکدانەوە و ماندوو بوونی چاو، بێ گومان ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی خوێندنەوەکە بەباشی ئەنجام نەدرێت.

کاتێک بابەت لەسەر کاغەزی سپی چاپ دەکرێت وەکو ئەوە نییە کە لەسەر کاغەزی بۆر ئەنجام درابێت، چونکە ڕەنگی بۆر ڕووناکی هەڵدەمژێت و تیشکدانەوەی نییە و خوێندنەوەی بەشێوەیەکی ئاسایی و دوور لەماندووبوونی چاو ئەنجام دەدرێت، بۆیە ئەم شێوەیان پتر سوود دەبەخشێ و ئامانج دەپێکێ.